# فریشتە

# ئەو سیخوڕە مسرییەی ئیسرائیلی ڕزگارکرد

## یوری بار جۆزێف

به کوردیکردنی

کەریم قادر

٢٠٢٣

- **ناوی کتێب:** فریشتە، ئەو سیخوڕە مسرییەی ئیسرائیلی ڕزگارکرد
- **نووسینی:** یوری بار جۆزێف
- **بە کوردیکردنی:** کەریم قادر
- **پێداچوونەوە و هەڵەچنی:** وەرگێڕ
- **دیزاینی ناوەوە و بەرگ:** دیار سەعید پیرانی
- **سەرپەرشتی چاپ:** مستەفا نەجم فەیلی
- **ساڵ و شوێنی چاپ:** ٢٠٢٣- هەولێر
- **چاپخانە:** دانیشفەر
- **تیراژ:** ١٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٩٢٦) ساڵی ٢٠٢٣ پێدراوە.**

# پێرست


له وەرگێڕەوە ........ ٧
کەسایەتییەکان ........ ١١
بەرایی ........ ١٥
پاژی یەکەم ........ ٢١
پاژی دووەم ........ ٥٧
پاژی سێیەم ........ ٨٧
پاژی چوارەم: ........ ١١٥
پاژی پێنجەم ........ ١٤٧
پاژی شەشەم ........ ١٩١
پاژی حەفتەم ........ ٢١٧
پاژی هەشتەم ........ ٢٥١
پاژی نۆیەم ........ ٢٧٥
پاژی دەیەم ........ ٣٠٩
پاژی یازدەم ........ ٣٣٣
پاژی دوازدەم ........ ٣٧٧
پاژی سێزدەم ........ ٤١٧
سەرچاوە و پەراوێزەکان ........ ٤٥٥

هەواڵنامەی کتێب

# له وەرگێڕەوە

کاڵفامـەکان هێنـدە بودەڵـە و چلێسـن، تەنانـەت ئاگایـان لـەوەش نەمـاوە کـە دەفتـەری ژیانـی کـەس بـە شـاراوەیی نامێنێتـەوە، ئـەوەی دەمێنێتـەوە نـاو و سـامان نییـە، تەنیـا کاروکردەوەکانـە.

دەمێکبـوو بـە زمانـی ئینگلیـزی پەرتووکـی (فریشـتە، ئـەو سـیخوڕە مسرییـەی ئیسرائیلـی ڕزگارکـرد) خوێندبـووەوە، بـەڵام هەرگیـز بیـرم لـەوە نەکـردەوە، بـە کـوردی بکـەم، چونکـە بـە پێویسـتم نەدەزانـی، یـان نەمدەویسـت خـۆ بخەمـە گێـژاوی ئـەوەی، ئایـا ئـەشرەف مەروانـی زاوای جەمـاڵ عەبدولنـاسری سـەرۆکی پێشـووتری کۆمـاری مـسری عەرەبـی، نیشـتمانپەروەر بـوو، وەک ئـەوەی حوسـنی موبـارەک و هەندێـک لـە بەرپرسـانی دیکـەی مـسری، لـە کاتـی ڕێوڕەسـمی هێنانـەوەی جەنازەکـەی باسـیان کـرد، یـان کەسـێکی ناپـاک و نیشـتمان فرۆشـبووە، وەک ئـەوەی ئیسرائیلییـەکان نووسـیویانە، دژ بـە وڵاتەکـەی خزمەتگـوزاری گرانبەهـای پێشـکەش بـە دەوڵەتـی ئیسرائیـل کـردووە کـە بـە قەولـی خۆیـان بەهـۆی زانیارییەکانـی ئـەو ئیسرائیـل توانـی لـە شـەڕی عەرەبـان ڕزگاری بێـت.

بـەڵام کاتێـک لـە بەڵگەنامەیەکـی ئەمریـکادا خوێندمـەوە، ئـەشرەف مـەروان، تەنیـا چـوار ڕۆژ بـەر لـە واژووکردنـی ڕێککەوتنـی بەدنـاوی جەزایـری نێـوان جێگـری سـەرکۆماری عێـراق و شـای ئێـران، ڕێـک لـە ٢ی ئـاداری ١٩٧٥ سـەردانی بەغـدای کـردووە و چـاوی بـە سـەدام حوسـێن کەوتـووە، بـۆ ڕۆژی دواتـر بـە مەبەسـتی گەیاندنـی پەیـام و

خۆبەدەستەوەدانە شەرمهێنەرەکەی (سەدامی قائیدی ئومەی عەرەبی و حامی بەوابەی شەرقی وەتەنی عەرەبان!)، گەیشتووەتە تارانی پایتەختی ئێران، واتە جگە لەوەی مەروانی تەڵەکەباز لە بەسەریەکەوەنانی پارەی مۆڵ، بە دەقی کتێبە ئاسمانییەکان «حەرام» و بە زمانی بازاڕی «پارەی هەوەنتە» و بە زاراوەی سەردەم «پارەی گەندەڵی» یەکێک لە دەڵاڵەکانی ڕێککەوتن و لێدان بووە لە گەورەترین و پڕ دەستکەوترین شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلێکی فەرامۆشکراوی ناوچەکە کە لەپێناو بەدەستهێنانەوەی مافە نەتەوەییەکانی شەڕی مەحاڵی کردووە و دەکات. کورد گوتەنی، پێناوی نێوان سەدام حوسێن و شای ئێران بووە کە لە دوو توێی ئەم پەرتووکەدا بۆتان ئاشکرا دەبێت، چۆن بۆ چنگێک پارەی قەڵپ ئەوەی کردووە، چونکە هەر بۆ پارەش، ناپاکی لە وڵاتەکەی خۆی کردوو و لە ساتە هەرە سەخت و دژوارەکانی نێوان هەردوو وڵات( مسر و ئیسرائیل)، نهێنییە هەستیارەکانی وڵاتەکەی بە ئیسرائیلییەکان فرۆشت.

هەروەها لە پاژی یازدەمی ئەو پەرتووکە تەواوی پاکانە بێبنەماکانی کیسنجەری وەزیری دەرەوەی ئەوسای ئەمریکا کە لە چەندین بۆنەدا خۆی لەو پیلانە نێودەوڵەتییە دژ بە شۆڕشی پاک و بێوەی گەلی ستەمدیدەی کورد (شۆڕشی ئەیلوول) بێبەری دەکات، بۆتان دەردەکەوێ کە گشتیان بێبنەمان، چونکە بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی سەدام حوسێن لە ڕێککەوتنی نوێی نێوان سادات و ئیسرائیل خۆی داڕێژەری پیلانەکە بووە. واتە ئەو ڕێککەوتنە لەسەر حسابی شۆڕشی گەلی کورد بوو کە بە خۆڕاگری و ڕەوایی دۆزەکەی تەنگی بە سوپای عێراق و ئابوورییەکەی هەڵچنیبوو. هەروەها تەواوی پرۆپاگەندەکانی شای دەربەدەرکراوی ئێرانیش بە درۆدەخاتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

سەرەنجام کاتێک ڕۆڵی ئەو سیخوڕە عەرەبییەی ئیسرائیلم دژ بە شۆڕشی کورد لە بەڵگەنامەیەکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا خوێندەوە، بێ سێودوو بڕیاری بە کوردیکردنمدا، بۆئەوەی خوێنەرانی کوردزمان بزانن، چارەنووسی هەموو ئەوانەی غەدر لە گەلێکی ستەمدیدە و ئاشتیپەروەر و بێوەی وەک گەلی کورد دەکەن، یان بۆ سامان و بەرژەوەندی کەسی، ناپاکی لە نیشتمانەکەیان دەکەن، هەرچەندە گەبەلێک پارەی چڵکنیش کۆبکەنەوە، چارەنووسیان مردنێکی شەرمهێنەرە و لە سێ گەز چاپان زیاتر لەگەڵ خۆیان نابەن و شەرمەزاریش بۆ کەسوکارەکەی لەولاوە بوەستێ.

بفەرموون لەگەڵ خوێندنەوەی چیرۆکی هەڵکشان و کۆتاییە شەرمهێنەرەکەی ناپاکێک بەناوی (ئەشرەف مەروان) سیخوڕە مسرییەی، لە شەڕی ئۆکتۆبەردا ئیسرائیلی لە دەستی گەلەکۆمەی عەرەبان ڕزگارکرد کە لە خۆیان زیاتر دان بە بوونی ئەویدا نانێن.

هەواڵنامەی کتێب

کەریم قادر

هەواڵنامەی کتێب

# کەسایەتییەکان

## کەسایەتییە مسرییەکان

- ئــەشرەف مــەروان، نــاسراو بــە «فریشــتە» زاوای ســەرۆک جەمــال عەبدولنــاسر، ڕاوێــژکاری نزیکــی ســادات و ســیخوڕی مۆســاد(هۆبەی هەواڵگــری ئیسرائیــل)»
- مونا مەروان، کچی سەرۆک ناسر و هاوژینی ئەشرەف مەروان
- جەمال عەبدولناسر، سەرۆکی مسر ١٩٥٢-١٩٧٠
- تەحییە جەمال عەبدولناسر، هاوژینی جەمال عەبدولناسر
- سامی شــەرەف، ســەرۆکی نووســینگەی عەبدولنــاسر و پیــاوی بەهێــزی هەواڵگری(هۆبــەی هەواڵگــری مــسری تــا دەســتگیرکردنی لــە ســاڵی (١٩٧١
- محەمــەد حەســەنێن هەیکــەل، سەرنووســەری ئەهــرام، ڕۆژنامــەی بەربــڵاوی مــسر ١٩٥٧-١٩٧٤، یەکێــک لــە دۆســتە هــەرە نزیکەکانــی عەبدولنــاسر
- ئەنوەر سادات، سەرۆکی مسر ١٩٧٠-١٩٨١
- جیهان سادات، هاوژینی سادات
- سـەعدەدین ئەلشـازلی، سـەرۆک ئەرکانـی سـوپای مـسر لـە سـەردەمی

هەموو نامەی کتێب

شـەڕی یـۆم کیپـووردا

- محەمـەد عەبدولغەنـی ئەلجمسـی، سـەرۆکی دەسـتەی ئۆپەراسـیۆنەکان لـە سـەردەمی شـەڕی یـۆم کیپـووردا
- حوسنی موبارەک، سەرۆکی مسر ١٩٨١-٢٠١١

* * * * * * * * * * * * *

## کەسایەتییە ئیسرائیلییەکان

- دوبـی نـاسراو بـە «ئەلێکـس» و «د. لـۆرد» ( کونیەکـەی هێشـتا پەردەپۆشـە) کارمەنـدی مۆسـاد و سەرپەرشـتکاری مـەروان ١٩٧٠-١٩٩٨
- جەنەڕاڵ زڤی زامیر، سەرۆکی مۆساد ١٩٦٨-١٩٧٤
- فریدی ئینی، سەرۆکی نووسینگەی زڤی زامیر
- شـەموئێل گۆریـن، فەرمانـدەی ئۆپەراسـیۆنەکانی مۆسـاد لـە ئەوڕووپـا ١٩٦٨-١٩٧٤
- گۆڵدا مائیر، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل ١٩٦٩-١٩٧٤
- مۆشی دایان، وەزیری بەرگری ١٩٦٧-١٩٧٤
- ئیسرائیـل گالیلـی، وەزیـری بـێ پۆسـت و ڕاوێـژکاری نزیکـی مائیـری سـەرۆک وەزیـران
- فەریـق دێڤیـد ئەلیئـازر، فەرمانـدەی ئەرکانـی سـوپای ئیسرائیـل ١٩٧٢-١٩٧٤
- لیوا ئیلی زەیرا، بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی ١٩٧٢-١٩٧٤
- عەمیـد ئاریـێ شـالیف، سـەرۆکی هۆبـەی توێژینـەوەی هەواڵگـری

سـەربازی ١٩٦٧-١٩٧٤

- موقـەدەم مائیـر مائیـر، سـەرۆکی لقـی ٦ (بەرپـرس لـە مـسر) لـە یەکەی توێژینـەوەی هەواڵگری سـەربازی ١٩٦٩-١٩٧٢
- موقـەدەم یونـاح بانـدام، سـەرۆکی لقـی ٦ لـە هۆبـەی توێژینـەوەی هەواڵگـری سـەربازی ١٩٧٢-١٩٧٤
- ئاهرۆن برێگمان، مێژووناسی ئیسرائیلی نیشتەجێی لەندەن
- ڕۆنیـن بیرگـمان، ڕۆژنامەنووسـی ئیسرائیلـی کـە لەسـەر مەروانـی نووسـیووە

* * * * * * * * * * * * *

## کەسایەتییەکانی دی

- کەمال ئەدهـەم، زڕبـرای هاوژینـی مەلیک فەیسـەڵ بـن عەبدولعەزیزی خاوەنشـکۆی سـعوودیا، دامەزرێنـەری هۆبـەی هەواڵگـری سـعوودیا و هاوشـانی مـەروان لـە پتەوکردنـی پەیوەنـدی لـە نێـوان سـادات و مەلیـک فەیسـەڵدا
- موعەمەر قەزافی، سەرۆکی لیبیا ١٩٦٩-٢٠١١
- عەبدولسـەلام جەلـود، پیـاوی دووەمی قەزافـی ١٩٦٩-١٩٧٧ و هاوشـانی مـەروان لـە پتەوکردنـی پەیوەنـدی نێـوان مـسر و لیبیـادا.
- عەبدوڵـلا موبـارەک ئەلسـوباح، بچووکتریـن کـوڕی شـێخ موبارەکـی میـری کوێـت، ملیاردێـر و دۆسـتی ئـەشرەف و مونـا مـەروان
- سـوعاد ئەلسـوباح، هاوژینـی شـێخ عەبدوڵـلا ئەلسـوباح و دۆسـتی مـەروان و مونـای هاوژینـی

هەواڵنامەی کتێب

- حافز ئەسەد، سەرۆکی سووریا ١٩٧٠-٢٠٠٠
- ڕۆلاندی «بچووک» ڕۆلاند، ڕابەری دارایی بەریتانی و هاوپشکی مەروان لە لەندەن هەر لە سەرەتای هەشتاکانەوە
- محەمەد ئەلفاید، بزنسمانی مسری نیشتەجێی لەندەن و ڕکابەری ڕۆلاند و ئەشرەف
- کریس بلاکهۆرست، ڕۆژنامەنووسی بەریتانی و ڕووماڵکاری چالاکییەکانی مەروان لە هەشتاکاندا

هەواڵنامەی کتێب

# بەرایی

## جەنازە و مەتەڵ

مانگی تەمموز لە قاهیرە، لە مانگە گەرمە تاقەتپڕوکێنەکانە، یەکی تەمموزی ٢٠٠٧ش ڕۆژێکی جودا نەبوو، شەقامە تەنگەبەرەکان، لە ملیۆنان پیادەڕۆی جەستە ئارەقاوی جمەی دەهات کە بەبۆنەی پشووی هاوینە دەستی منداڵەکانیان گرتبوو. بازاڕی خان خەلیل لە کەیبانووی ماڵەکان بوو کە بۆ کڕینی پێداویستییە بەپەلەکانیان هاتبوون، لە زۆر لاوەش گەشتیاران بۆ سەیرکردنی ئەم بازاڕە ڕۆژهەڵاتییە بەنێوبانگە هاتبوون. شوفێرانی تاکسی هەشت هەزار باوی قاهیرەش، بۆ کردنەوەی ڕێچکەی خۆیان لە شەقامە جەنجاڵەکاندا، بەردەوام دەستیان لەسەر هۆڕن بوو.

کەمێک واوەتر لەو جەنجاڵییە، لەگەڕەکی مسری تازە «هیلوپۆلیس» مزگەوتێک بەناوی عومەر بن عەبدولعەزیز هەبوو، سەدان پرسەدار بۆ پێشوازیکردن لەو تەرمە ئامادەبوون کە لەناو مزگەوتەکە بوو، هەمووشیان قات و ملپێچ و پۆشاکی فەرمی سەربازییان پۆشیبوو، ئەوانە خەڵکانی دەستەبژێری سیاسەتکار، ئەمنی و دەوڵەمەندەکان بوون کە بۆ دوا ماڵئاوایی لەو پیاوە هاتبوون، بۆ چەندان ساڵ یەکێک لە خۆیان- ئەندامێکی خێزان، هەڤاڵ و هاوبەشیان بوو، ئەویش تەرمی دکتۆر ئەشرەف مەروان بوو.

مەروان، چوار ڕۆژ پێشتر کۆچی دوایی کردبوو، کاتێک لە بارودۆخێکی تەمومژاویدا لە بانیژەی نهۆمی پێنجەمی ئەپارتمانتە قەشەنگەکەی کەوتبووە خوارە کە زۆر لە سێرکی پیکادیلی لەندەنەوە دوور نەبوو. ساڵی ١٩٦٦ ژیانی هاوسەری لەگەڵ مونای کچی سەرۆک جەمال عەبدولناسر پێکهێنابوو. ئەم تێکەڵبوونە خێزانییە لەگەڵ بنەماڵەی سەرۆک، لە نێو سیاسەتکارانی مسری زەمینەی گەیشتن بە باڵاترین پلەی بۆ فەراهەمکرد، سەرەتا بە بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک، دواتر پاش مردنی ناسر، وەک ڕاوێژکاری نزیکی سەرۆک ئەنوەر سادات دەستی پێکرد. دوای دەستبەرداربوونی لە خزمەتی گشتی، لە ئاستی جیهانی عەرەبیدا، لە دامەزراندنی کارگەلێکی مژاوی، سوودی لە پەیوەندییەکانی بینی و ساڵی ١٩٨١ ماڵی گواستەوە و لە لەندەن نیشتەجێبوو.

تەرمی مەروان ڕۆژی بەری گەیشتبوو کە هەریەک لە دکتۆر زەکەریا عەزمی، سەرۆکی نووسینگەی سەرۆک حوسنی موبارەک و ئەحمەد شەفیق، وەزیری فڕۆکەوانی شارستانی، لە فڕۆکەخانە لە پێشوازی تەرمەکەیدابوون. ئێستاش لە مزگەوت جەمال موبارەک(جیمی) کوڕی موبارەک، جێگرەوە پێشبینیکراوەکە، سەرەخۆشی لە هاوژین و کوڕەکەی مەروان دەکات. ئەمە تەنیا دەستپێشخەرییەکی فەرمی ڕووت نییە، بەڵکوو کەسیشە، چونکە جەمال هەڤاڵی کوڕەکەی مەروانە، زۆرجاریش سەردانی ماڵی یەکدیان کردووە، هەروەها بەری کەمتر لە دوو مانگ بنەماڵەی مەروان بەشداریان لە ئاهەنگی زەماوەندی جەمال کرد کە لە شەرم ئەلشێخ لە بەری باشووری نیمچە دورگەی سینا بەڕێوەچوو.

سەرۆک موبارەک، بەهۆی بەشداربوونی لە لوتکەی ئەفریقا کە لە ئەککرا گانا بەڕێوە دەچوو، نەیتوانی ئامادەی ڕێوڕەسمی پێشوازیکردن

هەواڵنامەی کتێب

لـە جەنـازەی مـەروان بێـت، بـەڵام ڕاگەیەندراوێکـی فەرمـی بڵاوکـردەوە و تێیـدا مەروانـی بـە «نیشـتمانپەروەرێکی ڕاسـتەقینەی وڵات» پێناسـە کردبوو، هەروەهـا ئەوەشـی گوتبـوو کـە خودی خـۆی ئـاگاداری گشـت خزمەتگوزارە مەزنەکانـە کـە خواڵێخۆشـبوو پێشکەشـی وڵاتـی کـردوون. لیـوا عومـەر سـلێمان پیـاوە بەهێزەکـەی هەواڵگـری و دامـەزراوەی سـەربازی مـسر کـە ئامـادەی ڕێوڕەسـمەکە بـوو، ڕەزامەنـدی فەرمـی لەسـەر ڕاگەیەندراوەکـەی سـەرۆکایەتی، پەیوەسـت بـە نیشـتمانپەروەرێتی بێگـەردی مـەروان نیشـاندا.

لقـی یاسـادان کـە لـە لایـەن سـەرۆکی پەرلەمـان و سـەرۆکی ئەنجوومەنـی پیـران نوێنەرایەتـی دەکـرا، هەروەهـا گـەورە ژەنەڕاڵەکانـی هێـزە چەکدارەکانـی مـسر لـە تـەک بزنسـمان و دەوڵەمەندەکانـی مـسر وەسـتابوون، ئەکادیمییەکانـی وەک سـەرۆکی زانکـۆی قاهیـرە قسـەی لەگـەڵ گـەورە ڕۆژنامەنووسـانی ڕۆژنامـەی ڕۆژانـەی بەربـڵاوی ئەلئەهـرام دەکـرد.

دکتـۆر محەمـەد سـەعید تەنتـاوی، گـەورە موفتـی پێشـووی مـسر کـە سـاڵی ١٩٩٦ موبـارەک، بـۆ گـەورە ئیمامـی جامیعـەی ئەزهـەر کاندیدکـرد کـە لـە جیهانـی ئیسـلامیدا یەکێـک لـە دێرینتریـن پەیمانگایـە لـە جـۆری خۆیـدا، ڕێوڕەسـمی ئایینـی جەنازەکـەی بەڕێوەدەبـرد. لـە تەکیـەوە ئەندامانـی بنەماڵـەی مـەروان وەسـتابوون: کـە لـە مونـای کۆسـتکەوتوو، بـە پۆشـاکێکی ڕەشـی شـیک و لەچکـەوە، جەمالـی کـوڕە گـەورە، وەک زۆرێـک لـە ڕۆڵەکانـی نـەوەی سـەردەمی خـۆی نـاوی جەمـال عەبدولناسری هەبـوو، لـە تەنیشـتییەوە هانـی کـوڕە بچووکەکـە پێکهاتبـوو. هانـی زاوای عەمـر موسـای وەزیـری پێشـووی دەرەوەی مـسر بـوو کـە دواتـر لـە سـاڵی ٢٠٠٧ بـوو بـە ئەمینـداری گشـتی کۆمـکاری عەرەبـی، بـەڵام موسـا لـە ڕێوڕەسـمەکەدا دیـار نەبـوو.

هەواڵنامەی کتێب

وێـڕای دڕدۆنگـی و ناتەبایـی ئاشـکرای نێـوان مونـا و تـەواوی خێزانـی نـاسر، لەگـەڵ ئەوەشـدا برا و خوشـکەکانی بـۆ دوا ماڵئاویکردن لـە زاواکەیان هاتبوونـە ڕێوڕەسـمەکە، بـەڵام هیچ یەکێـک لـە ئەندامانـی خێزانی سـادات لـەوێ ئامادەنەبـوون. وەک ئـەوەی هەنـدێ لـە ڕۆژنامەنووسـانی مـسری بەلایانـەوە جێـی سەرسـوڕمان بـوو، چونکـە بـەر لـە تیرۆرکردنـی سـادات لـە سـاڵی ١٩٨١ پەیوەندییەکـی ئاشـکرا، سـادات و جیهانـی هاوژینـی بـە مونـا و مـەروان کۆکردبـووەوە.

ئەگـەر بـە ڕێژەیـی قسـە بکەیـن، ئامادەنەبوونـی جیهـان سـادات و کچەکانـی زۆر جێـی بایـەخ نەبـوو، چونکـە وەک ئـەوەی هەنـدێ لـە پرسـەداران هەسـتیان پـێ کردبـوو، ئـەو ڕێـزەی پێشکەشـی هەڤاڵەکـەی پێشـوویان کـرد، زیاتـر بـۆ پەردەپۆشـکردنی ڕاسـتینەی ئازارێکـی زۆربـوو: ئاخـر، وێـڕای ئـەو هەمـوو بایەخدانـە فەرمییـە، ئـەو پیـاوەی بـۆ ماڵـە هەمیشـەییەکەی بـەڕێ دەکـرا، هەرگیـز نیشـتمانپەروەرێکی مـسری نەبـوو، بەڵکـوو بـە پێچەوانـەوە، لـە مێـژووی گەلەکەیانـدا گەورەتریـن ناپـاک بـوو.

لەسـەرەتای نۆهـەدەکان، سـاڵانێک بـەر لـە هەڵگیرسـانی شـەڕی یـۆم کیپـووری ١٩٧٣ کـە لـە مێـژووی ململانێـێ نێـوان عەرەب-ئیسرائیـل بـە دژوارتریـن شـەڕ دادەنرێـت، ئاشـکرابوو کـە مۆسـادی ئیسرائیـل «سـەرچاوەیەکی سـەیری» لەناوجەرگـەی سیسـتمی هەسـتیاری سـتراتیژی مـسر هەیـە. هەنـدێ کـەس وەک ژەنـەڕاڵ ئیلـی زەیـرا، بەڕێوەبـەری هەواڵگـری سـەربازی ئیسرائیـل کـە سـاڵی ١٩٩٣ بیرەوەرییەکانـی شـەڕی بڵاوکـردەوە، دەڵـێ: لـە ڕاسـتیدا سـەرچاوەکە دووسـەرە بـوو، لـە سـاتە سـەختەکاندا ناپاکـی لـە ئیسرائیـل کـردووە کـە لـە ئەنجامـی ئـەو ناپاکییـە لەشـکری عەرەبـەکان توانیـان لـە یـۆم کیپـووردا (پیرۆزتریـن جەژنـی جوولەکـە) پەلامـاری ئیسرائیـل بـدەن، بـەڵام خەڵکانـی دی کـە ئـاگاداری

ڕووداوەکانــن، ئــەوە بــە دوور دەزانــن و بیــردۆزی دووســەرەی زەیــرا پشتڕاسـت ناکەنـەوە و دووپاتدەکەنـەوە، ئەگـەر لـە دوا سـاتدا سـەرچاوەکە وریـای نەکردبانەتـەوە، هیـچ گومـان لـەوەدا نەبـوو ئیسرائیـل شـەڕەکەی دەدۆڕانــد.

بـە تێپەڕبوونـی کات، وردەکاری زیاتـر لەبـارەی ناسـنامە و چالاکییەکانـی سـیخوڕەکە ئاشـکرابوو، دەرکـەوت یەکێـک بـووە لـە کەسـە نزیکەکانـی ناسر و سـەرۆک سـادات، هەروەهـا کەسـێکە کـە چەنـد ئیسرائیلییـەک بەنـاوی خــوازراوی «زاوا» دەیناســن. لــە ڕاســتیدا چەنــد ڕۆژنامەنووســێکی مــسری ئـەو پرسـیارەیان لـە مـەروان کـرد کـە ئایـا ئـەو، سـیخوڕە بەناوبانگەکەیـە. لـە کاتێکـدا مـەروان نکۆڵـی لـەو پڕۆپاگەندانـە دەکـرد، ئاهـرۆن برێگـمان، مێژووناســی ئیسرائیلــی مامۆســتا لــە کینگــز کۆلێــج لــە لەنــدەن، ڕۆڵــی سـەرەکی لـە ئاشـکراکردنی ناسـنامەی سـیخوڕە گوماناوییەکـە بینـی، کاتێـک بــۆ ڕۆژنامەنووســێکی مــسری دووپاتــی کــردەوە، لــە ڕاســتیدا «ســەرچاوە سـەیرەکەی مۆسـاد» مـەروان بـوو.

مـەروان لـە نکۆڵیکردنـی تۆمەتـەکان بەردەوامبـوو، بـەڵام لـە سـەرینی دانیشـتنێکی دادگای تەلئەڤیـڤ کـە لـە ٧ی حوزەیرانـی ٢٠٠٧ بەڕێوەچـوو، دووپـات لـە ڕاسـتینەی سـیخوڕە بەناوبانگەکـە کرایـەوە. سـەرەنجام، مەروان هەسـتیکرد پەتەکـە زیاتـر لـە ملـی تونـد بـووە و سـێ هەفتـە دواتـر مـرد.

بـە لانـی کـەم، چەنـد کەسـێک لەوانـەی ئامـادەی پێشـوازیکردن لـە تەرمەکـەی بـوون، لەوانـە جەنـەڕاڵ عومـەر سـلێمان، باشـیان دەزانـێ کـە کـێ فەرمانـی داوە لـە مـەروان ڕزگاری ببێـت و بـۆ؟ لـە کۆتاییـدا، مردنـە دژوارەکـەی مـەروان، سـەرکردایەتی مـسری لـەو ڕووگیریانـە ڕزگار کـرد کـە لەوانەبـوو تووشـیان ببێـت، ئەگـەر مـەروان دادگایـی کـرا بـا و ددانـی بـەوە نابـا کـە کەسـانی دیار لـە دەسـتەبژێرانی فەرمانـڕەوای مـسری- هاوژینەکەی

کە کچی ناسری ئەفسانەیی، کوڕە گەورەکەی کە دۆستی دڵسۆز و هاوبەشەکاری میراتگری چاوەڕوانکراوی سەرۆک موبارەک و کوڕی دووەمی کە کچەکەی موسا هاوژینی بوو- ئەوانە هەر هەموویان لە گەرمەی ناکۆکی نێوان مسر و ئیسرائیل سیخوڕی مۆساد بوونە.

لە ئەنجامی کەوتنی ڕژێمی موبارەک لە سەرەتای ٢٠١١دا، وەڵامی ئەو پرسیارە درایەوە: کێ فەرمانی پاکتاوکردنی مەروانی دەرکردووە. بە پێی چیرۆکێکی گۆڤاری ڕۆز یوسفی مسری، جگە لە موبارەک کەسی دی ئەو فەرمانەی دەر نەکردووە، ئەو پیاوەی پاش مردنە گوماناوییەکەی مەروان بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند، «من گومانم لە دڵسۆزییەکەی نییە».

لە ١٠ی ئایاری ٢٠٠٩ کەناڵی تەلەفزیۆنی سی بی ئێس لە بەرنامەی ٦٠ خولەکدا، بەرنامەیەکی بنکۆڵیکاری لەسەر هەستان و کەوتنی ئەشرەف مەروان و ئەو مشومڕانە کرد کە لەبارەی مردنەکەیەوە هەبوون. لە کۆتایی بەرنامەکەدا کە بەناوی «سیخوڕی تەواو» بوو، ستیف کرۆفتی پێشکەشکار، بەرنامەکەی لەو پرسیارە توندە پوخت کردەوە: کەواتە، لە کۆتاییدا، بە ڕاستی ئەشرەف مەروان ناپاکی لە کێ کردبوو؟ لە کۆتاییدا کێ کوشتی؟ ئەگەر ڕاستییەکان لەگەڵیدا نە نێژرابن، لەوانەیە لە ژێرزەمینێکی زۆر نهێنیدا لە شوێنێکدا نێژرابن؟

ئەم پەرتووکە هەوڵ دەدات پەردە لەسەر ڕاستییەک هەڵماڵێت، بۆئەوەی بەو ڕاستییە بگەین، ئەمەش لەسەرمان پێویست دەکا، بۆ سەردەمی ساڵانی ١٩٤٤ی قاهیرە بگەڕێینەوە کە هەموو شتێک لە هەنگینرا دەستی پێکرد.

# پاژی یەکەم

## قاهیرە، ١٩٤٤-١٩٧٠: سەرەتاکان

محمـەد ئـەشرەف ئەبـو وەفـا مـەروان، نـاسراو بـە ئـەشرەف مـەروان، لـە ٢ی شـوباتی ١٩٤٤ لـە شـەقامی ٥ی حوکەمـا لـە ناوچـەی مەنیشـیات ئەکبـەری قاهیـرە هاتۆتـە دنیـا کـە ئـەوکات و تـا ئەمـڕۆ لـە پایتەختـدا، یەکێکـە لـە گەڕەکەکانـی چینـی ناوەڕاسـت. مـەروان لـە باشـترین بنەچـە و ڕەچەڵەکەکانـی مـسرە. لـە لای دایکییـەوە بەشـێکن لـە بەرەبابـی ئەلفایـدی موڵکـداری گونـدی سـا حەجـەری سـەر بە پارێـزگای ڕۆژئـاوا کـە ناوچەیەکی کشـتوکاڵیی دەلتـای باکـووری قاهیرەیـە، باوکیشـی خەڵکـی گونـدی سـوهاجای سـەر بـە پارێـزگای مینەیـە کـە نزیکـەی ١٥٠ میـل لـە باشـووری قاهیـرەوە دوورە، بنەماڵـەی ئـەشرەف لـە بنەماڵـە خانـەدان و بەڕێزەکانـی ئـەو ناوچەیـەن، تـا ئێسـتاش ژمارەیـەک لـە خـزم و کەسـوکاریان لـەوێ دەژیـن.

محمـەد ئەحمـەد مـەروان، باپیـرە گـەورەی مـەروان، دوای دەرچوونـی لـە جامیعـەی قاهیـرە کـە کۆنتریـن و گرنگتریـن قوتابخانـەی فێربوونـی شـەریعەت و زانسـتی ئیسـلامە لـە سەرانسـەری جیهانـی عەرەبیـدا بـە خێزانـەوە هاتـە قاهیـرە، دواتـر سـەرکەوت و بـوو بـە سـەرۆکی دادگا شـەرعییەکانی مـسر. ئەبـو وەفـای باوکـی ئـەشرەف مـەروان، ئەفسـەری سـوپا بـوو، پێشـووتر لـە سـوپای مەلیـک فـاروق ئەفسـەری پـۆڵ بـوو، بـەڵام دواتـر پلـە سـەربازییەکانی بـڕی، تـا لـە حەفتاکانـی سـەدەی ڕابـردوو بـە

پلەی جەنەڕاڵ خانەنشین بوو. دوا پۆستی لە سوپا، جێگری فەرماندەی گشتی پاسەوانی کۆماری مسر بوو کە یەکەیەکی تایبەت بە پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ بوو. وێڕای ئەوەی ئەشرەف و خێزانەکەی لە قاهیرە دەژیان و نیشتەجێبوون، بەڵام پەیوەندیان لەگەڵ گوندەکەی خۆیان هەر هەبوو، بەردەوام سەردانیان دەکرد و لە بۆنە و ئاهەنگە خێزانییەکاندا بەشداریان دەکرد. بە قسەی خەڵکی گوند ئەو چاکەیە هەمووی بۆ خودی ئەشرەف دەگەڕایەوە کە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، سوهاج یەکەم پارێزگای ناوچەکە بوو بە تۆڕی کارەبا ببەسترێتەوە. لەپاڵ ئەو گەرموگوڕی و پشتیوانییەی بە درێژایی سالان، خێزانی مەروان بۆ گوندەکەیان هەیانبوو، وای لە خەڵکەکەی کردبوو تا ئەمڕۆش منەتبار بن (١).

لە پەروەردەکردنی مەرواندا هیچ شتێکی نائاسایی تایبەت نەبوو، بەڵکوو لەگەڵ هانی برای و هەردوو خوشکە بچووکەکەی مونا و عزە پێکەوە لە قاهیرە لە خانوویێکی ئاسایی چینی ناوەڕاست گەورەببوو. ساڵی ١٩٥٢، کاتێک مەروان منداڵێکی هەشت ساڵان بوو، کاروباری وڵات کەوتە دەست ئەفسەرانی ئازاد کە هەر ئەوان جەمال عەبدولناسریان گەیاندە کورسی دەسەڵات و بۆ چەندان ساڵ گەورە سەرکردەی جەماوەری جیهانی عەرەبی بوو، باوکی مەروان، لەبەرئەوەی ئەفسەرێکی ئاسایی بوو، هیچ پەیوەندییەکی بە ئەفسەرانی ئازادەوە نەبوو، بەڵام خانووی خێزانەکەی لە تەنیشت سەرکردایەتی نوێ بوو، چونکە بە ماوەیەکی کەم دوای گەیشتنیان بە دەسەڵات، ژمارەیەک کەسایەتی سەرکردایەتی نوێ هاتنە ئەم گەڕەکە و تێیدا ژیان.

ناسر و خێزانەکەی پێشتر بۆ چەندان ساڵ لە گەڕەکی مانشێت ئەلبەکری نیشتەجێبوون، دواتر ژمارەیەک لە ئەفسەرانی ئازاد ماڵیان

هەواڵنامەی کتێب

هاتە ئەوێ، بۆیە هەرزوو ئەو گەڕەکە بە ناوەندی دەماری دەسەڵاتی سیاسی ڕژێمی نوێ ناوی دەرکرد.

مەروان بە منداڵی لە قوتابخانەکانی گەڕەکی خۆی خوێندبووی: شەش ساڵ لە قوتابخانەی سەرەتایی مانشیت ئەلکوبری، سێ ساڵ لە ناوەندی حولەفا و ئامادەیشی لە قوتابخانەی کوبری ئەلقوبە لە بەشی زانسی خوێند. ئەوکاتە لە مسر خوێندن لە قوتابخانەکان بە خۆڕایی بوو، بەڵام خێزانەکان دەبوو پارەی کتێبەکانی قوتابخانە و خەرجی دی وەک بیمەی تەندروستی بدەن. خوێندن لە قوتابخانەی دواناوەندی چڕ و پڕ بوو: ڕۆژانە حەوت یان هەشت کاتژمێر بوو، هەفتانە حەوت بەشە وانەی ماتماتک، پێنج زمانی ئینگلیزی، چوار زمانی فەڕەنسی، سێ کیمیا، سێ بایۆلۆژیان هەبوو، هەروەها لە هەڵبژاردنی سێیەم کتێبی زانستی، قوتابی خۆی سەرپشک بوو.

لەم قۆناغەدا زۆرێک لە خەسڵەتەکانی مەروان ڕسکان، بەتایبەتی زرنگییە لە ڕادەبەدەرەکەی زەمینەی بەدەستهێنانی نمرەی بەرزی بۆ فەراهەم کرد و وایکرد لە یەدەگی ئەکادیمیای دەستەبژێری سەربازی قبوڵ بکرێ و بەهۆیەوە دەرفەتی دواخستنی خزمەتی سەربازی پێ بەخشی، تا لە زانکۆی قاهیرە لە جیزە لە بەشی کیمیا بڕوانامەی بکالۆریۆس بە دەستبهێنێ، جگە لەوەی خوێندنەکەی بەرنامەی ڕاهێنانی سەربازیشی لە خۆ دەگرت، دواتر بە پلەی مولازمی دووەم دەرچوو. لەسەر ئەو بنەمایە ساڵی ١٩٦٥ وەک ئەفسەر و ئەندازیاری کیمیاوی لە دامەزراوەی پیشەسازی سەربازی مسر دەست بە کاربوو.

وێڕای چڕوپڕی پڕۆگرامی خوێندنەکەی، بەڵام مەروان بۆ خوێندنەوەی بابەتگەلێک کاتی پەیدا دەکرد کە هیچ پەیوەندیشی

هەواڵنامەی کتێب

بە پسپۆریەکەیەوە نەبوو، بەتایبەتی بابەتی وەک ئابووری، پیشەسازی بەنکی و وەبەرهێنان. خەڵکانێک کە ئەویان بە بیردێتەوە، بە کەسێکی باڵابەرز، قۆز و هاوڕێپەروەر پێناسەی دەکەن، هەروەها لە ژیانیدا دەیزانی چۆن بەو شتانە بگات کە دەیخواستن. دووان لەوانە محمەد فەخری و عیسام سیام بوون کە لە یەدەگی ئەکادیمیا بەیەکەوە بوون، سیام پیشەی سەربازی هەڵبژارد و گەیشتە پلەی ژەنەڕاڵ، لە کۆتاییدا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە کۆمێنتاری وەرزشی و ناوبژیواندا سەرکەوتوویی خۆی چەسپاند، بۆ ماوەیەکیش لە یەکێتی تۆپی پێی مسری و ئەفریقی کاری کرد. ئەو سێیە لەو ماوەیەی لە ناوەڕاستی شەستەکان بەیەکەوەبوون، زۆر چەشەیان لە شەوانی قاهیرە وەردەگرت، ڕۆژانی هەینیش کە قوتابخانە نەبوو، زۆرجار پێکەوە سەردانی ئەسکەندەریەیان دەکرد و دەچوونە کەنارئاوەکان و لە دەریا مەلەوانیان دەکرد و خۆیان لەبەر هەتاو هەڵدەخست.

لەگەڵ ئەوەی، وزە و تواناکانی ئەشرەف مەروان زیاتر بۆ یاری تێنس بوو، خۆشی لە هاندەرانی یانەی هیلیۆپۆلیس سپۆرتینگ ئەندام بوو کە تەنیا نیو میلێک لە ماڵی باوکییەوە دووربوو، هەر لەوێش، ئەو ئافرەتەی بینی کە دواتر بووە هاوژینی و بەرزکردنەوەی پلەوپایەکانی لە مسردا [٢].

مونا عەبدولناسری کچی سەرۆک لە کانوونی دووەمی ١٩٤٧ هاتۆتە دنیا، دوو ساڵ دوای هاوسەرگیری باوانی، واتە ساڵێک دوای هاتنە دنیای هودای کچە گەورەیان. هودا لە وشەی هەدیەی عەرەبی(خەڵات) وەرگیراوە کە بۆ دەربڕینی سوپاسگوزاری هاتنە دنیای کۆرپەکەی لە لایەن تەحییەی داکییەوە ئەو ناوەی لێ نرا، سەرەڕای ئەوەی حەزی بە کوڕ بوو. دوای مونا، خوا سێ کوڕی پێدان: بە ناوەکانی

هەواڵنامەی کتێب

خالید، عەبدولحەکیم و عەبدولحەمید، بەڵام خالید زوو چووە مەیدانی سیاسەت و بە پیلاندارێژەری کوشتنی دیپلۆماسکارانی ئیسرائیلی و ئەمەریکی تاوانبار کرا. ئەوکاتەی مونا بۆ یەکەمجار ئەشرەف مەروانی بینی، تەمەنی هەژدە ساڵ بوو، قوتابی زانکۆی ئەمەریکی-قاهیرە بوو.

ژیان لە ماڵی ناسر سادە و ساکار نەبوو. لە ناوەڕاستی پەنجاکان، کاتێک بۆ یەکەمجار چووە سەر کورسی سیاسەت، هەرزوو وەک کەسایەتییەکی چاکساز دەرکەوت و جەماوەر هەم بە یەکێک لە خۆیان، هەم بە سەرکردەیەکی شیاو و لێهاتوویان دەزانی کە دەتوانی لە گەندەڵ و گەندەڵکاران ڕزگاریان بکات و بەرەو قۆناغی شکۆی نەتەوە و بوژانەوەیان بەرێت. دەسکەوتە بەراییە پیرۆزەکانی: دەرکردنی ئینگلیز لە کەناڵی سوێس ساڵی ١٩٥٤، واژووکردنی ڕێککەوتنی چەک لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت ساڵی ١٩٥٥، خۆماڵیکردنی کەناڵ ساڵی ١٩٥٦، بەرپەرچدانەوەی هێرشە سێ قۆڵییەکەی ئیسرائیل، فەڕەنسا و بەریتانیا لە کاتی تەنگژەی کەناڵدا کە چەند مانگێک پێشتر پێگەی خۆی لە ناوەوە و دەرەوە چەسپاندبوو. هەروەها دەست پێکردنی چاکسازییە کشتوکاڵییەکان بە ماوەیەکی کەم دوای وەرگرتنی پۆستەکەی، ئەمانە و دەستپێشخەرییەکانی دیکەی تایبەت بە دابەشکردنی دادپەروەرانەی داهات، بەمەش بەڵگەیەک لە سیاسەتە ڕادیکاڵییە مۆرک سۆسیالیستییەکەی نیشاندا کە پێشتر لە جیهانی عەرەبیدا نەبیسرابوو. ئەم کارانە هاوکات لەگەڵ تێڕوانییە عەرەبییە گشتگیرییەکەی و تێڕوانینی تایبەتی بۆ سیاسەت و دیپلۆماسیەت، کاریزمای کەسێتی ئەویان لە نێو سەرکردە و جەماوەر چەسپاند و تۆکمە کرد و وای کرد بکارێ بەسەر ئالینگارییە ناوخۆی و دەرکییەکان زاڵ بێت. واتە باوکی مونا، لە چەند ساڵێکدا، لە ئەفسەرێکی نەناسراوی مسری، لە دوای سەلاحەدین بووە سەرکردەیەکی بەناوبانگی عەرەبی. (لە ڕاستیدا

هەواڵنامەی کتێب

سـەلاحەدین عـەرەب نەبـوو، بەڵکـوو بـە بنەچـە کـورد بـوو)

ئێمــە نازانیــن و لــەوە ئــاگادار نیــن کــە پێگــەی ئەفســانەیی نــاسر چ کاریگەرییەکــی بەســەر ژیــان و گوزەرانــی خێزانــی و شــێوازی پەروەردەکردنــی منداڵەکانییــەوە هەبــووە. ئــەوەی دەزانیــن، تەنیــا ئەوەیــە بــە پێچەوانــەی حکومڕانانــی دیکــەی عــەرەب، بەتایبەتــی مەلیــک فاروقــی پێــش خــۆی، پێگــەی خــۆی بــۆ دەســکەوتی کەســی بــەکار نەهێنــاوە. ئەگــەر لــە هەمــان ئــەو خانــووەدا بژیــن کــە ســاڵی ١٩٤٤، ڕاســتەوخۆ دوای هاوســەرگیری لەگــەڵ تەحیــە لــە گەڕەکــی منشــیات ئەلبەکــری کــڕی و تەحیــەش بــەو مووچــە مامناوەندییــە ڕێژەییــە ســەروکاری کاروبــاری ماڵەکــەی بــکات. هەروەهــا بــە هەمــان ئــەو ترومبێلــە ئۆســتنە هاتوچــۆ بکــەن کــە نــاسر کڕیبــووی، کاتێــک مامۆســتای ئەکادیمیــای ســەربازی بــوو، دواتــر پــاش ئــەوەی ئۆتۆمبیلەکــە لــە ســەرە مەرگبــوو، بــە ئۆتۆمبیلێکــی جــۆری فــۆردی گۆڕییــەوە کــە بــە قســتی کڕیبــوو.

لـە کۆمەڵگایەکـدا کـە گەندەڵـی بـۆ ئیـش پێکردنـی گشـت ماشـێنەکان، وەک گریـز بـوو، بـەڵام نـاسر نموونـەی پاکێتـی بـوو. هـاوکات ئـەوەی بـە ڕوونـی دەزانـی کـە هەڤاڵەکانـی لەنـاو سـەرکردایەتی مـسر، بەتایبەتـی عەبدولحەکیـم عامـری هاوڕێـی هـەرە نزیکی دەسـتی لـە شـۆکردنیدا هەیە، لـە کۆتاییـدا گەندەڵـی ئەوانـی وەک خاڵـی لاواز دەبینـی کـە دەتوانـێ بـۆ قازانجـی خـۆی بەکاریـان بهێنـێ.

نـاسر، لـە ناخـەوە زۆر قێـزی لـە زێدەخەرجـی خواپێـداوەکان دەبـۆوە. جارێکیـان سـەردانی یانـەی جەزیـرە سـپۆرتینگی کـرد کـە یەکێـک لـە شـوێنە دڵگیرەکانـی کات بەسـەربردنی چینـی ئەرسـتۆکراتەکانی مـسر بـوو، بـەڵام زۆر لـە کەشـوهەواکەی ئـەوێ بێـزار بـوو، بۆیـە جارێکـی دیکـە

سەردانی نەکردەوە. هەروەها حەزی بەوە نەبوو، هیچ جیاکارییەک بە منداڵەکانی بدرێت، بە پێچەوانەوە بەردەوام بنەچەی خۆیانی بە یاد دەهێنانەوە کە خەڵکی گوندی بەنی مڕی کەنار نیلن و پێیانی دەگوت: «شانازی دەکەم کە سەر بە خێزانێکی هەژاری گوندم، مێژوو شایەتی ئەو هەقیقەتەم بۆ دەدات کە ناسر لە خێزانێکی نەدار لە دایکبووە، بەڵێنتان پێدەدەم، هەر بە هەژاری بژیم و بمرم.» کچە گەورەکەی ئەوە بە یاد دەهێنێتەوە کە ژیانی ئەو «وەک ژیانی کچێکی ئاسایی مسری نەوەی خۆی بووە»، خالیدی کوڕیشی مکوڕە کە لە کاری سیاسیدا هیچ بایەخدانێکی تایبەتی وەرنەگرتووە.(٣)

هەڵبەت، هیچ گومانی تێدا نەبوو، منداڵەکانی ناسر لەوکاتەی باوکیان گەیشتووەتە دەسەڵات، درکیان بەو گۆڕانکارییانە کردبوو کە بەسەر پێگەیاندا هاتووە. ڕاستە لە قوتابخانەی قەومیە لە جیزە دەیانخوێند کە منداڵی دەستەبژێری نوێ لێیان دەخوێند و یاریان لەگەڵ هەمان برادەر دەکرد، بەڵام لەبەرئەوەی ناسر حەزی دەکرد لەماڵەوە کار بکات و هەر لە ماڵەوەش پێشوازی لە پیاوماقووڵانی بیانی بکات، نەک لە کۆشکەکانی قاهیرە، بۆیە ژیان لە ماڵیاندا جگە لە ژیانێکی ئاسایی، لە هەموو شتێکی دی نزیکبوو، هەرچەندە چەند جارێک پاشکۆ و بەشی نوێیان بۆ خانووەکە زیاد کرد، جا بەهۆی گەورەبوونی خێزانەوە بووبێت یان بۆ ئاسانکاریکردنی چالاکی کارەکان، هەرزوو یاریگەیەکی تێنس و نووسینگە و شتی دیکەیان بۆ خانووەکە زیادکرد. لە هەندێک بۆنەدا، ئەگەر میوانەکە شتێک جێی بایەخ با، منداڵەکانی ناسریش چاویان پێی دەکەوت، وێنەیەکی خالید لەگەڵ محەمەد عەلی کلای، بۆکسینگی بەناوبانگی جیهانی، بیرۆکەیەکت لەبارەی ژیانیان پێ دەدات. ئاشکرایە پێگەی باوکیان کاریگەری بەسەر

ژیانیانـەوە هەبـووە، بـەڵام سـنووردار بـووە و لـە منداڵێـک بـۆ منداڵێکـی دی جـودا بـووە. ئەمـەش بـە ڕوونـی لـە ئەزموونـی مونـای خۆشەویسـتی ئـەشرەف و هـودای خوشـکە گەورەکـەی دەردەکـەوێ.

بـە هەمـوو پێوەرێـک، هـودا لـە نێـوان ئـەو دووەدا جدیـتر و زیرەکتریـن بـوو، مامۆسـتاکانی دەگێڕنـەوە، هەرچەنـدە لەسـەر داوای باوکـی لـە هـەر هەڵسـوکەوتێکی جیـاکاری بێبـەش کرابـوو، بـەڵام بـاس لـە زیرەکییـە خۆڕسـک، پابەندبـوون و ئـاکارە کردەییەکانـی دەکـەن کـە وایکـرد بـە پلـەی یەکـەم خوێندنەکـەی تـەواو بـکات. ڕەوتـی ژیانـی هـودا، وەک ئـەوەی بـۆ زۆرانێـک ئاشـکرایە، سرووشـتی بـووە: بکالۆریۆسـی لـە ئیکۆنۆمـی و زانسـتی سیاسـەت و دواتـر بڕوانامـەی دکتـۆرای لـە زانسـتی سیاسـەت لـە زانکـۆی قاهیـرە بەدەسـتهێناوە. لـە کاتـی خوێنـد، سـاڵی ١٩٦٨ لەگـەڵ حاتـەم سـادقی هاوسـەری لـە سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی سـتراتیژی کـە لەلایـەن ڕۆژنامـەی ئەهـرام دامەزرابـوو، دەسـتیان بـە کارکـرد. دروسـتە لـە بەدەسـتهێنانی کار، پەیوەندییـە خێزانییـەکان یارمەتیدەربـوون، بـەڵام دەسـتکەوتە کەسـییەکانی پاسـاوی ئەوەیـان هەبـوو، لەبـەر زیرەکـی و ئـەو ڕێچکـەکارەی هەڵیبژاردبـوو، زۆر کـەس وەک جێگـرەوەی سرووشـتی باوکـی لێیـان دەڕوانـی و بـە نموونـەی ئەندیـرا گانـدی مسریـان نـاو دەبـرد. وەک ئـەوەی پاشـتر ڕوون بوویـەوە، هـودا نەخشـەی دیکـەی هەبـوو: ژیانـی ئەکادیمـی پـێ باشـتر بـوو، بۆیـە شـیانە سیاسـییەکەی هەرگیـز ڕوناکـی نەبینـی.

لـە لایەکـی دیکـەوە، مونـا وەکـوو خوشـکەکەی نەبـووە، ژمارەیەکـی کـەم لەوانـەی لـەو ماوەیـە ناسـیویانە، بـە کچێکـی سەرشـێت پێناسـەی دەکـەن، بـە لایـەوە بەشـداریکردن لـە ئاهەنگێکـی قەشـەنگ، لـە هەمـوو شـتێک گرنگـتر بـووە، کەمتریـش بایەخـی بـە سیاسـەت و هـەر شـتێک

دەدا کە تێکۆشانی بویستبا. بە پێچەوانەی خوشکەکەی نمرەکانی نەبوونە هۆی ئەوەی لە گرنگترین زانکۆی قاهیرە کاری ئەکادیمی بکات، چونکە نمرەکانی مونا مامناوەند بوون. هەرچەندە ئاواتی بوو، دوای تەواوکردنی قۆناغی دواناوەندی لە خوێندنی ئیکۆنۆمی و زانستی سیاسەت لە زانکۆی قاهیرە بە خوشکەکەی بگات، بەڵام نمرەی پێویستی نەهێنا. وێڕای ڕەزامەندی وەزیری خوێندنی باڵا و بەرپرسانی زانکۆ لەسەر قبوڵکردنی مونا، بەڵام ناسر هەر جیاکارییەکی بۆ کچەکەی ڕەتکردەوە و ڕەوانەی زانکۆی ئەمەریکی لە قاهیرەی[٤] کرد کە ئۆپشنەکانی دیاریکراوبوون: لە شەستەکان، ئەو زانکۆیە، تەنیا پەیمانگەیەکی تایبەتی بوو، ناوبانگیشی باش نەبوو، ئەو قوتابیانەی لەوێ دەیانخوێند، منداڵی خاوپێداوەکان بوو کە نمرەکانیان دەرفەتی چوونە زانکۆی قاهیرەیان پێ نەدەدا. ناسر لە لێدوانێکدا باسی لە سەختی تێچووی خوێندنی مونا کرد. هەرچەندە کاتێک چووە زانکۆ، هەندێک لە خووەکانی گۆڕان، بەڵام هاوڕێکانی قۆناغی خوێندی زانکۆی باس لەوە دەکەن کە زۆربەی کاتەکانی لە یاریگاکانی تێنس و کافێکان بەسەر دەبرد تا لە هۆڵەکانی خوێندن.

لە هاوینی ساڵی ١٩٦٥، دوای کۆتایهاتنی ساڵی یەکەمی کۆلێژ، چاوی بە ئەشرەف مەروان کەوت و لە ماوەی ساڵێکدا شووی پێکرد[٥].

پێناچی دیداری نێوانیان، ڕێکەوت بووبێت، ئاخر مەروان زۆر لە عەزەی خوشکییەوە نزیک بوو، موناش هاوتەمەن و دەستە خوشکی هەرە نزیکی عزە بوو، هەر ئەویش دیدارەکەی ڕێکخست، پاش ئەوەی هەموو شتێکی لەبارەی برا قۆز و لێهاتووەکەی پێ گوت. بە قسەی تەحییەی دایکی، یەکەمجار لە یانەی هیلیۆپۆلیس سپۆرتینگ یەکدیان بینووە کە ئەوکات یەکێک بوو لە شوێنە هاوچەرخەکانی یەکتر

هەواڵنامەی ئێنتیر

ناسینی گەنجانی خێزانە خواپێداوەکانی مسری[٦]. بەڵام بە قسەی مونا یەکەمجار لەسەر کەنار لە ئەسکەندەریە مەروانی بینیووە[٧]. ڕاستی یەکتر ناسینەکە هەر چییەک بێت، دوو مەسەلە ڕوون و ئاشکرایە: یەکەم، لە یەکەم بینیندا مونا ئاشقی مەروان بووە، پێدەچێ بەهۆی قەدوباڵا بەرز و ڕوخسار و جلوبەرگە کەشخە و گرانبەهاکان ئەوی کەوتبێتە بەر دڵ[٨]، دووەم، ئەوەی سەرنجی کوڕە قۆز و چاوچنۆکەکەی ڕاکێشاوە، ڕوخسار و لێهاتوویی و خەسڵەتە کەسییەکانی مونا نەبووە، بەڵکوو لەبەر خاتری خێزانەکەی بووە. ئەوکات مەروان تەمەنی بیست و یەک ساڵ بوو، کەسێکی چڵێس و چاوچنۆک بوو، بە لای ئەو هاوسەرگیری کردن لەگەڵ کچی عەبدولناسر، دەیخاتە سەر ڕێگەی گەیشتن بە ئاواتەکانی[٩]. زۆربەی سەرچاوەکانمان ئەوە بە هۆکاری سەرەکی دادەنێن، بەڵام هەشن سوورن لەسەر ئەوەی مەروان بە ڕاستی ئاشقی مونا بوو[١٠].

بە ماوەیەکی کورت دوای یەکدی ناسینیان، مونا لە بارەی دۆستە دڵخوازەکەی قسەی لەگەڵ باوکی کرد و خواستی خۆشی بۆ شووکردن و پێکەوەنانی خێزان لەگەڵیدا نەشاردەوە. ئەو ماوەیە، لە لایەن کوڕانی کەسایەتییە دەوڵەمەند و خوپێداوەکانی مسر، ناسر داخوازی زۆری بۆ دەستی کچەکەی لێدەکرا، بەڵام هەموویانی ڕەت دەکردەوە[١١]، چونکە گومانی لە هەموو ئەوانە هەبوو کە ڕۆمانسیەتی خۆیان بە مونا پشان دەدا و دەیخواست زیاتر ببیستێ. مونا لەبارەی مەروان بە باوکی گوت کە بە بنەچە سعیدییە، ئەبو وەفا مەروانی باوکیشی ئەفسەری سوپا بووە.

ناسر لەبارەی ئەشرەف مەروان هەموو شتێکی پێویستی بیست

هەواڵنامەی کتێب

و دەستبەجێ فەرمانی بە ئەنجامدانی ڕێوشوێنی پێویست کرد[١٢]. سامی شەرەف کە سکرتێری زانیاری ناسربوو، بووە بەرپرسی ئەوکارە، بۆ خۆشی یەکێک لە پیاوە هەژمووندارەکانی مسربوو و لە ساڵانی دواتریشدا ڕۆڵی سەرەکی لە چیرۆکی مەرواندا بینی.

ئەو ڕاپۆرتەی شەرەف بۆ ناسری نارد، ڕاپۆرتێکی ماستاوکارانە نەبوو، تەنیا جەختی لە چلێسی و خۆشەویستی مەروان بۆ ژیانی باڵا کردبۆوە و گومانیشی لە خۆشەویستی مەروان بۆ مونا هەبوو، بەلای عەبدولناسرێکی توندڕەفتار لە ژیان و نیگەران لە شێوازی ژیانی کچەکەی، بە لانی کەم داخوازیکەرەکە هەڵبژاردنێکی زۆر باش نەبوو. ناسر ئەوەی قبوڵ بوو کە هودای کچی شوو بە پیاوێکی جدی و خوێندەوار و خاکەڕا بکات، بۆیە پێیوابوو دەبی زاواکەی نموونەیەکی زۆر باش بێت کە دەیویست مونای بداتێ [١٣]. بۆیە پاش ڕاپۆرتەکەی شەرەف، دوو بەدوو لەگەڵ مونا دانیشت، بۆئەوەی ڕازی بکات، شوو بە مەروان نەکات. مونا گوێی لە قسەکانی باوکی نەگرت، چونکە بڕیاری خۆیدابوو و سووریش بوو لەسەر ئەوەی ناسر لەگەڵ باوکی مەروان دابنیشێت، بۆ قسەکردن لەسەر شێوازی مارەبڕینەکە، ناسر زیاتر لە جارێک داواکاری کچەکەی ڕەتکردەوە، بەڵام لە کۆتاییدا مەزنترین سەرکردەی عەرەبی لە دوای سەلاحەدینەوە، لەبەردەم مکوڕبوونی کچەکەی پاشەکشەی کرد و ڕازیبوو چاوی بە باوکی ئەشرەف مەردان بکەوێت [١٤].

ئەو ڕێککەوتنە مارەبڕینەی هەردوو خێزان پێیگەیشتن، زۆر بە ترادسیۆن پابەند نەبوو کە بە پێی نەریت دەبوو ماڵی زاوا نزیکەی هەزار جونەی مسری، واتە نزیکەی سەد دۆلار مارەیی بدەن، هەروەها باس لە هیچ پاشەکیەکیش نەکرا، لە حاڵەتی تەڵاقداندا، جگە لەوە

خێزانـی ماڵـی زاوا هیـچ زێڕێکیـان بـۆ بـووک نەکـڕی، وەک ئـەوەی نەریـت بـوو. لەبـری ئـەوە مـەروان حەلقەیەکـی ئەڵـماس کـە لـە دایکـی بـۆی مابـووەوە، دایـە مونـا[١٥].

سـاڵی ١٩٦٦، زەماوەندەکـە لـە ماڵـی نـاسر بەڕێوەچـوو، بـە پێچەوانـەی ئاهەنگەکانـی دیکـەی خێزانەکـە، زەماوەندەکـە زۆر گەورۆنـە بـوو، پـاش چەنـد سـاڵێک مونـا گێڕایـەوە کـە باوکـی هەسـتی بـە پێویسـتی میوانداریکردنێکـی گـەورە هەیـە، لەبەرئـەوەی زەماوەنـدی سـاڵی پێشـووی هـودا، زەماوەندێکـی سـادە و سـاکار بـوو، زۆر کەسـایەتی گرنـگ لـە لیسـتی بانگهێشـتکاران فەرامۆشـکرابوون، بـەڵام ئەمجـارە لیسـتەکە فرەوانـتر بـوو، نـەک تەنیـا خزمـە نزیکـەکان، پێویسـتبوو دۆسـتی بـووک و زاوا، هەروەهـا دەسـتەبژێری سیاسـی میـسر بـە ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شۆڕشـی میـسرەوەش بگرێتـەوە. مارەبڕینەکـە لەسـەر دەسـتی هەمـان ئـەو مەلایـەی قاهیـرە کـرا کـە سـاڵی ١٩٤٤ مارەیـی دایـک و باوکـی مونـای بڕیبـوو. عەبدولحەکیـم عامـری وەزیـری بەرگـری کـە دۆسـتی دێرینـی نـاسر بـوو لەگـەڵ زەکەریـا محێدینـی سـەرۆک وەزیـران کـە لـە سـەرکردەکانی بزووتنـەوەی ئەفسـەرانی ئـازاد بـوون، شـایەدی مـارە بڕینەکـە بـوون.

لـە میانـەی وێنـە و ڤیدیۆکانـی زەماوەندەکـە دەردەکـەوێ، کاتێـک عەبدولنـاسر دانیشـتووە، هەریـەک لـە تەحیـەی هاوژینـی لـە لای ڕاسـتی و خالیـدی کوڕیشـی لـە دەسـتە چەپـی دانیشـتوون، عەبدولحەکیمی کوڕیشـی لـە دەسـتە چەپـی خالیـدی بـرا گـەورەی دانیشـتووە، هەریـەک لـە ئەشرەف و مونـاش بەرانبـەر باوانیـان دانیشـتوون، لـە تەکیانـەوە هودا و هاسـەرەکەی دانیشـتوون. پـاش گوێگرتـن لـە سـورەتی فاتیحـە و چەنـد ئایەتێکـی دی، نـاسر هەڵدەسـتێت و دەچێـت پیرۆزبایـی لـە هەردووکیـان دەکات، مـەروان یەکسـەر بـە قاتـە خۆڵەمێشـی و ملپێچـە ئاسـمانیی و کراسـە سـپییەکەیەوە

هەڵدەستێتەوە و باوەش بە خەزووری دەکات، بەڵام هەموو شتێک وەک دەڵین پەمبەیی نەبوو: چونکە لە ناکاو لە ناوەڕاستی ئاهەنگەکە، مونا ئاوڕی لە باوکی دایەوە و وەک خەڵاتی زەماوەندەکەی داوای جووتێ گوارەی لێکرد، بەڵام کاتێک ناسر تێداما، یەکسەر فیلڵد مارشاڵ عامر چارەی هەڵوێستەکەی کرد و جووتێ گوارەی پەیدا کرد و پێشکەشی بووک و زاوا ڕووگەشەکەی کرد [١٦].

ئاهەنگەکە لە ئاستی ئاهەنگێکی جیهانی بوو، دوو لە گۆرانیبێژە هەرە گرنگەکانی عەرەبی تێیدا بەشداربوون، ئەوانیش عەبدولحەلیم حافز و ئوم کەلسوم بوون. عەبدولحەلیم ئەستێرەیەکی دیاری سینەما بوو، ئەوکات لەوپەڕی دروەشانەوەی بوو، زۆریش لە سامی شەرەفەوە نزیکبوو، زۆرجاریش بۆ هەڵمژینی هەوای شۆڕشگێڕی سەردانی نووسینگەی سەرۆکایەت دەکرد، تا تێکهەڵکێشی گۆرانییە نیشتمانییەکانی بکات[١٧]. عەبدولحەلیم گۆرانی زۆری هەبوو، لەوانە گۆرانی «سواح» یەکێک لە گۆرانییە دڵخوازەکانی ناسر بوو.

ئوم کەلسوم، یەکێک لە دەنگبێژە ئافرەتە هەرە مەزنەکانی سەدەی بیستەمی عەرەب بوو، ماوەی چەندین ساڵ بوو، ناسیاوی لەگەڵ ناسردا هەبوو. چەند ڕۆژێک پاش کودەتای ساڵی ١٩٥٢، ناسر تەلەفۆنی لەگەڵی کرد و بەڵێنی پێدا، ئەگەر تا ئێستا تەنیا دەنگێکی مسری بووبێت، لەمەودوا دەبێتە دەنگێک لە سەرانسەری جیهانی عەرەبیدا. هەروەها ئەوەشی پێ گوت کە بە ئەنقەست کۆبوونەوە نهێنییەکانی ئەنجوومەنی شۆڕشی لەو کاتانەدا ئەنجام دەدا کە ڕادیۆی مسر کۆنسێرتی ئەوی پەخش دەکرد، لەبەرئەوەی دەیزانی هەموو وڵات گوێیان بۆ ئەو کۆنسێرتە قووڵاغ کردووە و ئەنجوومەن بێ هیچ پچڕانێک کۆبوونەوەی خۆی درێژە پێ دەدات [١٨]. ئەم وتانەی ناسر

بوونـە هـۆی ئـەوەی ئـوم کەلسـوم شـانازی زیاتـر بـە خـۆی بـکات. لـە ڕاسـتیدا کۆنسـێرتی ئـوم کەلسـوم، یەکـەم پێنجشـەممەی هەمـوو مانگێـک لـە دەنگـی قاهیـرەوە بـۆ سەرانسـەری جیهانـی عـەرەب پەخـش دەکـرا کـە لـە جـۆری خۆیـدا، لـە تـەواوی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا یەکـەم ڕووداوی کولتـووری بـوو ڕەوڕەوی ژیانـی ڕادەگـرت، چونکـە بـە ملیۆنـان گوێگـر، هـەر لـە وەرزێڕێکـی هـەژارەوە، تـا دەوڵەمەندتریـن شـێخ لـە ماڵـەکان و شۆسـتەی شـەقامەکانەوە گوێیـان بـۆ دەنگـە سـحراوییەکەی هەڵدەخسـت. سـەرەڕای گۆرانییـە ڕۆمانسـیەکانی، ئەرشـیڤی ئـوم کەلسـوم پـڕ لـە گۆرانـی نیشـتمانیش بـوو، بـە بۆنـەی یەکگرتنـی کورتخایەنـی کۆمـاری عەرەبـی لـە نێـوان مـسر و سـووریا لـە ١٩٥٨-١٩٦١دا، گۆرانـی «سـپێدەی نوێـی» چـڕی، هەروەهـا گۆرانـی «بەغـدا، قـەڵای شـێرانی» چـڕی کـە دوای ڕووخانـی ڕژێمـی پاشـایەتی لـە عێـراق سـاڵی ١٩٥٨دا نووسرابـوو، بـەڵام لـە ئاهەنگـی زەماوەندەکـەی ماڵـی نـاسردا، هیـچ یەکێـک لـەم گۆرانیانـەی نەچڕی، بەڵکـوو لەسـەر داوای مونـا، گۆرانـی «تـۆ خۆشەویسـتی» چـڕی کـە یەکەمجـار لـە سـاڵی ١٩٦٥دا چڕیـووی و دواتـر بـووە یەکێـک لـە گۆرانییـە مەزنەکانـی [١٩].

ڕادیـۆی قاهیـرە ڕاپۆرتێکـی تێروتـەژی لەبـارەی زەماوەندەکـە پەخشـکرد و تێیـدا جەختـی لـە ئەتمۆسـفیری شـادی و چاوداگرتنـە پـڕ لـە خۆشەویسـتییەکانی بـووک و زاوا لەگـەڵ کەسـوکاریان کردبـۆوە کـە ئەوکاتـە لـە باشـترین دیمەکانـی فلیمەکانـی میـسری بـوو. هەروەهـا ڕۆژنامەکانیـش وێنـەی ڕووداوەکەیـان بڵاوکـردەوە، تێـدا ئـەشرەف مـەروان بـە جوانتریـن شـێوە لـە تـەک بـووک وەسـتابوو کـە بـە جلکـی بووکێنییـەوە دەسـتی باوکـی گرتبـوو.

هەڵبـەت، بـە یـەک تاقـە وشـەش ئامـاژە بـە ناڕازیبوونـی نـاسر لەسـەر

هەڵبـژاردەی کچەکـەی نەکرابـوو، لەگـەڵ ئـەوەی نـاسر لـە گومانەکانیـدا تەنیـا نەبـوو. یەکێـک لـە هاوڕێکانـی ئـەشرەف، چەنـد سـاڵێک دواتـر گێڕایـەوە، «هاوسـەرگیریکردنی ئـەو لەگـەڵ مونـا، بـۆ هیـچ یەکێـک لەوانەی ئەویـان دەناسـی، جێـی سەرسـوڕمان نەبـوو، شـایەدی ویسـتە شـکۆکانی دەدا[٢٠]»

بـووک و زاوای نـوێ چوونـە ئـەو ئەپارتمانتـەی کـە لـە قاهیـرە بۆیـان کـڕدرا، نـاسر لـە مـاوەی کەمـتر لـە سـاڵێکدا دوو کچـی بـە شـوودا و دەیویسـت بـۆ هـەر یەکێکیـان ئەپارتمانتێـک بکـڕێ. لـە ڕاسـتیدا شـتێکی زۆری لەبـارەی نرخـی زەویـوزار لـە قاهیـرە نەدەزانـی و زۆریـش بایەخـی بـە سـەرمایە نـەدەدا، بۆیـە هیـچ بیرۆکەیەکـی لەبـارەی دابینکردنـی پـارەی پێویسـت نەبـوو، سـەرەنجام ژمارەیـەک لـە هاوڕێکانـی لـە نێـو خۆیانـدا ڕێککەوتـن و بەشـێکی زۆری تێچووەکەیانـدا، بێئـەوەی نـاسر پێـی بزانـێ[٢١]، هەروەهـا لـە پەیداکردنـی کار لـە بەشـی لێکۆڵینـەوەی سـتراتیژی ڕۆژنامـەی ئەهـرام، یارمەتـی هـودا و هاوسـەرکەیاندا و ناسریـش یارمەتـی مونایـدا. هەرچەنـدە هـودا و حاتـەم شـایەنی ئـەوە بـوون لـە بەشـی لێکۆڵینـەوەی سـەنتەری سـتراتیژی ئەهـرام کار بکـەن، مونـاش لـە بەشـی پەرتووکـی منـداڵان دەسـت بەکاربـوو[٢٢]. هەندێـک کـەس پێیانوابـوو جـۆری کارەکەیـان، بـۆ دەرخسـتنی جیـاوازی تونـا و لێهاتوویـی نێـوان هـەردوو خوشـک، پێوەرێکـی لەباربـوو.[٢٣]

ژیانـی ئـەشرەف مەروانیـش، چەنـد گۆڕانکارییەکـی بەسـەرداهات، هاوسـەرگیریکردنەکەی لەگـەڵ مونـا بـووە باشـترکردنی بارودۆخـی و نزیکبوونـەوەی لـە ناوەنـدی سـەرەکی دەسـەڵاتی مـسر، زۆر لـەوە زیاتـر کـە ئاواتـی بـۆی دەخواسـت. هـەرزوو لـە کارگـە کیمیاوییەکانـی پیشەسـازی سـەربازی مـسر بـۆ پاسـەوانی کۆمـار گوێزرایـەوە کـە یەکەیەکـی سـەربازی

بــوو، مەبەســتی ســەرەکیش لێــی پاراســتنی دەزگا هەســتیارەکانی بــەرەی ناوخـۆ بـوو. مـەروان گواسـتنەوەکەی وەک هەنگاوێـک بـۆ بەرزبوونـەوەی خـۆی بینـی، لـە ڕاستیشـدا بەڵگـەی متمانـە پێکردنێکـی لەرزۆکانـەی نـاسر بـە زاواکـەی بـوو کـە دەیویسـت لێـوەی نزیـک بێـت.

نزیکبوونەوەکـە وەکـوو پێویسـت نەبـوو، چونکـە بـەو باوەڕە گەیشـتبوو کـە، ئـەو زانیارییـە سـەربارانەی لەبـارەی ویسـتەکانی گەیشـتوونەتە لای سـەرۆکی مـسر کـە دەخـوازێ هەنـگاوی پێویسـت بنـێ. لـە ١٩٦٨، ئەشرەف مـەروان بـە مەبەسـتی کارکـردن گوازرایـەوە نووسـینگەی سـەرۆک کـە لـە ژێر سەرپەرشـتی ڕاسـتەوخۆی سـامی شـەرەفی سـەرۆکی نووسـینگە بـوو[٢٤].

ئـەشرەف بـە کەسـێکی بـە پـلان و فێڵبـاز ناسراوبـوو، هەروەهـا لـەو تـەرزە کەسـە سـێبەرانە بـوو کـە لـە سـەرجەم ڕژێمـە سـتەمکارەکان، دەتوانــێ بــە کۆریدەرەکانــی دەســەڵات ڕێ بــکات.

شـەرەف لـە هیلیۆپۆلیـس لـە باوکێکـی پزیشـک هاتبـووە دنیـا. سـاڵی ١٩٤٩ بـە پلـەی شـەرەف ئەکادیمیـای سـەربازی تەواوکـرد و پەیوەنـدی بـە کەتیبـەی تۆپخانـەوە کـرد. دوای شـۆڕش پڕۆپاگەندەیـەک بڵاوبوویـەوە، گوایـە لەگـەڵ چەنـد ئەفسـەرێکی دیکـە لـە دژی ڕژێمـی نـوێ لـە هەوڵـی کودەتـا بـووە، بـەڵام لـە سـاتی دیاریکـراودا، لـە کودەتاچیـان هەڵگەڕاوەتـەوە و پلانەکـەی ڕادەسـتی زەکەریـا محێدینـی وەزیـری ناوخـۆ کـردووە کـە ئـەوکات سەرپەرشـتی لقـی هەواڵگـری دەکـرد. محێدیـن بـە لێهاتوویـی ئـەو ئەفسـەرە لاوە سەراسـیمەبوو و بردوویەتـە ڕیـزی یەکـەی هەواڵگرییەکەیـەوە. دواجـار وەزیـری ناوخـۆ چاکەکـەی شـەرەفی بـەوە دایـەوە، کاتێـک لـە ١٩٦١، نـاسر داوای لێکـرد، سـەرۆکێکی نـوێ بـۆ نووسـینگەی سـەرۆک پەیـدا بـکات، محێدیـن شـەرەف سـامی بـۆ نووسـینگەی سـەرۆک نـارد.

لە پۆستی تازەیدا، ئەفسەرەکەی پێشووی تۆپخانە، چەکە هەرە گەورەکانی ڕاکێشا و بە خێرایی کۆمەڵەیەکی تەواو نوێی بۆ ئاژانسی هەواڵگری چێکرد کە بێ جیاوازی ئەرکی سەرەکی کۆکردنەوەی زانیاری نهێنی و گشتی بوو، لەسەر گشت ئەندامە باڵاکانی ڕژێم، بەمەش شەرەف لە ئاستە هەرە باڵاکانی کۆمەڵگەی مسریدا بووە چاو و گوێی ناسر [٢٥].

بە ڕێنوێنی شەرەف، نووسینگەی سەرۆک بووە سەنتەری هەستیاری مسر و فلتەری ئەوەی کامە زانیاری، پێویستە بە سەرۆک بگات، هەروەها هەر زانیارییەکی تایبەت بە کاروباری دیپلۆماسی، سیاسەت یان سەربازی، تەنانەت ئەو گۆتەگۆتانەی لە لایەن ئاژانسەکانی ئاسایش کۆدەکرانەوە، دەبوو بە کن ئەو تێپەڕن، ئەو خۆی ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکانی دادەڕشت کە بەتایبەت بۆ ناسر دەنووسران. لە هەمانکاتدا، سەرۆکی مسر، تەواو خۆی دابڕاندبوو و خۆشی لە دیداری سەرانی ڕژێم بە دوور دەگرت. لە ماوەیەکی کەمدا، جگە لە کەسانی وەک محەمەد حەسەنێن هەیکەلی نووسەری ڕۆژنامەی ئەهرام و دۆستی نزیکی نەبێت کە بێ وەرگرتنی ڕەزامەندی پێشوو لە بەرێوەبەری نووسینگەکەی چاوی بە سەرۆک دەکەوت. شەرەف نەک تەنیا لە کارکەناری ناسر دڵنیابوو، بەڵکوو بە پێی پێویست لە لەکەدارکردنی ناوبانگی هەر کەسێکیش کارامە بوو، خۆ ئەگەر کەسێک چاکە و خێری ناسری لە دەست بدابا، خێرا لە کاریش نەدەما، تەنانەت هەندێجار خۆی لە زیندانیش دەدۆزییەوە. سەرەنجام شەرەف بووە خاوەن دەسەڵاتێکی ڕەها و یەکێک لە پیاوە ترسناکەکانی مسر [٢٦].

کاتێک ئەشرەف مەروان گواسترایەوە نووسینگەی سەرۆک، لە کن سامی شەرەف کەسێکی نە ناسراو نەبوو، لەم خاڵەوە، دەبێت دۆسییەکی قەبەی لەسەر زاوا نوێکەی ناسر هەبوو بێت.

مـەروان، هـەرزوو دوای لـە دایکبوونـی یەکـەم کـوڕی کـە نـاوی لێنـا جەمـال، کچـەزای نـاسر، لـە نووسـینگەی سـەرۆک دەسـت بەکاربـوو. لەگـەڵ ئـەوەی نـاسر کاتـی زۆر سـنووورداربوو، بـەڵام بڕێـک لـە کاتـە بەتاڵـەکان خـۆی بـۆ کچەزاکانـی تەرخـان کردبـوو کـە هەمـان ساڵ هـوداش کچێکـی بـوو، بـەڵام ئـەشرەف مـەروان هەسـتی بـە فەرامۆشـکردن دەکـرد و تەواویـش لـە بـێ متمانەیـی خـەزووری بـە ئاگابـوو، بۆیـە لـە پەرەپێدانـی پەیوەندیـش لەگەڵیـدا شکسـتی هێنـا، لەبـری ئـەوەی بـە تێپەڕبوونـی کات هەوڵـی هێورکردنـەوەی هەسـتی نیگەرانـی زاڵبـووی سـەر نـاسر بدرێـت، بـەڵام دۆخەکـە بـەرەو خراپترچـوو. ئـەو خەڵکانـەی ئاگایـان لـە کەینوبەینـی نێـوان ئـەو دووانـە بـوو، دەگێڕنـەوە، مەروانـی لاو لەبـەردەم خـەزووری دەشـڵەژا، تەنانـەت هەندێجـار لەبەردەمـی دەلـەرزی و زمانـی تێـک دەئـاڵا کاتێـک ناچـار بـا، ڕاسـتەوخۆ قسـەی لەگەڵـدا بـکات [٢٧].

واتـە ئـەوە نەبـوو کـە مـەروان لـە هـزری خـۆی نەخشـاندبووی، کاتێـک مونـای مارەکـرد، بەڵکـوو بـە دڵنیاییـەوە ئامانجـی ئـەو لـە نزیکبوونـەوەی لـە ناوەنـدی دەسـەڵات لـە مـسر، بـۆ پێشخسـتنی ئامانجـە کەسـی و سیاسـییەکان بـوو، بـەڵام ژیـان لـە سـێبەری خەزوورێـک کـە متمانـەی پێـی نەبـوو، هەروەهـا لـە ژێـر سەرپەرشـتی بەڕێوەبەرێکـی تەڵەکەبـاز و چاوتیـژ کـە بـەردەوام چـاوی لەسـەری بـوو، سـەخت بـوو. گریـمان مـەروان بـاش سـەری لـە چارەنووسـی هەمـوو ئەوانـە دەردەکـرد کـە بەسـەر سـامی شـەرەف بـاز دەدەن، لـە ڕاسـتیدا دەبـێ بشترسـێ. دیسـان ئـەو سەرپەرشـتە چـڕە، ڕێگـەی لـە شـێوازی ژیانـی ئـەو دووە لاوە گرتبـوو کـە لـە کۆلێـژ پێـوەی ڕاهاتبـوون، چونکـە مووچـەی مـەروان زۆر کەمبـوو، عەبدولمەجیـد فەریـد کـە لەگـەڵ ئـەوەی لـە نووسـینگەی سـەرۆک کاری دەکـرد، لـە پەرتووکێکـدا لەبـارەی دوا سـاڵەکانی نـاسر، نووسـیویەتی:

مـەروان مانگانـە حەفتا پاوەنـدی مـسری وەردەگـرت، لـە مووچـەی هەمـوو ئەوانـە کەمتربـوو کـە لـە نووسـینگە بـوون [٢٨]. بـە پێـی سـەرچاوەیەکی دی، «مـەروان کارمەنـدی پلـە شـەش» بـوو، مانگانـە ٣٢ پاوەنـدی مـسری وەردەگـرت. لـە هـەردوو حاڵەتـدا داهاتـە سادەکەی گوزارشـتبوو لـە پێگـە سادەکەیەوە. بـە پێـی هەمـان سـەرچاوە، ئـەو مووچەیـەی مونـا، مانگانـە لـە بەشـی پەرتووکـی منـداڵان لـە سـەنتەری ئەهـرام وەریدەگـرت، تەنیـا ٣٥ پاوەند(جونـەی) مـسری بـوو[٢٩]. ڕاسـتە داهاتـی هەردووکیـان بـۆ خێزانێکـی چینـی ناوەنـد ماقووڵبـوو، بـەڵام لـە چـاو خواسـتەکانیان بـۆ ژیانێکـی باشـتر نەبـوو. ئـەوەی قوڕەکـەی خەسـتتر کردبـوو، ئەوەبـوو، قاهیـرە لـە دوای نشوسـتی شـەڕی شـەش ڕۆژەی ساڵی ١٩٦٧، شـاری هیـواو ئاواتـەکان نەمابـوو کـە پێشـتر وابـوو، لـە ئەنجامـی جەختکردنەوەیەکـی زۆر لەسـەر ناکۆکـی پەرەسـەندوو لەگـەڵ ئیسرائیـل و ئامادەکارییـە سـەربازییەکانی دەرفەتـی بـە دەسـتهێنانەوەی (شـکۆ و نیمچەدورگـەی سـینای) بـۆ مـسر دەڕەخسـاند کـە پێشـتر لـە دەسـتیدابوو، لەگـەڵ جەختکردنـەوە لەسـەر ڕاسـتکردنەوەی بنەمـا لاوازەکانـی وەک نـەداری جۆرێتـی سـەربازەکان و گەندەڵـی لـە هەمـوو ئاسـتەکاندا بـە ئاسـتی وەزیـری بەرگرییـەوە کـە شـەڕ هەمـوو گەندەڵییەکـی خسـتە گـۆڕێ.

کەواتـە، ئاخـۆ بـە کردەنـی لەبەرئـەوەی بـوو کـە درێـژە بـە خوێنـدن بـدات، یـان تەنیا بۆئـەوەی بـوو لـە چـاوی خـەزووری بـزر بێـت، ئـەشرەف مـەروان بڕیاریـدا، بـۆ خوێنـدن لـە دەرەوەی مـسر، داواکاری خـۆی پێشـکەش بـکات، پاساویشـی ئەوەبـوو کـە ئاسـتی دامەزراوەکانـی خوێنـدن لـە مـسر هـەژار و نـەدارن، تەنانـەت زانکـۆی قاهیـرەش کـە ئـەشرەف بڕوانامـەی بکالۆریۆسـی لـێ وەرگـرت و لـە ئاسـتی جیهانـی عەرەبیـدا بـە باشـترین زانکـۆ هەژمـار دەکـرا لەگـەڵ پێـوەرە پیشـەییەکانی نەدەهاتـەوە.

ڕەخنەگرتــن لــە سیســتمی خوێندنــی بــاڵای مــسر، بەتایبەتــی لــە بەشــە زانســتییەکان بــە ئاشــکرا دەبیســترا[٣٠]. بێگومــان ژیــان لــە دەرەوەی مــسر گفتدارتــر بــوو. ئیــدی بــە مەبەســتی پێشکەشــکردنی داواکاری بڕوانامــەی ماســتەر لــە کیمیــادا، لــە ١٩٦٨وە خێزانــی مــەروان کەوتنــە لەنــدەن.

## ناسر ڕەزامەندی نیشاند

لـە ئاخـرو ئۆخـری ســاڵی ١٩٦٨، ئـەشرەف و مونـا گەیشــتنە یەکێـک لـە شــارە دینامیــک و وروژێنەرەکانــی جیهــان کــە مەککەی(قیبلــەی) مۆزیــک، فاشــن و کۆتــا یاریگــەی جوانــی و ســامان بــوو، ئەویــش شــاری لەندەنــی بیڵتــز و ڕۆڵینــگ ســتۆنس و بۆتیکەکانــی شــەقامی کارنابــی و جیهانی فاشـنی چێڵســا و نایتســبرێج بــوو. هەروەهــا شــوێنی مــاری کوانتــی دیزاینــەر و داهێنــەری تەنــورەی کــورت و پانتۆڵــی تەســک و تۆیگــی نمایشــکار بــوو کــە ڕەهەندێکــی بچووککــراوەی بــە جوانــی مێینــەدا. ئەوکاتــە لەنــدەن، شــوێنی نیشــتەجێبوونی ژمارەیەکــی بــێ پایانــی ئەســتێرەی ســینەما و نووســەران بــوو، هەمدیــس پایتەختــی کولتــووری جیهانــی هاوچــەرخ و قیبلــەگای ســەرەکی هەمــوو کەســە ســەردەمی و لاوەکان بــوو.

### ڕێک وەک دەستکێش لەگەڵ ئەشرەف مەروان دەگونجا

ئــەو دووانــە هــەرزوو لــە لەنــدەن جێگیربــوون، نــاسر یارمەتییەکــی مامناوەنــدی بــۆ بڕینــەوە، مەروانیــش مووچەکــەی خــۆی خســتە ســەری کــە وەک فەرمانبــەر لــە باڵیۆزخانــەی مــسر لــە لەنــدەن وەریدەگــرت. ئــەشرەف یەکڕاســت دەســتی بــە خوێنــدن کــرد، بــەڵام مونــا خــۆی بــۆ کاروبــاری مــاڵ و پەروەردەکردنــی جەمالــی کوڕیــان تەرخانکــرد. پەیوەنــدی نێوانیــان زۆر باشــبوو، مونــا مەروانــی خۆشدەویســت و ڕێــزی دەگــرت، مەروانیــش، ئەگەرچــی بــە هەمــان ئەنــدازە ئــەوی خــۆش نەدەویســت، بــەڵام بــە لانــی

کـەم بـۆی دڵسـۆز بـوو. لەنـدەن شـاری فریـوە بـێ سـنوورەکان بـوو، بۆیـە مـەروان هـەرزوو فریـوی خـوارد. پـاش ماوەیەکـی کـەم لـە گەیشـتنیان، مـەروان خـۆی لەسـەر مێـزی یارییەکانـی یانـەی پلەیبـۆی بینیـەوە کـە گەورەتریـن گازینـۆی شـاربوو، لەوەتـەی لـە سـاڵی ١٩٦٥ کراوەتـەوە، ببـووە موگناتیسـی ڕاکێشـانی پـارەدارەکان، تـا لـەوێ یـاری بکـەن. هەرچەنـدە مـەروان لـە نێـو ئـەو پارەدارانـە نەبـوو، بـەڵام کاروبارەکانـی بـە جۆرێـک ڕێکخسـت، تـا بـەوە بـگات و خـۆی بـە قومارکـردن تێـر بـکات.

لەبەرئـــەوەی کەســـێکی بـــێ دیقـــەت و خەمســـاردبوو، هـــەرزوو ڕەفتارەکانـی بوونـە جێـی تووڕەییەکـی تونـدی نـاسر. بەمـەش ئـەشرەف مـــەروان بـــە دەســـتەکانی خـــۆی تەنگژەیەکـــی گـــەورەی خوڵقانـــد و بەهۆیـەوە هەمـوو ئـەو شـتانەی لـە دەسـتدا کـە تاڕادەیـەک بەدەسـتی هێنابـــوو.

ڕاســـتەوخۆ دوای گەیشـــتنیان، هـــەردوو مـــەروان، مونـــا و مـــەروان، پەیوەنـدی دۆسـتایەتیان لەگـەڵ جووتـە کەسـێک دانـا کە تـازە گەیشـتبوون، ئەوانیـــش: شـــێخ عەبدوڵـــلا موبـــارەک ئەلســـوباح و ســـوعادی هاوژینـــی بـوو کـە کچـی محەمـەد ئەلسـوباح بـوو. شـێخ گچکەتریـن کـوڕی شـێخ موبارەکـی گـەورە دامەزرێنـەی کوێتـی نـوێ بـوو و سـاڵی ١٩٥٤ بـووە فەرمانـدەی هێـزە چەکدارەکانـی کوێـت، بـۆ مـاوەی چەنـد سـاڵێکیش جێگـری سـەرۆک وەزیـران بـوو، تـا سـاڵی ١٩٦١ دەسـتی لـە کاری سیاسـی کێشـایەوە و خانەنشـین بـوو. هـەر لـە سـاڵانی شەسـتەکاندا، لـە دەرەوەی کوێـت دەژیـا، بـە زۆریـش لـە لەنـدەن، تـا لـە ناوەڕاسـتی حەفتـاکان گەڕایـەوە نیشـتمان. لـە ١٩٦٠ هاوسـەرگیری لەگـەڵ سـوعاد کـرد کـە سـێ سـاڵ لـە خـۆی گچکەتربـوو، سـەرەنجام لـە شـەش منـداڵ، پێنـج منداڵـی لـەو بـوون. سـوعاد ئەلسـوباح بـۆ خۆشـی کەسـایەتییەکی گرنـگ بـوو، لـە

تەمەنـی سـی و یـەک سـاڵیدا، بـە پلـەی شـەرەف بڕوانامـەی بکالۆریۆسـی لـە زانکـۆی قاهیـرە تەواوکـرد، دواتـر بڕوانامـەی دکتـۆرای لـە ئابـووری لـە زانکـۆی «سـورەی» لـە بەریتانـی مـەزن تەواوکـرد. هەروەهـا هۆزانڤانیـش بـوو، سـاڵی ١٩٦٠ سـێ دیوانـی خـۆی چاپکـرد لەگـەڵ چەنـد پەرتووکـی دیکـە کـە هەندێکیـان ئەکادیمـی بـوون، جگـە لـەوە، لـە بوارەکانـی مافەکانـی ئافـرەت، خوێنـدن و کولتـوور، چالاکوانێکـی کۆمەڵایەتـی بـوو.

شـێخ کــە ناسیونالیســتێکی عەرەبــی دژە ئایدیۆلۆژیــای بەریتانــی بــوو، بـۆ یەکەمجـار سـاڵی ١٩٥٦ چـاوی بـە نـاسر کـەوت، بـەوەش زۆر دڵخۆشـبوو، خۆشـی بـە یەکێـک لـە شـوێنکەوتووە هـەرە بـە جۆشـەکانی سـەرۆکی مـسر دادەنـا. هەروەهـا هاوژینەکەشـی کـە بـەرە بـەرە بـوو بـە نموونـەی ئافرەتێکـی خوێنـدەوار و سـەردەمیانەی عەرەبـی، بەرمەبنـای بانگهێشــتنامەی نــاسر، ســاڵی ١٩٦٥ ماڵیــان گواســتەوە مــسر و لــەوێ تۆڕێکـی پەیوەندیـان چێکـرد، شـێخ بەشـداری لـە زۆربـەی ڕێوڕەسـمە فەرمییەکانــی وەک کردنــەوەی دانیشــتنەکانی پەرلەمــان و فیســتیڤاڵی ساڵیادی شـۆڕش و سـەردانی سـەرکردە بیانییـەکان دەکـرد و هەردووکیـان بــوون بــە هاوڕێــی نزیکــی نــاسر و بانگهێشــتی ئاهەنگــی زەماوەنــدی مونـا و ئەشرەفیـش کرابـوون [٣١].

کەواتــە سرووشــتی بــوو لەگــەڵ گەیشــتنی مەروانــەکان بــە لەنــدەن، ئەلسـوباحەکان بیانخەنـە ژێـر باڵەکانیـان و شـاریان پـێ نیشـان بـدەن و پێکـەوە ئامـادەی ئێـوارە دانیشـتنەکانی شـار بـن. کاتێـک ئـەشرەف مـەروان بەهـۆی خووگرتنـی بـە قومارکـردن تووشـی کێشـە هـات، سـوعاد قەرزەکانی بـۆ دایـەوە. هیـچ پاسـاوێک لـە ئـارادا نییـە، تـا گومـان لـە بوونـی پەیوەندی خۆشەویسـتی لـە نێـوان سـوعاد و مـەروان بکرێـت. ڕاسـتە مـەروان پیاوێکـی کەشـخە و خـاوەن کاریزمـا بـوو و تەنیـا دوو سـاڵ لـە سـوعاد

بە تەمەنتربوو، بەڵام هاوسەرەکەی زۆر بە تەمەنتربوو، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ بەڵگەیەک لە ئارادا نییە پەیوەندی ڕۆمانسی نێوانیان بسەلمێنێ. لە ڕاستیدا کاتێک لە ساڵی ١٩٩٥دا، سوعاد بیۆگرافیای هاوسەرکەی نووسیەوە پێزانینێکی زۆر بوو بەرانبەر پیاوێک کە لەگەڵیدا ژیانێکی دەوڵەمەند و درێژی بەسەربردووە. دیسان لۆژیکانە نییە وا هزر بکەین کە مەروان ڕاستەوخۆ دوای هاوسەرگیری، ناپاکی لە هاوژینەکەی بکات، نەک تەنیا لە ترسی خەزووری، بەڵکوو مەسەلەی ناپاکی خێزانی لەناو خاڵە لاوازەکانیدا نەبوو، بەڵام سوعاد بۆ قەرزەکانی بۆ داوەتەوە؟ پێدەچێ لەو سۆنگەیەوە بووبێت کە چۆن دەبێ کچی گەورەترین ڕابەر لە جیهانی عەرەبیدا لە نەداریدا بژیت، لە کاتێکدا ئامرازەکانی ڕێگەگرتن لە دەستیدا هەبووە، بۆیە بەمشێوەیە ڕەفتاری کرد. دیسان ئەمە زیاتر لە خەسڵەتی ئەو دووانە نزیکبوو کە پێی ناسراوبوون، ساڵی ١٩٦٣ شێخ بیست و پێنج جێپی بە سوپای مسر بەخشی و دووجاری دیکەش بەر لە شەڕی ١٩٦٧ و ١٩٧٣دا، بە بڕی ملیۆنێک دۆلار بەشداری لە خەرجییەکانی سوپای مسر کردبوو، هەروەها ساڵی ١٩٦٦ بڕی ملیۆنێک دۆلاری بەخشییە ناسر، بۆئەوەی بە دڵی خۆی خەرجی بکات، عەبدولناسریش ئەو بڕەی بەخشییە پرۆسەی خوێندن لە مسر[٣٢]. کەواتە ڕوونە ئەلسوباحەکان کە داهاتی نەوتی کوێتیان لەبەر دەستبوو، هاوکاریکردنی هەر پڕۆژەیەکیان بە کارێکی سرووشتی دەبینی کە جێی ڕەزامەندی ناسر، یان خێزانەکەی بێت.

هەرچەندە، پەی بردن بە بیرکردنەوەی مەروان، کاتێک کەوتە ژێر قەرز و قبوڵکردنی پارەکە، کارێکی سەختە، چونکە ئەو کەسێک بوو لە ژێر سەرکردایەتی سامی شەرەف کاری کردبوو، بۆیە دەیزانی هەموو ئەوانەی پەیوەندیان بە ڕژێمی مسرەوە هەیە، ڕووبەڕووی چ

جـۆره لێپێچینەوەیـەک دەبنـەوە کـە لـە بنەڕەتـەوە ئـەوەش هۆکاربـوو یەکـەم شـوێن ڕوو لـە لەنـدەن بـکات. هەروەهـا لـە بەرهەڵسـتی تونـدی نـاسر، بەرانبـەر نواندنـی دڵسـۆزی هـەر کەسـێک بـە پێدانـی خـەڵات بـە خێزانەکـەی، تـەواو ئـاگادار بـوو. بۆیـە، کاتێـک پارەکـەی وەرگـرت، دەیزانـی بەسـەر چ جـۆرە پەتێکـەوە ڕێ دەکات و ڕوبـەڕووی چ جـۆرە کێشـەیەک دەبێتـەوە، ئەگـەر لێـی ئاشـکرا بێـت، بـەڵام ئـەشرەف مـەروان خـۆی چەشـەی لـە ڕیسـککردن وەردەگـرت و زۆریـش متمانـەی بـە خـۆی هەبـوو، بەشـێکی ئـەم متمانـە بـە خۆبوونەشـی کـە ببـووە بەشـێک لـە ژیانـی، پەیوەنـدی بـە سـەرکەوتنی لـە بـوون بـە بەشـێک لـە خێزانـی سـەرۆکایەتی مـسرەوە هەبـوو. لەبەرئـەوەی پەیوەنـدی ڕۆژانـەی لەگـەڵ نـاسر نەبـوو، بۆیـە هیـچ کێشـەیەکی لـە قبوڵکردنـی  پارەکـە نـە دەبینـی. لـە تێڕوانینـی خۆیـەوە، (لەبەرئـەوەی لەنـاو نەریتـی کۆمەڵگەیـەک هاتبـووە دنیـا، کـە تێیـدا بەرتیلـدان و وەرگرتـن) شـتێکی ئاسـایی و بەشـێکی ژیانـە، هەمدیـس لـە وەهـا حاڵەتێکـدا، مـرۆڤ ناتوانـی ئـەوە بـە بەرتیلیـش دابنـێ، نەخاسـمە لـە بەرانبـەردا، ئـەشرەف هیـچ شـتێکی نەبـوو بـە ئەلسـوباحەکانی بـدات، جگـە لـە پێدانـی هەسـتی خۆشەویسـتی خێزانـی سـەرۆک نەبێـت.

لەبـەر ڕۆشـنایی بـارودۆخ، پێکدادانـی گـەورە لەگـەڵ نـاسر، تەنیـا مەسـەلەی کاتبـوو.

پەیوەنـدی قووڵـی هـەردوو مـەروان لەگـەڵ هـەردوو ئەلسـوباح، بـێ چاودێـری و تێبینـی باڵیۆزخانـەی میـسر لـە لەنـدەن نەبـوو، چونکـە فەرمانـی ڕوونـی پێدرابـوو، بـەردەوام چاویـان لەسـەر زاواکـەی سـەرۆک بێـت. دوای ماوەیەکـی کـورت لـە بـە یەکـەوە بەسـەربردنی هـەردوو خێـزان، ڕاپۆرتەکانیـش هێـدی هێـدی دەگەیشـتنە دەسـت سـامی شـەرەف، کاتێـک مـەروان پارەکـەی وەرگـرت، نـاسر ڕاسـتەوخۆ ئـەوەی بیسـت،

چونکە دووری نێوان نووسینگەی شەرەف و گوێیەکانی ناسر زۆر نەبوو. لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا، بەڵگەی سەرکۆنە لەسەر مێزی سەرۆک بوو کە کاردانەوەکەشی خێرا و دژوار بوو، بۆیە یەکڕاست فەرمانی بە باڵیۆزخانەی مسر لە لەندەن کرد، مەروان سواری یەکەم گەشتی فڕۆکە بۆ قاهیرە بکات. هەر بە گەیشتنەوەی، ڕاستەوخۆ مەروان پەلکێشی کن ناسر کرا و داوای شیکردنەوەی لێکرد، بەڵام هەرچییەکی مەروان باسی کرد، هیچ جیاوازییەکی دروست نەکرد. هەرچەندە پێوەبوو سەرۆک بەوە ڕازی بکات کە گرانی خەرجی لەندەن، ناچار بە پارە وەرگرتنی کردووە، بەڵام پێشتر سەرۆک گوێبیستی شێوەژیان و چوونەدەرەوەی شەوانەی هەردوو هاوسەرەکە و قومارکردنی مەروان ببوو، بۆیە یەکسەر فەرمانی گەڕانەوەی کچەکەی بۆ قاهیرە دەرکرد، کاتێک فەرمانەکە جێبەجێکرا و کچە گەڕایەوە، ناسر سووربوونی خۆی لەسەر تەڵاقدانی مونا لە مەروان دەربڕی، بەڵام مونا کە ئاشقی مەروان بوو، ئەوەی ڕەتکردەوە.

وەک ناکۆکیان لەبارەی خودی هاوسەرگیرکەیانەوە، ئەمجارەش لە ناکۆکی نێوان باوکێکی ڕەقەکار و کچێکی کەللەڕەق، دیسان مونا براوە بوو، دواجار ناسر تەسلیمبوو، بۆیە بە مەبەستی دیدار بانگهێشتی باوکی ئەشرەفی کرد و هەرذووکیان لەسەر درێژەدان بە هاوسەرگیریەکە ڕێککەوتن کە بێ ڕیسککردن بە ناوبانگی خێزانی سەرۆکی مسر، نابێ کەسانێک لە خێزانەکەی لە لایەن شێخی کوێتەوە هاوکاری بکرێ [٣٣]. یەکەم، دەبێ مەروان ئەو پارەیە بگەڕێنێتەوە کە لە سوعاد ئەلسوباح وەریگرتووە، دووەم، ئەشرەف و مەروان بگەڕێنەوە مسر و ئەشرەف بچێتەوە سەر کارەکەی خۆی لە لای سامی شەرەف، هەروەها دەتوانێ درێژە بە خوێندنەکەی لە لەندەن بدات، بەو مەرجەی تەنیا بۆ

پێشکەشکردنی پێپەڕەکان و تاقیکردنەوەکان بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک بچێت. بە درێژایی کاتەکانی دی، دەبێ لە ژێر چاودێری شەرەف بمێنێتەوە، بەمەش ئەشرەف مەروان گەڕایەوە ئەو ژیانە نائومێدەی کە دەیویست لێی ڕابکات(٣٤).

هەرچەندە لە تێڕوانینی ناسر، پێگەی مەروان لەرزۆکبوو، بەڵام سەرۆک ناوە ناوە سوودی لە لێهاتوویە دیپلۆماسییەکانی وەردەگرت. ڕەنگە دیارترین نموونەی ئەوەش، ئەوە بێت کە لەگەڵ سەعدەدین شازلی ڕوویدا و دواتر لە کاتی شەڕی ١٩٧٣ بووە سەرۆک ئەرکانی سوپای مسر. شازلی لە بیرەوەریەکەیدا باس لە چۆنیەتی وازهێنان خۆی لە پۆستی فەرماندەی هێزە تایبەتەکان، لە ئاداری ١٩٦٩ دەکات کە بەهۆی بڕیاری دامەزراندنی ئەحمەد ئیسماعیل، لەلایەن سەرۆک لە پۆستی سەرۆک ئەرکانی سوپا بووە، لەبری عەبدولمونعیم ڕیاز کە بە مووشەکی مۆرتەری ئیسرائیل کوژرا. هەر لە ساڵی ١٩٦٠ەوە شازلی و ئیسماعیل دوو ڕکابەری سەرسەختی یەکدی بوون. ئەوەش لەناو دامەزراوەی سوپا ئاشکرابوو کە لە میانەی مشتومڕێکدا، شازلی بۆکسێکی بە دەم و ددانی ئیسماعیل کێشاوە.

هیچ هەوڵێک بۆ پاشگەزبوونەوەی شازلی لەو وازهێنانە، سەرکەوتوو نەبوو، تا لە کۆتاییدا سێ ڕۆژ دوای وازهێنانەکەی شازلی، ناسر بە دەستی ئەشرەف، نامەیەکی کەسی بۆی نارد کە تێیدا نووسیبووی، وازهێنانەکە بە ڕەخنەگرتن لە خودی خۆی دەزانێ، بەڵام شازلی نکۆڵی کرد و سووربوو لەسەر ئەوەی بڕیارەکەی بەهۆی پەیوەندی خراپی خۆی لەگەڵ سەرۆک ئەرکانی دامەزراودا بووە، مەروان نامەیەکی ئەوی بۆ ناسر هێنایەوە. لە کۆتاییدا، شازلی بە گەڕانەوەی بۆ پۆستەکەی قایلبوو، تەنیا ئەگەر ناسر،

مـەروان وەک نامەبـەری نێوانیـان بـەکار بهێنێـت و بەڵێنیـش بـدات ڕێگـە بـە ئیسـماعیل نـادات بـاز بەسـەر دەسـەڵاتەکانی بـدات[٣٥].

بەرمەبنـای ئـەو متمانـە گشـتییەی لـە دۆسـیەی شـازلیدا، نـاسر بـە زاواکـەی بەخشـی، سـەرەڕای تەنگژەی قووڵـی نێوانیـان، بـەڵام دەریخسـت، مـەروان بـە تـەواوی پەراوێـز نەخـراوە. لـە ڕاسـتیدا ئـەوەی وایکـرد، ببێتـە پیـاوە دروسـتەکەی دۆسـییەی شـازلی، پەیوەندییـە خێزانییەکانـی بـوو کـە لـە ڕووی سـمبۆلیەوە، توانـی ویسـتە کەسـییەکانی سـەرۆک بەرجەسـتە بـکات. هـەر ئـەم فاکتـەش بـوو، وایکـرد لـەو پرسـەدا، نـاسر پشـتی پـێ ببەستێ. ئەمـەش بەڵگەیـە کـە نـاسر دانـی بـە زیرەکییەکانـی مـەروان نـاوە، ئـەو زیرەکییـەی تەکانـی بـە بەرژەوەندییەکانـی نـاسر دا کـە کاری لەسـەر دەکـرد، چونکـە مـەروان پەیوەنـدی زۆر باشـی لەگـەڵ کەسـە گرنگەکانـی سـوپا هەبـوو، ئـەوان وەک کەسێکی پشـت پـێ بەسـتراو، تەنانـەت لـە زۆر پرسـدا وەک یەکێـک لـە خۆیانیـان دەبینـی.

**بە هەرحاڵ، ئەمە بۆ ئەشرەف مەروان بەس نەبوو.**

ئـەشرەف مـەروان، لـە هاوینـی سـاڵی ١٩٧٠، ئەوکاتـەی تەنیـا تەمەنـی بیسـت و شـەش سـاڵ و ئەندازیـاری کیمیـاوی و ئەفسـەرێکی سـوپای مـسر بـوو، وەک کـوڕی خێزانێکـی خانـەدان، لـە ڕێگـەی هاوسـەرگیریکردن لەگـەڵ مونـا، لـە خۆبەسـتنەوە بـە ناوەنـدی هێـز و نانخـواردن لەسـەر مێـزی گەورەتریـن سـەرکردەکانی جیهانـی عەرەبیـدا سـەرکەوتوو بـوو، بۆیـە نـە دەتوانـرا خـۆی، نـە خێزانەکـەی پەراوێـز بخرێـن و بکەونـە ژێـر هەڕەشـەکانی دەوڵـەت.

**لە ڕوودا نیشتمانپەروەرێکی نموونەیی مسر**

هەرچەنـدە، لـە مێـژووی وڵاتەکەیـدا لـە هەوڵـی ئەنجامدانـی

گەورەتریــن ناپاکــی بــوو، بــە کورتــی وەڵامــی ئــەو پرســیارەی: بۆچــی لــە گەرمــەی ناکۆکییەکــی پــڕ لــە توندوتیــژی کــە ڕۆژانــە خوێنــی باشــترین لاوەکانــی وڵاتەکــەی دەڕژا، بــە یارمەتیدانــی گەورەتریــن دوژمنــی وڵاتەکەی، ڕیســکی بــە ژیــان و کارەکەیــەوە کــرد کارێکــی ســەخت بــوو.

لــەم ساڵانەی دواییــدا، لــە گشــت بوارەکانــی لێکۆڵینــەوەدا، ڕاپۆرتگەلێک بوونــە یارمەتیدانمــان لە تێگەیشــتنی ئــەوەی، چ پــاڵ بە خەڵکانێکــەوە دەنێ، لــە گەرمــەی ســەرکەوتنیان لــە کارەکانیــان لــە بــواری ســەربازی، هەواڵگــری، یــان کاروبــاری گشــتییەوە، نهێنییــە هــەرە گرنگەکانــی وڵاتەکەیــان ڕادەســتی دوژمنەکانیــان بکــەن، تــا ئێســتا ئامــاژە بــە پێنــج هــۆکاری ســەرەکی کــراوە: ئایدیۆلۆژیــا، پــارە، لــە خۆباییبــوون، ســوکایەتیکردن، چەشــەی سێکســی، بــەڵام لێکۆڵینــەوە نوێیــەکان، ئامــاژە بــە پاڵنــەری دیکــەی ســەربار دەدەن، ئەویــش دڵســۆزی دووســەرە بــۆ وڵاتــی بنەڕەتــی، یــان لایەنگربوونــی بەهێــزی ئەتنیــی. ڕەنگــە دۆســییەی جۆناثــان پــۆلارد، ئەفســەری هەواڵگــری دەریایــی باشــترین نموونــە بێــت کــە بەهــۆی جۆشــە زایۆنیزمەکەیــەوە، زانیــاری زۆر هەســتیاری ڕادەســتی ئیســرائیــل کــرد. هەروەهــا موســڵمانە ئەمەریکییەکانــی، لــە ســاڵی ٢٠٠١ەوە لەگــەڵ قاعیــدە، یــان حزبوڵــلا کاریــان دەکــرد و ئالینــگاری گەورەیــان بــۆ ئاژانســە فیدراڵییــەکان دروســت کــرد.

فاکتێکــی دیکــە کــە لــەو لێکۆڵینانــەوە دەرکەوتــووە، ئەوەیــە کــە پاڵنــەری ســەرەکی پشــت ناپاکیکــردن، بــە پێــی کات دەگۆڕێــت. بــۆ نموونــە ســاڵانی ١٩٣٠ و ١٩٦٠، ناپاکــی کــردن بەهــۆی ئایدیۆلۆژیــاوە بــوو، بــە شــێوەیەکی گشــتیش لــە لایــەن کۆمۆنیســتە پابەندەکانــەوە دەکــرا کــە پشــتیوانیان لــە یەکێتــی ســۆڤیەت دەکــرد، نموونــەی زەقــی ئەمجــۆرە، ئــەو شــانەیە بــوو کــە بــە «کامبریــج فایــڤ» ناسراوبــوو، ئەوانــە کۆمەڵــە کەســێک بــوون، ســاڵی ١٩٣٠، بەیەکــەوە چوونــە زانکــۆی کامبریــج و

لەوێ لە لایەن KGB دەستەمۆکران. هەروەها ئایدۆلۆژیا بۆ زۆرێک لەو زانایانە پاڵنەرێکی بەهێز بوو کە لە «پرۆژەی مانهاتن» بەشدار بوون، پاش ئەوەی لە شەڕی دووەمی جیهانیدا لە پەرەپێدانی بۆمبی ئەتۆمی یارمەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایاندا، دواتر تەواوی نهێنییەکانی ئەو پرۆژەیان لەناو دەستی سۆڤیەت دانا. سەرەنجام ئەوانە زۆربەیان  بەرەو ئەوڕووپا ڕایانکرد، یان خۆیان وەپاڵ سۆڤیەت دا و لە تێکشکاندنی نازییەکان پشکی شێریان هەبوو، یاخود بڕوایان بەوە بوو کە لە پێناو ئاشتی جیهانیدا، نابێ تەنیا ئەمەریکا خاوەنی بۆمبی ئەتۆمی بێت. ڕەنگە هەندێجار ئایدۆلۆژیا بە پێچەوانەی ئاڕاستە بشکێتەوە: کۆلۆنێل ئۆلیگ پێنکۆڤسکی، لە گەرمەی شەڕی سارددا، بە گرنگترین سیخوڕی ڕۆژئاوایی لە یەکێتی سۆڤیەت دادەنرا، چونکە لە سەردەمی حکومڕانی نیکتا خرۆشۆفدا تەواوی زانیارییە نهێنییەکانی وڵاتەکەی لەناو دەستی بەریتانیای مەزن و ئەمەریکا دانا، بەبیانووی پەرۆشی بۆ ئایندەی ڕوسیا.

نائومێدبوون لە کۆمۆنیزم، نەخاسمە پاش دژایەتیکردنی ستالین، لە پەنجا و شەستەکان، تا ڕادەیەک، پارە هۆی بەرزبوونەوەیەکی ڕێژەیی ناپاکی بوو. دووەم پاڵنەری سەرەکی ناپاکیکردن: بە نموونە، ئاڵدریک ئامز، ئەفسەری دژە سیخوڕ لە ئاژانسی هەواڵگری ئەمەریکا، لەبەرانبەر بڕی ٤.٦ ملیۆن دۆلار، ناوی ژمارەیەک لە بەکرێگیراوانی ئەمەریکای لەناو دەستی سۆڤیەتەکان دانا کە سالانی هەشتاکان لە یەکێتی سۆڤیەت کاریان دەکرد، بەڵام بە لای ڕۆبەرت هانس، کارمەندی نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی، ئەم جۆرە ناپاکییە زۆر ترسناکە، چونکە بە لانی کەم مووچەکەی ١.٤ ملیۆن دۆلار بوو، بۆیە بەرمەبنای ئەوە، هانس پێیوایە پارە تاکە پاڵنەر نییە؛ لێکۆڵەرانی ئەم کەیسەیان لە ئەستۆگرتبوو، پەیان بە تۆڕێکی پڕ لە ئاڵۆزی و دژ بەیەکی کەسی لە

کەیسەکەدا برد، وەک سەرچڵی کردن و مەیلی سێکسی و داڕووخان، ئەمانە هەمووی بەسەریەکەوە دەبنە هاندەرێکی بەهێزی ناپاکیکردن لە نیشتمان.

لەگەڵ هەموو ئەوەشدا، بە دەگمەن هەست دەکەی، بە تەنیا بەهۆی چاوچنۆکییەوە، کارێکی پڕ لە کێشەی ئاکاری و مەترسی کەسی، وەک ناپاکیکردن لە نیشتمان ئەنجام بدرێ. بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکان، ئەم جۆرە ڕەفتارانە بە کەسانێکی هەڵسوکەوت دیاریکراو پەیوەستن. لە هەمووشیان سەرسوڕهێنەرتر مەیلی دابەشکردنی دڵسۆزیی کەسەکانە، وەک مەیلی چێکردنی پەیوەندی لە دەرەوەی هاوسەرگیری، هەروەها خۆویستی و خودویستیش ڕۆڵی هەیە کە بەزۆری خۆی لە پەیوەندی شێلوی نێوان سەرکار، یان هاوبەشەکان و هەستکردن بە لەبەرچاو نەگرتنی لێهاتوویی و دەستکەوتەکان دەبینێتەوە، ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەردەمی شەڕی سارد تاوتوێی باری هەڵاتوو و ناپاکەکانیان کردووە، تێبینی ئەوەیان داوە، زۆرینەی ناپاکەکان بە لە دەستدان، یان پەیوەندی پڕ لە کێشەی نێوان باوانیان ناڵاندوویانە. بە پێی لێکۆڵینەوەکان، ئەوانە هەستی لە دەستدان بۆ کارکردن و خزمەتکردنی دوژمنەکان بەتاڵ دەکەنەوە[٣٦].

هەموو ئەو لێکۆڵینەوانە دەبنە یارمەتیدەرمان بۆ تێگەیشتن کە بۆچی ئەشرەف مەروان، بڕیاریدا خزمەتگوزارییەکانی پێشکەشی هەواڵگری ئیسرائیل بکات. بە شێوەیەکی تایبەتی، لەم کارەیدا، دوو هۆکار زەق دەبێتەوە: یەکەمیان پارەیە، چونکە مەروان پەرۆشی گەیشتن بە ژیانێکی خۆشگوزەران بوو. ئەو ماوەیەی لە لەندەن ژیا، بۆی دەرکەوت پێویستە شتێک بکات، بەهۆی بوونی بە بەشێک لە خێزانی سەرۆک، دەرفەت بۆی ڕەخسابوو، ئاشنایەتی لەگەڵ بازنەیەکی فرەوان لە خەڵکانی دەوڵەمەند

لـە مـسر و دەرەوەیـدا بـکات، بـەڵام دەرفەتـی پێـش دەوڵەمەندبوونـی کەمیکردبـوو، بەهـۆی ئـەو «ئتیکـە سـپارتانەی» سکگووشـینەی ناسر بەسـەر خێزاکەیـدا سـەپاندبووی. ئەگـەر مـەروان بیـری بکردبایەتـەوە لـە میانـەی هـاوڕێ نوێکانییـەوە پێـچ بەسـەر ئـەو ئاریشـەیە بکاتـەوە، بـەڵام بەهـۆی پێکدادانەکـەی لەگـەڵ ناسر، لەسـەرینی ئـەو یارمەتییەی لە ئەلسـوباحەکانی وەرگـرت، بیرکردنەوەکەیەکـی تراویلکەبـوو. بۆیە تێگەیشـت، ئەگـەر بخوازێ خەونەکانـی بەدیبهێنێـت، پێویسـتی بـە سـەرچاوەی داهاتێکـە، تەنانـەت هەواڵگـری ناسریـش نەتوانـێ ئاشـکرای بـکات.

دووەم پاڵنـەر، لـە خۆیابوونـە، ڕەنگـە ئەمەش باشـترین شـیکردنەوە بێت کـە بۆچـی لـەو هەمـوو ئاژانسـە هەواڵگریانـەی دیکـە، مـەروان مۆسـادی هەڵبـژارد. هەرچەنـدە، ئـەو لاوە قـۆز و زیـرەک و ویسـتخوازە لـە میانـەی هاوسـەرگیریکردن لەگـەڵ کچـی سـەرۆک، لـە چوونـە نـاو بازنەی دەسـەڵات لـە مـسر، بـە شـێوەیەک سـەرکەوتوو بـوو، لـە سـەرووی خەونـی هـەر لاوێکـی دیکـەی مـسری هاوتەمەنـی خۆیبـوو، بـەڵام ویسـتەکانی مـەروان لـەوە گەورەتـر بـوو، متمانـە بەخۆکردنـە بـێ سـنوورەکەی، وای لێکردبـوو پەرۆشـی هێـز و هەژمـوون بێـت و بـە شایەسـتەی خـۆی بزانـێ، بـەڵام نەک لـە وەرگرتنـی ئەوانـە لـە دەوروبەرەکـەی شکسـتخواردوو بـوو، بەڵکـوو ئـەوەی لـە خەزوورییـەوە وەریگـرت، تـەواو پێچەوانـەوە بـوو. مووچـەی مـەروان بـەراورد بەوانـەی دەوروبـەری کـە هاوسـەرگیریان لەگـەڵ کچـی سـەرۆکیش نەکردبـوو، زۆر کەمبـوو، بەحـاڵ هەسـت بـە پێگـەی دەکـرا. خۆشـی هەسـتی بـەوە کردبـوو کـە جێـی گومانـە و کەمتریـن جووڵەکانـی لەژێـر چاودێریدایـە، بـۆ هـەر کوێیـەک بچووبـا، بـە دوای بوون و لـە چاویان ون نەدەبـوو. هەروەهـا لـەوەش تێگەیشـتبوو کـە نـاسر متمانـەی زۆری بـە ئـەو و هاوسەرگیرکەشـی لەگـەڵ مونـا نییـە، گوشـارەکانی سـەرۆک لەسـەر کچەکـەی بـۆ وەرگرتنـی تـەڵاق لـە مـەروان، گوزارشـتێکی ڕاشـکاوانەی ئـەوە

بـوو، ئەمـەش وایکـرد بـە شـێوەیەک بیـر بکاتـەوە کـە ڕەنگـە ڕۆژێـک لـە ڕۆژان لــە خێزانەکــە دەربکرێــت، بۆیــە بــە لای مەروانــەوە، ئــەم گەفــە هەمیشــەییە، مایــەی نیگەرانــی بــوو، هەروەهــا هیــچ هۆکارێکیشــی نــە دەبینـی کـە بـەم زووانـە شـتەکان ڕاسـتەڕێ بـن. بۆیـە بەهـۆی پێکدادانـە دراماتیکـە لـە خۆیابوونـە پەرەسـەندووەکەی لەگـەڵ ئـەو بـێ متمانەیـە، پێویسـتی وەرگرتنـی نرخەکـەی لـە جیهانـی دەوروبـەری لـە کـن گەلاڵـە ببــوو، واتــە ئــەو جیهانــەی کــە ڕێگــری بــەردەم ویســتەکانی بــوو، دەبــێ بەشـێوەیەک پشـانیان بـدات کـە تێبگـەن ئـەشرەف مـەروان کێیـە؟

یەکێـک لـە ڕێگـە هـەرە باشـەکانی ئـەم پشـاندانە، بەخشـینی دڵسـۆزی بــوو بــە گەورەتریــن دوژمنــی نــاسر، بــە شــێوەیەک کــە پێشــتر کــەس وای نەکردبێـت، بـۆ دوژمنێـک کـە سـێ سـاڵ پێشـتر، گەورەتریـن سەرشـۆڕی بەسـەر مـسر و شـەرمەزاریی بەسـەر سـەرۆکەکەیدا هێنابـوو. ئاخـۆ مـەروان پـێ ئاگاداربـوو، یـان نـا، بـەڵام ناپاکیکـردن لـە نـاسر، باشـترین چارەسـەری بـە کێشـە دارایـی و دەروونیەکانـی مـەروان پێشکەشـکرد.

دۆزی مــەروان لــە تەنیــا تۆڵەســەندنەوەیەک لــە نــاسر زیاتربــوو، خودویســتەکەی لــە میانــەی نەخشــە بــێ پایانەکانــی شــکۆ، هێــز، کاریگــەری و ســووربوون لەســەر ئــەوەی خەڵکــی دی، دوای ڕاوێژەکانــی بکـەون، جۆرێـک لـە گوزارشـتکردن لـە خۆبـوو. لەوەشـدا زۆر لـە کۆڵۆنێـڵ ئۆلیـگ بینکۆفسـکی، ئەفسـەری هەواڵگـری سـەربازی سـۆڤیەت دەچـوو. بینکۆڤسـکی لـەو باوەڕەدابـوو کـە سیاسـەتەکانی خرۆشـۆف تـەواوی گـەل دەخاتـە مەترسـییەوە، ئەویـش خـۆی بـە کەسـێک دەبینـی کـە دەکارێ وڵات ڕزگار بــکات. لــەم ســۆنگەیەوە، ڕەفتــار و شــێوازی بیرکردنەوەکــەی ئــەوە دەخەنــەڕوو کــە ئــەو پیــاوە لــەو بــاوەڕەدا بــوو، دەتوانــێ ڕەوتــی مێــژوو بگـۆڕی. مەروانیـش هەمـان حـەزی نیشـانداوە، بۆیـە کارمەندانـی مۆسـاد،

ئـەم خەسـڵەتەیان لـە مـەروان بەدیکـرد و بـە زڤـی زامیـری سـەرۆکی مۆسـادیان ناسـاند کـە بەشـێکی لـەو بـاوەڕە سـەرچاوەی گرتبـوو، ئـەم لاوە پێویسـتی بەوەیـە، بزانێـت تەنیـا ئیسرائیلییـەکان نرخـی ڕاسـتەقینەی ئـەو دەزانــن.

ئەگـەر بەشـێوەیەکی ئاسـایی لـە تێگەیشـتن لـە ئایدیۆلۆژیـا بڕوانیـن، دەبینیــن لــە فاکتەرێــک کەمــترە. ئــەشرەف مــەروان لــە خۆشەویســتانی زایۆنیـزم نەبـوو، بـەڵام دەکـرێ بـە جۆرێـک لـە خەیـاڵ پـڵاو نـاوی بەریـن. ئــەو تێڕوانینــە گشــتیانەی بــەرەو ئــەوە پەلکێشــیانکرد کــە پێویســتە لای ئیسرائیـل بگرێـت، ڕەنگـە سـەرکەوتنە مەزنەکـەی ئیسرائیـل لـە شـەڕی شـەش ڕۆژە لـە مێشـکیدا جینگڵـی خواردبێتـەوە، چونکـە ئـەو لـەو کەسـانە نەبـوو بـە ئاسـانی شـەرمەزاری وڵاتەکـەی بەسـەریدا گـوزەر بـکات، ئـەو هەسـتکردنەی سـەرتاپای مـسری تەنیبـوو، هەروەهـا کاریگـەری قووڵـی لەسـەر کەسـە نزیکەکانـی نـاسر جێهێشـتبوو، بەڵام بـە گۆڕینەوەی دڵسـۆزی ناوخۆیـی و خۆدانـە پـاڵ لایەنـی بـراوە، کارا دەریچـەی دەربازبـوون لـە ئـازاری شکسـت بدۆزێتـەوە. ئـەو ئیسرائیلیانـەی قسـەیان لەگەڵیـدا کردبـوو، بۆیـان دەرکەوتبـوو، مـەروان پێویسـتی بـە سـۆزپێدانێکی قـووڵ لـە لایـەن هـەر لایەنێکـی باڵادەسـتی ناکۆکـی عـەرەب ئیسرائیـل هەیـە، وەک دەبینیـن، ئەنجامـی شـەڕی یـۆم کیپـوور، بەتایبەتـی پـاش سـاڕێژبوونی برینـی شـانازی مـسری، کاریگـەری پێچەوانـەی لەسـەر مـەروان هەبـووە، چونکـە کاریگـەری لـە پاڵنـەری کارکـردن لەگـەڵ مۆسـاد کـرد.

هەروەهـا دەشـێ شـەڕی شـەش ڕۆژە، کاریگـەری دیکەشـی هەبـوو بێـت. یەکێـک لـە دەسـتکەوتەکانی نـاسر پێـش سـاڵی ١٩٦٧، بڵاوکردنـەوەی ئـەو قەناعەتـە بـوو لەنـاو عەرەبـان بـە گشـتی و مسرییـەکان بەتایبەتـی کـە دەکـرێ لەژێـر سـەرکردایەتی ئـەودا، عـەرەب بـۆ ناوەنـدی مێـژووی جیهانـی

بگەڕێتـەوە، پـاش ئـەوەی بـۆ مـاوەی چەندیـن سـەدە لـە لایـەن هێـزە ئەوڕووپییەکانـەوە پەراوێـز خرابـوو. بەرمەبنـای ئەوەیـە گشـت نەوەکـە لـە کەشـوهەوای جۆشـداری ڕەنگڕێـژ بـە دروشـمەکانی نـاسر پێگەیشـتن: «بـرا سـەرت بەرزبکـەوە، سـەردەمی زەبوونکـردن بەسـەرچوو»، بـەڵام بای شـەڕی شـەش ڕۆژە بـە پێچەوانـەی ڕەوتـی کەشـتییەکەی نـاسر هەڵیکـرد و لـە بـە مۆدێرنکردنـی مـسر شکسـتخواردوو بـوو کـە بـە دیاریکـراوی پێویسـتبوو مـسر لـەو سەرشـۆڕییە دووربخاتـەوە. دوای شـەڕ، نائومێـدی نەتەوەیـی بـە دوو ئاڕاسـتە ڕێچکـەی گـرت: ئیسـلامەوی کـە ڕەنگدانـەوەی گـەڕان بـوو بـە دوای سـەرچاوەی ئیـمان، ئاڕاسـتەی دووەمیـش جۆرێـک لـە نەهیلیـزم و دەسـتبەردان بـوو لـە ئیـمان و لـە هـەر ئایدۆلۆژیایەکـی نەتەوەیـی، ئایینـی و کۆمەڵایەتـی. لەبـری ئـەوە وێڵبـوون بـە دوای سـامان، وەک کلیلـی بـە دەسـتهێنانی دەسـتکەوتە خودییەکانـی دوور لـە چارەنووسـی بـە کۆمـەڵ جێگـەی گرتـەوە. بۆیـە ڕەنگـە ئەمـە بـوو بێتـە پاڵنـەری مـەروان بـە گرتنەبـەری ئاڕاسـتەی دووەم.

لـە کۆتاییـدا، نابـێ ئەوەمـان لـە بیـر بچێـت، مـەروان کەسـێکی ئاسـایی نەبـوو. یەکێـک لـە ئەفسـەرەکانی مۆسـاد کـە لـە نزیکـەوە ئـاگاداری حاڵەتەکـەی بـوو، بـە حاڵەتێکـی «زۆر ئاڵـۆز» وەسـفی دەکات کـە «ئاڵۆزییەکـەی ورد» بـوو، بـەوەی ڕەفتارەکانـی پێویسـتیان بـە جۆرێـک لـە هانـدان هەبـوو. ئەمـەش چ لـە ئاسـتی جەسـتەیی، یـان سـۆزداری کـە مـرۆڤ بـەرەو مەترسـی دەبـات. لەوەهـا حاڵەتـدا، هەنـدێ کـەس حـەز بـە هەڵگـەڕان بـە چیـا و خـۆ هەڵـدان بـە پەرەشـووت دەکـەن، بـەڵام مـەروان حـەزی بـە وەرزشـکردن نەبـوو، بۆیـە خـووی دایـە قومارکـردن. هەروەهـا سـەودا بزنسـە ناپەسـندەکانی و هەندێجاریـش سـەرچڵیکردنی دیـداری کارمەندانـی ئیسرائیلـی. لەگـەڵ ئەوەشـدا دەبـێ ڕاسـتگۆ بیـن کـە بەهـۆی منـە هەڵقووڵاوەکـەی و پەیوەندییـە شـڵەژاوەکانی لەگـەڵ نـاسر، هەروەهـا

پێویستی پارە، ناپاکی هەستی سەرچڵیکردنی بە مەروان بەخشی کە دەروونە شڵەژاوەکەی پێویستی پێ بوو. ئەمانە هەمووی بەسەریەکەوە، لە هاوینی ١٩٧٠ مەروانیان بەو بڕیارە گەیاند کە پەیوەندی بە باڵیۆزخانەی ئیسرائیل لە لەندەن بکات.

# پاژی دووەم

## لەندەن، ١٩٧٠: پەیوەندیکردن[1]

ئـەشرەف مـەروان، لـە ڕێگـەی کابینـە سـوورەکانی تەلەفـۆن کـە لـە لەنـدەن بەناوبانگـن، ڕێچکـەی خـۆی بـەرەو مۆسـادی ئیسرائیـل دەسـت پێکـردووە. سـەردانەکەی بـۆ لەنـدەن پەیوەنـدی بـە خوێندنەکەیـەوە هەبـوو کـە بـە پێـی ڕێککەوتنـی نێـوان نـاسر و باوکییـەوە، ڕێگـە پێدراوبـوو. هەرچەنـدە دواتـر خەڵکانێـک وایـان مەزەنـدە کـرد کـە ڕۆژێـک لـە پـڕ خـۆی بـە باڵیۆزخانـەی ئیسرائیـل کـردووە و داوای کـردووە، قسـە لەگـەڵ ئەفسـەری هەواڵگریـدا بـکات، بـەڵام ئـەوە لـە ڕاسـتییەوە دوورە. تەنانـەت، ڕەنگـە هەندێجـار لـە مامەمەڵەکـردن لەگـەڵ ئیسرائیلییەکانیشـدا دوو دڵ بـوو بێـت، بـەڵام یەکـەم پەیوەندیکردنـی بڕێکـی زۆر لـە پەرەسـەندنەکان لەخـۆ دەگـرێ.

پەیداکردنـی ئەدرێـس و تەلەفۆنـی باڵیۆزخانـە، شـیانێکی ئاسـت بـەرزی هەواڵگـری نـە دەویسـت، لەبەرئـەوەی لـە نـاو تیانووسـی ڕێنوێنـی تەلەفۆنەکانـدا هەبـوو. کاتێـک کارمەنـدی بگـۆڕ وەڵامـی داوەتـەوە، مـەڕوان داوای کـردووە و گوتویەتـی، دەیـەوێ قسـە لەگـەڵ کەسـێکی دەزگای هەواڵگـری بـکات، ئـەم جـۆرە داوایـەش بـۆ ئـەو، داوایەکـی ئاسابیبوو، چونکـە لـە دنیـای مەروانـدا، ئـەو کەسـەی لەگـەڵ هەواڵگـری بێـت، لـە چـاو دەوروبەرەکەیـەوە کەسـێکی بـە دەسـەڵاتە.

ڕەنگە کارمەنـدی بگۆڕەکـە لـە دنیـای مـەروان نەگەیشـت بێـت، بـەڵام لـە پرۆتۆکۆڵـی کارەکەیـدا لێـزان بـوو، چونکە یەکەمجـاری نەبـوو، پەیوەندی تەلەفۆنـی لـە کەسـانێک وەربگرێـت کـە بـە عەرەبـی دەپەیڤـێ و داوای لـێ دەکات، لەگـەڵ ئەفسـەرێکی هەواڵگـری، یـان بەرپرسـێکی بەرگـری باڵیۆزخانـە قسـە بـکات. ڕێوشـوێنەکانی ئـەو جـۆرە پەیوەندیانـە، ڕوون و ئاشـکران کـە کارمەنـدی بگۆڕەکـە لەسـەریەتی، ئـەو جـۆرە پەیوەندییـە، بـۆ نووسـینگەی پاشـکۆی هێزەکانـی بەرگـری لـە باڵیۆزخانـە بگوازێتـەوە.

کارمەنــدی پاشــکۆی ســەربازی دەســکە تەلەفۆنەکــەی هەڵگــرت و بەڕێـزەوە وەڵامـی دایـەوە، ئـەشرەف مـەروان خـۆی پـێ ناسـاند و داوای کـرد کـە دەیـەوێ قسـە لەگـەڵ ئەفسـەری هەواڵگـری باڵیۆزخانـە بـکات. وەک کارمەندەکــەی بگۆڕەکــە، کارمەنــدی پاشــکۆی ســەربازیش بــە پێـی پرۆتۆکـۆڵ جووڵایـەوە، ناوەکـەش بـۆ ئـەو هیـچ مانایەکـی نەبـوو، هـاوکات زاواکـەی ناسریـش نەچـووە نـاو وردەکارییەکانـەوە، لـە بەرانبـەردا کارمەندەکــەی پاشــکۆی ســەربازی، پێــی ڕاگەیانــد ناتوانــێ ڕاســتەوخۆ پەیوەندییەکـەی بـۆ ئەفسـەری هەواڵگـری بگوازێتـەوە، بـەڵام پێشـنیازی بـۆ مـەروان کـرد کـە مەسـێجێک جێبهێڵـێ و بەڵێنـی پێـدا بیگەیەنێتـە دەسـت کەسـانی پەیوەندیـدار بــە بابەتەکــەوە. مــەروان جارێکــی دی ناوەکــەی خـۆی دووبـارە کـردەوە و درێـژەی دایـێ کـە دەیـەوێ خزمەتگوزارییـەک پێشکەشـی هەواڵگـری ئیسرائیـل بـکات. کارمەندەکـەی پاشـکۆی سـەربازی داوای لێکــرد، جارێکــی دی ناوەکــەی بــە پیــت بــۆ بڵێتــەوە. مــەروان ڕەتیکـردەوە ژمـارە تەلەفۆنـی خـۆی جێبهێڵـێ، بۆیـە کارمەندەکەی پاشـکۆی سـەربازی داوای لێکـرد کـە دووبـارە تەلەفـۆن بکاتـەوە، بەمشـێوەیە یەکـەم پەیوەندیکردنــی کۆتایهــات.

کارمەندەکــەی پاشــکۆی ســەربازی، ئــەو پارچــە کاغــەزەی نــاوی

مەروانی لەسەر نووسیبوو، لەگەڵ وردەکاری دی خستییە ناو سەبەتەی پێپەڕەکانی سەرمێزەکەی و لەوێ مایەوە، چونکە ئەوکاتە ئەفسەری پاشکۆی سەربازی لە لەندەن، نێوانی لەگەڵ نوێنەرە لۆکاڵەکانی مۆساد باش نەبوو.

نزیکەی پێنج مانگ دوای یەکەم پەیوەندیکردن، لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٠، مەروان گەڕایەوە لەندەن و بڕیاریدا جارێکی دی هەوڵ بداتەوە. لە نێوان یەکەم هەوڵ و دووەمیدا، پەرەسەندنی گەورە ڕوویاندابوو: خەزوورەکەی کە لە دوای سەلاحەدین، گەورەترین سەرکردەی عەرەب بوو، بە جەڵتەی دڵ مردبوو، مردنی ناسر، باندۆرێکی گەورەی بەسەر ڕەوتی مێژووی میسر، جیهانی عەرەبی و ناکۆکی نێوان عەرەب و ئیسرائیل هەبوو، هەمدیس گۆڕانکاریشی لە ژیانی مەروان کردبوو، بەڵام ئەوەی گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتبوو، مکوڕبوونی مەروان بوو کە کار بۆ مۆساد بکات.

دووبارە مەروان پەیوەندی بە باڵیۆزخانەوە کرد و جارێکی دیکە، پەیوەندییەکەی بۆ پاشکۆی سەربازی گوێزرایەوە، بەڵام کەسێکی دیکە لەوێ بوو، بە ناوی جەنەڕاڵ شاموئێل ئیال کە فەرماندەیەکی گەورە بوو، لە ژیانی سەربازیدا چەندان پۆستی لە سوپای ئیسرائیل بەڕێوەبردووە، یەکێک لەو پۆستانە بەڕێوەبەری لقی سەرچاوە مرۆییەکان بوو. بە پێی فەرمانێکی نوێ لەسەر بنەمای ئەوەی باڵیۆزخانەکانی ئیسرائیل لە ئەوروپا بە ئامانج دەگیرێن، تازە بۆ لەندەن گوێزرابووەوە. دووبارە مەروان داوای کرد کە دەیەوێ قسە لەگەڵ ئەفسەری هەواڵگری بکات، تەنیا ئەمجارەش ژمارەیەکی جێهێشت کە بەهۆیەوە دەتوانرێ پێی بگەن. هەرچەندە ئیال بۆی شیکردەوە کە پێویستە خۆی بێتە باڵیۆزخانە، هاوکات مەروانیش بۆی ڕوونکردەوە کە ئەو کەسایەتییەکی

دیـار و نـاسراوە و ناتوانـێ ئـەوە بـکات، بـەڵام ئیـال لەسـەر قسـەی خـۆی مکوڕبـوو، چونکـە ئەویـش وەک ئەفسـەری پێـش خـۆی، نێوانـی لەگـەڵ ئەفسـەرە لۆکاڵەکانـی مۆسـاد بـاش نەبـوو، بۆیـە لـە گەیاندنی مەسـێجەکەی مـەروان سـەرکەوتوو نەبـوو.

سـەختە، مەزەنـدە بکەیـن، مێـژوو چـۆن وەرگـەڕا، ئەگـەر لـە دواجـاردا قـەدەری تـێ نەکەوتبـا. لە ناوەڕاسـتی کانوونـی یەکەم، دوو گەورە بەرپرسـی موسـاد، بـە ئەرکـی جـوداوە، نەگەیشـتبانە لەنـدەن کـە یەکێکیـان ڕەهاڤیـا ڤـاردی، سـەرۆکی تزۆمێتـی باڵـی هەواڵگـری مرۆیـی (Humint)ی تەمـەن چـل وحـەوت سـاڵەی کەچـەڵ بـوو. ڤـاردی کەسـێکی پرۆفیشـناڵی تـەرز یـەک بـوو، بـەوە ناسرابـوو کـە شـارەزاییەکی فراوانـی هەیـە، چونکـە بـەر لـە دامەزراندنـی دەوڵەتـی ئیسرائیـل لـە ١٩٤٧ لـە هەواڵگـری کاری کردبـوو، هەروەهـا لـە ڕیزەکانـی هێزەکانـی هاگانـا بـەر لـە دامەزراندنـی دەوڵـەت سـەروکاری لەگـەڵ بەکرێگیراوانـی عـەرەب لـە دەڤـەری شـارۆن هەبـوو، دوای دامەزراندنـی دەوڵـەت لـە هەواڵگـری سـەربازی دەسـتی بەکارکـرد. لـە ١٩٥٠ فەرماندەیـی لقـی هیومنـت و دواتـر بەرپرسـیارێتی کۆکردنـەوەی گشـت ئۆپەراسـیۆنەکانی هەواڵگـری، لـە هەواڵگـری سـەربازی وەرگـرت، لـەوێ فێـری چاودێریکردنـی تەکنۆلۆژیـای سـگنت (Sigint)یـش بـوو. لـە ١٩٦٣ مـی (MI) بـە سـەرۆکی مۆسـاد هاتـە دامەزرانـدن و ڤادیشـی لەگـەڵ خـۆی بـرد، بۆئـەوەی ئۆپەراسـیۆنەکانی هیومنـت بەڕێوەببـات. هەروەهـا بەرپرسـیارێتی پـڕۆژە تایبەتییەکانیشـی وەرگـرت، لـە هەمـوو پـڕۆژەکان بەناوبانگـتر، هەڵاتنـی فڕۆکەوانـە عێراقییەکـە بـوو کـە لـە سـاڵی ١٩٦٦ بـە فڕۆکـە پێشـکەوتووەکەی سـۆڤیەت لـە ئیسرائیـل نیشـتەوە.

ڤـاردی لـە لەنـدەن لەگـەڵ شـاموئێل گۆریـن، بەڕێوەبـەری ئۆپەراسـیۆنی مۆسـاد دەسـوڕایەوە کـە لـە شـەڕی سـەربەخۆیی لـە ١٩٤٨ لەژێـر

فەرماندەیی مۆشێ دایان دوو جار بریندار ببوو، دوای شەڕ پەیوەندی بە (مى) دەکات بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی بەکرێگیراوان وەردەگرێ. دوای زنجیرەک پۆست کە پەیوەندی پتەویان بە مۆسادەوە هەبوو، ساڵی ١٩٦٨ بە جێگری پاشکۆی سەربازی لە واشنتۆن دادەمەزرێ. زڤی زامیر، پێش ئەوەی پۆستی سەرۆکی مۆساد وەربگرێ، داوای لێدەکات، پەیوەندی بە ڕێکخراوەکەیەوە بکات، بەڵام گۆرین داواکەی ڕەتدەکاتەوە. ساڵێک دواتر، زامیر پێشنیاری پۆشتێکی گرنگی بۆ دەکات کە سەرۆکی لقی موساد بوو لە ئەوڕووپا، بە کردەنی مەبەست ئەوڕووپای ڕۆژئاوا بوو. هەر یەک لە ئیسحاق ڕابین، باڵیۆزی ئیسرائیل لە واشنتۆن و ئەهارون باریڤ، سەرۆکی هەواڵگری سەربازی ڕەزامەندبوون، گۆرینیش پۆستەکەی قبوڵکرد. لە کۆتایی ١٩٧٠، شارەزاییەکی گرنگی لەگەڵ ئاژانسەکە بەدەستهێنا.

دوای ئەوەی گەیشتنە لەندەن، هەردوو ئەفسەرەکەی مۆساد، لەگەڵ ئیال و سەرۆکی وێستگەی لۆکاڵی مۆساد کۆبوونەوە و هەر چواریان ڕێککەوتن بەرەو فڕۆکەخانەی هیترۆ بڕۆن کە سەرۆک (مى) لە ڕێگەی چوون بەرەو ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو. لەناو ئۆتۆمبیلدا، ئاماژەی بەو هاوڕێ عەرەبە کرد کە چەند ڕۆژێک بەری بە مەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پەیوەندی کردووە، بەڵام ڕازی نەبوو خۆی بێتە باڵیۆزخانە، کاتێک لە ناوەکەیان پرسی، ئیال گوتی، خۆی بە ئەشرەف مەروان ناساند.

ڤاردی، گۆرین و سەرۆکی وێستگە، سەیری یەکدیان کرد، چونکە ئەو ناوەیان باش ناس دەکرد.

بۆ ماوەیەک مەروان لە ژێر چاودێریکردنی مۆساد بوو. وێستگەی لەندەن، بەردەوام بەدوای پەیداکردنی سەرچاوەی نوێی عەرەبی بوو.

هـەر لـەو سـاتەی بـۆ یەکەمجـار گەیشـتە لەنـدەن، پارێـزگاری لـە ئیزبـارەی زاواکـەی نـاسر کـرد. تەنانـەت ئەگـەر تـەواوی وردەکارییەکانیـان نـە دەزانـی، بـەڵام دەیانزانـی کـە شـەیدای پارەیـە و بـە تۆبـزی گەڕێندراوەتەوە مـسر. بـە واتایەکـی دی، دەیانزانـی پـارە، هۆکارێکـی سـەرەکییە، بۆئـەوەی مـەروان نهێنـی وڵاتەکـەی بفرۆشـێت. مـەروان بەهـۆی نزیکایەتـی لـە نـاسر و دەسـت گەیشـتنی بـە تـەواوی ئـەو بابەتانـەی بـە نووسـینگەکەی تێدەپـەڕن، وای کـرد سـەرچاوەیەکی زێـدە بـە نـرخ بێـت، بـەڵام تـا ئـەو سـاتیش بڕوایـان نەبـوو کـە تەنیـا بەهـۆی ئـەو هۆکارانـە، مـەروان کار لەگـەڵ مۆسـاد بـکات، بـەڵام ئـەوەی ئیـال بـە شـێوەیەکی نیمچـە ڕاگـوزەر گوتـی، تـەواوی وێنەکـەی گـۆڕی.

یەکڕاسـت مەسـێجەکەی مـەروان ئاڕاسـتەی بـارەگای سـەرەکی مۆسـاد لـە تەلئەڤیـڤ کـرا، بـەڵام گۆریـن، وەک بەڕێوەبـەری چالاکییەکانـی مۆسـاد لـە ئەورووپـای ڕۆژئـاوا، تـەواوی تواناکانـی خـۆی خسـتەگەڕ و چاوەڕێـی لێکۆڵینـەوەی شرۆڤەکارانـی نیشـتمانی نەکـرد، تـا لـە هەمـوو گۆشـەیەکەوە بارودۆخەکـە تاقیبکەنـەوە، دواجـار دیـداری بەکرێگیـراوە چاوەڕوانکراوەکـەی پەسـند کـرد. ئـەوەی کارەکـەی ئاسـان کردبـوو، ئـەو و ڤاردی، دوو ئەفسـەری بـاڵای مۆسـاد بـوون و خـاوەن یـەک بڕیـار بـوون. هەروەهـا بەختیـش لەگـەڵ ئیسرائیلـدا بـوو: سـەرۆکی وێسـتگە لـە لەنـدەن مافـی بڕیاردانـی لەسـەر ئـەو جـۆرە کارە نەبـوو، تەنانـەت ئەگـەر مەسـێجی لـە پاشـکۆی سەربازیشـەوە وەرگرتبێـت. بـەڵام هـەر دواخسـتنێک بـە مانـای لـە دەسـتدانی بەدواداچوونـی پەیوەندییەکـەی مـەروان دەهـات.

لەگـەڵ ئەوەشـدا، هێشـتا بڕیـاردان لەبـارەی کارکردنـی مـەروان، ئاسـان نەبـوو، مـەروان لـەو جـۆرە کەسـە بـوو کـە بـە زمانـی کارمەندانـی هەواڵگـری پێـی دەگوتـرێ «پیاسـەکەر، walk-in»، واتـە ڕۆژێـک، کەسـانێک

لـە نـاكاو لـە بـەرەی دوژمـن پەیـدا دەبـن و خزمەتگوزارییەكانـی خـۆی دەخاتـەڕوو. بـە شـێوەیەكی گشـتی، ئاژانسـەكانی هەواڵگـری خـۆ لـەو جـۆرە كەسـانە دووردەخەنـەوە و ڕادەكـەن، بـە زۆریـش لەبـەر ئـەو شـیمانە گەورەیـە كـە لەوانەیـە ئـەوە تەڵـە بێـت. بـۆ نموونـە: سـاڵی ١٩٦٢، ئاژانسـی هەواڵگـری ئەمریـكا (CIA)، دەریخسـت، كاركـردن لەگـەڵ ئـەو جـۆرە خۆبەخشـانە چەنـدە ئاڵـۆزە، كاتێـك ئەفسـەرێكی (KGB) بەنـاوی یـۆری نۆسـێنكۆ، خزمەتگوزارییەكانـی خسـتە بـەردەم(CIA)، دواتـر، پـاش دوو سـاڵ لـە ویلایەتـە یەكگرتـووەكان بایدایـەوە. بـەڵام هـەر زوو جێیمـس جـس ئەنگڵتـۆن. سـەرۆكی ئاژانسـی دژە سـیخوڕی دركـی بـەوە كـرد كـە(KGB) بـە مەبەسـتی هێوركردنـەوەی ئـەو گومانانـەی لەسـەر لـی هاربـی ئۆسـواڵد هەبـوو نۆسـێنكۆی نـاردووە كـە بـۆ تیرۆركردنـی سـەرۆك كەنـەدی لـە لایـەن سـۆڤیەتییەكان مەشـقدراوە و نێـردراوە. هەنـدێ كەسـی دیكـەی (CIA) و دامـەزراوەی هەواڵگـری ئەمریـكا لـە دەرەوە، تیۆرەكـەی ئیگڵتۆنیـان ڕەتكـردەوە و نۆسـێنكۆیان بـە هەڵاتوویێكـی ڕاسـتەقینە دەبینـی و دەبـێ بـە ڕاسـتگۆیانە مامەڵـە لەگـەڵ زانیارییەكانـی بكرێـت. ئـەم دۆزە بـۆ چەنـد سـاڵێك درێـژەی دایـێ، لـە كۆتایـی ١٩٦٠-ەكانـدا، بـووە هـۆی دابەشـبوونێكی گـەورەی چالاكییەكانـی ئاژانسـەكە لـە یەكێتـی سـۆڤیەتدا[٢].

مۆسـاد هەمـوو شـتێكی لەبـارەی دۆزی نۆسـێنكۆوە دەزانـی، چونكـە، ئەنگڵتـۆن، تەنیـا بەرپرسـی دژە سـیخوڕ نەبـوو، بەڵكـوو لەسەرانسـەری ئاژانسـەكانی هەواڵگـری ئەمریـكادا، پیـاوی هـەرە دیـاری ئیسرائیـل بـوو. مۆسـاد و CIA، هەردووكیـان ئەویـان بە باشـترین دۆسـتی ئیسرائیـل دەبینی، بۆیـە هیـچ گومانـی تێـدا نەبـوو كـە لـە گفتوگۆكانـی نێـوان ئیگڵتـۆن و نوێنەرانـی مۆسـاد لـە واشـنتۆندا، سەرباسـی گفتوگۆكانیـان، تاوتوێكردنـی دۆزی نۆسـێنكۆ بێـت. واتـە دەكـرێ مەزەنـدە بكەیـن گۆرینیـش ئـاگاداری

تـەواوی بابەتەکـە بـووە، هەرچەنـدە ئەوکاتـە هەواڵگـری مـسری، وەک KGB پێشـکەتوو نەبـوو، بۆیـە دەرفەتـی ئـەو پرسـیارە هەبـوو کـە دەبـێ ئەمـە تەڵزگـە دانانـەوە نەبێـت. دوا شـت کـە گۆریـن و ڤـاردی پێویسـتیان پێـی هەبـوو، ئەوەبـوو، ئەگـەر M١٥ی بەریتانـی ئـەو چالاکیانـە ئاشـکرا بـکات کـە لـە ناوەڕاسـتی لەنـدەن ڕوودەدەن، دوای ئـەوەی لـە لایـەن هەواڵگـری مـسرەوە پێیـان ڕادەگەیەنرێـت. تەنانـەت لـەوەش خراپـتر، ئەگـەر هەواڵگـری عەرەبـی، یـان گرووپـە تیرۆرسـتەکانی فەڵەسـتینی هەوڵـی کوشـتنی کارمەندانـی مۆسـاد بـدەن، کاتێـک لـە کۆبوونـەوە لەگـەڵ کەسێک دەردەکـەون کـە بـە ئـەشرەف مـەروان نـاوزەدە، بـەڵام لەبەرانبـەر ئـەو ترسـانە، ئەگەرێـک زەق دەبێتـەوە: لەبەرئـەوەی خـەڵات و دەسـتکەوتە چاوڕوانکـراوەی هەواڵگـری هێنـدە گـەورە و مەزنـە، دەبـێ ئەگەرەکانـی دی وەلا بنرێـن.

گشـت ئـەو پرسـیارانە بـە یـەک بڕیـاری خێـرا چارەسـەرکران، کاتێـک هـەر چواریـان بـەرەو فڕۆکەخانەی هیـترۆ بـە ڕێگەوەبـوون، ئۆتۆمبیلەکەیان ڕاگـرت و سـەرۆکی وێسـتگەی مۆسـاد دابـەزی و گەڕایـەوە باڵیۆزخانـە.

زەنگـی ئـەو تەلەفۆنـە لێیـدا کـە ماوەیەکـی زۆر بەسـەر ئـەو ژمارەیـە تێنەپەڕیبـوو کـە مـەروان جێهێشـتبوو. لـەو پەیوەندییـەدا پێـی ڕاگەیەنـدرا دیدراەکـە بـەو نزیکانـە ئەنجـام دەدرێـت و ژمـارە تەلەفۆنێکـی لەندەنیشـی پێـدرا، تـا هـەر کاتێـک بخوازێـت پەیوەنـدی بـە هەواڵگـری ئیسرائیلـەوە بـکات. هەروەهـا داوای لێکـرا لـە نزیـک تەلەفۆنەکـەی بمێنێتـەوە، تـا لـە پەیوەندییەکـی دیکـەدا وردەکاری زیاتـری پـێ بـدەن. لـەو سـەروبەندەدا، تیمـی مۆسـادیش دەسـتیان بـە ئامادەکارییـەکان کـرد.

کات درەنـگ بـوو، بۆیـە بڕیاریانـدا دیدارەکـە بخەنـە ڕۆژی دواتـر، دیدارەکـە لـە هۆڵـی هوتێلێکـی گـەورە لـە ناوەڕاسـتی لەنـدەن بەڕێوەچـوو،

ئەگەر هەموو شتێک بەو شێوەیە بەڕێوەبچێ کە پلانی بۆ داڕێژرابوو، ئەوە مەروان و ڕێنوێنیکارەکەی بۆ چەند خولەکێکی کەم لە هۆڵەکە بەیەکەوە قسە دەکەن، دواتر سەردەکەونە ئەو ژوورەی کە پێشتر بۆ ئەو مەبەستە لە یەکێک لە نهۆمەکانی سەرەوە گرێدرابوو، تا بە ڕاشکاوی قسە بکەن.

تێبینییەکی گچکە، ئەرکی ئەوانەی گرانتر کرد کە لە پاراستنی ئاسایشی شوێنەکە بەرپرسبوون، بەڵام وێستگەی لەندەن تەواوی ڕێوشوێنە پێویستییەکانی گرتبووەبەر، تاکە شت کە مابوویەوە، ئەوەبوو کێ ئامادەی دیدارەکە بێت. لە گفتوگۆیەکی کورتی نێوان گۆرین و سەرۆکی وێستگە، بڕیار لەسەر دوبی درا (کە تائێستا دوا ناوەکەی بە نهێنی ماوەتەوە) دوبی کەسی دووەمی وێستگەی لەندەن بوو، بۆ ماوەی چەندین ساڵ، لە لەندەن بەرپرسی کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری بوو، لە سییەکانی تەمەنیدابوو، بە بنەچەش ئیسرائیلی بوو، باپیری لە سەرەتای سەدەوە لە ئەوڕووپاوە گەیشتبووە فەڵەستین، هەرچەندە دوبی بە ڕووخسار لە ئەوڕووپیانی دەکرد، بەڵام لە قسەکردنی بە زمانی عەرەبی ڕەوانبوو. ئەمەش شتێکی گرنگبوو، لەبەرئەوەی هیچ یەکێک لەوانەی وێستگەی مۆساد، هیچیان لەبارەی توانای مەروان لە قسەکردن بە زمانی ئینگلیزی نە دەزانی.

دانرابوو، دیدارەکە لە کاتژمێرەکانی ئێوارە بەڕێوەبچێ، کارمەندانی مۆساد بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی ئەوە تەڵە نییە، لە دەرەوەی هوتێلەکە شوێنی خۆیان قایمکردبوو، گۆرین لەسەر قەنەفەیەکی هۆڵەکە دانیشتبوو، خۆی وا نیشاندا کە ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە، بەڵام تیلە چاوێکیشی لەسەر دەروازەی هاتنە ژوورەوە بوو، وێنەیەکی ئەشرەف مەروانیشی لەناو لاپەرەی ڕۆژنامەکە شاردبۆوە، هەرچی دوبی-یە،

خـۆی دابـووە لایـەک، تـا بـە چـاو پەیوەنـدی بـە گۆرینـەوە هەبێـت.

چاوەڕوانییەکەیـان زۆر درێـژەی نەکێشـا، لـە وادەی دیاریکـراو کـە لەگەڵیـدا ڕێککەوتبـوون، مـەروان گەیشـتە نـاو هۆڵەکـە کـە جانتایەکـی ڕەشـی هەڵگرتبـوو. دوبـی بەهـۆی وەسـفەکەی پێیدرابـوو: باڵابـەرز، باریکەلانـە و ڕەشـتاڵە، دەسـتبەجێ ناسـییەوە. گۆرینیـش ناسـییەوە، بـەڵام دەیویسـت تـەواو دڵنیـا بێـت، چاوێکـی لـە وێنەکـە کـرد و سـەیرێکی پیاوەکـەی کـردەوە. وێنەکـە، وێنـەی چـوار سـاڵ پێشـتری ئاهەنگـی زەماوەنـدی ئـەشرەف و مونـا بـوو کـە لـە ڕۆژنامەیەکـی مـسری لێکرابـۆوە. گۆریـن دوودڵبـوو، چاوێکـی دیکـەی لـە وێنە کـردەوە و جارێکی دی سـەیری پیاوەکـەی کـردەوە کـە لـە هۆڵەکـە وەسـتابوو. سـەیرێکی دوبـی کـرد و بـە نەرمـی سـەری لەقانـد. مـەروان شـڵەژاو دیاربـوو، کاتێـک دوبـی بـەرەو لای چـوو و بـە زەردەخەنـەوە دەسـتی بـۆی درێـژ کـرد و بـە عەرەبییەکـی ڕەوان گوتـی: «بەڕێـز مـەروان» خۆشـحاڵم بـە دیـدرات، مـن ئەلێکسـم».

قسـەکردن بـەو عەرەبییـە ڕەوانـە، لاوە مسرییەکـەی حەپەسـاند، هەروەهـا لـەوەش پەشـۆکا، نەبـادا ئـەوە داوی هەواڵگـری مـسری بێـت، بۆیـە بـە ئینگلیـزی وەڵامـی دایـەوە و گوتـی: «ئایـا تـۆ ئیسرائیلـی». دوبـی، بۆئـەوەی هێـوری بکاتـەوە، یەکسـەر کردییـە ئینگلیـزی و دڵنیـای کـردەوە کـە ئیسرائیلییـە. دواتـر چەنـد قسـەیەکی دیکەیـان کـرد و دوبـی پێشـنیاری کـرد کـە بچنـە ژوورەکـەی سـەرەوە، بۆئـەوەی بـە ئـازادی خۆیـان بئاخڤـن. مـەروان سـەری ڕەزامەنـدی لەقانـد، گۆریـن کـە زۆر لێیانـەوە دوور نەبـوو، کاتێـک ئەوانـی بینـی بـەرەو ئەسانسـۆرەکە دەچـن، هەناسـەیەکی قووڵـی هەڵکێشـا. بەمشـێوەیە، سـەرەتا پەیوەنـدی نێوانیـان بـێ کێشـە تـەواو بـوو.

لـە ژوورەکـەی سـەرەوە، مـەروان هەسـتی بـە هێوربوونەوەیەکـی

لـە ڕادەبـەدەر کـرد و کەوتـە گفتوگۆکـردن. پرسـیاری لـە دوبـی کـرد کـە دەزانـێ ئـەو کێیـە؟ دوبـی کەسـێکی ئەزموونديـدە بـوو، بۆيـە ناچـار نەبـوو هەمـوو ئـەو شـتانەی ئاشـکرا بـکات کـە دەيزانـی. مـەروان بـە دوورودرێـژی وەسـفی خـۆی، پۆسـتە فەرمييـەکان، هاوسـەرگيريکردنی لەگـەڵ مونـا، پەيوەنـدی لەگـەڵ عەبدولنـاسر و سـادات و کارکردنـی لـە لقـی زانيـاری لـە نووسـينگەی سـەرۆکايەتی لـە ژێـر دەسـتی سـامی شـەرەف کـرد، دوبـی هەوڵیـدا هەمـوو ئـەو زانياريانـەی لـە بيردانـی خـۆی تۆمـار کـرد.

لەبـارەی ڕۆڵەکـەی لـە کارکردنـدا، مـەروان کەمێـک زێدەڕۆيـی لـە گرنگييەکەيـدا کـرد، بـەڵام بـە لای دوبييـەوە، پرسـياری گرنـگ پۆسـتی مـەروان، يـان پەيوەندييەکانـی بـە جێگـرەوەی نـاسر نەبـوو، بەڵکـوو جـۆر و سرووشـتی ئـەو زانيارييانـە بـوو کـە بـە نووسـينگەکەی تێدەپـەڕن، ئـەو مژارەشـی بـە جوانـی و ڕێـزەوە جووڵانـد. مـەروان بـە لـە خۆباييـەوە گرژييـەوە و ڕوونـی کـردەوە کـە تـەواوی زانياريیـە گرنگەکانـی مـسر، لـە دەسـتی سـامی شـەرەف چـڕ دەبنـەوە، دوبـی داوای ڕوونکردنـەوەی زياتـری لێکـرد: ئايـا زانيارييـەکان سياسـی، سـەربازی، يـان ديپلۆماتيـن و چ پەيوەنديیەکيـان بـە سـۆڤيەتەوە هەيـە؟ مـەروان چاوەڕێـی ئـەو پرسـيارە بـوو، جانتاکـەی کـردەوە و چەنـد پـەڕە کاغەزێکـی درهێنـا کـە بـە دەسـت نووسرابـوون، بـە دوبـی گـوت، ئەوانەتـان وەک پێشـەکی متمانـە پێـدەدەم کـە بـۆ ئيسرائيـل شـتگەلێکی زۆر گرنگـن و بـە دەنگـی بـەرز دەسـتی کـرد بـە خوێندنـەوەی. دوبـی کـە تاڕادەيـەک سـەروکاری لەگـەڵ مەسـەلەی سـەربازيش هەبـوو، درکـی بـە بايەخـی ئـەوە کـرد کـە مـەروان وردەکاری ڕاپۆرتێکـی لەوپـەڕی نهێنيـدا ڕادەسـت دەکات کـە گشـتاندنێکی فەرمانـدەی جەنـگ بـوو بـۆ تـەواوی سـوپای مـسر. دوبـی بـە پەلەپـروزێ دەسـتی بـە نووسـينی وردەکارييەکـە، شـوێن، فەرمانـدەکان و ئـەو چەکانـە کـرد کـە هەيانبـوو، نـاوە نـاوەش دەوەسـتا بۆئـەوەی ڕوونکردنـەوەی ئـەو خـاڵ و

ئـەم خـاڵ لـە مـەروان بپرسـێ. کاتێـک مـەروان لـە خوێندنـەوەی بوویـەوە، ئەفسـەرەکەی مۆسـاد سـەیرێکی ڕاپۆرتەکـەی کـرد و بـۆی دەرکـەوت کـە یاداشـتنامەیەکی چەنـدە سەرسـوڕهێنەرە.

خواسـت و ئامادەیـی مـەروان بـۆ پێشکەشـکردنی زانیاریگەلێکـی هەسـتیار، لەبـارەی توانـای سـەربازی مـسر، تانـی لـە دوبیـدا پرسـیاری دیاریکـراوی زێـتری لـی بـکات کـە چەندیـن ساڵە ئیسرائیـل بـە نیگەرانییەوە لێـی دەڕوانـێ، ئایـا مـسر هەوڵـی پەرەپێدانـی چەکـی قەدەغەکـراوی داوە. لـە سـەرەتای شەسـتەکاندا، ئاژانسـەکە هەڵمەتێکـی جێ مشـتومڕی دەسـت پێکـرد، بـۆ وەسـاندنی چالاکییەکانـی زانایانـی ئەڵمانـی کـە بـۆ پەرەپێدانـی چەکـی بایۆلـۆژی و کیمیـاوی کاریـان لەگـەڵ مـسر دەکـرد. لـە ناوەڕاسـتی شەسـتەکاندا، هێزەکانـی مـسر لـە شـەڕی ناوخـۆی یەمەنـدا، چەکـی کیمیـاوی بەکارهێنـا. ئیسرائیلییـەکان هەرگیـز ژووری گازی ئەڵمانیایـان لـە بیردانـدا ڕەش نـە ببـۆوە، بیرۆکـەی بەکارهێنانـی چەکـی کیمیـاوی دژ بـە خەڵکـی سـڤیل، لـە بابەتـە هـەرە هەسـتیارەکان بـوو و بـە لای مۆسـادەوە لـە کارە لـە پێشـینەکان بـوو. هەروەهـا ئـاگاداری ئـەوەش بـوون کـە مـەروان بڕوانامـەی لـە کیمیـا هەیـە و وەک کەسـێکی کیمیـاوی لەگـەڵ سـوپا کاری کـردووە، بۆیـە خوازیـاری زانینـی هـەر شـتێک لەوبارەبـوون. ئیـدی لـە میانـەی پرسـیارەکان داوای ڕوونکردنـەوەی زێـتری لێکـرد، لەبـارەی ئـەوەی کـە لـە ئەبـو زەعبـەل لـە باکوری ڕۆژهەڵاتـی قاهیـرە دەگوزەرێـت کـە دامـەزراوە کیماوییـە شارسـتانی و سـەربازییەکان بـە تەنیشـت یەکـەوە بـوون.

مـەروان بـە پرسـیارەکە سەراسـیمەبوو، لـەو هـۆکارەش تێنەدەگەیشـت کـە بۆچـی ئیسرائیلییـەکان لـەو بـوارە دیاریکـراوە نیگەرانـن، چونکـە ئـەو هەرگیـز پێشـتر لـە ئەبـو زەعبـەل کاری نەکردبـوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە

توانایـدا هەبـوو زانیـاری گرنـگ و وردیـان پێ بـدات کە چ لـەوێ دەگوزەرێ، دوبـی گشـت شـتەکانی دەنووسـیەوە، کاتێـک تەواو بـوو، مـەروان پاکەتێکی کاغـەزی ڕادەسـتی کـرد کـە دوا بەڵگەنامـەی تێـدا بـوو، دوبـی بێئـەوەی پاکەتەکـە بکاتـەوە، خسـتییە نـاو جانتاکـەی و مەروانیـش سـەری ڕەزامەندی بـۆ لەقانـد، تـا بـە ئەمـڕۆ دەگات، کـەس باسـی ئـەو پاکەتـە نـاکات، یـان کـەس نایـەوێ ئـەوە ئاشـکرا بـکات کـە پاکەتەکـە چـی تێدابـووە.

بـە درێژایـی دیدارەکـە، بـۆ یەکجاریـش مـەروان باسـی لـە کرێـی خـۆی نەکـرد، هەردووکیـان بـە شـێوەیەکی جوامێرانـە، بـۆ کاتێکـی نادیـار وازیـان لــەو پرســە پــڕ سەریەشــە هێنــا، بــەڵام ئاشــکرایە هیــج مسرییــەک وەک خۆبەخـش کار بـۆ مۆسـاد نـاکات، لـە لای خۆیـەوە مـەروان دەیویسـت، بــەر لــە مەســەلەی کــرێ و دەســتهەقەکەی، بایەخــی پشــکدارییەکەی نیشـان بـدات. لـە ڕاسـتیدا دوبـی زۆر ئاقڵانـە جووڵایـەوە، تـا کەشـوهەواکە نەشـێوێنی، ئـەو دووانـە بـە خێرایـی متمانـەی نێوانیـان پەرەپێـدا. دوبی باش لـە کەسـێتی و توخمـی زۆر بـاش و هەسـتی وازیکردنـی مـەروان حاڵیبـوو، مەروانیـش دوبـی بـە گفتوگۆکارێکـی ڕۆشـنبیر و جددی و جێ متمانە ناسـی. ئاشـکرایە پەیوەنـدی بەرایـی نێـوان ڕێنیشـاندەر و بەکرێگیـراو، دەتوانـێ باندۆرێکـی گـەورە لەسـەر توانـای پشـکداری سـەرچاوە بـۆ ماوەیەکـی درێـژ دابنێـت. لـەم گۆشـە نیگایـەوە، دەکـرێ بێژیـن، دیـداری یەکەمـی مۆسـاد لەگـەڵ زاوای سـەرۆکی پێشـووی مـسر، زۆر سـەرکەوتوو بـوو.

لـە کۆتایـی دیدارەکـەدا، دوبـی جارێکـی دی بـۆ مەروانـی پاتـە کـردەوە، ئەگـەر هـەر زانیارییەکـی دروسـتی دەسـتکەوت، لـە ڕێگـەی تەلەفـۆن، یـان پۆسـتە ئـاگاداری بکاتـەوە. مـەروان مەزەنـدەی کـرد لـە چەنـد هەفتـەی داهاتـوودا دەگەڕێتـەوە لەنـدەن و بەڵێنیـدا کـە گەڕایـەوە پەیوەنـدی پێـوە بـکات و داوای لـە دوبـی کـرد، جگـە لـە ئەلێکـس کەسـی دی ئامـادەی

دیدارەکـە نەبێـت، دوبیـش بەڵێنـی پێـدا کـە کەسـی دی ئامـادە نابێـت.

سـەرەتا، مـەروان ژوورەکـەی جێهێشـت و بـە ئەسانسـۆر دابەزییـە نـاو هۆڵەکـە و لـە هوتێـڵ چـووە دەرێ، یەکڕاسـت تاکسـیەکی گـرت و سـوار بـوو، دوبـی چاوێکـی بـە جانتاکەیـدا گێـڕا، بـۆ دڵنیابـوون لـە تـەواوی کەرەسـتەکانی و چەنـد خولەکێـک دواتـر دوای کـەوت، ئەویـش تاکسـییەکی گـرت و ئەدرێسـی شـوێنێکی نزیـک لـە باڵیۆزخانـەی ئیسرائیلـی بـە شـوفێرەکەدا، نـەک ئەدرێسـی دروسـتی باڵیۆزخانـە.

کاتێـک گەیشـتەوە نووسـینگەکەی، شاموئێل گۆریـن لـە چاوەڕوانیدایـە، کاتێـک ڕەهاڤیـا ڤـاردی و سـەرۆکی نووسـینگەی مۆسـادیش هاتـن، ئـەوان پێداچوونەوەیـان بـەو ڕاپۆرتانـە کـرد کـە مـەروان دابوویـە دوبـی، گۆریـن سـەیرێکی بەڵگەنامەکانـی دەسـتی کـرد و گوتـی: «بابەتێکـی ئـاوا، لـە سـەرچاوەیەکی ئەوهـاوە، تەنیـا هـەزار سـاڵ جارێـک ڕوودەدات».

ڕۆژی دواتـر لـە ڕێگـەی ئیمێلی دیپلۆماسـییەوە، ڕاپۆرتەکە بـۆ تەلئەڤیف نێـردرا، ڕاسـتەوخۆ گەیشـتە نووسـینگەی زڤـی زامیـری سـەرۆکی مۆسـاد کـە تێیـدا باسـی چۆنیەتـی پەیوەندیکردنـی مـەروان بـە باڵیۆزخانەکەیـان لـە لەنـدەن کرابـوو کـە ڕێکـەوت ڕۆڵـی هەبـوو لـەوەی مەسـێجەکەی بگاتـە دەسـتی بەرپرسـانی بـاڵای مۆسـاد، کاتێـک لـە ڕێگـەی چـوون بـۆ فڕۆکەخانـەی هیـترۆ بـوون، هەروەهـا باسـی دیـداری نێـوان مـەروان و دوبـی لـە هوتێـڵ و وردەکاری دیـداری نێوانیـان کرابـوو. بەرپرسـانی مۆسـاد لـە لەنـدەن زۆربـەی بەڵگەنامەکانـی مـەروان بـە دوبـی دابـوون و وەرگێردرابوونـە سـەر زمانـی عیـبری، بەهەمـان کـۆدەوە، هاوپێچـی ڕاپۆرتەکـە کرابـوو.

کاتێـک زامیـر لـە خوێندنـەوەی ڕاپۆرتەکـە بـووەوە، وەک بەکرێگیراوێکی ئیسرائیلـی درکـی تـەواوی بـە توانـا شـاراوەکانی مـەروان کـرد. بەڵگەنامـە

ئۆریجناڵەکان بەهاداربوون، لە سەرینی ئەمەوە، داوای گرێدانی کۆبوونەوەیەکی کرد، بۆ هەموو ئەوانەی بەو بابەتەوە پەیوەندداربوون، بە شاموئێل گۆرینیشەوە کە لە برۆکسلەوە ڕاهاتبوو و ڕیهاڤیا ڤاردی کە لەندەنەوە گەڕایەوە.

زامیر خۆی لەوە نیگەران نەکرد کە بێ چاوەڕێ کردنی دەسەڵاتی پەیوەندیکردن، بەرپرسەکان پەیوەندیان بە مەروانەوە کردبوو. کاتێک لە ساڵی ١٩٦٨ هاتە ڕیزی مۆساد، بێ هیچ پاشخانێکی کاری هەواڵگری، ڤاردی وەک مامۆستا ئەوەی لەبارەی کاری سەرچاوەی مرۆییەوە دەیزانی، فێری کرد. ئێستاش دوو ساڵ زێتره، زامیر ئەو پۆستە بەڕێوەدەبات و هەر بەو چاوە لە ڤاردی دەڕوانێ کە کەسێکە، دەکرێ پشتی پێ ببەسترێت، هەمان شت بەرانبەر گۆرینیش دروستە کە زامیر خۆی هەڵیبژاردووە، تا سەرکردایەتی ئۆپەراسیۆنەکان لە ئەوروپای ڕۆژئاوا بکات، زۆر باشی دەناسی و متمانەیەکی تەواوی بە توانا پیشەییەکەی هەبوو کە بە باشترین شێوە دەرفەتە گەورەکان دەقۆزێتەوە. لەوەش زێتر، شاندانە بەر بەرپرسیارێتی و پەرەپێدان، لە پایگە پتەوەکانی پیشەی ئاژانسن. بۆیە لەبارەی وەرگرتنی دەسەڵاتی پەیوەندیکردن بە مەروان، هیچ پرسیارێکی ئاڕاستە نەکرد. بەڵکوو نیگەرانی سەرەکی کۆبوونەوەکە، ئەوەبوو کە دەبێ هەنگاوی داهاتوویان چی بێت. سەرۆکی مۆساد خۆی گفتوگۆکانی بەڕێوەدەبرد.

زڤی زامیر لە ساڵی ١٩٢٥ لە دایکبووە، ساڵی ١٩٦٨ پەیوەندی بە ڕیزی مۆسادەوە کرد، ژیانی لاوێتی خۆی لە سوپا بەسەربردبوو، لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا چووەتە ڕیزی پاڵماچ کە لە پێش دامەزراندنی دەوڵەت، هێزێکی دەستەبژێری کۆمەڵگەی جووان بوو لە فەڵەستین. بە کۆتاییهاتنی ماندێتی بەریتانی بەهۆکاری پەڕینەوەی کۆچبەرانی

نـا یاسـایی جـووان بـۆ فەڵەسـتین بـە سـنووری سـووریاوە، دە مانگـی لـە زیندانـی سـەربازی بەسـەربرد. لـە شـەڕی سـەربەخۆیی سـاڵی ۱۹٤٨دا، لـە تەمەنـی بیسـت و سێ ساڵیدا بـە فەرمانـدەی بەتاڵیۆنـی ٦ی لیـوای هارێـڵ هەڵبژێـردرا کـە ئەرکـی پاراسـتنی ڕێگـە دەشـتیاییەکانی کەنـاراوەکان و ئۆرشـەلیمی گەمـارۆدراو بـوو، دوای شـەڕیش چەندیـن پۆسـتی گرنگـی لـە هێـزە تـازە دامەزراوەکـەی ئیسرائیـل وەرگرتـووە، وەک سـەرۆکی هۆبـەی مەشـق و فەرمانـدەی فەرماندەیـی ناوچـەی باشـوور. سـاڵی ۱۹٦٦ بـە پاشـکۆی سـەربازی لـە بەریتانیـا و وڵاتانـی ئەسـکەندەناڤی دامـەزرا، سـاڵی ۱۹٦٨، لیڤـی ئەشـکۆڵی سـەرۆک وەزیـران، بـە داوا لێکردنـی کـە جێگـەی مائیـر ئامیتـی سـەرۆکی مۆسـاد بگرێتـەوە، سەراسـیمەی کـرد، دامەزراندنەکـەش زادەی ئەوەبـوو، ئەشـکۆڵ زۆر لـە ئامیـت پەسـت ببـوو، هەرچەنـدە بـە فەرمـی لـە ژێـر فەرمانـدەی ڕاستەوخۆی سـەرۆک وەزیـران بـوو، بـەڵام دڵسـۆزییەکی زێدەبـاری بەرانبـەر مۆشـی دایانـی وەزیـری بەرگـری نیشـان دەدا، چونکـە ئامیـت لـە نزیکـەوە لـە هێـزی بەرگـری ئیسرائیـل کاری کردبـوو، ئەشـکۆڵ دەیویسـت سـەرۆکی مۆسـاد ملکەچـی سیاسـەت نەبێـت، بۆیـە زامیـری هێنـا کـە بەکەسێکی سـەربەخۆ و بێلایەنی سیاسـی ناسراوبـوو.

کاتێـک زامیـر لـە مۆسـاد دەسـت بەکاربـوو، بەرپرسـە باڵاکانـی مۆسـاد ترسـیان لـێ نیشـت کـە بـە شـێوەیەکی سـەرەکی بـۆ زەمینەخۆشـکردنی هێنانـی کەسێکی دیکـەی وەک یوسـف یاریـڤ بـۆ هەمـان پۆسـت دانـراوە. لـە سـەرەتای سـاڵی ۱۹٥٧، یاریـڤ فەرمانـدەی یەکـەی ۱٨٨ی هەواڵگـری سـەربازی بـوو کـە ئەرکـی ئەنجامدانـی چالاکـی لـە قووڵایـی ناوچـەی دوژمـن بـوو. لـە ۱۹٦٣، کاتێـک مائیـر ئامیـت بـە سـەرۆکی هەواڵگـری سـەربازی و هـاوکات سـەرۆکی مۆسـاد دامـەزرا، یەکـەی ۱٨٨ خرایـە سـەر مۆسـاد و لەگەڵیـدا باریڤیـش گوێزرایـەوە. کاتێـک لـە سـاڵی ۱۹٦٨ زامیـر

پەیوەنـدی بـە مۆسـادەوە کـرد، یاریـف فەرمانـدەی یەکـەی قەیسـەر و بەرپرسـی تیرۆرکـردن بـوو کـە یەکـەی ١٨٨ و یەکەیەکـی دیکـەی بـە فەرماندەیـی ئیسـحاق ڕابینـی سـەرۆک وەزیرانـی داهاتـووی لـە خـۆ دەگـرت، یاریـف وا لـە خـۆی دەڕوانـی کـە بـۆ تـەواوی سـەرۆکایەتی ئاژانس کاندیـدە، دۆسـتایەتی ئـەو لەگـەڵ شـیم بارلیـف، سـەرۆکی ئـەرکان و ئیـگال ئالـون، جێگـری سـەرۆک وەزیـران، بـەو مانایـە دەهـات کـە دەرفەتێکـی گـەورەی لـە پێشـدایە، بـەڵام بەرپرسـانی دیکـەی گرنـگ لـە مۆسـاد، پێیانوابـوو کـە ئـەو بـۆ ئـەو پۆسـتە گونجـاو نییـە و لـەو باوەڕەدابـوون زامیر لەبەرئـەوە هێـنراوە کـە لیـوا بـوو لـە سـوپا و دۆسـتی بارلیـف و ئالـۆن بـوو، تـا پۆسـتەکە بـۆ یاریـف بخەملێنـێ و ڕێگـەی لەبـەردەم خـۆش بـکات، بۆئـەوەی پاشـدان ببێتـە سـەرۆکی مۆسـاد. هەندێـک لەوانـە، وەک ڕیهاڤـا ڤـاردی، بـە شـێوەیەکی لێبڕاوانـە ئاشـکرای کـرد، ئەگـەر ئـەوە ڕووبـدات، مۆسـاد جێدەهێڵێـت.

زامیـر بـۆ قاودانـی ئـەو گومانـە، بـە خێرایـی وەخۆکـەوت، بـە پێچەوانـەی سـەرۆکی پێـش خـۆی جێگـری بـۆ خـۆی دانەمەزرانـد، ئەمـەش زێـتر بـۆ کەموکـوڕی حسـاباتە سیاسـییەکەی دەگەڕێتـەوە، تـا تێگەیشـتن لـە کارەکەیـدا، ئـەو پێیوابـوو ئەرکـی سـەرەکی جێگر، لـە ئەسـتۆگرتنی ئیدارەیە، ئەگـەر شـتێک بەسـەر سـەرۆکدا هـات. هـەر بـەو دەربڕینـەش وەڵامـی پرسـیاری هەمـوو ئەوانـەی دەدایـەوە کـە سـەرۆکی مۆسـاد لـە هێڵـی پێشـەوە نییـە، لەبەرئـەوەی لـە ژێـر هیـچ هەڕەشـەیەکی تیرۆرکردنـی ڕاسـتەوخۆدا نییـە. بۆیـە جێگـر پێویسـت نییـە، چونکـە ئەگـەر هەیـە کارەکـەی لـێ ئاڵۆزتـر بـکات و لـە نێـوان سـەرۆک و یەکـە کارکردەکانـدا ببێتـە ناوبڕێـک.

زامیـر زۆربـەی کاتەکانـی ساڵی یەکەمـی کارکردنـی بـە لێکۆڵینەوەیەکی

سیستماتیکی ناوچەی ناوەندی چالاکی مۆساد بەسەربرد کە بۆ چەند کاتژمێرێک دۆسیەی هەر بەکرێگیراوێکی مۆسادی دەوردەکردەوە، بەردەوامیش ڕاوێژی بە ڤاردی و سەرۆکی لقەکانی تزۆمێتەوە دەکرد کە بەهۆیەوە فێری چۆنییەتی هەڵسەنگاندنی شتەکان و سەرچاوەکان بوو. هەروەها بە دۆسیەی ئەو بەکرێگیراوەنەشدا چوویەوە کە وازیان لە دەزگاکە هێنابوو، لە زۆر حاڵەتدا کارا قەناعەت بە بەرپرسانی تزۆمێت بهێنێ، دووبارە ئیشیان پێ بکەنەوە، بەمە دەستکەوتی گەورەی بۆ هەواڵگری ئیسرائیل بەدیهێنا. لەم سۆنگەوە، زامیر درکی بە چرووکی پەیوەندی نێوان بەکرێگیراو و ڕێنیشاندەر و توانای ڕێنیشاندەر بۆ ناسین و باوەگۆڕدانەوەی پێداویستییە دەروونییەکانی بەکرێگیراو کرد. بێگومان پارە هاندەرێکی بنەڕەتی زۆربەی ئەو بەکرێگیراوانە بوو کە لەگەڵ مۆساد کاریان دەکرد، بەڵام دووریشە تاکە هاندەر بێت.

دیسان زامیر، لە کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری فەرمانی هەموارکردنەوەی دەرکرد، دەیەویست بۆ یارمەتیدانی ئۆپەراسیۆنە پێویستەکانی هێزی بەرگری ئیسرائیل، دەزگا بە جدیتر کار بکات. کاتێک لە سەرەتای شەستەکان، فەرماندەی ناوچەی باشوور بوو، هەستی بەوە کردبوو کە مۆساد بە هیچ کلۆجێک هاوکاری نەکردووە. ئێستاش کە دەنگی دەهۆڵی شەڕێکی خوێناوی دێت، دەبێت دەزگا بۆ یارمەتیدانی سوپا ئەوپەڕی هەوڵەکانی خۆی بدات، بەتایبەتی لە وریاکردنەوەی پێشینەی باوەڕپێکراو، لەبارەی هێرش و کۆکردنەوەی هەموو چەشنە زانیارییەک کە دەکرێ بە هۆیانەوە لە کاتی گونجاودا ڕێوشوێنی بەرگری پێویست بێتە وەرگرتن. کاتێک سەرەتا زامیر لە ساڵی ١٩٦٨، ئەو پۆستەی وەرگرت، ئەگەری هێرشی کتوپڕ، ئەگەرێکی هێندە بەلەز نەبوو، لەبەرئەوەی سوپاکانی عەرەب، بەتایبەتی سوپای مسری بە ساڕێژکردنی بریندارەکانی شەڕی شەش ڕۆژە سەرقاڵبوو، بەڵام لە دوای

کۆتاییهاتنـی شـەڕی خوێنـاوی سـاڵی ١٩٧٠ و هەڕەشـە ئاشـکراکانی سـادات، بـۆ دووبـارە دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ، پرسـێکی مەترسـیدرا بـوو. هەواڵگـری سـەربازی (MI) پێیوابـوو، ئەمجـارە سـوپای مـسر پەنـا بـۆ تاکتیکـی شـەڕی خوێنـاوی نابـات، بەڵکـوو دەیـەوێ لـە کەناڵـی سـویس بپەڕێتـەوە و لـە سـیناش پێشـڕەوی بـکات.

لـە دەسـتپێکی دامەزراندنییـەوە مۆسـاد، تەنیـا لـە تۆڕێکـی سـەرچاوەی هەواڵگـری مرۆیـی پێکهاتبـوو، بـەڵام بـە ڕێنمایـی مائیـر ئامیـت، دەزگای هەواڵگـری، تەکنۆلۆژیـای فرەچەشـنی، وەک چاودێـری کردنـی هێڵەکانـی تەلەفـۆن و گوهداریکردنـی بـەکار خسـت. نوکـەش مائیـر بڕیاریـداوە زیاتـر جەخـت لەسـەر سـیگینت بـکات و لقێکـی نوێـی بەنـاوی کشـینت (کـەوان bow) دامەزرانـد. هەرچەنـدە ئـەوە جۆرێـک لـە پـڕدان بـوو، لەبەرئـەوەی تـا ئـەوکات ئـەو بـوارە لـە تایبەتمەنـدی هەواڵگـری سـەربازیی بـوو، بـەڵام بەهـۆی دۆسـتایەتی پتـەوی نێـوان زامیـر و هایـم بارلیڤـی سـەرۆکی ئـەرکان و ئاهـرون باریڤـی سـەرۆکی هەواڵگـری سـەربازیی، پەیوەنـدی نێـوان دەزگا هەواڵگرییەکانـی تەندروسـت بـوو.

پێـش هاتنـی زامیـر، سـەرۆکە یـەک لـە دوای یەکەکانـی مۆسـاد بـە دەسـت پەیوەندییـە ئاڵۆزەکانیـان لەگـەڵ سـەرۆک وەزیرانەکانـی ئیسرائیـل گیرۆدەبـوون. ئیسـەر هارێـل کـە یەکێـک لەوانـە بـوو، زۆر بـە بن-گۆریـۆن سەرسـامبوو، بـەڵام لەسـەرینی کەیسـی زانایانـی ئەڵمانـی لـە مـسر سـاڵی ١٩٦٣ پێـک هەڵشـاخان و دەسـتی لـە پۆسـتەکەی کێشـایەوە. سـاڵانی دواتر، پەیوەنـدی نێـوان لیڤـی ئەشـکۆڵ و مائیـر ئامیتـی سـەرۆکی مۆسـادیش گـرژی تێکـەوت. تێوەگلانـە جـێ مشـتومڕەکەی مۆسـاد، تایبـەت بـە ڕفانـدن و کوشـتنی مەهـدی بەرەکـەی سـەرکردەی ئۆپۆزیسـیۆنی مەغریبـی، لـە سـاڵی ١٩٦٥دا کـە دیاربـوو بـێ ئـاگاداری ئەشـکۆڵ بـووە، کارەکان زۆر لـە

پێشــتر ئاڵۆزتــر بــوون. لــە ئەنجامــی دامەزراندنــی پارتــی ڕافــی لــە لایــەن بن-گۆرینــی ڕکابــەری سیاســی ئەشــکۆڵ و نیگەرانــی ســەرۆک وەزیــران لــە پەیوەنــدی پتــەوی نێــوان ســەرۆکی مۆســاد و بن-گۆریــۆن، ڕێگەچــارەی دی لەبــەردەم ئامیــت نەبــوو، جگــە لــە خــۆ لاتەریــک کــردن نەبێــت.

بــە پێچەوانـــەی ســـەرۆکەکانی پێـــش خـــۆی، زامیـــر لـــە هەمـــوو جـــۆرە پەیوەندییەکـــی سیاســـی دووربـــوو، وەک ئەفســـەرێکی پێشـــووی پاڵـــماچ، هـــەر لـــە پێـــش ڕۆژانـــی دەوڵەتـــدا، پەیوەنـــدی پتـــەوی لەگـــەڵ برایانـــی ریـــزی ســـوپا هەبـــوو، بـــەڵام چ ئەوکاتـــەی لەنـــاو ســـوپا بـــوو، چ وەک ســـەرۆکی مۆســـاد، خـــۆی لـــە پارتـــە سیاســـییەکان دابڕاندبـــوو. ئەشـــکۆڵ چەندینجـــار بەهـــۆی کارەوە، دیـــداری لەگەڵیـــدا هەبـــووە، بـــەڵام نازانرێـــت دەبـــێ بەلایـــەوە زامیـــر ســـەرۆکە بـــێ کێشـــەکەی مۆســـاد بـــوو بێـــت، بەتایبەتـــی زۆر بـــە ڕاپۆرتەکانـــی زامیـــر کاریگـــەر بـــوو، کاتێـــک لـــە بەریتانیـــای مـــەزن پاشـــکۆی ســـەربازی بـــوو و لـــە ڕاپۆرتەکانیـــدا پێشـــنیازی کـــەم نەکردنـــەوەی تیمـــی کاری نووســـینگەی ئەوێـــی دەکـــرد. ئەوکاتـــەی ئەشـــکۆڵ وەزیـــری بەرگـــری بـــوو، ڕاپۆرتەکانـــی دەبینـــی و بـــە نموونـــەش باســـی لـــە ڕاپۆرتەکانـــی ئـــەو دەکـــرد کـــە دەبێـــت پاشـــکۆی ســـەربازی بـــەو شـــێوەیە کار بـــکات.

زامیـــر، دەرفەتـــی کارکردنـــی کەمـــی لەگـــەڵ ئەشـــکۆڵ هەبـــوو، چونکـــە ئەشـــکۆڵ لـــە شـــوباتی ١٩٦٩دا کۆچـــی دوایـــی کـــرد. بۆیـــە پەیوەندییـــە ڕاســـتەقینە و تۆخەکانـــی زیاتـــر لەگـــەڵ گۆڵـــدا مائیـــری جێگـــرەوەی بـــوو کـــە بـــەر لـــەوەی پۆســـتەکەی وەربگرێـــت، بەحـــاڵ زامیـــری دەناســـی، بـــەڵام هـــەرزوو متمانـــەی ئـــەوی بـــە دەســـتهێنا و لـــە پرســـە هەواڵگرییەکانـــدا بـــوو بـــە تەگبیرکارێکـــی کاریگـــەری. جارێکیـــان گۆڵـــدا بـــە شـــۆخییەوە گوتـــی: «کارکـــردن لەگـــەڵ زامیـــر زۆر ئاســـانە، مادامەکـــێ تـــۆ هەمـــوو

ئەوانــە دەکــەی کــە ئــەو دەخوازێــت».[٣] هەرچەنــدە، لــە پرســەکانی پەیوەســت بــە ئاسایشــی گشــتی، پشــتی بــە دوا حوکمەکانــی مۆشــێ دایانــی وەزیــری بەرگــری دەبەســت.

ئەمــە کێشــە نەبــوو، بــەو پێیــەی دایــان هەڵســەنگاندن و مەزەنــدە هەواڵگرییەکانــی لــە ئاهــرۆن یارڤــی ســەرۆکی هەواڵگــری ســەربازییەوە بەدەســتدەهێنا کــە پەیوەنــدی کارکردنــی زامیــر لەگەڵیــدا باشــبوو، بــەڵام لــە ئۆکتۆبــەری ١٩٧٢دا یاریــڤ بــە جەنــەڕاڵ ئیلــی زێیــرا گــۆڕدرا، ئیــدی جیاوازییەکانــی نێــوان مەزەنــدەی هــەردوو دەزگاکــە تەشــەنەی کــرد، دایــان پشــتی بــە مەزەندەکانــی زێیــرا دەبەســت، گۆڵــدا مائیریــش، لــەو بابەتــە، نەیدەخواســت مــل لەبــەر ملــی بنێــت، بەمشــێوەیە زامیــر پەســت و بێزاربــوو. بەرمەبنــای زانیارییەکانــی چەندیــن ســەرچاوە کــە گرنگترینیــان ئــەشرەف مــەروان بــوو، زامیــر لــەو باوەڕەدابــوو مــسر بــەرەو شــەڕ دەچێــت، بــەڵام هەواڵگــری ســەربازی بەتایبەتــی زێیــرا کارەکــە بــە شــێوەیەکی جــودا دەبینــی، چونکــە دایــان پشــتی تــەواوی بــە زێیــرا بەســتبوو، گۆڵــدا مائیریــش پشــتی بــە دایــان بەســتبوو، بەمــە زامیــر بــە تــەواوی لــە قاڵبدرابــوو، خۆشــی ئــەوەی دەزانــی.

دواتــر، دەبینیــن ئــەم هەســارەیە بــۆ ئیسرائیــل چەنــدە وێرانکــەرە. بەشــێوەیەکی گشــتی ئێســتا ئەوەنــدە بەســە بڵێیــن، لــە کۆتایــی ١٩٧٠دا، زڤــی زامیــر شــارەزاییەکی باشــی بەدەســتهێنابوو، بــۆ ســەرکردایەتیکردنی گفتوگۆکانــی مۆســاد، کــە ئاخــۆ بــە دواداچــوون بــۆ خزمەتگوزارییــە بەدیهاتووەکانــی ئــەشرەف مــەروان بکــەن، یــان نــا.

گرووپێکــی بچــووک، لــێ تــەواو شــارەزا کــە لــە زامیــر، ڤــاردی و گۆریــن پێکهاتبــوو، دوای یەکــەم دیــداری دوبــی لەگــەڵ ئــەشرەف مــەروان گفتوگۆکانــی لــە ئەســتۆ گرت، پاشــان هەریەک لە شــڵۆمۆ کۆهیــن ئەبراباتێل،

گـەورە بەرپرسـی تزمـۆت کـە پاشـان بـووە جێگـری بەڕێوەبـەری مۆسـاد و ناهیـک ناڤـۆن، سـکرتێری زامیـر هاتنـە نـاو گرووپەکـە. لـە گفتوگۆکانیانـدا کۆدەنگییـەک لەسـەر دوو خـاڵ کـرا.

یەکـەم، ئـەو خزمەتگوزارییانـەی مـەروان پێشکەشـی کـردوون، دەرفەتێکـە و پێشـتر وێنـەی نەبـووە، چونکـە چاندنـی سـەرچاوەیەک لـە ناوەنـدە باڵاکانـی بڕیارسـازانی مسر گرنگـە و پێدەچێـت ئـەو بەڵگەنامانەی مـەروان ڕادەسـتی دوبـی کـردوون، تەنیـا تێسـت بێـت بـەوەی ئـەو پیـاوە دەتوانێـت پێشکەشـی بـکات. لـە گفتوگۆکانیانـدا مـەروان ڕوونـی کردبـۆوە، دەتوانێـت دەسـتی بـە گشـت ئـەو بابەتانـە بـگات کـە بـە نووسـینگەی سـەرۆک تێدەپـەڕن. بەشـداربووانی گفتوگۆیەکـە بـەو وەسـفە قایلبـوون کـە مـەروان لەڕێگـەی پێگەکـەی پێشکەشـی کـرد، یـان دەتوانێـت دەسـتی پێیان بـگات. لـە کۆتاییـدا، ئایـا هەمیشـە لـە ئاسـتی بـاڵای ژیانـی سیاسـی مـسردا، دەرگا لـە پێـش زاواکـەی عەبدولنـاسر کـراوە دەبێـت؟

خاڵـی دووەمـی کۆدەنگییەکـە، نیگەرانییـەک هەبـوو لـە بـارەی ئـەو پرسـیارەی، ئەگـەر لەلایـەن دەزگای موخابەراتـی مسرییـەوە نێردرابێـت، دوای هەڵسـەنگاندنی کێشـەکە لـە گشـت گۆشـەکەوە، گرووپەکـە بـەو ئەنجامـە گەیشـت، لەبـەر سـێ هـۆکار، ئـەوە ئەگەرێکـی لاوازە.

یەکـەم، لەبەرئـەوەی تەنیـا دەزگا هەواڵگـرە پێشـکەوتووەکان، دەتوانـن بـە درێژایـی کات سـەرکەوتووانە کار بـە سـیخوڕی دووسـەرە بکـەن. لـەوەدا بەریتانییـەکان باشـترینن، بـە تایبەتـی لـە شـەڕی دووەمـی جیهانیـدا. هەروەهـا سـۆڤیەتەکانیش باشـن، بـەڵام لـە ئاسـت بەریتانییەکانـدا نیـن، مۆسـاد بـاش لـە چەڵەمـەی سـیخوڕی دووسـەرە سـەری دەرچووبـوو، بۆیـە بـە تـەواوی خـۆی لـەو کارە دووردەگـرت، تاکـە ئاژانسـی ئیسرائیـل کـە ئـەو کارەی بەکاردەهێنـا، شـین بێـت بـوو، بـەڵام ئەزموونیـان سـنووردار

بــوو. موخابەراتــی مــسر بــە کاری وا ئاڵــۆز نــە ناسرابــوو، ئــەو هەوڵانــەی پێشــتریش بــۆ چاندنــی ســیخوڕ لــە ئیسرائیــل دابیــوو، ئــەوەی دەرخســتبوو کــە کاری هــەرە باشــیان پاکتاوکردنــی ئۆپۆزیســیۆنەکانی نــاو خــودی مــسرە. ئەفســەرانی مۆســاد لــە کەمکردنــەوەی توانــای دوژمنەکانیــان دوودڵ بــوون، بــەڵام خۆشــی لەبــەردەم پێدانــی مەزەنــدەی نــا شایســتە بــە مسرییــەکان بــە زەحمــەت دەبینــی. لــەم ســۆنگەوە بڕیاریانــدا کــە ئەگــەری ناردنــی مــەروان لــە لایــەن مــسرەوە، ئەگەرێکــی لاوازە.

هــۆکاری دووەم، بــە پەیوەنــدی خێزانیــی مەروانــەوە پەیوەســتە، ئەگــەر ناردنــی بەکرێگیراوێکــی ئاســایی بــە ئەرکــی ســیخوڕی دووســەرە، هێنــدە مەترســیدار بێــت، باشــە چــۆن دەبێــت ئەگــەر ئــەو بەکرێگیــراوە زاوای عەبدولنــاسر بێــت. کاتێــک مەترســی و دەســتکەوتەکەیان شــەنوکەو کــرد، هــەر دەبــێ مسرییــەکان ڕێگــە بــە ئەگــەری باڵادەســتی ئیسرائیلییــەکان بــدەن لــە ململانێــی ئاژانســە هەواڵگــرە ڕکابەرەکانــەوە و لەوانەیــە مــەروان بکــوژرێ، یــان زیندانــی بکرێــت. بــەڵام تێچووەکــەی زۆر لــەوە بەرزتــر دەبێــت کــە مــسر بەرگــەی بگرێــت، لــە بەشــێکیدا، لەبەرئــەوەی مــەروان زۆر لــە نهێنییەکانــی دەوڵــەت دەزانــێ، تەنانــەت ئــاگای لــە ژیانــی تایبەتــی کەســایەتییە گرنگەکانــی مــسر هەیــە و دەکــرێ ئەوانــە هەمــووی بکەونــە بندەســتی ئیسرائیلییەکانــەوە.

هۆکارێکــی دیکــە کــە مــەروان ســیخوڕی دووســەرە نەبێــت، جــۆری ئــەو زانیاریانــە بــوو کــە لــە یەکــەم دیــداری نێوانیانــدا ڕادەســتی دوبــی کردبــوو، چونکــە ئــەو زانیارییــەی ســیخوڕی دووســەرە بــە سەرپەرشــتیارەکەی دەدات، بــە دەگمــەن ڕاســتەقینەن، بەڵکــوو ئــەو زانیاریانــە دەدات کــە باندۆریــان زوو دەپۆکێتــەوە، یــان ئــەو زانیاریانــە دەدات کــە لــە بنەڕەتــەوە لــە لایــەن وەرگــر زانــراون. ڕاســتە ســیخوڕ دەبێــت هەنــدێ زانیــاری ڕاســتەقینە ئاشــکرا

بـكات، بۆئـەوەی دۆسـتایەتی دروسـت بـكات، بەریتانییـەكان ناویـان لەمجـۆرە زانیاریانـە نـاوە «دانـە مریشـك»، ڕەنگـە یەكێـك لـە نموونـە گرنگـەكان ئـەو حاڵەتـە بێـت كـە لەسـەروبەندی هێرشـی نۆرمانـدی لـە حوزەیرانـی ١٩٤٤ ڕوویـدا، كاتێـك برایانـی پیـژۆڵ گارسـیا كـە سـیخوڕێكی دووسـەرە بـوو و بەریتانییـەكان بەنـاوی نهێنـی گاربـۆ كاریـان پێـی دەكـرد، بـەر لـە چەنـد كاتژمێرێـك پێـش هێرشـەكە، ئەڵمانەكانـی لـە هێرشـەكە ئـاگادار كـردەوە. بـە كردەنـی هێرشـی ناوبـراو، وەک ئاگاداركردنەوەكـە دەسـتی پێكـرد. بەمـەش لـە لای ئەڵمانـەكان متمانـەی بەدەسـتهێنا. دوای سـێ ڕۆژ ئاگادارینامەیەكـی دیكـەی نـارد كـە هێرشـەكەی نۆرمانـدی بـۆ سـەر لێشـێواندن بـوو، تـا هێزەكانـی ئەڵـمان لـە ناوچـەی پـاس دووكارلـی دووربكەونـەوە. ئەڵمانـەكان بڕوایـان بـە پیـژۆڵ هەبـوو، بۆیـە تـا كۆتایـی حوزەیـران لـە لەشكركێشـی هێـزە زەمینەكانـی بـۆ ناوچـەی دووكارلـی بـەردەوام بـوون، كاتێـك لـەوە گەیشـتن كـە لـە خشـتەبردراون، بـەڵام كار لـە كار ترازابـوو، لەبەرئـەوەی هێزەكانـی هاوپەیمانـان، بەرایـی پـردی خۆیـان دروسـت كردبـوو، تەواوەكیـش بـۆ نـاو قووڵایـی فەڕەنسـا پێشـڕەویان كردبـوو.[٤]

كارمەندانـی مۆسـاد بـاش سـەریان لـە چیرۆكـی پیـژۆڵ و ئەزموونـە هاوشـێوەكان دەركردبـوو، بۆیـە بـە شـێوەیەكی ورد شـیكاری بەڵگەنامـە و زانیارییەكانـی دیكەیـان كـرد كـە مـەروان ڕادەسـتی دوبـی كردبـوو، لەبەرئـەوەی نـە دەكـرا شـیمانەی دانـە مریشـكی لـێ بكـەن، چونكـە زانیارییـەكان هـەر تەنیـا جێـی باوەڕكـردن نەبـوون، بەڵكوو زۆر بەهاداریش بـوون. بەرمەبنـای ئـەوە، ئـەو ئەگەرەیـان بـە دوورزانـی كـە هەواڵگـری مـسری مەروانـی ناردبێـت، تەنانـەت ئەگـەر سـیخوڕێكی دووسـەرەش بێـت، بـە تێپەڕبوونـی كات ئامـرازی ئاشـكراكردنی دەدۆزنـەوە، بۆیـە لەسـەریان

پێویستە بەردەوام لێکۆڵینەوە لە وردیەتی و سرووشتی ئەو زانیاریانە بکەن کە دەگاتە دەستیان. سەرەنجام بڕیاری دروستکردنی لیژنەی بەدواداچوون و سەرپەرشتیان دا. لێژنەیەک تەنیا لە کارمەندانی مۆساد پێکهات، لەگەڵ لیژنەیەکی هاوبەش لە دەزگا هەواڵگرییە سەربازییەکانی ئیسرائیل، دوا لێژنەش ئاکامێکی نەریتی دەزگا هەواڵگرییەکانی ئیسرائیل بوو، ئەویش دابڕانی هەندێ لە کەسە ڕاسپێردراوەکانی هەڵسەنگاندنی بەکرێگیراوانی نوێ بوو، لە کار و سەرپەرشتی کردنەکانیان.

لە ئەنجامی کۆدەنگی لەبارەی ئەو دوو پرسیارە بنەڕەتییەوە، زامیر، ڤاردی، گۆرین و ئەوانی دی توانیان، گەنگەشەکان پراکتیکە بکەن. یەکەمیان بە کرێیەکەیەکەوە پەیوەستبوو کە مەروان ئاماژەی بە هیچ بڕێکی دیارکراو نەکردبوو کە پێشبینی وەرگرتنی دەکرد، بەڵام هەموو درکیان بەوە کردبوو، نابێت بڕێکی بچووک بێت. بەر لە چوار ساڵ، لە ئابی ١٩٦٦، مۆساد ٥٠ هەزار دۆلاری بە مونیر ڕێدفای فڕۆکەوانی عێراقی دا کە مێگ ٢١ پێشکەوتووەکەی ڕفاند و بە ئاسانی لە بنکەی ئاسمانی هاتزۆر لە ئیسرائیل نیشتەوە. ئەم کردە دراماتیکییە کە بە ئەوپەڕی لێزانییەوە نەخشەی بۆ کێشرابوو و جێبەجێکرا، دەرفەتی بە فڕۆکەوانەکانی ئیسرائیل دا لە نزیکەوە ئەو فڕۆکە جەنگییە بپشکنن کە لە جبەخانەکانی مسر و سووریا باڵادەستبوو. هەروەها بووە بەشدارێکی دیاری باڵادەستی ئیسرائیل لە شەڕی شەش ڕۆژەدا، پاش ئەوە ئیسرائیل ڕێگەی بە شارەزایانی هێزی ئاسمانی ئەمریکا دا فڕۆکەکە بپشکنن، هەر بەم هۆیەوە پەیوەندی ئاسایش لە نێوان ئیسرائیل و ئەمریکییەکان پتەوبوو کە فڕۆکەی مێگ ٢١ بۆ ئەوان مەتەڵ بوو. لە بەرانبەر هەڵگەڕانەوەی مونیر لە وڵاتەکەی، مائیر ئامێت، ئامادەی پێدانی دوو هێندەبوو، بەڵام ڕێدفای بە یەکەم بڕی پێدراو ڕازیبوو، هەرچەندە شتی وا تەنیا یەکجار ڕوودەدات، بەڵام سەبارەت بە

مـەروان، پێشـبینی ئەوەیـان دەکـرد، لـە هـەر دیدارێکـدا کـە زانیـاری نهێنـی دەدات، بڕێـک بـە دەسـتبهێنێت، بـەڵام جگـە لـە چاوەڕوانیـی دیاریکردنـی ئـەو نرخـەی دەیەوێـت، هیچـی دیکەیـان لـە دەسـت نەدەهـات.

لەگــەڵ ئەوەشــدا، بــە حوکمــی ئــەو هەمــوو شــتەی لەبــارەی مەروانــەوە دەیانزانــی، کێشــەیەکی دی ســەریهەڵدا، چوونکــە ڕوون بــوو بەدەســتهێنانی ئـەو گەبەڵـە پارەیـە، لەنـاکاو شـێوەژیانی مـەروان دەگۆڕێـت و لەگـەڵ خـۆی ئـەو پرسـیارە دێنێتـە پێشـەوە، ئایـا نهێنییەکانـی دەوڵــەت دەفرۆشــێت؟ ئاخــر لــە ڕابــردوو، مۆســاد تووشــی ئــەو کێشـەیە هاتبـوو، بۆیـە هەمیشـە بڕەکـەی کەمبـوو، بەکرێگیراوەکانیـش بـاش ئـاگادار دەکرانـەوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا بـە سـەربازگرتنی مـەروان کێشـەیەکی ڕەهەنـد نوێـی قیـت کـردەوە. لەبەرئـەوەی ئیسرائیلییـەکان ئاگایـان لـە ڕەفتـاری دەسـتەبژێری کۆمەڵگـەی مـسری هەبـوو، بەرمەبنـای ئـەوە هەموویـان کۆکبـوون لەسـەر ئـەوەی مـەروان لـە توانـای دایـە شــیکارێکی ماقــووڵ بــۆ گۆڕانــە کتوپڕەکــەی لــە شــێوازی ژیانیــدا بدۆزێتـەوە، هـەر خـۆی ئـەوەی بـە ڕێنیشـاندەرەکەی گوتبـوو کـە لـە وڵاتێکـی وەکـوو مـسر، بەرتیـل وەرگرتـن، ڕێسـایە تـا شـتێکی بێجگەیـی بێـت، هەروەهـا وەک زاوای عەبدولنـاسر ناچـار نییـە، ڕاڤـەی ئـەوە بـکات ئـەو پارەیـەی لـە کـوێ هێنـاوە، وەڵامەکانیـش ڕوونـن کـە ئـەو پرسـانە پێویســت بــە پرســیارکردن ناکــەن.

دوا پرسـیار ئـەوە بـوو، کـێ ببێتـە ڕێنیشـاندەری، یـان سەرپەرشـتکاری مـەروان. ئەوەیـان کێشـەیەکی ئاڵۆزبـوو، چونکـە دەبـوو ڕێنیشـاندەری سـەرکەوتوو، کۆمەڵێـک شـیان و خەسـڵەتی دیـاری هەبێـت. جـۆن لـی کاریــێ کــە کاری لەگــەڵ هەواڵگــری بەریتانــی کردبــوو، ڕێنیشــاندەری سـەرکەوتوو بەوشـێوەیە وەسـف دەکات کـە وێنـەی «مامۆسـتا، شـوان،

باوک و هاوڕێ، وەک پایگە و ڕاوێژکارێکی هاوسەرگیری، لێبوردەیەک، ئاهەنگگێر، پارێزەرێک» بە ڕێنیشاندەرەکەی بدات[٥]. ئەمەش لەناو مۆساد باوبوو، بەتایبەتی لەکاتی بیرکردنەوە لەبارەی چۆنیەتی مامەمەڵەکردن لەگەڵ گەنجێکی ئاڵۆزی وەک ئەشرەف مەرواندا. ڕێنیشاندەرەکە دەبێ دەسەڵاتێکی بێ پایانی هەبێت و شانێک بێت بۆ خۆ پێوەهەڵواسین و لە یارمەتیدانیدا بەتوانا بێت، بۆئەوەی لە تەموتومانی ژیانێکی دووسەرەی پڕ لە ڕیسکدا، بکارێ کار بکات. واتە دەبێت کەسێکی پێگەیشتوو، شارەزا، دانا و وریا بێت.

دوبی خاوەنی ئەو هەموو خەسڵەتانە نەبوو، کاتێک لە لەندەن هەڵبژێردرا چاوی بە مەروان بکەوێت، بە شێوەیەکی سەرەکی لەبەرئەوەبوو، نەدەتوانرا بەو دەمودەستە کەسێکی دیکە بدۆزرێتەوە، بەڵام هەڵبژاردنێکی سرووشتی نەبوو. ئەزموونی ئەو لەگەڵ بەکرێگیراوەکان سنووردار بوو. لە گەنگەشەی بابەتەکەدا، ژمارەیەک ناو خرانە سەر مێز. لەگەڵ ئەوەی دوبی هەر لەو ڕۆژەی گەیشتبووە نووسینگەی لەندەن، توانای خۆی سەلماندبوو و ناوبانگی لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی، پیشەگەریی، وردیەتی لەکار و پابەندبوون بە ڕێساکانی پەیداکردبوو، کەسێکە کە ڕاپۆرت دەنووسێ بێ پێوەنان شتەکان وەک هەن وەسف دەکات، بوونی ئەم خەسڵەتەی دوایی لە کەسی ڕێنیشاندەر بایەخێکی تایبەتی هەیە. بەکرێگیراوی وەکو مەروان بە زۆری حەز دەکەن، تەنیا لەگەڵ یەک کەس کار بکەن. واتە ڕێنیشاندەر تاکە سەرچاوەی زانیاری بەکرێگیراوە کە لەسەر زەوی چ ڕوودەدات. دوبی خەسڵەتێکی دیکەشی هەبوو، کەسێکی جوان و ڕێک و توانای دروستکردنی کاریگەری هەبوو. ئەمانە هەمووی ئەگەری دروستکردنی پەیوەندییەکی ئاست بەرزیان

لەگــەڵ مــەروان نیشــان دەدا.

ئــەوەی لــە کۆتاییــدا بــە بەرژەوەنــدی دوبــی شــکایەوە، ئــەو بارودۆخـە بـوو کـە خـۆی سـەپاندبوو. ئاشـکرایە تاکـە دیدارەکـەی لەگـەڵ مـەروان بـە شـێوەیەکی بـاش بەڕێوەچـوو. لـە ڕاپۆرتـە پوختەکەشـیدا بـە ڕوونــی دەرکەوتبــوو کــە پەیوەندییەکــی بــاش لــە نێوانیانــدا دروســت بــووە، بــەڵام بەهــۆی ڕیســکی کەســییەوە، مــەروان مکوڕبــوو، جگــە لــە «ئەلێکــس» کەســی دی نابینــێ. لــەم قۆناغــەدا، نیگەرانــی ســەرەکی زامیــر و ئەوانــی دی، ئەوەبــوو، ئەگــەر مــەروان جارێکــی دی هاتــەوە لەنــدەن، پەیوەندییەکـەی نـوێ نەکاتـەوە و ئامـادەی سەرکێشـی نەبێـت. لەوانــە گۆڕینــی دوبــی ئــەو هەســتە لــە لای مــەروان دروســت بــکات کــە مۆســاد داواکارییەکانــی بــە جــدی وەرنەگرتــووە، بەمــەش بــە ئاسـانی دەرفەتـە نوێیەکـە لـە کیـس دەچێـت. بەرمەبنـای ئـەوە، دوای تاوتوێکرنێکــی تێروتەســەل بڕیــاردرا دوبــی لــە مەمەڵەکــردن لەگــەڵ مەروانــدا بــەردەوام بێــت. بــە پێچەوانــەی مامەڵەکردنــی بەکرێگیراوانــی دی، دەبێــت بەڕێوەبردنــی مامەڵەکــردن لەگــەڵ مــەروان بــە گەڕانــەوە بــۆ ناوەنــدی فەرماندەیــی لــە تەلئەڤیــڤ بێــت. ئەمــەش ڕەنگدانــەوەی بایەخــی نــا ئاســایی مــەروان دەردەخــات. لــە ئەنجامــدا هەریــەک لــە ڤــاردی و زامیــر لــە بازنــەی بەرپرســیارێتی ڕاســتەوخۆی مامەڵەکــردن لەگــەڵ مەروانــدا دەبــن.

بەمشــێوەیە بــە ســازان، کۆتاییــان بــە مشــتومڕەکانی قبوڵکردنــی ئــەشرەف مــەروان هێنــا، لــە گرتنەبــەری چەنــد ڕێوشــوێنێکی بیرۆکراتــی بــەولاوە، لەبەرانبــەر بــە ســەربازگرتنی بەکرێگیــراوە نوێیەکــە، وەک هەڵبژاردنــی ناوێکــی نهێنــی بــۆ پاراســتنی ناســنامەکەی، هیچیــتر نەمــا. ئەمــەش لــە بەرپرســیارێتی نیمچەیەکــەی تزۆمیــت بــوو. ناوەکانیــش لــەو

لیسـتە ئامادەکـراوە وەردەگیـران و هەڕەمەکیانـە بـە بەکرێگیـراوەکان دەدران. سـەرەتا چەنـد ناوێکـی نهێنـی وەکـوو «پاکتـی» و «ئەتمـۆس» بـۆ ئـەشرەف مـەروان دانـرا، بـەڵام لەسـەر نـاوی فریشـتە «the angel» جێگیربـوون، ئـەو ئەفسـەرەی ئـەو نـاوەی داهێنـا، یەکێـک لـە فانەکانـی زنجیـرە تەلەفزیۆنێکـی سـاڵانی شەسـتەکان بـوو لـە پاڵەوانێتـی ڕۆگـەر مـوور بەنـاوی قەشـە «the saint»، بـەڵام بەهـۆی ناونیشـانە ئۆریجینالـە کریسـتیانەکەیەوە، زنجیرەکـە بەناونیشـانی فریشـتە «هەمـلاخ» بـە ئیسرائیـل فـرۆشرا.

چەنـد سـاڵ دواتـر، پـاش شـەڕی ڕۆژی کیپـوور، بـە ئاشـکرا دەرکـەوت کـە نـاوە نهێنییەکـەی چەنـدە لەگەڵیـدا گونجـاو بـووە.

# پاژی سێیەم

## نیسانی ١٩٧١: پەیوەندیکردن بە هەواڵگری سەربازیی

یەکــەم دیــدار لەگــەڵ ئــەشرەف مەروانــدا، نزیکــەی چــوار مانــگ دوای ڕێککەوتنــی ئاگربەســتی ٧ی ئابــی ١٩٧٠ بەڕێوەچــوو کــە کۆتایــی بــە شــەڕی خوێنــاوی نێــوان مــسر و ئیسرائیــل هێنــا. ئەنجامــی ئــەو شــەڕە بــۆ میــسر هانــدەر نەبــوو، تــا بیــر لــە ئەنجامدانــی هێرشــێکی دیکــە بکاتــەوە، بەتایبەتــی ئەگــەر ئامانجــی بێــت لــە کەناڵــی ســوێس بپەڕێتــەوە و نیمچــە دورگــەی ســینا بگێڕێتــەوە. ڕاســتە شــەڕەکە بــۆ قەرەبووکردنــەوەی زیانەکانــی شــەڕی شــەش ڕۆژە مکوڕبوونــی مــسری ســەلماند بــەڵام هــاوکات لاوازی توانــا سەربازییەکەشــی دەرخســت.

مەبەســت لــە ســتراتیژی مسرییــەکان لــە پشــت شــەڕی خوێناویــدا، تێکشــکاندنی ورەی ئیسرائیلییــەکان بــوو، لــە ڕێگــەی بــەردەوام ڕژانــی خوێنــی ســەربازییەکانەوە. لەوەشــدا مــسر ســوودی لــە باڵادەســتی تۆپخانەکانــی بینیبــوو کــە بــەردەوام ســەنگەرەکانی ئیسرائیلــی لــە کەناڵــی ســویس(ناسراو بــە هێڵــی بارلیــڤ) و ئــەو ڕێگایانــە، تۆپبــاران دەکــرد کــە پێــوەی بەســترابوونەوە. گاڤ ناگاڤێکیــش بــە مەبەســتی کوشــتنی ســەربازانی ئیسرائیــل، هێرشــێکی کۆماندانــەی دەکــرد. ڕاســتە تێچــووی ئیسرائیــل لــەو شــەڕەدا بەرزبــوو، بــەڵام چۆکیشــی پێــدا نەدابــوون. لــە مــاوەی حەڤــدە مانگــی شــەڕدا، ٢٦٠ ســەربازی ئیسرائیــل کــوژران کــە نەیدەکــردە نیــوەی ئــەو قوربانیانــەی لــە ســاڵی ١٩٧٠ بــە ڕووداوی هاتوچــۆ مردبــوون. هەروەها

ژمـارەی کوژراوانـی مسریـش ڕوون نەبـوو. سـەرچاوەیەکی ئەمریکـی ژمـارەی کوژراوانـی مـسری بـە پێنـج هـەزار کـەس مەزەنـدە کـرد، لـێ ئیسرائیلییـەکان بـە پازدە هـەزار کەسـی دەخەمڵێنـن. لـە لای مسرییـەکان ڕێـژەی قوربانیـان تاکـە شـت نەبـوو، چونکـە هەمیشـە لـە یادیـان بـوو کـە لـە هـەر شـەڕێکی زەمینـی، یـان ئاسـمانیدا، ئیسرائیلییـەکان بـاڵا دەسـتن.

لـە شـەڕی ئاسـمانیدا، وێنەکـە، بـە بەرژەوەنـدی ئیسرائیـل بـە ڕوونـی دەرکـەوت، ئەویـش کەوتنـی حـەوت فڕۆکـە بەرانبـەر یـەک بـوو، بـۆ نموونە ئەگـەر بـە زیانەکانـی ئەمریـکا لـە شـەڕی ڤێتنـام بـەراورد بکرێ کە گەیشـتە پـازدە فڕۆکـەی F۱۰۵ بەرانبـەر یـەک فڕۆکـەی مێـگ ۲۱ی ڤێتنامـی باکـوور. لـە کۆتاییەکانـی ۱۹٦۹دا، هێرشـە ئاسـمانییەکانی ئیسرائیـل تەواوی سیسـتمە سـەکۆکانی دژە فڕۆکـەی لـە مـسر دوابـڕی، بەمـەش سـەرتاپای وڵاتـی لەبـەردەم هێرشـە ئاسـمانییەکاندا کـردەوە، لـە سـەرەتاکانی ۱۹۷۰ ئیسرائیـل بۆردومانـی قووڵایـی مـسری کـرد و پەلاماری بنکـە سـەربازییەکانی دەردوری قاهیـرە و ئەسـکەندەرییە و شـوێنی دیکـەی دا، ئامانجـی ئـەو هێرشـانە بـە تەنیـا بـۆ لاوازکردنـی توانا سـەربازییەکانی مسر نەبـوو، بەڵکوو شـپرزەکردنی ڕژێمـی عەبدولنـاسر و ناچارکردنـی بـوو، تـا ئاگربەسـت بـکات، بـەڵام سـۆڤیەت بـۆ ڕزگارکردنـی مـسر گەیشـت و سیسـتمێکی تـەواوی بەرگـری ئاسـمانی بـۆ نـارد کـە حەفتـا سـەکۆی لـە جـۆریSA۲, SA۳ ی ڕسـکاو بـە مووشـەکی زەوی بـە ئاسـمان و حەفتـا فڕۆکـەی جەنگـی جـۆری مێـگ ۲۱ی لـە خـۆ دەگـرت کـە بەهۆیـەوە ئاسـتێکی بـۆ هێرشـەکانی ئیسرائیـل بـۆ نـاو قووڵایـی مـسری دانـا کـە تاڕادەیـەک کۆنترۆڵـی کەشـوهەواکەی کردبـوو. لـە ۳۰ی تەممـووزی ۱۹۷۰ شـەڕ لەوپـەڕی گەرمیدابـوو، لـە جەنگـی ئاسـمانی نێـوان ئیسرائیل-سـۆڤیەتدا، سـۆڤیەت پێنـج فڕۆکـەی جەنگـی لـە دەسـتدا، بـەڵام ئیسرائیـل تەنیـا یـەک فڕۆکـەی تیاچـوو، دوای ئـەو جەنگـە هـەردوولا بـە ئاگربەسـت ڕازیبـوون.

کاتێـک لـە مانگـی حوزەیـران بـۆ یەکەمجـار مـەروان پەیوەنـدی بـە باڵیۆزخانـەی ئیسرائیـل لـە لەنـدەن کـرد، شـەڕی خوێنانـی لەوپەڕیـدا بـوو، کاتێـک دواجـار لـە ناوەڕاسـتی کانوونـی یەکـەم چـاوی بـە دوبـی کـەوت، هـەردوولا ڕێککەوتنـی ئاگربەسـتێکی نـەوەد ڕۆژەیـان واژوو کردبـوو، بـەڵام پێشـێلکرا. هەرچەنـدە لـە ڕێککەوتنەکـەدا هاتبـوو، دەکـرێ بـۆ نـەوەد ڕۆژی دی درێـژ بکرێتـەوە، هەروەهـا ئەگـەر هیـچ پێشـکەوتنێکی دیپلۆماسـی ڕوونـەدەدات، پابەندبوونـی ئیسرائیلـی بـە کشـانەوە لـە کەناڵـی سـوێس لـە خۆگرتبـوو. دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ تەنیـا مەسـەلەی کاتبـوو، بـە خێرایـی «فریشـتە» بـووە سـەرچاوەیەکی گرنگـی هەوڵەکانـی ئیسرائیـل، بـۆ تێگەیشـتن لـە نیـازی مـسر. ئەمـەش ئەرکێکـی سـەرەکی هەواڵگـری بـوو کـە پێـی سـپێردرا.

بابەتەکـە بـە مردنـی عەبدولنـاسر لـە سـێپتەمبەری ١٩٧٠ و جێگرتنەوەی بـە ئەنـوەر سـادات، تـەواو ئاڵۆزبـوو. لـە میانـەی زنجیرەیـەک کۆبوونـەوەی نێـوان دوبـی و مەروانـدا، وێنـەی ڕابـەری نوێـی مـسر بـە شـێوەیەک نەخشـێنرا کـە پیاوێکـە لەباریدایـە ڕووبـەڕووی گرفتـە مەحاڵـەکان بێتـەوە. لە لایەکـی دی، هەرچەنـدی سـادات ڕێگەچـارەی سـەربازی بـۆ شکسـتپێهێنانی ئیسرائیـل دەخستەڕوو، زیاتـر درکـی بـە بێهودەیـی خـۆی دەکرد. لـە کۆتایی شـەڕ، هەنـدێ لـە فەرمانـدە سـەربازییەکانی لەسـەر ئـەوە ڕژدبـوون کـە چـۆن سـینا دەگێڕنـەوە، بـەڵام سـادات بـڕوای بـە توانـای سـوپاکەی نەبـوو، بتوانـێ لـە کەناڵـی سـوێس بپەڕێتـەوە، بـە مەبەسـتی ناچارکردنـی ئیسرائیـل بـە گەڕانـەوە بـۆ مێـزی گفتوگـۆ، زیاتـر بایەخـی بـە ئەنجامدانـی پەلامـاری سـنوورداری سـەربازی دەدا، هـاوکات، لەگـەڵ ئـەوەی مەترسـیداریش بـوو، ئیسرائیـل بـە ڕوونـی هۆشـداری بـە مسردابـوو کـە ئیسرائیـل لەبـەردەم هێرشـی مـسر، دەسـتەوئەژنۆ دانانیشـی. ئـەوەی سـاداتی پەشـۆکاندبوو، بەڵادەسـتی هێـزی ئاسـمانی ئیسرائیـل بـوو کـە بڕسـتی لـە بـەرەی ناوخـۆی

مـسر بڕیبـوو. بۆیـه بـۆ دوورخسـتنەوەی ئیسرائیلییـەکان لـە بەکارهێنانـی هێـزی ئاسـمانی، تاکـە ڕێگـەی بـەردەم مسرییـەکان، بـڕوا پێکردنـی سـۆڤیەت بـوو بـە پێدانـی هەنـدێ «چەکـی بەرپەرچـدەرەوەی» گرنـگ بـە مـسر، بـە دیاریکـراوی چاویـان لـە فڕۆکـەی جەنگـی دوورهاوێـژ بـوو، تـا بتوانـێ پەلامـاری بنکـە ئاسـمانییەکانی ئیسرائیـل بـدات و مووشـەکەکانی بگاتـە ناوچـە ئاوەدانەکانـی ئیسرائیـل، بـەڵام سـۆڤیەتییەکان بەهـۆکاری تـرس لـە شکسـتی مسرییـەکان و ڕاگرتنـی سـازانیان لەگـەڵ ئەمریکییەکانـدا، باوەگـۆی ئـەو داوایـەی مسریـان نەدایـەوە. ئیـدی لـە سـەرەتای ١٩٧٠، سـادات بـەو بڕوایـە گەیشـت کـە خاوەنـی ڕێگەچـارەی سـەربازی نییـە.

هــاوکات، دیاربــوو دەرگای دیپلۆماســی داخراوبــوو. ڕاســتە مۆشــی دایانــی وەزیــری بەرگــری بــە مــەرج، لەگــەڵ بیرۆکــەی کشــانەوەی ئیسرائیـل لـە کەناڵەکـە بـوو، لەپێنـاو کردنـەوەی کەناڵەکـە و دامەزراندنـی ناوچەیەکـی دابـڕاو، تـا مسرییـەکان نەتوانـن بەهێـز سـینا وەربگرنـەوە، بـەڵام لـەم قۆناغـەدا، گۆڵـدا مائیـری سـەرۆک وەزیـران دژی ڕێگەچـارەی دیپلۆماسـی بـوو، هەروەهـا ڕێگـەی بـە دایانایـش نـەدا، بـەو ئاڕاسـتە هیـچ ڕێوشـوێنێک بگرێتەبـەر. لـە شـوباتی ١٩٧١دا، سـادات پێشـنیارێکی هاوشـێوەی پێشکەشـکرد، نزیکـەی دوو مانـگ دوای ئـەوەی مـەروان زانیارییەکانـی پێشکەشـکرد، بـەڵام مائیـر وەدەری نـا.

مـەروان لـە دیدارەکانیـدا لەگـەڵ دوبـی لـە سـەرەتاکانی ١٩٧١، باسـی لە داخسـتنی ئـەو ئاسـۆیە کـرد کـە سـادات هەسـتی پێـدەکا و گوتـی، ئەگـەر سـەرۆکی ئێسـتا لـە چـاو سـەرۆکی پێش خـۆی بەرانبـەر ڕێککەوتنی سیاسـی کراوەتریـش بێـت، بـەڵام زیاتـر چـاوی لـە ئاگربەسـتێکی مـەودا فرەوانـترە، تا ڕێککەوتنـی ئاشـتی. هەروەهـا مـەروان چەمکـی نوێـی مـسری بـۆ جەنـگ ڕاڤـە کـرد کـە محەمەد فـەوزی، وەزیـری بەرگـری پـەرەی پێـداوە، هەمدیس

باسـی لـەو گفتوگـۆ بـێ بەرهەمـە کـرد کـە بـە مەبەسـتی بەدەسـتهێنانی چەکـی بەرپەرچـدەرەوە، لەگـەڵ ڕوسـیا هەبـوو. لـە هەمـوو ئەوانـەدا ئیسرائیلییـەکان درکیـان بـە مـەودای نـا واقیعیەتـی ڕێگەچـارەی سـەربازی مسرییـەکان کـرد، ئـەوەش بـۆ هەڵوێسـتی حکومەتـی ئیسرائیلـی لاگیرییـەک بـوو، بەتایبەتـی بـۆ گۆڵـدا مائیـر کـە دژی هەوڵـی دیپلۆماسـی بـوو.

ئـەوەی مـەروان لـە بەرانبـەر هەمـوو ئەوانـە وەریگـرت، تاڕادەیـەک شـتێکی مامناوەنـد بـوو، مـەروان لـە دیـداری دەووەمیشـیدا، وەک یەکـەم دیـداری لەگـەڵ دوبـی، باسـی پـارە و پوڵـی نەکـرد، لێگەڕا چێشـتەکە لەسـەر ئاگرێکـی کـز بکوڵـێ، تـا ئیسرائیلییـەکان نرخـە ڕاسـتەقینەکەی مەزەنـدە بکـەن. کاتێـک لـە دوا مەنزڵگـەدا مەسـەلەکە خرایـەڕوو، ڕێککەوتـن کـە هـەر جارێـک بـڕی دە هـەزار دۆلار وەربگرێـت، هەرچەنـدە ئـەوە بڕێکـی گچکـە نەبـوو، بـەڵام ئـەو زانیاریانـەی پێشکەشـی دەکـردن، ئـەوەی دەهێنـا، بەتایبەتـی بەڵگەنامـە زۆر نهێنییەکانـی نووسـینگەی سـەرۆک کـە لـە چاوتروکانێکـدا ڕێگـەی نووسـینگەی سـەرکردە ئیسرائیلییەکانـی دەگرتەبـەر.

دەکـرێ بڵێیـن سـەرەتایەکی گفتـدار بـوو، هەرچەنـدە «ئەلێکـس» و «فریشـتە» بـە ئاسـانی پەیوەندەکانیـان تۆکمەکردبـوو، بـەڵام هـەوڵ بـۆ گۆڕینـی دوبـی هەبـوو، داینەمـۆی پشـت ئـەو هەوڵـەش شـموئێل گۆرێـن، فەرمانـدەی پرۆسـەکانی ئەوڕووپـای ڕۆژئـاوا بـوو. لـە میانـەی ئەزموونـی کارکردنیـدا، دەیزانـی نزیکـی پەیوەنـدی نێـوان سەرپەرشـتکار و بەکرێگیراوەکـەی، ڕەنگـە لەمپـەر دروسـت بـکات، بـۆ نموونـە گوشـارکردن لـە بەکرێگیـراو، تـا زۆرتریـن زانیـاری بەپەلـەی پێویسـت ڕادەسـت بـکات، بـەڵام وێـڕای هەمـوو باشـەکانی، لـێ دوبـی لـەو کارەدا، تاڕادەیـەک نـوێ بـوو، گۆریـن کەسـێکی بـە ئەزموونـتری دەخواسـت، یانیـش لەوانەیـە پاڵنەرێکـی شـاراوە هەبـوو بێـت، چونکـە پەیوەنـدی لەگـەڵ سـەرۆکی

وێستگەی لەنـدەن گرژبـوو، بۆیـە بـۆ بەدیهێنانـی سـەرکەوتنێکی دیـار دەیویسـت ڕاسـتەوخۆ هـەر کردەوەیـەک لـە ڕێگـەی خۆیـەوە بێـت. بەربژێریشـی بـۆ ئـەم کارە، ئەفسـەرێکی هەواڵگـری عەگیـد بـوو کـە لـە حەلەبـی سـووریا هاتبـووە دنیـا. گۆریـن گوشـاری لـە زیفـی زامیـر کـرد، ئەویـش بەڵێنـی پێـدا، چـاو بـەو پرسـەدا بخشـێنیتەوە، بـەڵام لـە کۆتاییـدا بڕیاریـدا گۆڕانـکاری لـەو پرسـەدا نـەکات. ئەمـەش دواجـار نەبـوو کـە مەسـەلەی گۆڕینـی دوبـی بخرێتـەڕوو.

کاتێـک گرنگـی مـەروان ڕوونـتر بـووەوە، ناسـاندنی بـە کارمەندانـی دیکـەی بەشـەکانی دیکـەی هەواڵگـری ئیسرائیـل بـووە پێویسـتییەک، تـا کەسانی دیکـەش ئەزموونەکانیـان بهێننـە نـاو گفتوگۆیەکە، ئەمـەش کارێکی نۆرمـاڵ نەبـوو، لەبەرئـەوەی بـە گوێـرەی ئـەو دابەشـکارییەی ئەوکاتـە کـە کارمەندانـی هەواڵگـری ئیسرائیـل پەیڕەویـان دەکـرد، هەواڵگـری سـەربازی، لـە هەڵسـەنگاندنی هەواڵگـری نیشـتمانی بەرپـرس بـوو. ئـەوکات مۆسـاد لەژێـر فەرماندەیـی سـەرۆک وەزیـران بـوو، ئەرکیشـی جێبەجێکردنـی کـردەوەکان لـە وڵاتانـی عەرەبـی و شـوێنەکانی دیکـەی پێوەندیـدار بـوو. پاشـدان ئـەو زانیاریانـەی مۆسـاد کـۆی دەکردەنـەوە، ڕەوانـەی هۆبـەی توێژینـەوەکان لـە هەواڵگـری سـەربازی دەکـران کـە کرپـاری سـەرەکی زانیارییەکانـی مۆسـاد بـوو، هەروەهـا ئـەو زانیاریانـەی شـین بێـت و خـودی هەواڵگـری سـەربازی پەیـدای دەکـردن، لـەوێ شـیدەکرانەوە، تـا لـە کۆتاییـدا، هۆبـەی توێژینـەوەکان پێشـینەی کۆکردنـەوەی زانیارییـەکان و ئـەو پرسـیارانە دابڕێـژێ کـە سـوپا دەیویسـت وەڵام بدرێنـەوە. یەکـەی ١١ی هەواڵگـری سـەربازی بەرپرسـی پەیوەندییـەکان بـوو لەگـەڵ مۆسـاد، هەروەهـا پرسـیارەکانی ئامـادە دەکـرد و ڕەوانـەی لقـی تزمۆتـی لـە مۆسـاد دەکـرد. ئەویـش بـە نـۆرەی خـۆی بـۆ ئـەو سەرپەرشـتکارانەی دەنـارد کـە پێوەندیـان بـە بابەتەکـەوە هەبـوو. ئیـدی هـەر لـە یەکـەم

دیـداری سـەرەتای بەهـاری ١٩٧١، بـەم ڕێگەیـە مامەڵـە لەگـەڵ مـەروان بەڕێوەدەچـوو، لەسـەر دوبـی پێویسـتبوو ئـەو پرسـیارانە بـکات کـە یەکـەی ١١ دەینـاردن و وەڵامەکـەی دەنووسـی، دواتـر بـۆ هۆبـەی توێژینـەوەی هەواڵگـری سـەربازی، هەواڵگـری هێـزی ئاسـمانی دەگێڕایـەوە.

هـاوکاری نێـوان هـەردوو دەزگاکـە، پراکتیـزەی دیکەشـی دەگرتـەوە. بـە شـێوەیەک بەکرێگیـراوە جـۆر بـەرزەکان، تەنیا لەگـەڵ سەرپەرشـتکارەکانیان لـە مۆسـاد، کـۆ نەدەبوونـەوە، بەڵکـوو گفتوگۆیان لەگـەڵ شـارەزایانی جیاواز لـە بـواری دیکـەش دەکـرد کـە بـەزۆری کارمەنـدی هۆبـەی توێژینـەوەی سـەربازی بـوون. هـەرزوو مـەروان، لـە سەرانسـەری وڵاتانـی عەرەبیـدا، لــە ڕیــزی هــەرە بــاڵای بەکرێگیراوانــی ئیسرائیــل جێــی خــۆی گــرت. سـەرکردایەتی مۆسـاد و هەواڵگـری سـەربازی، لەبـەر ڕۆشـنایی جەنگـی ئاسـمانی لەهـەر ناکۆکییەکـدا لەگـەڵ مـسر و توانـای مـەروان بـۆ گەیشـتن بـە سـەرچاوە هەسـتیارەکانی ئـەو بـوارە، بڕیاریانـدا کارێکـی سـوودبەخش دەبێـت، ئەگـەر شـیکەرەوێکی هەواڵگـری هێـزی ئاسـمانی ئیسرائیـل چـاوی بـە مـەروان بکـەوێ، بـەڵام پێیانوابـوو ئـەو پیـاوەی سـوود لـەو دیـدارە ڕاسـتەوخۆیە وەردەگـرێ، کۆڵۆنێـل مائیـر مائیـری سـەرۆکی وێسـتگەی ٦ی (مـسر)ی هۆبـەی توێژینەوەکانـی هەواڵگـری سـەربازییە.

لـە ١٩٧١ مائیـر مائیر ماوەی دوو سـاڵی لە سـەرۆکایەتی لقی ٦ی هۆبەی توێژینــەوەی هەواڵگــری ســەربازی بەســەربردبوو، بــەڵام لــە هەواڵگــری سـەربازیدا زۆر لـەو ماوەیـەی بەسـەربردبوو، لـە سـاڵی ١٩٤٨ لـە شـەڕی سـەربەخۆیدا لـە جەنگـی بەرگریکـردن لـە کیبووتـزی نەقبـا لـە شـەڕێکی دژوار بـە سـەختی برینداربـوو، بـووە هـۆی ئـەوەی پێشـڕەوی هێزەکانـی مـسر بـۆ ناوجەرگـەی ناوچەکانـی ئیسرائیـل خاوبێتـەوە. دوای چاکبوونەوەی برینەکـەی، مائیـر پەیوەنـدی بـە لقـی هەواڵگـری سـەربازی تـازە دامـەزراو

کـرد و بەهۆیـەوە ئەزموونـی لـە بـواری هەواڵگریـدا بەدەسـتهێنا، لـە ئامادەباشـییەکاندا بـۆ شـەڕی ١٩٥٦، بـۆ دانانـی پەرتووکێکـی مەیدانـی بـۆ نیمچـە دورگـەی سـینا هەڵبژێـردرا کـە لەکاتـی شـەڕدا سـوپا وەکـو سـەرچاوەی سـەرەکی بەکاریدەهێنـا. ئـەم پەرتووکـە کـە بـە سـوود وەرگرتـن لـە شـارەزایانی زانایانـی جیۆلۆجـی، سـەرچاوەکانی ئـاو و هەڵکەندنـی بیـرە نـەوت، زۆر بـەوردی دانرابـوو، هەروەهـا بـووە ڕێنوێنیـەک و نەدەکـرا هێـزە پێشـڕەوەکانی نیمچـە دورگـەی سـینا دەسـتبەرداری بـن. دوای شـەڕ، مائیـر زنجیـرەک وەزیفـەی لـە هەواڵگـری سـەربازیدا بینـی، وەک یاریـدەدەری ئەفسـەری هەواڵگـری، فەرمانـدەی ناوچـەی باکـوور و سـەرۆکی ئـەرکان لەژێـر فەرماندەیـی مائیـر ئامیـت. لـە کاتـی تەنگـژەی پێـش بەرپابوونـی شـەڕی ١٩٦٧، وەک یاریـدەدەری کەسـی ئاهـرون یاریڤـی فەرمانـدەی هەواڵگـری سـەربازی کاری کـرد، بـەڵام کاتێـک عەبدولنـاسر گـەرووی تیرانـی داخسـت و لـە بەنـدەری ئیـلات لـە باشـوور هاتوچـۆی دەریایـی پەکخسـت، بەمـە مەسـەلەی شـەڕ لەگـەڵ مـسر بـووە کارێکـی لەزگیـن. مائیـر هەوڵیـدا بـەرەو کاری مەیدانـی زیاتـر وەرگـەڕێ. لـە کاتـی شـەڕ وەک ئەفسـەری هەواڵگـری لـە یەکـەی ٨٤ی تۆپخانـەی سـەر بـە هێـزە چەکـدارەکان بـە فەرماندەیـی جەنـەڕاڵ ئیسرائیـل تـاڵ کاری کـرد کـە لـە تەفروتوناکردنـی زۆربـەی هێـزە مسرییەکانـی باکـووری سـینا بەرپـرس بـوو. دوای شـەڕیش لـە لێپرسـینەوەی ئەفسـەرە بـە دیلگیراوەکانـی مـسر پشـکداربوو، دواتـر بـە پاشـکۆی سـەربازی لـە پاریـس هاتـە دامەزرانـدن، ئـەوەش دوا پۆسـت بـوو، بەرلـەوەی ببێـت بـە یەکێـک لـە گرنگتریـن شـارەزا هەواڵگرییەکانـی کاروبـاری مـسر کـە وەریگـرت.

لـە کۆتایـی شەسـتەکاندا، لقـی ٦ (مـسر) لـە گرنگتریـن لقەکانـی هەواڵگـری سـەربازی بـوو. مائیـر مائیـر، وەک فەرمانـدە هەنـدێ لـە کەسـە هـەرە زیخـە هـزر هەواڵگرییەکانـی وڵاتـی کۆکـردەوە. کۆڵۆنێـڵ زوسـیا

کانیـازەر، پیاوێکـی هەواڵگـری نایـاب بـوو، هەروەهـا شەمشـون ئیسـحاق، سـەرۆکی بەشـی سیاسـی کـە پاشـان لەبـارەی مەزەندەکانـی عـەرەب بـۆ شـەڕی شـەش ڕۆژە، لەسـەر بنەمـای خزمەتگوزارییەکانـی لـە بـواری هەواڵگـری سـەربازی پەرتووکێکـی دانـا، بـەڵام زوو بەدانانـی ئەلبێـرت سـودای سـیڤیل لـە جێگەکەیـدا گـۆڕدرا کـە یەکێـک بـوو لـە گرنگتریـن شـارەزایانی کاروبـاری مـسر، لـە ژێـر سـەرکردایەتی کانیـازەر و سـودای گرووپێکـی تـەواو لـە ئەفسـەرانی لاو دەرکەوتـن کـە لەبـارەی دامـەزراوەی سـەربازی و سیاسـی مـسر، زانیـاری قـووڵ و فرەوانیـان هەبـوو. بـە پێچەوانـەی لقەکانـی دیکـەی هۆبـەی تۆژینـەوەی هەواڵگـری سـەربازی، لقـی شـەش لـە هەمـووان قەبەتربـوو و لـە یـەک شـوێندا جێـی نەدەبـۆوە، بۆیـە مائیـر و بەشـی سـەربازی لـە هەمـان ئـەو نهۆمەدا بـوون کـە جەنەڕاڵ ئاهـرۆن یاریڤـی لێبـوو، هەروەهـا بەشـی سیاسـی و ئەفسـەرە شـارەزاکانی دیکـەی تایبـەت بـە دەوڵەتانـی باکـووری ئەفریقیـا و عەمیـد ئاریـە شـالیڤ، سـەرۆکی هۆبـەی تۆژینـەوە، لـە نهۆمێکـی دیکـەی بـارەگای فەرماندەیـی گشـتی سـوپا بـوون.

لـە سـەرەتای نیسـانی ١٩٧١دا، مائیـر بانگـی نووسـینگەی شـالیڤ کـرا، لـەوێ یاریڤـی بینـی لەگـەڵ شـالیڤ دانیشـتووە و کۆڵۆنێل شـموئیل شـیفەر، فەرمانـدەی هەواڵگـری هێـزی ئاسمانیشـی لەگەڵدایـە، کاتـی بـە فیـڕۆ نـەدا، یەکڕاسـت بەرچاوڕوونییەکـی گشـتی لەبـارەی سـەرچاوە نوێیەکـەی مۆسـاد کـە لـە مـسری چانـدووە بـۆ مائیـر خسـتەڕوو. یاریـف نـاوی سـەرچاوەکەی ئاشـکرا نەکـرد، بـەڵام مائیـر لـە میانـەی زانیارییەکانـی وەریگرتبـوون، بـەو ئەنجامـە گەیشـتبوو کـە سـەرچاوەیەکی ناوازەیـە و کەسـێکە دەتوانـێ دەسـتی بـە زانیارییـە سـەربازی و سیاسـییەکان و پەیوەندییەکانـی نێـوان مـسر و سـۆڤیەتیش بـگات. هەروەهـا گوتـی، متمانـە پێکردنـی زانیارییەکانـی سـەرچاوەکە، هێشـتا لـە مەحەکـن و بـە مائیریشـی ڕاگەیانـد،

مۆساد بـۆ دیـداری داهاتـوو لەگـەڵ بەکرێگیراوەکـە، ڕەزامەنـدی لەسـەر پەیوەندیکردنـی نوێنەرێـک لـە هەواڵگری سـەربازی دەربڕیـوە. هەروەهـا مائیـر، لـە مەبەسـتی ئامادەبوونـی سـەرۆکی هەواڵگـری هێـزی ئاسـمانیی تێگەیشـت کـە یەکێـک لـە هێـزی ئاسـمانیش بەشـداری کۆبوونەوەکـە دەبێـت.

یاریـف بـە داواکارییـەک لـە مائیـر قسـەکانی بڕانـدەوە کـە ڕاسـتەوخۆ بچێتـە فەرماندەیـی مۆسـاد، چونکـە لـەوێ بـەر لـە سـەردانەکەی بەیانـی ڕۆژی داهاتـوو بـۆ لەنـدەن، ڕاڤەیەکـی ئەرکەکـەی وەردەگرێـت. جگـە لـە ئامانجـی کۆبوونـەوە بەرهەمدارەکـە، لـە ڕوانگـەی بۆچوونـی هەواڵگـری سـەربازییەوە لەگـەڵ بەکرێگیراوەکـە، ئامانجـی سـەرەکی کۆبوونەوەکـە، سـوود وەرگرتـن بـوو لـە شـارەزایی مائیـر لـە کاروبـاری مـسر، لەپێنـاو وەرگرتنـی وەڵامـی دوو پرسـیاری جـودا:

یەکـەم، ئایـا سـەرچاوەکە، دروسـتە و تەڵـە نییـە؟ دووەم، ئایـا ئـەو بـە ڕاسـتی دەسـتی بـەو زانیاریانـە دەگات کـە بانگەشـە دەکات دەتوانـێ دەسـتی پێیـان بـگات؟ بـۆ وەڵامدانەوەشـیان، بـەر لـە ڕۆیشـتنی بـۆ لەندەن، دەبـوو مائیـر لیسـتێکی تێروتـەژی تایبـەت بـە پرسـیارەکان ئامـادە بـکات.

مائیـر بـەو هەمـوو شـتانە هیـچ مەندەهـۆش نەبـوو، لەوکاتـەی ئـەو پۆسـتەی وەرگرتبـوو، چەندینجـار بـە مەبەسـتی بینینـی ئـەو مسرییانـەی خزمەتگوزاریـان بـۆ هەواڵـگری ئیسرائیلی دەخسـتەڕوو، سـەردانی دەرەوەی کردبـوو. ترسـی هـەرە گـەورە ئـەو ئەگـەرە بوو، نەبـادا ئـەو دەرگـە لێدەرانە بەکرێگیـراوی دووسـەرە بـن، باشـترین ڕێگـەش بـۆ لێکۆڵینـەوە کـردن لـەو ئەگـەرە، ناردنـی شـارەزایەک بـوو، بۆئـەوەی گفتوگـۆی درێژیـان لەگەڵـدا بـکات، تـا بەهۆیـەوە مـەودای هاوتابوونـی زانیارییەکانـی بـۆ ڕوون بێتـەوە کـە ئایـا ئـەوەی خۆبەخـش دەیڵێـت و ئـەو هـۆکارەی پاڵـی پێوەنـاوە ناپاکی

لـە وڵاتەکەیـدا بـکات، دروسـت و ماقووڵـن؟ لەوانـەش گرنگـتر، ئـەو جـۆرە گفتوگۆیـە وا لـە کەسـی شـارەزا دەکات، ڕاسـتەوخۆ بۆچوونـی تایبەتـی خۆی لەبـارەی بەهـای شـیمانەکراو پێکبهێنـێ کـە سـەرچاوەکە پێشکەشـی دەکات.

وێـڕای ئەزموونـی مائیـر لەگـەڵ دەرگـە لێـدەرە مسرییەکانـەوە، بـەڵام لەوەیانـدا شـتێکی جـودا هەبـوو، ئاخـر، پەلەکـردن و بەشـداری خـودی سـەرۆکی هەواڵگـری سـەربازی و جۆرایەتـی زانیارییەکانـی سـەرچاوەکە پێشکەشـی کردبـوون، هەمـووی بەسـەریەکەوە ئامـاژەن بـەوەی کەسـەکە لـە پێگەیەکـی تـەواو جـودا دایـە.

لـە تـەک ئـەو پرسـیارە پیشـەییانەوە، بـەڵام بابەتێکـی دیکـە هەبـوو کـە مائیـر نەیدەتوانـی لـە مێشـکی خـۆی وەدەری بنـێ، ئەویـش جەژنـی پاسـئۆڤەری جـووان بـوو کـە تەنیـا هەفتەیەکـی مابـوو. ئاخـر، ئەگـەر مائیـر بـۆ ئامادەکارییەکانـی ئـەو جەژنـە لـە مـاڵ نەبێـت، گیتـای هاوژینـی هەرگیـز لێیخـۆش نابێـت، بـەڵام دەبـوو ئـەوە لـە هـزری خـۆی دەربـکات، لەبەرئـەوەی هەنووکـە وەک سـەرۆکی هەواڵگـری هێـزی ئاسـمانی ئیسرائیل قسـە دەکات و بـە مائیـری گـوت، لەبەرئەوەی بەشـێکی زۆر لـە زانیارییەکان کـە لـە لایـەن سـەرچاوەکەوە ڕادەسـتکراوە، بـە هێـزی ئاسـمانی مـسر و دەسـتەبەرەکەی یەکێتـی سـۆڤیەت پەیوەسـتە، بۆیـە دەبـێ نوێنـەری هەواڵگـری هێـزی ئاسـمانی ئیسرائیـل بێتـە نـاو کۆبوونەوەکـە و پەیوەندیتان پێـوە بـکات.

لەوکاتـەی مائیـر ئـەو پۆسـتەی وەرگرتبـوو، ڕێچکەکـە چەندینجـار لـە نووسـینگەی یاریڤـەوە بـە بـارەگای سـەرەکی مۆسـاد ڕەتببـوو، ئیـدی بەوشـێوەیە بـەرەو باکـوور، بـارەگای فەرماندەیـی گشـتی سـوپای جێهێشـت، تـا گەیشـتە لای دەرگای ئوردوگاکـە و گەیشـتە لای ناوەنـدی پاسـەوانەکان کـە لـە گۆشـەی شـەقامی مەلیـک شـائۆڵ لـە تەلئەڤیـڤ هەڵکەوتبـوو، دواتر

بـەرەو چـەپ ڕۆیشـت. لەمـاوەی پێنـج خولەکـدا، گەیشـتە چوارڕیانـی مەلیـک شـائوڵ و گومبـوو. باڵەخانە خۆڵەمێشـییەکەی گۆشـەکە، کـە ئەوکات یەکێـک لـە باڵەخانـە بەرزەکانـی تەلئەڤیـڤ بـوو، بەنـاوی دیـواری بێدەنـگ (Hadardafna) ناسراوبـوو، تەنیـا چەنـد کەسـێکی کـەم دەیانزانـی کـە بـارەگای فەرمانـدەی مۆسـادی لێیـە. مائیـر بـەرەو لای ڕاسـتی باڵەخانەکـە ڕۆیشـت و چەنـد پێبیلکەیـەک دابـەزی، دواتـر پلـی بـە دوگمـەی ئامـرازی پەیوەنـدی ناوخـۆوە نـا، پاسـەوانەکە ناسـیەوە کـە پێشـتر لـە ئامادەبوونـی ئـاگادار کرابـۆوە. سـەرۆکی لقـی شـەش لـە هۆبـەی تۆژینـەوە، ناسـنامەی سـەربازی خـۆی جێهێشـتبوو و لەبـری ئـەوە کارتـی میوانانـی هەڵگرتبـوو، دواتـر چـووە نـاو ئـەو ئەسانسـۆرە تەنگـە کـە بـە نووسـینگەی زامیـری لەسـەرەوە دەگەیانـد.

چـوار کـەس لـە نووسـینگەی سـەرۆکی مۆسـاد دانیشـتبوون، مائیـر لەوکاتـەوە زامیـری دەناسـی کـە لـە فەرمانـدەی ناوچەی باشـوور ئەفسـەری هەواڵگـری فەرماندەیـی بـوو. لـە سـەرەتای شەسـتەکانەوە پەیوەنـدی نێـوان ئەفسـەرانی هەواڵگـری تۆکمـە و نـا فەرمـی بـوو، زیاتـر لـە جارێـک مائیـر و هاوژینەکـەی میوانـی ماڵـی زامیـر بوونـە. کەسـی دووەم، ڕیهاڤـا ڤـاردی بوو کـە ئەویـش بـۆ مائیـر کەسـێکی نـاسراو بـوو، هەروەهـا مائیـر لـە بەشـی کۆکردنـەوەی بەکرێگیـراوان لـە هەواڵگـری سـەربازیدا کاری دەکـرد. کاپـتن یۆئـاڤ دایاگـی لـە هەواڵگـری هێـزی ئاسـمانی هێـزی ئاسـمانی ئیسرائیـل ئەفسـەری ڤەکۆڵـەر بـوو کـە لـە هێـزی ئاسـمانی مـسر بەرپرسـیار بـوو، ڕۆژانـە مائیـر کاری لەگەڵیـدا هەبـوو، کەسـی چـوارەم ناهیـک ناڤوتـی سـەرۆکی سـتافی زامیـر بـوو.

پشـتی چەنـد دەمەتەقێیـەک، ڤـاردی پوختەیەکـی بـۆ هـەر یـەک لـە مائیـر و دیاگـی باسـکرد، بـەڵام هەمـوو شتێکیشـی ئاشـکرا نەکـرد، لـەو

پوختەیـەی بـۆی درکانـدن، ڕوونبـوو کـە سـەرچاوە نوێیەکـە پێگەیەکـی ماقوولـی هەیـە، هەروەهـا باسـی چۆنیەتـی پەیوەندیکردنـی فریشـتە نوێیەکـەی بـە باڵیۆزخانـەی ئیسرائیلـەوە بـۆ کـردن کـە چـۆن خەریکبـوو دەرفەتەکـە لـە دەسـت دەرچێـت، هەمدیـس باسـی یەکـەم دیـداری ئـەو و دوبـی بـۆ کـردن کـە لـە هوتێلێکـی لەنـدەن ئەنجامـدرا. ڤـاردی بـە کەمێـک ڕاڕاییـەوە گوتـی: «سـەرچاوەکە، سـەرچاوەیەکی ئاسـایی نییـە، ئـەو نـە ئەفسـەری سـوپایە، نـە دیپلۆماتـکارە. ئێمە لە ڕابـردوو کەسـانی لەوجۆرەمان هەبـووە، لـە ئایندەشـدا دەمانبێـت، سـەرچاوەکە زۆر لـە سـەرۆک نزیکـە، چ بەهـۆی پۆسـتەکەی، چ بەهـۆی پەیوەنـدی خێزانییـەوە، بـەڵام لـەوە زیاتـر وردەکاری پـێ نـەدان، لـێ دڵنیـای کردنـەوە، بەرلـەوەی لەگەڵـی کۆببنـەوە، دوبـی وردەکاری زیاترتـان لەبـارەی ئـەو و ناسنامەکەشـیەوە دەداتـێ. هـەردوو سـەربازەکە بـاش لـە هەڵسـوکەوتی ڤـاردی تێگەیشـتن، دیسـان لـە هەواڵگـری سـەربازی و مۆسـادیش، پرەنسـیپێکی سـەرەکی هەبـوو، ناکـرێ زانیارییـەکان لـە حاڵەتـی زۆر پێویسـت نەبێـت بـە بنکـە بدرێـت، نەخاسـمە ئـەوان لەبـەر ئەنجامدانـی کارێکـن لـە وڵاتێکـی بیانیـدا، تەنانـەت بـا هاوپەیمانیـش بێـت، بـەڵام ئەگـەری دەسـتگیرکردن و لێپرسـینەوەیان لـە ئارادایـە، بۆیـە چەنـدی زانیـاری کەمتریـان بزانیبـا، ئەوەنـدە زەرەرەکـە سـووکتر دەبـوو.

زامیـر بـە پێدانـی هەنـدێ ڕێنمایـی تایبـەت بـە کردەکـە کۆتایـی بـە کۆبوونەوەکـە هێنـا. بڕیاربـوو ئـەوان سـەر لەبەیانـی ڕۆژی دووشـەمە بـە گەشـتی هێـزی ئاسـمانی ئیسرائیـل (ئەلئـای) بـەرەو فڕۆکەخانـەی هیـرۆ بفـڕن. لـە دەرەوە لەسـەر مێـزی ناڤـۆت پاکەتێـک کـە پاسـپۆرت، تیکتـی فڕۆکـە و گیرفـان پوڵـی گەشـتی تێدابـوو، لـە چاوەڕوانیاندابوو. وا چـاوەڕوان دەکـرا بـە ماوەیەکـی کـەم لـە گەیشـتنیان، کۆبوونەوەکـە بکرێـت، بـەڵام ئەگـەری گۆڕانکاریـی دوا سـاتیش لەبەرچـاو گیرابـوو، ئەگـەر مانەوەشـیان

درێــژەی کێشــا، دەتوانــن لــە وێســتگەی مۆســاد لــە لەنــدەن خەرجــی وەربگــرن.

دوا خاڵـی ڕێنماییەکـە بـۆ مائیـر بـاش نەبـوو، هەرچەنـدە لـە ڕابـردوو، بـە مەبەسـتی کۆبوونـەوە لەگـەڵ سـەرچاوەکان، گەشـتەکانی مۆسـاد بـۆ لەنـدەن بـە زۆری دوو ڕۆژ، یـان ئەوپـەڕی سـێ ڕۆژی دەویسـت، بـەڵام پێدەچـوو، ئەمجـارە جـودا بێـت و جەژنـی پاسـئۆڤەریش لـە سـەروبەنددا بـوو. کاتێـک لەسـەر ڕۆیشـتن بـوو، ئـاوڕی لـە زامیـر دایـەوە و گوتـی: «زڤیـکا، ئەگـەر بـۆ جەژنـی پاسـئۆڤەر نەگەڕێمـەوە، گیتـا سـەرم دەخـوات». زامیـر بـە زەردەخەنـەوە گوتـی: «تـۆ بایـەخ بـە کاری فریشـتەکە بـدە، مـن بایـەخ بـە کاری گیتـا دەدەم».

مائیـر و دیاگـی گەڕانـەوە ئۆفیسـەکەیان و دەرگایـان لەسـەر خۆیـان گاڵـەدا، چونکـە لەسـەریان پێویسـتبوو، ئـەو دۆسـیە ئەسـتوورەی وەریـان گرتبـوو تەتەڵـە بکـەن کە بـێ ژمارە پارچـە دۆکیومێنتـی تێدابوو، هەمووشـی لـە ڕێگـەی سـەرچاوەی مرۆیـی و تەکنیکییـەوە کۆکرابوونـەوە، ئەوانیـش دۆکیومێنـی چاپکـراو و ئەو ڕاپۆرتە هەواڵگریانەی لەخـۆ دەگرت کە لە لایەن حکومەتـە هاوپەیمانەکـەوە هاتبـوون. بەرمەبنای هەموو ئەمانە، لیسـتی ئەو پرسـیارانەیان دانا کە لە فریشـتەکەی دەکەن. هەرچەندە کات گوشـاری لێیان دەکـرد، بـەڵام ئـەوەی ئاسـانکاری بـۆ ئەرکەکەیـان کـرد، ئـاگاداری باشـیان لە مژارەکـە و ئەرشـیفی لقی شەشـی هۆبـەی تۆژینـەوەی هەواڵگری سـەربازی و ئەرشـیفی هەواڵگـری هێـزی ئاسـمانی بوو کـە چەنـدان تۆماری(فۆڵدەری) پـڕ لـە پرسـیاری دادگایـان لـە خـۆ دەگرت کە لـە سـەرچاوەی دی و ئاژانسـی دیکـە کرابـوون، تایبـەت بەوانـەی هەواڵگـری ئیسرائیلـی، بـۆ چەندیـن سـاڵ لەگەڵیانـدا هاوکاری کـردووە.

بـۆ ئێوارەکـەی مائیـر گەیشـتەوە ماڵـێ کـە ماڵەکـەی لـە هۆڵـۆن بـوو،

کاتێـک جانتـا بچووکەکـەی ئامادەکـرد، بـە هیـوای ئـەوە بـوو گەشـتەکەی لـە چەنـد ڕۆژێـک زیاتـر درێـژە نەکێشـێ و لەگـەڵ هاوژینەکـەی بەشـداری جـەژن بێـت، بـۆ بەیانـی ڕۆژی داهاتـوو، ئۆتۆمبیلێکـی سـەر بـە مۆسـاد هـات و لـە ماڵـەوە هەڵیگـرت کـە دیاگیـش لەناویدابـوو. پـاش دوو کاتژمێـر بـە فڕۆکـەی بۆینگـی ٧٠٧ بـەرەو لەنـدەن بەڕێکەوتـن.

فڕۆکەخانـەی هیـترۆ، لـە ناوەڕاسـتی ڕۆژانـی دووشـەمە مەیلـەو چـۆڵ بـوو و ڕیـزی بـەردەم مێـزی گەیشـتووەکان درێژ نەدەبـوو، هەرچەنـدە ئەوە چوارەمینجـار بـوو، مائیـر مائیـر بـە پاسـپۆرتی پزیشـک سـەردانی بەریتانیـا بـکات کـە مۆسـاد بـۆی دروسـت دەکـرد، بـەڵام هەمووجـار ناڕەحـەت دەبـوو، نەبـادا ئەفسـەرەکە بیداتـە بـەر پرسـیاران، ئەمجـارە ئەفسـەرەکە کەسـێکی زۆر بـە ئـاکار بـوو، کەسـێکی بەدگومانیـش نەبـوو، لەبەرئـەوەی هێشـتا تیـرۆری نێودەوڵەتـی دەسـتی لـە شانشـینی بەریتانیـا نەوەشـاندبوو، ئەفسـەرەکە پاسـپۆرتەکەی بـۆ مۆرکـرد و پـاش دوو خولـەک مائیـر پەڕیـەوە، دیاگـی لـە چاوەڕوانیدابـوو. هەردووکیـان جانتاکانیـان هەڵگـرت و بـەرەو تابڵـۆی پەیامـی فڕۆکەخانـە ڕۆیشـتن. بـەر لـە پەیدابوونـی مۆبایـل و ئامـرازی بانگکـردن، زۆربـەی فڕۆکەخانـەکان تابڵـۆی گەورەیـان هەبـوو، خەڵکـی دەیانتوانـی پەیامەکانـی خۆیـان لـەوێ جێبهێڵـن، ئـەوان تابڵۆکەیـان سـکان کـرد کـە بەپێـی دوا نـاوی وەرگـر ڕێکخرابـوو، نامەیەکیـان بـەو نـاوە بینـی کـە لەسـەر پاسـپۆرتەکەی مائیـر هەبـوو. دیـارە پێـش ماوەیەکـی کـورت، کارمەندێکـی مۆسـاد هاتـووە و بـە دەسـتخەت تێبینییەکـی جێهێشـتبوو، ئەوانیـش دوای ڕێنوێنیەکـە کەوتـن و تاکسـیەکیان گـرت و گەیشـتنە ئەدرێسـەکە کـە لـە ناوەڕاسـتی لەنـدەن بـوو، گەشـتەکەیان کەمـتر لـە کاتژمێرێـک بـوو، پـارەی تاکسـیاندا و سـەد مەترێـک ڕۆیشـتن و لـە دەرگەیەکیانـدا.

پیاوێکـی باڵابـەرزی تەمـەن ناوەڕاسـتی سـییەکان وەڵامـی دانـەوە کـە پیاوێکـی ڕوخسـار جـوان، باریکەڵـە، پـرچ قاوەیـی، چـاو شـین و زار نـەرم بــوو. دوبــی پێشــبینی هاتنیانــی دەکــرد، یەکســەر فەرمــووی ژوورەوەی لێکردن و دەسـتی بـە ئامادەکردنـی قـاوە کـرد. کاتێـک فنجانـی قاوەکەیـان لەنـاو دەسـت بـوو، بـە درێـژی باسـی چیرۆکـی فریشـتەکەی بـۆ کـردن.

مائیـر هەرگیـز گوێبیسـتی نـاوی ئـەشرەف مـەروان، یـان باوکـە پلـەدارە ســەربازەکەی نەبــوو، دوای ئــەو ڕوونکردەوەیــە، وێــڕای لێکۆڵینــەوە تەژییەکانــی لەبــارەی نــاو و وردەکاری زۆربــەی ئەفســەرە بــاڵاکان و فەرمانـدەی یەکەکانـی سـوپای مـسر، بـەڵام گاردی کۆمـاری جێـی بایەخـی نەبـوو، چونکـە پێشـینەی هـەرە لـە پێشـی لقـی ٦، هەوڵـدان بوو بۆ ئـاگادار بــوون لــە هێــزی شــەڕکەری مــسر کــە ڕەنگــە لــە شــەڕی دادێــدا هێــزی بەرگـری ئیسرائیـل ڕوبـەڕووی ببێتـەوە. بـە گشـتی ئەرکـی گاردی کۆمـاری پاراسـتنی دەزگا هەسـتیارەکانی قاهیـرە و ڕژێـم و دابینکردنـی ئاسایشـی گەشــتەکانی ســەرۆک بــوو، ئەوانــەش کەمــتر جێــی بایەخــی هەواڵگــری ســەربازی بــوون، چونکــە ژیانــی تایبەتــی نــاسر و ســادات جێــی بایــەخ نەبـوون و زیاتـر وەک گوتەگـوت دەیبینـی. مائیـر زیاتـر پەرۆشـی ئەوەبـوو، بزانێـت نـاسر چـۆن بیـر لـە سـۆڤیەت دەکاتـەوە، تـا لـە زاواکـەی. مائیـر بـۆ هەڵسـەنگاندنی گرنگـی کەسێکی وەکـو مـەروان زانیارییەکـی فرەوانـی لەبـارەی کولتـوور و نۆرمـی مـسر هەبـوو. تەنانـەت ئەگـەر پۆسـتەکەی لـە نووسـینگەی سـەرۆک لاوەکیـش بێـت، بـەڵام لەباریـدا هەبـوو دەسـتی بـەو دۆکیومێنتانـە ڕابـگات کـە سـەرچاوەکانی دیکـەی مـسر خەونیشـیان پێـی نەدەبینـی. لـە ڕاسـتیدا مائیـر پەسـت و غەمگیـن بـوو.

هــاوکات نزیکبوونــە لەناکاوەکــەی مــەروان لــە مۆســاد، جۆرێــک لــە ئاگایــی لــە کــن مائیــر چــێ کردبــوو. ئاخــر مسرییــەک، هێنــدە

لەنـاو ڕاڕەوەکانـی دەسـەڵات بێـت و ئاسـۆش لـە پێشـی کـراوە بێـت، هەنگاوێکـی وا دراماتیـک باوێـت و پەیوەنـدی بـە باڵیۆزخانـەوە بـکات، هەوڵیـش بـدات لەگـەڵ هەواڵگـری ئیسرائیـل کۆبێتـەوە، ئەمانـە هـەر وا بـە ئاسـانی هـەزم ناکرێـت و قـووت نادرێـت. ڕاسـتە مۆسـاد لـە مـاوەی سـاڵانی ڕابـردوودا، چەندیـن کەیسـی وای بینیـوە، بـەڵام پرۆفایلـی مـەروان شـتێکی جـودا بـوو. ڕاسـتە مۆسـاد لێکۆڵینـەوەی هێـژای لـە سـەرچاوە نوێیەکـە کردبـوو، بـەڵام وەک پیشـەگەرێکی بـاڵا لەگەڵـی کار دەکات، ئەگـەر پێویسـت بـکات، ئەنجامدانـی لێکۆڵینـەوەی مایکرۆسـۆبی بـۆ تێگەیشـتن لـە هەقیقەتـی ئەمـە، بـە ئەرکـی خـۆی دەزانـێ. ئـەو پێشـتر لەگـەڵ چەندیـن بـە سـەربازگیراوی دیکـە کۆبووەتـەوە و لەوبـارەوە ئەزموونێکـی دەوڵەمەنـدی هەیـە، مـسرش بـاش دەناسـێ، بۆیـە خـۆی بـە کەسـێکی گونجـاوی ئـەو ئەرکـە هەژمـار دەکـرد.

مائیـر کەمـتر بـە هەواڵەکانـی دواتـری دوبـی بەجۆشـبوو. لەبەرایـی هەموویانـەوە، کۆبوونـەوە لەگـەڵ مـەروان بـۆ ڕۆژی دادێ دانەنرابـوو کـە لـە بنەڕەتـەوە پلانـی بـۆ داڕێژرابـوو. دوبـی ئـەوەی بـۆ ڕوونکردنـەوە کـە پیاوەکـە بـە کردەنـی هاتـە لەنـدەن، بـەڵام لەنـاکاو بـۆ چەنـد ڕۆژێـک بەرەو ڕۆمـا ڕۆیشـت و گوتـی: «ئێمـە کۆنترۆڵـی باشـمان بەسـەر جموجۆڵەکانیـەوە نییـە، ئـەو دەزانـێ ئێمـە هەمـوو شـتێک دەکەیـن، بۆئـەوەی لـە دەرەوە بمێنێتـەوە، بۆیـە ناتوانیـن پێـی بڵێیـن کە پێویسـتە چ بکات» هەروەها باسـی لـە کێشـەیەکی دیکـەش کـرد کـە بەر لـە ڕۆژێک مـەروان پێـی ڕاگەیانـدووە، لـە ژێـر هیـچ بارودۆخێکـدا، ناخـوازی لەگـەڵ هیـچ ئیسرائیلیـەک کۆبێتـەوە، جگـە لـە سەرپەرشـتکارەکەی. دوبـی ڕوونیکـردەوە کـە مەسـەلەکە هەنـدێ کاتـی دەوێـت، تـا لـە میانـەی پەرۆشـی سـەلامەتی ئـەو لـە لای ئیسرائیـل، متمانـەی تـەواوی مـەروان بونیـاد بـنرێ، چونکـە هەمیشـە لـە ژیانـی خـۆی دەترسـێت، بۆیـە خـۆی بـۆ ئیسرائیلـی دیکـە ئاشـکرا نـاکات و دەترسـێ

ببێتـە هـۆی ئـەوەی ڕادەسـتی مسرییەکانـی بکـەن. کاتێـک دوبـی پێـی گـوت کـە دوو ئیسرائیلـی دیکـەی شـارەزا لـە کاروبـاری سـوپا و هێـزی ئاسـمانی مـسری بەشـداری کۆبوونـەی دواتریـان دەبـن، بەلێبڕاوانـە ڕەتـی کـردەوە.

ئـەم گرفتـە نـوێ نەبـوو، ڕەتکردنـەوەی مـەروان بـەوەی ناتوانـێ لەگـەڵ کەسـێکی دی کۆبێتـەوە، بێجگـە لـە دوبـی، دوا حەلقـەی ڕەتکردنـەوەکان نەبـوو کـە سەرپەرشـتکارەکان مۆسـاد تووشـی دەبـوون. ئـەم حاڵەتـە، بەتایبەتـی بەرانبـەر بـە هـەر بەکرێگیراوێـک کـە گومانـی بەکرێگیـراوی دووسـەرەی لەسـەر هەبێـت، تەنیـا گومانـەکان زیـاد دەکات. مـەروان دەیزانـی ئیسرائیلییـەکان هیـچ ئاڵتەرناتیڤێکـی دیکەیـان نییـە، چونکـە بڕێـک کارتـی باشـی بەدەسـتەوەبوو، ئەویـش تەنیـا بـۆ زیادکردنـی کرێکـەی گەمـەی پـێ نەدەکـردن، بەڵکـوو ئەوپـەڕی هەوڵـی بـۆ پاراسـتنی سـەلامەتی خۆشـی دەدا.

لـە نێـوان ئـەم گەمـە چرووکـەی نێـوان سەرپەرشـتکار و بەکرێگیـراودا، مۆسـادیش چەنـد کارتێکـی کەمـی بـە دەسـتەوە بـوو. دوبـی پێشـتر متمانـەی مەروانـی بەدەسـتهێنابوو. وەک ئـەوەی لەگـەڵ زۆر کارمەنـد و بەکرێگیراوانـدا جۆرێـک لـە پەیوەنـدی دروسـت دەبێـت، بەکرێگیـراو هیـچ بژاردەیەکـی دیکـەی نییـە، تەنیـا پێدانـی متمانـەی تـەواو نەبێـت بـە سەرپەرشـتکار. ئەمـەش وای لـە مـەروان کردبـوو، بـە تـەواوی پشـت بـە حوکمەکانـی دوبـی ببەسـتێ. بـێ لـەوەش، مۆسـاد بـە پیلـی پێنـان پـارەی دابوویـە مـەروان، کڕیارەکـەش لەبەرانبـەر ئـەوەی دەیـدا، مافـی هەمـوو داواکارییەکـی هەبـوو، دواجـار، لەوسـاتەی مـەروان دەسـتی بـە فرۆشـتنی نهێنییەکانـی وڵاتەکـەی بـە هەواڵگـری ئیسرائیـل کردبـوو، ئـەوەی دەزانـی کـە ناتوانـێ بەرانبـەر کەسـانێکی سـەر زەوی بـە سـوودی کەمـتر دەرکـەوێ،

لەبەرئـەوەی دەزانـن چـی لەسـەرە بۆیـان بـکات. سـەرەڕای هەمـوو ئەوانـە، دوبـی هێشـتا گوشـاری لـە مائیـر و دیاگـی دەکـرد، ئەگـەر مـەروان ملـی نـەدا، دەبـێ ئـەو بەتەنـێ لەگەڵیـدا بـەردەوام بێـت و هێـزی بەرگـری ئیسرائیلیـش بەمـە ڕازی بێـت. چونکـە ناکـرێ ڕیسـک بـە لەدەسـتچوونی شـتێکی وەهـا بەهـاداری وەک فریشـتەکە بکرێـت.

ئـەوەش گرفتێکـی گـەورە بـوو، هیـچ چارەسـەرێکی نزیـک مـەوداش لـە ئاسـۆدا دیـار نەبـوو، بـەڵام دووبـارە، کێشـەیەکی دیکـە لـە هـزری مائیـردا گینگڵـی دەدا. دوبـی فەرمانەکانـی ئیسرائیلـی پێڕاگەیانـدن کـە دەبێـت مائیـر و دایاگـی، لـە لەنـدەن بمێنێنـەوە، تـا مـەروان دەگەڕێتـەوە. ئەگـەری ڕوودانـی ئـەوە لـە پێـش جەژنـی پاسـئۆڤەر زۆر لاواز بـوو، بۆیـە جێـی پەژارەبـوو، بـەڵام لایەنێکـی درەوشـاوەش هەبـوو، چونکـە دوبـی پێیانـی ڕاگەیانـد، تـا ئەوکاتـەی لـە لەنـدەن دەمێننـەوە، چتـان پـێ خۆشـە بیکـەن و بـێ دڵـی خۆتـان مەکـەن، لـە سـنووری ئـەو بودجەیـەی بۆیـان مەیسـەر کـراوە. تاکـە پابەندبوونیـان ئەوەبـوو، بـە بەکارهێنانـی تەلەفۆنـی گشـتی، ڕۆژێ دووجـار چێکـی تەلەفـۆن بکەنـەوە، جارێـک کاتژمێـر نـۆی بەیانـی، جارێکـی دیکـە کاتژمێـر پێنجـی ئێـوارە. ئـەو کەسـەی وەڵامیـان دەداتـەوە، ئەگـەر گۆڕانکارییـەک هاتبێتـە ئـاراوە، پێیـان ڕادەگەیەنـێ.

بەمشـێوەیە کۆڵۆنێـڵ مائیـر مائیر و کاپـتن یۆئاڤ دایاگی، لـە چاوەڕوانیدا دوو هەفتـەی دیکەیـان لـە لەنـدەن بـە سـەربرد. بەمـەش ڕێچکـەی هەردوو پارکـی هایدپـارک و سـانت جێمـس، تـەواوی کۆڵانەکانـی گەڕەکـی مێیفێـر و بێڵگراڤیـا و یانـە شـەوانەکانی شـەقامی کینگـز کـە ئەوکاتـە لـەو شـەقامە مشـە بـوون، هەروەهـا خواردنگـە چینییەکانـی سـۆهۆی نزیـک سـێرکی پیکادلییـان تـەی کـرد، تەنانـەت پاسـەوانەکانی مۆزەخانـەی بەریتانـی و پێشـانگای تیتیـش، زۆر بـاش دەموچاویـان دەناسـییەوە. هەمـوو بەیانیـەک و

پاش نیوەڕۆیەک زەنگیان بۆ ئەو ژمارە تەلەفۆنە دەکرد کە دوبی پێی دابوون، بەمەش بۆیان دەردەکەوت کە هیچ گۆڕانکارییەک لە ئارادا نییە، هەر ئەوەیان لە دەست دەهات، هەر چەند ڕۆژێک جارێک لە تەلەفۆنی گشتییەوە ( a pay phone) پەیوەندی بە ماڵەوەیان بکەن و بە پەلەپروزێ چەند قسەیەک لەگەڵ ئازیزانیان بکەن، دواتر ڕۆژی هەینی و جەژنی پاسئۆڤەری بەسەردا هات. زیڤی قسەی خۆی بردە سەرێ و پەیوەندی بە گیتاوە کرد، تا پێی بڵێ هاوسەرەکەی زۆر باشە، بەڵام ناتوانێ بۆ جەژن بگەڕێتەوە ماڵ و بەشداریان لەگەڵدا بکات.

دواتر لە سەرەتای سێیەم هەفتەی مانگی نیسان‌دا، لەبەری دیکەی هێڵەکەدا گوێیان لە دەنگێکی جیاواز بوو و گوتی: «ئەمڕۆ ڕۆژی دیدارە دیارەکەیە».

شەوی پێشتر دوبی چاوی بە مەروان کەوتبوو کە تازە لە ڕۆما گەڕابوویەوە و لەوێ چاوی بە ئەندامێکی باڵای ڕژێمی لیبیای عەقید موعەمەر قەزافی کەوتبوو. لە ڕۆما گفتوگۆی دامەزراندی کۆمپانیایەکیان کردبوو کە مسر بتوانێ بەسەر ئەو ئابڵۆقە چەکە پێچ بکاتەوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا خستبوویانەتە سەر لیبیا. لە دیدارەکەدا دوبی پێی ڕاگەیاندبوو کە دوو ئەفسەری هەواڵگری ئیسرائیلی لە لەندەنن و چاوەڕێی دیدارت دەکەن. وەک ئەوەی پێشبینیکراو بوو، وەڵامی مەروان جارێکی دی، ڕەتکردنەوەیەکی لێبڕاوانەبوو، وەک پێشوو پاساوی نیگەرانی خۆی بەوە هێناوەیە، نەبادا بکەوێتە دەست هەواڵگری مسری، چونکە فرەوانکردنی بازنەکە، تەنیا زیادبوونی مەترسییەکانی لێ وەدیدێت. لێرە دوبی لەسەر ڕایەکەی خۆی پێداگر بوو، هەروەها بۆ ڕازیکردنی مەروان، گشت ئەو مانۆڕانەی بەکارهێنا کە فێریان ببوو. لە کۆتاییدا بە شێوازێکی یەکلاکەرەوە

گەیشـتن کـە مـەروان چـاوی بـە یـەک لـە ئەفسـەرەکان بکەوێـت، نـەک هەردووکیـان. بـە پێـی ئـەوەی بەرپرسـی هەردووکیـان بـوو، هەروەهـا بـە پێـی بەرپرسـیارەتیە فراوانەکەیـەوە، ڕوون بـوو کـە مائیـر بژاردەیـە، کەواتـە هـەر یـەک لـە دایاگـی و هەواڵگرەکـەی هێـزی ئاسـمانی، لـە دەرەوەی ئـەو بازنـە ئیسرائیلیـە بـوون کـە چاویـان بـە مـەروان دەکەوێـت.

ڕۆژی دواتـر، دوبـی لەگـەڵ مائیـر دانیشـت و تـەواوی پلانەکـەی ئێـوارەی خسـتە بەردەسـتی کـە دەچێتـە ئـەو باڵاخانـە بـەرزەی گەڕەکـی مەیفێـر، ئـەو نـاوەی لـە پاسـپۆرتەکەی نـووسراوە کـە مۆسـاد داویەتـێ بـە پاسـەوانەکە دەڵـێ و پاسـەوانەکەش کلیلێکـی وێـدەدات، لـە دەسـتە چەپیـدا ئەسانسـۆرێک دەبینـی و بـۆ نهۆمـی چـوارەم سـەرکەوە، دواتـر ئەپارتمانتێـک دەبینـی کـە ژمارەکـەی هاوتـای ژمـارەی سـەر کلیلەکەیـە، پـاش ئـەوەی دەچیتـە ژوورەوە، دەبـێ لـە ژووری نووسـتن چـاوەڕوان بـی، دوبـی و مـەروان پێکـەوە دەگـەن و لـە ژووری دانیشـتن گفتوگـۆ دەکـەن، لــە کاتێکــی گونجــاودا، دوبــی هەڵدەســتێ و بانگهێشــتی مائیــر دەکات، بۆئــەوەی بەشــداری دانیشــتنەکەیان بــکات.

وەک چـۆن نەخشـەی بـۆ داڕێژرابـوو، شـتەکان چوونەپێـش، مائیـر ئاسـودە دیاربـوو، پاسـەوانەکە لـە پێشـوازی گەیشـتنی بـوو، کلیلەکـەش کاری خـۆی کـرد. ئەپارتمانتێکـی دڵگیـر بـوو، بـەڵام مائیـر کاتـی خـۆی بـە تـەی کردنـی بـە فیـڕۆ نـەدا، یەکڕاسـت ڕووە و ژووری نووسـتن ڕۆیشـت و دەرگای لـە پشـت خۆیـەوە گاڵـەدا، لەسـەر کورسـییەکەی تەنیشـت تەختەی نووسـتنەکە ڕووینشـت، نیـو کاتژمێـر دواتـر گوێـی لـە سـیڕەی کردنـەوەی دەرگـەی پێشـەوە بـوو، هـەرزوو دەنگـی دوبـی ناسـیەوە کـە پیاوێکـی دیکەشـی لەگـەڵ دایـە. دوبـی پێکێکـی بـۆ میوانەکـەی تێکـرد، بـەڵام مائیـر نەیدەتوانـی گوێبیسـتی قسـەکانیان بێـت، لـێ زانـی کـە بـە زمانـی ئینگلیزی

دەدوێـن. دوای تێپەڕبوونـی چەنـد خولەکێـک، دوبـی لـە دەرگـەی ژووری نووسـتنی دا و داوای لـە مائیـر کـرد، بەشـداری دانیشـتنەکەیان بێـت. پێشـتر مائیـر لـە ڕێگـەی وێنـەوە مەروانـی بینیبـوو، سـەرەتا مەروانـی بـە گەنجێکی بـە فیـز و لـە خۆبایـی هاتەبەرچـاو. مـەروان پشـتی خـۆی بـە کورسـییەکە دابـوو و هـەردوو باسـکی شـۆڕکردبوونەوە، بـە دەسـتێک جگەرەیەکـی داگیرساوی هەڵگرتبـوو، بـە دەستەکەی دیکـەی پێکێـک وێسـکی. کاتێـک مائیـر دەسـتی بـۆ درێـژ کـرد و بـە ئینگلیزییەکـی ڕەوان گوتـی: «چۆنـی چاکـی» مـەروان تەنیـا دەسـتی گوشـی و لەبەریشـی هەڵنەسـتایەوە. پاشـان مائیـر لـە گێڕانەوەیەکیـدا، باسـی لەوەکـرد، مـەروان وەک سـیسرکەیەکی گـەورە وابـوو کـە بـە ژوور دەخولێتـەوە. لەبەرئـەوەی مائیـر ئەفسـەرێکی هەواڵگـری پـڕ ئەزمـوون بـوو، بـێ خـۆ شـێلوکردن لەسـەر کورسـییەکەی تەنیشـت مـەروان ڕوونیشـت. دوبـی تـا ئەوسـاتەش هـەر بـە پێـوە وەسـتابوو، دواتـر لەسـەر کورسـی مێـزی نانخـواردن دانیشـت و قەڵـەم و دەفتەرێکـی دەرهێنـا و لـە چاوەڕوانـی دەسـت پێکردنـی گفتوگـۆی نێوانیـان بـوو. بـە درێژایـی گفتوگۆیەکـە بەحـاڵ دەمـی کـردەوە، تەنیـا ئـەو شـتانەی یاداشـت دەکـرد کـە لـە نێوانیـان ئالوێـر دەکـرا.

لەبـەر دوو هـۆکار، سـەرۆکی لقـی ٦ی هەواڵگـری سـەربازی بڕیاریدابـوو، بـە پرسـیاری قـورس و لـە پێشـینە، دەسـت بـە گفتوگـۆ بـکات. یەکـەم تـا بـۆی بکـرێ، سـوود لـە دیدارەکـە وەربگرێـت و باشـترین و پـڕ وردەکاریتریـن زانیـاری لـێ هەڵێنجێـت. دووەم، لـە مـەروان بگەیەنـێ کـە پرسـیارکار، کەسـێکی شـارەزایە و بـاش مـسر دەناسـێت و شـارەزاییەکی باشـی لـە کاروبـاری سـەربازییەوە هەیـە و دەبـێ پرسـیارەکانی بـە جـدی وەربگیردرێـن کـە لـە پرسـیارە پێداگیرەکانـی ئەوکاتـی ئیسرائیـل بـوون، هەمووشـی پەیوەسـتبوو بـەو ئەگـەرە کـە لەوانەیـە شـەڕی مـسر لـە شـەڕی خوێنـاوی مەنگـەوە بـۆ پەلامـاری دوژمنکارانـە وەرچەرخێـت. ئـەوەی

لەبارەی پلانەکانی مسریان دەزانی، ئەوەبوو کە شەڕی خوێناوی لە بنەڕەتەوە بۆ نەرمکردنەوەی هێزە بەرگریکارەکانی ئیسرائیل بوو لە پێناو خولّقاندنی کەشێکی باشتر بۆ مسر، تا لە کەناڵ بپەڕێتەوە و هەوڵ بدات سینا بگێڕێتەوە. یەکەم پرسیار کە مائیر لە مەروانی کرد، پەیوەست بوو بە نیازی مسرەوە، مەروان بە متمانەوە وەڵامی دایەوە، بەڵام دووبارەکردنەوەی ئەو قسانە بوو کە پێشتر میدیای مسری بڵاوی کردبوونەوە کە ئامانجیان گرتنەوەی سینایە. کاتێک مائیر لە بارەی پلانی مسر بۆ بەدیهاتنی ئەو ئامانجە پرسیاری لە مەروان کرد، لە وەڵامدا مەروان گوتی: «ئێمە بۆ پەڕینەوە لە کەناڵەکە، پرد و پۆنتوون دروست دەکەین» و بەسەریدا دەپەڕینەوە. مائیر لەبارەی چۆنیەتی پەڕینەوەکە پرسیاری لێکرد و گوتی: «چۆن، ئایا ئێوە لە بیابانێک شەڕ دەکەن کە ئێمە لە ئاسماندا تێیدا باڵادەستین؟». مەڕوان وەڵامی دایەوە کە بە ڕوونی ئەمەی لە جەنەڕاڵەکان بیستووە، مسر بۆ هێرشکردن و لەکارخستنی بنکە ئاسمانییەکانی ئیسرائیل لە سینادا، لەو شەڕەدا فڕۆکە و مووشەکی زەوی بە زەوی بەکاردەهێنێت. مائیر لەسەر ئەو خاڵە وەستا و پرسیاری کرد: مسر چۆن دەتوانێ بنکە ئاسمانییەکانی ئیسرائیل لەکاربخات کە لە دەرەوەی مەودای مووشەکانیەتی؟ مەروان پەشۆکا و دواتر ئەوەی دووبارە کردەوە کە مائیر لە ژمارەیەک سەرچاوە بیستبووی: ئەگەر مسر شکست لە بەکارخستنی هێزی ئاسمانی ئیسرائیل بهێنێت، سۆڤیەت چەکی دژە فڕۆکەی پێشکەوتووی بۆ دەستەبەر دەکات، ئەمەش بوار بە مسر دەدات لە ژێر چەتری یارمەتییەکانی سۆڤیەت لە کەناڵەکە بپەڕێتەوە. دوای دەست گرتن بە یەکەم هێڵی کەناری ڕۆژهەڵاتی کەناڵەکەوە، بە مەبەستی فرەوانکردنی چەترەکە ڕووە و ڕۆژهەڵات، مووشەکی دژە فڕۆکە دەپەڕێنێتەوە سینا، بەمەش دەرفەت بۆ لەشکرکێشی هێزی پیادە دەڕەخسێت.

مائیـر بـێ وەرگرتنـی ڕێنوێنـی لەبـارەی چۆنیەتـی بەدواداچـون، گفتوگۆكانـی دەسـت پێكـرد، ئـەو ئەزموونێكـی دەوڵەمەنـدی لـە چالاكـی مۆسـاد هەبـوو، بـە پشـت بەسـتن بـە هەسـتەكانیەوە، بڕیاریـدا گفتوگۆكـە بـەرەو كارێكـی بەرهەمـدار ببـات، بۆیـە چەنـد جارێـك هەوڵیـدا بـە وردی بـۆ مەڕوانـی ڕوون بكاتـەوە كـە ئـەو پلانـەی مـسر بـۆ داگیركردنـی سـینا، هیـچ ژیرییەكـی تێـدا نییـە و پێشـتر بیسـتوویەتی. جارێكـی دی لەبـارەی چۆنیەتـی داڕشـتنی پلانـی جەنەڕاڵـەكان بـۆ وەلاتانـی باڵادەسـتی ئیسرائیـل لەهـەردوو ئاسـتی ئاسـمانی و پـڕ چەكیـدا، پرسـیاری لـە مـەروان كـردەوە و ئامـاژەی بـەوەدا كـە ئـەوەی بیسـتوویەتی لـە سـڵۆگان، نـەك پـلان زیاتـر نییـە. بەمـەش بـۆ مائیـر ڕوون بوویـەوە كـە مـەروان بیرۆكەیەكـی نییـە، مسرییـەكان چـۆن سـینا دەگێڕنـەوە، ئەمـەش یـان بـۆ بێئاگایـی لـە بوونـی وەهـا پلانێـك دەگەڕێتـەوە، یـان نەیتوانیـوە دەسـتی پێبـگات. هەروەهـا مائیـر دركـی بەوەشـكرد، وەڵام نەدانـەوەی مـەروان ڕەنگدانـەوەی ئەوانەیـە كـە بـە كردەنـی لـە مـسر دەگوتـران، تەنانـەت هێشـتا جەنەڕاڵـەكان خۆشـیان ڕێگەیەكیـان، بـۆ چارەسـەركردنی هەژموونـی ئاسـمانی و پـڕ چەكـی ئیسرائیـل نەدۆزیوەتـەوە.

هەمـوو هەوڵـی مائیـر بـۆ وەچنـگ كەوتنـی نەخشـەپلانی مـسر و هەڵسـەنگاندنی ڕاسـتگۆیی مـەروان بـوو، بۆیـە گاڤ ناگاڤێـك پرسـیارێكی فڕێـدەدا كـە خـۆی پێشـتر وەڵامەكـەی دەزانـی. بـۆ نموونـە: كـێ فەرمانـدەی فیرقـەی ٢١ی زرێپۆشـە و بارەگاكـەی كەوتۆتـە كـوێ؟ كـێ فەرمانـدەی فڕۆكەخانـەی ڕۆژئـاوای قاهیرەیـە و چەنـد فڕۆكـە لـەوێ جێگیـرن؟ لـە وەڵامەكانیـدا مـەروان هیـچ تـێ نەكـەوت، لـە زۆر حاڵەتـدا وەڵامەكانـی هاوتـای ئەوانـە بـوو كـە مائیـر پێشـتر دەیزانیـن، ئەگـەر وەڵامێكیشـی نەزانیبـا، دەیگـوت بـۆ دیـداری داهاتـوو. لـە درێـژەی دانیشـتنەكەدا، كەشـی ژوورەكـە ڕوو لـە گـۆڕان بـوو، مـەروان دەسـتبەرداری زۆرێـك لـە

هەڵوێستەکانی بوو، وەک ئەفسەرێکی هەواڵگری لە مائیری دەڕوانی کە کەسێکە لە مەسەلە سەربازییەکان بە گشتی و ئیسرائیل بەتایبەتی تێدەگات، وەک ئەوەی مەروان تێیگەیشتووە. دەنگە زۆلاڵەکەشی کەمێک خاوبوویەوە و وایکرد بە دیقەتتر وشەکان هەڵبژێرێ. ناوە ناوەش کە پرسیارەکانی مائیر دیاریکراوتر و پیشەگەرانەتر دەبوون، مەروان خۆی بەناچار دەبینی ددان بنێ کە وەڵامەکەی نازانێت.

لەهەموو ئەو پرسیارانە، ئامانجی مائیریش ئەوەبوو.

گفتوگۆکان بە ئاراستەی ئەو بابەتە چوو کە جێی نیگەرانی سەرکردە ئیسرائیلییەکان بوو. هەر لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٠ەوە، کاتێک ئیسرائیلییەکان بەوە حەسیان کە سۆڤیەت یەکەی دژە فڕۆکەی مسری بەڕێوەدەبات، لە لای بڕیارسازانی ئیسرائیل نیگەرانی ئەگەری پێکدادانی ڕاستەوخۆ لە نێوان سوپای سوور و ئەواندا دروست ببوو. کاتێک مائیر ئەو بابەتەی لە مەروان پرسی، مەروان بێزاری خۆی بەرانبەر جێگیرکردنی یەکەی سۆڤیەت لە مسر و یەکێتی سۆڤیەت ئاشکراکرد و بڕوای خۆی دووبارە کردەوە کە سۆڤیەتەکان دەیانەوێ کۆنترۆڵی مسر و سوپاکەی بکەن. لێرەوە سۆزی نیشتمانی خۆی نیشاندا، بەڵام ئەگەر ڕاستییەک لەبەرچاوبگرین، سۆڤیەتەکان زۆر بە کاریگەری یارمەتی مسریان دەدا، تا بەرگری لە خۆیان بکەن، بەڵام مەروان لە سەختترین قۆناغدا، وردترین نهێنی وڵاتەکەی بە دوژمنەکەی دەفرۆشت. ئەم جۆرە نیشتمانپەروەرییە مایەی بەزەیهاتنەوەیە، چونکە ڕەنگدانەوەی دووانەیی فکر و دژایەتی نیشان دەدات کە هەیەتی.

کۆبوونەوەکە سێ کاتژمێری خایاند، بەر لە کۆتایهاتنی کۆبوونەوەکە، سەرەڕای ئەو فەرمانەی ئاراستەی سوپا کراوە، مائیر ئەرکی ئامادەکردنی پلانی سوپای مسری بۆ پەڕینەوە لە کەناڵی سوێس بە مەروان سپارد

کـە پێویسـتە بـۆ کۆبوونـەوەی داهاتـوو ئامـادەی بـکات، ئەمـەش سـەرەڕای جـۆری کەرەسـتەکانەوە ئەرکێکـی لـە پێشـینەی لقـی ٦ بـوو، هەروەهـا بـە تـەواوی گومانـی ئەگـەری سـیخوڕی دووسـەرەی لەسـەر مـەروان دەڕەوانـدەوە. دوبـی تـا دەرەوەی ئەپارتمانتەکـە یـاوەری مەروانـی کـرد، مائیـر لەسـەر مێـزە قوڕسـەکەی ژووری نانخـواردن دانیشـت و دەسـتی بـە نووسـین کـرد، دەیویسـت هەمـوو ئـەو قسـانە بنووسـێتەوە کـە هێشـتا تـازە بـوون، یەکێـک لـە قوڕسـترین شـتەکانی ئـەو کۆبوونەوەیـە ئەوەبـوو کـە دەبـێ دڵنیـا بێـت هیچـی لـە بیـر نەکـردووە، یـان نەیگۆڕیـوە، بـە تەنیـاش نەبـوو، دوای چەنـد خولەکێـک دوبـی گەڕایـەوە، ئیـدی هەردووکیـان پێکـەوە تێبینییەکانیـان بـەراورد کـردەوە و وردەکارەکارییەکانیـان دەور کـردەوە و چـارەی دژبەرەکانیشـیان کـرد. سـەرەنجام ڕاپۆرتێکـی چـوار لاپەڕەیـی لـێ دەرچـوو، هەمـوو ئـەو شـتانەی لـە خۆگرتبـوو کـە مـەروان بـۆی باسـکردبوون. بەیانـی ڕۆژی دواتـر لـە نووسـینگەی مۆسـاد لـە لەندەن، بـۆ بـارەگای سـەرەکی خۆیـان لـە تەلئەڤیـڤ نـارد.

مائیـر و دایاگـی ڕۆژی دوای دیدارەکـە گەڕانـەوە ئیسرائیـل، ئۆتۆمبیـل لـە فڕۆکەخانـەوە ڕاسـتەوخۆ ئەوانـی گەیانـدە بـارەگای سـەرەکی مۆسـاد، پاسـپۆرتە سـاختەکانیان گەڕانـدەوە و بـۆ ڕادەسـت کردنـی وەسـڵەکانیان چوونـە لای ژمێریـاری. هەروەهـا بـە توونـدی ئامۆژگاریـان کـردن کـە بـە هیـچ شـێوەیەک لـە لای کـەس، بـاس لـە ئامانجـی سـەردانەکەیان نەکـەن. داواش لــە مائیــر کــرا بــەو ڕاپۆرتــەدا بچێتــەوە کــە مۆســاد بەرمەبنــای ئــەو بەیانــە نووســیویانە کــە ئــەم بەیانییــە لــە لەندەنــەوە نێــردراوە. چەنــد کاتژمێرێــک دواتــر، ڕاپۆرتێــک بەنــاوی خــوازراوی (کۆتێــڵ) بــۆ سـێ کەسـی دیاریکـراو: گۆڵـدا مائیـری سـەرۆک وەزیـران، مۆشـێ دایانـی وەزیـری بەرگـری و ئایـم بارلیڤـی سـەرۆک ئـەرکان، نێـردرا. لـە سـاڵانی دواتـردا، ئـەم ڕێگـە نـا ئاسـاییەی ناردنـی زانیـاری هەواڵگـری ڕاسـتەوخۆ

بـۆ سـەرکردە بـاڵاکان بـووە بـاو، بـێ ئـەوەی بـە پرۆسـەکانی پۆلێـن کـردن و شـیکردنەوەی هەواڵگـری سـەربازی تێپەڕێـت و بـووە کارێکـی ڕۆتینـی نووسـینی ڕاپۆرتەکانـی دیـداری فریشـتەکە.

گۆڵـدا مائیـر و مۆشـی دایـان بـە تـەواوی پشـتیان بـە ڕاپۆرتەکانـی کۆتێـل دەبەسـت.

دیـداری دواتـری نێـوان مائیـر و ئـەشرەف مـەروان نزیکـەی چـوار مانـگ دواتـر ئەنجامـدرا. سـادات ڕایگەیاندبـوو کـە سـاڵی ١٩٧١، دەبێتـە سـاڵی وەرگرتنـی بڕیـاری ڕێگەچـارەی دیپلۆماسـی، یـان شـەڕ، بـۆ گێڕانـەوەی سـینا بـۆ مـسر. ئەگـەر هیـچ پێشـوەچوونێکی دیپلۆماسـی ڕوو نـەدا، بـژاردەی شـەڕ لەسـەر سـکە دەبێـت، بـەڵام ئامادەکارییەکانـی مـسر بـۆ شـەڕ بـە شـێوەیەکی گـەورە پـەرەی پـێ نەدرابـوو، ساداتیش دەیزانـی کـە سـوپاکەی ئامـادە نییـە بەسـەر هێـزی بەرگـری ئیسرائیـل سـەربکەوێ.

بـە کردەنـی پرسـیار لەسـەر ئەوەبـوو کـە ئایـا شـەڕ دەسـت پێدەکاتەوە، کـەی دەسـت پێدەکاتـەوە، ئەمـە کرۆکـی پرسـیارەکانی مائیـر بـوو لـە دیدارەکـەی دواتـردا، ئـەو وەڵامانـەی مـەروان دایـەوە، زۆر ڕازییـەر نەبوون، بـەڵام ئـەوە زۆر جێـی بایـەخ نەبـوو، پـاش ئـەوەی بەڵگەنامەکانـی دەرهێنـا کـە لەگـەڵ خـۆی ئامـادەی کردبـوون، ئێسـتا مائیـر نەخشـەی پەڕینـەوەی کەناڵـی سـوێس و فەرمانـی تـەواوی جەنگـی بـۆ سـوپای مـسری لـە دەسـتدایە، ڕێـک ئەوەبـوو کـە داوای کردبـوو. ئەگـەر پێشـتر گومانێکیشـی بەرانبـەر مـەروان هەبووبێـت، بـەڵام ئێسـتا ڕەوینـەوە.

چەنـد مانگێـک دوای دوا دیـدار، مـسر دوای بێداربوونـەوە لـە پرسـەی نـاسر، ژمارەیـەک گۆڕانـکاری ناوخۆیـی کـرد و زۆربـەی ناوەنـدە بـاڵاکان بـە کادیـری سـەرکردایەتی نـوێ پڕکرایـەوە کـە یەکێکیـان ئـەشرەف مـەروان بـوو.

# پاژی چوارەم:

## ئایاری ١٩٧١: هەڵکشان

جەمال عەبدولناسر، هەر لە یەکەم ڕۆژی دەرکەوتنی لەسەر شانۆی جیهانی، لە لای سەرکردەکانی ئیسرائیل بە دوژمنێکی پڕ مەترسی وێنا کرا کە ڕوبەڕووی ئیسرائیل بێتەوە. ئاخر، پیاوێک بوو ڕۆژێک لە ڕۆژان بۆ وێرانکردنی دەوڵەتی جووان، توانی لە شەڕێکدا هەموو جیهانی عەرەبی یەکبخات. ئەو پەرەسەندنانەی ڕوویاندا، دووپاتیان لەو مەترسییە دەکردەوە. لە ١٩٥٥ دوای واژووکردنی گرێبەستی کڕینی چەک لەگەڵ وڵاتانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا، عەبدولناسر چاکسازیی ڕیشەیی لە بارودۆخی لەشکری مسر کرد و ساڵی ١٩٥٨ ڕاگەیاندنی یەکێتی لەگەڵ سووریا و دامەزراندنی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی ( کە دوای سێ ساڵ هەڵوەشایەوە)، لە ساڵی ١٩٦٧دا تەنگژەیەکی گەورەی لەگەڵ ئیسرائیل خوڵقاند کە دواتر شەڕی شەش ڕۆژەی لێکەوتەوە. ئیسرائیلییەکان ڕێککەوتنی کڕینی چەکیان بە هەڕەشەیەکی بێوێنە دەبینی و پێیانوابوو کاتێک ئەو گرێبەستە تەواو بێت، ئیدی ئیسرائیل لەشەڕدا هیچی دی، ناتوانی مسر ببەزێنێت. بە مەبەستی خۆپاراستن لەو هەڕەشەیە، داڤید بن گۆریۆن، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٥٦دا بۆ تێکشکاندنی سوپای مسر، پێش ئەوەی ببێتە هەڕەشەیەکی گەورەتر، شاڵاوی هێرشکردنە سەر سینای دەست پێکرد. هەرچەندە پلانەکە کاریگەری خۆی کرد، بەڵام زۆر درێژەی

نەکێشا، چونکە ئیسرائیل بە گوشاری توونددی نێوەدەوڵەتی، بەناچاری لە سینا کشایەوە. یەکگرتنی مسر لەگەڵ سووریا و ڕووخانی سیستمی پاشایەتی لە عێراق و هەوڵەکانی ڕووخانی مەلیک حوسین لە ئوردن و حکومڕانی کریستانەکان لە لوبنان، هەموویان پێکەوە ئەو هەستەیان لە کن ئیسرائیلییەکان دروست کرد کە پەتێکی جیۆسیاسی لە ملی وڵاتەکەیان گیرکراوە. هەواڵگری ئیسرائیلیش پێیوابوو بارودۆخ بۆ ناسر پێگەیوە، بۆئەوەی شەڕێکی وێرانکەر دژ بە ئیسرائیل بکات.

دواتر لە ئایاری ١٩٦٧دا، ناسر فەرمانی کشانەوەی بەو هێزە ئاشتیپارێزەی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە لە ساڵی ١٩٥٦ەوە لە سینا جێگیر کرابوو، پاشان دەستی بە لەشکرکێشی و بڵاوکردنەوەی هێزەکەی لە نیمچە دورگەکە کرد، هەر بەوەش نەوەستا، لە جووڵەیەکی زێدەڕۆدا فەرمانی داخستنی گەرووی تیرانی بە ڕووی کەشتییەکانی ئیسرائیل دا (کە ڕێڕەوێکی تەنگەبەری ئاویی بوو، عەرەبی سعوودیای لە سینا جودا دەکردەوە)، بەمەش ڕێگەی جووڵەی دەریاوانی لە بەندەری باشووری ئیسرائیل بڕی. ئەمە تەنیا پەرگرتنی تەنگژەکان نەبوو، بەڵکوو قەیرانێکی گەورەش بوو، چونکە مسر سەرکردایەتی هاوپەیمانیەتییەکی فرەوانی لەشکری عەرەبی دەکرد، زۆر لە ئیسرائیلییەکان ئەمەیان بە یەکەم قەیرانی دەوڵەتی دادەنا کە لەوەتەی لە ساڵی ١٩٤٨ دامەزراوە قەیرانی وای بەخۆوە نەبینیووە، تەنانەت دوای سەرکەوتنە گەورەکەی ئیسرائیل لە شەڕی شەش ڕۆژەی ساڵی ١٩٦٧ و تورهەڵدانی قەیرانەکە بۆ پشت خۆیان، بەڵام زۆر لە ئیسرائیلییەکان بەهۆی هەفتە پڕ لە تەنگژەکان لە مەترسییەکی ڕاستەقینە دەژیان.

پێدەچوو، ئەو نسکۆیە (مەبەست نسکۆی ساڵی ١٩٦٧-ە) کۆتایی کردەنی عەبدولناسر بوو بێت، وەک ئەوەی دواتر سادات لە

یاداشـتانەکانیدا نووسـی: ئەوانـەی ناسریـان دەناسـی، پەیـان بـەوە بردبـوو، نـاسر لـە ٢٨ی سـێپتەمەبەری ١٩٧٠ کۆچـی دوایـی نەکـرد، بەڵکـوو ئـەو لـە ٥ی حوزەیرانـی ١٩٦٧-ەوە مـرد، ڕێـک یـەک کاتژمێـر دوای بەرپابوونـی شـەڕ. بـە ڕاسـتی نـاسر پێـش شـەڕ، هەسـتی بـە سیاسـەتی بـەرەو لێواربردنـی وڵاتەکـەی کردبـوو کـە دواتـر لەشـەڕدا خراپترین کارەسـاتی بەسـەر مێـژووی هاوچەرخـی مـسردا هێنـا، ڕەنگـە ئـەوەش لـە تێکچوونـی بـاری تەندروسـتی بەشـدار بووبێـت. چەنـد سـاڵێک بـوو، نـاسر بـە دەسـت کێشـەی تەندروسـتییەوە دەیناڵانـد، بەتایبەتـی کێشـەی نەخۆشـی شـەکرە و گـەدە، هـەر لەبـەر ئـەوەش، تەنانـەت لـە خوانـە فەرمییەکانیشـدا، خواردنـی تایبەتـی بـۆ ئامادە دەکـرا، ژیانـە پـڕ لـە ئیـش و جەنجاڵەکەشـی یارمەتیـدەر نەبـوو. نـاسر هـەر لـە سـاڵی ١٩٦١-ەوە بـە ڕێکـی حەبـی ئازارشـکێنی دەخـوارد و ئازارەکانـی کاریگەریـان لـە تـوڕە و هەڵچوونەکانـی کردبـوو کـە بەهۆیـەوە ڕێـژەی شـەکرەی بەرزبـۆوە و یەکـەم ئامـاژەی کێشـەکانی دڵـی لەسـەری دەرکەوتبـوو. د. ئەلسـاوی حەبیـب، پزیشـکە تایبەتییەکـەی کـە پسـپۆری تایبەتـی دەمـار بـوو، لـە یاداشـەکەیدا نووسـیویەتی: لـە دێسـەمبەری ١٩٦٩ یەکـەم جەڵتـەی دڵ لـە نـاسری دا و دوای چاکبوونـەوەی پشـتی لـە ئامۆژگارییەکانـم کـرد. لـە سـەرەتای ١٩٧٠ لـە کاتـی سـەردانیکردنی مۆسـکۆ، بەهـۆی تێکچوونـی بـاری تەندروسـتی لـە نەخۆشـخانە خەوێنـدرا و کۆمەڵێـک پشـکنینی بـۆ کـرا، لـە ئەنجامـدا دەرکـەوت کێشـەی دەمارگیـران و دڵـی هەیـە، هـەر ئـەوکات پزیشـکەکان ئامۆژگاریـان کـرد، دەبێـت، پشـووبدات، بـەڵام کارەکانـی کۆتاییـان نەبـوو.

مانگێـک دواتـر، چەنـد ڕۆژێـک بەر لـە ئاگربەسـت کە بەهۆیەوە شـەڕی خوێنـاوی لەگـەڵ ئیسرائیـل کۆتاییهات، لە پشـکنینە پزیشـکییەکان دەرکەوت بـاری تەندروسـتی بـاش نییـە، جارێکـی دی د. حەبیـب تـکای لێکـرد، پشـوو بـدات. کۆتاییهاتنـی شـەڕ، لـە دەرەوەی گوشـارە سـەپێنراوەکان، دەرفەتێکـی

کورتـی بـۆ ڕەخسـاند، بـەڵام چەنـد هەفتەیـەک دواتـر، شـەڕێکی خوێنـاوی لەنێـوان ئـەردەن و لایەنـە فەڵەسـتینەکانی نـاو ئـەردەن قەومـا کـە دواتـر بـە بـلاک سـێپتەمبەر نـاسرا. لـە ٢٨ی سـێپتەمبەر، چەنـد کاتژمێرێـک دوای ماڵئاواییکردنـی سـەرکردە عەرەبـە بەشـداربووەکەی دارِشـتنی ڕێککەوتنـی نێـوان مەلیـک حوسـێن و یـاسر عەرەفـات کـە بەهۆیـەوە شـەڕ کۆتاییهـات، عەبدولنـاسر دووچـاری جەڵتەیەکـی دیکـەی دڵ بـوو، چەنـد کاتژمێرێـک دواتـر کـە کەسـوکار و دۆسـتەکانی لەسـەری بـوون، مەزنتریـن سـەرکردەی عـەرەب، دوای سـەلاحەدین کۆچـی دوایـی کـرد.

میدیـای ڕۆژئـاوا، نـاوە نـاوە لەبـارەی تەندروسـتی نـاسر ڕاپۆرتیـان بڵاودەکـردەوە، هەرچەنـدە تـەواوی جیهـان بـە مردنـە لەناکاوەکـەی شـۆک بـوو، بـەڵام کاریگەرییەکـەی لەسـەر جیهانـی عەرەبـی و مـسر زۆر گەورەبـوو. دیمەنـی گریـان و شـینو واوەیـلای ملیۆنـان مـسری لـە شـەقامەکانی قاهیـرە و بەشـداری زیاتـر لـە دوو ملیـۆن کـەس لـە ڕێوڕەسـمی بـە خاکسـپاردنیدا کـە لـە کۆنـترۆڵ دەرچووبـوو، مانشـێتی ڕۆژنامـەکان، وەک «سـەد ملیـۆن عـەرەب بـێ بـاوک ماونـەوە»، ئەمانـە هەموویـان گوزارشـت بـوون لـە ئازارێکـی ڕاسـتەقینەی بێسـنووری ئـەو بۆشـاییەی لـە دوای خـۆی جێیهێشـت.

مردنـی نـاسر کاریگەرییەکـی گـەورەی لەسـەر ئاینـدەی مـسر و مێـژووی عـەرەب و ناکۆکـی نێـوان عـەرەب و ئیسرائیـل جێهێشـت، هەمدیـس لـە کـورت مـەودادا لەسـەر دەسـەڵات و هاوپەیمانەکانـی جیهانـی عەرەبـی شـەڕێکی دژواری لـە نێـوان دەسـتەبژێری مـسر قەومانـد، هەروەهـا لـە درێـژ مەوداشـدا، گۆڕانگارییەکـی ڕیشـەیی لـە پەیوەندییەکانـی مـسر بـە هێزەکانـی جەنگـی سـارد دروسـت کـرد.

مردنـی نـاسر، کاریگەرییەکـی گـەورەی لەسـەر گەورەتریـن سـیخوڕی

مۆساد دانا. هەشت مانگ دوای ئەو جەڵتەیەی لە ناسری دا، زاواکەی کە پێشتر تاڕادەیەک پەراوێزخرابوو، لەناکاو بوو بە یاریدەری نزیکی سەرۆکی نوێ. بەمەش دەرفەتی بۆ ڕەخسا دەستی بە زۆرترین نهێنی ڕژێمی مسر ڕابگات. بە واتایەکی دی مردنی ناسر، وایکرد، ئەو سەرچاوە هەواڵگرییەی ئیسرائیل هەیبوو، بە شێوەیەکی لەناکاو باشتر بێت.

کۆچی دوایی خەزور، لە یەککاتدا، مەترسی و دەرفەتی نوێی بۆ ئەشرەف مەروان هێنایە کایەوە، مەترسی گەورە لە دەستدانی گشت ئەو پوانانە بوو کە بەهۆی ئەندامێتی لە خێزانی سەرۆک بە دەستیهێنابوون، بەلام ئەو مەترسییە هەرزوو کاڵ بوویەوە، چونکە دوای مردنی ناسر پێگەکەی زیاتر هەڵکشا سەر و لە سایەی هەردوو ڕژێمی ئەنوەر سادات و حوسنی موبارەکدا، مۆرکێکی مەلەکیانەی پێدرا. هاوکات ئەشرەف مەروان شتێکی لە جۆری مەڕە ڕەشەکەبوو، چونکە لە نێو کەسانی دەستبژێری فەرمانڕەوادا، ئەوانەی بەتەواوی ئاگاداری بیرکردنەوەی سەرۆک بەرانبەر زاواکەی بوون، ژمارەیان کەم نەبوو، لەوەش ئاگاداربوون کە سەرۆک کەمتر لە ساڵێك پێش مردنەکەی داوای تەلاقدانی کچەکەی لە مەروان کردبوو، بەلام بەهۆی ڕەتکردنەوە و سەرڕەقی مونا ئەمە ڕووی نەدا. لە سەرینی مردنەکەی ناسر، مەروان تێگەیشت کە بۆ دەرکردن و دوورخستنەوەی دەرفەتێک لە ئارادایە، چونکە ڕژێمی نوێ لە چاو ناسر کەمتر دەکەوێتە ژێر سۆز و ئەوینی موناوە.

هاوکات، مەروان هۆکاری هەستکردن بە ئاسودەیەکی گەورەی هەبوو، وێڕای ئەوەی مەزەندەی کردبوو، بەرپرسانی ڕژێمی نوێ، هاوشێوەی سامی شەرەف لە دانانی نیشانەکانی پرسیار لەسەریدا

بـەردەوام دەبـن، بـەڵام ناگەنـە ئاسـتی نیشـانە پرسـیارەکانی سـەردەمی ناسر کـە بـە شـێوەیەکی بنبڕ قەدەغـەی کردبـوو ئەندامانـی خێزانەکـەی سـوود لــە پێگەکانیــان وەربگــرن. بەپێچەوانــەوە لــە نێوەندەکانــی فەرمانــڕەوادا، دەرفەتـی وروژاندنـی سـکاندالی لـە شـێوەی تێوگلانـی سـوعاد ئەلسـوباح پوکابوویـەوە. هەمدیـس مردنـی نـاسر ڕێگـەی بـۆ مـەروان تەخـت کـرد، تـا بـە شـێوەیەکی دیاریکـراو بـاری دارایـی خـۆی بـاش بـکات.

ئــەوەی بــۆ گوتــن قوڕســترە، ئەبــوو: ئایــا مردنــی ســەرۆک لەســەر پاڵنەرەکانـی کارکردنـی مـەروان بـۆ ئیسرائیـل هیـچ کاریگەرییـەک دادەنـێ. ئاخـر هێشـتا نـاسر لـە ژیانـدا بـوو، مـەروان هەنگاوەکانـی یەکەمـی دەسـت پێکـرد، بۆیـە هیـچ هۆکارێـک لـە ئـارادا نییـە و پێمانوانییـە بـە مردنـی نـاسر شـتێک بگـۆڕێـت. ڕەنگـە لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەو هەمـوو دەرفەتـە نوێیانـەی خۆیـان دەخەنـەڕوو، کاریگـەری هـۆکاری دارایـی لـە جـاران کەمـتر بێـت، لەوانەیـە پێویسـتی ڕەتدانـەوەی ناسریـش، کەمێـک لـە گرەکـەی جارانـی لـە دەسـت دابێـت، بـەڵام ئامـاژەکان بـەو ئاڕاسـتەیەن، چ پێـش، چ دوای مردنـی عەبدولنــاسر، مــەروان ڕۆژێــک لــە ڕۆژان لــە یارمەتیدانــی ئیسرائیــل دوو دڵ نەبــووە، پـاش بڕینـی ئاسـتەنگی بـەردەم یەکـەم پەیوەنـدی تەلەفۆنـی لەگـەڵ باڵیۆزخانـەی ئیسرائیـل لـە تەممـوزی ١٩٧٠ و دووەم تەلەفۆنـی لـە مانگـی دێسـەمبەردا، زۆر ئاسـانتر بـوو.

سـادات کـە جێگـری بـوو شـوێنی عەبدولنـاسری گرتـەوە، هەروەهـا یەکێـک لـە ئەندامـە کەمـتر دیارەکانـی ئـەو سـەرکردایەتییە بـوو کـە پـاش بزووتنـەوەی ئەفسـەرانی ئازادیخـواز لـە سـاڵی ١٩٥٢، دەسـەڵاتی مسریـان گرتەدەسـت. زۆرینـەی خەڵـک لـە جیهانـی عەرەبـی و ئیسرائیـل پێیانوابـوو، سـادات ناتوانـی بـۆ ماوەیەکـی درێـژ لـە دەسـەڵات بمێنێتـەوە، بـەڵام لـە چەنـد مانگـی دواتـردا، پێگـەی خـۆی تۆکمـە کـرد و نەیارەکانـی

ڕامالّی و لوتی خۆی لە سەرئاو دانا. لە ماوەی نێوان مردنی ناسر لە ئەیلوولی ١٩٧٠ و لە گەرمەی هەڵمەتی پاکسازیدا کە لەمانگی ئایار بەناوی «ڕاستکردنەوەی شۆڕش» کردییە سەر پرۆناسرییەکان، وەک ڕزگاربوویەکی سیاسەت، لێهاتوویی خۆی سەلماند و لە سەرانسەری جیهان چاودێرانی مەندەهۆش کرد. لە چەند مانگی دواتردا، گەمە سیاسییەکانی مەروان، لە نێو سەرکردەکانی هەواڵگری ئیسرائیلیدا نەبێت، دەنا کەمتر جێی بایەخ بوو. هاوشێوەی سادات، مەروان توانا لێبڕاوەکەی بۆ قۆستنەوەی دەرفەتەکان دەرخست و نەیارەکانی ڕاکێشایە پاڵ خۆی. بەمەش هاوپەیمانییەکی پتەو لە نێوان سادات و زاوا گەنج و چڵێسەکەی عەبدولناسر دروستبوو، هاوپەیمانیەتییەک کە بەخت ڕۆڵێکی گەورەی تێیدا بینی. سەرەنجام لە سەروبەندی ئایاری ١٩٧١دا، پاش ئەوەی سادات فەرمانڕەوایی خۆی لە مسر تۆکمەکرد، مەروانیش لە پێبیلکەی پلەبەندی مسردا، قەڵەمبازێکی گەورەیدا.

بەمە مسر لەبەردەم هەواڵگری ئیسرائیلدا بووە پەرتووکێکی کراوە.

ئەنوەر سادات بەو پێیەی جێگری سەرۆک بوو، وەک سەرۆک بە جێگرەوەی عەبدولناسر هەڵبژێردرا کە تەمەنی پەنجاو دوو ساڵ بوو. لە ٢٠ی دێسەمبەری ١٩١٨ لە گوندی دوورەدەستی میت ئەبو کۆم لە ناوچەی دەڵتای نیل هاتۆتە دنیا، لە ١٩٣٨ ئەکادیمیای سەربازی تەواوکرد، هەر زوو بە ناسیونالیستێکی سەرسەختی بەرهەڵستی هەژموونی بەریتانیا لە مسر ناسرا، بەڵام ئەو ناوبانگەی لەکەدار بوو، کاتێک لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهان، لە لایەن ئینگلیز بە تۆمەتی سیخوڕیکردن بۆ ئەڵمانیا دەستگیرکرا. پاشانیش بە تیرۆرکردنی ئەمین عوسمان، وەزیری حزبی وەفدی فەرمانڕەوای مسر، تۆمەتبارکرا کە بووکە شوشەی حکومەتی بەریتانیا بوو، بەڵام دواتر بە هۆی

کەمی بەڵگە بێبەری دەرچوو. سادات ئەندامی بزووتنەوەی ئەفسەرانی ئازادبوو کە کودەتای ساڵی ١٩٥٢ی ئەنجامدا و مەلیک فاروقی ڕووخاند و بە سەرکردایەتی محەمەد نەجیب، یەکەم ڕژێمی نوێی کۆماری دامەزراند، لێ دەسەڵات بەکردەنی لە دەست عەبدولناسر بوو، دواتر نەجیبی کارکەنار کرد و لە ساڵی ١٩٥٤دا، سەربەخۆیی ڕاگەیاند. کودەتاچیەکان، ساتە هەرە سەختەکانی دواکەوتنی پەیوەندیکردنی ساداتیان بە بزووتنەوەی شۆڕشگێری لە یادە، کاتێک دەیانویست مەلیک فاروق بڕوخێنن، لەبەرئەوەی لەگەڵ هاوژینەکەی لە سینەمابوو. لە کاتێکدا جەماوەری میسری زیاتر لە قۆناغێکی ئەرێنی ساداتیان لە یادە، وەک ئەو ئەفسەرەی لە ڕادیۆی مسریدا بەیاننامەی ڕووخانی مەلیکی خوێندەوە.

وێڕای پڕۆفایلە بەرزەکەی، سادات کەسێکی دیاری بزووتنەوەی ئەفسەرانی ئازاد نەبوو. ئەو پۆستانەی هەیبوو، زیاتر ڕێوڕەسمی بوون، تا جێبەجێکار، ناسر و ئەوانیدی بە چاوی ڕێزەوە لێیان نەدەڕوانی، هەمیشە ناسر لەبارەی سادات دەیگوت: «تەنیا بە پێدانی ئۆتۆمبیل و کۆبۆنی بەنزین خۆشحاڵە»، ئەوان پێیانوابوو، سادات ویستی سیاسی نییە و دەتوانرێت بە نرخێکی زۆر نزم بکڕدرێ. هەرچەندە پۆست لە دوای پۆستی وەردەگرت، بەڵام باشترین نمایشەکانی ژێردەستەی کەسێکی دی بوو. تاکە نموونەی دەگمەنی بەشداریکردنی بوو لە شەڕی مسر لە یەمەن. لە ساڵی ١٩٦٢دا، کاتێک لە ئەنجامی کودەتای سەربازییەوە، ڕژێمی مەلەکی لە یەمەن لە ئانوساتی ڕووخاندابوو، شەڕی ناوەخۆ لە نێوان هەردوو کۆمارە تازە دامەزراوەکەی پشتیوانکراو لە لایەن مسر و هێزە لایەنگرەکان کە لە لایەن شانشینی عەرەبی سعوودیا و دەوڵەتانی ڕۆژئاواوە پاڵپشت دەکران. ناسر ساداتی ڕەوانەی یەمەن کرد، کە ئایا دەشێ مسر دەستتێوەردان لە دۆخەکە بکات، کاتێک گەڕایەوە،

لەبەردەم تەواوی ئەنجوومەنی نیشتمانیدا ڕایگەیاند، یارمەتیدانی کۆماریخوازەکان بۆ بردنەوەی شەڕ وەک «گەشتی دەریای سوور وایە». بەرمەبنای ئەو بیرۆکەی سادات بڕیارە قورسەکە سەرچاوەی گرت و ناسر سوپای ڕەوانەی یەمەن کرد، هەر بەخێرایی شەڕەکە بوو بە گۆڕستانی نزیکەی سێیەکی هێزەکانی مسر، شەڕ چەند ساڵێک درێژەی کێشا. هەڵسەنگاندنە بە هەڵپە و لەخۆباییەکەی سادات، بووە ئەنجامی گەورەترین شکستی نێودەوڵەتی ناسر.

وێنەی سادات کە لەنێو بڕیارسازانی ئیسرائیل لە سەروبەندی فۆرم گرتن بوو، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ هاوشانەکانی نەبوو. شیمۆن شامێری مێژوونووس کە ئەوکات وەک ئەفسەری یەدەگ لە لقی ٦ (مسر)ی هۆبەی تۆژینەوەی هەواڵگری سەربازی خزمەتی دەکرد، کاتێک هەواڵی مردنی ناسر گەیشت، دەستبەجێ بانگ کرا و دۆسێی هەر سێ کاندیدەکەی خرایە بندەست، بۆئەوەی بۆچوونی خۆی لەسەر هەر یەکێکیان دەرببڕێت کە یەکێکیان عەلی سەبری بوو کە لە دوای ناسر بەهێزترین پیاوی ڕژێم بوو، ئەویدی شەعراوی جومعەی وەزیری ناوخۆ و بەرپرسی ئاسایشی ناوخۆ بوو، دوا کەس ئەنوەر سادات بوو. شامێر لە یاداشتنامەکەیدا کە ڕێکەوتی ٦ی ئۆکتۆبەری لەسەرە، پوختەی بۆچوونەکەی بەمشێوەیە داڕشتبوو، سەبری و جومعە دوو ڕکابەری بەختیاوەرن و سادات شوێنی ناسر پڕ ناکاتەوە. شامێر نووسیویەتی «لە گشت ئەو پۆستانەی هەیبووە، سادات لە نامەبەرێکی دیپلۆماسی، یان ستوونێکی ژووری کۆبوونەوە زیاتر نەبووە». بەرمەبنای زانیارییە بەردەستەکانی ئەوکاتەی هەواڵگری سەربازی، «سادات کەسێکی بێهودە و بیرتەسکە و لە بیرکردنەوەی سەربەخۆی سیاسی پەرپووتە و هەڵوێستی سیاسی خۆڵەمێشییە و خاوەن ڕەنگێکی تایبەت بە خۆی نییە». هەروەها دوور لە توانا هزرییە سنووردارەکەی، ڕاپۆرتەکە پێی لەسەر

ئـەوە داگرتبـوو کـە «کەسـێکی هەڵپەرسـت و بـێ ویـژدان و دیماگۆیـە». هەروەهـا بـە کەسـێکی ئاڵـۆز و نـا زیـرەک و بێتوانـا لـە بەڕێوەبردنـی کاری سیاسـیی وەسـفی کردبـوو. شـامێر هەڵسـەنگاندنەکەی بـەوە پوخـت کردبـۆوە کـە «لـە بەڕێوەبردنـی تەنگژەکانـی وڵات کارامـە نییـە و خەسڵەتە پێویسـت و ڕاسـتەقینەکانی بـە دەسـتەوەگرتنی فەرمانڕەوایـی نییـە، یـان لـە مـسر وەک جێگـرەوەی نـاسر و سـەرکردەی عـەرەب قبوڵکـراو نییـە».

لـە لایـەن دەزگا هەواڵگرییـەکان لە سەرانسـەری جیهان هەڵسـەنگاندنی هاوشـێوە گەڵاڵـە کرابـوون و هەندێـک لەوانـە بـە ڕێچکـەی خۆیـان گەیشـتنە ئیسرائیـل.

هەبـوون پێیانوابـوو، وێناکردنـی سـادات بـە کەسـێکی نـا کارامـەی سـەرکردایەتی مـسر، مەبەسـتدارە. بـە بۆچوونـی ئەنیـس مەنسـور، ڕۆژنامەنووسـی دێرینـی مـسر و هاوڕێـی ساداتی جێگـرەوەی نـاسر، سادات کەسێکی لـە ڕادەبـەدەر زیـرەک و ویسـتخوازە، زۆر لـەوە زیاتـر کـە مەزەنـدە دەکرێـت. بـە پێـی بۆچوونـی مەنسـور، سـادات لـەوە گەیشـتبوو، زۆر سەرنجڕاکێشـانی خەڵکـی بـە لای خۆیـەوە، ڕەنگـە دووچـاری مەترسـی ئـەوەی بـکات کـە دەیـەوێ ڕکابـەری نـاسر بـکات و سـەرکردایەتییەکەی لاواز بـکات. بۆیـە حـەزی بـە خۆدەرخسـتن نەدەکـرد، خـۆی وانیشـان دەدا کـە هەڕەشـە نییـە. لـە هەمـوو ئەمانەشـدا ئامانجـی مانـەوە بـوو. ڕەنگـە مەنسـور ڕاسـت بـکات، چونکـە ئـەو سـتراتیژەی سـادات کاری خـۆی کـرد، هـەر بەهـۆی ئـەوەش بـوو، سـاڵی ١٩٦٩ بـووە جێگـری سـەرکۆمار، ئەگەرچـی پۆسـتێکی پڕۆتۆکۆڵـی بـوو، بـەڵام بایەخـە ڕاسـتەقینەکەی ئەوکاتـە دەرکـەوت کـە سـاڵێک دواتـر لـە نـاکاو نـاسر مـرد.

وێـڕای ئـەوەی وێناکردنەکـەی سـادات بـە کەسـێکی لاواز، بـە مەبەسـت بێـت، یـان نـا، مـرۆ دەکارێ تێبـگات کـە کەسـانی وەک

سەبری، جومعە، سامی شەرەف و حوسێن شافیعی جێگری پێشووی سەرۆک، لەگەڵ ئەوەبوون سادات پۆستی سەرکۆمار وەربگرێت. ئەو بژاردەیە دوو قازانجی هەبوو:

یەکەم، ئاماژەی بەردەوامی و دەستووری بوونی ڕژێمەکە بوو. دووەم، لاوازییە سیاسییەکەی نابێتە هەڕەشە لەسەر پۆستەکانیانەوە، هەروەها هەر دەمەکیش بخوازن، بە ئاسانی دەتوانن لایدەن. سادات فیگەرێکی تایبەتی میللی مسر نییە و بنکەی هێزی سەربەخۆشی نییە. قسەی باوی ئەوکاتەی قاهیرە ئەوەبوو، خوا دوو بەڵای بەسەر مسردا هێناوە: ناسری بۆ خۆی بردەوە و ساداتی لە شوێنی دانا. لەساڵیادی ڕۆژی کرێکاران لە ساڵی ١٩٧١دا کە لە کارگەی ئاسن لە شاری حەلوان بەڕێوەچوو و تێیدا سادات وتاری کردنەوەی پێشکەش کرد. هەزاران کەس، ئەگەرچی وێنەی ناسریان بەرزکردبۆوە، بەڵام بە سادات! سادات! هوتافیان دەکێشیا.

لاوازی سیاسی سادات، بەرکاری ئەو ستراکتورە حکومڕانییە دیاریکراوە بوو کە بە سەرکردایەتی ناسر پێکهات، ئەوەش لە ئەنجامی بوونی سەرکردەیەکی کاریزمی و بەهێز بوو کە دەیزانی ڕاستەوخۆ قسە بۆ جەماوەر بکات، هاوکات، بۆ چاودێریکردن و پاڵنەری گەلی مسر پێویستی بە میکانیزمگەلێک هەبوو، سەرەنجام پازدە سەرکردەی ئاست دووی دروستکرد کە لە خۆیەوە نزیکبوون بەناوی سەنتەری دەسەڵات کە هەر یەکێک لەوانە بەرپرسی کردەیی بواری، دیپلۆماسی، بەرگری، ژێرخان و پارتە سیاسییەکان بوون، سەرەنجام هەریەکێک لەوانە بۆخۆی هێزی دروستکرد، بەڵام نەک بە هۆی پەیوەندی نزیکیان بە ناسر، یان لەبەر شیان و لێهاتوویی کەسی خۆیانەوە، بەڵکوو بەرمەبنای توانای دروستکردن و کۆکردنەوەی شوێنکەوتووە ڕاهێنراوەکان بوو کە

بـە کوتلـەی (سـایە) ناسرابـوون.

لــە ئەنجامــدا ئــەو ســەرکردانە ئەوەنــدەی بــە دوای دڵشــادکردنی شــوێنکەوتووەکانیان بــوون، ئەوەنــدە بــە جێبەجێکردنــی ئەرکەکانیــان پێداگیـر نەبـوون. کاتێـک فیلـد مارشـاڵ عەبدولحەکیـم لـە سـەرینی شـەڕی شـەش ڕۆژە تێکـەوت، هەبـوون گوتیـان زیاتـر خەریکـی ڕسـکاندنی کوتلـە سـەربازییەکەی خـۆی بـوو، تـا ئامـادەکاری شـەڕ، بەهەمـان شـێوە دڵسـۆزی ڕاسـتەقینەی ئاژانسـەکانی هەواڵگـری بـە فەرماندەیـی شـەعراوی جومعـەی وەزیــری ناوخــۆ و ســامی شــەرەفی بەڕێوەبــەری نووســینگەی ســەرۆک، بــە پلــە یــەک بــۆ بەرقــەراری ئاسایشــی وڵات نەبــوو، بەڵکــوو بــۆ دوو پیـاوی بەرپـرس بـوو، بـەڵام لەبـەر هەژموونـی سـەرکردایەتی کەسـی نـاسر بەســەر تــەواوی ژیانــی مسرییــەکان، لەلایــەن جەمــاوەرەوە پاڵپشــتییەکی بـێ پەروابـوو، ئەمـەش وای کردبـوو هەسـت بـە ڕکابـەری پۆسـتەکەی لـە لایـەن پیاوانـی دەسـەڵات و کلکەکانیـان نـەکات. بـە گەیشـتنی سـادات بـە دەســەڵات، بابەتەکــە بەوشــێوەیە نەبــوو، بەڵکــوو بەردەوامبوونــی حوکــم، بــە تــەواوی لەســەر توانــای کارکردنــی لەگــەڵ ســەنتەری دەســەڵات و یــاری پێکردنیــان وەســتابوو.

ئەمـە ئەرکێکی ئاسـان نەبوو، زێدەباری دروسـتکردنی دەسـتوپێوندەکان، دەڵاڵەکانــی هێزیــش لەناوخۆیانــدا پەیوەندییەکانیــان لەگــەڵ یەکــدی پەرەپێدابـوو. لـە هەنـدێ بـار، وەک پەیوەنـدی نێـوان سـامی شـەرەف و محەمـەد فـەوزی وەزیـری بەرگـری کـە لەسـەر بنەمـای پەیوەنـدی خوێـن بــوو، هەروەهــا لــە بــاری دیکــەدا هاوپەیمانیەتییــەکان لەســەر بنەمــای بۆچوونــی گشــتی و بەرژەوەنــدی سیاســی بــوو، لــە ئەنجامــدا ماشــێنی ســەرکردەگەلێک کــە توانیبیــان لەتــەک نــاسر کاربکــەن و دەســت بەســەر زۆربــەی جومگەکانــی دەســەڵاتدا بگــرن. نموونــەی دیــاری ئــەو بــارەش،

هـەر یـەک لـە عەلـی سـەبری سـەرۆکی یەکێتـی سۆسیالیسـتی عـەرەب، تەنانـەت دوای دەرکردنـی لـە جێگـری سـەرۆک لـە لایـەن نـاسرەوە، بـەڵام هـەر خـودان دەسـەڵات بـوو، هەروەهـا شـەعراوی جەمعـەش بـە هەمـان شـێوەبوو. خەڵکانـی زۆر، تەنانـەت هەواڵگـری سـەربازی سـوپای ئیسرائیلیـش، ئـەو دوو کەسـایەتیەیان بـە جێگـرەوەی سرووشـتی نـاسر دەبینـی کـە بـەم زووانـە یەکێـک لـەو دووانـە جێگـەی سادات دەگرێتـەوە و دەبێتـە سـەرۆک. بـەڵام سـەنتەری دەسـەڵات کەسێکی دیکـەی لـە هـزری خۆیـدا دانابـوو، لەوانەیـە پلانـی گۆڕینـی ساداتیشـیان داڕێشـتبێت، کـە لـە دوورمـەودا، سـامی شـەرەفی سـەرۆکی ئـەشرەف مـەروان، سـەرکردایەتی وڵات دەگرێتـە دەسـت، یـان وایـان مەزەنـدە دەکـرد.

سـادات، هەرگیـز بۆخـۆی سـەنتەری دەسـەڵات و دەسـتوپێوەندی دروسـت نەکـرد، نـەک لەبەرئـەوەی دژی شـێوازی سـەرکردایەتییەکەی بـوو، یـان بـە تـەواوی پشـتی بـە ژمارەیەکـی بچووکـی یاریـدەرە دڵسـۆزەکانی بەسـتبوو، بەڵکـوو ئـەو پۆسـتانەی پـڕی کردبوونـەوە، زۆربەیـان پۆسـتی ڕووکـەش بـوون، ئەمانـەش وایـان کردبـوو بـە زەحمـەت شـوێنکەوتوو لـە خـۆی کۆبکاتـەوە، چونکـە شـتگەلی زۆری لەبـەر دەسـت نەبـوو، تـا بیانداتـێ. بۆیـە لـە چەنـد مانگـی یەکەمـی سـەرۆکایەتییەکەیدا، هـاوکاری لەگـەڵ سـەنتەرەکانی دەسـەڵات کـرد، تەنانـەت لەگـەڵ ئەوانەشـدا کـە دەیزانـی چ پلانێکیـان بـۆی داڕشـتووە، هـاوکات چەنـد هەنگاوێکـی لـە شـێوەی ئازادکردنـی زیندانـە سیاسـییەکان و چاککردنـی بـاری گوزەرانـی خەڵکـی مـسر هاویشـت.

ئـەم هەنگاوانـە پێگـەی سـاداتیان پتەوکـرد و لـە چەنـد مانگـی یەکەمـدا متمانەکردنـی بـە تواناکانـی پـێ بەخشـی کـە لـە توانـای دایـە ڕوبـەڕووی سـەنتەرەکانی هێـز بوەسـتێ. بـە بۆچوونـی ئـەوان سـادات،

نـاسر نییـە، چونکـە لـە باشـترین حاڵەتـدا، بـۆ ماوەیەکـی کاتـی، یەکەمـی نێـو پێڕەکـە بـوو، بـەڵام کـە بینیـان سـادات خـۆی بڕیـارەکان دەدات، لـە نێـو سـەرکردەکان تەنگـژە سـەریهەڵدا. ئەمـەش بـە ڕوونـی لـە هەوڵەکانـی پەیوەسـت بـە گەڕانـەوەی سـینا لـە ئیسرائیـل دەرکـەوت، نەخاسـمە بڕوایـەک هەبـوو، مـسر بـە بەکارهێنانـی هێـز ناتوانێـت سـینا بگێڕێتـەوە، سـادات سـاڵی ١٩٧١ پێشـنیازی یەکلاکردنـەوەی کاتـی کـرد کـە بـە پێـی ئـەو پێشـنیازە سـوپای ئیسرائیـل لـە کەناڵـی سـوێس، تـا ئـەو ڕادەیـە بکشـێتەوە کـە ڕێگـە بـە مـسر دەدات جووڵـەی دەریاوانـی بکاتـەوە. ئـەم پێشـنیازە گـڕی لـە عەلـی سـەبری بـەردا، چونکـە بـڕوای وابـوو، لەگـەڵ داگیـرکاری ئیسرائیلـدا شـەڕ تاکـە ڕێگەچارەیـە. سـەبری بـۆ قەرەبووکردنـەوەی لاوازییـە سـەربازییەکەی مـسر، هیـوای لەسـەر یارمەتیدانـی سـۆڤیەت هەڵچنـی بـوو. هەروەهـا زۆرێـک لـە سـەرکردەکان لاگیریـان لـە هەڵوێسـتەکەی سـەبری کـرد، یـان بـە لایەنـی کەمـی لـە تاکـڕەوی سـادات نیگـەران بـوون[1].

لـە مانگـی ئایـاری ١٩٧١دا، گـرژی نێـوان سـادات و سـەنتەرەکانی هێـز بەوپـەڕی گەیشـت، لـە ڕووداوەکانـدا ئـەشرەف مـەروان ڕۆڵـی هەبـوو، بـە گوێـرەی گێڕانەوەیەکـی سـادات، مـەروان ئـەو کەسـە بـوو کـە کارتـی بردنـەوەی ڕادەسـت کـردووە، بۆئـەوەی بـە یەکجارەکـی شکسـت بـە نەیارەکانـی بهێنێـت.

یەکێـک لـە لاوازییەکانـی سـادات ئەوەبـوو کـە ناحەزەکانـی، بەتایبەتـی سـامی شـەرەف و جومعـە شـەعراوی ئاژانسـە هەواڵگرییەکانیـان کۆنـترۆڵ کردبـوو، گۆهـداری هێڵـە تەلەفۆنییەکانـی سـاداتیان دەکـرد و دزەیـان کردبـووە نـاو ئـەو دەزگایانـەی لێـوەی نزیکبـوون. سـادات ئـەوەی دەزانـی، بۆیـە ئامـرازە ئاسـاییەکانی پەیوەنـدی بەکاردەهێنـا کـە بەهـۆی نەبوونـی دەسـتوپێوەندی تایبـەت بەخـۆی کارێکـی ئاسـان نەبـوو، بۆیـە ناچاربـوو

پشـت بـە کەسـانی بنەماڵەکـەی ببەسـتێت. کاتێـک ویسـتی لێکۆڵینـەوە لـەو هۆشـدارییە بـکات کـە محەمـەد حەسـەنێن هەیکـەل، ڕۆژنامەنووسـی ڕۆژنامـەی ئەهـرام و یەکێـک لـە هـاوڕێ نزیکەکانـی نـاسر، ئاڕاسـتەی کردبـوو کـە پیلانێـک بـۆ تیرۆرکردنـی لـە ئارادایـە، نوهـای کچـە سـێزدە بەهارییەکـەی نـاردە ئەپارتمانتەکـەی هەیکـەل، بۆئـەوەی داوای لـێ بـکات لـە ماڵـی سـەرۆک چـاوی بـە سـادات بکەوێـت. بەهەمـان شـێوە لـە ١٣ی ئایـار، ئەودەمـەی هەسـتی بـە نزیکبوونـەوەی سـاتی ڕاسـتەقینەی ململانـێ لەسـەر دەسـەڵات کـرد، لوبنـای کچـە گەورەکـەی بـە ئۆتۆمبیلـی تایبەتـی خـۆی نـاردە ئەسـکەندرییە و چـاوی بـە مەمـدوح سـالم پارێـزگار کـەوت، سـالم ئەفسـەری پێشـووی لقـی لێکۆڵینـەوە بـوو کـە لقێکـی پۆلیـس بـوو، هەروەهـا پێشـتر زۆر بەرپرسـیارێتی وەک پاسـەوانی تایبەتـی سـەرکردەکانی دەوڵەتیشـی بینیبـوو. پەیامەکـەی لوبنـا پوخـت و ڕوون بـوو: «سـەرۆک دەیـەوێ هـەر ئێسـتا چـاوی پێـت بکەوێـت و بـە کەسـیش مەڵـێ». سـالم یەکسـەر بـەرەو قاهیـرە لێیخـوڕی، سـادات لێـی پرسـی، ئایـا حەز لە پۆسـتی وەزیـری ناوخـۆ دەکات، سـالم داواکـەی قبـوڵ کـرد و بـە هێمنـی پۆسـتەکەی پێـدا، بۆئـەوەی جێگـەی شـەعراوی جومعـە بگرێتـەوە.

دەسـتبەجێ دوای سـوێند خـوارد، سـالم، فەرمانـدەی هێزەکانـی ئاسایشـی ناوخـۆی لـە ئەسـکەندرییە هێنـا و بـە سـەرۆکی نوێـی لێکۆڵینەوەکانـی مـسری دامەزرانـد. سـادات لیسـتی نـاوی هەمـوو ئـەو کەسـانەی دایـێ کـە بـە پیلانگێڕانـی دژ بـە سـەرۆک دیاریکردبـوون.

تەنانـەت، پێـش ئـەوەی سـالم سـوێند بخـوات، ئەوکاتـەی سـادات لـە نووسـینگەکەکەی لـە چاوەڕوانـی گەیشـتنی دانیشـتبوو، سـەرۆک بڕیاریـدا، دڵسـۆزی جەنـەڕاڵ ئەللەیـث ناسـف، فەرمانـدەی پاسـەوانی سـەرۆکایەتی تاقیبکاتـەوە کـە بـە شەخسـی لەلایـەن نـاسر دامەزرێندرابـوو، بـەوەی

ئەرکـی یەکەمـی پاراسـتنی سـەلامەتی ساداتە. هەرچەنـدە جەنـەڕاڵ و پاسـەوانەکانی لەژێـر فەرمانـدەی سامی شـەرەفدا بـوو، هەروەهـا ناسـف قـەرزاری بەڕێوەبـەری نووسـیگەی سـەرۆک بـوو، بـەڵام ڕۆژی پێشـوو، شـەرەف هەنگاوێکـی نـا، دواتـر دەرکـەوت هەڵەیەکـی گـەورەی کـردووە، بـەوەی ڕێنمایـی نائاسایی پێدابوو کە لـە هـەر بارودۆخێکدا، وەک بەشـێک لـە ئەرکـی پیشـەییانەی خـۆی، دەبێـت ڕێـز لـە ڕێوشـوێنی فەرمانـەکان بگرێـت. ئەنجامەکـەی ئەوەبـوو، کاتێـک سادات لەبـارەی دڵسـۆزی کەسـی بـۆ سـەرۆک و ویسـت و توانـای دەسـتگیرکردنی ئـەو کەسانەی دژی پیـلان دەگێـڕن پرسـیاری لێکـرد. ناسـف تێگەیشـت چ ڕوودەدات و سـوێندی دڵسـۆزی بـۆ سـەرۆک خـوارد. هەروەهـا سـادات ئـەو سوێندەشـی دا کـە نابێـت کـەس بـەو گفتوگۆیـەی نێوانیـان بزانێـت، ناسـف سـوێندی خـوارد کـە پارێـزگاری لـە سـوێندەکەی دەکات.

سـادات خـۆی پیلانگێڕێکـی زرینـگ بـوو، هەسـتی کـرد، هەنووکـە هەمـوو شـتێک لـە شـوێنی خۆیدایـە و سـاتی جووڵەکردنـە. سـاتەکەش، تـا ڕادەیەکـی زۆر لـە لایـەن ئـەشرەف مـەروان دیاریکـرا کـە هێشـتا لـە کۆشـکی کۆمـاری لەژێـر فەرمانـی سـامی شـەرەف کاری دەکـرد.

لەگـەڵ ئـەوەی هەمـوو سـەرچاوەکان کۆکـن کـە مـەروان لـە یارمەتیدانـی سـادات بـۆ زاڵبـوون بەسـەر نەیارەکانـی ڕۆڵـی هەبـووە، تـا لـە ئایـاری ١٩٧١ حوکمڕانییەکـەی لـە سەرانسـەری مسر دامەزرێنێ، بـەڵام خەڵکانێکیـش بەرانبـەر ئـەوەی کردوویەتـی ناکـۆک بـوون، ئەوەتـە سـادات لـە بیـرەوەری خـۆی بەنـاوی «گـەڕان بـە دوای ناسـنامەدا» کـە لێوانلێـوە لـە هەڵـەی واقیعـی، نووسـیویەتی: «کاتژمێـر١٠:٥٧ی خولەکـی شـەوی ١٣ی ئایـار، مـەروان هاتـە لام و نامـەی دەسـت لـە کارکێشـانەوەی هـەر یـەک لـە سـەرۆکی ئەنجوومەنـی گـەل، وەزیـری شـەڕ، سـکرتێری سـەرۆکایەتی

و ئەندامانی ئەنجوومەنی باڵای ڕاپەڕاندنی هێنابوو». سادات پێیوابوو، مەبەست لەو دەست لەکارکێشانە بە کۆمەڵە بۆ خوڵقاندنی تەنگژەی دەستووری بوو، تا سەرۆک ناچار بە دەست لە کارکێشانەوە بێت. سادات نووسیویەتی، لەبری ئەوە «من دەست لە کارکێشانەوەی هەموویانم قبوڵ کرد».(٢)

هەروەها جیهانی هاوژینی سادات لە بیرەوەرییەکەیدا بەناوی «ئافرەتێک لە مسر» کە تێیدا بانگەشەی ئەوە دەکات لە ڕێنوێنی کردنی هاوسەرەکەی بەگشتی و زاڵبوون بەسەر پیلانەکە بەتایبەتی ڕۆڵی هەبووە، وردەکاری زۆر و دراماتیکی دەگێڕێتەوە، بە پێی گێڕانەوەکانی، لە ماڵەوە ئەو و سەرۆک سەیری هەواڵەکانی کاتژمێر دەیان دەکرد، کاتێک گوێیان لە دەرگە لێدان بووە، بینیمان مەروانە، مەروان وێڕای پەیوەندی خێزانیی لەگەڵ ناسر و ڕۆڵی لە نووسینگەی سەرۆک، هاوڕێی کەسی ئەوانیش بوو. مەروان نامەی دەست لە کارکێشانەوەی ئەوانی خستە ناو دەستمان و بە بێزارییەوە گوتی، لە چەند خولەکی دی، لە درێژەی هەواڵەکان ڕاگەیەندراوی گشتی پەخش دەکرێت. سادات سەری بڕوانەکردنی ڕاوەشاند، دواتر بێژەرەکە هەواڵی دەست لە کارکێشانەوە بە کۆمەڵەکەی بڵاوکردەوە. مەروان بە بێزاری هەر لە شوێنی خۆی وەستابوو، کاتێک جیهان لێی دەپرسێت، بۆ پێشتر پێیانی ڕانەگەیاندووە، لە وەڵامدا گوتویەتی، سامی شەرەف ڕێگەی چوونە دەرەوەی لە نووسینگە پێ نەداوە. جیهان لەوە تێگەیشت، چونکە هەرگیز لە دڵسۆزی مەروان بۆ سادات بەد گومان نەبوو، بەڵام نەیتوانیبووە فەرمانەکانی شەرەف ببەزێنێت و دەڵی «نازانم بڕوا بە چ بکەم». ڕەنگە ئەو قسەیەی لەبەر ئەوە کردبێت، چونکە یەکێک لە پیلانگێڕەکان گوتویەتی کاتژمێر ٨ی ئێوارە داواکاری دەست لە

کارکێشـانەوەی ئەوانـەی ڕادەسـتی مـەروان کـردووە.[٣] لـەم سـاتەدا، وەک ئـەوەی جیهـان دەڵـی، ڕۆڵـی مـەروان تـەواو بـوو، ئیـدی ڕۆڵـی ئەللەیـث ناسـف دەسـت پێـدەکات و سـادات فەرمانـی بـە ناسـف کـرد، هەمـوو ئەوانـە دەسـتگیر بـکات کـە ناویـان لـەو لیسـتەدا هەیـە.

سـادات و هاوژینەکـەی بەرانبـەر ئـەو کارە ڕۆڵـی مەروانیـان بـە نامەبەرێـک وەسـف کـرد، بـەڵام ئەوەیـان لـە لا ڕوون نەبـوو، ئایـا بـە مەبسـتی خوڵقاندنـی مودێکـی بیرۆکراسـی، لەبـارەی ڕادەسـتکردنی نامـەی دەسـت لەکارکێشـانەوە بـە کۆمەڵەکـە، بـە فەرمانـی شـەرەف هاتـووە، یـان دەستپێشـخەریی خـودی خـۆی بـووە، وەک هاوپەیمانێکـی نزیکـی سـادات لـە نووسـینگەی سـەرۆکدا. هەرچەنـدە درەنـگ وەختیـش بوو، چونکـە بڕیار بـوو کـەس بـەوە نەزانـێ، تـا ڕاگەیاندنەکـە بڵاودەبێتـەوە. سـەرچاوەکانی دی بـاس لـەوە دەکـەن، مـەروان لـە خـۆوە ئـەو بڕیـارەی داوە و بـۆ دەسـت گەیشـتن و گەیاندنـی بەڵگـەی حاشـاهەڵنەگری تاوانبارکردنـی نەیارانـی سـادات، ڕیسـکی بـە ژیانـی خـۆی کـردووە، بـەم کارەش ئـەو ئامـرازەی خسـتە دەسـتی سـادات کـە بـۆ لەناوبردنـی دوژمنەکانـی پێویسـتی پـێ بوو.

دیـارە، نـاسر دوو گەنجینـەی نهێنـی لـە ماڵەکەیـدا هەڵگرتبـوو. لـە گەنجینـە گەورەکەیانـدا بڕێـک پـارەی کاشـی هەڵگرتبـوو کـە لـە پـڕۆژە هـەرە نهێنییەکانـدا بەکاریدەهێنـا. لـە گەنجینـە بچووکەکـەدا، هەنـدێ بەڵگەنامـەی زۆر هەسـتیاری لەبـارەی هەواڵگـری و دەزگاکانـی ئاسـایش هەڵگرتبـوو. دوای مردنـی نـاسر، تەحیـەی هاوسـەری (بێوەژنەکـەی) کلیلـی هـەردوو گەنجینەکـەی بـە سـامی شـەرەف داوە. لـە ١٣ی ئایـار، شـەرەف، محەمـەد سـەعید سـکرتێری کەسـیی خـۆی نـاردووە، بەڵگەنامەکانـی نـاو گەنجینـە بچووکەکـە بگوازێتـەوە شـوونێکی شـاراوەی دی. بـە گوێـرەی دوو چیـرۆک، مـەروان گوێـی لەم قسـەیە بووە و دوای سـەعید کەوتـووە، مەروان

سەعیدی بینیووە کە لە ماڵی ناسر هاتۆتە دەرەوە و بەڵگەنامەکانیشی پێبووە، پاشان بە ئۆتۆمبیل بۆی دەرچووە. سەرەنجام مەروان چەکی لێ ڕاکێشاوە و تەقەی لێکردووە، سەعیدیش ئۆتۆمبیلەکەی وەستاندووە، مەروانیش دۆکیومێنتەکانی بردووە و بۆ ساداتی هێناون(٤). لە ناو بەڵگەنامەکاندا، بەڵگەنامەی دامەزراندنی حزبی یەکێتی سۆسیالیست هەبووە کە بنکەی ناوەندی پیلانگێڕانی پێکدەهێنا لەگەڵ چەند پەیپەڕێکی کەسیی سامی شەرەف و سەرکردە بەرهەڵستکارەکان و وردەکاری ژمارە بانکییەک کە پێدەچوو ئەو پارانەیان تێیدا هەڵدەگرت کە لە بەرتیل وەرگرتنەکان دەستیان کەوتبوو. بە پێی یەکێک لە چیرۆکەکان، ئەو بەڵگانەشی تێدا بووە کە سامی شەرەف و ئەشرەف مەروان سوکایەتی بە سادات دەکەن، بەڵام مەروان بەرلەوەی بۆ ساداتیان بهێنێ دەریهێناوە(٥) و لەناو بردووە. هاوکات چیرۆکی دیکەی پێچەوانەش هەیە و دەڵی، مەروان خڕ ئەو بەڵگەنامانەی بۆ سادات هێناوە کە سەعید بردبوونی.

لە چیرۆکێکی دیکەی ڕووداوەکاندا باس لەوە دەکرێت کە CIA لە ڕێگەگرتن لە کودەتاکە، لە ڕێگەی گوهداریکردن بەسەر هەندێ لە پیلانگێڕان، ڕۆڵی ناوەندی گێڕاوە. هەروەها لە ڕێگەی ڤلادیمیر ساخارۆڤ، ئەفسەر لە نووسینگەی لۆکاڵی KGB کە بە نهێنی کاری بۆ ئەمریکییەکان دەکرد. تۆماس تویتن، جێگری بەڕێوەبەری CIA لە قاهیرە کە دواتر بووە بەڕێوەبەری ئۆپەراسیۆنەکان، بەڵگەی تاوانبارکردنەکانی داوەتە مەروان، ئەویش ئەو ئێوارە بە ساداتی داوە(٦). چیرۆکێکی هاوشێوەی دی، باس لەوە دەکات کە مۆساد لەبارەی هەوڵی تیرۆرکردنی سادات لەسەر دەستی لایەنگرانی سۆڤیەت لە مسر، زانیارییەکانی بە جێمس ئەنگلتۆنی سەرۆکی دژەتاوان لە CIA

و حەلقـەی سـەرەکی پەیوەنـدی لەگـەڵ ئیسرائیـل داوە، ئەویـش داویەتـە تویـتن، تویتنیـش بـە مەروانـی داوە، مەروانیـش بـە نـۆرەی خـۆی ساداتی لـێ هۆشـیار کردۆتـەوە[٧].

بـە پێچەوانـەی هەمـوو ئـەو چیرۆکانـە، وەسـفی خـودی سـامی شـەرەفیش لـە ئارادایـە و بانگەشـەی ئـەوە دەکات، ئێـوارەی ١٣ی ئایـار فەرمانـی بـە مـەروان کـردووە، نامەکانـی دەسـت لـە کارکێشـانەوە بـۆ سـادات بەرێـت، بـەڵام زاواکـەی نـاسر ڕەتیکردۆتـەوە ئـەو کارە بـکات، لەبـری ئـەوە دەسـت لـە کارکێشـانەوەی خـۆی پێشـکەش کـردووە، لـێ شـەرەف دەسـت لـە کارکێشـانەوەکەی ڕەتکردۆتـەوە و سـوور بـووە لەسـەر مانـەوەی لـە پۆسـتەکەیدا، تـا کەسـێکی دڵسـۆزتر بـۆ جێگـرەوەی ئـەو دەدۆزێتـەوە، کاتێـک مـەروان هیـچ بژاردەیەکـی بـۆ نەماوەتـەوە، بـە ئەنجامدانـی کارەکـە ڕازیبـووە، شـەرەفیش بـە سـەعیدی ڕاگەیانـدووە سـێ جانتـا پـڕ لـە دۆکیومێنتەکـەی پەیوەسـت بـە خەڵکانێـک کـە پەیوەندیـان بە ناسرەوە هەبـووە، نـەک بـە وەزیرانـی حکومـەت، ئەندامانـی ئەنجوومەنـی بـاڵای راپەڕانـدن، یـان ئەندامانـی خێزانـی سـەرۆک، بـە مـەروان بـدات[٨].

ئـەوەی لـەم چیرۆکانـەدا، هەمـووان لەسـەری تەبابـوون، ئەوەبـوو، پـاش ئـەوەی سـادات ڕۆژی دواتـر گشـت پیلانگێـرە سـەرەکیەکانی دەسـەڵاتی لـە مـسر دەسـتگیر کـرد، لەبەرانبـەر ئـەو خزمەتـە دڵسـۆزەدا، مەروانـی خـەڵات کـردووە.

هەرچەنـدە زەحمەتـە بزانرێـت، مـەروان بـۆ ڕێگەگرتـن لـە کودەتـای ئایـاری ١٩٧١، چ کارێکـی کـردووە، چونکـە ڕوونـە زۆر لـەوە زیاتـر بـووە، تەنیـا نامەکانـی دەسـت لەکارکێشـانەوەی بـە سـادات دابێـت، بـەڵام وەکـوو دیـارە، بەڵگـەی تاوانبارکردنـی پیلانگێڕانیشـی بـە سـادات داوە. هەرچەنـدە ئـەوە نـە لـە بیرەوەرییەکانـی سـادات و نـە لـە بیـرەوەری هاوژینەکـەی

ئاماژەی پێ نەدراوە، بەڵام سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی مسر، دەڵێن لە ساڵانی دواتردا، سادات لە بارەی کودەتای ئایاری ١٩٧١دا گوتویەتی، مەروان «ڕێگەی بۆ ڕۆشن کردۆتەوە»[٩]، لەبەر ڕۆشنایی ئەم قسەیە و بە لەبەرچاوگرتنی پلە بەرزکردنەوە دەستبەجێکەیەوە کە مەروان بەدەستیهێنا، دەبێت ڕۆڵەکەی جەوهەری و یەکلاکەرەوە بوو بێت.

هەرچەندە مەسەلەی دزینی بەڵگەنامەکان لە سەعید، لە لایەن مەروان لەژێر هەڕەشەی چەک، بە دوور دەزانرێت، بەڵام لەچاو چیرۆکەکەی سامی شەرەف لە ڕاستییەوە نزیکترە کە داوای لە سەعید کردووە بەڵگەنامەکان بە مەروان بدات. دەکرێ مرۆ سامی بە شتگەلێک تۆمەتبار بکات، بەڵام ناکرێ بە کەسێکی ساویلکەی بزانێت، چونکە بیرۆکەی ئەوەی بە ئەنقەست بەڵگەنامەکانی بە سادات دابێت کە چەند کاتژمێرێک دواتر لەسەری دەستگیرکرا، هەرگیز مایەی بڕواکردن نییە.

کەواتە ماقووڵترە گریمانەی ئەوەی بکرێت، شەوی ١٣ی ئایار، مەروان بەڵگەنامەی پێویستی تاوانبارکردنی پیلانگێڕانی بە سادات دابێت و ڕێشی تێدەچێت، یەکەمجار هەموو ئەو شتانەی دەرهێنابێت کە لەبەرچاوی سەرۆک ناشیرینی دەکەن. ئێمە دەزانین، سادات هێندە ڕێزی بۆ مەروان دانەدەنا[١٠]، بۆیە ئەگەر بەڵگەنامەکان شتێکی لەمجۆرەیان تێدا بووبێت، بێگومان هەموو شتێکی کردووە بۆئەوەی سەرۆک نەیبینێت، ئەمەش لەگەڵ چیرۆکەکەی جیهان یەکدەگرێتەوە کە لە کاتی سەردانەکەدا مەروان ئاسودە نەبووە و لەسەر درەنگ کەوتنەکەشیەوە داوای لێبوردنی کردووە. لە کۆتایی هەموو ئەوانەدا، ئەگەر بەڵگەی تەواوی تاوانبارکردنی خەڵکی دی بۆ سادات هێنابێت کە بۆ بەدەستهێنانیان ڕیسکی بە ژیانی خۆی کردووە، ئایا درەنگ

کەوتـن پێویسـت بـە پەشـۆکاوی دەکات؟ ئەوکاتـە مەسـەلەکە لۆژیکانـە دەردەکەوێـت، ئەگـەر مـەروان بـۆ پشـکنینی هەمـوو بەڵگەنامـەکان و دەرهێنانـی هەمـوو ئەوانـەی کێشـەیان بـۆ دەنایـەوە، کاتـی خـۆی وەرگـرت بێـت. هـەر ئەمـەش هـۆکاری ڕاسـتەقینەی درەنـگ کەوتنەکـەی بـووە.

بەیەکگەیشـتنی بەرژەوەندییـەکان کـە سـادات و ئـەشرەف مەروانـی بەیەکـەوە کۆکـردەوە، تـەوەری ناوەندیـی تـەواوی چیرۆکـی (فریشـتەکە) یـە کـە لەسـەری دەخولێتـەوە، ئەمـەش دەهێنـێ لـە نزیکـەوە لێـی بڕواندرێـت، چـۆن سـادات بەئەنقەسـت دەیویسـت ڕۆڵـی مـەروان لـە تـەواوی کودەتاکـەدا کـەم بکاتـەوە، بـەڵام وا گـۆڕا، وێـڕای ئـەوەی مـەروان شـارەزایی و پەیوەنـدی کەمـی بـە دامـەزراوەی هەواڵگـری سـەربازییەوە هەبـوو، بـەڵام تـا ئـەو ڕادەیـە پشـتی پـێ بەسـت و لـە پۆسـتێکی وا هەسـتیار و گرنگـی وەک پۆسـتی بەڕێوەبـەری گشـتی نووسـینگەی سـەرۆک، لەبـری سـامی شـەرەف دایبمەزرێنێـت؟ لەوانەیـە لـە گۆشـەی بەرانبەریشـەوە ئـەو پرسـیارە بکرێـت: دەبێـت چـی وای لـە زاوای نـاسر کردبێـت، سـواری پشـتی ئەسـپی سـادات بێـت کـە بـە گوتـەی زۆربـەی چاودێـران، ئـەو کارە بەرانبـەر پیـاوە هـەرە بەهێزەکانـی مـسر، جۆرێـک لـە ڕیسـککردن بـە پلـە و پایـە بـوو.

بـۆ پرسـیاری یەکـەم، دوو هـۆکار وایـان لـە مـەروان کردبـوو، بەتایبـەت جێـی سـەرەنجی سـادات بێـت، هـۆکاری هـەرە گرنـگ ئـەوە بـوو، مـەروان خەرمانـە و ئەندامێکـی ئـەو بنەماڵەیـە بـوو کـە نەتـەوەی بونیادنابـوو. ناوەندەکانـی دەسـەڵات، خۆیـان وا دەنوانـد کـە ئـەوان میراتـی ڕاسـتەقینەی نـاسرن، ساداتیش پێویسـتی بـەوە بـوو، لـە ڕێگـەی دروسـتکردنی پەیوەندی لەگـەڵ بنەماڵـەی نـاسر، ڕەوایەتـی خـۆی بچەسـپێنێت و مـەروان تاکـە ئەندامـی بەردەسـتی بنەماڵـەی نـاسر بـوو. تەحیـە، بێوەژنەکـەی نـاسر هـەر

لەسەردەمی هاوسەرەکەشیەوە خۆی لە دنیای گشتی دابڕاندبوو، پاش کۆچی دوایی ناسر هێندی دی خۆی دوورخستەوە. هەر سێ کوڕەکەی ناسر هێشتا بچووک بوون، خالید کە گەورەکەیان بوو، تەمەنی تەنیا بیست و سێ ساڵ بوو، ڕقیشی لە سادات بوو. مانگێک بەر لە هەوڵی کودەتاکە، سادات تەلەفۆنی بۆ ماڵی ناسر کرد و داوای لێکردن ڕێگەی بدەن، ئۆتۆمبێڵە لیمۆزینە گولەنەبڕەکە بەکاربهێنێت کە ٣٦ هەزار دۆلار لەسەر دەوڵەت کەوتبوو. دوای مردنی ناسر، ئەو ئۆتۆمبیڵە لە گەراج ڕاگیرابوو، بەڵام بنەماڵە داواکارییەکەی ساداتیان ڕەتکردەوە و گوتیان، ئەوە موڵکی خۆیانە، نەک حکومەت، لێ سادات پێداگیربوو، لە گەرمەی مشتومڕەکەیاندا، خالید ڕایکردە گەراجەکە و گازۆلینی بە ئۆتۆمبێڵەکە دا کرد و ئاگری تێبەردا[١١].

هەرچەندە خالید بە شێوەیەکی نائاسایی بەرانبەر سادات گوزارشتی لە هەڵچوونەکەی کرد، بەڵام ئەوە هەستی زۆرێک لە ئەندامانی بنەماڵەی ناسر بوو. هودای کچە گەورەیی و هاوسەرەکەی بە تاکە ئەندامی میراتگری سروشتی بنەماڵەکە دادەنران، بەڵام لە ناوەندی دەسەڵات دابڕابوون، بۆیە هیچ ڕێگەی دی لەبەردەم سادات نەبوو، جگە لە بادانەوە بەلای ئەشرەف مەروان نەبێت، ئەگەر دەخوازێت سوود لە پێگەی بنەماڵەکە وەربگرێت. لەوانەیە ناسر خۆی ئەمەی قبوڵ نەبوو بێت، بەڵام پێویست نەبوو هەموو گەلی مسر ئەوە بزانێت.

هۆکاری دووەم ئەو ڕاستییە بوو، مەروان لە نووسینگەی سەرۆک کاری دەکرد کە قەدەر وایکرد، ببێتە شادەماری کودەتاکە. سادات گەلێک پێویستی بە کەسێک بوو، هەواڵی پێ بدات، ڕێک لەناو ئەو دەزگایە چ دەگوزەرێت کە لە بەرژەوەندی ئەو کار دەکات. مەروانێک

هێنـدە لاگیـری ئـەو ناسرییانـە نەبـوو کـە نووسـینگەکەیان پڕکردبـوو، بۆیـە کەسـێکی شـیاوی لیسـتەکەی بـوو.

بـۆ سـادات مەسـەلەیەکی دیکـە هەبـوو کـە بایەخەکـەی کەمـتر نەبـوو، ئەویـش بوونـی زاواکـەی نـاسر بـوو. مـەروان کەسـێک بـوو، چاکـەی هیـچ یەکێـک لـە «کلکـەکان» و «ناوەنـدی دەسـەڵات» و تەنانـەت سـامی ئەشرەفـی بەڕێوەبەریشـی بەسـەرەوە نەبـوو. ئەمـە لای سـادات بەهاکـەی گـەورە کردبـوو، دەیویسـت لەبەرانبـەر هاوپەیمانیەتییەکـە جـێ پێیەکـی بـۆ بدۆزێتـەوە، چونکـە دۆخـی مـەروان جـودا بـوو. مـەروان هـەم هاوسـەری هـودای کچـی نـاسر بـوو، هـەم دۆسـتی نزیکـی ئەنـوەر و جیهـان سـادات بـوو. بێگومـان ئـەم دۆسـتایەتییە بـێ بەرژەوەنـدی نەبـوو. جیهـان لـە بیرەوەرییەکەیـدا، مـەروان بـە پیاوێـک وەسـف دەکات کـە لـە هـەر کەسـێکی دیکـەی بنەماڵـەی نـاسر، زیاتـر هاوشـێوەی کەسـێتی و ویسـتی ساداتی هاوسـەری بـوو. هەروەهـا بـۆ قووڵکردنـەوەی پەیوەنـدی نێـوان سـادات و مـەروان، سـوودی لـە دۆسـتایەتی خـۆی لەگـەڵ سـوعاد ئەلسـوباحی هاوژینـی شـێخی کوێـت وەرگـرت کـە پێشـتر لـە لەنـدەن یارمەتـی مەروانـی دابـوو[١٢].

پرسـیار لەبـارەی ئـەوەی بۆچـی مـەروان هاوپەیمانـی لەگـەڵ سـادات هەڵبـژارد، یەکێکـە لـە قورسـترین پرسـیارەکان، بەتایبەتـی ئەگـەر هێـزی دەسـتی سـادات لـە ململانێـی جێگرتنـەوەدا لـە بەرچاوبگریـن، لـە ڕووکەشـدا لاواز بـوو. بـەڵام گرفتـی گەورەتـر، لەوانەیـە ئـەو ڕاسـتییە بێـت کـە بنەماڵـەی نـاسر، پشـتگرتنی ساداتیان بـە خۆدزینـەوە لـە خـودی بنەماڵەکـە و هەمـوو ئـەو شـتانە دادەنـا کـە لێـی دەکەوێتـەوە. لـە ڕوانگـەی مـەروان، یارمەتیدانـی سادات، ڕەنگـە بـە ئاسـانی کۆتایـی بـە ژیانـی سیاسـی بهێنێـت و پێگـە گشـتییەکەی وەک ئەندامێکـی بنەماڵەکـە

لەناوبەرێت، بەڵام بڕیاری سەرکێشیکردنەکەی، مامەڵەیەکی گەورەمان لەبارەی حسابات و کەسێتییەکەی پێ دەڵێت.

یەکەم، لەبەرئەوەی پرسیاری جێگرەوە هەبوو. ڕاستە، بۆ مەروان سەلامەتتر بوو، پشتیوانی لە سامی شەرەف و سەرکردەکانی دی بکات، بەڵام ئەوە مایەی سەرنجڕاکێشانی مەروان نەبوو، چونکە شەرمی لە پێگە نزمەکەی لە نووسینگەی سەرۆک دەکرد و هیچ هۆکارێکی نەبوو، ئەگەر شەرەف ببێتە سەرۆک، پێگەکەی باشتر دەبێت. ئاخر، شەرەف تەواو ئاگادار بوو، ناسر چۆن بیری لە شووکردنی مونا بە مەروان دەکردەوە کە زیاتر ویستەکان پاڵنەر بوون، نەک خۆشەویستی. لەوەش زیاتر، شەرەف و ئەوانیدی بەڵگەی تەواوی چلێسی مەروانیان بۆ ژیانێکی خۆشتر لەبەر دەست بوو کە بەهۆی پاکیەتی ناسر بە توندی لەناوبرابوو، بەڵگەنامەگەلێک بە ئاسانی دەتوانرا لە دژی بەکاربهێندرێت. بۆیە لەگەڵ خەڵکەکان، هەوڵدان بۆ بوون بە دەستوپێوەندی سادات، باشترین سیناریۆ بوو، هەرچەندە ئەوە نەبوو کە نەخشەی بۆ داڕشتبوو.

بە لای مەروان، بیرۆکەی بوون بە بەشێک لە دەستوپێوەندی سادات، پڕ بەڵێنتر بوو، نەمازە سادات پاشکۆ و کلکی نەبوو، بەڵکوو بەو ژمارە بچووکە دڵسۆزە پشت ئەستوور بوو کە هەیبوو، واتە ڕاستەوخۆ کارکردن لەگەڵ سەرکردەیەک، زۆر لەوە باشتر بوو، پەیوەندی بەم تاخم و ئەو تاخمدا بکات، ئامرازی بە دەستهێنانی ئەمەش، خواردنی سوێندی دڵسۆزی بوو، بۆ سادات. یەکێک لەو شتە گرنگانەی مەروان دەکارا پێشکەشی ساداتی بکات، لینکی پەیوەندی بنەماڵەی ناسر بوو، ئەمەش بۆ سادات کە سەربەخۆیانە هەوڵی بۆی دەدا، ئەگەر ساختەش بێت، بەڵام ڕەوایەتی ناسرییەکانی پێدەدا.

لـەوەش واوەتـر، هـۆکاری دارایـش لـە پشـت ئەمـەوە هەبـوو، مـەروان چـاک پـەی بـەوە بردبـوو، بـە پێچەوانـەی نـاسر کـە وەرگرتنـی خـەڵات و دەسـتکەوتی دیکـەی لـە ئەندامانـی بنەماڵەکـەی قەدەغـە کردبـوو، بـەڵام ئەنـوەر و جیهـان سـادات بـە شـێوەیەکی جـودا لـە شـتەکانیان دەڕوانـی و ژیانـە سکگووشـییەکەی نـاسر بـە ئـەوان نامـۆ بـوو. بـەر لـەوەی سـادات جێگـەی نـاسر بگرێتـەوە، کچـە گەورەکەیـان بـە عوسـمان ئەحمەد عوسـمان دابـوو کـە یەکێـک بـوو، لـە پیـاوە هـەرە دەوڵەمەندەکانـی مـسر و زۆربـەی سامانەکەشـی، وەک یەکێـک لـە کۆنتراکەتـان لـە دروسـتکردنی بەنـداوی ئەسـوان بەسـەریەکەوە نابـوو. دواتـر کچەکـەی دیکەشـیان شـووی بـە سـەعید مەرعـی کـرد کـە لـە بنەچـەی یەکێـک لـە بنەماڵـە دەوڵەمەندەکانی مـسر بـوو. بەگوێـرەی پڕۆپاگەندەکانـی ئەوکاتـەی قاهیـرە، بـە ماوەیەکـی کـورت بەرلـەوەی سـادات ببێتـە سـەرۆک، جیهانـی هاوژینـی دڵـی کەوتبووە سـەر خانوویەکـی قاهیـرە، هەرچەنـدە خاوەنەکـەی نیـازی فرۆشـتنی نەبـوو، بـەڵام کاتێـک لـە سـەرەتای تەممـووزی ١٩٧٠، نـاسر سـەردانی مۆسـکۆی کـرد و سـادات وەک جێگـری سـەرۆک دەسـەڵاتی گرتـە دەسـت، دەسـتبەجێ فەرمانـی دەسـت بەسـەرداگرتنی ئـەو خانوویـەی بـە تـەواوی شـتەکانی نـاوی دەرکـرد. کاتێـک نـاسر گەڕایـەوە مـسر، چەنـد ڕۆژێـک دواتر خـاوەن خانوویەکـە لەبـارەی دەسـت بەسـەرداگرتنی خانوویەکـەی سـکاڵای کـرد. پـاش لێکۆڵینەوەیەکـی کـورت، نـاسر فەرمانەکـەی هەڵوەشـاندەوە و خانووەکـەی بـۆ خـاوەن موڵـک گەڕانـدەوە. بـە گوێـرەی گێڕانەوەیـەک، نـاسر هێنـدە تـوڕە بـووە، بڕیـاری دەرکردنـی ساداتی داوە، بـەڵام مردنـە لـە ناکاوەکـەی لـە مانگـی ئەیلـوول، نەیهێشـت بڕیارەکـەی جێبەجـێ بـکات.

بەچاوپۆشـین لـەوەی، ئایـا چیرۆکەکـە دروسـتە، یـان تەنیـا نموونەیەکـی پڕۆپاگەندەکانـی هەڵوێسـتی ساداتە بەرانبـەر گەندەڵـی، لـێ ئـەوەی ڕوونە، ئەوەیـە بازنـە نزیکەکـەی سـەرۆکە نوێیەکـە، لەچـاو سـەردەمی نـاسر، بـۆ

ئـەم جـۆرە ڕەفتـارە کراوەتـرن، گەورەتریـن گـرژی کـە لـە نێـوان مـەروان و خـەزووری قەومـا، لەبـەر وەرگرتنـی پـارە بـوو لـە سـوعاد ئەلسـوباح. مـەروان تـەواو دڵنیایـە کـە لـە بـن باڵـی سـادات، ئـەم جـۆرە گرژییـە ڕوونـادات. کەواتـە لـە کۆتاییـدا مـەروان لەبـارەی سـامانە نوێیەکەیـەوە، ڕوونکردنەوەیەکـی باوەڕپێهێنـەری دەسـتکەوت کـە لـەو ڕۆژەی کار بـۆ مۆسـاد دەکات، بەسـەریدا ڕژاوە. گەندەڵـی کەسـی پاسـاوێکی نایابـە.

لەپاڵ ئـەو هەمـوو مەزەندانـەوە، لایەنـی سـایکۆلۆژیش ڕۆڵـی هەبـوو، مـەروان کـە لەناخیـەوە جۆرێـک لـە مەیلـی سەرکێشـی هەبـوو، جارێکـی دی لـە ڕێگـەی بەسـتنەوەی چارەنووسـی خـۆی بـە سـادات، مەیلـە سەرکێشـییەکەی سەرپێخسـتەوە، زۆر لـەوە زیاتـر، ئەگـەر پەیوەنـدی بـە کلکەکانـی سـامی شـەرەفەوە بکردبـا، هەروەهـا هۆکارێکـی دیکـەی سـایکۆلۆژیش هەبـوو کـە دەکـرێ بـە «هاوپەیمانـی دۆڕاوەک» نـاوزەد بکرێـت. مـەروان درکـی بـە ڕەتکردنـەوەی خـۆی لـە لایـەن نـاسرەوە کردبـوو، هەروەهـا شـەرەف و دەڵالەکانـی دیکـەی دەسـەڵات بـە هەمـان شـێوە مامەڵەیـان لەگەڵیـدا دەکـرد و بـە بێـزەوە لـە ساداتیان دەڕوانـی. ڕەنگـە هەسـتی هاوبـەش ئـەوی لەگـەڵ سـەرۆکی گەمارۆدراو کۆکردبێتەوە، دەنـا مەسـەلەکە ئـەوە نەبـوو کـە بـە چـاوی ڕێـزەوە لـە سادات دەڕوانێـت، چونکـە زیاتـر لـە جارێـک ئەمـەی بـە ڕێنوێنیـکارە ئیسرائیلییەکـەی گوتبـوو کـە شـتێک لـە کەسـایەتییەکی ئاڵـۆزی وەک مـەروان دەبینـێ کـە پاداشـتی بەهێـزی ئاوێتەبـووی حسـاباتی سـارد بەڕێـوەی دەبـرد، لەوانەیـە هەسـتکردن بـە چارەنووسـی هاوبـەش ڕۆڵێکـی بـاڵای لـەو بژاردەیـە هەبـوو بێـت کـە لـە سـاتە بنەڕەتییەکـە وەریگـرت.

لـە کۆتاییـدا، دەبێـت ئەوەمـان لـە یـاد بێـت، ئـەشرەف مـەروان هیـچ دڵسـۆزییەکی ڕاسـتەقینەی بـۆ سیاسـەت و پێوەرەکانـی ئـاکار

نەبــوو، تاکــە کەســێک کــە بــەردەوام دڵســۆزی بــۆی هەبــوو، هــەردوو کوڕەکــەی و مونــای خێزانــی بــوو کــە لــە ڕووی باوکــی، لــە پاڵــی وەســتا، واتــە، پیاوێــک ئامــادە بێــت، نهێنــی وڵاتەکــەی بــە گەورەتریــن دوژمنــی بفرۆشــێت، دیــارە پێدانــی بەڵگــەی خســتنە زیندانــی ســامی شــەرەف و پیلانگێــرەکان بــە ســادات، هــەر کێشــە نییــە.

کاتێــک ئەنــوەر ســادات، مەروانــی بــە ســکرتێری ســەرۆکایەتی هەڵبــژارد، لــە نــاکاو بەهــای ســیخوڕە هــەرە بەناوبانگەکــەی ئیسرائیــل بــەرز بوویــەوە، چونکــە بــوو بــە بەرپرســی شــادەماری ناوەنــدی دەســەڵاتی بەهێزتریــن ڕژێمــی جیهانــی عــەرەب. بێگومــان مــەروان وەک ســامی شــەرەف نەبــوو، پێگەکــەی هاوشــێوەی ســامی ئۆتۆماتیکــی هەمــوو شــتێکی پێ نــەدەدا، ئاخر شــەرەف وەک وەزیــری دەوڵــەت بــۆ کاروبــاری ســەرۆکایەتی، نووســینگەی ســەرۆکی کردبــوو بــە ئاژانســێکی هەواڵگری ترســناک و ناوەنــدی گۆڕینەوەی زانیــاری، چونکــە هەمــوو زانیارییەکــی هەواڵگــری پەیوەســت بــە ئاسایشــی وڵات و ڕژێمــی نــاسر، بــە بــن دەســتی ئــەو تێدەپەڕیــن، ئەمــەش هــەروا بــە ئاســانی بــە دەســت نەهاتبــوو، بەڵکــوو چەنــد ســاڵێکی خایاندبــوو، تــا پێگەیشــتبوو. لــە ســەرەتای ١٩٥٤، ئەوکاتــەی مــەروان تەمەنــی تەنیا دە ســاڵ بــوو، شــەرەف تــۆڕی خــۆی چنیبــوو، هەروەهــا لــە ڕێگــەی فرەوانکردنــی هەژمــوون و بەدەســتهێنانی شــارەزایی لــە بــواری کۆکردنــەوەی زانیــاری، بــە شــێوەیەک تۆڕەکــەی خــۆی فــرەوان کردبــوو، گەیشــتبووە هەمــوو کــون و کەلەبــەرە تاریکەکانــی مــسر، شــتگەلێکی کــەم هەبــوو، ســامی شــەرەف زانیــاری لەبارەیانــەوە نەبێــت، یــان ئاشــکرای نەکردبێــت. شــەرەف کارێکــی دەســتی پوختــی دروســتکردبوو، تــەواوی دەستوپێوەندەکانیشــی لــەو کەســانە بــوو کــە دڵســۆزیان بــۆ ئــەو هەبــوو، بــەڵام هیــچ یەکێــک لەوانــەی بــۆ ئــەشرەف مــەروان نەگواســتەوە، کاتێــک پۆســتەکەی وەرگــرت.

مـەروان کـە پۆسـتەکەی گرتـە دەسـت، لەبـارەی بەڕێوەبردنـی کاروبـاری نووسـینگە، هیـچ شـارەزاییەکی نەبـوو. ڕاسـتە بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ لەژێـر فەرمانـی سـامی شـەرەف کاری کردبـوو، بـەڵام لەبەرئـەوەی جـێ متمانـەی سـەرەکی نەبـوو، لـە شـتێکی کـەم نەبێـت، هیچـی دی فێـر نـە ببـوو و ئەرکێکـی هەسـتیاری پـێ نـەدەدرا. هەروەهـا مـەروان پەیوەنـدی تایبەتـی بـە سـوودی لەگـەڵ «ناوەندەکانـی دیکـەی دەسـەڵات» وەک شـەعراوی جومعـەی وەزیـری ناوخـۆ، یـان فەرمانـدە سـەربازییەکان نەبـوو. جارێکیـان لـە نووسـیگەکەیەوە هەوڵیـدا سـەرکردایەتی تۆڕێکـی هەواڵگـری سـەر بـە شـەرەف بـکات، بـەڵام تێیـدا سـەرکەوتوو نەبـوو. بـە خێرایـی دەرکـەوت کـە پیاوەکانـی شـەرەف دڵسـۆزی خۆیـان پێشکەشـی کەسـێکی گەنـج و بـێ ئەزموونـی وەک وی نەدەکـرد، هەروەهـا شـێوازی کارکردنـی سـادات لـە شـێوازی نـاسر جـودا بـوو کـە نووسـینگەی سـەرۆکی کردبـوو بـە پایگـەی ڕژێمەکەیـەوە. سـادات بـەلاوەی پەسـندتر بـوو، زۆر دەسـت لـە کاروبـاری ڕۆژانـەوە وەرنـەدات، بەڵکـوو فۆکەسـی لەسـەر بڕیـارە سـتراتیژە گرنگەکانـی پەیوەسـت بـە شـەڕ و ئاشـتی بـوو، بەڕێوەبردنـی وڵاتـی بـۆ کەسـانی دیکـە جێهێشـتبوو، کەسـانێک کـە پێیوابـوو جـێ متمانـەن، بـەڵام مەروانێکـی گەنـج و بـێ ئەزمـوون و سـاویلکەی سیاسـەت، لـە پـاڵ خـووە کەسـییەکانی، بەتایبەتـی ویسـتە لـە پێشـینەکانی وایـان کردبـوو ڕووبەڕووی سـەرکردەکانی دیکـە بێتـەوە، هەمـوو ئەوانـە بەسـەریەکەوە وایکردبـوو، مەحـاڵ بێـت، سـادات تـەواوی ئـەو هەگبـە بەرپرسـیاریەتییەی شـەرەف لـە ئەسـتۆی گرتبـوو، لـە بـن دەسـتی مـەروان دابنێـت.

ئیـدی بـەم شـێوەیە، مـەروان بـۆ ماوەیـەک لـە هەڵگرتنـی نازنـاوی سـکرتێری سـەرۆک بـەردەوام بـوو، بـەڵام بـە کـردەوە ڕۆڵەکـەی زۆر کـەم بـوو، دواتـر وەک «بەرپرسـی پەیوەنـدی کاروبـاری تایبـەت» وابـوو، بـە شـێوەیەکی سـەرەکی نوێنـەری تایبەتـی سـەرۆک بـوو بـۆ لای سـەرکردە

گەورەکانــی جیهانــی عەرەبــی. لاویەتــی و پەیوەنــدی خێزانــی مــەروان، وایکردبــوو نموونــەی پاراســتنی شــیرازەی پەیوەندییــەکان بێــت، بــۆ نموونــە لەگــەڵ ڕژێمــی نوێــی لیبیــا بــە ســەرکردایەتی عەقیــد موعەمــەر قەزافــی کــە لــە ئەیلوولــی ١٩٦٩ مەلیــک ئیدریســی ڕووخانــد. قەزافــی لــە لایەنگــرە سەرســەختەکانی نــاسر بــوو، تەنیــا دوو ســاڵ لــە مــەروان بــە تەمەنــتر بــوو، عەبدولســەلام جەلــود کــە دووەم فەرمانــدەی قەزافــی بــوو، هاوتەمەنــی مــەروان بــوو.

بژاردەکــەی ســادات، حەکیمانــە بــوو، جەلــود و مــەروان لــە نزیکــەوە پێکــەوە کاریــان کــرد، گرنگتریــن دەستکەوتیشــیان، ئــەو ڕێککەوتنــە بــوو کــە مــسر توانــی پێــچ بەســەر ســەپاندنی ئــەو ئابڵوقــەی چــەک بــکات کــە فەڕەنســا ســاڵی ١٩٦٧ لــە چوارچێــوەی هەوڵەکانــی ڕێگــە گرتن لە گەیشــتنی چــەک بــە لایەنــە ناکۆکــەکان، خســتبوویە ســەر مــسر، لــە بەرانبــەردا مــەروان یارمەتــی جەلــودی دا لــە شــکاندنی ئــەو ئابڵوقەیــەی هــەر یــەک لــە ویلایەتــە یەکگرتــووەکان و شانشــینی یەکگرتــوو لەســەر فرۆشــتنی چــەک و پارچــەی یەدەگــی فڕۆکــە شارســتانییەکان لەســەر لیبیایــان ســەپاندبوو، بــەڵام پەیوەندییەکــە لــە کارکــردن تێپــەڕی، هــەرزوو لــە قاهیــرە جۆرەهــا پڕۆپاگەنــدە لەســەر ســەودا گومانەوانییەکانــی ئــەو جووتــە و ئاهەنگــە لەتــام دەرچووەکانیــان لــە لەنــدەن، ڕۆمــا و قاهیــرە بڵاوبوویــەوە.

لەپــاڵ کارکردنــی لەگــەڵ لیبیــا، ســادات داوای لــە مــەروان کــرد، کار لەســەر پتەوکردنــی پەیوەنــدی لەگــەڵ شانشــینی عەرەبــی ســعوودیا بــکات کــە پشــتیوانییەکی زۆری لــە بودجــەی دەوڵەتــی مــسر دەکــرد. کەمــاڵ ئەدهەمــی زڕبــرای هاوژینــی مەلیــک فەیســەل بــن عەبدولعەزیــز، ڕایەڵــەی پەیوەنــدی مــەروان لەگــەڵ بنەماڵــەی مەلیکــی ســعوودیا بــوو، کــە لــە ناوەڕاســتی شەســتەکاندا دامەزرێنــەری هۆبــەی هەواڵگــری ســعوودیا و

بەڕێوەبردنی بوو. ئەوەی جێی سەرنجە، ئەو ئاژانسە بۆ وەستاندنی شەپۆلی ناسریی لە نیمچە دورگەی عەرەبی بوو، بەڵام دوای ئەوەی مسر هێزەکانی لە یەمەن کێشایەوە، پەیوەندی نێوان ناسر و مەلیکی سعوودیاش باش بووەوە. لێرەوە دیسان حیکمەتی سادات لە هەڵبژاردنەکەی بە ئاشکرا دەردەکەوێت. لەپاڵ پەیوەندی کاری نێوانیان، مەروان و ئەدهەمیش بوون بە دوو هاوڕێی زۆر نزیک، لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندییە، دەستکەوتی ئابووری وایان بە دەستهێنا کە گاڵتەی پێ نەدەکرا. بە ماوەیەکی کورت دوای لە ئەستۆگرتنی دۆسییەی پەیوەندییەکان لەگەڵ سعوودیا، لە ڕۆژنامەکانی مسر ڕاپۆرتگەلێکی وا بڵاوبوونەوە و باسیان لە تێوەگلانی مەروان لە جۆرەها کاری گەندەڵی دەکرد، زیاتر لە جارێکیش ناوی کەمال ئەدهەم لەو ڕاپۆرتانەدا هاتبوو. دواتر بە شێوەیەکی گشتی قسە لەسەر تێوەگلانی مەروان لە گەندەڵی لەم قۆناغە و ئەو ڕووداوە دەکەین کە ناوی کەمال ئەدهەم هاتووە، بەڵام ئەوەی هەژی گوتنە، ئەو گەندەڵییەی لەسەر مەروان باس دەکرا، وایکرد قسەکردن لەسەر ئەو پارەیەی مەروان لە بەرانبەر ناپاکییەکەی وەریدەگرت، بۆ هەر کەسێک کارێکی سەخت بێت.

هەرچەندە مەروان تەواوی بەرپرسیاریەتییەکانی سامی شەرەفی لە ئەستۆ نەبوو، بەڵام پاش ئایاری ١٩٧١، نرخی مەروان لە کن مۆساد گەورەتر بوو، پێشتر نزیکی ئەو لە سادات، تەنیا پەیوەندییەکی کەسی بوو، بەڵام ئێستا پەیوەندییەکە فەرمییە، ئێستا لەباریدا هەیە بە شێوەیەکی فەرمی داوای زانیاری لە هەر کەسێک بکات کە دەیەوێت، ئیدی لێرە بەدواوە، هیچ سنوورێک بۆ زانیاری لەبەردەم ئیسرائیل نەما کە بیەوێ لەسەر مسر کۆی بکاتەوە.

# پاژی پێنجەم

## خەونی هەر ئاژانسێکی هەواڵگری سەر ڕووی زەوی

تەنانەت پێش شۆڕشی ڕاستکردنەوەی ئایاری ١٩٧١، بە درێژایی مێژووی ئیسرائیل، ئەشرەف مەروان لە هەر بەکرێگیراوێکی دیکە زیاتر، ببووە جێی سەرسامی سەرپەرشتکارەکانی کە لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٧٠دا، لە یەکەم دیداریدا لەگەڵ دوبی، چەندین بەڵگەنامەی گرانبەهای ڕادەست کرد و لە دیدارەکانی دواتریشدا لە پێشکەشکردنی زانیاری زۆر ورد بەردەوام بوو، لەبارەی هەموو ئەو شتانەی لەناو سەرکردایەتی مسر ڕوویدەدا. بەشداریکردنی کۆڵۆنێل مائیر مائیر لە کۆبوونەوەکانی لەندەن یارمەتی دەمەزەدکردنی کاریگەرییەکانی مەروانی دا، تا جەخت لە بەدەستهێنانی ئەو زانیاریانە بکاتەوە کە بەلای ئیسرائیلەوە پڕ بایەخ بوون. لە یەکەم دیداریدا لەگەڵ مەروان کە لە نیسانی ١٩٧١ ئەنجامدرا، لەبارەی نەخشەی پەڕینەوەی میسرییەکان لە کەناڵی سوێس، مائیر لە مەروانی پرسی، بۆ کۆبوونەوەی دواتر، مەروان فەرمانە ڕاستەقینەکانی فەرمانەکانی سوپای بۆ پەڕینەوە لەگەڵ خۆیدا هێنا کە تەواوی وردەکاریی هێرشکردنی مسرییەکانی لە خۆگرتبوو. فەرمانەکان باسیان لەوە کردبوو کە کام هێز پردەکان بونیات دەنێت و شوێن دەگرێت، کامەشیان یەکەمجار دەپەڕێتەوە و کامەش دواتر، ئەمانە و زۆر وردەکاری دیکەی تایبەت بە ئۆپەراسیۆنەکە. کۆپییەکی فەرمانەکان لە گەنجینەی هەر فەرماندەیەکی

فیرقەکانــی دەوروبــەری کەناڵەکــە هەبــوو. بــە گوێــرەی زانیارییەکانــی مــەروان، بــەر لــە کۆتایهاتنی شــەڕی خوێنــاوی لە مانگــی ئابی ١٩٧٠، لەســەر بنەمــای ئــەم پلانــە تاقیکردنــەوە کرابــوو و لــە هەنگیــرا جموجۆڵــەکان بــە شــێوەیەکی چڕ بەردەوامــی هەبــووە. ئێمــە ئێســتا دەزانیــن، ئــەو فەرمانانــە لەوپــەڕی دیقەتــدا بــوون و یــۆم کیپــوور، ٦ی ئۆکتۆبــەری ١٩٧٣، بــە وادەی دەســتپێکردنی قۆناغــی یەکــەم دانرابــوو.

دووەم بەڵگەنامــە کــە مــەروان دایــە مائیــر، گشــتاندنی فەرمانــی جەنــگ بــوو بــۆ تــەواوی ســوپای مــسری لەگــەڵ لــە خۆگرتنــی بونیــادی ســوپا، لیســتی نــاوی فەرمانــدە و فیرقــەکان، چــەک، لیســتی فڕۆکــە جەنگییــەکان و شــوێنی هــەر پۆلێکــی هێــزی ئاســمانی و کۆمەڵێــک وردەکاری لەبــارەی یەکەکانــی ســوپای مــسری، ئــەوکات هەواڵگــری ســەربازی هێــزی بەرگــری ئیسرائیــل لــە چەندیــن ســەرچاوەی مرۆیــی و تەکنیکیــی و لــە پێکەوەگرێدانــی پارچــەکان نەخشــەیەکی تایبــەت بــە ســوپای مــسری دروســت کردبــوو، بــەڵام ئــەو بەڵگەنامانــە قووڵایــی و وردەکاریــی زیاتــری بــە نەخشــەکە دا کــە لــەڕووی جۆرایەتییــەوە، لەچــاو ئــەوەی پێشــتر بێوێنــە بــوو. هەروەهــا لــە بەرزکردنــەوەی پلــەی تــەواوکاری زانیارییــە بەردەســتەکان یارمەتــی دا، تاڕادەیەکــی زۆریــش بــووە هــۆی بەرزکردنــەوەی متمانــە کــە مــەروان بەکرێگیراوێکــی دووســەرە نییــە و گومانــی هەمــوو ئەوانــەی هێشــتا پرســیاریان هەبــوو، بــە تــەواوی ڕەوانــدەوە(١).

پەرەســەندە دراماتیکییەکــەی کــە لــە ژیــان و پێگــەی مــەروان ڕوویــدا، بەتایبەتــی دامەزراندنــی لــە پۆســتێک کــە پێشــتر لەلایــەن ســامی شــەرەف بەڕێوەدەبــردرا، ئاخــر، یاریــدەری ڕاســتەوخۆی ســەرۆکی وڵاتێــک کــە خــۆی بــۆ پەلاماردانــە ســەر دوژمنەکــەی ئامــادە کردبــوو، بەکرێگیــراوی ئــەو

دوژمنـەی بێـت، ئەمـە لـە مێـژووی سـیخوڕیدا، خولقاندنـی بارودۆخێکـی جیـاکارە. لـەو ماوەیـەی مـەروان دەسـتی لەگـەڵ مۆسـاد تێکـەڵاو کـرد، مارکـۆس وۆڵفـی گـەورە سـیخوڕی ئەڵمانیـای ڕۆژهـەڵات لـە چاندنـی گونتـەر گویللومـی بەکرێگیـراو بـە یاریـدەری ڤلـی براندی ڕاوێـژکاری ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوا، سـەرکەوتوو بـوو، بـەڵام وەک چـۆن سەرپەرشـتیارانی مـەروان مەزەنـدەی گەیشـتن بـەو پۆسـتەیان نەکردبـوو، بـە هەمـان شـێوە سەرپەرشـتیارانی گویللومیـش هەرگیـز مەزەنـدەی ئەوەیـان نەکردبـوو، بەڵکـوو تاکـە ئامانجیـان ئەوەبـوو، کەسـێکیان لـە پلـەی بـاڵای پارتـی حوکمڕانـدا هەبێـت. گویللـوم بـۆ مـاوەی چـوار سـاڵ لـە نزیکـەوە لەگـەڵ برانـدی کاری کـرد و نهێنـی سـتراتیژی زۆر گرنگـی بـۆ ئەڵمانیـای ڕۆژهـەڵات گواسـتەوە، لەوێـوەش بـۆ مۆسـکۆ[٢]، بـەڵام لـە سـاڵی ١٩٧٤دا دەسـتگیرکرا و ناچـار بـە دەسـت لـە کارکێشـانەوە کـرا. بـە پێچەوانـەی ئـەوەی سـاڵی ١٩٧٠ لـە مـسر ڕوویـدا، ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوا هیـچ پلانێکـی پەلاماردانـی ئەڵمانیـای ڕۆژهەڵاتـی نەبـوو، ئـەو زانیارییانـەی گویللـوم گواسـتبووینەتەوە، زیاتـر سیاسـی و دیپلۆماسـی بـوون، نـەک سـەربازی، بـەڵام مـەروان نهێنییـە سـەربازییە هـەرە هەسـتیارەکانی پەیوەسـت بـە پلانـی پەلاماردانـی مـسر بۆ سـەر ئیسرائیـل، ڕادەسـتی مۆسـاد کـرد کـە لـە سـەرووی لیسـتی هەوڵەکانـی دەزگای هەواڵگـری ئیسرائیـل بـوو.

ئەمـڕۆ ئـەو بەڵگەنامانـەی مـەروان لـە چـوار بەرگـی گـەورە لـە ئەرشـیفی مۆسـاد پارێـزراون، نـەک تەنیـا بەڵگەنامـەکان و دەقـی وەرگێڕانـە عیبرییەکانیـان، بەڵکـوو نووسـینی تـەواوی دەربڕینـە زارەکییەکانیـش لـە خـۆ دەگـرن کـە بـە «هەڵسـەنگاندنی سـەرچاوە» نـاسراوە و بـاس لـە زۆر سـەرەبابەت دەکات، هەندێکیـان شـتی بچووکـن، وەک پلانـی دامەزراندنـی حکومـەت کـە سـادات بـۆ لێکۆڵێنـەوە لـە ئالنگارییـە ئابوورییەکانـی دەکـرد

کـە ڕووبـەڕووی وڵات ببوونـەوە، دووبـارە ڕێکخسـتنەوەی هێزەکانـی پۆلیـس و ئاسایشـی ناوخـۆ و چەنـد پرسـێکی دیکـەی ناوخۆیـی، ئەمانـە هەموویـان دەرفەتیـان بـۆ ژمارەیەکـی بچووکـی ئەفسـەرانی هەواڵگـری ڕەخسـاند کـە خوێندبوویانـەوە، بیرۆکەیەکـی زۆر بـاش لەسـەر ژیانـی پلـە باڵاکانـی کۆمەڵگـەی مسریـان لـە کـن گەڵاڵـە بێـت(٣).

بابەتـە هـەرە گرنگـەکان، بابەتـە سـەربازییەکان بـوون کـە بەشـێکی زۆری کورتکراوەکانـی- تێبینـی گفتوگۆکانـی پێچەوانـەی کۆنووسـە فەرمییـەکان بـوون کـە لـە میانـەی گفتوگـۆکان، یـان دوای گفتوگـۆکان نووسرابوونەتـەوە_ تاوتوێکردنـی بابەتـە جەوهەرییەکانـی دەزگا گرنگەکانـی وڵات بـوون. بـۆ نموونـە، گفتوگۆکانـی ئەنجوومەنی باڵای هێـزە چەکدارەکان، کۆبوونەوەکانـی سـتافی گشـتی سـوپا، گفتوگـۆی نێـوان جەنەڕاڵـە بـاڵاکان و هاوشـانە سـۆڤیەتییەکانیان، دیدارەکانـی بەرپرسـانی وڵاتانـی عەرەبـی، وەک دیدارەکانـی لوتکـە و دیدارەکانـی سـادات لەگـەڵ سـەرکردە جیهانییـەکان کـە دەچـووە دەرەوە. شـێوازی سـادات لـە بەڕێوەبردنـدا وابـوو خـۆی لـەو کۆبوونەوانـە نەبـان دەکـرد کـە بابەتەکانـی بەلایـەوە زۆر جێـی بایـەخ نەبـوون، تەنانـەت ئەگـەر کۆبوونەوەکـە زۆر هەسـتیاریش بـا، وەک کۆبوونـەوەی سـتافی گشـتی سـوپا، زۆرجـار لـە بـڕی خـۆی مەروانـی دەنـارد، بۆیـە تێبینییـە تۆمارکراوەکانـی مـەروان لـە کاتـی گفتوگۆکـردن لەگـەڵ سەرپەرشـتیارانی گرنـگ بـوو. لـە گفتوگۆکانیـدا لەگـەڵ دوبـی و مائیـر، مـەروان هیـچ گومانێکـی نەهێشـتەوە کـە خـۆی ئامـادەی دیـدارەکان بـووە، «ژوورەکـە ژاوەژاو بـوو» هەڵسـەنگاندنی سـەرچاوە پێـمان دەڵێـت، «بەدرێژایـی کات سـادات بێـزار بـووە» ئیـدی شـتی دیکـەی لـەم جـۆرە...

ئـەو زانیارییانـەی مـەروان لەبـارەی گفتوگـۆکان لەگـەڵ سـۆڤیەتییەکان پێشکەشـی کـردن، زۆر جێـی بایەخـی ئیسرائیلییـەکان بـوو، چونکـە

مسرییـەکان لـە ئەنجامدانـی پەلامارەکەیانـدا پێویسـتیان بـە چەکوچۆڵـی سـۆڤیەت هەبـوو. زانیارییـەکان پـڕ لـە وردەکاری بـوون، تەنیـا کورتکـراوە و خولەکەکانـی گفتوگـۆی نێـوان سـادات و سـەرکردەکانی سـۆڤیەتی لـە خـۆ نەگرتبـوو، بەڵکـوو شـیکردنەوەی دورودرێـژی گفتوگـۆ ئاسـت لـە خوارەکانی نێـوان وەزیرانـی بەرگـری، سـەرۆکی ئەرکانـی سـوپا و هەواڵگریشـی لـە خۆگرتبـوو، بەسـەریەکەوەنانی هەمـوو ئـەو ڕاپۆرتانـە، پەنجەرەیەکـی گـەورەی کـردەوە کـە بەهۆیـەوە سـەرکردە سیاسـی و هەواڵگرییەکانـی ئیسرائیـل، نـەک هـەر توانیـان بیرکردنـەوەی مسرییـەکان بەرانبەر شـەڕ دژی ئیسرائیـل ببینـن، بەڵکـوو لـە بیرکردنـەوەی کرملینیـش گەیشـتن، بەتایبەتـی لەبـارەی ئـەوەی مسرییـەکان بـۆ سـەرکەوتن بەسـەر هێـزی بەرگـری ئیسرائیـل ئامـادە نیـن.

ڕەنگـە باشـترین نموونـەی چۆنیەتـی یارمەتییەکانـی مـەروان بـۆ هەواڵگـری ئیسرائیلـی، گفتوگۆکانـی سـادات بێـت کـە لـە ئۆکتۆبـەری ١٩٧١ لـە مۆسـکۆ لەگـەڵ سـەرکردەکانی سـۆڤیەت کـردی بـووی، سـەردانەکە بـە مەبەسـتی بڕواهێنـان بـە کرملیـن بـوو، تـا چەکوچۆڵـی «بەرپەرچدانـەوەی» پـێ بـدات، بۆئـەوەی ڕێگـە لـە ئیسرائیـل بگرێـت، تـا ئامانجـە هەسـتیارەکان لـە قووڵایـی مـسر بۆمبـاران بـکات کـە لـە ئـاداری ١٩٧١ سـادات داوای لـە لیۆنیـد برژنێـف کردبـوو، مووشـەکی کلێت-مووشـەکی زەوی بـە ئاسـمان-ی پـێ بـدات کـە بـە تۆپۆلیـڤ تـو ١٦ دەهاوێـژران، بـەڵام لـەم گـەڕەی گفتوگـۆدا داوای مووشـەکی سـکۆد- زەوەی بـە زەوی- لێکـرد کـە مەوداکـەی نزیکـەی ١٧٠ میـل بـوو و بـە زۆربـەی ئامانجـە گەورەکانـی ئیسرائیـل دەگەیشـت.

هەواڵگـری سـەربازی و مۆسـاد لەبـارەی هـەردوو سـەردانەکە، تەنیـا بڕێـک زانیاریـان، وەک واژووکردنـی ڕێککەوتنـی چـەک لـە گفتوگۆکانـی

ئۆکتەبـەر چنـگ کەوتبـوو. ئـەو گفتوگۆیانـە لـە کاتێکـدا بـوون کـە «سـاڵی بڕیاردانــی» ســادات لەبــارەی شــەڕ لەگــەڵ ئیسرائیــل بــەرەو کۆتایــی بــوو، بۆیــە ئیسرائیلییــەکان بــە پــەرۆش بــوون، بزانــن لــە گفتوگۆکانــدا چ بابەتێــک تاوتوێکــراوە و ڕێککەوتنەکــە چ لــە خــۆ دەگرێــت. هــەر دوای ئــەوەی ســادات مۆســکۆی جێهێشــت، مــەروان لــە لەنــدەن چــاوی بــە مائیـر و دوبـی کـەوت. مائیـر مەروانـی پرسـیارباران کـرد کـە زۆربەیـان لـە لایـەن هێـزی ئاسـمانی ئیسرائیلـەوە ئامـادە کرابـوون. مـسر نەخشـەکانی شــەڕی چــۆن خســتووەتەڕوو؟ وردەکارییەکانــی ڕێککەوتنەکە-سیســتمی چـەک چـی بـوون و کـەی ڕادەسـت دەکرێـت؟ مـەروان هەمـوو هەوڵێکـی خۆیـدا، بـەڵام شـتگەلێکیش هەبـوون، هیچـی لەبارەیانـەوە نەدەزانـی. لـە کۆتایـی دیدارەکـەدا، مائیـر لـە مەروانـی پرسـی، ئایـا دەتوانێـت لەبـارەی گفتوگۆکانـی نێـوان سـادات و برژنێـڤ ڕاپۆرتێـک ئامـادە بـکات و جەختـی لـە گرنگـی بەڵگەنامـەکان کـردەوە. لـە وەڵامـدا مـەروان گوتـی، دەتوانێـت بەڵگەنامەکانــی دەســتکەوێت (٤).

ئەگــەر مــاوەی نێــوان دیــداری بۆنەکانــی پێشــووتر، هەفتــە، یــان مانــگ بــوو بێــت، ئەمجــارە مــەروان لــە مــاوەی چەنــد ڕۆژێکــدا گەڕایــەوە لای سەرپەرشــتیارانی و خولەکــە کردەنییەکانــی دیدارەکــەی پێــدان و دەرکــەوت ســۆڤیەتییەکان بەڵێنــی پێدانــی مووشــەکی کلێتیــان بــە مسرییــەکان داوە، بێئــەوەی (وەک ڕێککەوتنــی مانگــی ئــادار) داوایــان لــێ بــکات، دەبێــت پێــش بەکارهێنانــی دژی ئیسرائیــل، مۆڵــەت لــە ســۆڤیەتییەکان وەربگــرن، لەگــەڵ ئەوەشــدا تــا هەنووکــە ســۆڤیەتییەکان بــە وادەی ڕادەسـتکردن، یـان فرۆشـتنی مووشـەکی سـکۆد بـە مسرییـەکان پابەنــد نەبــووە کــە مــسر زۆر بــە پەرۆشــەوەی بــوو.

لەپـاڵ زانیارییـە پـڕ بەهـا کۆنکریتتیەکانی پەیوەسـت بە سـەودای چەک،

ئیسرائیلییەکان ڕاستەوخۆ شتگەلێکی تایبەت بە ئامادەکارییەکانی مسر بۆ شەڕ، بۆچوونی سۆڤیەتییەکان و سروشتی پەیوەندی نێوان هەردوو وڵاتیان دەستکەوت. محەمەد ئەحمەد سادقی وەزیری بەرگری مسر لە پێش ئەو نەخشە گەورەیەی نیمچە دورگەی سینا وەستابوو کە لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی کرملین هەڵواسرابوو و باسی لە پلانەکانی مسر بۆ پەڕینەوە لە کەناڵی سوێس و ناردنی تانکەکان بۆ سیناو ڕاڕەوی متلا و گیدی دەکرد، وەک هەوڵێک بۆ پەڕینەوە بۆ نیمچە دورگەکە. لەم خاڵەوە، برژنێڤ هەستایەوە و داوای بینینی دوو ڕاڕەوەکەی لەسەر نەخشە کرد، سادات بە پەلە چوو و پێی نیشاندا. لە کۆبوونەوەکەدا گومانی سۆڤیەتییەکان لە توانای مسرییەکان بۆ جێبەجێ کردنی پلانەکە دەرکەوت و زیاتر لە جارێک بە سادات و دەستوپێوەندەکانیان ڕاگەیاند، سوپای مسر لە زەوی، یان ئاسمان دەرەقەتی سوپای ئیسرائیل نایەت، تەنانەت تروسکایەکی سەرکەوتنی ئەو پلانەش نابیندرێت کە لەسەر نەخشە شیکرایەوە. شارەزایەکی سۆڤیەت هەڵیدایێ و گوتی، «ئێوە تی ٣٤ ئێستان هەیە و بەوانە دەتوانن شەڕی جووان بکەن.» تەمەنی تانکی تی ٣٤ ئێس سی و دوو ساڵ بوو کە لە جەنگی دووەمی جیهانیدا ناوکی هێزی زرێپۆشی سۆڤیەت بوو، بەڵام لە بەرانبەر ئەو چەکە نوێیەی لە دەست هێزی بەرگری ئیسرائیلە، بێ کەڵک و کار نەکردە بوو. لە ڕاستیدا سۆڤیەتییەکان تەنیا تانکی نەوەی دواتریان بە مسرییەکان فرۆشتبوو کە بۆ چەندین ساڵ بنەمای هێزی زرێپۆشی مسر، تی ئێس ٥٤ و تی ئێس ٥٥ بوو، بەڵام سۆڤیەت ڕەتیکردبووەوە تانکی تی ٦٢ ئێس بە مسر بفرۆشێت کە لە بنەڕەتەوە بۆ شەڕی دژ بە تانکی ئێم ٦٠ئێسی ئەمریکی دروست کرابوو کە بڕبڕەی پشتی سوپای ئیسرائیل بوو. ئەوەی ئیسرائیلییەکان تێگەیشتن، پڕ بە مانای وشە نەبێت، بەڵام لە بۆچوونی سۆڤیەت بەرانبەر توانای هێزی

زرێپۆشـی مـسر تێگەیشـتن کـە ڕەنگـە ویسـتی کرملیـن ئاگادارکردنـەوەی مـسر بێـت لـە پەلامارێکـی کارەسـاتباری دی دژ بـە ئیسرائیـل[٥].

وردەکارییەکانــی مــەروان لەبــارەی گفتوگۆکانــی ســادات لــە مۆســکۆ بــە ئیسرائیلــی دا، بــوو بــە پێکهاتــەی ناوەنــدی ئــەو هەڵســەنگاندنە هەواڵگرییــەی جەنــەڕاڵ هایــم بارلیــڤ بــۆ ئــەو کۆڕبەنــدە بچووکــەی نــارد کــە هــەر یــەک لەگۆڵــدا مائیــری ســەرۆکوەزیران، مۆشــێ دایانــی وەزیــری بەرگــری، یــاگال ئالۆنــی جێگــری ســەرۆکوەزیران و یسرائیــل گالیلــی وەزیــری بــێ وەزارەتــی لــە خــۆ دەگــرت. لــە ٢١ی ئۆکتۆبــەری ١٩٧١دا بارلیــڤ ڕاپۆرتێکــی پــڕ لــە زانیــاری پێشــکەش کــرد کــە ســۆڤیەتییەکان بەفرۆشــتنی ژمارەیــەک مووشــەکی تــو ١٦ ی تۆپۆلیــڤ بــە مــسر ڕازیبوونــە کــە توانــای تەقاندنــی مووشــەکی کلێتــی زەوی بــە ئاســمانی هەیــە و کێشــی کڵاوەکــەی نیــو تــۆن و نیــوە و مەوداکەشــی دەگاتــە ١٢٠ میــل. لــە درێــژەی ڕاپۆرتەکەیــدا باســی لــەوەش کــرد کــە ئێســتا مــسر میوانــداری ٩ هــەزار و ٥٠٠ ڕاوێــژکار، تەکنیــکار و ڕاهێنــەر و زیاتــر لــە ١٠ هــەزار ســەربازی ســوپای ســووری ســۆڤیەت دەکات کــە لــە بنکەکانــی دژە فڕۆکــە و مووشــەکی ســام جێگیــرن، هەروەهــا لــە لایــەن فڕۆکەوانەکانــی ســۆڤیەتییەوە پۆلێــک فڕۆکــە ســەرکردایەتی دەکرێــن، ئەمانــە و چەندیــن زانیــاری هەمەجــۆر لەبــارەی چالاکــی چــڕی ســەربازی بــە درێژایــی کەناڵــی ســوێس، وەک مەشــق کــردن و هەڵکۆڵینــن بــۆ پەڕینــەوە لــە کەنــاڵ. بێگومــان ئــەو هەمــوو زانیاریانــە، تەنیا لــە ڕێگــەی مەروانــەوە نەبــوون، بەڵکــوو لــە لایــەن ســەرچاوەی تایبەتــی وەک چاودێریکــردن، پەیــدۆزی ئاســمانی، گوهــداری و ئیدیکــەوەش بــوون. دەزگای مۆســاد لــە پــاڵ مــەروان، ســەرچاوەی دیکەشــی هەبــوو کــە ڕەنگــە ســەرچاوەی ئــەو زانیارییــە، ســەربار بێــت، ئــەوەی تایبــەت بــوو بــە چوونــی ســادات بــۆ ژووری ئۆپەراســیۆنی ســوپا کــە بــە ناوەنــدی ١٠ ناسرابــوو، ئــەم

جووڵەیـە جددیەتـی نیازەکانـی نیشـان دەدا و هەمـان وێنـە لـەو وتـارە دەرکـەوت کـە سـادات پێشکەشـی ئـەو ئەفسـەر و سـەربازانەی کـرد کـە لـە کەناڵەکـە جێگیـر کرابـوون، کاتێـک ڕایگەیانـد، ئێمـە ئاسـۆی گەڕانـەوەی سـینا لـە ڕێگـەی کاری دیپلۆماسـییەوە نابینیـن، بۆیـە تاکـە ڕێگـەی چوونـە پێشـەوە، شـەڕە[٦].

زانیارییەکانـی مـەروان، بـۆ کردنـەوەی کـۆدی نیـازی مسرییـەکان، هەوڵە یەکلاکراوەکانـی ئیسرائیلـی سـەلماند، لـە کاتێکـدا «سـاڵی بڕیـار»ی سـادات لـە کۆتایـی نزیـک دەبوویـەوە. سـۆڤیەتییەکان لەچـاو خەڵکـی دی، زیاتریان لەبـارەی توانـای سـوپای مـسر دەزانـی، ڕەنگـە بیریـان لـەوەش کردبێتـەوە کـە مـسر شـەڕەکە ناباتـەوە و هەوڵیـش نـادات. هەرچەنـدە سـەبارەت بـە ئیسرائیلییـەکان چەنـد ئاماژەیەکـی هەڵکردنـی ئـاڵای سـوور دەرکەوتبـوون کـە بزانـن چ لـە کـۆگای مـسردا هەیـە. هەواڵگـری سـەربازی زنجیرەیـەک کۆبوونـەوەی چـڕی ئەنجامـدا، لـە لایـەک جەختـی لەسـەر لێدوانـە گشـتییە دوژمنکارییـە دژ بەیەکەکانـی سـادات و ئامادەکارییەکانـی مـسر بـۆ پەڕینـەوە لـە کەناڵەکـە کـردەوە، لـە لایەکـی دی هەواڵگـری سـەربازی جەختـی لـە بـاوەڕی بـاو کـردەوە کـە فەرمانـدە مسرییـەکان لەناخـەوە درکیـان بـە لاوازی توانـای هێـزی وشـکانی و ئاسـمانی خۆیـان کردبـوو، واتـە ئامـادەی هێـرش نیـن. لـە کۆتاییـدا ڕاپۆرتەکـەی مائیـر مائیـری سـەرۆکی لقـی مـسری هەواڵگـری سـەربازی ئـەوەی لـە خۆگرتبـوو، بـێ ئامـاژەی زیاتـر کـە مسرییـەکان ئامادەکارییەکانـی شـەڕیان تەواوکـردووە، پێویسـت بـە ئینـزار نـاکات. هەنـدێ لـە شرۆڤـەکاران بانگەشـەی ئەوەیـان کـرد، مائیـر بەهـۆی ڕاپۆرتـە پوختەکەیـەوە پلەکـەی بـۆ کۆلۆنێـڵ بەرزکرایـەوە[٧]، ئەگـەر ڕاپۆرتـە هاوسـەنگییەکە دەلالـەت لـە هۆشـمەندی بـدات- کـە دوو سـاڵ بەسـەر شـەڕی یـۆم کیپـوور تێپەڕیبـوو- بـەڵام پشـتیوانییەکانی یەکێتـی

سۆڤیەت لە مسر نیگەرانی جدی دروست کردبوو. هەر لەسەر ئەو بنەمایە، وەزیری بەرگری لە کۆبوونەوەی مانگی نۆڤێمبەری ١٩٧١ی ئەنجوومەنی وەزیراندا، گوتی، ئەگەر مسر لە هەر شەڕێکیدا لەگەڵ ئیسرائیل بدۆڕێنێ، بەڵام لە ئێئەرکانا توانای ئەنجامدانی هەندێ کاری وێرانکارانەی هەیە، بەتایبەتی ئەو زۆر لە مووشەکەکانی کلێت نیگەران بوو و هۆشداری ئەوەیدا، ئەگەر ئەو مووشەکانە «بەر ناوچەکانی تەلئەڤیڤ، ڕامات گان، یان بات یام بکەون، ئەوە وێرانکەر دەبێت، لەبەرئەوەی چەندین باڵەخانەی بەرز لەو ناوچانەدا هەیە[٨]».

زانیارییەکانی مەروان بە مۆسادی دا، کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و ئەمریکاش دانا، هەندێجار مۆساد ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکانی مەروانی، پاش داڕشتنەوەی بۆئەوەی سەرچاوەکە نەناسرێتەوە بۆ CIA دەنارد، ئەم پرۆسەیە پێی دەگوترێت، دووبارە داڕشتنەوە. بێجگە لەوە، هەندێ لە بابەتە هەستیارەکان ڕاستەوخۆ لە لایەن زڤی زامیری بەڕێوەبەری گشتی مۆساد، ڕادەستی ڕیچارد هێلمزی بەڕێوەبەری CIA دەکرا، بۆ دڵنیابوون لەوەی لە لای ئەمریکییەکانەوە کەمترین ژمارە، بەڵگەنامەکان ببینن.

کۆنووسی کۆبوونەوەی مانگی ئۆکتۆبەری نێوان سادات و برژنێڤ، گرنگ بوو، هاوکات وای لە ئیسرائیل کرد، تێدا بمێنێ کە ئایا بە تەنێ درێژە بە کارەکەی لەگەڵ مەروان بدات، یان بە ڕاوێژ لەگەڵ CIA ئەو کارە بکات. گۆڵدا مائیری سەرۆک وەزیران بڕیاریدا ئیسرائیل بە فۆرمە ئۆریجیناڵەکەی ئەوە بە کۆشکی سپی بدات، بۆئەوەی تیشکێک بخاتە سەر پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتی سۆڤیەت لەگەڵ یەکێک لە دەوڵەتە گرنگەکانی جیهانی سێیەم. دیارە بەڵگەنامەکە هەڵوێستی ڕاستەوخۆی کرملین بەرانبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیشان دەدات، ئەمەش بە

نـۆرەی خـۆی وای لـە ئەمریـکا کـرد، لەبـارەی ژمارەیـەک مـژاری دی ئەنجامێکـی سیاسـەتی دەرەوەی سـۆڤیەتی بـۆ دەرکەوێـت. زامیـر لـە ترسـی ئاشـکرابوونی سـەرچاوەکە بـە تونـدی دژی ئـەوە بـوو، بـەڵام بڕیارەکـەی گۆڵـدا مائیریشـی قبـوڵ کـرد، یەکسـەر بانگهێشـتی ئەفـرام هالیچـی سـەرۆکی وێسـتگەی مۆسـادی لـە واشـنتۆن کـرد کـە بـە هـۆی پرسـەی دایکییـەوە لـە ئیسرائیـل بـوو، بۆئـەوەی خـۆی سەرپەرشـتی ڕادەسـتکردنەکە بـکات. دواتـر زامیـر بـووە هاوسـەفەری گۆڵـدا مائیـر بـۆ واشـنتۆن و لەگـەڵ سـەرۆک نیکسـۆن و هـنری کسـینجەری ڕاوێـژکاری ئاسایشـی نیشـتیمانی دانیشـتن و سـەرۆک وەزیـران سـەرو کۆپییەکـی لـە کۆنووسـەکە خسـتە نـاو دەسـتیان. هـەر ئـەوکات زامیـر لـە ژوورێکـی نزیـک لەگـەڵ هێڵمـزی سـەرۆکی CIA کۆبوویـەوە، بـە مەبەسـتی وەرگرتنـی بیـروڕای لەسـەر بەڵگەنامەکـە، هێڵمـز دووپاتـی لـە ڕاسـت و دروسـتی بەڵگەنامەکـە کردەوە و پیرۆزبایـی ئـەو سەرکەوتنەشـی لـە مۆسـاد کـرد کـە توانیویەتـی پـەرە بـە سـەرچاوە هەواڵگرییەکـی وا بـە نـرخ بـدات. لەبەرئـەوەی پەیوەنـدی نێـوان سـەرۆکی هـەردوو ئاژانسـەکە خـاوەن ڕێسـای کاری ڕوونـن، بۆیـە هێڵمـز هیـچ شـتێکی لەبـارەی ناسـنامەی سـەرچاوەکە نەپرسـی و زامیریـش ئـەو دەرفەتـەی نەدایـێ.

گۆڵـدا مائیـر زۆر حـەزی بـە نووسـینی تێبینـی نەدەکـرد، بـەڵام لـە کۆتایـی سـەردانەکەی بـۆ واشـنتۆن لەسـەر ئـەو وێنـە فۆتۆگرافـەی لەگـەڵ نیکسـۆن گرتبـووی، چەنـد وشـەیەکی بـۆ زامیـر نووسـی، تێیـدا سەرسـوڕمان و سوپاسـگوزاری خـۆی دەربـڕی، بـە زاریـش ئـەوەی گـوت کـە نـەک تەنیـا نیکسـۆن و کیسـنجەر زۆر بـەو دەسـتکەوتە و خواسـتی ئیسرائیـل بـە بەشـداری پێکردنـی فۆرمـە خاوەکـە سەراسـیمەن، بەڵکـوو سـەرۆک ئامادەیـە فڕۆکـەی فانتـۆم F-٤ ی سـەرباریش بـە ئیسرائیـل بفرۆشـێت.

دوای ماوەیەکی کورت، مەروان زانیاری سەرباری لەوپەڕی نهێنیدا لەبارەی پەیوەندییەکانی مسر و سۆڤیەت هێنا، گۆڵدا مائیر دەیویست ئەوانەش بە کۆشکی سپی بدات، بەڵام ئەمجارە زامیر زۆر بە توندیتر لە دژی وەستایەوە، لەبەرئەوەی پێیوابوو بەمە CIA ئاشکرای دەکات کە سەرچاوەکە کێیە. لەبەرانبەردا سەرۆک وەزیرانیش سوورتر بوو، سەرەنجام ناکۆکییەکی گەورەی لێکەوتەوە. لە کۆبوونەوەیەکی ئاست باڵادا کە هەر یەک لە جەنەڕاڵ ئیسرائیل لیۆن سکرتێری سەربازی و ئیسرائیل گالیلی وەزیری بێ وەزارەت بەشداربوون، زامیر بە مائیری ڕاگەیاند، ئەگەر هەر لەسەر هەڵوێستەکەی مکوڕ بێت، ئەو فەرمانەکەی جێبەجێ دەکات، بەڵام مکوڕە لەسەر ئەوەی، ئەم کارە دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ژیانی سەرچاوەکە، مائیر دەستبەرداری کەلەڕەقیەکەی نەبوو، داوای لە زامیر کرد هەر ئێستا سواری فڕۆکە بێت، بە دەستی خۆی زانیارییەکان بگوازێتەوە، زامیر گوتی، ئەفرام هالیڤ زۆر بە ئاسانی دەتوانێت ئەوە بکات، بەڵام مائیر نەک تەنیا لەسەر جێبەجێکردنی فەرمانەکە سووربوو، بەڵکوو پێی گوت لەڕووی پڕەنسیپەوە، سەبارەت بەو بڕیارەی کە دەبێت بە دەستی خۆی بابەتەکان ڕادەست بکات، پێویستە ڕێز لە پۆستەکەت بگرێت، بەڵام زامیر ڕەتیکردەوە، بۆیە گۆڵدا مائیر هەستایەوە سەرپێ و بەناو ژوورەکە سوڕایەوە، تاکتیکە دوژمنانەییە پاسیڤەکە هیچ کاریگەرییەکی نەبوو، زامیریش لە شوێنی خۆی هەستایەوە سەرپێ.

لە کۆتاییدا، سەرۆک وەزیران تەسلیمبوو، ئەمریکیەکانیش بەهیچ شێوەیەک چاویان بە بەڵگەنامەکە نەکەوت [٩].

سەرەتای کۆتایی ساڵی ١٩٦٨، لە دوای شکستی شەڕی شەش ڕۆژە، مسرییەکان لە دووبارە بونیادنانەوەی زۆربەی سوپاکەیان بوونەوە.

ئەو پرسیارە، ئایا مسر هێرش دەکاتەوە، یان کەی ئەو هێرشە دەکات؟ ببووە مایەی نیگەرانی دەزگای هەواڵگری ئیسرائیلی. هەر لە زووییەکەوە هەواڵگری سەربازیی ئیسرائیل بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە کاری گەورەی کردبوو، مەزەندە وابوو کە ناسر لە ئاداری ١٩٦٩ هێرشەکە دەست پێدەکات، بە لانی کەمی لە سەرەتاوە ململانێیەکی کشومات دەبێت. لەسەر ئەم بنەمایە بارلیڤ سەرۆک ئەرکانی هێزی بەرگری ئیسرائیل فەرمانی تەواوکردنی ئامادەکاریی شەڕی بۆ بەرەی کەناڵی سوێس بۆ یەکی ئادار دەرکرد و هێڵی بارلیڤ تەواو بوو کە مەبەست دروستکردنی سەنگەرەکان و ژێرخانی لۆجستی بوو بە درێژایی کەناڵی سوێس لە کاتی خۆیدا، بە مەبەستی دابینکردنی پشتیوانی، ئەگەر شەڕ لەگەڵ مسر درێژەی کێشا. لە ٨ی ئاداری ١٩٦٩ شەڕی خوێناوی دەستی پێکرد، ئەوکات ئیسرائیل ساز و ئامادە بوو، ئەو شەڕە لە ٧ی ئابی ١٩٧٠ کۆتاییهات، بێئەوەی مسر هیچ دەستکەوتێکی دیپلۆماسی، یان سەربازی بە دەست بهێنێت.

دەستبەجێ ئەو شکستەی مسر دوو پرسیاری هێنایە پێش: ئایا بۆ گەڕاندنەوەی سینا، سەیری ڕێگەچارەی دیپلۆماسی، یان سەربازی دەکەن؟ ئەگەر شەڕ لە پلانە، کەی ئەم هێرشە دەکەن؟

بەرزکردنەوەی پلەی مەروان، دوای شۆڕشی ڕاستکردنەوە لە ئایاری ساڵی ١٩٧١دا، بۆ بازنەی نزیکی سادات، هەلی ئەوەی بۆ ڕەخساند، بیرکردنەوەی ڕاستەقینەی سەرۆکی مسر، سەبارەت بە پرسیاری یەکەم بگەیەنێتە دەست ئیسرائیل. ئەوەش بە گوێرەی یاداشتنامەیەکی هەواڵگری سەربازی کە لەو مانگەدا بڵاوکرابوویەوە:

بەپێی سەرچاوەیەکی باڵای مسری، ئومێد بە ڕێککەوتنی دیپلۆماسی بوونی نەماوە و بە گوێرەی گشت ئاماژەکان، ئیسرائیل نیازی کشانەوەی

لــە ناوچــە داگیرکــراوەکان نییــە. لــە ڕوانگــەی ئەوانــەوە «ڕێککەوتنــی دیپلۆماســی» لـە ئیسرائیـل دەخوازێـت بەڵێـن بـە مـسر بـدات لـە تـەواوی ئـەو ناوچانـە دەکشـێتەوە کـە لـە ١٩٦٧ەوە داگیـری کـردوون، نـەک تەنیـا لـە سـینا، بەڵکـوو ( لـە کەرتـی ڕۆژئـاوا و بەرزاییەکانـی جـۆلان بـۆ ئـوردن و سـووریا). هەروەهـا مسرییـەکان بـەو بـاوەڕە گەیشـتبوون ئەمریکییـەکان سـەرکردایەتی ئـەوە دەکـەن، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا، ئـەوان نـە ئـەو خواسـتەیان هەبـوو، نـە ئەوەشـیان دەکـرد، چونکـە هیـچ ئامرازێکـی گووشـار خسـتنە سـەر ئیسرائیلیـان بـۆ کشـانەوە لـە دەسـت نەبـوو. مـسر بـەو ئەنجامـە گەیشــت، چونکــە لەبــەر ڕۆشــنایی بارودۆخەکــە، هیــچ ڕێگەیــەک بــۆ باوەڕهێنـان بـە سـوپا و خەڵکـی مـسر نییـە کـە هێشـتا هیـوای ڕێککەوتنـی دیپلۆماسـی مـاوە. کەواتـە جگـە لـە بەکارهێنانـی هێـزی سـەربازی، هیـچ بژاردەیەکـی دی نەمـاوە[١٠].

لەهەمــان مــاوەدا، داوا لــە ئیســحاق ڕابینــی باڵیــۆزی ئیسرائیــل لــە ویلایەتـە یەکگرتـووەکان کـرا، لەسـەر بنەمـای زانیارییەکانـی پەیوەسـت بـە بۆچوونـی مسرییـەکان کـە لـە لایـەن مەروانـەوە گەیەندرابـوون، نامەیـەک ئامـادە بـکات، بۆئـەوەی بیداتـە دەسـت نیکسـۆن و کسـینجەر، کـە چـوار خاڵـی دیاریکـراوی لـە خۆگرتبـوو:

١- مـسر لەسـەر بنەمـای پلانـی ڕۆجـەرز، ئامـادەی واژووکردنـی ڕێککەوتنی ئاشـتییە لەگـەڵ ئیسرائیـل ( پێشـنیازی گەڕانـەوەی سـینا بەرانبەر ئاشـتی دەکات)

٢- ویلایەتــە یەکگرتــووەکان بەڵێــن بــە مــسر بــدات، پابەنــدی پلانــی ڕۆجــەرز دەبێــت.

٣- ئەگــەر ویلایەتــە یەکگرتــووەکان ڕەتیکــردەوە گووشــار لــە ئیسرائیــل

بـکات، مـسر هیـچ بژاردەیەکـی دیکـەی نییـە، جگـە لـە چوونـە شـەڕ نەبێـت.

٤- جەختکردنـەوەی ڕژێمـی سـادات لەسـەر هەوڵـی دیپلۆماسـی و سـەربازی، بـۆ دیاریکردنـی چارەنووسـی فەڵەسـتینییەکان نییـە، بەڵکـوو بـۆ گێڕانـەوەی خاکـی مـسرە [١١].

دیـار نییـە، لـە چ باوەڕێکـەوە، گۆڵـدا مائیـر بیـری کردۆتـەوە نامـە بـۆ واشـنتۆن بنێردرێـت، مـسر بـە ئاشـتیپەروەر و ئیسرائیـل و ویلایەتـە یەکگرتـووەکان بـە شـەڕخواز وەسـف بـکات. ڕەنگـە بـۆ ئـەوەی بـوو بێـت، ئـەوە بـۆ ئەمریـکا ئاشـکرا بـکات کـە ئیسرائیل بـە شـێوەیەک کاری کـردووە، لەگـەڵ سـتراتیژی توونـدی ئەمریـکا لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت گونجـاوە و بەشـە سـەرەکییەکەی ڕەتکردنـەوەی هـەر ڕێککەوتنێکـی ئاشـتییە کـە گەڕانـەوەی سـینا بـە سـادات بـدات، بێئـەوەی لـە شـەڕی سارددا هاتبێتـە پـاڵ ئەمریـکا، ئەمەشـی بـۆ ئەوەبـوو بڕیارسـازانی ئیسرائیـل بڕوایەکـی کەمیـان بـە نیـازی ئاشـتیانەی مـسر هەیـە، بۆیە لـە ژێـر هیـچ بارودۆخێکدا، ناخـوازن دەسـتبەرداری سـێیەکی ڕۆژهەڵاتـی سـینا بـن. لێـرەوە بەرژەوەندی ئەمریـکا و ئیسرائیـل، بـۆ لەناوبردنـی هـەر هەوڵێکـی مـسری بـۆ گێڕانـەوەی تـەواوی سـینا یەکدەگرێتـەوە. دوای حـەوت سـاڵ و پـاش لـە دەسـتدانی چەندیـن کـەس، هـەر ئـەو بەندانـە بـوون بـە هەوێنـی ڕێککەوتنـی کامـپ دێڤـد. ڕابیـن لـە ترسـی زیادبوونـی گوشـارەکانی ئەمریـکا لەسـەر ئیسرائیـل نامەکـەی ڕادەسـت نەکـرد.

بـێ چاوپۆشـین لـەوەی چـۆن بـە درەنگـەوە حوکـم لەبـارەی ئـەو جووڵانەوانـە دەدرێـت، بـەڵام ئـەو ڕاسـتیگەلەی دەمێننـەوە، ئەوەیـە کـە بەهـۆی خزمەتگوزارییەکانـی ئـەشرەف مـەروان، بڕیارسـازانی ئیسرائیـل توانیـان وێنەیەکـی زۆر وردی نیازەکانـی مـسر، سـەبارەت بـە شـەڕ و ئاشـتی

بکێشــن. مسرییــەکان دەیانزانــی ناتوانــن بــە بەکارهێنانــی هێــز ســینا بگێڕنــەوە، ئیسرائیلییەکانیــش دەیانزانــی ئــەوان ئــەوە دەزانــن. هەروەهــا لــە نێــو شرۆڤەکارانــی هەواڵگــری ســەربازی هێــزی بەرگــری ئیسرائیــل باوەڕێــک دەرکەوتبــوو، ئەگــەر مــسر دەســت بــە شــەڕ بــکات، ئامانجیــان داگیرکردنــەوەی ســینا نییــە کــە کارێکــی نــا ڕیالیســتە، بەڵکــوو بۆئەوەیــە» هێــزەکان دەخالــەت بکــەن و چارەســەرێک بســەپێنن [١٢]».

دوای ئــەوەی هەواڵگــری ســەربازی لــە وەڵامدانــەوەی پرســیاری یەکــەم ســەرکەوت، کاری لەســەر پرســیاری دووەم کــرد. لــە ژێــر چ بارودۆخێکــدا، مــسر بــۆ هێرشــکردن، تەنانــەت بــۆ ئامانجــی زۆر ســنوورداریش خــۆی بــە ئامــادە نابینــێ. هەوڵەکانــی پەرەپێدانــی ئــەوەی بــە «بیرۆکــە» نــاسراوە، هەنگاوێکــی گرنــگ بــوون کــە بــووە نموونەیەکــی گشــتگیری هەواڵگــری ســەربازی و بڕیارســازانی ئیسرائیــل لــە ماوەکانــی ســاڵی ١٩٧٠ و ئۆکتۆبــەری ١٩٧٣ی شــەڕی یــۆم کیپــووردا. بــە پێــی بیرۆکەکــە مــسر، تــا چارەســەری لاوازی ســوپاکەی نــەکات، هەرگیــز هێــرش نــاکات، لــەوەدا زانیارییــە هەواڵگرەکانــی مــەروان ڕۆڵێکــی یەکلاکەرەوەیــان هەبــوو[١٣].

کێشــەی ژمــارە یــەک کــە ڕووبــەڕووی مــسر دەبوویــەوە، باڵادەســتی هێــزی ئاســمانی ئیسرائیــل بــوو. دوای لــە دەســتدانی نیمچــە دورگــەی ســینا، ئەنجامدانــی هێرشــی لەپــڕی مــسر بۆســەر بنکەکانــی هێــزی ئاســمانی ئیسرائیــل، هاوشــێوەی هێرشــەکەی ٥ی ئایــاری ١٩٦٧ی هێــزی ئاســمانی ئیسرائیــل لەبــەر دوو هــۆ، تاڕادەیــەک مەحاڵــە. یەکــەم لــە لایــەک دەبێــت فڕۆکــەکان بــۆ ماوەیەکــی دوورتــر بفــڕن، لەلایەکــی دی بەهــۆی چاککردنــی مــەودای ڕادارەکانــی ئیسرائیــل، ئەمــەش بە نــۆرەی خۆی وایکردووە، هێرشــی لەپــڕی مــسر بۆســەر بنکەکانــی هێــزی ئاســمانی ئیسرائیــل، وەک ئــەوەی ئیسرائیــل دژی مــسر کــردی، دوور بێــت. دووەم، سۆڤیەتییەکان هێشــتا ئــەو

فڕۆکە جەنگییەیان بەرهەم نەهێناوە، بتوانێ بەسەر هێزە بەرگرییەکانی ئاسمانی ئیسرائیل باز بدات. بەپێچەوانەوە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا فڕۆکەی پێشکەوتووی وەک فانتۆم F-٤ و سکایهۆک A-٤ بەرهەمهاتووە (کە ئیسرائیل هەیەتی) یان میراژ ٥ی فەڕەنسی (کە تایبەت بۆ ئیسرائیل پەرەی پێدراوە). دەزگا پیشەسازییەکانی سۆڤیەت هەوڵەکانی خۆیان لەسەر فڕۆکەی ڕێگری کورتمەودا و مووشەکی ستراتیژی دوور مەودای هەڵگری کڵاوەی ئەتۆمی چڕ کردووەتەوە. هەر بە کورتی کرملین ئەو جۆرە فڕۆکانەی نییە کە مسر پێویستی پێیانە. جەنەڕاڵ عەلی مستەفا بەغدادی، فەرماندەی هێزی ئاسمانی مسر، لە کۆبوونەوەی سەرەتای ساڵی ١٩٧٢ی ئەنجوومەنی باڵادا نا ئومێدی خۆی دەربڕی و گوتی، «ئەوەی من دەمەوێت، فڕۆکەی بەرپەرچدانەوە، بۆمبی بکوژ، خێرایی نزیکەی دوو ماک، توانای هەڵگرتنی بڕێکی باشی هەبێت و مەودایەکی باش بفڕێت، تا بمانباتە قووڵایی ناوچەکانی دوژمن[١٤]» ئەوکات تەنیا یەک فڕۆکەی لەوجۆرە هەبوو، کە لەگەڵ داواکارییەکەی بەغدادی یەک بگرێتەوە.، ئەویش فانتۆم F-٤ بوو، تا مسر لە بازنەی سۆڤیەت بێت، کێشەی باڵادەستی هێزی ئاسمانی ئیسرائیلیش بێ چارەسەر دەمێنێتەوە.

بەبێ لەکارخستنی باڵادەستی هێزی ئاسمانی ئیسرائیل، هەر هەوڵێکی مسر بۆ پێشڕەویکردن لە سینا سەر لە دیوار دانە. لە شەڕی خوێناوییڕا، دەستکەوتی سەرەکی سوپای مسری، بڵاوکردنەوە و جێگیرکردنی سەکۆکانی دژە فڕۆکە بوو، بە درێژایی کەرتی ڕۆژئاوای کەناڵی سوێس، بە یارمەتی سۆڤیەت بە پێشێلکردنێکی زەقی ئاگربەست. ئەمەش بۆ پەڕینەوەی سەرباز و تانکەکانی مسر بۆ کەناڵی سوێس ببووە چەترێک، چونکە سەکۆی مووشەکە سامەکان

لـە شـوێنگەلێک جێگیرکرابـوون و بارودۆخێکـی وای بـۆ هـەر هێزێکـی مـسری دروسـت کردبـوو کـە -بـە درێژایـی نزیکـەی شـەش میـل لەبـەری ڕۆژهەڵاتـی کەناڵەکـە لـە ژێـر چەتـرە ئاسـمانییەکەدا بمێنێتـەوە- واتـە ئـەو ناوچانـە لـە هێرشـی ئاسـمانی ئیسرائیـل پارێـزراو بـوون، بـەڵام کاتێـک هـەوڵ بـدەن لـەو مەودایـە زیاتـر پێشـڕەوی بکـەن، ئاگـری دۆزەخ بەسـەریاندا دەبارێـت، کەواتـە بەپێـی ئـەو بارودۆخـە، گێڕانـەوەی سـینا مەحاڵـە. لەگـەڵ ئـەوەی ئامانجـی سـەرەکی هـەر پلانێکـی هێرشـکردن کـە تـا سـاڵی ١٩٧٢ مسرییـەکان دایانڕشـتبوو، گێڕانـەوەی ڕووبەرێکـی بەرچـاوی سـینا بـوو. دیـارە بەردەوامبوونـی بـاڵا دەسـتی هێـزی ئاسـمانی ئیسرائیـل، فاکتـەری یەکلاکـەرەوەی هـەر شـەڕێکە، ئەگـەر ببێـت. بـە مانایەکـی دی، لـە لای هـەر یـەک لـە ئیسرائیـل و مـسر، ڕوون بـوو، تـا شـتێکی دیاریکـراو ڕوونـەدات، مـسر ناتوانێـت هێـرش بـکات.

پێشکەشـکردنی دوو هەوڵـی یەکلایکـەرەوە لـە لایـەن مەروانـەوە، دەرفەتـی لەبـەردەم ئیسرائیلییـەکان کـردەوە، تـا بتوانـن لـەو بارودۆخـە بگـەن کـە مـسر پەلامـار دەدات و چەنـد لـەو بیرکردنەوەیـە نزیکـن کـە بۆیـان مەیسـەر دەکات. ڕاپۆرتـە زارەکیـی و بەڵگەنامـەکان کـە پێشکەشـی کردبـوون، هەڵسـەنگاندنەکانی ئیسرائیلـی سـەلماند کـە پرسـی بـاڵا دەسـتی هێـزی ئاسـمانی هۆکارێکـی یەکلایکەرەوەیـە. لـە گفتوگۆیەکـدا لەگـەڵ مائیـر مائیـر کـە هێشـتا مـەروان کاری بـۆ سـامی شـەرەف دەکـرد، تەنیـا چارەسـەرێک پێشـکەش کـرا: دوای ئـەوەی مسرییـەکان لـە ژێـر پـەردەی چەکـی دژەفڕۆکـە لـە کەناڵەکـە دەپەڕنـەوە، مسرییـەکان هـەوڵ دەدەن بـە کردەنـی سـەکۆی دژەفڕۆکـە بـەرەو ڕۆژهـەڵات ببزوێنـن، ئەمـەش بـەرە بەرە دەرفـەت بـۆ تانکەکانیـان دەڕەخسـێنێت، دزە بکەنـە نـاو نیمچەدورگەکـە بـەرەو ڕاڕەوی متیـلا و گیـدی کـە لـە ژێـر چەتـری ئاسـمانی دان، بـەڵام هەمـوو ئـەو شـتانەی ئـەوکات لەبـارەی فڕۆکـە جەنگییەکانـی مـسرەوە

دەزانـرا، تـەواو ڕوون بـوو کـە جەختکردنـەوەی ئـەوان لەسـەر نەخشەسـازی و مەشـقی هێرشـی زەمینـی بـوو، نـەک نزیـک کەوتنـەوە لـە پاژنـەی ئەخیلـی هێـزی ئاسـمانی ئیسرائیلـەوە. لـە سـاڵی ١٩٧٠، مسرییـەکان هێشـتا سـەکۆی مۆبایلـی (گەڕۆکـی) SA-٦ یـان نەبـوو، تانیـا سـەکۆی جێگیـری SA-٢ و SA-٣ یـان هەبـوو کـە بـە دەسـتی سـەربازانی سۆڤیەتییەوە بـوون. هەمدیـس ئـەوەش ڕوون نەبـوو کـە ئایـا کرملیـن لەسـەر بەکارهێنیـان ڕازی دەبێـت، ئەگـەر مـسر بیەوێـت بـە بـێ ئاگادارکردنـەوە هێـرش بکاتـە سـەر هاوپەیمانـی نزیکـی ویلایەتـە یەکگرتـووەکان، چونکـە بزاوتنـی سـەکۆی سـامەکان بـە درێژایـی کەناڵەکـە لـە خۆیـدا کردەیەکـی زۆر ئاڵـۆز بـوو، ئـەو ژمـارە کەمـەی دووبـارە جێدەگرنـەوە، بـۆ ڕوبەڕووبوونـەوەی هێـزی هێرشـبەری ئاسـمانی ئیسرائیـل بـەس نەبـوو کـە لـە کۆتاییەکانـی ١٩٦٩ەوە پـەرەی زیاتـری پێدرابـوو، ئەمـە و گەیشـتنی ژمارەیەکـی گـەورەی F-٤ و A-٤ لـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانـەوە. کەواتـە ئەگـەر مسرییـەکان پلانـی پەڕینەوەشـیان هەبـوو بێـت و بـە گوێـرەی پلانەکـە مەشقیشـیان کـرد بێـت، هەمـوو کەسـێک دەیزانـی، ئـەوە کارێکـی کردەنـی نییـە[١٥].

ئەگـەر مسرییـەکان دەیانزانـی بـەو چەکوچۆڵانـەی هەیانـە، ناتوانـن شـاڵاوێکی سـەرکەوتوو ئەنجـام بـدەن، بۆچـی بیریـان دەکـردەوە بیکـەن بـە کارێکـی کـراو؟ دوای مردنـی نـاسر، بەتایبەتـی دوای مانگـی ئایـاری ١٩٧١، مسرییـەکان بـە شـێوەیەکی ڕیالیسـتانە سـەیری هێـزی ئاسـمانی ئیسرائیلیـان دەکـرد. بـە ڕێنمایـی محەمـەد ئەحمـەد سـادق، وەزیـری نوێـی وەزارەتـی شـەڕ، ژمارەیـەک سیناریۆ شـەنوکەو کـران کـە تێیانـدا ڕوون بـوو، بیرۆکـەی جووڵەکردنـی بـەرە بـەرەی سـەکۆکانی مووشـەکی سـام ڕووەو ڕۆژهـەڵات، بـێ کەڵکـە و مـسر بەرگـەی بەردەوامبوونـی هێرشـە ئاسـمانییەکان ناگرێـت. تاکـە چارەسـەری ڕاسـتەقینەی ئـەو دوو کێشـەیە کـە زۆر بـاش زانـراو

بـوون، بڕواهێنـان بـە سـۆڤیەت بـوو کـە چەکـی باشـتریان پـێ بفرۆشـێت، وەک مووشـەکی دوور مـەودا کـە توانـای هەڵگرتنـی تەقەمەنـی گـەورەی لێـدان لــە بنکەکانــی هێزەکانــی ئاســمانی ئیسرائیلــی هەبێــت، لەگــەڵ مووشـەکی زەوی بـە ئاسـمان و زەوی بـە زەوی، بگاتـە ناوچـە ئاوەدانەکانـی قووڵایـی ئیسرائیـل، بـە مەبەسـتی بەرپەرچدانـەوەی هێرشـەکانی ئیسرائیـل بـۆ قووڵایـی مـسر.

ئـەو وردەکارییانـەی لەمـەڕ گفتوگۆکانــی مانگــی ئۆکتۆبــەری ١٩٧١ی سـادات لـە مۆسـکۆ، مـەروان بـە ئیسرائیلـی دابـوو، بـە ڕوونـی ئـەوەی تێـدا هاتبـوو کـە مـسر بایەخـی زۆری بـە چەکوچـۆڵ دەدا، تـا بـە هۆیانـەوە بتوانێــت لەنــاو مــاڵ هەڕەشــە لــە ئیسرائیــل بــکات، بــە مەبەســتی بەرپەرچدانـەوەی پەلامارەکانـی ئیسرائیـل کـە بـۆ قووڵایـی ناوچەکانـی مسر ئەنجامــی دەدان. دەوروبــەری مانگــی ئۆکتۆبــەری ١٩٧١، ســۆڤیەتییەکان بـە فرۆشـتنی پۆلێـک مووشـەکی TU-١٦ بـە مـسر ڕازیبـوون کـە هەڵگـری مووشـەکی کلێـت بـوون، بـەڵام لەسـەر ڕەتکردنـەوەی فرۆشـتنی سیسـتمی مووشـەکی زەوی بـە زەوی بەردەوام بـوون. دەوروبەری مانگی سـێپتەمبەری ١٩٧٢، مـەروان کۆپیـەک لـەو نامەیـەی سـادات بـۆ نیکـۆلای بۆدگۆرنـی سـەرۆکی بـاڵای سـۆڤیەتی نووسـیبوو، ڕادەسـتی ئیسرائیـل کـرد کـە تێیـدا سـادات گلەیـی لـە سـۆڤیەت کردبـوو لەبـارەی نەخواسـتنی «پێدانـی چەکـی تۆڵەسـتێن، بـۆ بەرپەرچدانـەوەی هێرشـەکانی دوژمـن بـۆ سـەر ئامجەکانـی قووڵایـی مـسر». هەروەهـا ئەوەشـی تێـدا هاتبـوو کـە «ئـەوەی بـە ڕوونـی دەمێنێتـەوە، ئەوەیـە ئەگـەر چەکـی تۆڵەسـتێنی لـەو جۆرەمـان نەبێـت، نابێـت بیـر لە ڕێگەچـارەی سـەربازی بکەینـەوە» [١٦]. لـە زانیارییەکانی دواتر کـە مـەروان گەیاندنـی، بـە دورودرێـژی باسـی قۆناغـی دواتـری پرۆسـەکە کرابـوو، تەنانـەت بـاس لـە گەیشـتنی مووشـەکی کلێـت کرابـوو. هەروەهـا

مـەروان یەکـەم سـەرچاوە بـوو لەبـارەی پاشـگەزبوونەوەی سـۆڤیەت لـە مەسـەلەی مووشـەکی سـکۆد لـە ئاخروئۆخـری ئایـاری ١٩٧٣ و گەیشـتنی شـارەزایانی سـۆڤیەت بـۆ بەکارهێنانیـان لـە ئابـی ١٩٧٣ کردبـوو.

کێشـەی بۆمبـی بکـوژی درێژمـەودا یەکێـک لـە گرێکان بـوو، لەبەرئەوەی سـۆڤیەتییەکان خۆیـان شـتێکی لـەو بابەتەیـان نەبـوو، بۆیـە مسرییـەکان هیوایـان لەسـەر مێـگ ٢٣ هەڵچنیبـوو، بـەڵام سـاڵی ١٩٧١، هێشـتا ئـەو فڕۆکەیـە نەچووبـووە نـاو قۆناغـی بەرهەمهێنانـەوە، بەڵکـوو لـە حوزەیرانـی ١٩٧٢، ڤێرژنـی گریمانەکـراوی کەوتـە کار و ڤێرژنـی تایبـەت بـە هێرشـی زەمینـی هەناردەکـراو بـۆ وڵاتانـی جیهانـی سـێیەم، سـاڵی ١٩٧٣ کەوتـە واری بەرهەمهێنـان. وادەی هـەرە نزیـک، بۆئـەوەی لـە هێـزی ئاسـمانی مـسر بکەوێتـە کار، سـاڵی ١٩٧٤ بـوو، ئـەوەی پەیوەنـدی بـە ساداتەوە هەبـوو، چاوەڕوانکردنـی ئـەو مـاوە دورودرێـژە بـژاردەی نەبـوو، بەتایبەتـی هیـچ گەرەنتییـەک لـە ئـارادا نەبـوو کـە ئەوکاتیـش ئامـادە دەبـن. پلاندانەرانـی شـەڕی مـسر، پێویسـتیان بـە پێنـج پـۆڵ فڕۆکـەی هێرشـبەر، بـە لانـی کـەم( شەسـت تـا حەفتـاو پێنـج فڕۆکـەی هێرشـبەر) هەیـە، بۆئـەوەی بتوانـن بـە شـێوەیەکی کارا پەلامـاری بنکـە ئاسـمانییەکانی ئیسرائیـل بـدەن.

بـە ماوەیـەک دوای ئـەوەی سـادات دەسـەڵاتی بـە دەسـتەوە گـرت، لەبـارەی کۆبوونەوەیەکیـدا لەگـەڵ جەنەڕاڵـە باڵاکانیـدا، مـەروان ڕاپۆرتێکـی پێشـکەش کـرد، لـەو کۆبوونەوەیـەدا، جەنەڕاڵـەکان وەک مەرجـی چوونـە شـەڕ، پێداویسـتی خۆیـان بـۆ فڕۆکـەی جەنگـی هاوشـێوەی فانتـۆم F-٤ ی ئیسرائیـل خسـتبووەڕوو. لـە ڕاپۆرتەکانـی دواتـردا، لەبـەر ڕۆشـنایی بۆچوونی مسرییـەکان بـۆ لەکارخسـتنی باڵادەسـتی هێـزی ئاسـمانی ئیسرائیـل، هەواڵگـری سـەربازی و هێـزی ئاسـمانی ئیسرائیـل بـە دواداچوونـی وردیـان سـەبارەت بـەو بۆچوونـەی مـسر کـرد. لـە خاڵێکـی دیاریکـراودا،

ئـەو هەڵسـەنگاندنە، وەک مەرجـی سـەرەکی هـەر کردەوەیەکـی مـسری، داواکاری پێنـج بۆمبـە بکوژەکانیشـی دەگرتـەوە. ڕێـک ئـەوەی پلاندانەرانـی شـەڕی مـسر دەیانگـوت، لـە ڕاسـتیدا ئێسـتا دەزانیـن.

لـەوە گرنگـتر، ئـەو ڕاسـتییە بـوو کـە لـە ئاخروئۆخـری سـاڵی ١٩٧٢، لـە نـاکاو هەڵسـەنگاندنەکانی تایبـەت بـە پێویسـتی دابینکردنـی بۆمبـی بکـوژی دوور مـەودا، وەک مەرجـی چوونـە شـەڕ وەسـتا. بـە دیاریکـراوی چـوار مانـگ بـەر لـە دەسـت پێکردنـی شـەڕ، ڕێـک لـە ٣ی حوزەیرانـی ١٩٧٣دا، مـەروان بـە دوبـی ڕاگەیاندبـوو جەنەڕاڵەکانـی مـسر، وەک مەرجـی سـەرەکی دەسـت پێکردنـی شـەڕ، دەسـتیان لـە مەرجـە سـەرەکییەکە هەڵگرتـووە. لـە بـڕی ئـەوە، گـرەو لەسـەر ئـەو دژە ئاسـمانییە گەورانـە دەکـەن کـە لـە ڕۆژئـاوای کەناڵەکـە جێگیـرن، لەگـەڵ پشـت بەسـتن بـە دابەشـکردنی هەوڵەکانـی هێـزی ئاسـمانی ئیسرائیـل لـە نێـوان بەرەکانـی باکـوور و باشـوور و بەدیهاتنـی توخمـی سەرسـوڕمان وەک ئامرازی سـەرەکی زاڵبـوون بەسـەر باڵادەسـتی هێـزی ئاسـمانیانەوە.

هەرچەنـدە ئیسرائیلییـەکان لـەو گۆڕانکارییـە ئـاگادار بـوون، بـەڵام لـە تێگەیشـتنی مانەکـەی شکسـتیان هێنابـوو، تـا ڕۆژی یەکەمـی شـەڕی کیپوور لــە مانگــی ئۆکتۆبــەری ١٩٧٣، هۆبــەی هەواڵگــری ســەربازی و هێــزی ئاسـمانی ئیسرائیـل لـەو بڕوایـە بەردەوامبـوون کـە مسرییـەکان بـێ بۆمبـە بکــوژەکان هێــرش ناکــەن. هــەر بــۆ نموونــە لــە ٢٤ی ئۆکتۆبــەری ١٩٧٣، بـە کەمـتر لـە دوو هەفتـە پێـش شـەڕ، ئیلـی زێیـرا، سـەرۆکی هەواڵگـری ســەربازی دووپاتــی کــردەوە کــە هێشــتا لــە ڕوانگــەی مسرییەکانــەوە، کڕینـی بۆمبـە بکـوژەکان بـۆ پەلاماردانـی ئامانجەکانـی ئیسرائیـل، مەرجێکی بەهێـزی چوونـە شـەڕە، بـەڵام بـە لایەنـی کـەم، تـا سـاڵی ١٩٧٥ ئـەو مەرجە بـەدی نایـەت[١٧]. ئـەم هەڵەیـە، بەرۆکـی شرۆڤەکارانـی ئیسرائیلیشـی گرتبوو

کـە بیرۆکـەی خۆیـان لەسـەر بنەمـای زانیارییەکانـی مـەروان پەرەپێدابـوو و ڕەتیشـیان کـردەوە پێداچوونـەوە بـە بیرکردنەوەکانیـان بکـەن، تەنانـەت کاتێـک مـەروان دەسـتی بـە کێشـانی وێنەیەکـی جیاوازیـش کردبـوو.

لــە کــن مسرییــەکان، ئەگــەری بــە دەســتهێنانی فڕۆکــەی جەنگــی کاریگـەر لـە یەکێتـی سـۆڤیەت بووەتـە بڵقـی سـەر ئـاو، ئەمـەش ناچـاری کـردن بـە دواى جێگـرەوە بگەڕێـن. فڕۆکـە مێگەکانـی ١٧ و سـۆخۆی ٧ و تەنانـەت سـۆخۆی ١٧-ەش کـە نزیکـەی سـاڵێک پێـش جەنگ بـە ژمارەیەکی بچووکـەوە گەیشـتبوون، توانـای کاریـان نەبـوو. تاکـە دەوڵەتـی دیکـە بێجگە لـە ویلایەتـە یەکگرتـووەکان، توانـای دروسـتکردنی ئـەو فڕۆکـەی هەبێـت کـە لـە داواکاری ئـەوان نزیـک بێـت، وڵاتـی فەڕەنسـا بـوو، هـەر بـۆ گاڵتـە، ئـەو فڕۆکـە فەڕەنسـییەی بـۆ هێرشـی زەمینـی دیزایـن کرابـوو، جۆرێـک لـە میـراژ ٥ بـوو، ئەویـش لەسـەر داواکاری ئیسرائیـل، بەتایبـەت بـۆ هێـزی ئاسـمانی ئیسرائیـل دروسـت کرابـوو، بـەڵام بەهـۆی سـەپاندی ئابڵوقـەی فەڕەنسـا بـە سـەر ئـەو وڵاتانـەی لـە ململانێـدا بـوون، ڕادەسـتکردنی پەنجـا فڕۆکـە لـەو جـۆرەی بـە ئیسرائیـل ڕاگـرت، فەڕەنسـا ناچـار بـوو بـە دوای کڕیـار بـۆ ئـەو جـۆرە و مۆدیلـی دیکەیـدا بگەڕێـت کـە ئاسـتی فڕینـی نـزم بـوو، تەنیـا دەگەیشـتە ٤٢٥ میـل و توانـای هەڵگرتنـی ١٩٠٠ بۆمبـی هەبـوو، ئـەم ژمارانـەش بـە F-٤ی ئیسرائیـل نەدەهاتـە بـەراورد کـردن.

بـەڵام بـە دەسـتهێنانی فڕۆکـەی میـراژ کارێکـی ئاسـان نەبـوو، چونکـە ئابڵوقـەی فەڕەنسـا بەسـەر مـسر لـە چاو ئـەوەی سـەر ئیسرائیل کـەم نەبوو. ئیـدی لـە نۆڤێمبـەری ١٩٦٩ دا، چەنـد مانگێـک دوای کودەتاکـەی موعەمـەر قەزافـی لـە لیبیـا، دانوسـتانی کڕینـی فڕۆکـەی میـراژ لـە نێـوان لیبیـا و فەڕەنسـا دەسـتی پێکـرد. لـە ڕووکەشـدا ئـەو کڕینـە بـۆ هێـزی ئاسـمانی لیبیـا بـوو، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا بـۆ مـسر بـوو. لـە مانگـی کانوونـی دووەمـی

۱۹۷۰دا، لیبیا و فەڕەنسا ڕێککەوتنی کڕینی ۱۱۰ فڕۆکەیان واژوو کرد کە نیوەی لە جۆری SD بۆ مسر بوو. پرۆسەی ڕادەستکردنی فڕۆکەکان بە لیبیا لە ساڵی ۱۹۷۱ دەستی پێکرد، هەر ئەو دەوروبەرەش بوو، سادات دۆسییەی لیبیای دایە مەروان. بێگومان تەواوی زانیارییەکانی پەیوەست بە ڕێککەوتنی ڕادەستکردنیان بە مسر و تێکەڵاوکردنیان بە هێزی ئاسمانی مسر لە ساڵی ۱۹۷۱دا- تەواوی وردەکارییەکان بە لای ئیسرائیلەوە زانراو بوون. لە شەڕی یۆم کیپووردا ، پۆلی ٦۹ی مسر، چل و دوو میراژ ٥ئێسی فرەجۆری لە بنکەی تەنتا بڵاوکردەوە. ژمارەی ئەو فڕۆکەوانانەی مەشقیان کردبوو، نزیکەی بیست و پێنج فڕۆکەیان بوو- لە ڕۆژانی یەکەمی شەڕدا، زۆربەی ئەرکە گرنگەکان لە ئەستۆی ئەوانە بوو، بەڵام سوپاسگوزاری بۆ مەروان، چونکە لە سایەی ئەوەوە هەواڵگری ئیسرائیل هەموو شتێکی لەبارەی پۆڵەکەوە دەزانی کە کێ فەرماندەییان دەکات و ناوەکان کێن و شوێنی نهێنی پۆڵەکە لە کوێیە.

گەیشتنی فڕۆکەکان هیچی لە بیرۆکەی زێیرای سەرۆکی هەواڵگری سەربازی و ستافەکەی نەگۆڕی. هەرچەندە باری هەر میراژێک ۳۸۰۰ پاوەند بوو، ئەمەش کەمتر لە چارەگی ئەو ۱۸ هەزار پاوەند بۆمبە بوو کە سەدان فڕۆکەی فانتۆم لەکاتی دەست پێکردنی شەڕدا لە خزمەت هێزی سەربازی ئیسرائیل بوون، تەنانەت ئەگەر لە لێدانی بنکە ئاسمانییە پتەوەکانی ئیسرائیلیش بەکارهێنرابان، تێکدانێکی ئەوەندە گەورەی بۆ فڕۆکەکان دروست نەدەکرد. لەوەش گرنگتر، لە میانەی ئەو زانیاریانەی مەروان ڕادەستی کردبوون، ڕوون بوو کە مسرییەکانیش هەر وایان هزر دەکرد. لە کاتێکدا وەک باشترین فڕۆکەی هێرشبەر لە میراژە ٥ ئێسەکانیان دەڕوانی، چونکە بۆ لەکارخستنی باڵادەستی هێزی ئاسمانی ئیسرائیل هیچ ئامرازێکی کاریگەریان نەبوو.

لـە شـەڕی یـۆم کیپـوورەوە ڕا، زانیارییەکـی زۆر لـە شـێوەی بیـرەوەری فەرمـی و تۆژینـەوە، لەبـارەی زنجیـرە ڕووداوەکان بڵاوکراونەتـەوە کـە بوونـە هـۆی بەرپابوونـی شـەڕ: ڕوانگـەی مسرییـەکان لەبـارەی پێویسـتییەکانی هێـرش کـردن و چەکوچۆڵـە ورگیـراوەکان کـە وایانکـرد شـەڕەکە بکرێـت، لەگـەڵ بڕیارەکانـی پەیوەسـت بـە پەلاماردانەکـە. لـە میانـەی هەمـوو ئەوانـەدا، ڕوون بـوو کـە لـە ڕاپۆرتەکانـی مـەروان پێشـکەش بـە ئیسرائیلییەکانـی کردبـوون، ئـەوە دەرکەتبـوو کـە وردن و ڕەنگدانـەوەی ئەوانەیـە کـە لـە مـسر ڕوو دەدەن.

لـە میانـەی لێکۆڵینـەوە کـردن لـە شکسـتی سـەرچاوە زەبەلاحـە هەواڵگرییەکانـی ئیسرائیـل، لـە ڕۆژانـی بـەر لـە شـەڕی یـۆم کیپـووردا، شـتێک ڕوون بـوو: بەرەنجامـی کەموکـوڕی زانیارییـە وردەکان نەبـوو، بەڵکـوو بەرەنجامـی ئـەوە بـوو کـە هەواڵگـری سـەربازی ڕەتیکـردەوە دەستبەرداری بیرۆکەکـەی بێـت، تەنانـەت دوای ئـەوەی ڕوون بوویـەوە کـە ڕووداوەکان پێچەوانـەن. سـوپاس بـۆ مـەروان کـە وایکـرد ئیسرائیلییـەکان تێبگـەن، چـۆن مسرییـەکان لـە ئۆکتۆبـەری ١٩٧٢دا، هـەردوو مەسـەلەی پێویسـتی شـەڕ و هێرشـکردن ببینـن، بـەڵام لـەو سـەروبەندەدا، سـادات هـزری خـۆی گـۆڕی و بڕیاریـدا بـێ چاوەڕوانکردنـی ئـەو چەکوچۆڵانـەی بـۆ سـەرکەوتن پێویسـتی پـێ بـوون، بچێتـە نـاو شـەڕ. وەک دەبینیـن ئـەشرەف مـەروان دڵسـۆزانە ڕاپۆرتـی خـۆی بـە ئیسرائیـل داوە، بـەڵام هەواڵگـری سـەربازی لـە مەزەندەکانیـدا شکسـت خـواردوو بـووە، تەنیـا ئـەوە، بـووە هـۆی ئـەوەی ئیسرائیـل لـە ئامادەکارییـەکان شکسـت بهێنێـت، کاتێـک شـەڕ بەرپابـوو.

پشـکداری مـەروان لەگـەڵ هەواڵگـری ئیسرائیـل، تەنیـا لەسـەر خوڵقاندنـی بیرۆکـە و چارەسـەری کۆتایـی قەتیـس نەبـوو، هەروەهـا

زانیارییەکانـــی مـــەروان لەبـــارەی هەمـــوو شـــتێکی پەیوەســـت بـــە پلانـــە دیاریکراوەکانـــی مـــسر بـــۆ هێـــرش کـــردن، ورد و دروســـت بـــوون. لێـــرەوە، دیســـان هەواڵگـــری ســـەربازی ســـوودی زۆری لـــە ســـەرچاوە فرەکانـــەوە وەرگـــرت و بوونـــە هـــۆی بەرزکردنـــەوەی ئاســـتی متمانـــە و دەوڵەمەندکـــردن و یەکلایکردنـــەوەی مەزەندەکانیـــش.

لـــە ســـاڵی ١٩٦٨-ەوە، کاتێـــک ســـوپای مـــسری بـــۆ گێڕانـــەوەی نیمچەردورگـــەی ســـینا ڕاهێنانـــی تەحریـــری کـــرد، هەواڵگـــری ســـەربازی لـــە نزیکـــەوە بەدواداچوونـــی بـــۆ جموجۆڵەکانـــی ســـوپای مـــسری دەکـــرد، بەتایبەتـــی لـــە ڕێگـــەی بەکارهێنانـــی سیســـتمی چاودێـــری یەکـــەی ٨٤٨-ەوە، هەواڵگرییـــە ئاماژەییەکانـــی یەکـــەی (Sigint)-ەوە.

لـەو ڕاپۆرتـەی سـەرەتای سـاڵی ١٩٦٩، دوای یـەک ڕاهێنـان لـە لایـەن هۆبـەی تۆژینـەوەی هەواڵگـری سـەربازی بڵاوکرابوویـەوە، هاتبـوو «مـسر لـە ڕاهێنانەکەیـدا باسـی لـە نەخشـەی ڕزگارکردنـی ڕۆژئـاوای سـینا و دامەزراندنـی هێڵـی بەرگـری لـە ڕۆژهەڵاتـی ڕاڕەوی میتـلا و گیـدی، لـە مـاوەی چـوار بـۆ پێنـج ڕۆژدا کـرد، بـە شـنگی چـوار کەرتـی پیـادە و یـەک بـۆ دوو یەکـەی میکانیکـی و دوو یەکـەی زرێپـۆش ئـەوەی کـرد[١٨]. لـە هاوینـی سـاڵی ١٩٧١دا، مـەروان وردەکاری پلانێـک کـە پێـی دەگوتـرا گرانتـی، بـە مائیـر مائیـری دا و وردەکاری زیاتـر و وێنەیەکـی بـاوەڕ پێکـراوی بـە هەواڵگـری سـەربازی دا کـە شـەڕەکە لـە لایـەن مسرییەکانـەوە چـۆن سـەیر دەکرێـت. لـە سـەرەتای ١٩٧٢ مـەروان پیلانێکـی دیکـەی پێیانـدا کـە هاوشـێوەی پلانەکـەی زووتـر بـوو، ئەمانـەش دەرفەتیـان بـۆ هۆبـەی تۆژینـەوەی هەواڵگـری سـەربازی ڕەخسـاند، لـە ١٦ی نیشـاندا بڵاوکراوەیەکـی تایبەتـی چـل لاپەڕەیـی ڕوپێـوی هەواڵگـری سـەربازی بڵاوکـردەوە کـە نەخشـە و وردەکاری پەلامارەکـەی مـسری لـە خـۆ دەگـرت.

قۆناغـی یەکەمـی شـەڕ کـە وا دانرابـوو کەمـتر لـە بیسـت و چـوار کاتژمێـر بخایەنێـت بـە پشـت بەسـتن بـە پێنـج کەرتـی پیـادە، لـە پێنـج خاڵـی جـوداوە، لـە کەناڵەکـە بپەڕنـەوە بـۆ دابینکردنـی خاڵەکانـی پەڕینـەوە و ناوچەکـەی ئێسـتایان، دواتـر هـەردوو کەرتـی زرێپۆشـی چـوار و بیسـت و یـەک بـەرەو کەنـاری ڕۆژهـەڵات بجووڵێـن و ناوچەکانـی نزیـک سـەنگەرەکانی ئیسرائیـل داگیربکـەن. دەکرێـت ئـەوە بـە ڕۆژ، یـان بـە شـەو ئەنجـام بدرێـت، لەبـەر سـنوورداری هێـزی ئاسـمانی ئیسرائیـل لـە شـەودا، بـە مەزەنـدەی هەواڵگـری سـەربازی، مسرییـەکان هـەوڵ دەدەن لـە پەنـای تاریکـی شـەودا ئـەوە بکـەن، بـۆ دابڕاندنـی کەناڵەکـە لـە تـەواوی سـینا، لەوانەشـە بەهـۆی هەلیکۆپتـەرەوە لـە حـەوت تـا دە بەتالیۆنـی کۆمانـدۆ لـە دەروازەکانـی ڕۆژهەڵاتـی هـەردوو ڕاڕەوی میتـلا و گیـدی لـە ئاسـمان دابـەزن. دواتـر لیوایەکـی دەریایـی بـۆ هەڵگرتنـی یـەک بەتالیۆنـی تانـک و دوو بەتالیۆنـی هێـزی پیـادە بیانهێنێـت و لـە کەناڵـی ڕۆمانـی دابـەزن، لەگـەڵ لیوایەکـی دی بـە قەبـارەی هێـزی پیـادە یـەک بگرنـەوە بـە ئامانجـی داخسـتنی باکـووری ڕێـگاکان، لەبـەردەم هێـزی پشـتیوانی ئیسرائیـل کـە دێنـە سـینا. پلانەکـەی مسرییـەکان پەڕینەوەیەکـی چاوچنۆکانـەی بـۆ دەریاچـەی تیمسـاح و تاڵـە مەزنەکـە بـە درێژایـی هێڵـی کەناڵەکـەی لـە خـۆ دەگـرت. وا بڕیـار بـوو ئەمانـە هەموویـان لـە ڕۆژی یەکەمـی شـەڕدا بهێنـە کـردن و ڕووبـدەن.

ڕۆژی دووەم، کەرتـی زرێپـۆش بـە قووڵایـی دەوروبـەری هەشـت میـل بـۆ سـینا پێشـڕەوی دەکات، ڕۆژی سـێیەم، ڕاڕەوەکان، بەتایبەتـی ئـەو بەشـەی سـینا و هەمـوو ناوچـە هاوتەریبەکانـی ڕزگار دەکات، تـا دەگاتـە دەروازەی ڕۆژهەڵاتـەوە. لـە ڕۆژی چـوارەم و قۆناغـی کۆتاییـدا، سـوپای مـسری ڕزگارکردنـی سـینا تـەواو دەکات، تـا دەگاتـە سـنووری ئیسرائیـل[١٩].

جیاکاریـی بەڵگەنامەکانـی مـەروان ڕادەسـتی کردبـوون، لەپـاڵ کێومالْکردنـی ڕوبەرێکـی فرەوانـی چالاکیـی مـسری، پێکـەوە وایـان کردبـوو زیڤـی زامیـری سـەرۆکی مۆسـاد، بـە «مەزنتریـن سـەرچاوە هەمانبووەکانـی» نـاوزەد بـکات[٢٠]، هەروەهـا بـە گوتـەی زامیـر، مـەروان «سـەرچاوەی پلـە یـەک بـوو، چونکـە توانیبـووی تـەواوی ناوچەکـە کێومـاڵ بـکات کـە بـۆ ئێمەمانـان گەیشـتن پێیـان زۆر سـەخت بـوو، هەروەهـا ئاسـتی دروسـتی ئەوانـەی دەیگوتـن، زۆر بـەرز بـوو، چونکـە لێـرە و لـەوێ خەڵکـی دیکـەش هەبـوون زانیارییـان پـێ دەدایـن، ئەوانیـش یـان قسـەکانی ئەویـان دووپـات دەکـردەوە، یـان تەواویـان دەکـرد، بـەڵام ئـەو لـە نـاوەوەی دەزانـی، نـەک لـە دەرەوە و شتەکانیشـی وەک ئـەوەی لـە ڕابـردوودا هەبـوون و چـۆن پەرەیـان پێـدراوە، وا وەسـف دەکـرد. لـەم ڕوانگەیـەوە، ئـەو دەگمـەن و تاقانـە بـوو[٢١].

لـە نێـو هەمـوو ئەوانـەی مامەڵەیـان لەگـەڵ ئـەو بابەتانـە کردبـوو کـە مـەروان فەراهەمـی کردبـوون، تەنیـا دوو کـەس -دوای ڕاسـتییەکە- لەبـارەی پابەندبوونـی ئـەو بـە یارمەتیدانـی ئیسرائیـل، پرسـیاریان هەبـوو. یەکێکیـان سـەرۆکی لقـی ٦ی هۆبـەی تۆژینـەوەی هەواڵگـری سـەربازیی (مـسر) بـوو، ئەویـش کۆڵۆنێـڵ یۆنـاح باندامـان بـوو کـە لـە سـەرەتای هاوینـی ١٩٧٢ جێـی مائیـر مائیـری گرتـەوە. لـە ڕوانگـەی ئـەوەوە، یەکێـک لـە کێشـە مەترسـیدارەکان لەگـەڵ مـەروان، بەردەوامبوونـی بـوو لـە هۆشـدارییەکان کـە سـادات لەبـەر دەسـت پێکردنـی شـەڕ دایـە، دواتـر هیـچ ڕووی نـەدەدا. باندامـان پێیوابـوو ئـەوەی مـەروان دەیـکات، وەک گریانـی گـورگ وایـە، بۆیـە فەرامۆشـکردنی هۆشـدارییەکانی بـەر لـە شـەڕی یـۆم کیپـوور، مەنتیقـی بـوو، لـەوەش زیاتـر، مـەروان لـە وەڵامدانـەوەی پرسـیارەکانی باندامـان شکسـتی هێنابـوو کـە بـە دوبـی دابـوو لـە مەروانـی بـکات،

دەیویست بەهۆیانەوە بە شێوازی ڕاستەقینەی هەڵسوکەوتەکانی سادات بگات، بەڵام ئەو لەبری ئەوە، وەڵامەکانی زیاتر تەکنیکی بوون و لەگەڵ پرسگەلێکی پەیوەست بە پلانەکانی شەڕی مسر مامەڵەیان دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا تا ئەو ڕادەیە نەچوو کە مەروان بە بەکرێگیراوێکی دووسەرە دابنێت. باندام لە دڵی خۆیدا بە ڕوونی پێیوابوو، زانیارییەکانی مەروان دەیگەیاندن، بۆ کەسێک لەو شوێنە، متمانە پێکراو نەبوون، چونکە شتگەلێک هەبوون دەبوو بیزانیابا، بەڵام مەروان لەباریانەوە هیچی بە ئیسرائیل نەدابوو[٢٢].

کەسەکەی دی کە زۆر لە مەروان بە گومان بوو، جەنەڕاڵ ئیلی زێیرا بوو کە لە کاتی شەڕدا سەرۆکی هەواڵگری سەربازی بوو. زێیرا لە بۆچوونەکەیدا زۆر لە باندام پەڕگیرتر بوو، ئەو پێیوابوو مەروان بەکرێگیراوێکی دووسەرەیە کە پێش شەڕ، بە مەبەستی گۆڕینی سەرنجی ئیسرائیلییەکان، وەک کۆڵەگەی ناوەڕاستی هەوڵەکانی مسری خزمەتی کردووە، بۆ سەلماندی بانگەشەکەشی، زێیرا بەراوردی زانیارییەکانی مەروان و هەڵسەنگاندنە زارەکییەکانی خۆی کردووە:

هەندێک لە «زانیارییەکانی» سەرسوڕهێنەر بوون، بە داتا گۆڕاوەکانیشەوە کە خەونی هەر ئاژانسێکی هەواڵگری جیهانی بوو.... «زانیارییەکانی» کە فەراهەمی کردبوون، زۆربەیان کۆپی بەڵگەنامەکان و کۆنووسی کۆبوونەوە ئاست بەرزەکان بوون، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوە، هۆشدارییەکانی پەیوەست بە پێشبینی کات و وادەی شەڕ، زۆربەیان لە شێوەی ڕاپۆرت بوون و هەندێکیان نووسراو و هەندێکی دیکەشیان زارەکی بوون و هیچ بەڵگەیەکی پشتیوانیان لەگەڵدا نەبوو. لە مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣دا، دەرکەوت هیچیان ورد و دروست نەبوون[٢٣]، ( بە جەختکردنەوە لەسەر بەڵگە ئۆریجناڵەکانەوە).

هەرچەنـدە لـە پەرتووکەکەیـدا بـە ڕاشـکاوی باسـی ئـەوەی نەکـردووە، بـەڵام زێیـرا کۆمەڵێـک پاسـاوی هێنایـەوە، بۆئـەوەی نیشـانی بـدات کـە مـەروان گەمەیەکـی فێڵبازانـە بـوو کـە سـادات وەک بەرایـی شـەڕ دژی ئیسرائیـل گەمـەی پێکـرد. لـە ڕوانگـەی زێیـراوە، مـەروان لـە ئاخروئۆخـری سـاڵی ١٩٧٢ بـە مەبەسـتی هێورکردنـەوەی ئیسرائیـل، ئاگادارکردنەوەیەکـی هەڵـەی دا، تـا واز لـە وریاکردنەوەکانـی بهێنێـت. دواتـر لـە مانگەکەکانـی بـەر لـە ئۆکتۆبـەری ١٩٧٣، ئاگادارکردنەوەیەکـی بـەرز کـردەوە. کاتێکیـش دواجـار ئاگادارکردنـەوەی دا گەمەکـە ئاڵـۆز و درەنـگ بـوو. لـە ڕوانگـەی مسرییەکانـەوە، زۆر درەنـگ بـوو، بۆئـەوەی ئیسرائیـل بـە خـۆ بکەوێـت و بجووڵێـت[٢٤]. لـە چاوپێکەوتنێکـی تەلەفزۆنیـدا وەک بانگەشـەکردن بـۆ چاپـی پاکنووسـکراوی پەرتووکەکـەی، زێیـرا لـە ناوزەدکردنـی شـتەکان بـە بنبـڕی و وشـک و برینگـەوە دوودڵ بـوو. ڕاسـتە گوتـی، هیـچ بەڵگەیەکـی نەبـوو، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا بـاوەڕی وابـوو مـەروان بـە فەرمانـی سـادات فێڵـی لـە ئیسرائیـل دەکـرد و پێیوایـە هەردووکیان پێکـەوە کاریان دەکـرد[٢٥].

بـە لەبەرچاوگرتنـی بانگەشـە دوورەکانـی زێیـرا، دوو خـاڵ دروسـت دەبـن:

**خاڵـی یەکـەم**، بێجگـە لـە زێیـرا و تـا ڕەدەیەکیـش باندمـان، دەنـا گشـت ئەوانـەی سەروسـەودایان لەگـەڵ کارەکـەی مـەروان هەبـوو و ئـەو بابەتانەیـان بینیبـوو کـە مـاوەی چەندیـن سـاڵ مـەروان پێشکەشـی کردبـوون، ئەوەیـان بـە تـەواوی ڕەتکـردەوە کـە مـەروان بەکرێگیراوێکـی دووسـەرە بێـت، بـۆ نموونـە جەنـەڕاڵ ئاتیـێ شـالیڤ کـە وەک فەرمانـدەی هۆبـەی تۆژینـەوەی هەواڵگـری سـەربازی، ڕاسـتەوخۆ لەژێـر فەرمانـی زێیـرا کاری دەکـرد، ژمارەیـەک لێکۆڵێنـەوەی ئەنجامـدا و بـەو ئەنجامـە گەیشـت، مـەروان ئەگـەر بـە تەواویـش گیانـی خـۆی بـە دەوڵەتـی

جــووان نەفرۆشــتبێت، بــەڵام بەکرێگیــراوی دووســەرە نەبــووە[٢٦].
ئەهــارۆن لیڤــران کــە خــۆی بــە مەندەهۆشــانی ئیلــی زێیــرا پێناســە دەکــرد، پێیوایــە مــەروان ســیخوڕێکی ڕەســەن بــوو، هەروەهــا لەســەر ئــەو بابەتــە لەگــەڵ زێیــرا گفتوگــۆی کــردووە، ئەوانــی دیکــەش، ئەفســەرە بچووکەکانــی ئەوکاتــەی هەواڵگــری ســەربازی، وەک ئەلبێــرت ســودای، ســەرۆکی دیســکی سیاســی لــە هۆبــەی تۆژینــەوەی لقــی ٦ی (مــسر)، یاکــۆڤ ڕۆزفیلــد، ســەرۆکی هەمــان دیســکی کەرتــی سســەربازی، هەروەهــا زۆســیا کانیــازەر، جێگــرەوەی لــە دیســکی ســەربازی کــە بەشــێکی زۆر لــەو زانیاریانــەی بینیبــوو، مــەروان پێشکەشــی کردبــوون، ئەمانــە و گشــت کارمەندانــی مۆســاد کــە سەروســەودایان لەگــەڵ بابەتــەکان هەبــوو، لــەو بــاوەڕەدا بــوون مــەروان بەکرێگیراوێکــی ڕاســتەقینە بــوو.

**خاڵــی دووەم**، پەیوەســتە بــە مــەودای بڵاوبوونــەوەی بیــردۆزی بەکرێگیــراوی لــە ئیسرائیــل و سەرانســەری جیهانــدا، بــەڵام ئــەوەی وایکــرد ببێــت بــە ئەفســانەیەکی شارســتانی، زیاتــر بەهــۆی ئــەو شــتانە بــوو کــە لەبــارەی مــەروان بڵاوکرابوونــەوە، زیاتــر لەســەر ئــەو گفتوگۆیانــە بــوو کــە ئیلــی زێیــرا ئەنجامیــدا بــوون، زێیــرا تاکــە ئیسرائیلــی بــوو، ئامادەبــوو لەســەر ئــەو بابەتــە بــۆ هــەر یەکێــک بدوێــت، لەبەرئــەوەی تــا مردنــی مــەروان لــە ســاڵی ٢٠٠٧ ئەوانــەی ناســیاویان لەگەڵیــدا هەبــوو، کەســیان نەیاندەویســت قســەی لەســەر بکــەن، نەبــادا ژیانــی بکەوێتــە مەترســیی. بۆیــە لــە ئەنجامــدا، بەشــێکی زۆری ئــەوەی بــە ئاشــکرا گوتــراون، یــان لــە لایــەن خەڵکانێکــەوە بــوون کــە بــە زێیــرا کاریگــەر بــوون، یــان لــە لایــەن بەرپرســە باڵاکانــی مــسر، ئەندامانــی خێزانــی مــەروان و نــاسر و ئەوانــی دی بــوون کــە زیانــی زۆریــان بەردەکــەوت، ئەگــەر نەیانگوتبایــە، مــەروان لــە هاووڵاتییەکــی دڵســۆزی نیشــتمانی مــسر، هیچــی دیکــە نەبــوو.

بێ قسەکردن لەسەر بەکارهێنانی میتۆدەکانی مامەڵەکردن لەگەڵیدا، هیچ شرۆڤەکردنێک لەبارەی سەرسوڕهێنەترین بەکرێگیراو لە مێژووی نوێی سیخوڕیدا تەواو نابێت. چەندان ساڵ بانگەشەی سەمەرە لەسەر بڕی ئەو پارەیە دەکرا کە پێی دراوە، هەبوون بۆ هەر دیدارێک باسیان لە ٢٠٠ هەزار دۆلار دەکرد، کە بە نرخی ئێستا دەکاتە یەک ملیۆن دۆلار[٢٧]. ڕاستە مۆساد بۆ ڕازیکردنی مەروان ویستی لەوە دورتری هەبوو، بەڵام پارە دراوەکان زۆر لەوە کەمتر بوون کە باس دەکران.

مەروان هەرکاتێک سەردانی ئەوڕووپای بکردبا، لە چوارچێوەی شاندی فەرمی، یان بزنس، یاخود بۆ گەشت و پشوو با، چاوی بە دوبی دەکەوت. لەهەر سەردانێکدا لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەم، کۆبوونەوەیەک، یان زیاتری دەکرد. دوای یەکەم کۆبوونەوە و بەریەککەوتندا کە هێشتا هەقدەستی کارەکەی قسەی لەسەر نەکرابوو، بۆ هەر دیدارێک بڕی ١٠ هەزار دۆلاری وەردەگرت، بەڵام دواتر خۆی داوای کرد بڕەکەی بۆ بکرێتە دوو هەندە. سرووشتی بوو، هەندێک لە ئەندامانی مۆساد وریایی لەو بڕە پارە بێوێنەیە وەربگرن کە بە تاکە بەکرێگیراوێک دەدرا، دوای هەڕەشەکردنی بڕینی پەیوەندی، وەڵامی داواکارییەکەی درایەوە، تەنانەت لە هەندێ کەیسی دەگمەن، لەوەش زیاتری وەردەگرت. هەقدەستەکە ڕاستەوخۆ لە لایەن دوبی بە کاش و بە درواى بچووکی بەکارهاتوو لەناو جانتایەکی سامسۆنایت ڕادەستی مەروان دەکرا، لە کۆتایی هەر دیدارێک، مەروان بێئەوەی بیکاتەوە، جانتاکەی وەردەگرت و لەگەڵ خۆی دەیبرد.

ئەگەرچی بڕەکە کەمتر بوو لەو گۆتانەی دەکران، بەڵام هێشتا کاری لە کورتهێنانی بودجەی وێستگەی ئەوڕووپای مۆساد دەکرد و بڕێکی گەورە بوو، هەروەها خەرجکردنی ئەو بڕە زۆرە پێویستی بە

ڕەزامەنـدی فەرمـی وەزیـری داراییـەوە هەبـوو. جارێـک گۆڵـدا مائیـر، ئاماژەیەکـی لـەو شـێوەیەی بـە پێنچـاس ساپیری وەزیـری دارایـی دا کـە مۆسـاد سـەرچاوەیەکی پاراسـتنی بـاڵای هەیـە و ڕاسـتەوخۆ بـە سـادات دەگات، بـەڵام لـەوە زیاتـری بـاس نەکـرد، کورتهێنانەکـە هـەر لـە کشـاندا بـوو، سـەرەنجام سـاپیر بـە مەبەسـتی لێکۆڵینـەوە لـە خەرجییـەکان، کارمەندێکـی خـۆی بـۆ لای شـاموئێل گۆرینـی سـەرۆکی ئۆپەراسـیۆنەکانی مۆسـاد لـە ئەوڕووپـا نـارد، گۆریـن تەنیـا پێویسـتی بـە چەنـد بوتڵێـک شـەرابی فەڕەنسـی و خوانێکـی چێژبەخـش هەبـوو، بێئـەوەی ئـەو ڕوونکردنەوەیـەی پـێ بـدات کـە بـۆی هاتبـوو.

پرسـیارێکی دیکـەی بنکۆڵیـکار لـە مۆسـاد، تایبـەت بـە سەرپەرشـتکار بـوو کـە هـەر لـە سـەرەتاوە ئەفسـەرە بـاڵاکان سـووربوون لەسـەر ئـەوەی دەبێـت ڕاسـتەوخۆ شـارەزایەکی هەواڵگـری دێریـن و بـە توانـا سەرپەرشـتی سـەرچاوەیەکی لـەو جـۆرە بـکات، بـەڵام زامیـر دوبـی هێشـتەوە، ئەگەرچـی هێشـتا سـێ سـاڵی لـە مۆسـاد تـەواو نەکردبـوو، ئـەم بڕیارەشـی لـە سـەرکەوتنەکانی دوبـی سـەرچاوەی گرتبـوو کـە بەشـێوازێک ئیـدارەی پەیوەندییەکانـی کـردووە، تـا ئەوپـەڕی گرفتەکانـی کـەم کردۆتـەوە و چالاکییەکانـی مەروانیشـی بـەرز کردۆتـەوە، کرۆکـی شـێوازەکەی دوبی خۆی لـەو سـوربوونەوە دەبینیـەوە و بۆچوونێکـی لای مـەروان دروسـت کردبـوو کـە ئـەو یەکەمجـار دڵسـۆزی فریشـتەکەیە، نـەک مۆسـاد، مەروانیـش بـەو بـاوەڕە گەیشـتبوو کـە «ئەلێکـس» لـە هەمـوو ئاژنسـەکانی دی جودایـە، واتـە توانیبـووی لـە بایەخەکانـی مـەروان بـگات و لـە زۆر ناکۆکیـدا لای بگرێـت کـە لـە سـەرەوە ڕووی دەدا، وەک مەسـەلەی هەقدەسـت و کـێ بناسـێت، یـان کـێ لـە دیـدارەکان بەشـدار بێـت، تەنانـەت کـێ سەرپەرشـتی بـکات.

سەرپەرشتکردنی مەروان، بۆ کەسێکی تازە دەست بەکاربوو کە گوێ بە هەنگاوە بنەڕەتییە پێویستییەکانی ئاسایشی خۆی نەدات، ئەرکێکی ئاسان نەبوو. وێڕای ئەوەی ژمارە تەلەفۆنی جێگرەوەی پێدرابوو، بەڵام لە مانگە سەرەتاییەکاندا، بە مەبەستی دانانی وادەی دیدارەکان، هەر تەلەفۆنی بۆ باڵیۆزخانەی ئیسرائیل لە لەندەن دەکرد. بۆ وەستاندنی ئەو کارە، دوبی هێڵێکی تەلەفۆنی دەرەکی بۆ چێکرد کە لە لایەن میانگیرێکەوە بەڕێوە دەبرا و بە «بۆکسی نامە مردووەکان» ناسراو بوو، بە مەروانیش ڕاگەیەندرا، هەر کاتێک پێویستی بەوە بوو، پەیامێک لە دوبی وەربگرێت، لە بری تەلەفۆن کردن بۆ باڵیۆزخانە، تەلەفۆن بۆ ئەو ژمارەیە بکات. میانگیرەکە ئافرەتێکی تەمەن پەنجا ساڵەی لەندەن بوو کە بە دەگمەن ماڵی جێدەهێشت، هەر کاتێک مەروان تەلەفۆنی بکردبا، ئەویش دەستبەجێ پەیوەندی بە دوبی دەکرد. هەر لە سەروبەندی ئەوکات، ئامێری وەڵامدانەی ئۆتۆماتیکی بەرهەمهات و دوبی یەکێکی بۆ مەروان لە ئەپارتمانتەکەی دامەزراند، بۆئەوەی لە هەر کاتێکی شەو بخوازێت، تەلەفۆن بکات.

لەگەڵ ئەوەشدا، بێ هیچ پاساوێک، مەروان لە ڕیسک کردن بەردەوام بوو، بەلانی کەم جارێک بە ئۆتۆمبیل و شوفێری باڵیۆزخانەی مسر گەیشتە کۆبوونەوەیەک. جارێکی دی، دوبی و مائیر مائیر لە ئەپارتمانتەکەیدا لە گەڕەکی مایفێر لە لەندەن لەگەڵیدا کۆبوونەوە، بەڵام بە درێژایی ئەو ماوەیەی ئەوان لە ژووری دانیشتن و قسەیان دەکرد، سۆزانییەکی خۆجێیی لە ژووری نووستن لە چاوەڕوانی مەروان بوو، گوێشی لە هەموو وشەکان ببوو، بەڵام مەروان بەلایەوە جێی بایەخ نەبوو.

هەروەها مەروان ڕیسکی بە بەڵگەنامە هێنراوەکانیش دەکرد کە

زۆرێـک لەوانـە ئۆریجنـاڵ بـوون، نـەک فۆتۆکۆپـی. کاتێـک دوبـی لێـی پرسـی، ئایـا لـەوە ناترسـێت بـە بەڵگەنامـەوە دەسـتگیر بکرێـت، تەنیـا پێکەنـی و گوتـی: «مـن ناپشـکنن» لـە هەنـدێ حاڵەتـدا دەیدانـە دویـی، لـە حاڵەتـی دیکەشـدا کـە زۆر هەسـتیار بـان، دوبـی بـە کامێرایەکـی بچـووک وێنـەی دەگرتـن و بـۆی دەگەڕانـدەوە. کاتێـک هێنانـی بەڵگەنامەیـەک زۆر هەسـتیار بـا، خاڵـە سـەرەکییەکانی دەنووسـیەوە، دواتـر لەنـاو دەسـتی دوبـی دادەنـا.

بێباکییەکـەی مـەروان زۆر تێپـەڕی کردبـوو، چەنـد مانگێـک دوای کارکردنـی لەگـەڵ مۆسـاد، دوبـی تێبینـی دەسـکی دەمانچـەی کـرد کـە لەژێـر چاکەتەکـەی دەرکـەوت، کاتێـک لەوبـارەوە پرسـیاری لێـی کـرد، مـەروان یەکسـەر دەمانچـە سـمیث و ویسـۆنە عەیـار ٣٨ەکـەی ڕاکێشـا و وەک خـەڵات پێشکەشـی دوبـی کـرد، دوبـی زراوی ڕژا و بـۆ مەروانـی ڕوونکـردەوە کـە ڕەنگـە هەڵگرتنـی دەمانچـە لـە مسر قبـوڵ بێـت، بـەڵام لـە پایتەختـی بەریتانیـا، تەنانـەت لـە بەڕێوەبەرانـی مافیاکانیـش قەدەغەیە، بـەڵام هـەر مێش میوانـی مـەروان نەبـوو و گوتـی: پاسـپۆرتە دیپلۆماتەکـەی بـەو مانایـە دێـت کـە دەسـەڵاتدارانی ناوخـۆ ناتوانـن دەسـتی لـێ بـدەن. هـەر ئـەوکات جارێکـی دیکـە دەمانچەکـەی پێشکەشـی دوبـی کـردەوە. چەکێکـی تـا بڵێـێ جـوان بـوو، لەنـاو کیفـک شـاردرابوویەوە و دەتوانـرا هـەر لـە ژێـرِ پانتـۆڵ، یـان چاکێتـەوە بتەقێنرێـت، بـێ ئـەوەی ترسـی ئەوەت هەبێـت، قوماشـەکە ڕێـی پـێ دەگرێـت. پێشکەشـکردنی دەمانچەکـە بـە لای دوبیـەوە، سـەرنجڕاکێش بـوو، بـەڵام وەری نەگـرت و ڕەتیکـردەوە. لـە دیـداری دواتـردا، مـەروان دەمانچەیەکـی دی هێنـا، ئەمجـارە وەکـو خەڵاتێکـی بێگـەرد، دوبـی بـژاردەی کەمـی لەبـەردەم بـوو، دەمانچەکـەی وەرگـرت و لەبەرانبـەردا سوپاسـی فریشـتەی کـرد.

ئـەو تاکـە بـوارەی مـەروان ڕیسـکی نـە دەکـرد و زۆر خـۆی لـێ نـەدەدا، هەمـوو ئـەو شـتانە بـوو کـە پەیوەنـدی بـە بەکارهێنانـی ئامێـری بێتەلـەوە هەبـوو، مۆسـاد بـۆ بـە ئاسـانی گەیشـتن بـە نهێنییـە هـەرە گرنگەکانـی مسر، دەیویسـت وەکـو «بەکرێگیـراوی وریاکەرەوە»جێگیـری بـکات، بۆئـەوەی ئەگـەر مـسر بـە نیـازی هێـرش کـردن بـوو، لـە کاتـی دروسـت ئاگاداریـان بکاتـەوە، هـەر بـە مەبەسـتی پێدانـی کۆرسـێکی چـڕ بـە مـەروان لەسـەر بەکارهێنانـی ئامێـری بێتـەل، شـارەزایەکی ئـەو بوارەیـان نـاردە لەنـدەن. دواتـر ئامیرێکـی بێتـەل و ئامـرازی شـاردنەوە و لیسـتێکی فریکوەنسـیان پێیـدا، بـەڵام مـەروان هیـچ سـەری لەبەکارهێنانـی کەرەسـتەکان دەرنەدەچـوو، یـان بـاش نەبـوو، کەسـانێک لـە مۆسـاد ئەویـان بـە خـاوەن «دوو دەسـتی چـەپ» پێناسـە کـرد. لـە دیـداری دواتـری نێوانیانـدا، مـەروان پێـی ڕاگەیانـدن، لەبەرئـەوەی زۆر مەترسـیداربوون، خـڕ کەرەسـتەکانی فڕیداوەتـە نـاو ڕووبـاری نیـل. لـە مـاوەی ئـەو هەمـوو ساڵەی مـەروان بـۆ مۆسـاد کاری کـرد، سـیخوڕە مەزنەکـەی مێـژووی ئیسرائیـل، تەنانـەت بـۆ یەکجاریـش زانیارییەکانـی لـە ڕێگـەی بێتەلـەوە ئاودیـو نەکـرد.

وێـڕای ڕێژەیـی ئـەو پەیوەندییـە نەرمـەی کـە پـەرەی سـەندبوو، تـاو نـا تاوێـک بـە بانگەشـەی ئـەوەی دوبی»داویەتـە» پـاڵ مـەروان، پرسـیاری کـێ سەرپەرشـتکار بێـت، دەهێنرایـە پێـش. ئـەو کێشـەیە لای سەرپەرشـتکاری کـەم ئەزمـوون، شـتێکی ئاسـایی بـوو، هەروەهـا پرسـیارگەلێکی دیکـەش هەبـوون، وەک: ئەگـەر دوبـی بەردەسـت نەبـوو، لەوکاتـەی مـەروان پێویسـتی بـە دیـدار هەبـوو، وەک حاڵەتـی نەخـۆش کەوتـن و پشـوو، یـان پیشـە گۆڕینـدا، دیـارە ئاژانسـە هەواڵگرییـەکان هەوڵـی ڕێگەگرتـن لەوەهـا بارودۆخێـک دەگـرن کـە تاقـە سەرپەرشـتکارێک بـۆ ماوەیەکـی دورودرێـژ، پەیوەنـدی زۆر نزیکـی لەگـەڵ بەکرێگیراوێکـی دیارکـراودا هەبێـت، بۆیـە نـاوە نـاوە سەرپەرشـتکار دەگـۆڕن، یـان کەسـی دووەمـی

بۆ زیاد دەکرێت، بەڵام مەروان زۆر بە توندی بەرانبەر هەر هەوڵێک بۆ جێگرەوەی دوبی و هێنانی کەسێکی دی وەستایەوە، هەر کاتێک ئەو بابەتە دەهێنرایە پێشەوە، هەڕەشەی کشانەوە و دەستهەڵگرتنی دەکرد. بەمەش زامیر خۆی لەبەردەم ڕێگەیەکی داخراودا دۆزییەوە و تەنیا یەک ڕێگەی چوونە پێشی هەبوو، ئەگەرچی نا ئاسایش بێت، ئەویش ئەوەبوو کە خۆی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی فریشتەکە بکات، ئیدی بەمشێوەیە مەروانیش ناتوانێت ڕەتی بکاتەوە.

لە پاڵ چارەسەرکردنی کێشەی پەیوەندییە تایبەتییەکەی مەروان لەگەڵ دوبی، زامیر هەوڵیدا جۆشی فریشتەکە زیاتر بخرۆشێنێت، چونکە لە ڕوودا دیاربوو کە لەڕووی دەروونییەوە پێویستی بە قەرەبووکردنەوەی ئەو سووکایەتیی پێکردنە هەبوو کە لەسەر دەستی ناسر و پیاوەکانی پێی کرابوو، ئەمەش لە بڕیاری کارکردن بۆ مۆساد ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا، واتە ئاسایی بوو بە شێوەیەکی ڕێکوپێک چاوی بە جەنەڕاڵێکی پێشووی سوپای ئیسرائیل بکەوێت کە ئێستا لەسەر ڕووی زەوی سەرۆکایەتی بەناوبانگترین ئاژانسی هەواڵگری دەکات، ئەمەش لە خۆیدا خزمەت بە گەورەکرنی ئیگۆی مەروان دەکات و پاڵی پێوەدەنێت کاری سەخت بۆ ئیسرائیل بکات. لە ڕاستیدا لەوساتەی دوبی هێنای، مەروان خۆشحاڵ بوو لەگەڵیدا بێت.

یەکەم دیداری نێوان گەورە سیخوڕ «جەنەڕاڵ»، وەک ئەوەی مەروان پێیخۆش بوو بەو ناوە بانگی بکات و مەزنترین سیخوڕی ئیسرائیل، دیدارێکی سەرکەوتوو بوو. لە ڕوانگەی مەروان، دیدارەکە لە چاوی ئیسرائیلییەکاندا، لە خۆیدا ڕەنگدانەوەی پێشکەوتنی پێگەکەیی و گوزارشتکردن لە بایەخەکەی بوو. هەروەها زامیریش خۆشی و چەشەی لەوە وردەگرت. لەپاڵ ئالینگارییە کردەنییەکانی ئەو جۆرە دیدارە

نهێنییانـەدا، بـۆ یەکێـک کـە بـە درێژایـی ژیانـی سـەربازیی ئـەوەی تاقـی نەکردبووەتـەوە، ئـەوەی لا ڕوون بوویـەوە کـە مـەروان کەسـێکی کاریزمایـی و جـێ بایەخــە و گیانێکــی گاڵتەشــی هەیــە، هەروەهــا دانوســتکارێکی ڕاستەقینەشـە، هەرچەنـدە سـەرەتا مایـەی سەرسـوڕمان نەبـوو، بـەڵام دواتـر دۆسـتایەتییەکە پەرەیسـەند، هەرکاتێـک دەرفـەت بهاتبایەتـە پێـش، بـە ئامادەبوونـی دوبـی یەکدیـان دەبینـی و هەندێجـار بـە پێـی داواکارییـە کردەنییـەکان لـە هەمـان هوتێـڵ دەمانـەوە و چەنـد ڕۆژێـك لەسـەر یەکتری کۆدەبوونــەوە[٢٨].

زامیـر نـە دەچـووە نـاو وردەکاریـی ئـەو زانیارییانـەی مـەروان ڕادەسـتی کردبـوون، قسـەکان گشـتی بـوون، زیاتریـش لەبـارەی کاروبارەکانـی جیهانـی بـوو، زامیـر تەنیـا چەنـد پرسـیارێکی دەکـرد و پاشـان بـواری قسـەکردنی بـۆ مـەروان جێدەهێشـت. بـە لای زامیـر گوێڕادێـران بـۆ قسـەکانی مـەروان، هێنـدە گرنـگ نەبـوو، لەچـاو ئـەوەی دەیویسـت ئـەو هەسـتە بـۆ مـەروان دروسـت بـکات کـە سـەرۆکی مۆسـاد گـوێ بـۆ ئـەو وشـانە شـل دەکات کـە مـەروان دەیـکات. کاتێـک قسـە هاتـە سـەر سـتراتیژییەتی شـەڕی مـسر، بۆچوونەکانـی مـەروان گرنگـتر بـوون، نەخاسـمە هـەر لـە یەکـەم دیـداری نێوانیـان، باسـی لـە کەلێنـی نێـوان سـادات و جەنەڕاڵەکانـی کردبـوو، سـادات دەیویسـت هەتـا زووە شـەڕ بـکات، بۆئـەوەی پرۆسـەیەکی سیاسـی بـۆ گەڕاندنـەوەی سـینا بخوڵقێـت، هەرچـی بۆچوونـی جەنەڕاڵـەکان بـوو کـە مـەروان بـە «پلانـی نـاسر» نـاوی دەبـرد و ئامانـج گەڕانـەوەی سـینابوو بـە ڕێگەچـارەی سـەربازی، بـەڵام جەنەڕاڵـەکان بـاش دەیانزانـی بـە بـێ وەرگرتنـی سیسـتمی چەکـی سـەربار لـە سـۆڤیەتییەکان، پلانـەکان کردەنـی نییـە، چونکـە ئـەوان لەگـەڵ ڕێگەچـارەی شـەڕ بـوون. لـە هەمانکاتـدا سـادات، بــەدوای ئــەو فەرمانــدە ســەربازییانە بــوو کــە تێڕوانینــە

ستراتیژەکەی قبوڵ بکەن و ئامادەی دەست پێکردنی شەڕێکی ئامانج سنووورداری ناوچەیی بن[٢٩].

مۆساد بۆ لادانی تۆمەتەکان، بە ڕێگەی دی یارمەتی مەروانی دا، چونکە هەڵگەڕانە خێراکەی بە پلەبەندی مسری و ڕەفتارە بێباکەکانی کە زۆربەیان نێگەتیڤ بوون، ببوونە جێ سەرنج. بۆ نموونە، کاتێک مەروان لەگەڵ هاوژینەکەی کێشەی هەبوو، زامیر فەرمانی بە پیاوەکانی کرد لە تەلئەڤیڤ حەڵقەیەکی ئەڵماسی بۆ بکڕن و بیدەنە مەروان، ئەویش بە نۆرەی خۆی دایە هاوژینەکەی، بەمەش لەسەر حسابی باجدەرانی ئیسرائیل نێوانی لەگەڵ کچەکەی ناسر گوڵباران بوویەوە.

سەرەڕای بەشداری زامیر لە دیدارەکانی دوبی و مەروان، بەڵام هێشا بەرپرسانێکی مۆساد هەبوون، وایان بیردەکردەوە باشترە ئەفسەرێکی بە ئەزموونتر جێگەی دوبی بگرێتەوە، بەڵام زامیر پێیوابوو، دوبی ئەرکی خۆی بە دروستی بەڕێوەبردووە، لێ دواجار گوشارەکە کاری هەبوو. بەر لە دیدارەکانی ساڵی ١٩٧١ی لەندەنیان، لەسەر جێگرەوە ڕێککەوتن کە کەسێکی بە ئەزموونی لقی مسری هۆبەی تۆژینەوەی هەواڵگری سەربازیی بوو، لە دەرەوەی ژوورەکە چاوەڕێ بوو، زامیر ویستی هۆکاری گۆڕینی سەرپەرشتکارەکەی بۆ مەروان ڕوون بکاتەوە، بەڵام کاتێک زامیر بابەتەکی وروژاند، مەروان دەستبەجێ بە توندی ڕەتکیردەوە، زامیر داوای لە سەرپەرشتکارە ئامادەبووەکە کرد، پەیوەندیان پێوە بکات، ئەویش باسی ئەزموونی خۆی لە زمانی عەرەبی بۆ مەروان کرد، بەڵام مەروان هەر سەیریشی نەکرد. دوای ئەوەی پیاوەکە ڕۆیشت، مەروان گلەیی لە زامیر و دوبی کرد کە چۆن «ئەو عێراقییە» یان لەگەڵ خۆیان هێناوە، هەرچەندە زامیر

بـۆی ڕوونکـردەوە کـە ئـەو پیـاوە جوولەکەیـە و ئەفسـەرێکی هەواڵگـری ئیسرائیلـە و کەسـێکی شـارەزایە، بـەڵام قسـەکان هیـچ کاریگەریـان لـە مـەروان نەکـرد و ڕوونـی کـردەوە، «لـە جیهانـی عەرەبـدا، پلەبەنـدی هەیـە، مسرییـەکان لـە سـەروون، دواتـر سـووری، ئوردنـی، سـعوددی و ئەوانـی دی دێـن» مـەروان بـە چاوداخـراوی درێـژەی بـە قسـەکانی دا و گوتـی، «عێراقییـەکان لـە پلـەی خـوارەوەن، کاتێـک مسرییـەکان هەنـگاو دەنێـن، بەسـەریاندا دەڕۆن» بـەو وشـانە بـە ئامـاژەدان بـۆ ڕۆیشـتن، کۆتایـی بـە قسـەکانی هێنـا. دوای ئـەوە، زامیـر پێویسـتی بـە باوەڕهێنانـی لـەوە زیاتـر نەبـوو، بۆیـە تـا ئـەو لـە سـەرۆکی مۆسـاد مایـەوە، پرسـی گۆڕینـی دوبـی نەهاتـەوە گـۆڕێ.

سـەرکەوتنە دیارەکانـی مـەروان، گرفتێکـی کردەنـی بێوێنـەی بـۆ مۆسـاد چێکـرد. لـە لایـەک زامیـر لـەوە ئاگاداربـوو، بەپرسـیاریەتی حکومەتـی ئیسرائیـل بەسـەر هەڵسـەنگاندنە هەواڵگرییـەکان لـە دەسـت ئاژانسـەکەیدا نییـە، بەڵکـوو هەمـووی لـە دەسـتی هەواڵگـری سـەربازیی هێزەکانـی بەرگـری ئیسرائیلـە. لەبـەر ئـەم هۆیـە، هەمـوو ئەوانـەی مـەروان فەراهەمـی دەکـردن، دەبـوو بـۆ هۆبـەی تۆژینـەوەی هەواڵگـری سـەربازی بنێرێـن، بۆئـەوەی لـەوێ شـیبکرێنەوە و چارەسـەر بکرێـن و تێکەڵـی گشـت زانیارییەکانـی دی بکرێـن کـە دەگەیشـتنە ئیسرائیـل، دواتـر ئامـادە دەکـران، بۆئـەوەی گـەورە سـەرباز و دیپلۆماتـکارە بڕیارسـازەکانی ئیسرائیـل بـەکاری بهێنـن. لـە لایەکـی دیکـەوە، لەبـەر هەسـتیاری سـەرچاوەکە تـرس هەبـوو، نەبـادا ناسـنامەی مـەروان ئاشـکرا بێـت، ئەگـەر لـە کەسـێک زیاتـر بـەوی زانـی، بۆیـە دەبـوو تەنیـا لـە شـێوەی کـەرت و پارچـەی بچـووک بـە هەواڵگـری سـەربازی بدرێـت، ئەمـەش لـە خۆیـدا ڕیسـکێکی گـەورە بـوو، کاتێـک بابەتەکانـی مـەروان تێکەڵـی گشـت ئـەو داتایانـە دەکـرا، چونکـە ئـەو بەهـا ڕاسـتەقینە هەواڵگرییـەی لـە دەسـت دەدا کـە لـە بەرانبـەر

یارمەتیدانـی سـەرکردەکان ئیسرائیـل شـایەنی بـوو، بـۆ تێگەیشـتن لـەوەی چ لـە مـسر ڕوودەدادات.

وەک ئـەوەی پێشـتر ئاماژەمـان پێـی کردبـوو، لـە زاڵبـوون بەسـەر کێشـەکان، ڕاپۆرتەکانـی مـەروان بـە تەواوەتـی و بـە شـێوە خامەکـەی ڕاسـتەوخۆ بـۆ سـەرۆک وەزیـران، وەزیـری بەرگـری، سـەرۆک ئـەرکان و سـەرۆکی هەواڵگـری سـەربازی هێـزی بەرگـری ئیسرائیـل دەنێـردرا، لەنـاو ئـەو بازنەیـە، بـە نهێنـی کەسـی پێنجەمیش هەبـوو، ئەویش گالیلـی، وەزیری بـێ وەزارەت بـوو کـە جێگـەی متمانـەی گۆڵـدا مائیـری سـەرۆک وەزیـران بـوو. زامیـر خـۆی ڕاپۆرتەکانـی دابـەش دەکـرد، ئەگـەر خۆشـی ئامـادە نەبـا، سـەرۆکی سـتافەکەی ئـەو کارەی دەکـرد، بـەڵام لەبـەر تێکەڵبوونـی هەڵسـەنگاندی گشـتی، هەواڵگـری سـەربازی کۆمەڵێـک ئەفسـەری ڕاسـپاردبوو، زانیارییـەکان دابـەش و پۆلێـن بکـەن، وەک پەیوەندییەکانـی سـۆڤیەت و مـسری، سـوپای مـسر، هێـزی ئاسـمانی مـسر و ...هتـد، ئەمانـە بەسـەر لقـە جۆراوجۆرەکانـی هۆبـەی تۆژینـەوەی هەواڵگـری سـەربازی دابـەش دەکـران و کـۆدی نـاوەکان دەگـۆڕدران، بـە مەبەسـتی شـاردنەوەی ئـەو ڕاسـتییەی گشـت زانیارییـەکان لـە یـەک سـەرچاوەڕا هاتـوون.

بـە دڵنیاییـەوە مۆشـێ دایـان تینووتریـن کڕیـاری ڕاپۆرتەکانـی خۆتێـل بـوو کـە زۆرجـار بەمەبەسـتی ڕونکردنـەوە و زانیـاری زیاتـر، زامیـری بانگهێشـتی ئۆفیسـەکەی دەکـرد، گۆڵـدا مائیریـش زۆر لـەوە دوور نەبـوو، لەگـەڵ گالیلـی بە شـێوەیەکی چڕ ڕاپۆرتەکانـی هەڵدەبژارد و لـە ڕاوێژکارییە هەفتانەکانیـدا لەگـەڵ زامیـر تاوتوێـی دەکـرد کـە لـە ماڵەکـەی خۆیـدا لـە ڕامـات ئەڤیـڤ بەڕێوەدەچـوو، تەنانـەت لـەو تاوتوێیـە ناوخۆیانـەدا، بەتایبەتـی لـە پەیوەندییـە تەلەفۆنییەکانـدا، بـەردەوام بـە بەکارهێنانـی کـۆد ئامـاژە بەنـاوی مـەروان دەکـرا، بـۆ نموونـە دایـان بـە زۆری «دوا زانیـاری

کـە وەرمگـرت»ی بەکاردەهێنـا، بـەڵام بـە پێـی کۆنووسـی کۆبوونـەوەی گـەورە بەرپرسـانی حکومـەت، ئـەو وریاییـە لـە ڕۆژانـی یەکەمـی شـەڕدا، تـا ڕادەیـەک وەلانـرا، چونکـە هـەر یـەک لـە بارلیـڤ و مائیـر بـە ڕاشـکاوی قسـەیان لەبـارەی «هاوڕێکـەی زڤیـکا» دەکـرد، زڤیـکا نـاوی بچووککـراوەی زامیـر بـوو. ئەمـەش جـۆرە پەرەسـەندنێک بـوو کـە لـە ڕۆژانـی بـەر لـە شـەڕ دەرکـەوت، لـە لایـەک بـۆ تێگەیشـتن لـە پاڵنـەر و پلانەکانـی سـادات پێویسـت بـوو، لـە لایەکـی دی لەبەرئـەوەی بازنـەی بەشـداریکردن لـە گفتوگـۆ و بڕیارەکانـدا زۆرجـار خەڵکـی دیکـەی دەرەوەی ئـەو بازنـەی تێدابـوو کـە پەیوەندیـان بـە مەروانـەوە نەبـوو.

لـە ڕاسـتیدا ڕاپۆرتەکانـی خۆتێـل تەنیـا بـە چـوار بڕیارسـازی سـەرەکی دەدران و کۆدێکـی توونـد لەسـەر گفتوگـۆ تاوتوێکـراوەکان و بۆچوونـەکان دانرابـوو، نەبـادا لـە کاتـی شرۆڤەکردنیـان ئاشـکرا بـبن. ئـەم ڕاسـتیەش. بەتایبەتـی لـە لای ئاهـرۆن یاریڤـی سـەرۆکی هەواڵگـری سـەربازی مایـەی نیگەرانـی بـوو، لـە پێگـە پیشـەگەرییەکەیەوە، پێیوابـوو تێگەیشـتن لـە زانیـاری هەواڵگـری سـەرەتا دەبێـت هـەزم بکرێـت و لـە ئاوێتەکردنیـان لـە چوارچێـوە وێنـە گشـتگیرییەکەی هەمـوو سـەرچاوە و بەڵگـە جیـاوازەکان پێشـینەیان پـێ بدرێـت کـە دەخرانـە دەسـت شرۆڤەکارانـی هەواڵگریـی. چونکـە پێدانـی مـادەی خـاوی یـەک سـەرچاوە بـە بڕیارسـازان، لەوانەیـە لەبـارەی ئـەوەی چ لـە مـسر ڕوودەدات، ئـەو وێنـە دروسـتە نـە کێشـێت. یاریـڤ لەسـەر ئـەو کێشـەیە قسـەی بـۆ زامیـر کـرد و پێشـنیازی کـرد، لـە پێشکەشـکردنیاندا بـە شـێوازەکەی ئێسـتایەوە بـە تەنـێ بـە گۆڵـدا مائیـر بـەردەوام بێـت کـە بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکان سەرپەرشـتکاری ڕاسـتەوخۆی سـەرۆکی مۆسـاد بـوو. زامیـر ڕێـزی لـە بۆچوونەکـەی بارلیـڤ گـرت و ڕاپۆرتەکانـی دواتـری بـۆ دایـان و سـەرۆک ئـەرکان نەنـارد، بـەڵام کاتێـک گۆڵـدا مائیـر ڕاپۆرتەکانـی وەرگـرت، یەکسـەر بانگـی دایانـی کـرد،

بـە مەبەسـتی وەرگرتنـی بۆچوونـی لـە بـارەی ئـەوەی زیڤـکا ناردوویەتـی. چەنـد خولەکێـک دواتـر، دایـان بە تووڕەییـەوە بـە دوای زامیری نـارد و داوای ڕوونکردنـەوەی هـۆکاری نەناردنـی ڕاپۆرتەکـەی لێکـرد کـە بۆچـی دانـەی خـۆی لـە ڕاپۆرتەکـە وەر نەگرتـووە، زامیـر هەوڵیـدا بـۆی ڕوون بکاتـەوە کـە بارلیـڤ بـە داناتـری زانیـووە دانـە نەنێردرێـت، نەبـادا شـیکاری هەواڵگـری هەڵـەی بـۆ بکرێـت. دایـان قسـەکەی پـێ بـڕی و داوای کـرد، هـەر ئێسـتا بـۆی بنێرێـت و بـە زاراوەی عیـبری «ئامـان» کـە بـۆ هەواڵگـری سـەربازی بـەکار دەهـات، بـە سـادەیی گوتـی: « ئامـان سـکمان بۆمـی بنێـرە. ئیـدی بەمـە هەوڵـی سـنووردارکردنی دابەشـکردنی مـادە هەواڵگرییـە خاوەکانـی مـەروان و تـەواوی پێداویسـتییە پیشـەییەکان بـە خێرایـی بـە کۆتاهاتـن[٣٠].

# پاژی شەشەم

## نێردەی سادات بۆ کاروباری تایبەت

بڕیاری سادات بە دامەزراندنی مەروان وەک نوێنەی کەسی خۆی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە دیاریکراو و گرنگەکان، بەتایبەتی سەرپەرشتی کردنی پەیوەندییەکانی لیبیا و عەرەبستانی سعوودیا لەگەڵ بەرنامە گشتگیرەکەی سادات، بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وڵات تەواو گونجاو بوو. هەرچەندە گشت ئامرازە تەقلیدییەکانی حوکمڕانی، وەک سوپا، وەزارەتی دەرەوە و ئاژانسەکانی هەواڵگری، بەڵام لە داڕشتنی سیاسەتەکانیدا بە دەگمەن پشتی پێ دەبەستن. سادات لە دەورکردنەوەی پێپەڕی سیاسی و کۆبوونەوەی دورودرێژ، بە ئامانجی یەکلاکردنەوەی کێشمەکێشی نێوان وەزارەتە ڕکەبەرەکانی دژی گەمەیان دەکرد، کەسێکی ئارام گرتوو نەبوو. هەروەها زۆربەی هەرە زۆری بڕیارە گرنگەکانی لەو کاتە دەدا کە بۆ ماوەیەک دەچووە خەڵوەت و خۆی لە ڕاوێژکار و ڕاپۆرتەکان دادەبڕی و بە تەنیا دادەنیشت و وەڵامەکانی دەست دەکەوت. ئەنجام، لەبری ئەوەی هەنگاوی دیراسەتکراو بنێ و بە هێڵی دروست بڕوات، جووڵەی بوێری بەلاوە پەسندتر بوو کە زۆرجار مەترسی لێدەکەوتەوە. هەر ئەوە میتۆدەکەی بوو، کاتێک لە شوباتی ١٩٧١، دەستپێشخەری کشانەوەی نیمچەیی بۆ ئیسرائیل لە کەناڵی سوێس کرد. لە کاتێکدا ناحەزەکانی کەلەپچەیان کردبوو، لەبری ئەوەی هەوڵ بدات، پاش سێ مانگ لەگەڵیاندا ڕێک

بکەوێـت، یـان کـە شـەڕی ئۆکتۆبـەری ١٩٧٣ی کـرد دژ بـە دوژمنێـک کە زۆر لـەوی باڵادەسـتتر بـوو، یاخـود لـە نۆڤێمبـەری ١٩٧٧ چـووە جۆرسـەلیم و لـە کنێسـت وتارێکـی پێشـکەش کـرد، بەرلـەوەی لەگـەڵ ئیسرائیـل و ویلایەتـە یەکرتـووەکان بگاتـە لێکتێگەیشـتنێکی دیـار، سـەبارەت بـە گفتوگـۆی ئاشـتی کـە لەسـەروبەندی دەسـت پێکردنـدا بـوو. هـەر یەکێـک لـەو بڕیارانـە، لەوانـە بـوو کۆتایـی بـە ژیانـی سیاسـی بهێنێـت، بـەڵام سـادات بـە لانـی کـەم تـا سـاڵی ١٩٨٢، تەنیـا خـاوەن هەسـتێکی سیاسـی نایـاب نەبـوو، بەڵکـوو خـاوەن بەختیـش بـوو.

حـەزی سـادات بـۆ دەربازبـوون لـە بیرۆکراسـی، تـا کارکـردن لەگەڵیـدا، وایکردبـوو لـە یەکلاکردنـەوەی توانـای کارەکانییـەوە، زیاتـر پشـت بـە یارمەتیـدەرە هـەرە دڵسـۆزەکانی ببەسـتێت. لـەم سـۆنگەیەوە، وەک دەستکێشـی گونجـاوی سـادات وابـوو، چونکـە ئـەو لـە یەکێـک لـە پلەبەندییـەکان و دڵسـۆزی دیکەشـی نەبـوو. سـادات لـەو بـاوەڕەدا بـوو مـەروان هـەر بـە ڕاسـتی لەگەڵیـدا دەمێنێتـەوە، نـەک لەبەرئـەوەی سـەرۆکی دەوڵـەت بـوو، بەڵکـوو لەبەرئـەوەی ئـەو پیـاوە بـوو کـە بـەرزی کردبـووەوە. لـە بەرانبـەردا مـەروان لەگـەڵ خۆیـدا کۆمەڵێـک حـەز، زیرەکایەتـی، لێهاتوویـی لـە تـۆڕەکان و زارشـیرینی هێنابـوو، لـە سـەرووی هەمـوو ئـەو خواروخێچـەی دەورەیـدا بـوو، یەکێـک لـە ئەندامانـی خێزانـی ناسریـش بـوو.

لـە ڕوانگـەی مـەروان، حـەزەکان، گەنجایەتیەکـەی و نەبوونـی بنکـەی دەسـەڵات لـە دامەزراوەکانـی مـسردا، لەپـاڵ ویسـتی پـارە و حـەزی تەڵەکەبـازی، ژیانـی ببـووە درامایەکـی بـەردەوام. لـەم دەیـەی نێـوان بـە دیارکەوتنـی لـە سـاڵی ١٩٧١ و کەوتنـە سیاسـییەکەی و جێهێشـتنی مـسر لـە سـاڵی ١٩٨١، ژمارەیـەک پۆسـتی بـاڵای بەڕێوەبـرد کە بـە هۆیـەوە ژمارەیەک

دوژمنـی بـۆ پەیـدا بـوو، هەروەهـا لـە کۆمەڵێـک کاری ئابڕووبـەر گلابـوو، لەسـەر گەندەڵییـە جۆراوجۆرەکانـەوە چەنـدان تۆمەتـی گشـتی ئاڕاسـتە کرابـوو، بـەڵام هیـچ کاریگەریـان نەبـوو، هەروەهـا خۆشـی لـە ژیانـی تایبەتـی خێزانـی سـادات هەڵدەقورتانـد، لەبەرانبـەردا سـامانێکی قەبەشـی بـۆ خـۆی بەسـەریەکەوە نـا، بـە قسـەی ڕەخنەگرانـی، ساڵی ١٩٨١ خـۆی لـە ٤٠٠ ملیـۆن دۆلار داوە.

ئـەوەی وایکـرد مـەروان، لـە لایـەک پەیوەندییەکـی بەرهەمـدار لەگـەڵ سـەرۆکی مـسری و لـە لایەکـی دیکـەوە لەگـەڵ پادشـاکانی سـعوودیا و شۆڕشـگێڕانی لیبیـا چـێ بـکات، بەرهەمـی دۆسـتایەتی نێـوان ئـەو و دوو کـەس، بەتایبەتـی کەمـال ئەدهـەم و عەبدولسـەلام جەلـود بـوو.

کەمـال ئەدەهـەم سـاڵی ١٩٢٩ لـە باوکێکـی ئەلبانـی و دایکێکـی تـورک هاتبـووە دنیـا و بـە لقێـک بـە بنەماڵـەی پادشـای سـعوودیا بەسـترابووەوە. تەمەنـی یـەک سـاڵ بـوو کـە خێزانەکـەی چووەتـە عەرەبسـتانی سـعوودیا، دواتـر عەفتـی زڕ خوشـکی شـووی بـە ئەمیـر فەیسـەڵی جێنشـێن کـردووە کـە ئـەوکات پیـاوە بەهێزەکـەی ڕژێـم بـوو، دواتـر لـە کۆمپانیـای کۆنسـۆرتیۆمی ژاپۆنـی بەنـاوی کۆمپانیـای نەوتـی عەرەبـی کەمـال بـووە گفتوگـۆکاری مافـی دەرهێنانـی نـەوت لـە ناوچـەی بێلایەنی نێوان سـعوودیا و کوێـت، ئەدهـەم کـە جـێ متمانـەی فەیسـەڵ بـوو، ڕێـژەی سـەدا دووی لـە فرۆشـتنی هـەر بەرمیلـە نەوتێـک هەبـوو کـە کۆمپانیاکـە بەرهەمـی دەهێنـا. عەبـدوڵا ئەلتەریقـی کـە ئـەوکات وەزیـری نەوتـی عەرەبسـتانی سـعوودیا بـوو، ناڕەزایەتـی خـۆی بـە فەیسـەڵ ڕاگەیانـد، لـە بەرانبـەردا فەیسـەڵ ئەلتاریقـی لـە وەزارەت دەرکـرد، ئیـدی هـەر زوو ئەدهـەم بـوو بـە کەسـێکی بلیۆنێـر و لـە بازنـەی کارسـازانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـە مسـتەر تـوو پێرسـنت (دوو لـە سـەد) نـاسرا.

ســاڵی ١٩٦٤، دوای مردنــی شــا ســعود، ئەمیــر فەیســەڵ جێگەکــەی گرتــەوە، ئەدهــەم بــە فەرمــی بــە ڕاوێــژکاری شــای نــوێ دامــەزرا. لــە نێــو ئەرکەکانــی دیکەیــدا، ئەدهــەم دەزگای موخابەراتــی ئەلئومــە، ئاژانســی ناوەنــدی هەواڵگــری شانشــینی دامەزرانــد و بــۆ چەندیــن ســاڵیش هــەر خــۆی ســەرکردایەتی کــرد. بڕیــاری دامەزراندنــی ئــەو ئاژانســە لەبــەر پێویســتی دۆزینــەوەی چارەســەرێکی کارای دزەکردنەکانــی تەوژمــی نــاسری بــوو لــە نیمچــە دورگــەی عەرەبــی کــە بەهــۆی شــەڕی ناوخــۆی یەمــەن خراپــتر بــوو، چونکــە مــسر هەڵوێســتی لــە ســعوودیا وەرگرتبــوو. هەروەهــا بەرپرســیارەتییەکی دیکەشــی دەرخســتنی وێنــەی ســعوودیا بــوو لــە سەرانســەری جیهانــدا، بــە تایبەتــی لــە ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکا، دیــارە بەدیهاتنــی ئەمــەش بــە بەرتیلــدان بــوو.

لــە نێــو کارەکانــی دیکــەدا، شــێوازی ســعوودیا، لــە وەســتاندنی تەوژمــی نــاسری، بەمانــای بونیادنانــی پەیوەنــدی بــوو، لەگــەڵ ئەندامانــی بازنــەی نــاوەوەی نــاسر. بــە لای ئەدهەمــەوە بــە واتــای دانانــی پەیوەنــدی لەگــەڵ جیهــان ســادات دەهــات، هاوژینــی ئــەو پیــاوەی ئــەوکات ســەرۆکی ئەنجوومەنــی نیشــتمانی مــسر بــوو. بــە قســەی بــۆد ودرۆودی ڕۆژنامەنــووس، هــەر لــە ســاڵی ١٩٧٠ەوە ســادات مووچەیەکــی ڕێکوپێکــی لــە ســعوودیا وەردەگــرت، واتــە پــڕۆژە جۆراوجۆرەکانــی کــە لــە نێــوان جیهــان و کەمــال دروســت ببــوون، جۆرێــک لــە پەردەپۆشــکردن بــوو، بــۆ بەرتیلدانــەکان. ئەگــەر پەیوەنــدی نزیکــی کەمــال لەگــەڵ CIA بــە هەنــد وەربگریــن، دەردەکەوێــت ئەمریکییــەکان ئاگایــان لــە پەیوەندییەکــە هەبــووە، بــەڵام وەســتانیان لــە پشــت هەنــدێ لــە بەرتیلدانــەکان، هــەر بــە ناڕوونــی ماوەتــەوە.

پەیوەنــدی نێــوان ئەدهــەم و جیهــان، بەتایبەتــی دوای مردنــی

ناسر، گرنگتر بوو، هەروەها پەیوەندی نێوان سعوودیا و مسر، دوای شەڕی شەش ڕۆژە و کشانەوەی مسر لە یەمەن و کۆمەکە ئابوورییە قەبەکانی سعوودیا بۆ مسر، وەک قەرەبووکردنەوەی زیانە داراییەکانی لە کەناڵی سوێس و چاڵە نەوتییەکانی سینا، بواری گەشتیاریی چاکبوویەوە. کاتێکیش ئەنوەر سادات دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت، ئەو پەیوەندییانە بەهێزتر بوون. شا فەیسەڵ، کەمال ئەدهەمی بە هەماهەنگاری کەسی خۆی لە لای سەرۆکی نوێی مسر هەڵبژارد، بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەگەڵ سادات لەسەر لێکتێگەیشتنە نوێکانی نێوان هەردوو وڵات، ئەدهەم بە نهێنی سەردانی قاهیرەی کرد و نیگەرانی سعوودیای لە کاریگەری سۆڤیەت لە ناوچەکە دەربڕی و جەختی لەوە کردەوە بوونی سۆڤیەت لە مسر، ئەمریکییەکان ناچار دەکات پشتیوانی زیاتر لە ئیسرائیل بکات، لەوەی دەیانخواست. سادات وەڵامی دایە کە پێویستی بەوەیە یەکەکانی سۆڤیەت لەسەر خاکی مسر بن، مادامەکی مەترسی شەڕ لە ئارادا بێت، لەگەڵ ئەوەشدا دووپاتی کردەوە، ئەگەر ئەمریکییەکان بۆ چارەسەر کردنی کێشەی سینا،گوشار لە ئیسرائیل بکەن، تەنانەت ئەگەر ڕێککەوتنێکی پارچەیش بێت، بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە سۆڤیەتییەکان دەنێرێتەوە ماڵەوە. ئەم وشانە ڕێگەی واشنتۆنیان گرتەبەر و لە لایەن سێناتۆر هێنری «سکۆپ» جاکسۆن کە ناحەزی یەکێتی سۆڤیەت بوو، گەیشتە ڕاگەیاندن. بەو دزەپێکردنە کرملین شەرمەزار بوو، هەروەها بۆ چاککردنی پەیوەندی نێوان مۆسکۆ و سادات کەمە شتێکی کرد، بەڵام ئەو دیالۆگەی کە لە نێوان سادات و ئەدهەم دەستی پێکردبوو، بووە کەناڵی ناوەندی پەیوەندیکردنی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و مسر کە پێشتر بەهۆی شەڕی شەش ڕۆژەوە پەیوەندی دیپلۆماسی نێوانیان پچڕابوو. ئەدهەم لە ڕێگەی ئەم کەناڵەوە نامەکانی نێوان هەردوولای ئاڵوگۆڕ دەکرد، بە

گرەنتییەکانی هێنری کیسنجەری ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی، ئەگەر مسر کۆتایی بە هاوپەیمانی ستراتیژی خۆی لەگەڵ سۆڤیەت بهێنێت، ویلایەتە یەکگرتووەکان لە گێڕانەوەی سینا یارمەتی دەدات[1].

پەیوەندی توندوتۆڵی نێوان ئەدهەم و سادات لە ساتە هەرە تاریکەکانی پەیوەندی نێوان مسر و ئەمریکادا بەرهەمدار بوو. بە قسەی محەمەد حەسەنێن هەیکەل، کاتێک سادات هاتە دەسەڵات، ئاژانسی هەواڵگری ئەنجامدانی کردەوەیەکی نهێنی بە ناوی دکتۆر پاساری (دکتۆر عسفور) پێ ڕاگەیاند کە لە مسر لە دە کەس زیاتر بەو کردەیان نەدەزانی کە لە ساڵی ١٩٦٧ و سەرەتای ١٩٦٨ هاتە ئەنجامدان، ئەویش دانانەوەی ئامیرێکی گوهداری بوو لە بەشی بەرژەوەندی ئەمریکا لە باڵیۆزخانەی ئیسپانیا لە قاهیرە، دوای ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان پچڕابوون. کردەوەکە لە لایەن خودی ناسر ڕەزامەندی لەسەر درابوو، بە شێوەیەکی ڕێکوپێکیش ڕاپۆرتە چاودێرییەکانی پێ دەگەیشت. دوای ئەوەی سادات دەسەڵاتی گرتە دەست، بە ئەدهەمی گوتبوو هەیکەل بە خۆی گفتوگۆکانی لە سادات بیستبوو و خۆشی کاریگەری لەسەر بەرنامەکە هەبوو، بەڵام کە گوێی لێبوو. سەرۆکی نوێ لەبارەی کردەوە هەرە نهێنییەکە قسە بۆ پیاوێک دەکات کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ CIA-ەوە هەیە، شۆک بوو. پاڵنەرەکانی سادات هەر چییەک بوو بن، ئەنجامی گفتوگۆکەی لەگەڵ سادات خێرا بوو: هەم کردەوەکە وەستێندرا، هەم ئامێرەکان کوژێندرانەوە[2].

ئەشرەف مەروان و کەمال ئەدهەم، تەنانەت بەر لەوەی سادات مەروان بکات بە سەرپەرشتکاری پەیوەندییەکان لەگەڵ سعوودیا، دوو کەسی نزیکی یەکدی بوون. ناسینەکەشیان بەهۆی هاوڕێی هاوبەشی، وەک جیهان سادات و شێخ عەبدوڵا ئەلسوباح و سوعادی

هاوژینیەوە بوو، بە پێی سەرچاوەیەک ساڵی ١٩٧١، ئەدهەم گوشاری لە سادات کرد کە مەروان لە جێی سامی شەرەف دانێت، بەڵام سادات هەرزوو ناچار بوو سنورێک بۆ ڕۆڵی مەروان دابنێت، بەڵام بە پراکتیک لەگەڵ سعوودیەکان بە گشتی و شا فەیسەڵ بەتایبەتی، بەرپرسی پەیوەندییەکان بوو. هەروەها پەیوەندییەکانی نێوان مەروان و ئەدهەمی کرد بە کەناڵی پەیوەندیکردنی نێوان هەردوو دەوڵەت، لەبری پەیوەندییە تەقلیدییە دیپلۆماسی و باڵیۆزخانەکانەوە، لەوەدا سەرکردەکانی ئەو دوو دەوڵەتە هەرچ قازانجێکیان کردبێت، مەروان و ئەدهەمیش بە خێرایی فێربوون کە چۆن بۆ بەرژەوەندی خۆیانی بیقۆزنەوە.

لە کولتووری سیاسی و بزنسی ئەوکاتەی سعوودیادا، چەمکی ململانێی بەرژەوەندییەکان ناسراو نەبوو. بە پێچەوانەوە، سوودوەرگرتن لە پێگەکەت بۆ زیادکردنی موڵک و ماڵ، کارێکی قبوڵکراوبوو، تەنانەت مایەی سەرسامی و نۆرمیش بوو. ئەم نۆرمەش لەگەڵ کەسایەتی مەروان و کەمال ئەدهەمیش گونجاو بوو کە بە پیاوی ڕێژە دوو لە سەدییە بەناوبانگەکەیی و مامەڵەکانی دیکەی لە بواری پەرەپێدانی نەوت، فرۆکە (بەتایبەتی مامەڵەکانی لەگەڵ بۆینگ) و چەک، هاوبەشێکی تەواو گونجاوی مامەڵە گومانەوانییەکانی مەروان بوو کە دوای بە دەستەوەگرتنی دەسەڵات لە حکومەتەکەی ساداتدا، ئەنجامی دابوون.

یەکەم سەرکێشی هاوبەشیان لە بواری زەویوزار بوو، کاتێک مەروان بەناوی مونای هاوژینی ٢٣ هێکتار زەویی لە ناوچەی کەرداسای نزیک ئەهرامەکانی جیزە بە بەهای ١٥٠ هەزار جونەی مسر (٦٠ هەزار دۆلار) کڕی، دواتر پێگەکەی وەک ڕاوێژکاری سەرۆک بۆ بەرزکردنەوەی نرخەکەی بەکارهێنا و بەقازانجێکی زۆر فرۆشتییەوە. چەند مانگێک

دواتـر بـەو پارەیـە پارچـە زەوییەکـی دی کـڕی و لەویـش قازانجێکـی گـەورەی کـرد، بـەڵام ئەمجـارە کڕیارەکـەی ئەدهـەم کەمـال بـوو.

کاتێــک ناحەزەکانــی مــەروان بــەو مامەڵەیــان زانــی، لێــی هاتنــە دەنــگ و کاریــان بــۆ لــە هەڵدانــی کــرد، ڕۆژنامەنووســێک بەنــاوی جەلالەدیــن ئەلحوماســی، مەروانــی بــە ژمارەیــەک کاری گەندەڵــی تاوانبـار کـرد. ئەمـە چـۆن ڕوویـدا. ئەلحوماسـی دەپرسـێت، ئایـا دەکـرێ خێزانــی خزمەتــکاری خەڵــک، هەرچەنــد بــاڵاش بێــت، بــەو جــۆرە دەسـت بەسـەر ئـەو هەمـوو پارەیـەدا بگرێـت؟ نرخـی زەوی چـۆن بـەو مـاوە کورتـە وا بەرزبوویـەوە؟ سـادات جگـە لـە داواکـردن لـە داواکارییـە گشـتییەکەی بـۆ دەسـت کـردن بـە لێکۆڵینـەوە لـە یەکـەم مامەڵەیـەی زەویـوزار، هیـچ بژاردەیەکـی دیکـەی نەبـوو. مـەروان وەڵامـی دایـەوە کـە ئـەو پارانـەی لـە فرۆشـتنی ئـەو ئۆتۆمبیلانـە دەسـت کەوتـووە کـە هاوژینەکـەی وەک کچـی نـاسر، لـە حکومەتـی دیکـەی عەرەبییـەوە بـە دیـاری وەرگرتبـوو، هـەر ئەویـش زەوییەکـەی فرۆشـتووە، ئـەو بیانـووە قبوڵکـرا، یەکێـک لـە هۆکارەکانیـش، دڵسـۆزی بەردەوامـی خەڵـک بـوو بــۆ خێزانــی نــاسر، بەمشــێوەیە کەیســەکە داخــرا و کەســیش گوێــی بــە داواکاری ئەنجامدانــی لێکۆڵینــەوە لــە مامەڵــەی دووەم نــەدا. چەنــد ســاڵێک دواتــر، مــەروان دانــی بــەوەدا نــا کــە لەبــارەی ســەرچاوەی پارەکـە درۆی کـردووە، بـەڵام نکۆڵـی کـرد کـە پێگەکەکـەی بـە خـراپ بەکارهێنــا بێــت و گوتــی «مــن پارەکــەم لــە هاوڕێیەکــم وەرگــرت و پێکــەوە زەویەکەمــان فرۆشــتەوە، بەخــت یارمــان بــوو، بەمــاوەی دوو ســاڵ نرخەکــەی پێنــج قــات بەرزبوویــەوە»[٣]، جارێکــی دیکــە کــە لەبــارەی پارەکەیــەوە پرســیاری لێکــرا، گوتــی لــە ڕێگــەی مامەڵــەی زەویـوزار لـە دوبـەی دەسـتیکەوتووە، هـۆکاری سەرکەوتنەکەشـی بـەو

بانگەشــەیە دەدایــەوە کــە هیــچ پەیوەندییەکــی بــە لێهاتوویــی ئــەو نەبــووە، بەڵکــوو بەخــت یــاوەری بــووە[٤].

ڕەنگـە دادپەروەرانـە بێـت، گریمانـەی ئـەوە بکەیـن، ئـەو «هاوڕێیـەی» مـەروان پارەکـەی لـێ وەرگرتـووە، کەمـال ئەدهـەم بێـت، یـان بۆئـەوە بــووە، کاریگــەری سیاســی لەســەر ڕژێمەکــەی ســادات دابنێــت، یــان لەبــەر خاتــری هاوڕێیەتییــە ڕاســتگۆیەکەوە بــووە کــە هەمــوو شــتێکی بــۆ دەوڵەمەندبوونــی مــەروان کــردووە، بــە کڕینــی زەوی بــە نرخێکــی بەرزیشـەوە لـە دووەم مامەڵـەدا. ئەگەرێکـی دیکـەش هەیـە، ڕەنگـە ئـەو پارەیـەی جـاری یەکەمـی لـە کەمـال ئەدهەمـەوە وەر نەگرتبێـت، بەڵکـوو پــارەی مۆســاد بێــت، لــەم حاڵەتــەدا ڕۆڵــی ئەدهــەم تەنیــا یارمەتیدانــی مــەروان بــووە لەســەر وەبەرهێنــان لــە شــتێکی گەورەتــر.

پەیوەندییــە نزیکەکــەی مــەروان لەگــەڵ کەمــال ئەدهــەم، تەنیــا دەرفەتـی سـامان پەیداکردنـی بـۆ نەڕەخسـاند، بەڵکـوو کلیلـی چوونـە نـاو بازنەیەکـی نوێـی کۆمەڵایەتیشـی پـێ بەخشـی کـە لـە هەموویـان گرنگـتر، لەگــەڵ دەرچووانــی کۆلێــژی ڤیکتۆریــا لــە ئەســکەندەرییە بــوو کــە لــە جیهانــی عەرەبیــدا گرنگتریــن دامــەزراوەی خوێنــدی بــاڵای دەســتەبژێرانی ســکیولارەکان بــوو. هــەر لــەو ڕۆژەی ئــەو کۆلێــژە لــە ســاڵی ١٩٠٢-ەوە دامــەزراوە، زۆربــەی دەرچووەکانــی بــە ناوەندەکانــی دەســەڵات و ســەرکردایەتی گەیشــتوون، وەک دەرچووانــی قوتابخانــە دەســتەبژێرەکانی وڵاتانـی دیکـەی عەرەبـی کـە لـە مـاوەی خوێنـدن و دوای دەرچوونیشـیان دۆســتایەتی نێوانیــان بــە بەهێــزی دەمێنێتــەوە. ئەدهــەم یەکێــک لــە دەرچووانــی ئــەو کۆلێژانــە بــوو، بازنەکــە بریتیبــوو لــە مەلیــک حوســێنی پادشــای ئــوردن، زیــاد ئەلڕەفاعــی ســەرۆک وەزیرانــی ئــوردن، هــەردوو براکـە، عەدنـان و عیسـام خاشـوقچی، کوڕانـی پزیشـکە تایبەتییەکـەی شـای

سـعوودیا کـە دواتـر بوونـە هێـمای دارایـی جیهـان. ئەدهـەم، مەروانـی بـە هاوڕێکانـی ناسـاند و لاوەکـەی مسریـش توانـی سـوودی تـەواو لـەو پەیوەندییـە ببینێـت، بەتایبەتـی لـە بـواری کار سـوودی (لـە عەدنـان خاشـوقچی بینـی، لـە بـواری پتەوکردنـی پێگـە سیاسـییەکەی سـوودی لـە مەنسـور حەسـەن، وەزیـری ڕاگەیاندنـی مـسر بینـی کـە یەکێـک بـوو لـە پیـاوە بـە هێزەکانـی نووسـینگەی سـەرۆک و هاوڕێـی جیهـان سـادات بـوو). لـە کاتەکانـی دیکـەدا دەرچووانـی ڤیکتۆریـا تێدەکۆشـان پەیوەندییەکانیـان لەگـەڵ مـەروان بەهێـز بکـەن، تـا بـۆ ئەنجامدانـی پڕۆژەکانیـان لـە لای سـەرۆک کارئاسـانیان بـۆ بـکات. بـۆ نموونـە لـە دێسـەمبەری ١٩٧٨دا مەلیـک حوسـێن لـە لەنـدەن لەگـەڵ مـەروان کۆبوویـەوە و داوای لێکـرد نامەیەکـی نهێنـی بـۆ بگەیەنێتـە دەسـت سـادات و تێیـدا ویسـتی خـۆی بـۆ بەشـداریکردن لـە کۆنگـرەی ئاشـتی دەربڕیبـوو کـە لـە سـەروبەند بـوو لـە کامـپ دێڤیـد بـە بەشـداری موناحیـم بێگنـی سـەرۆک وەزیرانـی ئیسرائیـل و جیمـی کارتـەری سـەرۆکی ئەمریـکا ببەسـترێت، بـەڵام سـەرەڕای هەوڵەکانـی مەلیـک حوسـێن، تەنانـەت تەلەفۆنکردنـی بـۆ سـادات، بـە هاندانـی مـەروان، سـادات داواکـەی مەلیـک حوسـێنی ڕەتکـردەوە[٥].

دواتـر لیبیاییەکانیـش هەبـوون، هەرچەنـدە پرسـی لیبیـا بەهـۆی ڕەفتارە هەڵەشـە و بێسـەروبەر و بەپەلەکانـی سـەرکردە لاوەکـەی وڵات، کۆڵۆنێـڵ مەعەممـەر قەزافـی کـە لـە دێسـەمبەری سـاڵی ١٩٦٩ کودەتـای سـەربازی کردبـوو، پرسـێکی ئاڵـۆز بـوو. قەزافـی کەسـێکی نـاسری بـوو، بـەڵام نیـازی ئـەوەی هەبـوو لـە بـواری کۆمەڵایەتـی و ئابوورییـەوە وڵاتەکـەی ڕاسـتەڕێ بـکات، هـاوکات دووپاتـی لـە ئیسـلامەتی و دژایەتـی ئیمپریالیـزم و پشـتیوان کـردن لـە پرسـە عەرەبییـەکان دەکـردەوە، بـەڵام وەک بەشـێک لـە جیهانبینییەکـەی بـۆ یەکێتـی نێـوان لیبیـا و مـسر هەوڵـی زۆری دا، ئەمـەش

سەرئێشـەیەکی هەمیشـەیی سادات بـوو. بۆیـە سـادات پەیوەنـدی باشـی خـۆی لەگـەڵ لیبیـا بـە گرنـگ دەبینـی. لـە لایـەک بەهـۆی ئـەو سـەرمایە زەبەلاحـەی بەسـەر لیبیـا دا ڕژابـوو، دوای چاوخشـاندنەوە بـە گرێبەسـتە نەوتییەکانـی لەگـەڵ کۆمپانیـا سـەرەکییەکاندا، لـە لایەکـی دیکـەوە، بەهـۆی ئـەوەی کەناڵـی سـەرەکی بـوو کـە هێـزی ئاسـمانی مسـر بتوانێـت لـە ڕێگـەی ئـەوەوە، بـۆ پەلاماردانـی بنکـە ئاسـمانییەکانی ئیسرائیـل فڕۆکـەی جەنگـی دوور مـەودا بکرێـت.

هاوشـانە سـعوودیاکەی مـەروان بلیۆنێـر و شـارەزای دنیـای سـیخوڕی و جـێ متمانـەی مەلیـک بـوو، بـەڵام هاوشـانە لیبیاییەکـەی مـەروان، ڕائـد عەبدولسـەلام جەلـود، کەسـێکی سـەمەرە و دەسـتە ڕاسـتی قەزافـی بـوو، هەروەهـا لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٧٢ سـەرۆک وەزیرانـی لیبیـا بـوو، لـە قسـان سـەرەتای چلـەکان لـە دایکبـووە و سـەر بـە هۆزێکـی دامـاوی نـەدار بـووە. لەوەشـدا وەک قەزافـی بـووە کـە هەردووکیـان لـە ڕووی کۆمەڵایەتـی و ئابوورییـەوە هەژاربـوون، بـەڵام جەلـود بـە پێچەوانـەی هاوتەمەنـی هۆزەکـەی، چووەتـە زانکـۆ و نیـازی بـووە ببێتـە پزیشـک، کاتێك یەکەمجـار لـە زینـدان چـاوی بـە قەزافـی کەوتـووە کـە لـە سـەرینی خۆپیشـاندانەکانی سـاڵی ١٩٥٩ دەسـتگیراکرابوون، هـەر لـەوێ بڕیـار لـە گۆڕینـی ڕەوتـی ژیانـی دەدات و ڕوو لـە بـواری سـەربازی دەکات و نـاوی خـۆی لـە ئەکادیمیـای ئەفسـەران تۆمـار دەکات، لـە سـەردەمی ژیانـی سـەربازیدا جەلـود خـووی دابـووە ئەدەبـی شۆڕشـگێڕی کـە ئـەوکات بـاو بـوو، زۆرینەشـیان لـە شۆڕشـی مسـر و کوبـا بنەمـای گرتبـوو، بـەڵام بـە پێچەوانـەی قەزافـی، هەرچەنـدە لـە کەشـێکی قەبیلەیـی پـاک و پابەنـد هاتبـووە دنیـا، لـێ کەسـێکی  کراوەتـر بـوو، واتـە ئـەو تێکەڵاوییـە کراوەیـی و ناسیونالیسـتیە عەرەبییـە، وایکردبـوو لـە چـاو سـەرۆکەکەی زیاتـر بـۆ

«ژیانێکـی بـاش» ئامـادە بێـت[٦].

لەنـاو پێکهاتـەی کەسـایەتییە ڕەنگاوڕەنگەکانـی ژێـر سـەرکردایەتی ڕابـەری لاوی لیبـی، جەلـود لـە هەمـووان جیاوازتـر بـوو. یەکێـک لـە جۆرایەتییـە هـەرە دیارەکانـی، زۆر حـەزی بـە جۆرێـک لـە بـێ ڕێزێکـردن بـە نوێنەرانـی هێـزە بیانییـەکان بـوو. بـۆ نموونـە، ئـەو بەیانییـەی مەلیـک لەسـەر تەخـت هێنرایـە خـوارەوە، باڵیۆزخانەکانـی ویلایەتـە یەکگرتـووەکان، یەکێتـی سـۆڤیەت، شانشـینی یەکگرتـوو و فەڕەنسـا، بـە مەبەسـتی ئـاگادار بـوون لـە ڕووداوەکانـی شـەوی ڕابـردوو و تێگەیشـتن لـە ڕژێمـی نـوێ، نوێنـەری خۆیـان نـارد، بـەڵام هـەر یەکێکیـان لـە دەرەوەی باڵیۆزخانەکانیـان لــە چاوەڕوانــی هاتنــی جێبــی ســەربازی وەســتابوون و هــەر چواریــان خرانـە کوشـینی پشـتەوەی جێبەکـە، کەسـێکیش بـە جلوبەرگـی سـەربازی لـە تەنیشـت شـوفێرەکە دانیشـتبوو و خـۆی بـە عەریـف محەمـەد ناسـاند، نوێنـەرەکان بردرانـە بـارەگای ڕادیـۆی تەلەفزیـۆن، لـەوێ عەریـف محمـەد و فەرماندەکانـی دیکـە بارودۆخەکەیـان بـۆ بـاس کـردن، عەریفەکـە جگـە لـە جەلـود کەسـی دیکـە نەبـوو، هـەر خـۆی فەرمانـدەی ئـەو هێزانـە بـوو کـە شـەوی ڕابـردوو دەسـتیان بەسـەر تـەواوی دامودەزگاکانـی حکومـەت لـە تریپۆڵـی (تەرابلـوس) دا گرتبـوو.

عەبدولسـەلام جەلـود کەسـایەتی ناوەنـدی گفتوگۆکانـی نێـوان ڕژێمـی نـوێ و کۆمپانیـا نەوتییـە بیانییەکانـی، تایبـەت بـەو ڕێـژە سـەدییە بـوو کـە حکومەتـی نـوێ لەسـەر گشـت هەنـاردەکان وەری دەگرێت، ماوەی دە ساڵ بـوو هیـچ گۆڕانـی بەسـەردا نەهاتبـوو. درەنگانـی شـەو بـە دوای نوێنەرانـی کۆمپانیاکانــی نــارد و داواکاریــی و پێشــنیازەکانی خــۆی دانــە دەســت و ڕەوانـەی هوتێلـی کردنـەوە. دواتـر هـەرزوو پەیوەنـدی بـە هوتێڵـەکان کـرد و داوای وەڵامـی داواکارییەکانـی کـرد، هەندێجاریـش هەڕەشـەی خۆماڵـی

کردنی لەو کۆمپانیایە دەکرد، ئەگەر وەڵامی داواکارییەکەی نەدەنەوە. جارێکیان بە چەکەوە لەناو ژووری کۆنفرانس دەسوڕایەوە و دەیگوت، پێویستە هێزە ڕۆژئاواییەکان چەک بە لیبیا بفرۆشن. لە کۆتاییدا کۆمپانیا بیانییەکان بە داواکارییەکانی لیبیا ڕازیبوون[٧].

جەلود هیچ جیاکارییەکی لە نێوان کۆمپانیا بیانییەکان و دۆست و هاوپەیمانانی لیبیا نەدەکرد، لەبەرئەوەی پێیوابوو سامانی وڵاتەکەی حەپەلووش دەکەن. لە مانگی ئاداری ١٩٧٣ سەردانی مسری کرد، بە مەبەستی وتووێژ لەبارەی ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییەی بڕیاربوو لە نێوان هەردوو وڵاتدا بکرێت، لە کۆبوونەوەیەکدا کە هەریەک لە جەنەڕاڵ ئەحمەد ئیسماعیل عەلی وەزیری جەنگی مسر و ئەشرەف مەروان تێیدا بەشداربوون، لە ئەنجامی قسەکردن لەبارەی مەودای مووشەکی زەوی بە زەوی، مشتومڕێک لەنێوان گەنجەکەی لیبیا و وەزیرەکەی جەنگی مسر ڕوویدا کە پیاوێکی سەربازیی تەمەن پەنجاکان بوو. ئیسماعیل گوتی، مەوداکەی ٢٥ میل دەبێت، بەڵام جەلود گوتی، مەوداکەی تەنیا دوو میل و نیوە. بۆ کۆتایهاتن و چارەسەکردنی ئەو ناکۆکییە، لیستێکی فەرمی تایبەت بە خەسڵەتی ئەو مووشەکە بەردەست کرا، دەرچوو جەلود لەسەر هەقە، بەڵام کۆنترۆڵی لەدەستدا و بە ئیسماعیلی گوت، شتێکی بچووکی وەک خاڵی ژمارەی دەیی، دەکرێت کاریگەری گەورە دابنێت، بۆیە باشتر دەبێت، ئەگەر ئەفسەرەکان، لە نووسینی وردەکارییە بچووکەکان، زیاتر خۆیان ماندوو بکەن، بۆئەوەی سەرکردە سیاسییەکان بڕیاری باشتر بدەن. وەزیرەکەی مسر لەو سوکایەتیە زەقە توڕەبوو کە لە زاری کەسێکەوە هاتەدەر، پێش کەمتر لە چوار ساڵ، تەنیا ئەفسەرێکی بچووک بوو و گوتی: «کاتێک تۆ هێشتا منداڵ بووی، من سێ شەڕم کردووە» لە

وەڵامـدا جەلـود گوتـی: «هەموویـان شـەڕی دۆڕاو بـوون و هۆکارەکەشـی بـۆ ئـەو وردەکارییـە هەڵانـە دەگەڕێتـەوە کـە ئەفسـەرەکان دەیانخسـتە بـەردەم سـەرکردەکان». بەمـەش کۆبوونەوەکـە گـرژی تێکـەوت و جەلـود بـە تورەیـی و هەڵچوونـەوە لـە ژوورەکـە چـووە دەرەوە.

مـەروان بـە ئومێـدی ساردکردنەوەی بـە دوایـدا ڕایکـرد، بـەڵام جەلـود بـە مەبەسـتی داوای ڕێزگرتنـی، تاویدایـە نووسـینگەی سـادات و هەڵوێسـتی خـۆی بـۆی ڕوونکـردەوە، لـە بەرامبـەردا وەزیـری جەنـگ هێنـدەی دی تەقیـەوە و پەنجـەی بـۆ جەلـود درێـژ کـرد و نەڕانـدی «ئـەو منداڵـە نەخوێنـدەوارە، منـی لەبـەردەم ئەفسـەرەکانمدا شـەرمەزار کـرد». کاتێـک جەلـود ویسـتی باوەگـۆی بداتـەوە، ئیسـماعیل هەڕەشـەی کـرد و گوتـی: «ئەگـەر ئـەو منداڵـە دەمـی دانەخـات، بـە نووکـی بووتەکانـم تێیهەڵـدەدەم». دواتـر وەزیـری جەنـگ بـە توونـدی لـە دەرگاکـەی هەڵـدا و ڕۆیشـتە دەرەوە و گەڕایـەوە ماڵەکـەی و بـۆ مـاوەی سـێ ڕۆژان نەهاتـە سـەر کار، جەلودیـش ئاگـری دەکـردەوە و یەکسـەر گەڕایـەوە لیبیـا، بەمـەش وتوێژەکـە بـە بنبەسـت گەیشـت. مـەروان بۆئـەوەی وتوێژەکـە بگەڕێنێتـەوە سـەر سـکە و ڕاسـتەڕێی بکاتـەوە، گشـت فێڵـە دیپلۆماسـییەکانی وەگەڕخسـت، بۆیـە بـە دوای جەلـود سـەردانی تریپۆلی(تەرابلـوس) کـرد و بـە وەڵامێـک لـە قەزافییـەوە کـە لیبیاییـەکان داوای دەرکردنـی ئیسـماعیل دەکـەن، گەڕایـەوە لای سـادات. ئەمـەش دوا شـت بـوو کـە سـادات حـەزی بـە بیسـتنی نەبـوو، چونکـە ئامادەکارییەکانـی شـەڕ لەگـەڵ ئیسرائیـل بـە جوانـی بەڕێوەدەچـوون. دواجـار ئیسـماعیل لـە پۆسـتەکەی مایـەوە، بـەڵام مـسر داواکارییەکـی جەلـودی قبـوڵ کـرد کـە بـێ بەشـداری وەزیـری جەنگ، کەناڵێکـی دیپلۆماسـی دابمەزرێندرێـت. جەلـود بەمانـەوەی ئیسـماعیل ڕازی نەبـوو، بۆیـە داوای لـە پارێـزەرە لیبیاییـەکان کـرد، دۆسـیەک لـە دژی ئیسـماعیل بجووڵێنـن، تەنانـەت دوای شـەڕی یـۆم کیپووریـش نەیکێشـنەوە.

دوای ئەمــە ئیســماعیل هەرگیــز ســەردانی لیبیــای نەکــرد، تــا لــە کۆتایــی ســاڵی ١٩٧٤ مــرد[٨].

بــە پێچەوانــەی کەمــال ئەدهــەم کــە تــەواو لــە مــەروان بــە تەمەنــتر بوو، جەلــود هاوتەمەنــی مــەروان بوو. ئــەم ڕاســتییە، لەپــاڵ پەیوەندییــە خێزانییە جیکارەکانــی مــەروان و توانــا ســحراوییەکەی، هــەرزوو پەیوەنــدی نێوانیــان لــە ڕەســمیاتەوە بــووە دۆســتایەتی. زۆرجــار بەهــۆی ئــەوەی قەزافــی تریپــۆلی کردبــووە بەندیخانــەی ڕێســاکانی ئایینــی ئیســلام، جەلــود نــاوە نــاوە خــۆی دەدزیــەوە و ڕووی لــە دەرەوەی دەکــرد، زۆرجاریــش دەچــووە قاهیــرە کــە خــۆی و ئەفســەرانی دیکــەی لیبــی شــەویان بــە خواردنــەوە و تەیکردنــی شــار لەگــەڵ مــەروان بەســەردەبرد، جاروباریــش لــە ڕۆمــا و لەنــدەن چــاوی بــە مــەروان دەکــەوت. لــە یەکێــک لــە جــارەکان، لــە لەنــدەن مــەروان پەیوەنــدی بــە سەرپەرشــتکارە مۆســادەکەیەوە کــرد و داوای کــرد لەســەر شــەرەفی هاوڕێیەکــی کــە بەرپرســێکی بــاڵای لیبیایــە، شــەوێکی ڕازاوەی بــۆ ڕێــک بخــەن. دوبــی لەبــارەی شــەوانەی خۆشــی لەنــدەن، کــەم ئەزمــوون بــوو، بۆیــە داوای یارمەتــی لــە هاوڕێکانــی وێســتگەی مۆســاد لــە لەنــدەن کــرد، ئەوانیــش بــەکاری پێویســت هەڵســان و تــەواوی پێداویســتییەکانی ئــەو شــەوەیان بــۆ جەلــود ئامــادە کــرد، بــەڵام پــارەی خەرجییەکانــی ئــەو شــەوەی جەلــود هەمــووی لەســەر حســابی باجدەرانــی ئیسرائیلییــەوە بــوو.

ناحەزانــی مــەروان، بــۆ گەیاندنــی ئــەو سەرکێشــیانەی مــەروان بــە ڕای گشــتی، ئــەوەی پێیانکرابــا، بــێ ســلەمینەوە دەیانکــرد. جارێکیــان لــە ئاهەنگێکــدا کــە لــە خانوویەکــی تایبــەت لــە گەڕەکێکــی کەشخەی قاهیــرە بــوو، کەســانێک مــەروان و جەلــود و هــاوڕێ شۆڕشــگێڕییە لیبیاییەکانیــان لەنــاو ئەپارتمانتێــک بەنــد کــرد، کاتێــک بــۆ بەهانەوەچــوون و دەرهێنیــان دەســتیان بــە هــاوار هــاوار کــرد، گاڵتەچییــەکان بــە مەبەســتی تۆمارکردنــی

سـكاڵا لەسـەر ئـەو هـاوار هـاوارە، پەیوەندیـان بـە پۆلیسـەوە كـرد و هـەرزوو ئەفسـەران گەیشـتنە شـوێنەكە، بێگومـان هەواڵـی ئـەو ڕووداوە گەیشـتە دەسـت سـادات، هەرچەنـدە دەبـووە هـۆی ئـەوەی لـە قاهیـرە بـە چاوێكـی خـراپ سـەیری مـەروان بكـەن، بـەڵام مـسر نەیدەتوانـی دەسـتبەرداری خزمەتگوزارییەكانـی بێـت، بۆیـە سـادات ڕووداوەكـەی بـەلاوە نـا.

دۆسـتایەتی نێـوان مـەروان و جەلـود، تـەوەری پەیوەنـدی نێـوان مـسرو لیبیـا بـوو، گرنگتریـن بەرهەمەكانـی، ئـەو دەستپێشـخەرییە گرنگـە هاوبەشـەی تایبـەت بـە كڕینـی ١١٠ فڕۆكـەی میـراژی فەڕەنسـی بـوو[٩] كـە بەهاكـەی لەسـەرووی ٢٠٠ ملیـۆن دۆلار بـوو، بـۆ تەواوكردنـی ئـەو مامەڵەیـە، مـەروان زۆر گەشـتی دەرەوەی كـرد، نـەك تەنیـا بـۆ تریپۆڵـی، بەڵكـوو گەشـتی فەڕەنساشـی كـرد كـە خـۆی دەبـوو لیبیاییـەكان بـەو كارە هەڵسـن، سـادات لـە چەنـد بۆنەیەكـدا گوتـی، ئەشرەف مـەروان بەسـەر ئەو كۆسـپانە زاڵبـوو كـە حكومەتـی فەڕەنسـا و كۆمپانیـای دروسـتكار، كۆمپانیای مارسـیل داسـۆ لـە ڕۆژە سـەختەكانی پێـش شـەڕی ئۆكتۆبـەری سـاڵی ١٩٧٣، بـۆ مامەڵەكەیـان دروسـت دەكـرد. وەک هەمیشـە دەسـتكەوتەكانی مـەروان، تەنیـا بـۆ خزمەتـی وڵاتەكـە نەبـوو. ئەوەتـە چەنـد سـەرچاوەیەكی مـسری گوتیـان لەبەرانبـەر ئـەو مامەڵەیـەدا، مـەروان پشـكێكی گـەورەی بەركەوتـووە[١٠]، بـە پێـی ڕۆژنامـەی شـەعب، مـەروان لـەو مامەڵەیـە ١٠ ملیـۆن دۆلاری گەیشـتووتێ[١١]، ئەگـەر مـەروان لـەو مامەڵەیـە قازانجـی دەسـتكەوتبێت، یـان نـا، بـەڵام ئـەوە ڕوونـە ئیسرائیلییـەكان، هـەرزوو لەبـارەی مامەڵەكـە بـە هەمـوو شـتێكیان زانـی.

بەهـرەی مـەروان لـە كۆنـترۆڵ هێشـتنەوەی لیبیا بـوو، لەپـاڵ پەیوەندییە جێگیرییەكـەی لەگـەڵ سـعوودیایەكاندا، وایـان كردبـوو ببێتـە یاریزانـی

سەرەکی جیهانی سادات، هەروەها بۆ دابینکردنی پشتیوانی بەردەوامی سادات، قازانجێکی گەورەی لەو دۆستایەتییە بینی کە لەگەڵ هەندێ لە نزیکەکانی سادات پەرەی پێدابوو، لە نێویاندا جیهانی هاوژینی سادات یەکەمین بوو.

هەر لە سەرەتاوە، زۆرێک لەوانەی لە نووسینگەی سادات بوون، جۆرە ڕقێکیان لە پلە بەرزبوونەوە نەیزەکییەکەی مەروان هەڵگرتبوو. پشتیوانیکردنی لە شۆڕشی ڕاستکردنەوەی مانگی ئایاری ١٩٧١ی سادات کە لە ئەنجامدا دەستگیرکردنی زۆرێک لە هاوڕێ نزیکەکانی ناسری لێکەوتەوە، بەتایبەتی لە لایەن تەحیەی هاوژینی ناسر و هودا و هاوسەرەکەی و کوڕەکانی ناسر بە کەسێکی ناپاک سەیر دەکرا، بەڵام مەروان ئەو دژایەتییەی بۆ قازانجی خۆی هەڵگێڕایەوە و لە لای سادات کڕووزایەوە کە خۆی و مونای هاوژینی باجێکی گەورەی ئەو پشتیوانیکردنەیان داوە، ئەمەشی بۆ قایمکردنی پۆستەکەی و داپۆشینی گەندەڵییەکانی بەکارهێنا[١٢].

پاڵنەرێکی دیکەی دژایەتیکردنی مەروان، ئێرەیی پێ بردن بوو، ئاخر مەروان: کەسێکی جوان و لووتبەرز و ڕاشکاو بوو، هەرچەندە بێ هیچ ئەزموونێکی پێشینە، یان دەسکەوتێکی ڕوون، لەگەڵ ئەوەشدا لە ژیانی مسردا گەیشتە باڵاترین پلە. هەروەها نزیکبوونی لە سەرۆک کە هەمیشە لە پشتیەوە دەوەستا، هاوکات نزیکبوونی لە هاوژینی سەرۆک کە لەچاو هاوژینی سەرۆکی پێشوو، زیاتر دەستی لەکاروباری وڵات وەردەدا، گڕی لە هەستی ناحەزانی خۆی بەردابوو و دژ بە ڕەفتارە خراپەکانی پڕۆپاگەندەکانیان دەڕسکاند. جارێک مەروان بەو شێوەیە باسی لە دوژمنارییەکانی دژ بە خۆی کرد: سەدا حەفتای مسرییەکان ڕقیان لێمە، سەدا دەیان بەهۆی ئەو خزمایەتیەوەمە کە لەگەڵ

خێزانـی عەبدولنـاسر هەمـە، بـەڵام سـەدا شەسـتەکەی دیکـە بەهـۆی تەمەنەکەمەوەیـە، چونکـە بەپێـی قانـوون، ناکرێـت کەسـێک تەمەنـی نەگەیشـتبێتە سـی و پێنـج سـاڵ بـە وەزیـر لـە حکومـەت دابمەزرێـت... مـن هـەر لـە بیسـتەکانی تەمەنمـدا، دەسـەڵاتی چاودێریکردنـی گشـت وەزیرەکانـم هەیـە، ئەمـەش مایـەی قەبـوڵ نەبـوو [13]. لەم باسـەدا، تەنانەت ئەگـەر زێدەڕۆیـی لـە پێگـە خۆشـیدا کردبێـت و لـە بەرپرسـیاریەتی ئـەو دوژمنداریانەشـی کەمکردبێتـەوە، بـەڵام جـۆرە ڕاسـتییەکیش لـەو وشـانەیدا هەبـوون.

دواجـاردا هـەر هەڵسـوکەوتەکانی مـەروان بـوون، نـەک شـتی دی گرِیان لـە هێرشـە بەهێزەکانـی دژی بەردابـوو، لەبەرئـەوەی کەسـێکی گەنـدەڵ بـوو. یەکێـک لەوانـەش ئـەو سـەودایەی سـاڵی ١٩٧١ی تایبـەت بـە کرِینـی ئۆتۆمبیلـی مارسـیدیس بـوو بـۆ کۆشـکی کۆمـاری. کاتێـک هەواڵگـری مسری لـە لێکۆڵینەوەکانیـدا دەسـتی بـە وردەکاری ڕێککەوتـن و بەڵگەنامەکانـی لایەنـی هەنـاردە گەیشـت، بـۆی دەرکـەوت ئـەو واژووانـەی بەنـاوی ئـەشرەف لەسـەر چەکـەکان کـراوە، یـەک ملیـۆن دۆلارە، بـەر مەبنـای ئـەو لێکۆڵینەوەیـە، جەنـەڕاڵ ئەحمـەد ئیسـماعیل سـەرۆکی هەواڵگـری، ساداتی لـە وردەکارییـەکان ئـاگادار کـردەوە، بـەڵام سـەرۆک فەرمانـی داخسـتنی دا. ئەمـەش بێزارییەکـی تاقەتپڕوکێنـی لـە نێـو ئـەو ئەفسـەرانەی هەواڵگـری دروسـت کـرد کـە لـە لێکۆڵینەوەکـەدا بەشـدار بـوون، بۆیـە یەکێـک لـە ئەفسـەرەکان دزەی بـە وردەکارییـەکان کـرد و گەیاندییـە ڕۆژنامـەکان، ئەوانیـش بـە نـۆرەی خۆیـان داوای دووبـارە کردنـەوەی کەیسـەکەیان لـە سـادات کـرد. لـە کۆتاییـدا سـادات قایـل بـوو، لـە ئەنجامـدا لێپرسـینەوە لەگـەڵ مـەروان و باوکـی کـرا. هەرچەنـدە مـەروان هەوڵیـدا فەرمانبەرێکـی دیکـەی نووسـینگە تێوەبگلێنـێ، لـێ هەوڵەکـەی بێهـودە بـوو، بـەڵام بەهۆی

شکستی پشکنینەکان لە پێشکەشکردنی بەڵگەی ڕوونی تاوانەکە، هیچ ڕێوشوێنێک دژ بە مەروان نەگیرایە بەر[١٤].

ئەنجامدانی لێپرسینەوە لە مەروان و باوکی زۆر جێی سەرسوڕمان نەبوو، چونکە دوای ساڵانێک خزمەت لە ڕیزی سوپادا، مەروان باوکی هێنابوویە ناو جیهانی بزنس، تەنانەت لە ساڵانی حەفتاکان بە «بەڕێز سەدا پەنجا» ناسرابوو، بەهۆی ئەو قۆمیسۆنە قەبەیەی وەریدەگرت. جەلالەدین ئەلحومامسی، هەمان ئەو ڕۆژنامەنووسەی پەردەی لەسەر سەوداکانی زەویوزار لادا کە مەروان لەگەڵ کەمال ئەدهەم کردبووی، دیسان لێکۆڵینەوە لەبارەی باوکی مەروان کرایەوە، زەکەریا تۆفیق وەزیری بازرگانی مسر دووپاتی کردەوە کە گومان هەیە ئەبو وەفا مەروان بەرتیلی وەرگرتبێت و گوتی، گوشارێکی زۆری لەسەر هەیە کە خۆی خانەنشین بکات. هەروەها لێکۆڵینەوەکان ئەوەشیان ئاشکرا کرد کە گومانی زۆر لە سەر مەروان و باوکی هەیە، بەپێی ژمارەیەک سەرچاوەی جۆراوجۆر، مەروان بە حوکمی پۆستەکەی، خۆی تەگبیری بەرتیلەکانی بۆ باوکی کردووە، بەڵام وێڕای بەڵگەی تەواو، بە فەرمانێک لە «باڵاوە» تۆمەتەکانی لەسەر لابرا[١٥].

سکاندڵەکانی مەروان تەنیا لەسەر سەودا دارییەکانی قەتیس نەبوون، یەکێک لەو سکانداڵە گەورانەی کێبەڕکێی بوو لەگەڵ ئەحمەد ئەلمسیری کە ئەفسەرێکی پاسەوانی کۆمار بوو، هەروەها لە نووسینگەی سەرۆکیش بوو، بەڵام دیسان وردەکارییەکان کەموکوڕ بوون و بە پێی سەرچاوەکان چیرۆکەکانی لە سەری هەبوون، دژ بەیەک بوون، بەڵام ئەوەی هەموویان لەسەر کۆک و تەبا بوون، ئەوەبوو کە ئەلمسیری خۆرتێکی بەهرەدار، خاوەن بەڵێن، ویستخواز و ئاسۆ فرەوان بوو، هەروەها لە نووسینگەی سەرۆک گەورەترین

ناحـەزی مـەروان بـوو، هەرچەندەکـی ئەلمسـیری متمانـەی سـاداتی زیاتـر بەدەسـتدەهێنا، مـەروان ترسـی زیاتـری لێدەنیشـت کـە ڕۆژێـک لـە ڕۆژان جێگەکـەی بگرێتـەوە. هـەروەک مـەروان، ئەلمسـیریش باشـی دەزانـی چـۆن لـە چـواردەوەرەی بنەماڵـەی سـەرۆک بسـوڕێتەوە، بەتایبەتـی لـە چـواردەوری لوبنـای کچـە گـەورەی سـادات کـە لـە بیسـتەکانی تەمەنیدابـوو. بـە چاوپۆشـین لـەوەی ئـەوە پاڵنـەری ڕەمەکیانـە یـان ویسـتە ساردەکەی بـوو، ئەلمسـیری داوای دەسـتی لوبنـای کـرد، بـەڵام ئـەشرەف مـەروان کـە لـە ڕێگـەی هاوسـەرگیرییەوە تـەواو شـارەزای ئاکامـی خۆدانەپـاڵ بنەماڵـەی سـەرۆکایەتی هەبـوو، ئـەو هەنـگاوەی ئەلمسـیری بـە هەڕەشـەی ڕاسـتەوخۆی دژ بـە پێگەکـەی زانـی، بۆیـە کەوتـە هەڵپـەی شکسـت پێهێنانـی ئـەو هاوسـەرگیرییە. شـێوازە بێزەنتییەکـەی سـادات لـە ڕێکخسـتنەکاندا، وایکـرد ئەگـەری پێکانـی ئامانجەکـەی بـۆ بڕەخسـێت.

دوای ئـەوە، مـەروان تیمێکی دوو کەسـی لـە بەهێزترین کەسایەتییەکان چێکـرد، ئەوانیـش جیهـان سـادات و فـەوزی ئەلحافـز بـوون، چونکـە جیهـان دڵخۆشـی بـەوە نەدەهـات کچەکـەی شـوو بـە فەرمانبەرێکـی حکومـەت بـکات، تەنانـەت ئەگـەر خـاوەن بەڵێنێکـی وەک ئەلمسـیریش بێـت، هەروەهـا فەوزیـش هـەم سـکرتێری تایبەتـی سـادات و هـەم دۆسـتێکی زۆر نزیکـی بـوو. یەکێـک لـە چیرۆکـەکان دەڵـێ، هـەر جیهـان بـوو داوای لـە مـەروان کـرد بەشـداری لـەو پیلانـەدا بـکات، چونکـە ڕوون بـوو هەردووکیـان خوازیـار بـوون تـا پێیـان دەکـرێ وا بکـەن ئەلمسـیری لـە لوبنـا دووربخەنـەوە. جیهـان نامەیەکـی بـۆ ئەلمسـیری نـارد و تێیـدا گوتبـووی کچەکـەی خۆشـی ناوێـت، بۆیـە دەبێـت واز لـە دروسـتکردنی پەیوەنـدی خۆشەویسـتی لەگەڵیـدا بهێنـێ. لـە ترسـی ئـەوەی ئـەو نامەیـە بـەس نەبێـت، جیهـان لەگـەڵ مـەروان و حافـز لەپێنـاو دەرفـەت نەدان بـە یەکدی بینیـان، گوشـاریان لـە سـادات کـرد، ئەلمسـیری لـە نووسـینگەی سـەرۆک

بگوازێتـەوە. بەرمەبنـای ئـەوە سـادات قایـل بـوو بـە ئەرکێکـی دیپلۆماسـی بنێرێتـە یەمـەن، بـەڵام ئەرکەکـەی بـە سـەرکەوتووی کـرد و بـە ماوەیەکـی کـورت کۆتاییهـات. بـە گەڕانـەوەی دیسـان هەڕەشـەی هاوسـەرگیری کردنـی لەگـەڵ لوبنـا دەسـتی پێکـردەوە، جارێکـی دی گوشـار لـە سـادات کـرا، سـنوورێک بـۆ ئەمـە دابنێـت. هـاوکات بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ گوشـار لـە ئەملسـیریش کـرا، کاتێـک بـە لێشـاو سـەردانیکەر دەچوونـە کنـی و پێیـان دەگـوت لـە بەدەسـتهێنانی دەسـتی لوبنـا هیـچ دەرفەتێکـی لەبەردەمـدا نییـە. هەروەهـا بـۆ سـووکردنی کاریگەربوونـی سـادات بـە ئەملسـیری کۆششـی سـەرباریش کـرا، بـۆ نموونـە وەک ناردنـی ڕاپۆرتـی هەواڵگـری کـە تێیـدا دەگوتـرا ڕەفتارەکانـی ئـەو خۆرتـە لـە ڕەفتـاری نموونەییـەوە دوورە. ئەمـەش کاریگـەری خـۆی هەبـوو.

لـە کۆتاییـدا سادات هیـچ ڕێکارێکـی دیکـەی لەبـەردەم نەمـا، جگـە لـە گواسـتنەوەی ئـەو خۆرتـە ئاشـقە بـۆ وەزارەتـی دەرەوە نەبێـت، تـا لـەوێ لـە پیشـەی دیپلۆماسـیدا کار بـکات. ئیـدی بەمشـێوەیە ئەرکـی لێژنەکـە بـە کۆتاهـات و هێنـدەی پێنەچـوو لوبنـا شـووی بـە بزنسـمانێکی دەوڵەمەنـدی بنەماڵەیەکـی ئۆرسـتۆکراتی میـسری کـرد، دایکیشـی بـەوە زۆر ڕازی بـوو(١٦).

هەرچـی تایبـەت بـە مـەروان بوو، لـە کۆتاییـدا مـوژدەی سـەرکەوتنی بۆ نەهـات، لـە ناوەڕاسـتی حەفتاکانـدا، دوای کەڵەکەبوونـی قەڵاتێـک سـکاڵا دژ بـە مـەروان لـە نووسـینگەی سـەرۆک، لـە کۆتاییـدا سـەرۆک بڕیـاری دا لێکۆڵینەوەیـان لـێ بکـرێ. ئـەوەی بـۆ بەڕێوەبردنـی لێکۆڵینەوەکـەش هەڵبژێـردرا، جگـە لەئەحمـەد ئەملسـیری کەسـێکی دی نەبـوو. بەرمەبنـای ئـەم هەڵبژاردنـە ئەملسـیری بـە مەبەسـتی ئەنجامدانـی لێکۆڵینەوەیەکـی نهێنـی سـەردانی لەندەنـی کـرد، بەڵگـەی متمانەپێکـراوی دەسـتکەوت کـە لـە لایـەن زاواکـەی عەبدولنـاسر تەجاوزاتـی دارایـی کـراوە. ئیـدی گەڕایـەوە

و لەگەڵ خۆیدا هەموو شتێکی هێنایەوە. لە کۆی ئەو شتانەی لەگەڵ خۆیدا هێنابوویەوە، ئەو بەڵگەنامانە بوو کە دەرکەوتبوو ساڵی ١٩٧٢ مەروان یەک ملیۆن پشکی لە کۆمپانیایەکی زەبەلاح لە لەندەن بە نرخی دوو ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی بۆ هەر پشکێک کڕیوە. ئەمجارە مەروان هیچ ڕێگەیەکی بۆ شیکردنەوەی بەدەستهێنانی ئەم چوار ملیۆن جونەیهە ئیستەرلینە نەدۆزییەوە کە لە کوێوە بە دەستهێناوە. کاتێک سادات بەڵگەکەی بینی، لە توانایدا نەما ئیدی چاو دابخات. ئەو لێکۆڵینەوانەی ئەلمسیری ئەنجامی دا، لە کۆتاییدا سەریکێشا بۆ دوورخستنەوەی مەروان لە بازنەی نزیکی سادات، دواجاریش بە یەکجارەکی مسر جێبهێڵێ[١٧].

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، بەڵام هێشتا مەسەلەکە دووربوو، چونکە مەروان سەرەتای حەفتاکان بە بونیادنانی سێ پیشەوە سەرقاڵ بوو کە بە شێوەیەکی بەرچاو لە هەر سێکیاندا لێهاتوویی خۆی دەرخستبوو. بە شێوەیەکی گشتی لە ئەرکە فەرمیەکەیدا، ڕاوێژکار و نێردەی سەرۆکی مسر بوو بۆ تەکەزکردن لە پەیوەندییەکان لەگەڵ هەریەک لە سعوودیا و لیبیا. بەدەیان ئەرکی نێودەوڵەتی جێبەجێ کردووە، لە قاهیرە چاوی بە سەرکردەکانی عەرەب کەوتووە و بە مەبەستی گواستنەوەی نامەکانی سەرۆک بەرەو پایتەختی وڵاتە عەرەبییەکان گەشتی کردووە. لە مانگی حوزەیران و تەمووزی ساڵی ١٩٧٣، ڕۆژنامە عەرەبییەکان لەبارەی سەردانە فەرمییەکەی بۆ ڕیاز ڕاپۆرتێکیان بڵاوکردەوە کە چاوی بە مەلیک فەیسەڵ کەوتووە، مانگی دواتر ڕاپۆرتێکیان لەبارەی دیدارەکەی لەگەڵ شێخ سوباح ئەلسالم ئەلسوباحی میری کوێت بڵاوکردەوە کە نامەیەکی ساداتی گەیاندووتە دەستی، جگە لە چەندین کۆبوونەوەی دیکەی نهێنی، بەڵام لە هەمووان بەناوبانگتر ئەوەبوو کە لە ئابی ١٩٧٣دا

ڕوویـدا، کاتێـک یـاوەری سـادات بـوو بـۆ کۆبوونەوەیەکـی نهێنـی لەگـەڵ مەلیـک فەیسـەڵدا کـە تێیـدا سـەرۆکی مـسر مەلیـک فەیسـەڵی لـە نیـازی خـۆی بـۆ شـەڕێک لـە ئایندەیەکـی نزیـک ئاگادارکـردەوە[18]. مەروانیـش لـە کۆششـەکانی بەدەسـتهێنانی کەرەسـتەی جەنـگ لـە دەوڵەتانـی عەرەبـی لـە ڕۆژانـی بـەر لـە جەنـگ بەشـداری هەبـوو کـە تەنیـا گەرەنتـی گەیشـتنی فڕۆکـە میـراژەکان لـە لیبیـاوە نەبـوو، بەڵکـوو هەوڵدانیـش بـوو بـۆ گرێبەسـتی سـەودایەکی دیکـە بـۆ بەدەسـتهێنانی سـی و دوو فڕۆکـەی دیکـەی میـراژ لـە شانشـینی سـعوودیا لەگـەڵ هەلیکۆپتـەری سـی کینگـی بەریتانـی، ئـەم سـەودایە کـە لـە کۆتاییـدا شکسـتی هێنـا، لـە نێـوان مەلیـک فەیسـەڵ و مـەروان بـێ ڕاوێـژی وەزیـری بەرگـری و سـەرۆکی ئەرکانی سـوپا یـان فەرمانـدەی هێـزە ئاسـمانییەکانی مـسر گفتوگـۆی لەبـارەوە کرابـوو[19].

لـە پیشـەی دووەمیـدا، مەروان لـەو پەیوەندیانـەی دروسـتی کردبوون بۆ پێکەوەنانـی سـەرمایەی تایبـەت بەخـۆی سـوودمەند بـوو. تەنانـەت ئەگـەر ئـەو پڕۆپاگەندانـەی لەبـارەی گەندەڵیەکانیـەوە دەکرێـن، زێدەڕۆیشـی تێـدا کرابێـت، بـەڵام زۆر بـە خێرایـی دەوڵەمەندبـوو. ئاخـر کڕینـی چەنـدان پشـک بـە بەهـای چـوار ملیـۆن جونەیهـی ئیسـتەرلینی لـە بۆرسـەکانی لەنـدەن لـە سـاڵی ١٩٧٢، ژمارەیەکـی زۆر گەورەتـر بـوو لـەوەی مۆسـاد ڕۆژانـە پێـی دەدا، جـا لـە ڕێگـەی کڕیـن و فرۆشـتنی زەویـوزار بێـت یـان لـە ڕێگـەی جووڵـە گومانیەوییەکانـی دیکەیـەوە بـوو بێـت، ئاشـکرابوو کـە لـە مـاوەی سـێ سـاڵدا، لـەو ڕۆژەی بـە کلـک شـۆڕی گەڕایـەوە قاهیـرە و بـۆ دانـەوەی قەرزەکانـی پـارەی لـە بنەماڵـەی ئەلسـوباح وەرگـرت، بـەڵام وەک کەسـێکی دەوڵەمەنـد، ئەوەنـدەی کەڵەکـە کـرد، بتوانێـت ژیانێکـی خـۆش یـان وەک دەگوتـرێ مەلیکانـە لـە لەنـدەن بژێـت.

پیشـەی سـێیەمی سـیخوڕی بـوو کـە پرسـیارە سـەرەکیەکەی دەمێنێتەوە،

وەک دیـارە پاڵنـەری هـەرە گـەورەی دوو هـۆ بـوو کـە وایانکـرد سـاڵی ١٩٧٠ بـەرەو ئیسرائیـل باداتـەوە، پێوسـتی پـارە و تۆڵەکردنـەوە لـە نـاسر بـوو، بـەڵام ئەوانـە ئێسـتا گرنـگ نیـن، چونکـە ئێسـتا هێنـدە دەوڵەمەنـد و بەناوبانـگ و خـاوەن پێگـە و دەسـەڵاتی بـەرزە، بۆچـی لـە فرۆشـتنی نهێنـی وڵاتەکـەی بەردەوامـە؟

بەپێـی زانیارییەکامنـان، هیـچ ڕۆژێـک مۆسـاد ناچـاری کارێکـی نەکـردووە، بـەر لـە شـەڕ مـەروان هەرگیـز داوای نەکـردووە یارمەتیدانـی ئیسرائیلییـەکان بوەسـتێنێ. ڕەنگـە بەشـێک لـەو هۆیـە بـۆ تێکچوونـی خـودی بگەڕێتـەوە: لەوانەیـە ئێسـتا کارەکـەی لەگـەڵ مۆسـاد بـێ مەترسـیتر و پـڕ قازانجـتر بێـت کـە ڕۆژانێـک پێشـبینی دەکـرد. هەروەهـا پێدەچـێ ئەو کارە پێوسـتییە قووڵەکانـی مەترسـی و هانـدان -ئـەو سـەرچڵییەی لەنـاوەوە هەیبـوو- بـۆی مەیسـەر بـکات کـە وایکردبـوو نـەک تەنیـا هەسـت بـە ئەنجامـە مەترسـیدارەکان بـکات، بەڵکـوو هەسـت بـە هێـزی کەسایەتی خـۆی بـکات، کـە ڕەوتـی مێـژوو دەجووڵێنـێ و بـە پێچەوانـەی ئەوانـەی لـە چواردەوریـدان، ئـەو هەسـتەی هەبێـت کـە لـە ناکۆکـی نێـوان عەرەبـی ئیسرائیلیـدا، ئـەو بـە کردەنـی لەگـەڵ لایەنـی بەهێزتـر و زیرەکـتر دایـە.

ئەمـەش لەگـەڵ پڕۆپاگەندەکانـی دیکـە یەکانگیـر دەبێـت کـە دەڵێـن ئـەو ماوەیـە مـەروان لەگـەڵ ئاژانسـەکانی دیکـەی هەواڵگـری وەک MIS و CIA و هەواڵگـری ئیتاڵیـادا کاری کـردووە. ئەگـەر لـە بنەڕەتـدا ئـەو جـۆرە پەیوەندیانـە لـە پێـش جەنـگ هەبووبـن، ئـەوە لەسـەر ئاگرێکـی لەسـەرخۆ بوونـە. لـە ڕاسـتیدا ئـەو زانیاریانـەی ئـەو وڵاتانـە لـەو ماوەیـە لەسـەر مسر هەیانبـوو، زۆر لـەوە کەمـتر بـوون کـە مـەروان بـە ئیسرائیلـێ دەدا، بـۆ منوونـە CIA گرینگتریـن ئـەو زانیارییـە دوورودرێژانـەی بـە ئیسرائیـل دا کـە لـە باشـترین سـەرچاوەکانی کـۆی کردبوونـەوە، بـە هەنـدێ

سـەرچاوەی هەسـتیاری وەک مەلیـک حوسـێنی مەلیکـی ئـوردن، بۆیـە ئەگـەر مـەروان بـەر لـە شـەڕ هـەر زانیارییەکـی بـە CIA دابێـت، ئـەوە ئەمریکییـەکان بــە ئیسرائیلیـان دەدا و دەیانگەیانـد، بــەڵام کاری وایـان نەکـرد، لەوانەیـە لەبەرئـەوە بووبێـت کـە زانیـاری وایـان نەبـووە. هـاورد بلـوم کـە لـە ڕێگـەی سـەرچاوەکانی ئاژانـس لەبـارەی پەیوەنـدی نێـوان مـەروان و CIA لێکۆڵینـەوەی کـردووە، پێیوایـە لەوانەیـە مـەروان کاری لەگـەڵ ئەمریکییەکانـدا کردبێـت، بـەڵام زۆر درەنگـتر بـووە و زۆریـش ڕێـی تێدەچـێ لـە هەشـتاکان بـوو بێـت[٢٠] . دەکـرێ هەمـان شـتیش بەرانبـەر هەواڵگـری بەریتانـی و ئیتاڵـی ڕاسـت بێـت. سـەرچاوەیەکی ناسـنامە نەنـاسراوی ئیتاڵـی بانگەشـەی ئـەوەی کـردووە، مـەروان «چەنـد کاتژمێرێـک بـەر لـە بینینـی بەرپرسـانی مۆسـاد لـە لەنـدەن، هۆشـداری بەرپابوونـی جەنگـی» پێـداون[٢١].

بــەڵام ئــەوە بــەدوور دەزانرێــت، چونکــە- وەک دەبینیــن- ئــەو ڕۆژە مــەروان لــە لەنــدەن زۆر ســەرقاڵ بــووە.

کەواتــە، وێــڕای پڕۆپاگەنــدەکان، هۆکارێکــی بەهێــز بــەدی ناکرێــت کـە مەزەنـدە بکـەی بـەر لـە جەنـگ مـەروان جگـە لـە ئیسرائیـل لەگـەڵ ئاژانسـە هەواڵگرییەکانـی وڵاتانـی دیکـەی بیانـی کاری کردبێـت. هەروەهـا ئەستەمیشـە بـڕوا بکەیـن کـە مەسـەلەی ناپاکییەکـەی تـەواو بـە نهێنـی هێشـتبێتەوە، وا پێدەچـێ هەواڵگـری بەریتانـی بـە کارەکەیـان زانیبێـت، چونکـە دەیانزانـی دوبـی بـۆ مۆسـاد کار دەکات، ئەمـەش بـۆ ئاژانسـێکی هەواڵگـری ڕکابـەر بەسـە بۆئـەوەی بـە ئەنجامی دروسـت بگات. لە ڕاسـتیدا ئـەو ماوەیـە ئەفسـەرێکی MISچـاوی بـە بەرپرسـێکی مۆسـاد کەوتـووە، پـاش ناوهێنانـی مـەروان، دەڵـێ «بـەڵام بێگومـان تـۆ بـاش دەزانـی» بـەڵام بـە بوونـی بەڵگـەی کارکردنـی لەگـەڵ کەسـانی دی، دەبێتـە گریمانەیەکـی

لۆژیکی کە ئەو کارەی نەکردووە، تەنانەت ئەگەر کردبێتیشی، حەتمەن ئیسرائیلییەکانی بە کرێیارە سەرەکییەکانی خۆی داناوە کە باشترین زانیاری هەواڵگری پێداون. لە مانگەکانی دواتردا تا کۆتاییهاتنی شەڕ، بەهای بێپایانی بەشداریکردنی لە سەلامەتی ئیسرائیلدا ئاشکرا دەبێت.

# پاژی حەفتەم

## مسر خۆی بۆ شەڕ ئامادە دەکات

لــە تەمــووزی ســاڵی ١٩٧٢ لــە دوای شکســتی چەندبــارەی هەوڵــی دەســتەبەرکردنی «چەکــی بەرپەرچدانــەوە» لــە ســۆڤیەت، لەنــاکاو ســادات ڕایگەیانــد هێزەکانــی ســوپای ســوور کــە هــەر لــە ســەرەتاکانی ١٩٧٠ لــە مــسر جێگیربــوون، دەگەڕێتــەوە وڵاتەکــەی خــۆی کــە ســۆڤیەت لەگــەڵ ســەکۆی پێشــکەوتووی مووشــەکی ســام و پۆڵێــک هەلیکۆپتــەر و فڕۆکــەی سۆڤیەتی بــە مەبەســتی لەکارخســتنی باڵادەســتی هێــزی ئاســمانی ئیسرائیــل بــۆ یارمەتیدانــی مــسر ناردبــووی، کــە ســەربەخۆیی مــسری لــە بڕیــارە چارەنووســسازەکانی پەیوەســت بــە تەناهــی خــۆی لەباربردبــوو. چونکــە هــەر یەکەکانــی ســۆڤیەت بەرگریــان لــە ئاســمانی مــسر دەکــرد، بەمــەش کرملیــن دەســەڵاتی ڤیتــۆی هــەر بڕیارێکــی مــسری تایبــەت بــە جەنگــی هەبــوو، ســادات زۆر بــە باشــی درکــی بــەو ڕاســتییە کردبــوو. ئیــدی لەگــەڵ لەناوچوونــی دەرفەتــی گێڕانــەوەی سینا بــە ڕێگەچارەی دیپلۆماســی، کۆتــە ســەپێنراوەکانی ســەر ڕێکارەکانــی مــسر بــۆ هێرشــکردن بەئازارتــر بــوون.

ئــەو پیــاوەی ڕەنگــە لــە هەمــووان زیاتــر ســوودی لــەو تەنگژەیــە وەرگرتبێــت کــە ســادات تێــی کەوتبــوو، هــنری کیســنجەر بــوو. کیســنجەر لــە پەیوەندییــە ناڕاســتەوخۆکانیدا لەگــەڵ مــسر (زۆربەیــان لــە ڕێگــەی کەناڵــە سعوودیاییەکان بــە سەرپەرشــتی کەمــال ئەدهەم بــوو) ئــەوەی ڕوونکردەوە کــە ویلایەتــە یەکگرتــووەکان پێیــوا نییــە شــەڕ ڕێکارێکــی واقیعــی بێــت بــۆ

مسر. مادامەکێ سۆڤیەتییەکان لەسەر خاکی مسری هەن، کۆشکی سپی هیچ گوشارێک لە ئیسرائیل ناکات. لە ڕوانگەی کیسنجەر تاکە شەڕی گرنگ، شەڕی سارد بوو، هەر بۆیە وەکو دانەخۆرە کارتی سینای بەرانبەر مسر بەکارهێنا بۆئەوەی بداتە پاڵ ئەمریکا.

بەکردەنیش شەڕ بۆ مسر ڕێکارێکی واقیعی نەبوو، چونکە بێ مووشەکی سکۆد و هەلیکۆپتەری مووشەک هاوێژی دوورمەودا کە سۆڤیەت ڕەتیکردەوە بیداتێ کە لەبنەڕەتەوە نەیبوو، مسر لە هەردوو بەرەکانی جەنگ و ناوخۆدا لەبەردەم هێرشی ئاسمانی ئیسرائیل کراوەبوو. لەگەڵ ئەوەی لەوانەیە دژە زەوییەکانی سۆڤیەت هەندێ یارمەتیان پێشکەش کردبن، بەڵام بواریان نەدەدا مسر بە تەنێ هێرش بکات، لەبەرئەوەی سۆڤیەت هەر شتێکیان ڕەتدەکردەوە کە هەڕەشە بێت هێزەکانیان ڕووبەڕووی هێزی ئاسمانی ئیسرائیل ببنەوە. ئیدی سادات داوای جێهێشتنی لێکردن، بەڵام بە مانەوەی سەکۆی مووشەک و فڕۆکەکانیان لە مسر. لەگەڵ گرژبوونی زیاتری پەیوەندییەکانی نێوان سۆڤیەت و مسر، کرملین، لەبەرئەوەی هەنووکە بە بەشداری کردن لە بەرگریکردن لە مسر پابەند نییە، بەڵکوو لە نزیکبوونەوەی مسر لە ئەمریکا بە گومان و نیگەرانە، بۆیە بڕیاری زەمینەسازی کەشی سیاسی پەیوەست بە فرۆتنی چەکی بە مسر دا. بەرمەبنای ئەوە لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٢ سیستمی چەکی نوێی سۆڤیەتی وەک T٦٢ و سەکۆی SA-٦ و کەرەستەی نوێی لە ئاو پەڕینەوە بە لێشاو گەیشتە مسر.

سادات باوەگۆی فێڵەکەی کیسنجەری دایەوە، بەڵام لە بەدواداچووندا ئەمریکییەکان شکستیان هێنا و لە مانگەکانی دواتردا شتێکی نوێی لێ وەبەرنەهات، بەمەش سادات لە نا ڕاستگۆیی کۆشکی سپی تێگەیشتن

کـە لـە گێڕانـەوەی سـینا بەرانبـەر ڕێککەوتنـی ئاشـتی یارمەتـی مـسر نـادات. ئیـدی بەمجـۆرە هەوڵەکـە بـە بنبەسـت گەیشـت.

لـە ٢٤ی ئۆکتۆبـەری سـاڵی ١٩٧٢، سـادات بانگهێشـتی ئەنجوومەنـی بـاڵای هێـزی سـەربازی وڵاتەکـەی کـرد بـۆ کۆبوونەوەیەکـی تایبـەت لـە بـارەگای خـۆی لـە جیـزە. بـە فەرمانـدە سـەربازییەکانی سـوپاکەی ڕاگەیانـد، لەبـەر ڕۆشـنایی هەوڵەکانـی قەناعـەت پێکردنـی ئەمریکییـەکان بـۆ گرتنەبـەری ڕێگەچـارەی دیپلۆماسـی، «بـە بەکارهێنانـی گشـت ئامرازەکانـی بەردەسـتیان»، بڕیـاری شـەڕکردنی داوە. کاریگەرییـەکان ڕوون بـوون، ئەگـەر بۆچوونـی مـسر لەبـارەی شـەڕ (سـەرەنجام بۆچوونـی تایبەتـی هەواڵگـری ئیسرائیلـی) لەسـەر بـێ توانایـی مـسر بۆ هێرشـکردن وەسـتابێت کـە بـێ بەدەسـتهێنانی «چەکـی بەرپەرچدانـەوە» ناچێتـە شـەڕ، ئێسـتا ئـەو بەربەسـتە نەمـاوە، چونکـە مـسر بـێ ئـەو ئامرازانـەش ڕێگەیەکـی شـەڕ دەدۆزێتـەوە. لـە کۆبوونەوەکـەدا سـادات دووپاتـی لـە گرنگـی هـۆکاری کات کـردەوە و داوای لـە سـوپاکەی کـرد بـۆ سـەرەتای سـاڵی ١٩٧٣ ئامـادەی شـەڕ بـن، واتـە دوای دوو مانگـی دی.

زۆرێـک لەوانـەی بەشـداری کۆبوونەوەکـە بـوون، بەرهەڵسـتی توونـدی خۆیـان نیشـاندا، هەندێکیـان لەبەرانبـەر هێرشـی ئاسـمانی ئیسرائیـل باسـیان لـە شـلۆقی بـەرەی ناوخـۆ دەکـرد، بەتایبەتـی فەرمانـدە بەرپرسـەکانی پەڕینـەوە لـە کەناڵـی سـویس، سـکاڵایان لـە سـەختی ئۆپەراسـیۆنی بەزاندنـی سـەنگەرە زۆر و پتەوەکانـی ئیسرائیـل دەکـرد کـە بـە درێژایـی کەنـاڵ بـۆ ڕێگەگرتـن لـە پەڕینـەوەی مسرییـەکان جێگیـری کردبـوون، سـەعد شـازلی سـەرۆکی ئەرکانـی مـسر، محەمـەد عەبدولغەنـی ئەلجەسـمی سـەرۆکی دەسـتەی ئۆپەراسـیۆنەکان، تکایـان لـە سـەرۆک کـرد داوای یارمەتـی لـە وڵاتانـی دیکـەی عـەرەب بـکات. هەروەهـا فەریقـی

یەکەم محەمەد ئەحمەد سادق، وەزیری شەڕ، گوتی: دەبێ ئامانجی شەڕ ڕزگارکردنی تەواوی نیمچە دورگەی سینا بێت، سوپای مسریش زۆر لەوە دوورترە بتوانی ئەو ئامانجە بپێکێ.

سادات لە جێگەی خۆی نەجوولایەوە، بەڵکوو دووپاتی کردەوە و گوتی، من هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی شەڕکردن نابینم، بۆیە هەر دەبێ لە مانگەکانی داهاتوودا هێرش بکەین، نابێ ئامانجیش گێڕانەوەی تەواوەتی سیانا بێت، بەڵکوو دەبێ شکاندنی ئەو بەستەڵەکەی باری ئارا و وەگەڕخستنی هەوڵە دیپلۆماسییەکان بێت کە هەوڵ بۆ گێڕانەوەی تەواوی خاکی مسر دەدات. تەنیا دوو ڕۆژ دواتر، بە پێی توانا ڕێگەچارەکانی خۆی ڕوونکردەوە، هەریەک لە وەزیری جەنگ، جێگری وەزیر و فەرماندەی دەریاوانی لە سوپا دەرکرد، شوێنی ئەوانی بە کەسانێک پڕکردەوە کە بەرانبەر شەڕ کەمتر دوودڵ بوون.

لە مانگەکانی داهاتوودا، فەرماندەکانی سوپای مسر ڕێنوێنییەکانی ساداتیان تەرجەمەی نەخشەی ئۆپەراسیۆن کرد، ئامانج لەو شەڕە ئالینگاری ئەو قەناعەتەی ئیسرائیلییەکان بوو کە لە خۆیدا بە داگیرکرنی سینا تەناهی بۆ وڵاتەکەیان بەرجەستە دەبێت. ئەوەش لە ڕێگەی:

أ- لاوازکردنی ئابووری ئیسرائیل بەهۆی ناکۆکی درێژخایەن کە بە نۆرەی خۆی وا دەکات بە پانتاییەکی فرەوان هێزی یەدەگی خۆیان بانگ بکەنەوە.

ب- کارکەنارکردنی دیپلۆماسیانەی ئیسرائیل.

ج- گۆڕینی هاوسەنگی هێز لە ناوچەکەدا لە ڕێگەی قەناعەت پێکردنی ئەمریکییەکان، گوشار لە ئیسرائیل بکەن دەست لەو

خاکانە هەڵگرێت کە ساڵی ١٩٦٧ دەستی بەسەرداگرتوون، بەتایبەتی سینا. بۆچوونی نوێی مسر بەرانبەر شەڕ، بە مانای هەڵوێستێکی نوێی هەرێمایەتیش بوو. تا هاوینی ساڵی ١٩٧١، کاتێک سادات سەعدەدین شازلی بە فەرماندەی سوپا دامەزراند، پاش شۆڕشی ڕاستکردنەوە کە لە ئایاری ئەوساڵەدا کردی، ئامانج گێڕانەوەی تەواوی سینا بوو بە پشتبەستن بە پلانی ناسراو بە گرانێت تو، بەڵام کاتێک شازلی فەرماندەیی وەرگرت، پلانیکی دیاریکراوتر داڕێژرا کە بە کردەی فۆرتی وەن ناسرابوو، هیوای ڕزگارکردنی ئەو خاکانە بوو تا بە ڕاڕەوی میتلا و گیدی دەگەیشت کە چیاکانی ڕۆژئاوای سینایان بە نزیکەی چل تا حەفتا کیلۆمەتری ڕۆژهەڵاتی کەناڵی سوێس دەبڕی، بەڵام ئەو پیلانە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزی ئاسمان ئیسرائیل، پێویستی بە «چەکی بەرپەرچدانەوە» هەبوو. کاتێک سادات فەرمانی ئامادەکاری بۆ شەڕکرد لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٣، بڕیاری کەمکردنەوەی ئامانجەکانی شەڕ تا ئەو ئاستە درا کە سوپای مسری باوەڕی وایە دەتوانێ بێ مووشەک و فڕۆکەی دوورهاوێژ ئامانجەکە بەدیبهێنێ.

بەپێی فەرمانەکان، ئەو پلانانە بۆ کانوونی دووەمی ١٩٧٣ ئامادەبوون. پلانی نوێ کە بە ئۆپەراسیۆنی منارە بەرزەکان(Operation High Minarets) ناسرابوو، ئامانجی چارەسەرکردنی شلۆقی سوپای مسر، لەبەرانبەر هێرشەکانی هێزی ئاسمانی ئیسرائیل و بەجێگەیاندنی داواکاری سادات بوو، بۆ دەستکەوتێک کە ناوچەکە بهەژێنێ و بزاوتی بەرەی دیپلۆماسیش بسەپێنێ. پلانەکە تەکەزی لەسەر پەڕینەوە لە کەناڵی سوێس دەکرد- بە بەکارهێنانی هەمان ئەو پلانەی، مەروان ساڵی ١٩٧٠ لە دەستی ئیسرائیلییەکانی نابوو کە پشتی بە پێنج یەکینەی پیادە لە پێنج خاڵی جودا دەبەست. بە پێچەوانەی پلانەکەی بەری کە

پەڕینـەوەی بـە قۆناغـی یەکـەم دادەنـا و ئامانجەکەشـی ئەوەبـوو کەتیبـەی زرێپـۆس بـکارێ بـە ئاڕاسـتەی هـەردوو ڕاڕەوی میتـلا و گیـدی بجووڵێـت، هەروەهـا ئامانجـی کۆتایـی شـەڕ لـە ئۆپەراسـیۆنی منـارە بـەرزەکان، پەڕینـەوە لـە کەنـاڵ و دەسـت بەسـەردا گرتنـی کەرتـی ڕۆژهـەڵات بـوو. بـەم ڕێگەیـە، هێزەکانـی مـسری دەتوانـن خۆیـان لـە جووڵـە بـەرەو ڕۆژهـەڵات لـە دەرەوەی چەتـری دژە ئاسـمانییەکان بـە دووربگـرن کـە لـە دە کیلۆمەتـر زیاتـری ڕۆژهەڵاتـی کەناڵـی کێومـاڵ نەدەکـرد.

تـا ئەوپـەڕی نهێنـی ئۆپەراسـیۆنی منـارە بـەرزەکان بـە شـاراوەیی مابوویـەوە، نـەک تەنیـا لـە ئیسرائیلییـەکان، چونکە گرنـگ بوو سـوورییەکان بـە ڕاسـتی سـنوورداری ئامانجـی مـسر تایبـەت بـەو ناوچانـە نەزانـن کـە دەیویسـت بیانگێڕێتـەوە. بـەلای سـاداتەوە بـەردی بناغـەی سـتراتیژی سـەربازی، ناچارکردنـی ئیسرائیلییـەکان بـوو کـە لـە یەککاتـدا لـە دوو بەرەی لێکدابـڕاو شـەڕ بکـەن، تـا هێـز و سـەرنجیان پـەرش بکـەن، بـەڵام بەدیهاتنی ئـەوە پێویسـتی بـەوە دەکـرد سـوورییەکان لـە باکـوری بەرازاییەکانـی جۆلانـەوە هێـرش بکـەن. لەبەرئـەوەی ڕەنگـە گێڕانـەوەی جـۆلان دەرفـەت بـە سـوورییەکان بـدات لـە ڕووبـاری ئـوردن بپەڕنـەوە و پەلامـاری باکـوری ئیسرائیـل بـدەن. لـە کاتێکـدا کەناڵـی سـوێس لـە سـنووری ئیسرائیـل زۆر دووربـوو، سـادات درکـی بـەوە کردبـوو، ئەگـەر سـووریا هێـرش بکاتـە باکـووری ئیسرائیـل، لـەو حاڵەتـەدا ئیسرائیلییـەکان تەکـەز لەسـەر شـەڕی بـەرەی باکـوور دەکـەن، ئەمـەش تاڕادەیەکـی زۆر دەرفەتـی سـەرکەوتن بـۆ مسرییـەکان فەراهـەم دەکات کـە دەسـت بەسـەر کەرتـی ڕۆژهەڵاتـی کەناڵـی سـوێس بگـرن و پارێزگاریشـی لـێ بکـەن، بـەڵام بـۆ گەرەنتیکردنـی ڕەزامەنـدی حافـز ئەسـەدی سـەرۆکی سووریا، دەبێـت سـوورییەکان بـاوەڕ بکـەن، مـسر بەهەمـوو توانـای خـۆی کار دەکات بـۆ گێڕانـەوەی تـەواوی سینا، نـەک تەنیـا لـە ناوچـەی کەنـاڵ هێزەکـەی لـە ژێـر چەتـری مووشـەکە

دژە ئاسمانییەکان دەهێڵێتەوە، چونکە ئەگەر ئەسەد بە پلانی منارە بەرزەکانی زانیبا، ئەوە ئۆپەراسیۆنەکە بە تەواوی هەڵدەوەشایەوە.

لەپێناو هێشتنەوەی ئەسەد لە تاریکی و هاوکات گەرەنتیکردنی هاوکارییەکەی لە هێرشی هاوبەشی نەخشە بۆ دارێژراودا، مسر پەرەی بە پلانی دووەمی سەربازی دا و لە نیسانی ١٩٧٣ هاتە تەواوکردن و بە گرانت توی هەموارکرا ناونرا. لەم پلانەدا، کە بە هاوبەشی لەگەڵ سوورییەکان هاتبووە تەواوکردن و بووە بنەمایەکی گشت گفتوگۆکان لەبارەی شەڕ لەگەڵ مسرییەکاندا. بڕیاربوو لە قۆناغی یەکەمدا تیپی پیادە لە کەناڵ بپەڕێتەوە، دوای ئەوە تیپی زرێپۆش لە سینا بپەڕێتەوە و بەرەو هەردوو ڕێڕەوەکە ئاڕاستە بگرێت[1].

پلانی گرانیت توی هەموارکراو لەبارەی پرۆسەی پەڕینەوەی کەناڵ هەندێ چاکسازی گرنگیشی لە خۆگرتبوو. لەبارەی مامەڵەکردن لەگەڵ بەنداوەکان تۆپی ئاوی بە تێکڕایی دەتەقێندرێ بۆئەوەی دەلیقە لەبەردەم ئۆتۆمبیلە وشکاوییەکان بکاتەوە بگەنە کەرتی ڕۆژهەڵات، هەروەها بۆ کەمکردنەوەی زیانەکانی مسری و زیادکردنی ڕووبەری ئەمین لە کەرتی ڕۆژهەڵاتەوە، مسر لەبری تێپەڕاندنیان گەمارۆی سەنگەرەکانی ئیسرائیل دەدات، هەمدیس بۆ ڕێگەگرتن و دواخستنی سەربازانی یەدەگی سوپای ئیسرائیلی لە گەیشتن بە بەرەکانی شەڕ، تیپێکی کۆماندۆ بە مەبەستی گرتنی ڕێگا سەرەکییەکان لە ڕێگەی هەلیکۆپتەرەوە لە پێگە سەرەکییەکانی سینا دادەبەزن. لە ڕۆژی یەکەمی شەڕ، بە مەبەستی دامەزراندنی پێنج شوێنپێی سەرەکی لە کەرتی ڕۆژهەڵات، مسر پێنج تیپی پیادەی خۆی دەنێرێت. لە ڕۆژی دووەم، شوێنپێ سەرەکییەکان فرەوان دەکرێن، هەروەها لە ڕۆژی سێیەم، ئەوانە بە مەبەستی دروستکردنی توخوبێکی ڕزگارکراو بە درێژایی

کەناڵ بە قووڵایی دە کیلۆمەتر تا دەگاتە سینا پێکەوە دەبەسترێنەوە. کاتێک ئەوانە دێنە ئەنجامدان هەردوو تیپی زرێپۆشی چوار و بیست و یەک لە کەناڵ دەپەڕنەوە و بۆ گەیشتن بە هەردوو ڕاڕەوی میتلا و گیدی بە ئاڕاستەی ڕۆژهەڵات هێرش دەبەن.

ئەمە پلانی گرانیت تووی هەموارکراو بوو، بە شێوەیەکی فەرمیش سوورییەکان لەو پلانە ئاگادار کرانەوە، بەڵام ئەو پلانەی شازلی لەبەر جێبەجێکردنیدا بوو، کردەی منارە بەرزەکان بوو کە هاوشێوەی پلانی گرانیت تووی هەموارکراوبوو، بەڵام بێ پەڕینەوەی تیپی زرێپۆش لەکەناڵ یان چوونە قووڵایی سینا، پلانەکە هێندە نهێنی بوو، تەنانەت فەرماندەی تیپەکەش لێی خەبەردار نەبوو[٢].

لەم سەروبەندەدا مسر دەستی بە ئەنجامدانی مەشقەکانی پلانی هێرشکردن کرد، زۆربەی مەشقەکانی ڕابردوو تەکەزیان لەسەر پرۆژە جەنگییەکانی کەتیبەی تانکەکان لە سینا بوو، بەڵام مەشقەکانی هەنووکە تەکەزی لەسەر خودی پەڕینەوە بوو، بەتایبەتی گەمی هێرشکردن ئامادەکرابوو کە لە قۆناغی یەکەمدا لە ڕێگەی کەناڵەوە ٣٢ هەزار سەربازی دەگواستەوە لەگەڵ دروستکردنی پرد بۆ پەڕینەوەی کەرەستە و ئامێرە قورسەکان لە قۆناغی دووەمدا. هەروەها ڕاهێنانیان لەسەر تێپەڕاندنی سەنگەرە خۆڵییەکانی لایەنی ئیسرائیلی کرد، بەڵام سەبارەت بە تانکەکان، بە مەبەستی یارمەتیدانیان لە جێبەجێکردنی قۆناغی یەکەمدا زۆربەیان خرابوونە ژێر فەرمانی تیپی پیادە، نەک ڕاهێنان کردن لەسەر پلانە خەیاڵییەکەی هێرشکردنە سەر سینا.

لە بەهاری ١٩٧٣ مسر تەواو ئامادەبوو. ئەمەش لە ساڵی ١٩٦٧ەوە یەکەمجار بوو مسرییەکان پلانێکی ئامادە و کارکردەیان هەبێت بۆ هێرشکردنە سەر ئیسرائیل بێ بەکارهێنانی :چەکی بەرپەرچدەر»

واتـه ئـەوەی ئێسـتا پێویسـتیان بـوو، تەنیـا دەستنیشـان کردنـی کاتـی دەسـتپێکردنی هێـرش بـوو.

ئـەشرەف مـەروان، کـە لـە پەرەسـەندنی مەزەنـدەی ئیسرائلییـەکان ڕۆڵێکـی یەکلایکـەرەوەی بینـی، لەبـارەی کەمتریـن ئـەو داتایانـەی مـسر بـۆ دەسـتپێکردنی شـەڕ پێویسـتی بـوو، هەروەهـا سـەرچاوەی سـەرەکی زانیارییەکانـی پەیوەسـت بـە گۆڕینـی دڵـی مسرییـەکان کـە دەبـوو بـاوەڕ بـە ئیسرائیلییـەکان بهێنـێ، وێنەکـە گونجـاو و واقیعـی نییـە، بـەڵام ئـەوەی لەبـری ئـەوە قەومـا، بەردەوامبوونـی کەسـایەتییە سـەرەکییەکانی هەواڵگری سـەربازی ئیسرائیلـی بـوو بـە مەزەندەکـە، تەنانـەت پێیانوابـوو ئـەو ڕاپۆرتـە نوێیانـەی مـەروان پێشکەشـی کردبـوون، هەڵـەن یـان لـە واقیعـەوە دوورن. هـەر بۆیـە تـا سـەر لەبەیانـی ڕۆژی شەشـی ئۆکتۆبـەری ١٩٧٣ لەسـەر کەڵلەڕەقـی خۆیـان بەردەوامبـوون، ئـەوەش تاکـە هۆکاربـوو وایکـرد کاروبـارەکان لـە لایەنـی ئیسرائیلییـەوە بەوپـەڕی خراپـی بەڕێوەبچـن.

مـەروان لـەو کۆبوونـەوە مسرییـە بەشـدار نەبـوو کـە لـە ٢٤ی تشرینـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٧٢، سـاڵێک پێـش شـەڕ بەسـترا و تێیـدا سـادات تێڕامانـی نوێـی خـۆی خسـتەڕوو، بـەڵام یاریدەرێکـی ئامادەبـوو تێبینییەکانـی خـۆی تۆمارکردبـوو، نزیکـەی دوای هەفتەیـەک لـە لەنـدەن مـەروان چـاوی بـە زامیـر و دوبـی کـەوت و بەڵگەکانـی ڕادەسـتکردن کـە بڕیارەکـەی ساداتی بـۆ شـەڕکردن بـە ڕوونـی دەسـەلماند. هەروەهـا بـە ڕوونیـش باسـی لـە بڕیـاری ڕۆیشـتنی سـۆڤیەت لـە تەمـووزی سـاڵی ١٩٧٢ دەکـرد، وەک هەنـگاوی یەکـەم بـە ئاڕاسـتەی زیادکردنـی ئـازادی مانـۆڕی مـسری. لـە بەڵگەنامەکـەدا بـە ڕوونـی ئـەوە نەهاتبـوو کـە سـادات چاوەڕێـی چـەک نـاکات کـە ماوەیـەک پێیوابـوو بـۆ دەسـتپێکردنی هێـرش پێویسـتی پێیەتـی، بـەڵام ئـەوەی بـە نـووسراو لـە بەڵگەنامەکـەدا تایبـەت بـە کۆبوونەوەکـەی

٢٤ی تشرینـی یەکـەم نەهاتبـوو، مـەروان بـە زارەکـی تـەواوی کـردن و بـە ئیسرائیلییەکانـی ڕاگەیانـد سـادات بـڕوای تـەواوی هەیـە کـە ڕێگەچـارەی دیپلۆماسـی بـە بنبەسـت گەیشـتووە، تاکـە ڕێگـەی دووبـارە زیندبوونـەوە، ڕێگەچـارەی سـەربازییە، وەزیـری جەنگیشـی هـەر لەبەرئـەوە دەرکـرد، کاتێـک فەرمانـی ئامـادەکاری هێرشـکردنی ڕەتکـردەوە. مـەروان باسـی لـەوەش کـرد، سـادات جەنەڕاڵەکانـی دیکەشـی لەسـەر گومانیـان لـە ئامادەیـی سـوپای مـسری دەرکـرد، هەمـوو ئەمانـە لەبـارەی باشـترین ڕێگەچـارەی دەسـتپێکردنی هێـرش، لـە چوارچێـوەی هەوڵەکانـی گەیشـتن بـە ڕێککەوتنێکـی گشـتی بـوو. مـەروان خشـتەیەکی کاتیشـی پێشکەشـکرد: ئامادەکارییەکانـی پەیوەنـد بـە بەرگریکـردن لەبـەرەی ناوخـۆی مـسر، لـە کۆتایـی مانگـی تشرینـی دووەمـی ساڵی ١٩٧٢ تـەواو دەبێـت. لـە مانگـی کانوونـی یەکـەم، سـوپا لـە ئامادەکارییەکانـی بووەتـەوە بـۆ دەسـتپێکردنی شـەڕێکی ئاسـت نـزم، بـەڵام کـردەی پەڕینـەوەی کەنـاڵ بـەر لـە کۆتایـی ساڵی ١٩٧٢ ڕوونـادات. لـە کۆتاییـدا ئەوەشـی بـە ئیسرائیلییـەکان ڕاگەیانـد کـە سـووریا بڕیـاری داوە بەشـداری لـە پلانەکەدا بـکات. بەمـەش هەواڵگری ئیسرائیلـی هەمـوو زانیارییەکـی پێویسـتی کەوتـە دەسـت، تـا بـەو بڕوایـە بـگات کـە مەزەنـدەکان جگـە لـە مەرەکەبـی سـەر کاغـەز هیچـی دی نیـن.

دوای سـێ هەفتـەی دیکـە، جارێکـی دی مـەروان چـاوی پێیـان کـەوت، ئـەوەی ئەمجـارە ڕوون بوویـەوە قەبـارەی ئـەو کەلێنـە گەورەیـەی نێـوان ڕژدی سـادات بـۆ دەسـتپێکردنی شـەڕ و ئامادەیـی کردەنـی سـوپای مـسری بـوو. سـۆڤیەتییەکان هـەر بـەردەوام بـوون لەسـەر پـێ نەدانـی مووشـەکی سـکۆد و فڕۆکـەی بۆمبهاوێـژی دوور مـەودا، چونکـە فڕۆکـەی سیخۆی SU-١٧ کـە بـە مسرییەکانیدابـوو، توانـای ڕووبەڕووبوونـەوەی فڕۆکـەی فانتۆمـی ئیسرائیلـی نەبـوو، بـەڵام ئـەوەی مـەروان دووپاتـی لێدەکـردەوە، ئـەوە بـوو کـە سـادات بـە هەوەنتـە پەشـیمان نابێتـەوە و سـەرۆک فەرمانـی

هێرشـکردن بـە سـوپا دەدات، سـوپاش فەرمانەکـەی ڕەت ناکاتـەوە.

بـەڵام دەبـێ چیرۆکـی مـەروان لەبـارەی پێداگیـری سـادات لـە چوونـە نـاو جەنگێـک کـە دۆڕاندنـی حەتمییـە چـی بێـت؟ لـە قسـەکانیدا گوتـی: سـادات لەپێنـاو بزواندنـی کاروبـارەکان بـە ئاڕاسـتەی چارەسـەری دیپلۆماسـی ئامـادەی دانـی باجـی قەبەیـە.

تاکـە سـەرەنجامی دوای هەمـوو ئەمانـە کـە لـە توانـادا نەبـوو لێـی دووربکەویتـەوە، نادروسـتی ئـەو پڕۆپاگەندانـە بـوون بـەوەی هەواڵگـری ئیسرائیلـی هیـچ بیرۆکەیەکـی نەبـوو کـە مەزەنـدەکان بەسـەرچوونە. هەروەهـا هیـچ بیرۆکەیەکیـان لەبـارەی گۆڕینـی هەڵوێسـتی مسرییـەکان پەیوەنـد بـە مەرجـە پێویسـتەکانی دەسـتپێکردنی هێـرش نییـە، مـەروان بـە شـێوازێک ئیسرائیلییەکانـی فریـودا، وایکـردووە بیرۆکەکەیـان هـەر بـە شـێوازە کۆنەکـە گـرێ بدرێـن لەپێنـاو زێترکردنـی کارایـی توخمـی لەنـاکاوی لـەو هێرشـەی بڕیـارە دوای سـاڵێک ڕووبـدات. هـەر لەوبـارەوە دەگوتـرێ مـەروان تاکـە سـەرچاوە بـوو، تایبـەت بـە گۆڕینـی هەڵوێسـتی سـادات و بڕیارەکـەی پەیوەسـت بـە ئامادەباشـی بـۆ جەنـگ هەواڵـی بـە ئیسرائیلییـەکان داوە، بـەڵام ئەمانـە هەموویـان لـە ڕاسـتییەوە دوورن.

دیسـان ئـەو تێگەیشـتنەش دروسـت نییـە کـە هەمـووی تەنیـا بـە مۆسـادەوە قەتیـس بێـت، لـە ٢٦ی تشرینـی دووەمـی سـاڵی ١٩٧٢، واتـە مانگێـک پـاش دەرکردنـی ژمارەیـەک فەرمانـدەی سـەربازیی لـە لایـەن سـادات، ئەوانـەی بـە شـێوازە نوێیەکـەی قایـل نەبـوون، دوای چەنـد ڕۆژێـک لـە کۆبوونـەوەی مـەروان لـە لەنـدەن، مۆشـێ دایـان ڕاپۆرتێکـی بـۆ حکومـەت نـارد کـە تێیـدا هاتبـوو «دەبـێ بەوپـەڕی جدییـەوە مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو ڕاپۆرتانـە بکەن...کـە بـاس لـە خواسـتی ڕوونـی مسرییـەکان بـە ئاڕاسـتەی گەڕانـەوە بـۆ جەنـگ و کوشـتاری دەکـەن... بـەو پەڕگرتنـەوەش،

ئەگـەری ئـەوە لەگـەڵ کۆتایهاتنـی سـاڵ لـە توانـادا بێـت». بـە گوێـرەی ڕاپۆرتـەکان دایـان گوتویەتـی: هەنگاوەکانـی مـسر بـە هـاوکاری سـووریا تـەواو دەبـن، بـە ئامانجـی «دروسـتکردنی بـەرەی ڕۆژهـەڵات لەگـەڵ ئـوردن».

هۆشـدارییەکانی مـسر وای لـە سـەرۆک وەزیرانـی ئیسرائیـل کـرد «ناندینـی حکومەتەکـەی» کۆبکاتـەوە، واتـە کۆمەڵـەی بڕیارسـازە گرینگەکانـی حکومەتەکـەی و لـە یەکـەم ڕۆژی کانوونـی یەکەمـی ١٩٧٢، چـاوی بـە مۆشـێ دایـان، ویـگال ئالـۆن و ئیسرائیـل گالیلـی، هەروەهـا داڤیـد ئەلیئـازری سـەرۆکی ئەرکانـی سـوپا کـە جێگـەی حایـم بارلیڤـی گرتبـۆوە لەگـەڵ ئیلـی زێیـرای سـەرۆکی نوێـی هەواڵگـری سـەربازی و زفـی زامیـر لـە مۆسـاد کـەوت. تاکـە بڕگـەی سـەر مێـزی کۆبوونەوەکـە نیـازی مـسر لەبـارەی شـەڕێکی دەسـتبەجێ بـوو. بەرمەبنـای زانیارییەکانـی هەواڵگـری سـەربازی کـە لـە کۆبوونەوەکـەی ٢٤ی ئۆکتۆبـەر دەسـتی کەوتبـوو، زێیـرا ڕایگەیانـد «سـادات فەرمانـی تەواوکردنـی ئامادەکارییەکانـی بـۆ کۆتایـی مانگـی کانوونـی یەکەمـی داوە، بـەڵام ڕێکەوتـی هێرشـەکەی دیـاری نەکـردووە». لەسـەر ئـەو بنەمایـە، مەزەنـدەی کـرد کـە دەلیڤـەی هێـرش «زۆر گـەورە نییـە» هەروەهـا لەوانەیـە مـسر هەوڵـی پەڕینـەوە لـە کەنـاڵ بـدات، بـەڵام «لـە سـفر نزیکـە» . ئـەو هەڵەیـەی زێیـرا کـردی خـراپ تێگەیشـتن لـە داوای مانگێـک پێشـتری سـادات بـوو بـۆ کشـانەوەی سـوپای سـۆڤیەت، لەبـری ئـەوەی بەیەکێـک لـە ئامادەکارییەکانـی شـەڕ ببینـێ، ئـەوەی بـە پاشـەگەردانییەکی دراماتیکـی پەیوەنـد بـە توانـای بەرگـری مـسر دانـا، بۆیـە هێرشـەکەی سـادات بـە ئەگەرێکـی دوور دانـرا، لەبـری ئـەوەی بـە پێچەوانـە بێـت.

بـەڵام نرخاندنـی زامیـر سـەرۆکی مۆسـاد لەبـارەی دوا زانیارییەکانـی لـە

فریشـتەکەوە گەیشـتبوون کـە خـۆی لـە وریاییەکـی گەورەتـر و مامەڵەیەکی جدیـتر دەبینیـەوە و پێـی گوتـن، «لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەوەی دەیزانیـن، پێویسـتە لەسـەرمان ڕوودانـی شـەڕە تەقـە بـە دوور نەگریـن». هەروەهـا ئەوەشـی گـوت، کاتێـک دەڵێـم شـەڕە تەقـە، ئـەوە بەمانـای دەسـتپێکردنی کـردەی سـەربازی بـە درێژایـی کەناڵەکـە نایـەت، بەڵکـوو مەبەسـتم چەنـد پڕدانێکـە کـە لێـرە و لـەوێ ڕوودەدەن، لـە لای خۆیـەوە سـەرۆکی ئەرکانـی سـوپا لـە ڕوودانـی شـەڕ لـە ماوەیەکـی کورتخایەنـدا بـە گومـان بـوو، بـەڵام دڵەڕاوکێـی دروسـتی خۆشـی دەربـڕی و گوتـی: ناکـرێ پشـتی خۆشـمان لـێ بکەینـەوە، بۆیـە پێویسـتە ئامـادە بین...ناکـرێ بڵێیـن دەلیڤـەی شـەڕە تەقـە لـە ئـارادا نییـە و بـە ئاسـودەیی لێـی بخەویـن[٣].

لـە ڕاسـتیدا مۆشـی دایـان تاکـە کەسـی کۆبوونەوەکـە بـوو کـە هوشـداریی و بەئاگاهێنانەوەکانـی مەروانـی بـە جـدی وەرگـرت و گوتـی: «پێویسـتە گریمانـی ئـەوە بکەیـن کـە مـسر لـە سـەرەتای ١٩٧٣ هێـرش دەکاتـە سـەر کەناڵەکـە» و هەروەهـا گوتـی: «هاوپەیمانیەتێـک لـە نێـوان مـسر و سـووریاش لـە ئارادایـە». لـە سـۆنگەی ئـەو ڕاسـتییەوە دایـان سـووربوو لەسـەر ئـەوەی ئیسرائیـل لـە ڕێگـەی ئەمریکییەکانـەوە پەیامێـک بـۆ مسرییـەکان، تەنانـەت لـە ڕێگـەی سـۆڤیەتییەکانەوە بنێـرێ و لـە هێرشـێکی سنووداریش وریـای بکاتـەوە، تێیـدا ئـەوەش دووپـات بکرێتـەوە کـە ئیسرائیـل «خواسـتی چوونـە شـەڕێکی خوێناویـتری نییـە، بـەڵام ئەگـەر دەسـتیان بـە شـەڕ کـرد، بـە هەمـوو هێزێکـەوە وەڵامیـان دەدەینـەوە». هەروەهـا ئەگـەری بەشـداریکردنی ئوردنیـش لەبەرچـاو گیـرا، بۆیـە دایـان پێشـنیازی کـرد نامەیەکـی هاوشـێوەش بـۆ مەلیـک حوسـێن ڕەوان بکـرێ[٤].

وێـڕای نرخانـدن و مەزەندەکانـی زێیـرا کـە ئەگـەری دەسـتپێکردنی هێرشـی مـسر بـۆ سـەر کەنـاڵ لـە «سـفرەوە نزیکـە»، بـەڵام گۆڵـدا مائیـر

لەگەڵیشـیدا مۆشـێ دایـان بڕیاریانـدا ئەمریکییـەکان ئـاگادار بکەنـەوە، هەمـان ڕۆژ ئیسحاق ڕابیـن باڵیـۆزی ئیسرائیـل لـە واشـنتۆن نامەیەکـی بـۆ کیسـنجەر نـارد و تێیـدا پێـی ڕاگەیاندبـوو کـە زانیاریـان دەسـتکەوتووە مـسر نەخشـە بـۆ کردەوەیەکـی سـەربازی دادەڕێژێـت تـا لـە کۆتایـی مانگـی کانوونـی یەکـەم بیـکات، هەروەهـا نامەیەکـی هاوشـێوەش لـە مۆسـادەوە بـۆ CIA ڕەوان کـرا. ڕوون نەبـوو کـە ئایـا مسرییـەکان بـۆ گێڕانـەوەی سـینا نەخشـەی شـەڕی تەواویـان داڕشـتووە، یاخـود بـۆ شـتێکی سـنووورداری وەک بۆمبارانکردنـی ناوچـەی کەنـاڵ یـان کردەیەکـی کۆماندۆیانـە بـێ هەوڵـدان بـۆ گێڕانـەوەی کەرتـی ڕۆژهـەڵات(٥). ئەمریکییـەکان وەڵامیـان دایـەوە کـە ئەوانیـش زانیاریـان پێگەیشـتووە مـسر بـە کردەنـی نەخشـەکانی خـۆی لەبـارەی دەسـتپێکردنی شـەڕ گۆڕیـوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا نرخاندنـی CIA هاوشـێوەی نرخاندنەکـەی زێیـرا بـوو کـە سـادات زۆر بـاش ئـاگای لـە لاوازی توانسـتی سـوپاکەیەتی، بۆیـە ئەگـەری دەسـتپێکردنی شـەڕێکی نـوێ دوورە.

ئـەو بۆچوونـەی هـەر یەک لـە دایـان، ئەلیئـازر و زامیر لـە کۆبوونەوەکە پێـی گەیشـتن، لایەنـی ئەرێنیشـی هەبـوو. لـە لایـەک هوشـدارییە نوێکانـی تایبـەت بـە گۆڕینـی مەزاجـی مـسری لەبەرچـاو گیـران، لـە لایەکـی دیکـەوە بـە شـێوەیەکی جدیانەتـر مامەڵـە لەگـەڵ ڕاسـتینەی نەگۆڕینـی هاوسـەنگی هێـز بـە بەرژەوەنـدی سـوپای مـسر کـرا و سـاداتیش بـەوەی دەزانـی. هەروەهـا بەرهەڵسـتی زۆرێـک لـە بەرپرسـە باڵاکانـی مسریـش هـەر لەبـەر هەمـان هـۆکار بـوو. بـە واتایەکـی دی، بیرۆکـەی شـەڕ بـە دوور دەزانـرا، بـەڵام هـەر ئەگەرێکیـش بـوو. بەرمەبنـای ئـەوە لەسـەر ئیسرائیـل پێویسـتە بـە شـێوەیەکی گونجـاو خـۆی ئامـادە بـکات. لـە کۆبوونەوەکـەدا دایـان لـە هەمـووان زیاتـر خاوەنـی هەڵوێسـتێکی دوژمندارانـە بـوو، دوای چەنـد ڕۆژێـک گەڕایـەوە و گوتـی: ئەگـەر لـە هەفتەکانـی داهاتووشـدا مـسر

دەست بە هێرشەکانی نەکات، ڕەنگە «بەر لەبەهار دەست پێبکات»[٦].

کەلێنی نێوان هەڵوێستی سەرۆکی هەواڵگری سەربازی کە پێیوابوو ئەگەری پەڕینەوەی مسرییەکان لە کەناڵ «لە سفرەوە نزیکە» لەگەڵ هەڵوێستی سەرۆکی ئەرکانی سوپا کە پێیوابوو ئەگەرەکە لاوازە، وەلێ بەو تاڕادەیەش نییە فەرامۆش بکرێ، ڕەنگدانەوەی ناتەباییان بوو لەبارەی پرسە سەرەکییەکە. کاتێک زێیرا پۆستەکەی وەرگرت کە لەبنەڕەتەوە بە مەزەندەکە پابەندبوو، بەڵام بۆچوونی ئیلیزار ڕەنگاوڕەنگ بوو، چونکە ئەو کەرەستە ئۆریجناڵەکانی بینیبوو کە مەروان پێشکەشی کردبوون و هەر بەهۆیەوەی مەزەندەکانی بونیاد نابوو، بەڵام هەر لەو ڕۆژەی لە یەکی کانوونی دووەمی ١٩٧٢، وەک سەرۆکی ئەرکان جێگەی بارلیڤی گرتەوە، پێیوابوو لە دوو ساڵی داهاتوودا شەڕ دەبێت، لەبەرئەوە بەئاڕاستەی گۆڕینی نرخاندنەکەی بەرمەبنای زانیاری نوێی هاتوو، زۆر لە زێیرا کراوەتر بوو.

جودایی بۆچوون ئاکامی دراماتیکی هەبوو، لە هاوینی ١٩٧٢، بەرلەوەی سادات بڕیاری دەستپێکردنی شەڕ بدات، بە مەزەندەی هەواڵگری سەربازی مسرییەکان بەر لە نیسانی ١٩٧٣ بەو ئەنجامە ناگەن کە چەکی پێویستی شەڕکردنیان هەیە. هاوکات هەواڵگری سەربازی بەرانبەر ئەوەش کراوەبوون، لەوانەیە سادات بۆ هەڵنانی هەنگاوە سەربازییەکان بێ ئەوەی یەکەمجار کەرەستەی شەڕ بە دەستبهێنێت، لەپێناو گوشار کردن پێویستییەک بدۆزێتەوە بۆئەوەی لە ڕووی دیپلۆماسییەوە پێشکەوتنێک بێتە ئارا، بەڵام کاتێک زانیارییەکان لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان دەگەیشتن و دووپاتیان لەوە دەکردەوە کە هۆکاری کات بووەتە گوشارێک بەسەر ساداتەوە، ئیدی مەزەندە و گریمانەکانی هەواڵگری سەربازی لەبارەی ڕوودانی شەڕ لە مەودای

نزیکدا، لەبری ئەوەی بچێتە پێش، پاشەکشەی کرد. لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ١٩٧٣ دوای نزیکەی شەش مانگ لە کۆبوونەوەکەی ناندینی کابینەکەی گۆڵدا مائیر، ناوەندی توێژینەوەی هەواڵگری سەربازی نرخاندنی هەواڵگری نیوەساڵی خۆی وەشاند و تێیدا ڕایگەیاندبوو، ڕوودانی شەڕ «لە هەرکاتێکی دیکەی ڕابردوو دوورترە»[٧] . زۆرینە لەو باوەڕەبوون وازهێنانی تیپی بەرگری ئاسمانی سۆڤیەت لە تەمووزی ١٩٧٢دا بە ڕادەیەکی زۆر مسری لاواز کردووە، هەرچەندە مەروان پێچەوانەی ئەمەی گوتبوو، لە ڕاستیدا ئەستەمە ئەو ڕاستییە فەرامۆش بکەین کە هەموو ئەو زانیاریانەی مەروان لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٢، تایبەت بە بڕیاری سادات لەبارەی شەڕ پێشکەشی کردبوون، هیچ شوێنەوارێکی بەسەر نرخاندنەکەی هەواڵگری سەربازی ئیسرائیلی جێ نەهێشتبوو.

هەرچی ئلیزار، بە وریاکردنەوەکانی فریشتەکە زۆر کاریگەربوو کە نزیکەی تێپەڕبوونی دوای ساڵ و نیوێک بەسەر کۆتاییهاتنی شەڕی خوێناوی و بەرپابوونی هێمنییەکی ڕێژەیی لە هەموو بەرەکاندا پۆستەکەی وەرگرتبوو، سەرەنجام بۆ کەمکردنەوەی بودجەی سوپا لە ژێر گوشارێکی زۆردا بوو. حکومەت بە ئاڕاستەی کارکردن لەسەر ئەجێندەی نوێی کۆمەڵایەتی، لە هەوڵدابوو، هەروەها دەیوست داهاتەکان بۆ وەرگرتنی ئەو دەیان هەزار ئاوارە نوێیانە دابین بکات کە لە یەکێتی سۆڤیەتەوە گەیشتبوون لەگەڵ چارەسەرکردنی گرفتی خراپ مامەڵەکردنی جووە سەفاردیمەکان «پڵینەگە ڕەشەکان» کە بەناوی بزووتنەوەیەکی ئەمریکییەوە بوون، دەستیان بە خۆنیشاندان کرد. سنوورە ئارامەکان و هەستی گشتی کە لە ئایندەیەکی نزیک پێویست بە شەڕکردن ناکات و بڕوا بوون بە باڵادەستی سوپای ئیسرائیل

کـە توانـای وەڵامدانـەوەی هـەر هێرشـێکی هەیـە، ئەمانـە هەموویـان بەسـەریەکەوە وایـان کـرد سـەرکردەکانی ئیسرائیـل بـە ئاڕاسـتەی گۆڕینـی خەزێنـەی گشـتی بـڕۆن، ئیـدی لـە سـاڵی ١٩٧٠ کەمکردنـەوەی خەرجییەکان دەسـتی پێکـرد و هەڕەشـەی قووڵبوونـەوەی زیاتریشـی دەکـرد.

ئلیـــزار هێرشـــی مـــسری بـــە ئەگەرێکـــی دیـــار دەبینـــی، بۆیـــە گفتوگۆیەکـی زۆری لەسـەر ئـەو بابەتـە کـرد کـە ئـەو کەمکردنەوانـە گەورەتریـن مەترسـی لەسـەر ئاینـدەی ئیسرائیـل دادەنێـن، لـە خراپتریـن ڕێوشـوێنەکان، نەخشـەکە ئامانجـی کورتکردنـەوەی مـاوەی خزمەتـی تەوزیمـی بـوو بـۆ سـێ مانـگ، ئەمـەش بـە نـۆرەی خـۆی ژمـارەی هێزەکانـی خزمەتـی کـردن کـەم دەکاتـەوە کـە مەسـەلەیەکی مەترسـیدارە و خۆڕاگـری لـە بەرانبـەر هـەر هێرشـێکی عەرەبـی سـەخت دەکات تـا هێـزەکان یـەدەک جێگیـر دەکرێـن. ئیلیـزار بـە هەمـوو هێزیـەوە شـەڕی نەخشـەکەی کـرد و بـە مەبەسـتی ڕاگرتنـی نەخشـەکە سـوودی لـە هوشـیاریدانەکانی مـەروان وەرگـرت. سـەرەنجام هوشـیاریدانەکانی مـەروان نەیهێشـت بگاتـە ئـەو حاڵەتـە کـە سـوپای ئیسرائیـل کەمـتر ئامادەبـاش بێـت، لەچـاو ئەوکاتـەی لـە تشرینـی یەکـەم شـەڕ ڕوویـدا.

سـەرەتای سـاڵی ١٩٧٣ ئیسرائیـل ڕاپۆرتـی زیاتـری لەبـارەی مـسر وەرگـرت کـە هەندێکیـان وردەکاری زۆرتـری تێـدا بـوو لەسـەر ئـەو کۆبوونەوەیـەی لـە بیسـت و چـواری مانگـی تشرینـی یەکـەم بەسـترا، هەروەهـا باسـی لـەو ناکۆکیانـە کردبـوو کـە بەهـۆی بـاوەڕی زۆرێـک لـە بەشـداربووان لەبـارەی نـا ئامادەیـی سـوپای مـسری سـەریانهەڵدابوو لەگـەڵ بڕیارەکـەی سـادات تایبـەت بـە دەرکردنـی وەزیـری جەنـگ و ئەوانیـدی بەهـۆی هەڵوێسـتە «سەرشـۆڕییەکەیان»، هەمدیـس ڕاپۆرتەکـە ڕاسـتکردنەوەی ئـەو فەرمانانەشـی لـە خۆگرتبـوو کـە ئیسـماعیلی وەزیـری

نوێـی جەنـگ وەریگرتبـوون، تـا پلانێـک بـۆ پەڕینـەوە لـە کەنـاڵ داڕێژێـت بـە بەکارهێنانـی تیپـە پیـادەکان، دواتـر تانکـەکان بـە دوایانـدا بچـن (پلانـی گرانیـت تـووی هەموارکـراو)، هەروەهـا وردەکاری کۆرسـی ڕاهێنانـی نوێـی سـوپای مـسری تایبـەت بـە پەڕینـەوە لـە کەناڵیشـی لـە خۆگرتبـوو.

کۆمەڵـەی دووەمـی ڕاپۆرتەکانـی ئـەشرەف مـەروان گەیشـتن، تێیـدا ئامـاژەی بـە فەرمانەکانـی ڕۆژی ١٧ی کانوونـی دووەمـی سـادات بـۆ سـوپا کردبـوو کـە خۆیـان بـۆ هێرشـکردن ئامادەبکـەن بـێ ئـەوەی چاوەڕێـی چەکـی نـوێ بکـەن. هـاوکات ئامـاژە بەوەشـدرابوو کـە لـە ڕاسـتیدا مـسر نەخشـەی پەڕینـەوە بـە شـێوەیەکی گشـتی دانەنـاوە، بەڵکـوو سـەرەتا پێـی بـاش بـووە هێرشـی کـراوە لـە شـێوەی کـردەی کۆماندۆیـی و هێرشـی ئاسـمانی لـە سـینا و هێرشـی ئاسـمانی بـۆ نـاو قووڵایـی ئیسرائیـل بکرێـت، بـە گوتـەی مـەروان هێرشـە بەراییەکانـی مـسر بـە هاماهەنگـی لەگـەڵ سـووریا لـە ئایـاری ١٩٧٣ دەسـت پێـدەکات.

لـە ڕاسـتیدا پێویسـت بـوو ئـەو ڕاپۆرتانـە ببنـە هـۆی بەهێزکردنـی ئـەو بـاوەڕەی کـە سـادات بۆچوونـی خـۆی لەمـەڕ هێـرش بـۆ سـەر ئیسرائیـل گۆڕیـوە، بـەڵام وەکـو هـەر جارێـک لـە هۆبـەی توێژینـەوەی هەواڵگـری سـەربازی کـەس گوێـی پـێ نـەدا. لـە لێکۆڵینەوەیەکـی ڕۆژی ١٧ی کانوونـی دووەم وەک وەڵامدانەوەیـەک بـۆ ڕاپۆرتەکـەی مـەروان، عەقیـد یونـاە ماندمـان، سـەرۆکی لقـی شـەش (مـسر) لـە هۆبـەی توێژینـەوەی هەواڵگـری سـەربازی نووسـی «ئەمـە ناسـەلمێنێ کـە سـادات بڕیـاری داوە لـە مانگەکانـی داهاتـوودا ئاگـر بکاتـەوە، لـەوە گرنگـتر لـە بڕیارەکـە هیـچ پلانـی هێرشـکردن بـە هیـچ جۆرێـک ڕەنگـی نەداوەتـەوە، بـە بۆچوونـی باندمـان ڕاپۆرتەکانـی مـەروان تەنیـا ڕەنگدانـەوەی خەیاڵەکانـی مـسر بـوون بـۆ دروسـتکردنی کەشـێکی تەنگژەئامێـز لەپێنـاو بزواندنـی

هەوڵـە دیپلۆماسـییەکان، هەرچـی ڕاهێنانـە سـەربازییەکانن، بـە هەڵـە لێکدراونەتـەوە و دوژمندارانـەن، بەڵکـوو بەهـۆی ئـەو بـارە گـرژەن کە ڕژێم تێیدایـە، لـە بنەڕەتـدا هەنگاوێکـی نەخشـە بـۆ داڕێـژراوە بـە مەبەسـتی دروسـتکردنی گوشـار لەسـەر ئیسرائیـل[٨]. ڕەتکردنـەوەی باندمـان بـۆ هـەر ڕاپۆرتێـک کـە لەگـەڵ مەزەنـدە نوێکراوەکـەی ئیسرائیـل تێـک نەکاتـەوە، بـە شـێوەیەکی دی دەرکـەوت. بـە پێچەوانـەی مائیـر مائیـر، باندمـان لـەو ڕۆژەی ئـەو پۆسـتەی وەرگرتبـوو هەرگیـز یەکجاریـش چـاوی بـە مـەروان نەکەوتبـوو. کاتێـک دەرفەتـی دیـداری دوبـی لـە لەنـدەن یـان ئیسرائیـل هاتەپێشـەوە، ئـەو هەرگیـز نەیقۆسـتەوە.

لـە مانگەکانـی یەکەمـی ساڵی ١٩٧٢، مـسر بـە پەلەپـرۆزی بـەردەوام خـۆی بـۆ شـەڕ ئامـادە دەکـرد، سـەرباری داڕشـتنی پـلان و ئەنجامدانـی ڕاهێنانـی سـەربازی، گەبەلـەک چەکیشـی لـە یەکێتـی سـۆڤیەت وەرگـرت کـە سـەکۆی مووشـەکی زەوی بـە ئاسـمانی SA-٣ و SA-٦ و مووشـەکی دژە فڕۆکـەی لەسـەر شـان هەڵگیـراو لە جـۆری سـترێلا SA-٧ و فڕۆکـەی جەنگی لـە جـۆری سـیخۆی SU-١٧ و تانکـی جـۆری T-٦٢ و مووشـەکی دژە زرێپۆش لـە جۆری سـاگری لەسـەر شـان هەڵگیـراو، تۆپ و کەرەسـتەی دروسـتکردنی پـردی لـە خۆگرتبـوو. هـاوکات فڕۆکـەی دەسـتکردی ڕۆژئاوایشـی وەرگـرت کـە بـە شـێوەیەک پـەرەی پێدرابـوو توانـای هێرشـکردنە نـاو قووڵایـی ئیسرائیلـی هەبـوو، وەک فڕۆکـەی هۆکـەر هەنتـەری بەریتانـی لـە عێـراق، هەرچەنـدە تـا ڕادەیـەک فڕۆکەیەکـی کـۆن بـوو، بـەڵام هێزێکـی مۆراڵـی زۆر باشـی بـە مـسر دا. هەروەهـا ئـەو فڕۆکـە میراژانەشـی وەرگـرت کـە لیبیـا لـە فەڕەنسـای کڕیبـوو و لـە هـەردوو مانگـی ئـادار و نیسـاندا هـەژدە فڕۆکـەی وەرگـرت کـە زۆربەیـان لـە جـۆری IIIE بـوون و بـەوە ناسرابـوون کـە دەتوانـێ لـە مـەودای دووردا هێـرش بکاتـە سـەر بنکـە ئاسـمانییەکانی

ئیسرائیـل[٩]. ئەمانـە هەموویـان بـۆ سـنووردارکردنی باڵادەسـتی تـەواوی هێـزی ئاسـمانی ئیسرائیـل بـەس نەبـوون، بـەڵام زیادبوونـی ژمـارەی فڕۆکـەکان و کەمکردنـەوەی ئامانجەکانـی شـەڕ کـە مـسر دایینابـوون، لـە هـەر کاتێکـی دی بـەری لەبـارەی شـڵۆقی هێـزی زەمینـی مـسری لەبـەردەم هێرشـە ئاسـمانییەکان هەسـتێکی باشـتری دا.

هـاوکات ئامادەکارییەکانـی شـەڕ چڕکرابوویـەوە، سـادات زنجیرەیـەک کۆبوونـەوەی لەگـەڵ سـەرکردەکانی پارتەکـەی پارتـی سۆسیالیسـت و کابینـەی حکومەتەکـەی کـرد کـە تێیـدا ڕوونـی کـردەوە ئـەو بنبەسـتە دیپلۆماسـییەی هەیـە، هیـچ ڕێکارێکـی دیکـەی لەبەردەمـم نەهێشـتووەتەوە، جگـە لـە ڕێـکاری شـەڕکردن نەبێـت لـە پێنـاو «شـکاندنی ئاگربەسـتدا». لەگـەڵ نزیکبوونـەوەی بەهـار، هـەر لـە ڕۆژی بڕانـەوەی شـەڕی خوێناوییـەوە، یەکەمجـار بـوو مسرییـەکان بـەو بـاوەڕە بگـەن کـە توانـای ڕوبەڕووبوونـەی سـوپای ئیسرائیلیـان هەیـە.

سـەرەتای نیسـانی ١٩٧٣، فەریقـی یەکـەم عەبدولغەنـی ئەلجمسـی سـەرۆکی دەسـتەی ئۆپەراسـیۆنی هێـزە چەکدارەکانـی مـسری، ژمارەیـەک ڕێکەوتـی بـۆ هێرشـکردن خستەڕوو، لەسـەر بنەمـای باشـی بـارودۆخ، وەک تەوژمـی ئـاوی کەنـاڵ لەوپـەڕی نزمـی بێـت و هەڵکشـان و داکشانەکەشـی لەبارێکـی گونجـاو بێـت. چونکـە هێـزی مانگەشـەو و ئـەو ڕێکەوتـە بـۆ ئیسرائیلیـەکان سـەخت دەبێـت بـۆ وەڵامدانـەوەی ڕێکخسـتنێکی کارا و خێـرا، نزیکتریـن ڕێکەوتیـش ناوەڕاسـتی مانگـی ئایاربـوو. لـە ٥ی نیسـان سـادات لەگـەڵ کابینەکـەی کۆبوویـەوە و بارودۆخـی شـاراوەی پشـت بڕیـاری تایبـەت بـە شـەڕی بـۆ شـیکردنەوە. بـە تێکـڕای دەنـگ حکومـەت بڕیارەکـەی پەسـند کـرد، دوای چەنـد ڕۆژێـک ئامادەکارییـەکان ئاشـکرابوون. ڕادیـۆی قاهیـرە دەسـتی بـە پەخشـکردنی سروودی نیشـتمانی

کـرد و حکومـەت لـە ناوەنـدی ژمـارە ١٠، لـە ژووری ئۆپەراسـیۆنەکان لـە ژێرزەمیـن کۆدەبوویـەوە، بانگـەوازی خۆبەخشـکردنی لـە «بەرگـری میلـی»ی ڕاگەیانـد، ئەگـەر هاتـوو سـوپای ئیسرائیلـی ناوچەکانـی ڕۆژئـاوای کەناڵـی داگیرکـرد.

ئـەو ئامادەکارییانـە هەمـوو سـەریان لەبـەرددا، کاتێـک سـوورییەکان هاتنـە مەیـدان. لـە ٢٣ی نیسـان حافـز ئەسـەدی سـەرۆکی سـووریا گەیشـتە مـسر و لـە تـاوەری عـەرەب لەسـەر کەنـاری دەریـای ناوەڕاسـت کۆبوونەوەیەکـی نهێنـی لەگـەڵ سـادات کـرد کـە دوو ڕۆژی خایانـد. مسرییـەکان پلانـی گرانیـت تـووی هەموارکراویـان بـە مەبەسـتی دەسـت بەسـەرداگرتنی هـەردوو ڕاڕەوی میتـلاو گیـدی خسـتەڕوو کـە هێرشـی زرێپۆشـی لەخۆگرتبـوو. پەڕینـەوە لـە کەنـاڵ وەک هەنـگاوی یەکەمـی داگیرکردنـەوەی تـەواوی سـینا بـوو. لەلای خۆیانەوە سـوورییەکان نەخشـەی ڕزگارکردنـی بەرزاییەکانـی جۆلانیـان پێشـکەش کـرد. وێـڕای ڕێککەوتنـی هـەردوو لایـەن بـۆ هەماهەنگـی کـردن لـە هێرشـەکانیاندا، بـەڵام ئەسـەد نەیدەخواسـت پەنجـە بـە پەلاپیتکـە وەبنـێ، چونکـە پێیوابـوو نـە مـسر نـە سـووریا ئامـادەی شـەڕ نیـن. بـە قەولـی ئەسـەد، کێشـەی ناوەنـدی دەسـتکورتی سـووریا بـوو لـە سـەکۆی مووشـەکی زەوی بـە ئاسـمان بـۆ پاراسـتنی هێـزە زەمینییەکانـی لـە هێرشـە ئاسـمانییەکانی ئیسرائیلـدا. سـەرەنجام هـەردوو سـەرۆک لەسـەر دواخسـتنی تـەواوی ئۆپەرسـیۆنەکە، تـا کۆتایـی هاویـن ڕێککەوتـن. دوای چەنـد ڕۆژێـک ئەسـەد سـەردانی مۆسـکۆی کـرد و لـەوێ ڕێککەوتنێکـی پڕچەککردنـی قەبـەی واژوو کـرد و لـە مـاوەی چەنـد هەفتـەدا، چەکـە نوێـکان بـە لێشـاو گەیشـتنە دیمەشـق.

ئـەم پەرەسـەندنانە لـە چـاوی هەواڵگـری ئیسرائیلـی شـاراوە نەبـوون، هـەر لـە سـەرەتای مانگـی ئـاداراوە ڕاپۆرتەکانـی تایبـەت بـە ئامادەکارییـە

چڕوپڕەکانی مسر بۆ شەڕ دەگەیشتن و گشتیان دووپاتیان دەکردەوە و مەروان لە مانگی کانوونی دووەمەوە ئەوانەی باس کردبوو کە وادەی دیاریکراوی دەست پێکردنی شەڕ مانگی ئایارە و مسر هەماهەنگی لەگەڵ سووریا دەکات[١٠]. ئێستاش پلانی شەڕ ئامادەیە و وادەکەشی دیاریکراوە و جووڵە هەواڵگرییەکانیش چڕتر بوونەتەوە.

ئەشرەف مەروان تاکە سەرچاوەی پێدانی زانیاری بە ئیسرائیل نەبوو، بەڵام گرنگترین سەرچاوە بوو. لە ١١ی نیسان وردەکاری چیرۆکەکەی لەبارەی نیازی مسر بۆ دەست پێکردنی شەڕ لە ناوەڕاستی ئایار بۆ دوبی گێڕایەوە و گوتی، جووڵەی سەرەتایی بە تۆپباران دەست پێدەکات کە بۆ سی و هەشت خولەک بەردەوام دەبێت، لەپێناو لاوازکردنی بەرگری بەرەی پێشەوەی ئیسرائیل، هاوکات لەگەڵ ئەو تۆپبارانە ١٧٨ فڕۆکە هێرش دەکەنە سەر پێگە سەربازی و مەدەنییەکان (بە دیاریکراوی چاڵە نەوتییەکان)ی سینا، هەروەها ٤٠ فڕۆکەی میراژیش هێرش دەکەنە سەر پێگەکانی ناو قووڵایی ئیسرائیل. دوای ئەم بەراییە، پێنج تیپی پیادە کە بە درێژایی کەناڵەکە مۆڵدراون لە پێنج خاڵی جواداوە دەپەڕنەوە. مسرییەکان سوود لە تاریکی شەو وەردەگرن بۆئەوەی کاردانەوەی خێرای هێزی ئاسمانی ئیسرائیل سەخت بکەن، کاتێک مسر لەسەر کەناڵ دەست بە دروستکردنی پرد دەکەن و زۆرترین ژمارەی سەربازی پیادە بەرەو کەناری ڕۆژهەڵات دەگوازنەوە. ئەو هێزە پیادەیە بە مەبەستی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ زرێپۆشەکانی ئیسرائیل، بە سەدان مووشەکی ساگری دژە زرێپۆش پڕچەک کراون. هاوکات هێزی دەریایی مسر بە مەبەستی وەستاندنی گەیشتنی جووڵەی بازرگانی بە ئیسرائیل مینی دەریایی و دوو وێرانکەر بۆ داخستنی گەرووی باب ئالمەندب دادەنێنەوە کە دەریای سوور

و ئوقیانووسی هێمنی بە یەک دەگەیاند، بەڵام پێش هێرشەکە مسر ناردنی نەوت لە کێڵگەی مۆرگانی ڕۆژئاوای کەنداوی سوێس کەم دەکاتەوە، لە کۆتایشدا لە ترسی ئەوەی ئیسرائیل هێرش بکاتە سەر کێڵگەکە و بیتەقێنێتەوە بە تەواوی ڕایدەگرێ.

شەش مانگ دوای ئەوە، ڕێک لە ٦ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٣، مسر بە کردەنی دەستی بە هێرش کرد. دوای سی و هەشت خولەک تۆپبارانکردن، پێنج تیپی پیادە لە شەوەزەنگدا بۆ دانانی پرد و ناردنی هێزەکان لە خاڵە دیاریکراوەکان پەڕینەوە. پیادەڕۆکان مووشەکی ساگریان پێبوو و دەستیان کرد بە تێکوپێک شکاندنی تانکەکانی ئیسرائیل کە هێشتا شوێنی خۆیان نەگرتبوو، تەواوی تاخمەکەی لەپڕ حەپەسان. ژمارەی ئەو فڕۆکە مسریانەی لە هێرشی یەکەم بەشداربوون، نزیکەی دووسەد فڕۆکە بوو، بەڵام هێرشیان نەکردە سەر قووڵایی ئیسرائیل، بێجگە لە هەوڵی تێگرتنی مووشەکێکی کلێت بە قازیفەی Tu-١٦ بۆ سەر تەلئەڤیڤ نەبێت. ئەم گۆڕانکارییەی لە پلانەکە ڕوویدا بەرەنجامی ئەو ڕاستییە بوو، ئەوان ناتوانن لە ٢٥ی فڕۆکەی میراژ زیاتر بجووڵێنن کە لە بنەڕەتدا بڕیار بوو ٤٠ فڕۆکە بجووڵێنن، بۆیە هێرشەکەیان بۆ سەر سینا گۆڕی.

بە مانایەکی دیکە، لە ١١ی نیسان مەروان تاڕادەیەک گشت وردەکارییەکانی بە ئیسرائیلدا بوون کە لە ٦ی تشرینی یەکەم بە کردەنی لەلایەن مسرییەکانەوە هاتنە جێبەجێکردن.

لەم کاتەدا، زانیارییە بەدەستکەوتووەکان دووپاتیان لە ڕاپۆرتەکانی مەروان دەکردەوە کە لە ناوەڕاستی ئایار شەڕ دەقەومێ، هەندێک لەو سەرچاوانە بە ئاشکرا باسیان لە ١٩ی مانگ دەکرد و لەوبارەوە مەزەندەکانی مسریشیان شیدەکردەوە، بەڵام مەروان وەک سەرچاوەیەکی

هەواڵگـری سـەرکەوتنە بەرچاوەکـەی دەرخسـت، کاتێـک گوتـی: لـە سـەرەتاکانی ئایار(واتـە هەفتەیـەک دوای بڕیـارە هاوبەشـەکەی سـادات و ئەسـەد بـۆ دواخسـتنی شـەڕ) وادەی شـەڕ دواخـرا و ئێسـتاش وادەکـەی لـە کۆتاییەکانـی ئایـار نزیکـترە تـا سـەرەتاکانی حوزەیـران. دوای سـێ هەفتـەی دی دوبـی زانـی کـە بـۆ ماوەیەکـی درێژتـر نزیکـەی بـۆ مانگێـک دواخـراوە، بـە مەزەنـدەی دوبـی سـۆڤیەت گوشـارێکی زۆری لـە سـووریا کـردووە بـۆ ڕاگرتنـی هێرشـەکە، لەبەرئـەوەی تەنگـژە بـۆ لوتکـە چاوەڕوانکراوەکـەی نێـوان هـەردوو سـەرۆک نیکسـۆن و برژنێـف دروسـت دەکات کـە بڕیاربـوو لـە مـاوەی نێـوان ١٨ تـا ٢٥ی حوزەیـران لـە ویلایەتـە یەکگرتـووەکان ببەسـترێت. لـە درێـژەی قسـەکانیدا مـەروان گوتی»مسرییـەکان هیـوادارن لـە بـەرەی دیپلۆماسییەوە لوتکەکـە پێشـکەوتنێک بێیتـە ئـاراوە و وا بـکات شـەڕ پێویسـت نەبێـت[١١]. هەروەهـا سـەرچاوەکانی دیکـەش دووپاتیـان لـە زانیارییەکانـی مـەروان دەکـردەوە.

بـێ لـەوە، مـەروان یەکێـک لـە سـەرچاوە سـەرەکییەکانی ئیسرائیـل تایبـەت بـە نەخشـەکانی سـووریا بـوو. لـە ناوەنـدەوە لـە تاریکـی شـەودا سـێ تیپـی پیـادە بـە مـاوەی دە کیلۆمەتـر بـۆ بەرزاییەکانـی جـۆلان ئامـادەی پێشـڕەوین. بەرەبەیانـی ڕۆژی دواتـر تیپـی سـێی زرێپۆشـی سـووری بـە ئاڕاسـتەی ڕۆژئـاوا بـەرەو سـنووری سـاڵی ١٩٦٧ پێشـڕەوی دەکات بـە ئامانجـی گێڕانـەوەی تـەواوی ناوچەکـە کـە لـە شـەڕی شـەش ڕۆژەدا داگیرکرابـوو، بـەڵام دواتـر دەرکـەوت سـوورییەکان پێیـان باشـتر بـووە لەگـەڵ گزنگـی بەرەبەیـان دەسـت پێبکـەن. دوای مشـتومڕێکی زۆر لەگـەڵ مسرییـەکان لـە دوا سـاتدا گەیشـتوونەتە دیاریکردنـی کاتژمێـر سـفر کـە کاتژمێـر دووی پاشـنیوەڕۆ بێـت، بـەڵام هێرشـی زرێپـۆش لـە شـەڕی تشریـن بەهـۆی دوو تیپـی زرێپۆشـەوە بـوو لەبـری یـەک تیـپ، چونکـە

سـووریيەکان تیپێکـی دیکەشـیان زیـاد کـرد، بێجگـە لـەو هەموارکردنانـە، هێرشـەکەی سـووریيەکان لـە تشرینـی یەکـەم وەکـی ئـەو وەسـفانە بـوو کـە مـەروان لـە مانگـی نیسـان کردبـووی.

زانیارییـەکان کـە بـە بەردەوامـی لەبـارەی مانـۆڕی مـسری و سـووری دەگەیشـتن، دووپاتیـان لـەو ڕاپۆرتانـە دەکـردەوە کـە دەیانگـوت سـادات بـە کردەنـی نەخشـەی داڕشـتووە لـە ١٩ی ئایـار هێـرش دەسـت پێبـکات، بـەڵام دوای دیـداری ئەسـەد کۆرسـەکە هەمـوار کرایـەوە. لـە مانگـی ئـادار سـوپای مـسری هێزەکانـی لـە ناوچـەی کەنـاڵ مۆڵکـرد. لەسـەرەتای نیسـان لـە وێنەکانـی لەلایـەن فڕۆکـە پایدۆزەکانـە گیرابـوون، دەرکـەوت ژمـارەی تۆپـە جێگیرکراوەکانـی مـسر لـە بـەرەی شـەڕ زۆر لـە پێشـان زیاتـرن. لـە کۆتایـی نیسـان هەواڵگـری سـەربازی بـە سـوپای سـێی ڕاگەیانـد کـە لـە کەرتـی باشـووری کەنـاڵ بەرپـرس بـوو، کـە لـە ٢٠-٢٤ خـۆی بـۆ پـڕۆژە ڕاهێنانێکـی گرنـگ ئامـادە دەکـرد؛ هـاوکات یـان کەمێـک پێشـتر، بـە سەرپەرشـتی هێزەکانـی دەریـا ڕاهێنانـی سـەربازی بـۆ هێزێکـی هاوبـەش دەکـرا. ڕاهێنانـەکان پـەرە پێبـدەن بـۆ هێرشـی ڕاسـتەقینە، هەواڵگـری سـەربازی پێشـبینی ئـەوەی دەکـرد لەکاتـی ڕاهێنانەکـەدا مسرییەکان ئاسـتی ئامادەباشـی بـەرز بکەنـەوە و هێزەکانیـان بـەرەو بەرەکانـی شـەڕ پـاڵ دەن و مۆڵەتـی ئەفسـەرەکانیان هەڵوەشـێننەوە و گشـت پێداویسـتییەکی تەناهـی وەربگـرن. ئـەو ڕێوشـوێنانە، هەمـان ئـەو ڕێوشـوێنانەبوون کـە لـە بارودۆخـی شـەڕ وەردەگیردرێـن. لـە یەکـی ئایـار هەواڵگـری سـەربازی ڕایگەیانـد لـە گشـت یەکەکانـی سـوپای مسریـدا یەدەگـەکان بانـگ کراونەتـەوە. لـە هەمـان کاتـدا مـەروان باسـی لـە جووڵـەی گـەورەی هێـزەکان بـەرەو کەنـاڵ کردبـوو کـە هـەردوو تیپـی میکانیکـی شـەش و بیسـت و سـێی لـە خۆگرتـووە، دواتـر دوای نزیکـەی هەفتەیـەک لـە بڕیـاری دواخسـتنی شـەڕ، ئامـاژەکان سـووک بوونـەوە، لـە هەفتـەی دووەمـی

مانگی ئایاردا هەواڵەکان وایان ڕاگەیاند، ئەو تیپانەی بڕیاربوو قاهیرە جێبهێڵن و بچنە کەناڵ، لە شوێنی خۆیان ماونەتەوە. بە درێژایی کەناڵ هیچ ئاماژەیەک نییە کە بەڵگە بێت لەسەر بڵاوبوونەوەی هێزەکان کە ئیسرائیلییەکان لەسەر بنەمای زانیارییەکانی مەروان پێشبینی نەخشەی شەڕیان دەکرد. لەبەرەی سووریاشەوە هەمان گۆڕانکاری بەدیکرا. وێڕای ئەوەی ڕاپۆرتەکان باسیان لە ئامادەکارییەکی گەورەی شەڕ دەکرد، سوپای سووری هیچ کارێکی ڕێکخراوی بۆ تۆکمەکردنی بەرەکانی شەڕ نەکرد وەک ئەوەی لە سەرەتای بەهار کردبووی، بەڵکوو بڵاوەپێکردنی سوپای سووک کردبوو.

لەمانە هەمووی، ڕوون بوویەوە کە هەواڵگری سەربازی ئیسرائیلی لە مانگی نیسان و ئایار هەموو ئەو زانیاریانەی دەستکەوتبوو کە پێویستی پێیان بوو تا بەتەواوی بزانێ لەبەرەی عەرەبی چ بەڕێوە دەچێت و هۆکارەکەی چییە.

وێڕای هەموو ئەوانە، هەواڵگری سەربازی ئیسرائیل هەمیشە لە هەڵسەنگاندنەکانیدا هەڵەی دەکرد، لەبەرئەوەی بە بەردەوامی ئەو ئەگەرەی بە دووردەگرت کە سووریا و مسر بۆ شەڕ ئامادەبن. لە ١١ی ئەیلوول هەواڵگری سەربازی لێکۆڵینەوەیەکی گشتاند کە پێویست بوو بۆ هەڵسەنگاندنی ئەگەری قەومانی شەڕ بایە، بەڵام لەبری ئەوە هەروا بە سانایی هوشدارییە جۆراوجۆرەکانی فەرامۆشکرد و بێ چاو نوقاندن کەوتە دوای ئەو باوەڕەی کە مسر پێش دابینکردنی فڕۆکەی مووشەکهاوێژی دوورمەودا و مووشەکی سکۆد، هەرگیز هێرش ناکات. ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بە گەیشتنی هەژدە فڕۆکەی میراژشدا بوو و بە «هەنگاوە گرنگەکەی» ناونابوو کە لەوانەیە گۆڕانکاری لە نزیکبوونەوەی مسر لە هێرشکردن دروست بکات، بەڵام دوای ئەوە ئەوەشی زیاد

کردبـوو کـە «گومـان لـەوە دەکات ئـەو زیادکردنـە بۆچوونێکـی هەڵـە بـە سـەرکردایەتی مـسر بـدات، بـەوەی مـسر بـە تەنـێ توانـای خۆراگرتـن هەیـە لـە هـەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکـی ئاسـمانی لەگـەڵ ئیسرائیلـدا»[١٢]. جارێکـی دی شرۆڤەکارانـی هۆبـەی توێژینـەوەی هەواڵگـری سـەربازی بەتایبەتـی موقـەدەم بادمانـی سـەرۆکی لقـی٦ (مـسر)، کـە زۆر پێداگربـوو لەسـەر ئـەو بۆچوونانـەی یەکەمجـار مـەروان بـە مۆسـادی دابـوون، هیـچ نیازێکیـان بـۆ ئـەو ژمـارە گەورەیـەی ئامـاژەکان نەبـوو، بەوانەشـەوە کـە مـەروان خـۆی پێشکەشـی کردبـوون و دووپاتیـان دەکـردەوە کـە ئـەو مەزەندەیـە هیچـی دی واقیعـی نییـە. کاتێـک هیـچ بوارێـک نادۆزنـەوە بـۆ مامەڵەکـردن لەگـەڵ ئـەو وریاکردنەوانـەی لـە سـەرچاوە هـەرە باشـەکانی مـسرەوە دەگەیشـتن، ئـەو ئەفسـەرانە شـیکردنەوەیەکیان هەڵدەبـژارد کـە ڕێگـەی پـێ دەدان لەسـەر هەمـان مەزەنـدە بمێننـەوە. ئـەو ڕاهێنانـەی مـسر دەیکـرد، وایـان شـیدەکردەوە کـە ئـەوە پڕۆپاگەنـدەی ناوخۆیـە «ئامانـج لێـی پێدانـی ڕاسـتوێژییە بـەو لێدوانانـەی ڕژێـم دەیکـرد کـە گوایـە وڵاتەکەیـان لەسـەر لێـواری ململانییەکـی گشـتگیرە». وریاکردنـەوەکان خۆیـان بـە «شـەپۆلێکی ڕاپۆرتـەکان وەسـف دەکـران، هەندێکیـان پێشـبینی هێرشـی مسریـان دەکرد، تەنانـەت وادەی دیاریکراویشـیان دادەنـا» بـەڵام بـە شـێوەیەک فەرامـۆش دەکـران، بـەو پێیـەی «لـە کەشـێکی ئامـادەکاری بـۆ ململانێیەکـی گشـتگیر» سـەرچاوەیان گرتـووە کـە مـسر خـۆی دەسـتی پێکـردووە. دوای چەنـد ساڵێک، باندمـان دانـی بـەوەدا نـا کـە ئـەو هەرگیز سـەرچاوەکانی مۆسـادی بـەلاوە ڕاسـت نەبـووە و پێیوابـووە لـە شـیکردنەوەی ئامادەکارییەکانـی ڕاهێنـان کـە ئامـادەکاری شـەڕن هەڵەیـان کـردووە[١٣].

هەرچەنـدە هێشـتا قەبـارەی ئـەو کاریگەریانـە ڕوون نەبـوو کـە لەسـەر بڕیارسـازانی وڵاتـی جێهێشـتبوو، بـەڵام لـە ١٨ی نیسـان دوای

گەیشتنی وریابوونەوەکان لە مەروانەوە، گۆڵدا مائیر، لەسەر داواکاری سەرۆکی مۆساد نادینی کابینەی حکومەتەکەی لە شوێنی مانەوەی خۆیدا کۆکردەوە کە ئەو بەڵگانە دوودڵی کردبوون ئاژانسەکەی کۆی کردبوونەوە. ئامانج لە کۆبوونەوەکە هەڵسەنگاندنی ئەگەری قەومان و چۆنیەتی ئامادەکارییەکانی شەڕ بوو. هەر لەبەرئەوە زامیریش بەشدار بوو، وێڕای ئەوەی ئاژانسەکەی لە هەڵسەنگانە گشتییەکانی هەواڵگریدا هیچ ڕۆڵێکی فەرمی نەبوو.

گشت بەشداران لەسەر ئەوە کۆکبوون کە لە ڕاپۆرتەکەی خۆتێڵدا هاتبوون، جگە لە زێیرای سەرۆکی هەواڵگری سەربازی نەبێت، بەپێی هەڵسەنگاندنی هەمووان ڕەنگە لە چەند مانگی داهاتوودا مسر شەڕ هەڵگیرسێنێ، دایانی وەزیری جەنگ بە تۆنێکی هێمنەوە گوتی: «پێموایە ئەوان نیازی شەڕیان هەیە». ئاشکرابوو ئەو هێندە بەو مەزەندەیە پێگیر نەبوو، بەڵکوو زیاتر تەکەزی لەسەر ئەو تەنگوچەڵەمە سیاسیانە بوو کە ڕوبەڕووی سادات دەبنەوە و ناچاری دەکات هێرش بکات، بەر لەوەی سوپاکەی ساز و تەیار بێت. ئەلیئازری سەرۆکی ئەرکان گوتی: «لۆژیکێکی ناوخۆیی هەیە، شەڕ بە باشتر دادەنێ... لەوانەیە مەزەندەیەکی تازەشیان پەرەپێدا بێت کە بۆ ئەوان شەڕ دەریچەیەک بێت»، بەڵام زامیر پێداگری لەسەر ئەو ڕاستینە دەکردەوە کە لە هزری مسرییەکاندا بارودۆخ بە ئاڕاستەی شەڕ ڕسکاوە و گەیشتنی فڕۆکەکانی میراژی بە پەرەسەندنێکی گرنگ دادەنا، بێگومان لەسەر بنەمای ڕاپۆرتەکانی مەروان مسرییەکان پێیانوایە گەیشتنی فڕۆکەی زیاتری لەم جۆرە، ئەوان بە قۆناغێک دەگەن، دەرفەتیان پێدەدات هێرش بکەنە سەر بنکە ئاسمانییەکانی ئیسرائیل. زامیر هێشتا هەر لەڕووی پرسیارەکانی لەبارەی چەک لە چوارچێوەی شێوازێکی مەزەندەکەی بیری دەکردەوە و پێیوابوو بۆ هێرشکردن مسر

پێویستی پێیان هەیە، بەڵام ئەم شێوازە زۆر لە شێوازی هەڤاڵەکانی لە هەواڵگری سەربازیدا نیانتر بوو. زامیر باسی لەوە کرد مسر مووشەکی نوێی سام و کەرەستەی نوێی دروستکردنی پرد و سیستمی نوێی ئەلیکترۆنی دەستکەوتووە، هەروەها لە بەرەی ناوخۆدا بەرگرییەکانی خۆشیان چاک کردووە. بەڕای سادات ئەمەش وایکردووە ڕوودانی شەڕ واقیعی بێت و بەهێمی گوتی باوەڕی وایە شەڕ دەقەومێ.

ئەو بۆچوونە تەواو دژی هەڵسەنگاندنەکەی زێیرا بوو، ئاخر سەرۆکی هەواڵگری سەربازی ئەو ئەگەرەی ڕەتدەکردەوە کە سادات لەم بارودۆخەی هەنووکەیدا هێرش بکات، بۆیە ورياکردنەوەکانی فەرامۆش کرد و تەکەزی تەنیا لەسەر ئامادەکارییە کردەییەکانی شەڕ دەکردەوە. هەرچەندە دانی بەوەشدا نا کە «ئەمجارە ئاماژەکانی ئامادەکارییە ڕاستینەکان زۆر لەچاو مانگەکانی تشرینی دووەم و کانوونی دووەمی ١٩٧٢ بەرچاوترن، بەڵام پاسگەزبوویەوە و بە خێرایی گوتی: «هەر شیکردنەوەیەکی لۆژیکانەی ڕەوشەکە، ئەوە دەردەخات، هەڵەیە پێمان وابێت مسر ڕوو لە شەڕە». هەروەها خوازیاری قبوڵکردنی هەر هەڵەیەکی مسری بوو، هەر بۆیە ڕوونی کردەوە کە هەواڵگری سەربازی لە گەڕان بە دوای ئاماژەی دیکە بەردەوام دەبێت و قسەکەی بەوە کۆتاییهێنا کە «لە ڕاستیدا ئێمە ئاماژەی زیاتر دەبینین کە نیازەکانی سادات لە پلاندانان بۆ شەڕ تێناپەڕن، بەڵام هێشتا بۆ سەلماندنی ئەوە زوویە»، بەڵام ئەگەر ئەو وشانە لەبەرچاو بگرین کە لەبەر ڕۆشنایی ئامادەکارییە گەورەکانی مسر بۆ شەڕ گوتراون. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە ڕاپۆرتەکانی دەگەیشتنە هەواڵگری سەربازی باسیان لە لەشکرکێشییەکانی ریزەکانی سوپای مسری لە بەرەی کەناڵ دەکرد. هەروەها لە کاتێکدا باشترین سەرچاوە هەواڵگرییەکانی ئیسرائیل، وریاییان ددەدا کە سادات لە چەند مانگی داهاتوودا نیازی هێرش

کردنــی هەیــە. لەســەر ئــەو بنەمایــە هەڵســەنگاندنەکەی زێیــرا زۆر بــە ناواقیعــی دەبینیــن.

لــە گفتوگۆکانــی دوای ئــەوە، لــە کۆبوونــەوەی ســەرۆک وەزیــران و گالیلــی ڕاوێــژکاری کــە هەردووکیــان لاگیریــان لــەو بۆچوونــە دەکــرد، لــە مانگەکانــی دادێــدا ئەگــەری هێرشــێکی هاوبەشــی مــسری و ســووری لــە ئارادایــە، کۆدەنگییــەک تایبــەت بــەم بۆچوونــە دروســت بــوو[١٤]. ڕۆژی دواتــر، ئەلیــزار فەرمانــی بــە ســوپای ئیسرائیلــی کــرد، لــە دوو بــەرەوە خــۆی بــۆ هێرشــێکی لــە پــڕ ئامــادە بــکات. مانگێــک دواتــر دایــان دوو کۆبوونــەوەی لەگــەڵ فەرماندەکانــی ســوپا کــرد و لێــرە بــەدواوە لەســەر ئەنجامدانــی کاری پێویســت ڕێککەوتــن بــۆ ئــەو گریمانــەی کــە لەوانەیــە مــسری و ســوورییەکان، نــەک (ئوردنییــەکان) لــەم وەرزی هاوینــەدا هێــرش بکەنــە ســەر ئیسرائیــل، دایــان بــە فەرماندەکانــی ســوپای گــوت: «خۆتــان بــۆ هاویــن ئامــادە بکــەن، دوای مانگێــک لەئێســتاوە دەســت پێــدەکات»، ئــەوەش ســەرەتای ئــەوە بــوو کــە بــە ( ئــاگاداری شین-ســپی) نــاسرا کــە تۆکمەکردنێکــی خێــرای هێــزەکان و ئامادەکارییەکانــی ئــەو شــەڕەی لــە خۆدەگــرت کــە شــیمانە دەکــرا لــە چەنــد مانگێکــدا بقەومــێ[١٥].

ئــاگادری شین-ســپی کارا و چــالاک بــوو، بــەڵام بــە پێچەوانــەی بــاوەڕی ئیسرائیــل، ئاگادارییەکــە بانگکردنەوەیەکــی فرەوانــی هێــزی یەدەگــی لــە خــۆ نەگــرت، بەڵکــوو لــە هــەردوو بــەرەی باکــوور و باشــوور نزیکــەی ٥١٥ تانــک جێگیرکــرا، واتــە لەســەر پــێ وەســتانێکی تــەواوی ســوپای ئیسرائیــل، بــەڵام بــێ ســوپای یــەدەگ بــوو. ڕاســتە لــە مــاوەی دوو هەفتــەی بــەر لــە ڕاگەیاندنــی دەوڵەتــی ئیسرائیــل بــە مەبەســتی هاریکردنی لیــوا بەشــدارەکانی نمایشــی ســەربازی هــەردوو لیــوای یەدەگــی تانــگ بانگکرانــەوە، بــەڵام بێجگــە لــەوە بەشــێکی گــەورەی بودجــەی ســەرباری

تەرخانکراو بۆ ئاگاداری شین-سپی خەرجکرا کە نزیکەی ٣٥ ملیۆن دۆلار بوو، ئەویش بۆ دروسکردنی یەکەی سەربازی نوێ کە تیپی زرێپۆش و بارەگای تیپی دیکە و پاڵپشتکردنی کەتیبەی تانک و تۆپ و پەیدۆز و دووبارە دانانەوەی کۆگای لەناکاوی نزیک لە هێڵەکانی بەرەی شەڕ و پەرەپێدانی سیستمی پردەکانیشی دەگرتەوە، تا سوپای ئیسرائیل بکارێ بە خێرایی لە کەناڵی سوێس بپەڕێتەوە، لەگەڵ زۆر سەنگەری دیکە. بەهۆی ئاگادارکردنەوەی شین-سپییەوە، لیوا تال ئیسرائیل فەرماندەی دەستەی ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای ئیسرائیل لە شەڕی یۆم کیپوور نووسیبووی: «سوپاس بۆ ئاگاداری شین-سپی، چونکە ئەو سوپایەی چووە شەڕ، زۆر لەوە بەهێزتر بوو کە بە پێی نەخشەکاری ئاسایی شەڕی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ پلانی بۆ داڕێژرابوو، تەنانەت ئەو سوپایە زۆر لەوە کاراتر بوو کە بۆ ساڵی ١٩٧٤ و ١٩٧٥ نەخشەی بۆ داڕێژرابوو».

لە ڕاستیدا کاریگەرییەکانی ماوەی نێوان نیسان و ئایاری ١٩٧٣ و ئاگاداری شین- سپی بۆ ئامادەگیی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣نەبوو کە ئیسرائیل تاڵ قسە دەکات. ڕاستە ئامادەکارییەکانی سوپا لەسەر کاغەز باشتر بوون، بەڵام ڕوونەدانی شەڕ نە لە بەهار و نە لەکاتی ئاگادارییەکە کە بە فەرمی لە ١٢ی ئاب کۆتایهات، وایکرد سەرکردەکانی ئیسرائیل خاوبنەوە و بکەونە باری گوێ پێ نەدانەوە، بەمەش هەڵوێستی ئیلی زێیرا، یۆنا باندام، ئاریێ شالیف و ئەفسەرانی دیکەی هەواڵگری سەربازی کە بە بەردەوامی دەیانگوت مسر هێرش ناکات، هاتەجێ، لەبەرانبەردا مەزەندەکانی سەرۆکی ئەرکان و وەزیری بەرگری پاسەکشەی کرد کە دەیانگوت لە وەرزی هاویندا شەڕ دەقەومێ. ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری بەسەر دایانەوە هەبوو کە لە ماوەی نێوان حوزەیران و تەمووز بەو باوەڕە گەیشت کە شەڕ لەو دەیە ڕوونادات، تەنانەت بێ ڕێککەوتنی ئاشتیش. لەگەڵ نزیکبوونەوەی تشرینی یەکەم،

کاریگەری «لورەی گورگ» لەنێو هەواڵگریدا کەوت. ڕەنگە ئەمە ببێتە لە دەستدانی هەموو دەستکەوتەکان کە لە باشکردنەکانی ئامادەگی سوپای ئیسرائیل بەدیهاتبوون.

پرسی لە هەمووان ڕوونتر، لەو هەموو ڕووداوانە بەشداریکردنی مەروان بوو کە سەرچاوەی سەرەکی ئاگادارکردنەوەکانی قەومانی هێرش بوو لە مانگی ئایاردا، کاتێک مسر بە کردەنی نەخشەی بۆ هێرش دادەڕشت، هەروەها یەکەم کەسیش بوو کە هەڵوەشاندنەوەکەی بە ئیسرائیل ڕاگەیاند، هەر ئەو بوو وردەکاری هەردوو پلانی گرانیت توی هەموارکراو و منارەی بڵندی پێشکەشی ئیسرائیل کرد، هەمدیس نەخشەی هێرشی سووریاش. بە بەردەوامی هەر شتێکی نوێ لە بارەی فڕۆکەی میراژەوە هەبا کە لە لیبیاوە دەگەیشت، پێشکەشی ئیسرائیلی دەکرد، چونکە خۆی سەرپەرشتی کردەکەی دەکرد. جیا لە هەموو ئەوانەوە، هەر ئەو بوو بە ئیسرائیلی گوت ئەو کاروبارانە چنە کە دەبێ لە هێرشی مسریدا پێشبینی بکات، لەوانەیە هەندێک لەو هەنگاوانە، وەک کردەی بڵاوکردنەوە بە درێژایی بەرەی کەناڵ و باری ئاگاداری لە یەکە جۆراوجۆرەکانی سوپا، لای ئیسرائیلییەکان زۆر باش ناسراوبن، بەڵام هەندێ مەسەلەی دیکەی وەک جێگیرکردنی کەشتی لە گەرووی باب ئەلمەندب و وەستانی کێڵگەی مۆرگان لەگەڵ پێدانی زنجیرەیەک ئاماژەی ڕوون و نوێی تایبەت بە وادەی دەست پێکردنی شەڕ نوێ بابەت بوون. هەرچەندە ئەگەر ئیسرائیلییەکان لە ڕۆژانی بەر لە ٦ی تشرینی یەکەم بایەخێکی پێویستیان بەو ئاماژەیانە بدا با، ئەوە دەیانزانی ڕێک هێرشەکە کەی دەست پێدەکات.

مەروان لە پێدانی زانیاری هەستیار بەردەوام بوو، تەنانەت دوای ئەوەی ڕوونیش بوویەوە کە لە بەهار شەڕ ڕوونادات. لە ٢٠ی ئادار

ئیسرائیلی لەبارەی مووشەکی زەوی بە زەوی نوێی مسری ئاگادار کردەوە کە مەوداکەی ٣٢٠ کیلۆمەترە. ئەمەش یەکەم ئاماژەی نیازی سۆڤیەت بوو مووشەکی سکۆد بە مسر بدات کە ماوەیەکی زۆر بوو داوای دەکرد. دوای دوو هەفتە باسی لەوە کرد کە سەرکردایەتی مسر وازی لەوە هێناوە دەستکەوتنی فڕۆکەی تۆپهەڵگری دوورمەودا وەک مەرجێکی پێویستی دەستپێکردنی شەڕ دابنێت.

دوای سی و پێنج ساڵ زێیرا گوتی: «هۆکاری سەرەکی شاراوەی پشت درککردنی گۆڕینی ئامانجەکانی مسر لە شەڕ، شکست لە کۆکردنەوەی هەواڵگری سەربازی بوو، چونکە ئەوانەی زانیاریان کۆدەکردەوە هیچ زانیارییەکیان لەوبارەوە نەدا، من تەنانەت یەک ڕاپۆرتیشم لە هیچ سەرچاوەیەک لەبارەی ئەو وەرچەرخانە نایەتەوە یاد، هەروەها یەک ڕاپۆرتیشم نایەتەوە یاد ئاماژەی بە ئەگەری ڕوودانی ئەو گۆڕانکارییە لە ئامانجی شەڕ دابێت[١٦].

ئەگەر ڕاستییەکە لەبەرچاو بگرین، ئیلی زێیرا خۆی ڕاپۆرتەکانی خۆتێلی وەردەگرت کە مەروان پێشکەشی دەکردن، بە وردەکاری نەخشەکانی شەڕیشەوە. ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئەو باش دەیزانی کە کۆکەرەوەی زانیارییەکان هەموویان بینیوە و ناردووە.

واتە هۆکاری سەرەکی شکستی ئیسرائیل نەبوونی مامەڵەکردنێکی نەرمونیانی پسپۆرانی هەڵسەنگاندنی هەواڵگری ئیسرائیل بوو لەگەڵ مەزەندەکانەوە. لەسەرووی هەمووشیانەوە زێیرا خۆی، وێڕای ئەوەی بە درێژایی یەک ساڵ هەموو زانیارییەکیان لە بەردەست بوو کە بێ هیچ پێچوپەنایەک ئاماژەی بە نەگونجان لەگەڵ واقیعدا دەدا. بەڵام هەر بە مەزەندەکە پێداگیر بوون و تا سەرلەبەیانی ٦ی تشرینی یەکەم لەسەر باوەڕی خۆیان بەردەوام بوون.

لـەو ڕۆژەی سـەدان هـەزار ئیسرائیلـی کـە کرۆکـی سـوپای یەدەگیـان پێکدەهێنـا بـۆ بـە ڕۆژووبـوون و نوێژکـردن پەنایـان بـۆ پەرسـتگاکانیان لـە شـارەکانیدا بـرد، بـەڵام ئـەو کەسـانەی لـە ڕاگەیاندنـی نەفیـردا پشـتیان پـێ دەبەسـترا، لـە گەرمـەی خەودابـوون.

# پاژی هەشتەم

## ئامادەکارییە دوماهییەکان و کورتەناوبڕێك لە ڕۆما

ئاگادارکردنــەوەی شین-ســپی کــە لــە ١٧ی ئایــار لەلایــەن ســوپای ئیسرائیـل ڕاگەیەنـدرا، لەگـەڵ بـە لووتکـە گەیشـتنی جووڵـەی هەڵکشـان و داکشــان، ئاماژەکانــی دەســتپێکردنی شــەڕ کەوتــە واری جێبەجێکــردن. بەرمەبنـای ڕاپۆرتەکـەی مـەروان لەبـارەی بڕیـاری دواخسـتنی شـەڕ بـۆ دوو مانـگ ئـەو هەسـتە لـە نێـو بڕیارسـازانی ئیسرائیـل دروسـت بـوو، لەوانەیـە ئیسرائیــل کەمێــک پەلــەی کردبێــت لــە خۆئامادەکــردن بــۆ شــەڕێک کـە هەرگیـز ڕوو نـادات. ئـەو پیـاوەی بـێ پێچوپەنـا، ئـەو هەڵوێسـتەی دەربـڕی، مۆشـێ دایانـی وەزیـری بەرگـری بـوو کـە لـە ٢١ی ئایـار فەرمانـی بـە سـوپاکەی کـرد، خۆیـان بـۆ شـەڕ ئامـادە بکـەن کـە پێدەچـێ «لـە نیوەی دووەمـی ئـەم هاوینـە بـە دەستپێشـخەری ... مـسر و سـووریا دەسـت پـێ بـکات»[١]. دوو مانـگ دواتـر لـە دیدارێکیـدا لەگـەڵ گۆڤـاری تایـم، دووپاتـی کـردەوە «لـە دە سـاڵی دادێـدا، ئێمـە بـە درێژایـی هێڵـی ئێسـتا سـڕبوون لـە سـنوورەکان دەبینیـن، بـەڵام هیـچ شـەڕێکی گـەورە ڕوونـادات»[٢].

ئــەو پێچکردنــەوە گەورەیــەی وەزیــری بەرگــری ئیسرائیــل، لەگــەڵ ئـەوەی لـە مـسر و سـووریا بەڕێوەدەچـوو، یەکـی نەدەگرتـەوە. هەرچەنـدە سـادات تۆنـی قسـەکانی سـووکتر کردبـوو، کەشـی گشـتی مسریـش کەمـتر دوژمندارانــە بــوو، بــەڵام مــسر هــەر خەریکــی خــۆ پڕچــەک کــردن و

بڵاوکردنـەوەی چـەک و ڕاهێنانـی سـەربازی بـوو، لـە سـەودایەکی قەبەدا کە لـە ئـاداری ١٩٧٣ کـرا و لـە هاویـن وەرگیـرا، مـسر پۆڵێـک فڕۆکـەی مێک ٢١ و مووشـەکی SA-٦ زەوی بـە ئاسـمانی بـۆ لیوایەکـی تـەواو وەرگـرت لەگـەڵ زرێپۆشـی سـەربازی و مووشـەکی دژە فڕۆکـە لـە جـۆری سـاگر کـە لەسـەر شـان هەڵدەگیـرا، هەروەهـا پارچـە تۆپـی ١٨٠ ملیمەتـر کـە توانـای لێدانـی سـەنگەرەکانی هێڵـی بارلیفـی هەبـوو. دواتریـش مووشـەکی سـکۆد لـە مانگـی تەمـووز لـە یەکێتـی سـۆڤیەتەوە گەیشـتە دەسـتی و لـەو ڕاهێانـەی هاویـن بەکارهـات کـە لـە سـەرەتای مانگـی ئـاب دەسـتی پێکـرد و تـا سـەرەتای شـەڕ بەردەوامبـوو. سـەرباری ئەوانـە وەک ئـەوەی مـەروان بـە ئیسرائیلییەکانـی گوتبـوو، مـسر فڕۆکـەی میـراژی فەڕەنسیشـی لـە ڕێگـەی لیبیـاوە دەسـتکەوتووە، ئـەو فڕۆکانـە سـەرباری مووشـەکی کلێـت کـە بـە قازیفـەی TU-١٦ دەتەقێنـدرا، وای دەکـرد توانـای هێرشـکردنە نـاو قووڵایـی ئیسرائیـل هەبێـت.

هـاوکات، مـسر لـە ئامادەکارییەکانـی پەڕینـەوە لـە کەنـاڵ زۆر خێرابـوو، چونکـە دواخسـتنی شـەڕ دەرفەتـی بـە مـسر دا هـەر پێنـج هێـزە تایبەتییەکـەی بـە تـەواوی تەیـار بـکات کـە هـەر یەکێکیـان ١٤٤ گەمـی هێرشـی لـە خـۆ دەگـرت و توانـای گواسـتنەوەی ٣٢ هـەزار سـەربازی هەبوو بـۆ بـەری ڕۆژهـەڵات بۆئـەوەی شـوێنەکان بگـرن تـا دروسـتکردنی پـردەکان تـەواو دەبـن. پێنـج تیپەکـە ڕاهێنانیـان لەسـەر چۆنیەتـی گەمیـەکان بـۆ نـاو ئـاو و سـواربوون و بەکارهێنانـی سـەوڵ و بزوێنـەری دەرەکـی کردبـوو تـا بـە خێرایـی شـوێن پێـی خۆیـان لـە بـەری ئیسرائیـل قایـم بکـەن، بـەڵام تاقمـی تانـک و زرێپۆشـی گواسـتنەوەی سـەرباز و هێرشـی وشـکاوی، دەسـت دەکات بـە خەنـدەق لێـدان و تیپـی بەرگـری ئاسـمانیش لـە کەنـاڵ مۆڵگـە دەگـرن، تـا پارێـزگاری بـۆ هێـزە زەمینییـەکان دەسـتەبەر بکـەن کـە بەرانبـەر هێرشـە ئاسـمانییەکان پێویسـتیان دەبێـت.

هەروەهـا لەبـەرەی باکـووری ئیسرائیلیـش ئامادەکارییـەکان قۆناغێکـی پێشـکەوتوویان بـە خـۆوە بینـی، سـوورییەکان سـەنگەریان گرتبـوو، تەنانـەت بـەر لـەوەی مسرییـەکان کارێـک بکـەن. سـوپای سووریا لەگـەڵ هاتنـی بەهـار لـە هێڵـی بـەرەی شـەڕ لـە بەرزاییەکانـی جۆلانـەوە دەسـتی بـە گواسـتنەوەی یەکەکانـی بـۆ بەرەکانـی ناوخـۆ کردبـوو لـە پێنـاو ئەنجامدانـی مەشـق بۆئـەوەی لـە کۆتایـی هاویـن بیانگێڕێتـەوە هێڵەکانـی پێشـەوە. ئیسرائیـل لـە ڕێگـەی چاودێـری لە چیـای هەرمـوون و پایـدۆزەکان و گوهداریکردنـی سوورییەکانەوە، بـە دوای جووڵەکانـی هێزەکانـەوە بـوو، وەک بڵاوکردنـەوەی سـەکۆی تۆپـەکان و ئامادەباشـییەکانی هێزەکانـی ئاسـمانی و جووڵـەی تانکـە یاوەرەکانی سـێ تیپـە پیادەکە کە بۆ هێرشـکردنە سـەر بەرگرییەکانـی ئیسرائیـل لـە جـۆلان ئامادەکرابـوون. لـە شـیکردنەوەی جموجۆڵەکانـی سـووریا پسـپۆڕانی هەواڵگـری سـەربازی ئیسرائیـل تووشـی سـەختی ببـوون، چونکـە لـە حاڵەتـە ئاساییەکاندا لـە کۆتاییەکانـی هاویـن و نزیکبوونـەوەی زسـتان، سـوورییەکان لـە بڵاوکردنەوەکانیـان لـە بەرەکانـی شـەڕ دەکشـانەوە. لەبەرئـەوەی لـە زساتاندا پارێـزگاری کـردن لـە هێـزەکان و ئەنجامدانـی کارێکـی سـەربازی گـەورەی سـەخت بـوو، بـەڵام ئەوەتـە ئێسـتا سـوپای سـووریا بـە درێژایـی بـەرەی شـەڕ دەسـتی بـە ئەنجامدانـی لەشکرکێشـی گـەورە کـردووە، لـە کاتێکـدا دەبـوو بـۆ بـەرەی پشـتەوە بگەڕابایەتـەوە.

هـاوکات سـوورییەکان بـارە چەکێکـی پێشـکەوتوویان لـە یەکێتـی سـۆڤیەت وەرگـرت، بەتایبەتـی سـەکۆی مووشـەکی SA-٦ی دژە فڕۆکـە، هەرچەنـدە بەهـۆی شـێوازی بڵاوکردنەوەیـان، دەبـوو ببێتـە مایـەی دڵەڕاوکێـی ئیسرائیـل، چونکـە لـە هەنـدێ حاڵەتـدا تەنیـا سـەکۆکانیان زۆر لەیـەک نزیـک جێگیـر نەکـرد، بەتایبەتـی لـە بەرەکانـی شـەڕ، بەڵکـوو بـە چڕییەکـی گەورەتـر مسرییەکانیـش لـە کەناڵـی سوێس جێگیریـان کردبـوو،

هەروەهـا سـەکۆکانیان بـە درێژایـی سـنوور دانابـوو کـە چەتـری خۆیـان بەسـەر تـەواوی جـۆلان دا کێشـابوو. بـە قـەولان بەرگـری لـە دیمەشـق و ئامانجـە سـتراتیژییەکانی دیکـەی سـووریا دەکـەن. ئـەو شـێوازە نا ئاسـاییەی بڵاوەپێکـردن و جێگیرکردنـی مووشـەکەکان، لـە هەواڵگـری سـەربازی ئیسرائیـل شـاراوە نەبـوون، بـەڵام بـە ڕای هۆبـەی توێژینـەوەی هەواڵگـری سـەربازی و هەواڵگـری هێـزی ئاسـمانی بـە دووریـان زانـی سـووریا بـێ بەشـداری مـسر هێـرش بـکات، پێیـان وابـوو ئـەو بڵاوەپێکردنـە زیاتـر سرووشـتی بەرگرییـە.

بـەر لـە دەسـتپێکردنی شـەڕ، بـە تێپەڕبوونـی هـەر ڕۆژێـک پێویسـتی هەماهەنگـی نێـوان مـسر و سـووریا پەیوەسـت بـە دوا وردەکاری گەورەتـر دەبـوو. پرسـیاری هـەرە گرنـگ دەربـارەی وادەی شـەڕەکە بـوو. لـە ٢٢ و ٢٣ مانگـی ئـاب، کاتێـک لەشکرکێشـییەکانی سـووریا لەوپەڕیـدا بـوو، فەرمانـدەی سـەربازیی هـەردوو وڵات بـە مەبەسـتی کۆتایهێنـان بـە پلانەکانـی شـەڕ بـە نهێنـی کۆبوونـەوە. پلاندارەکانـی بەرایـی بژاردەکانیـان لـە چەنـد وادەیـەک قەتیـس کردبـوو کـە بارودۆخێکـی بێوێنەیـان دەهێنایـە دی، بـەڵام کاتێـک هـەردوو فەرماندەکـە لـە بـارەگای هێـزی دەریاوانـی مـسر لـە ئەسـکەندەرییە یەکدیـان بینـی، وادەکەیـان لـە دوو مـاوەی نێـوان ٧ تـا ١١ی ئەیلـوول و لـە ٥ تـا ١٠ی تشرینـی یەکـەم قەتیسـکرد. لـە ١٢ی ئەیلـوول ڕاپۆرتـی خۆیـان بـۆ سـەرۆکەکانیان بـەرز کـردەوە. کاتێـک ئەسـەد سـەردانی قاهیـرەی کـرد لەسـەر دوا  وادەی شـەڕ (کـە ناوەکـەی بـوو بـە کـردەی بـەدر) ڕێککەوتـن، لـە ٦ی تشرینـی یەکـەم و پـاش دە ڕۆژ بـە فەرمـی فەرمانـدەی هـەردوو سـوپاکە لـە وادەکـە ئاگادارکرانـەوە.

لەکاتێکـدا بەشـێکی زۆری سـوپای سـووریا بـە درێژایـی بـەرەی جـۆلان و چەنـد ڕێگایـەک بڵاوەپێکرابـوون، سـوپای مسریـش دەسـتی

بــە جێبەجێکردنــی پلانەکــەی جەنــگ کــرد، بــەڵام هێشــتا پێویســتبوو فەرمانــدەکان لەســەر کاتژمێــر ســفری هێــرش ڕێکبکــەون، بــەڵام تــا ٧٢ کاتژمێــر بــەر لــە هێرشــەکە بڕیــاری لــێ نــەدرا.

ئیسرائیلییــەکان زانیــاری تەواویــان لەبــارەی هاوپەیمانــی ســووریا و مــسر نەبــوو، بــەڵام بەهــۆی ئــەشرەف مەروانــەوە، شــیکارانی هەواڵگــری ســەربازی توانیــان وێنەیــەک دروســت بکــەن کــە لــە مــسر چ دەگــوزەرێ، ســەرەنجام دەرکــەوت مسرییــەکان لەبــەر خۆئادەکردنــی هێرشــێکی لەگینــن. لــە نیــوەی دووەمــی وەرزی هاویــن، چەندیــن ســەرچاوە بــە ئیسرائیلیــان ڕاگەیانــد، مــسر لــە مانگــی حوزەیــران یــان تەمــووز هێــرش دەکات، بــەڵام بــێ لەبەرچاوگرتنــی ئــەوەی لــە کــوێ ئــەو زانیاریانــە دەســتکەوتبوون کــە ورد نەبــوون، هــاوکات هەندێکــی دی دووپاتیــان کــردەوە کــە لــە کۆتایــی مەشــقە ســەربازییەکە هێــرش دەکــەن، هــەر ئەمــەش بــە کردەنــی لــە مانگــی تشرینــی یەکــەم قەومــا. لــە ١٢ی تەمــووز یەکێــک لــە ســەرچاوەکان باســی کردبــوو شــەڕەکە یــان لــە مانگــی ئــاب یــان ئەیلــوول دەقەومــێ.

هەروەهــا لــە ١٢ی تەمــووز ئــەشرەف مــەروان کــە تــا ئــەوکات پەیوەســت بــە وادەی هێرشــەکە لــە هەمــوو ورياكردنــەوەکان وردتــر بــوو، کاتێــک ســەرۆک ســادات نیــازی دەســت پێکردنــی شــەڕی لــە کۆتایــی ئەیلــوول و ســەرەتای ئۆکتۆبــەر بــە هاوتــا ســووریيەکەی ڕاگەیانــد، بــەڵام لــە ڕاســتیدا ڕاپۆرتەکــەی ئــەشرەف مــەروان بــەر لــە ســێ مانــگ هاتبــوو کــە هــەردوو ســەرۆک ســادات و ئەســەد ٦ی ئۆکتۆبەریــان وەک وادەی هێرشــەکە دیاریکــردووە و پرســیارگەلێک لەســەر ڕاســتینەی ڕاپۆرتەکــە دەخاتــەڕوو، بــەو پێیــەی هــەر لــە هەنگیــرا مــسر وادەی مانگــی ئایــار و ســەرەتا و کۆتایــی ئەیلــوول تــا ســەرەتای ئۆکتۆبــەر خســتبووەڕوو، بۆیــە ئاســایی بــوو زۆرێــک لــە کەســایەتییە گرنگەکانــی مــسر پێیــان وا بێــت، دوا

وادەکــە زیاتــر چاوەڕوانکــراوە، پێدەچــوو مــەروان لــە زاری ئــەو کەســانە ئەوانــەی گواســتبێتەوە کــە بیســتبووی.

لــە مانگــی ئــاب مــەروان چالاکییــە دیپلۆماسییەکانی چڕکــردەوە، ســادات لــە پێنــاو شــەڕ لــە هەوڵــی زیادکردنــی پشــتیوانی نێودەوڵەتیــدا بــوو. بــەڵام لەبــری ئــەوەی لــەم ئەرکــە پشــت بــە وەزیــری دەرەوەی ببەســتێ، پەنــای بــۆ مــەروان بــرد، گرنگتریــن کۆبوونــەوەی سادات لەگــەڵ مەلیــک فەیســەڵ بــوو، کۆبوونەوەکــەش گرنــگ بــوو، نــەک تەنیــا لەبەرئــەوەی شانشــینی ســعوودیا لــە گــەورە یاریزانــی جیهانــی عەرەبــی بــوو، یــان بەهــۆی ئــەو پشــتیوانییە دارییــە گەورەیــەی ســعوودیا پێشکەشــی مــسری کردبــوو، بەڵکــوو بەهــۆی پلانــەکان بــوو کــە لەوکاتــدا یەکیــان دەگرتــەوە و هەوڵــی دەدا هــەردوو هێــزە جمکانەکــە، ســامانی نەوتــی ســعوودیا و ســوپای مــسری بەیەکــەوە کۆبکاتــەوە بــە ئومێــدی دروســتکردنی دەســتێکی پۆڵایــن بۆئــەوەی بتوانــێ پرۆســەی دیپلۆماســی بجووڵێنــێ، بــەڵام ئــەوە پێویســتی بــە ڕەزامەنــدی ســعوودیا لەســەر شــەڕ هەبــوو. دوای چەنــد ڕۆژێــک لــە کۆبوونــەوەی لوتکــەی نێــوان مەلیــک فەیســەڵ و ســادات، ســعوودییەکان دەســتیان بــە خڕکردنــەوەی ســەرەداوەکانی پرۆســەی دەستپێشــخەری کــرد، ئەنجامەکەشــی یەکــەم تەنگــژەی نەوتــی جیهانــی بــوو.

بێگومــان ئــەو بابەتانــەی هــەردوو ڕابــەر گفتوگۆیــان کــرد، لەوپــەڕی نهێنیــدا بــوون، تەنانــەت ئەحمــەد زەکــی یەمانــی وەزیــری نەوتــی ســعوودیا کــە کەسێکی زۆر نزیکــی مەلیــک بــوو، هیــچ شــتێکی لەبــارەی گفتوگۆکانــەوە نەدەزانــی. هەمــوو ئــەوەی مەلیــک ئامادەبــوو بــە یەمانــی بڵــێ، ئەوەبــوو کــە وریــا بێــت و لــە ئایندەیەکــی نزیــک بــۆ ماوەیەکــی درێــژ ســەردانی دەرەوە نــەکات، ئــەشرەف مــەروان تاکــە کــەس بــوو کــە ئامــادەی کۆبوونــەوەی هــەردوو ڕابــەر بــوو، چونکــە یــاوەری گشــت

گەشتەکانی ساداتی بۆ نیمچە دورگەی عەرەبی دەکرد.

بە قسەی مەروان، سادات ئەوەی بۆ میوانەکەی شیکردەوە کە شەڕە گەورەکە دەست پێدەکات، ئەو شەڕەی هەموو باسیان دەکرد و هێشتا نەقەومابوو، بەڵام «بەو زووانە» ڕادەگەیەنرێ. لە بارەی ڕووداوەکانی ئەو کۆبوونەوەیە، مەروان باس دەکات کە سادات وادەی دیاریکراوی ڕەتکردەوە، نەک لەبەرئەوەی ترسمان هەبوو سعوودییەکان بە ئەمریکیەکان بڵێن، بەمەش ئیسرائیلییەکان بە وادەکەیان دەزانی، بەڵکوو پێویست نەبوو هەموو شتێک ڕوونبکرێتەوە، جگە لەوەی کە شەڕ لە قۆناغی ئامادەسازیدا بوو[٣].

سەرەتاکانی ئەیلوول مەروان چاوی بە سەرپەرشتکارەکەی کەوت، هەموو شتێکی لەبارەی کۆبوونەوەی لوتکە پێ ڕاگەیاند کە بەم دواییە لە مانگی ئاب لە ئەسکەندەرییە لە نێوان فەرماندەکانی سوپای مسری و سووری بەڕێوەچوو، ئەوەشی پێ گوت کە سادات هەمیشە قسە لەسەر شەڕ دەکات، لەوانەیە وادەی شەڕ بکەوێتە کۆتایی ساڵی ١٩٧٣. هاوکات دووپاتی کردەوە، ئەمجارە سادات بە پێچەوانەی ڕابردوو، کارتەکانی زۆر لە سنگی نێزیکتر کردووەتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، خاڵی سەرەکی کە کۆبوونەوەی سەرەتای ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٣ی نێوان مەروان و مۆساد تەکەزی لەسەر کرد، پرسێکی جودا بوو، ئەویش چۆنیەتی ڕێگەگرتن بوو لە ڕوودانی ئەوەی لە مێژووی ئیسرائیلدا بە خراپترین هێرشی تیرۆری دادەنرا.

لە ٢١ی شوباتی ١٩٧٣، ڕۆژێک دوای هێرشە پەڕەشووتوانەکانی ئیسرائیل بۆ سەر بنکەی تیرۆری فەڵەستینییەکان لە شاری تەرابلوسی لوبنان فڕۆکەیەکی بۆینگ ٧٢٧ی هێزی ئاسمانی لیبیا بە گەشتی ژمارە

٤١٤ لـە بەنغازیـەوە بـۆ قاهیـرە هاتـە ئاسـمانی سـینا، دوو فڕۆکـەی جەنگـی ئیسرائیلـی بـۆی فڕیـن و توانیـان کاتژمێـر دووی پاشـنیوەڕۆ پەیوەنـدی پـێ بکـەن، فڕۆکەوانەکانـی فڕۆکـە جەنگییـەکان سـیگناڵێکی جیهانیـان بـۆی نـارد و فەرمانـی دواکەوتنیـان پێـی کـرد، لەوەشـدا پلانیـان ناچارکردنـی فڕۆکـە لیبیەکـە بـوو کـە لـە بنکـەی ڕیفیدیمـی ناوەڕاسـتی بیابانـی سـینا بنیشـێتەوە.

لـە سـەرەتا وا دەرکـەوت کـە فڕۆکەوانـە لیبییەکـە بـە دوایـان کەوتـووە، بـەڵام کـە لـە بنکـە ئاسـمانییەکە نێزیـک بوونـەوە، فڕۆکەکـە بـە ئاراسـتەی کەناڵـی سـوێس بـەرەو ڕۆژئـاوا پێچـی کـردەوە، دوو فڕۆکەوانەکـەی فڕۆکـە جەنگییەکـە لـە ڕەفتـارە نـا ئاسـاییەکەی ئاگاداریـان کـردەوە، لەبەرئـەوەی پەنجەرەکانـی فڕۆکەکـە دادرابوونـەوە، وای کـرد مەحـاڵ بێـت نـاو فڕۆکەکـە ببینـن کـە چـی تێدایـە. فڕۆکـە لیبییەکـە ڕووەو ڕۆژئـاوا بـەرەو ناوچەیەکـی کەنـاڵ ڕۆیشـت کـە لـە لایـەن چەتـری مووشـەکە سـامەکانی مسرییـەوە داپۆشرابـوو کـە مەوداکـەی نەدەگەیشـتە ئاسـتی جووڵـەی هێڵـە بازرگانییەکانـەوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا مووشـەکی سـام ئاگـری نەکـردەوە. ناوچـەی سـینا هـەر لـە سـاڵی ١٩٦٧ەوە ناوچەیەکـی نـۆ فـلای زۆنـی فڕۆکـەی مەدەنـی بـوو. ئاخـر وریاکردنـەوەی ڕاشـکاو هەبـوو کـە تیرۆرسـتان لـە هـەوڵ دان فڕۆکەیـەک لەسـەر تەلئەڤیـڤ یـان ئامانجێکـی دیکـەی ئیسرائیلـی بتەقێننـەوە، بـە کـورەی ئەتۆمـی دیمونـاوە، بۆیـە بڕیـاری جەنـەڕاڵ مۆتـی هـود فەرمانـدەی چەکـی ئاسـمانی ئیسرائیـل بـۆ ڕێگـەدان بـە خسـتنەخوارەی فڕۆکەکـە، مایـەی سەرسـوڕمان نەبـوو. هـەر ئەوکاتـە سـەرۆکی ئەرکانـی ئیسرائیـل کـە شـەوی پێشـتر بەهـۆی کـردەی لوبنـان نەخەوتبـوو، خەبەریـان کـردەوە، ئەویـش هـەرزوو ڕەزامەنـدی لەسـەر داواکارییەکـە نیشـاندا. دوای چەنـد خولەکێـک خۆڵەمێشـی فڕۆکەکـە لەگـەڵ خۆڵـی بیابانەکـە بڵاوبوویـەوە. لـەو کارەدا لـە کـۆی ١١٢

سەرنشـینی فڕۆکەکـە ١٠٥ سەرنشـین هاتنـە کوشـتن کـە سـەلاح بویسـیر وەزیـری پێشـووی دەرەوەی لیبیـا یەکێـک لـە کـوژراوەکان بـوو.

دواتـر دەرکـەوت لـە سیسـتمی پەیوەنـدی فڕۆکەکـەدا تێکچوونێـک هەبـووە، دیـارە فڕۆکەوانـە لیبییەکـە کـە لـە ڕێـی خـۆی پێچـی کـردەوە، لـە سـەرەتاوە وای هـزر کـردووە ئـەو فڕۆکـە جەنگییـەی بـە دواوەیەتـی مسریـە، فڕۆکەخانەکـەش، فڕۆکەخانـەی نێودەوڵەتـی قاهیرەیـە، بـەڵام کاتێـک ڕاسـتییەکەی زانـی هەترەشـی چـوو و بڕیاریـدا دوای نەکەوێـت. لـە ئەنجامـی دڵەڕاوکێـی ورياکردنـەوە لـە کاری تیرۆرسـتی و گوشـاری کات، هـەردوو فڕۆکەوانـە ئیسرائیلییەکـە کارێکـی دڵتەزێنیـان ئەنجامـدا(٤).

لـە ئەنجامـی ئـەو کارەدا لـە سەرانسـەری جیهـان سـەرکۆنەی ئیسرائیـل کـرا، بـەڵام سـزای چارەنووسسـاز، هێشـتا ڕووی نـەداوە، ئەویـش ڕەنگدانـەوەی نەرێنـی توانـای مـەروان بـوو لەبـارەی پێدانـی ورياکردنـەوەی گونجـاوی بـەر لەشـەڕی یـۆم کیپـوور.

عەقیـد موعەمـەر قەزافـی سـەرکردەی لیبیـا، نەیتوانـی ڕووداوەکـە فەرامـۆش بـکات، چونکـە خـۆی و هاووڵاتیانـی لیبیـا ئەوەیـان بـە دەسـتدرێژیکردن بـۆ سـەر فڕۆکەیەکـی بـێ دەرەتانـی مەدەنـی لیبـی دادەنـا. بـۆ قسـەکردن لەسـەر ڕێوشـوێنی تۆڵەکردنـەوە یەکـەم پەیوەنـدی تەلەفۆنـی لەگـەڵ سـەرۆک سـادات کـرد، پێشـنیازەکەی قەزافـی ئـەوە بـوو کـە بـە بۆمبـی لیبـی هێـرش بکرێتـە سـەر شـاری حەیفـا، بـەڵام سـادات لـە ئەگـەری لەباربردنـی هێرشـە لـە ناکاوەکـەی دژ بـە ئیسرائیـل نیگـەران بـوو، بۆیـە داوای دان بەخۆداگرتنـی لێکـرد، بێئـەوەی بتوانـێ پاسـاوی بداتـێ، بـەڵام قەزافـی لـەو کەسـە دان بەخۆگرانـە نەبـوو، چونکـە زۆر پەسـت ببوو، گەلەکەشـی داوای تۆڵەیـان دەکـرد، تەنانـەت لـە کاتـی بـە خاکسـپاردنی قوربانییـەکان، نارەزاییـە میللییـەکان لەوپەڕیـدا بـوو، کاتێـک چـواردەورەی

کونسـولخانەی مسریـان لـە بەنغـازی گەمـارۆدا و تورەیـی خۆیـان بـە شکسـتی سـادات لـە پاراسـتنی فڕۆکەکـە و وەڵامدانـە لاوازەکەیـدا ڕشـت.

قەزافـی بڕیاریـدا بـۆ هـاوکاری مـسر شـتێک بـکات، لـە ١٧ی نیسـان بانگهێشـتی کاپتنـی ژێرئاوەکـەی مـسری لـە لیبیـا کـرد کـە بـە پێـی ئـەو ڕێککەوتنـەی قەزافـی لەگـەڵ جەمـال عەبدولنـاسر واژووی کردبـوو وەک بەشـێک لـە هێـزی دەریایـی لیبیـا جێگیرببـوو. فەرمانـی بـە کاپتنەکـەی مـسر کـرد بـەرەو ڕۆژهەڵاتـی دەریـای ناوەڕاسـت بـڕوات بەمەبەسـتی تۆربیدکردنـی کەشـتییە گەشـتیارەکەی شـاژنە ئیلیزابێـث کـە بـەرەو بەنـدەری ئەشـدود بەڕێوەبـوو و چەنـدان کەسـایەتی پایـەداری تێدابـوو کـە بـە مەبەسـتی بەشـداریکردن لـە ٢٥ سـاڵەی ڕاگەیاندنـی دەوڵەتـی ئیسرائیـل دەچوونـە ئیسرائیـل. کاپتنـە مسرییەکـە فەرمانێکـی دەسـتخەتی هەبـوو کـە قەزافـی پێیدابـوو. دوای ڕۆژێکـی تـەواو لەنـاو قووڵایـی ئـاو، ژێرئاوەکـە هاتـە سـەر ئـاو و کاپتنەکـە لـە ڕێگـەی ڕادیـۆوە پەیوەنـدی بـە کاپتنـە دەریاوانییـە مسریەکـەی خۆیـەوە کـرد و لـە ئەرکەکـەی ئـاگادار کـردەوە. کاتێـک هەواڵەکـە گەیشـتە سـادات، فەرمانـی دەرکـرد کـە ژێرئاوەکـە دەسـتبەجێ بگەڕێتـەوە بەنـدەری ئەسـکەندەریە. دوای ئـەوەی کەشـتی شـاژنە ئلیزابێـث ئیسرائیلـی جێهێشـت و گەڕایـەوە نـاو ئـاوە نێودەوڵەتییەکانـەوە، سـادات بـە قەزافـی ڕاگەیانـد کـە کاپتنەکـە نەیتوانیـوە شـوێنی کەشـتییە بەریتانییەکـە دەستنیشـان بـکات.

قەزافـی ئـەوەی لـێ نەکـرێ، خسـتنەخوارەوی فڕۆکەکـە و بـێ توانایـی تۆڵەکردنـەوە، هەسـتێکی قووڵـی لاوازی و بێـزاری لـە ناخـی دیکتاتـۆر ڕسـکاندبوو و تووشـی نائومێـدی کردبـوو، تەنانـەت تەنگژەی کەسیشـی بـۆ چـێ کردبـوو. سـەرەنجام پایتەختـی جیهێشـت و خـۆی لـە چادرەکـەی لـە بیابـان کارکەنارکـرد و بـە ئەندامانـی ئەنجوومەنـی شۆڕشیشـی ڕاگەیانـد کـە

نیازی دەست لەکارکێشانەوەی هەیە، دواتر خۆی لێیان دابڕی، بەڵام ئەنجوومەنی شۆڕش داواکەی ڕەتکردەوە، دواتر قەزافی بۆ دیداری سادات سەردانی مسری کرد و لە کاتی سەردانەکەی و دواتردا لەسەر یەکێتی نێوان هەردوو وڵات سووربوو. لەهەمان ماوەدا لە تەرابلوس و شارەکانی دیکەی لیبیا بە ئاڕاستەی سنووری مسر ڕێپێوانێکی گەورە کرا، هاتوو هاوارەکانی مسر بۆ وەستانی ڕێپێوانەکان هیچ سوودی نەبوو. دواجار سوپای مسر ناچاربوو ٤٠ هەزار لیبی دەستگیر بکات کە بە نیاز بوون بە بەکارهێنانی بەربەستی جووڵاوە و مینی تازە چێنراو سنوور ببەزێنن.

لەبەرانبەردا قەزافی سەرکۆنەی هەڵوێستی مسری کرد و بۆ لە ڕەگەوە هەڵتەکاندنی گەندەڵی و بیرۆکراتیەتی ڕژێمی سادات، داوای ئەنجامدانی شۆڕشێکی میللی کرد. سادات کە جگە لە خۆسازکردن بۆ شەڕی دژ بەئیسرائیل تەکەزی لەسەر هیچی دی نەبوو، دۆشداما. بۆیە لە ٢٩ی ئابی ١٩٧٣، دوای دانوستاندنێکی دورودرێژ هەردوو وڵات ڕایانگەیاند لە یەکی ئەیلوول- ساڵوەگەڕی شۆڕشی لیبی- بەڵگەنامەی دەستپێکردنی یەکێتی نێوانیان واژوو دەکەن. هەرچەندە بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان  مسر و لیبیا باش بوو، بەڵام تێنوێتی قەزافی بۆ تۆڵەسەندنەوە نەشکاند.

لە جیهانی پڕ لە سەمەرەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ترسی هەرە گەورەی سەرۆکی مسر ئەوەبوو، تۆڵەی لیبیا لە ئیسرائیل ئاگری شەڕێکی نوێی عەرەب-ئیسرائیل هەڵگیرسێنێ و هەر توخمێکی لەپڕ لەبارببات کە مسر نەخشەی تایبەتی بۆ داڕێژابوو. لەبەرئەوە چەندینجار سادات لە ڕێگەی پەیوەندییەکانیەوە لەگەڵ قەزافی، لەبارەی نەخشەداڕشتن و جێبەجێکردنی هەرکارێک بخوازێ ئەنجامی بدات، بەردەوام پێداگیری

لەسـەر هەماهەنگـی تـەواوی لیبیـا لەگـەڵ مـسر دەکـردەوە، قەزافیـش بـە ناچـاری ڕەزامەنـد بـوو.

ئـەو پیـاوەی سـادات بـە نوێنـەری مـسر بـۆ چارەسـەرکردنی بابەتەکـە دایمەزرانـد، ئـەشرەف مەروانـی نوێنـەری تایبەتـی خـۆی بـوو.

لــە ڕوانگــەی جیهانبینــی مۆراڵــی قەزافییــەوە، باشــترین وەڵامدانــەوە تێکشــکاندنی فڕۆکەیەکــی نەفەرهەڵگــری ئیسرائیلییــە لــە ئاســماندا، لــە کاتـی سـەردانەکەی مانگـی نیسـانی سـادات بـۆ لیبیـا شـتێکی لەمجـۆرەی پێـی گـوت. کاتێـک لـە مانگـی حوزەیـران لیبییـەکان و مسرییـەکان دەسـتیان بـە داڕشـتنی پلانـی تۆڵەسـەندنەوە کـرد، یەکـەم پرسـیار لەبـارەی شـوێن و ڕێگــەی گونجــاوی خســتنەخوارەوەی فڕۆکەیەکــی وا بــوو. هــەرزوو پلاندارێــژەران لەســەر فڕۆکەخانــەی فیومینشــیۆی نێودەوڵەتــی لــە ڕۆمــا ڕێککەوتــن، لیبیــەکان زۆر بــاش شــارەزای ڕۆمــا بــوون، چونکــە کۆلۆنیــای ئیتاڵییــەکان بــوون، فڕۆکەخانــەی فیومینشــیۆیش بــە لاوازی ســکیوریتی ناسراوبـوو، هەروەهـا ئیتاڵییەکانیـش لەگـەڵ گرووپـە تیرۆسـتە عەرەبییـەکان بـە لێبـوردە ناسراوبـوون. بـە فەرمانـی مەروان دوو بەرپرسـی باڵای ئاسایشـی مـسری بـۆ لێکۆڵینەوەکـردن لـە نەخشـەی فڕۆکەخانـە و ڕاڕەوی فڕۆکـەکان و باشـترین شـوێن بـۆ هێرشـکردنە سـەر فڕۆکـەکان لـە کاتـی هەسـتان و نیشـتنەوەدا سـەردانی ڕۆمایـان کـرد. دواتـر بـە پـلان و نەخشـە گەڕانـەوە و نەخشـەی خسـتنەخوارەوەی فڕۆکەیەکـی نەفەرهەڵگـری جـۆری بۆینـگ EI AL ٧٤٧ بـە بەکارهێنانـی مووشـەکی سـترێلا SA-٧ی دژە فڕۆکـە ڕاسـتەوخۆ دوای هەسـتانی داڕێـژرا، کـە لەسـەر شـان هەڵدەگیـرا و مسرییـەکان لـە یەکێتـی سـۆڤیەتیان وەرگرتبـوو، لەسـەر گواسـتنەوەی دوو مووشـەکەکە بـۆ ڕۆمـا ڕێککەوتـن کـە لـە ئەسـتۆی مسرییەکانـەوە دەبێـت، دواتـر گرووپـی ئەیلوولـی ڕەشـی فەڵەسـتینەکان وەریـان دەگـرن، ئـەو ڕێکخـراوە هەمـان

ڕێکخراوبوو کە لە هاوینی بەری یازدە وەرزشوانی ئیسرائیلی لە یاری ئۆلۆمپی میونخ کوشت.

بێ هیچ ئاستەنگێک بەشی یەکەمی کردەکە تێپەڕی، لە ٢٩ی ئەیلوول ئەمین هیندی سەردەستەی گرووپی ئەیلوولی ڕەش لەگەڵ چوار کەسی دیکەی گرووپەکەی بە مەبەستی ئامادەکاری کردنی هێرشەکە گەیشتە ڕۆما، دوای چەند ڕۆژێک بە فەرمانی مەروان و بێ دەخاڵەتکردنی هیچ کەسێکی سوپای مسری، دوو مووشەک و دوو قازیفە لە کۆگای سوپاوە بۆ نووسینگەی سادات گواسترانەوە. لەوێ خرانە ناو جانتایەکی دیپلۆماسییەوە کە ناوی مونای هاوژینی مەروانی لەسەر نووسرابوو کە بە نیازی گەشتکردنی لەندەن بوو، هەرچەندە هیچ پەیوەندی بە بابەتەکەوە نەبوو، بەڵام لەسەر ویستی هاوسەرەکەی بەوە ڕازیبوو کە لە ڕۆما یەکدی ببیننەوە. مونا هیچ شتێکی لەبارەی پلان و شتەکانی ناو جانتەکەیەوە نەدەزانی.

وەک پێشبینی کرابوو، دەسەڵاتدارانی ئیتاڵیا جانتەکەیان نەکردەوە، لەبەرئەوەی ناوی کچی ناسری بەسەرەوە بوو، جانتاکان ڕاستەوخۆ لە فڕۆکەکەوە گواسترایەوە ناو پیکابێک کە لە چاوەڕوانیدا بوو، ئەویش بە نۆرەی خۆی گواستیەوە ئەکادیمیای هونەری مسری لە ڕۆما.

ڕۆژی دواتر مەروان گەیشتە ڕۆما و جانتاکانی خستە ناو ئۆتۆمبیلە تایبەتەکەی خۆی و بەرەو دوکانی پێڵاوفرۆشی ڕافایل سالانۆ لە ڤیا ڤێنۆتۆ ١٤٩ لە ناوچەی سارکی بازاڕکردنەوە لێیخوڕی. هندی لە دوکانەکە چاوەڕوان بوو، لە ڕێگەی ئەو وێنەیە مەروانی ناسیوە کە پێیدابوو، ئیدی لێی نزیک کەوتەوە و چەند جارێک وشە نهێنییەکەی گوتەوە.

لێرەوە شتەکان کەمۆکەک لە ڕەوتی خۆیان لایاندا، مەروان

بـە هنـدی گـوت، دەبـێ خـۆی و پیاوەکانـی هـەردوو مووشـەکەکان لـە قەمەرەکـە ببـەن و بیانگوازنـەوە نـاو ئۆتۆمبیلەکـەی خۆیـان و بیانبەنـە ئـەو ئەپارتمانتـەی کـە هنـدی لـە ئۆسـتیا لـە نزیـک فڕۆکەخانـە بـە کرێـی گرتـووە و لەوێـوەوە هێرشـەکە دەکـرێ.

کێشـەکە ئەوەبـوو، ئـەوان قەمەرەیـان نەبـوو، پێشـیان نەگوتـرا بـوو کـە پێویسـتیان پـێ دەبێـت، بـەڵام ئـەوە لەبـەردەم تیرۆرسـتە فێڵبـازەکان ئاسـتەنگ نەبـوو، لەهەمـان شـەقام مافورفرۆشـەکیان دۆزیـەوە و چەنـد مافورێکیـان لێـی کـڕی و هـەردوو مووشـەک و قازیفەکـەی لـە نـاوی پێچایـەوە، دواتـر بـە شـان گەیاندیانـە نزیکتریـن وێسـتگەی میـترۆ و هۆیەکانـی گواسـتنەوەی گشـتیان بـۆ گواسـتنەوەی هـەردوو مووشـەکە بـۆ ئۆسـیتا بەکارهێنـا. هنـدی لـە ئەپارتمانتەکـە مایـەوە و ئەوانـی دیکـەش چوونـە هوتێـل ئەتڵـەس کـە کەوتبـووە سـەنتەری شـار کـە شـوێنی سـۆزانییەکان بـوو. لەهەمـوو ئەمانـەدا هیـچ کێشـەیەک نەبـوو. مۆسـاد هـەر لـە قۆناغەکانـی بەراییـەوە بـە هـۆی مەروانـەوە، ئـاگاداری تـەواوی لەسـەر پلانەکـە هەبـوو، بـەڵام بـە پێچەوانـەی کارەکانـی دیکـەی لەگـەڵ ئیسرائیـل، ئەمجـارە دژی بەرژەوەندییەکانـی مـسر نەوەسـتایەوە، بـە پێچەوانـەوە سـادات نەیدەخواسـت پلانەکـە سـەربگرێت، نەخاسـمە مانگێـک بـەر لـە هێرشـە لـە پڕەکەیـەوە، چونکـە خسـتنەخوارەوەی فڕۆکەیەکـی مەدەنـی تەنگژەیەکـی هەرێمـی گـەورە هەڵدەگیرسـێنێ و دۆزینـەوەی پارچـەی مووشـەکی SA-7 لەنێـو داروپەردووەکانـەوە، مـسری تێوەدەگلـێ و گرژیـەکان بـە شـێوەیەکی دراماتیکـی کشـت دەبـن، بەمـەش مـسر توخمـی هێرشـی لەپـڕ لـە دەسـت دەدات. بەواتایەکـی دی لەوانەیـە کردەیەکـی وا پلانـی سـادات بـۆ هێرشـکردنە سـەر ئیسرائیـل لەبارببـات.

مـەروان دەیزانـی سـادات بیـر لـە چ دەکاتـەوە، سـادات بەهـەرە

و پەیوەندیـــی و لێهاتووەکـــەی مەروانـــی زۆر دەنرخانـــد و دەیزانـــی چـۆن شکسـت بـە ئەرکەکـە دەهێنـێ، ڕەنگـە بەهـۆی بەرتیلـدان بـە ئیتاڵییەکانـەوە بێـت، بـەڵام هەرگیـز گومانـی لـە مامەڵـەی مـەروان لەگـەڵ ئیسرائیلییـەکان نەبـوو.

بـەر لـە ئەنجامدانـی کردەکـە، زیڤـی زامیـر بـە مەبەسـتی ئاگادارکردنـەوەی دەسـەڵاتی خۆجێیـی لـە پیلانەکـە و سەرپەرشـتیکردنی کردەکـە گەیشـتە ڕۆمـا، ئەگـەر ئیتاڵییـەکان نـەکارن بیوەسـتێنن. ڕەنگـە بەشـێکی چیرۆکەکـە بەهـۆی کاردانـەوەی سـەرۆکی مۆسـاد بێـت بەرانبـەر کارەسـاتەکەی هاوینـی ڕابـردوو، کاتێـک پۆلیسـی ئەڵمانیـا نەیتوانـی وەرزشـکارە ئیسرائیلییـەکان ڕزگار بـکات کـە زامیـر لـە تـاوەری چاودێـری لـە فڕۆکەخانـەی میونـخ وەسـتابوو و دەسـت لـە ئەژنـۆ سـایەدی دەکـرد. کاتێـک گەڕایـەوە ئیسرائیـل ئێشـوئازار تەنگـی پێهەڵچنیبـوو، هـەر ئـەودەم تێگەیشـت ئیسرائیـل بـۆ پاراسـتنی هاووڵاتیانـی لـە دەرەوە، نابـێ تەنیـا پشـت بـە هێـزە خۆجێیـەکان ببەسـتێ.

لـە ڕاسـتیدا، ئەمجـارە ئیسرائیـل بـە تەنیـا پشـتی بـە هێـزی ئاسایشـی خۆجێـی نەبەسـت، کاتێـک دوو هەفتـە بـەر لـە جێبەجێکـردن بـە کردەکـەی زانـی، بـە سـەرۆکایەتی مایـک هیـراری، گـەورە ئەفسـەری دێرینـی ئۆپەراسـیۆنەکان، تیمێکـی مۆسـاد گەیشـتە ڕۆمـا، تیمەکـە بـۆ دۆزینـەوەی ئـەو حەشـارگایانەی دەکـرا لێـوەی مووشـەک بهاوێـژرێ، پشـکنینێکی وردی ناوچەکانـی دەوروبـەری فڕۆکەخانـەی فیومتشـینۆی کـرد. لـە هەمـووی گرنگـتر ئـەوان دوای مـەروان کەوتـن، کاتێـک مووشـەکەکانی بـۆ فەڵەسـتینییەکان لـە ڤیـا ڤینتـۆ دەگوازتـەوە، دواتـر کەوتنـە دوای ئەوانـەی لـە حەشـارگەکە وەریـان گـرت. هیـراری دەیخواسـت هەڵکوتێتـە

سـەر ئەپارتمانتەکـە، بـەڵام زامیـر کـە تـازە گەیشـتبووە ڕۆمـا، لـە بـڕی ئـەوە بڕیاریـدا هاوشـانە ئیتاڵییەکانـی بەرتیـل خـۆر بـکات کـە پەیوەندییەکـی کاری نایابـی لەگەڵـدا هەبـوو، تاکـە داواکاری زامیـر ئەوەبـوو یەکێـک لـە مووشـەکە سـترێلاکان بدەنـە ئیسرائیـل، چونکـە تـا ئـەوکات هێـزی ئاسـمانی ئیسرائیـل هیـچ زانیارییەکیـان لەسـەری نەبـوو.

لــە ڕوانگــەی زامیــر، گەورەتریــن بەڵگــەی مامەڵەنەکردنــی مــەروان لەگـەڵ ئیتاڵییـەکان، ئـەو لەپـڕە بـوو کـە هاوشـانە ئیتاڵییەکـەی نیشـانیدا، کاتێــک گوتــی بــۆ پوچەڵکردنــەوەی هێرشــێکی تیرۆرســتی گــەورە لــە ڕۆمـام. ئەمجـارە هێزەکانـی ئاسایشـی خۆجێیـی بـە دروسـتی کاری خۆیـان بــە جێگەیانــد، چونکــە هــەر کاتژمێرەکانــی بەرەبەیانــی ٦ی ئەیلــوول دەسـتبەجێ هێزێکـی گەورەیـان لـە پۆلیـس پێکهێنـا و هەڵیانکوتایـە سـەر ئەپارتمانتەکــەی گەڕەکــی ئۆسـیتا و هندیــان دەســتگیر کــرد، ئەندامانــی دیکـەی تۆڕەکـە لـە هۆتێـل ئەتلەسـی سـەنتەری شـار دەسـتگیرکران. دواتـر هنـدی لـە دانپێدانانەکانیـدا واقوڕمانـی خـۆی بەرانبـەر قەبـارەی هێزەکـە دەربــڕی کــە ســەرەتا وایزانیبــوو ئەوانــە ســەر بــە مۆســادن. لــە ڕاســتیدا تیمــی مۆســاد بــە ســەرکردایەتی هیــراری لــە ســەرپێ بــوون بۆئــەوەی دەخالـەت بکـەن، ئەگـەر خوانەخواسـتە هێزەکانـی خۆجێـی تووشـی هـەر گرفتێــک بــن، بــەڵام مەســەلەکە پێویســتی نەکــرد.

ســەرەنجام پێنــج کــەس دەســتگیرکران و دەســتیش بەســەر هــەردوو مووشــەکەدا گیــرا، ئــەو فڕۆکــەی چوارســەد سەرنشــینەکەی هەڵگرتبــوو کــە ئامانجــی هێرشــەکەبوو، بــە ڕێگــەی خۆیــدا فــڕی، بێئــەوەی سەرنشـینەکانی هەسـت بـە هیـچ بکـەن. زامیـر و تیمەکشـی گەڕانـەوە ئیسرائیـل. هەرچەنـدە پیلاندارێژەرانـی ئەیلوولـی ڕەش لـە هەوڵەکانیـان بـەردەوام بـوون، بـەڵام دەسـەڵاتدارانی ئیتاڵیـا لـە ترسـی تۆڵەسـەندنەوە،

دەستگیرکراوەکانیان ئازاد کرد و ڕێگەی دان وڵات جێبهێڵن.

کاتێک مەروان هەواڵی دەستگیرکردنی هەندی و ئەوانی دیکەی بیست، یەکسەر ڕووی لە فڕۆکەخانە کرد، زامیر لەبارەی سەرچاوەی زانیارییەکانی هیچی بە ئیتاڵییەکان نەگوت، بەڵام پرسیاری چۆن ئیتاڵییەکان بە کردەکەیان زانییوە، نەزانراوبوو، هەرچەندە ڕۆژنامەیەک بەم ناونیشانە نووسیبووی: «سەرچاوە ئیتاڵییەکان»: دوای ئاماژە هەواڵگرییەکانی ئیسرائیل ژمارەیەک تیرۆرست بە مووشەکی سەرشانەوە دەستگیرکران».

دوای نیشتنەوەی تۆزوبایەکە. مەروان پاداشتی بەنرخی خۆی لە ڕێنوێنیکارە ئیسرائیلییەکان وەرگرت، چونکە جارێکی دی وەفای خۆی بۆ ئاسایشی ئیسرائیل سەلماندەوە[٥].

بێگومان لایەنی نەرێنیشی هەبوو، چونکە بەشداریکردنی مەروان لە دارشتنی پلان و پووچەڵکردنەوەی کردەکەی ڕۆما، وایکرد لە ناوەندی بڕیاردانی قاهیرە دووربخرێتەوە. ئەمەش لەبارەی پێدانی کاتی گونجاوی ئاگادارکردنەوەکانی کاریگەرییەکی ڕوون و ئاشکرای بەسەر ئەو شەڕە هەبوو کە مانگێک دواتر ڕوویدا. وێڕای دووری لە سادات، بەڵام دەیزانی ئامادەکارییەکانی شەڕ بە قۆناغی کۆتایی گەیشتوون، سەرباری ئەوەش، کاتێک مەروان سەرەتای ئەیلوول بە سەرپەرشتکارەکەی ڕاگەیاند کە مسر بڕیاریداوە لە کۆتایی ساڵ هێرشەکەی بکات، بەڵام ٤ی ئۆکتۆبەر- تەنیا دوو ڕۆژی بەر لە هێرشی ڕاستەقینە-بۆ ئیسرائیلییەکان هیچ نەبوو.

بۆچی؟ دەکرێ بە سێ هۆکار بێدەنگییەکەی ڕوون بکرێنەوە:

**هۆکاری یەکەم**، مەروان لە ماوەی ئەو هەفتە یەکلاکەرانەوە،

تاڕادەیەکـــی زۆر لـــە دەرەوەی حەلقەکـــە بـــوو، ڕۆژی ٥ی ئۆکتۆبـــەر حەپەسـا کـە زانـی ڕۆژی دواتـر شـەڕ دەسـت پێـدەکات. لـەدوا ڕاپۆرتـی کۆتایـی ئەیلوولـدا بـە ئیسرائیلییەکانـی ڕاگەیاندبـوو کـە سـادات لەچـاو پێشـان زۆر بێدەنگـترە، تەنانـەت سـادات وادەی نهێنـی هێرشـەکەی لای لیبیـا و سـعوودییەکانیش ئاشـکرا نەکردبـوو، بۆیـە مەروانیـش کـە کاری بەڕێوەبردنـی پەیوەندییەکانـی نێـوان ئـەو دوو وڵاتـە بـوو، نەیتوانـی بـوو بزانـێ وادەکـە کەیـە. پێدەچـێ دوای شکسـتی ڕۆمـا سـادات لـە کاری مـەروان بـە پارێزتـر بووبێـت، چونکـە پەیوەندییەکانـی مـەروان بـە دەزگا هەواڵگرییەکانـــی بیانـــی ڕوون و ئاشـــکرابوون و ســـاداتیش نەیدەویســـت هیـچ هەواڵێـک دزە بـکات.

**هـــۆکاری دووەم**، مەزنتریـــن ســـیخوڕی مێـــژووی ئیسرائیـــل کـــە وردەکاری پلانـــی شـــەڕی تایبـــەت بـــە وڵاتەکـــەی خســـتبووە بـــن دەســـتی دوژمنەکانـی، لەوانەیـە دووچـاری دڵەڕاوکـێ بووبێـت، کاتێـک مەسـەلەی پەیوەسـت بـە نهێنـی وادەی هێرشـەکەوە گەیشـت بێـت. ئەگـەر ئـەوەی لەبـــارەی کەســـایەتییەوە دەیزانیـــن، ڕەنگـــە ئـــەوە دوور بێـــت، لەگـــەڵ ئەوەشـدا ژمارەیـەک لـە ئەفسـەرانی هەواڵگـری کـە دەیناسـن، مکـوڕن لەســـەر بـــە دوور نەگرتنـــی ئـــەو هـــۆکارە(٦).

**هـۆکاری سـێیەم**، ڕەنگـە پەیوەنـدی بـە بـاوەڕی مەروانـەوە هەبێـت کـە پێیوابـووە ئیـدی پێویسـت بـە ئاگادارکردنـەوەی دی نـاکات، لەبەرئـەوەی پێشـتر هەمـوو ئەوانـەی ئیسرائیلییـەکان بـۆ گەیشـتن بـە ئاکامـی دروسـت، پێوسـتیان پـێ بـوو، بـە مۆسـادی دابـوون. هەروەهـا ئـەو ئاماژانەشـی پێدابـوون کـە پێویسـتە وەک بەڵگـەی دوا ئامادەکارییەکانـی کۆتایهاتنـی شـەڕ لێیـان بڕواندرێـت کاتێـک ئامـاژە سـپی و ڕەشـەکان لـە بەرەکانـی شـەڕ دەردەکـەون. ئاماژەکانـی وەک ڕاگرتنـی نـەوت لـە کێڵگـەی مـۆرگان

کـە ناتواندرێـت بـە نهێنـی بمێنێتـەوە. ئیـدی کاتێـک لـە ٥ی ئۆکتۆبـەر دوا ئـاگاداری پێڕاگەیانـدن، پێیوابـوو کارێـک بـە ئیسرائیلییـەکان ڕادەگەیەنـێ کـە ئـەوان پێشـتر دەیزانـن.

ئـەو شرۆڤانـە هیچیـان دژی ئەویدیـان نەبـوون، ڕەنگـە هەموویـان دروسـت بـن، چونکـە لـە تێگەیشـتنی دوا هەفتـە و ڕۆژانـی بـەر لـە شـەڕ یارمەتیـدەر بـوون، بەتایبەتـی ئیسرائیلییـەکان وێـڕای هەمـوو ئامادەکارییـەک و هەوڵـە چڕەکانـی هەواڵگـری، بـەڵام تـەواو تەیـار نەبـوون، گرنگـە تەکـەز لەسـەر ئـەو مەسـەلەیە بکەینـەوە، تەنانـەت بـێ ئاگادارکردنەوەکانـی مـەروان لـە ٤ و ٥ی ئۆکتۆبـەردا، ئیسرائیـل لـە مانگـی ئەیلوولـەوە ئاماژەگەلێکـی زۆری لـە لا کەڵەکەببـوو کـە دووپاتیـان لـەوە دەکـردەوە مـسر و سـووریا لەبـەر هێرشـکردنن. خـۆی لـە بارودۆخـی ئاسـاییدا دەبـوو هەواڵگـری سـەربازی بـەر لـە ٢ی ئۆکتۆبـەر هۆشـداری ڕاگەیاندبـا، بۆئـەوەی کاتـی تـەواو بـە فەرمانـدە سـەربازییەکان بـدات تـا هێـزی یـەدەگ بانـگ بکەنـەوە و بـە شـێوەیەکی تـەواو لـە پێنـاو شـەڕ بڵاوبکرێنـەوە، بـەڵام لـەو سـاتە مێژووییـەدا، هەواڵگـری سـەربازی لەژێـر فەرمانـی کۆمەڵێـک ئەفسـەری پێگیـر بـە نموونـەی پارادایمـی هەواڵگـری تایبەتـی نـە گـۆڕی ئایینـی بـوون، وێـڕای ئـەوەی ڕووداوەکانـی نزیکـەی سـاڵێک لەمەوبـەر بـێ کارایـی نیشـاندا بـوو. لـە ئەنجامـدا چاوپۆشـییان لـە کۆمەڵێـک ڕەخنـە کـرد. لـە نێویانـدا یـەک شرۆڤـەی ماقـووڵ بـوو کـە میـسر و سـووریا ڕوو لـە شـەڕن.

لەنێـو ئـەو شرۆڤانـەدا، ڕەنگـە لەشکرکێشـی سـووریا لـە بـەرەی باکـووری ئیسرائیـل لـە هەمـوان زیاتـر مایـەی دوودڵـی بووبێـت. دوای پایدۆزێکـی ئاسـمانی دەرکـەوت سـوپای سـووریا بـە درێژایـی سـنوور لـە حاڵەتـی بڵاوبوونـەوەی تەنگاڤییـە و ژمـارەی تۆپـەکان و زرێپۆشـەکانی

پشـتیوانی زیـاد کـردووه و سێ تیپـه پیادەڕۆکـەش لـه پشـتیانەوە دەچنـه پێشـەوە، بۆیـە فەرمانـدە سـەربازییەکانی سـوپای ئیسرائیـل لـە بـەرەی باشـوور لـە دڵەڕاوکێـدا بـوون. لـە کۆبوونـەوەی ڕۆژی ٢٤ی ئەیلـوول فەرمانـدە گەورەکانـی سـوپای ئیسرائیـل، جەنـەڕاڵ ئیسـحاق مەترسـی خـۆی لـە هێرشـی لەپـڕی سـووریا نیشـاندا، بـەڵام دایـان هێرشـێکی فروانـی لەپـڕی سـوورییەکانی بـە دوورزانـی، لەگـەڵ ئەوەشـدا نەیشـاردەوە کـە ڕەنگـە زیاتـر شـتێکی سـنووردار بکـەن. لەوانەیـە هێـرش بکەنە سـەر نیشـتەجێبووە ئیسرائیلییەکانـی بەرزاییەکانـی جـۆلان کـە قوربانـی زۆری لێدەکەوێتـەوە، دڵەڕاوکێـی هـەرە گـەورەی دایـان لـە ئەنجامدانـی ئۆپەراسـیۆنێکی سـنووورداربوو نـەک شـەڕێک بـە واتـای شـەڕی ڕاسـتەقینە.

تەنانـەت ئـەو ئاگادارکردنـەوەی مەلیـک حوسـێن لـە کۆبوونـەوە نهێنییەکـەی ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوولـدا بـە گۆڵـدا مائیریـدا بـوو، شـتێکی ئەوتـۆی لـە مەزەندەکانـی ئیسرائیـل نەگـۆڕی. ئـۆردن ئاماژەیەکـی لـە جەنەڕاڵێکـی سـوورییەوە پێگەیشـتبوو کـە بەنهێنـی بـۆ شانشـینی هاشـمی کاری دەکـرد، مەلیـک حوسـێن بـە مائیـری گوتبـوو، سـوورییەکان لـە ژووری ئۆپەراسـیۆنەکانن و ڕەنگـە لەگـەڵ مـسر پێکـەوە هێرشـێک ئەنجـام بـدەن. هـاوکات سـەرۆکی مۆسـاد و کۆلۆنێـل ئەهـرۆن لیڤـران پێکـەوە وردەکاری بڵاوبوونـەوە و پلانەکانـی سـوورییەکانیان لـە ئوردنییـەکان وەرگـرت کـە بـە نیـازن پێکـەوە لەگـەڵ مـسر هێرشـێکی فـرەوان ئەنجام بـدەن، بـەڵام لە هیچ کام لـەو کۆبوونەوانـە وادەی هێرشـەکە دیـاری نەکرابـوو. سـەرۆک وەزیـران هیـچ بـە کۆبوونەوەکـەی لەگـەڵ مەلیـک حوسـێن ئاسـوودە نەبـوو، بۆیـە داوای وەڵامدانـەوەی لـە هەواڵگـری سـەربازی کـرد، لـە وەڵامـدا زێیـرای سـەرۆکی مۆسـاد گوتـی ئـەو زانیاریانـەی مائیـر وەریگرتـوون جێـی بـاوەڕی نیـن، وێـڕای ئـەوەی زانیـاری بڵاوبوونـەوەی سـوورییەکانیان لـە هەواڵگـری مەلیـک وەرگیرابـوون- ئاگادارکردنـەوەی ئاسـت بـەرز و هەڵوەشـانەی

مۆڵـەت و بانگکردنــەوەی یەدەگــەکان و دەســت بەســەرداگرتنی لۆرییەکانیشــەوە- بــەڵام زێیــرا ســووربوو کــە سوورییەکان بــێ مسرییــەکان پەلامــار ناهێنــن و مسریــش نیازێکــی وای نییــە.

لەگــەڵ ئەوەشــدا ســەرۆکی ئەرکانــی ئیسرائیــل فەرمانــی بــە لەشکرکێشــیەکی بەشــەکی لــە بەرازییەکانــی جــۆلان کــرد، بەرمەبنــای ئــەو فەرمانــە هــەردوو پــۆل لــە لیــوای زرێپۆشــی حــەوت و یەکــی بەتارییــەی تۆپخانــە لــە ٢٦ی ئەیلــوول، ســەری ســاڵی عیــبری ســەرکەوتنە ئــەو خەندەقــەی دەچوویــە جــۆلان.

ڕۆژانــی دواتــر ئیسرائیــل ئــەو زانیارییــەی وەرگــرت کــە هێــزی ئاســمانی مــسری لەوپــەڕی ئاســت بــەرزی ئاگادارکردنەوەیــە، هەورەهــا یەکــەی زرێپۆشــیش لــە قاهیــرەوە بــە ئاڕاســتەی کەنــاڵ جووڵەیــان کــردووە. لــە ٢٦ی ئەیلــوول ســەرچاوەیەک کــە ســەرۆک وەزیرانــی ئیسرائیــل لــە پێشــوودا بــە «زۆر بــاش» نــاوزەدی کردبــوو[٧]، لــە ئاگادارکردنەوەیەکیــدا وریــای کــردەوە کــە مــسر بڕیــاری داوە بــەم نزیکانــە هێــرش بــکات، ئــەم هێرشــەش پەڕینەوە لــە کەنــاڵ لــە خۆدەگرێــت، بــەڵام هەواڵگــری ڕەتیکــردەوە و پێیانوابــوو مسرییــەکان لــە ترســی گــورزی خۆپاراســتنی ئیسرائیــل، هێزەکانیــان دەجووڵێننــەوە. هــاوکات CIA ڕاپۆرتیانــدا کــە سوورییەکان بــە مەبەســتی گێڕانــەوەی بەرزاییەکانــی جــۆلان پــلان بــۆ هێــرش دادەڕێــژن، ڕاپۆرتەکــە نەخشــەی ڕوونــی هێرشەکەشــی لــە خۆگرتبــوو. ئەفســەرانی هۆبــەی توێژینــەوەی هەواڵگــری ســەربازی کــە دەیانزانــی ســەرچاوەی زانیارییەکانــی CIA بــە شــێوەیەکی ســەرەکی لــە مەلیــک حوســێنەوە دێــت، ڕاپۆرتێکیــان بڵاوکــردەوە کــە ئاگادارکردنــەوەکان و خاڵــە ســەرەکییەکانی هێرشــەکەی لەخۆگرتبــوو، هەروەهــا بۆچوونــی تایبەتــی خۆشــیان هاوپێــچ کردبــوو کــە کردەکانــی بڵاوبوونــەوەی ســووریا بــە سرووشــت دوژمندارانــە نییــە. ئــەم

بۆچوونـە هیـچ گۆڕانـکاری بەسـەردا نەهـات، کاتێـک هەواڵـگری سـەربازی ڕاپۆرتەکانـی لـە سـەرچاوە تایبەتییەکانـی خـۆی لـە یەکـەی ٨٤٨ وەرگـرت، بـاس لـەوە بـوو کـە فڕۆکـەی سـیخۆی هێرشـکەری سـووری جارێکـی دی هێنراوەتـەوە بنکەکانـی ئاسـمانی، هەروەهـا لیـوای زرێپۆشـی ٤٧ کـە لـە کاتـی شـەڕدا بەرپرسـی کەرتـی باشـووری بـەرەی جۆلان بـوو، بـەرەو باکوور، حومسـی جێهێشـتووە و ئێسـتا بـەرەو سـنوورەکانی ئیسرائیـل لـە باشـوور بەڕێوەیـە. سـەرەتای ئۆکتۆبـەر سـوپای سـووری ئامادەکارییەکانـی تـەواو کـرد، ئێسـتا بـە سـازان لەگـەڵ ڕێبـازی سـەربازی سـۆڤیەتی لـە پێگەیەکدایـە بێئـەوەی پێویسـتی بـە هیـچ کارێکـی دیکـە هەبێـت، ئامـادەی هێرشـکردنە.

لـە یەکـی ئۆکتۆبـەر مـسر بەنـاوی تەحریـر ٤١ دەسـتی بـە ئەنجامدانـی ڕاهێنانێکـی سـەربازی چاوەڕوانکـراو کـرد، لـە پەراوێـزی مەشـقەکەوە، ئیسرائیـل وریاکردنەوەیەکـی دیکـەی بـە دەسـت گەیشـت کـە ڕاهێنانەکانـی تەحریـر ٤١ بـە هێرشـێکی ڕاسـتەقینە بـۆ سـەر کەنـاڵ کۆتایـی دێـت، ئامانجیـش لـە هێرشـەکە چوونـە ناو سـینا و دەسـتگرتنە بەسـەر سـنوورەکان تـا دەگاتـە هـەردوو ڕاڕەوی میتـلا و گیـدی. هەروەهـا ئامـاژەی دیکـەش دووپاتیـان لـەو وریاکردنەوەیـە دەکـردەوە، بـەڵام لـە هەواڵـگری سـەربازی ئـەو وریاکردنەوەیـە وا ڕاڤـە کـرا کـە هێرشـەکە ڕۆژی دواتـر ڕوودەدات، کاتێـک بێئـەوەی هیـچ ڕووبـدات ڕۆژەکـە تێپـەڕی، ئەفسـەرانی هەواڵـگری وەک هەواڵێکـی چەواشـە مامەڵەیـان لەگەڵـدا کـرد، هەربۆیـە گەشـبینیان بـەوەی مـسر هیـچ هێرشـێک ئەنجـام نـادات، وایکـرد ئاماژەکانـی شـەڕ لەبـەرەی سـووریاش فەرامـۆش بکـەن کـە مکوڕبـوون بـێ مـسر شـەڕ ڕوونـادات. لەگـەڵ ئەوەشـدا ئاماژەکانـی ڕوودانـی شـەڕی ڕاسـتەقینە وەک خۆیـان مابوونـەوە، نـەک تەنیـا ڕاهێنـان هـەر کەڵەکـە دەبـوون. قەبـارەی پەیوەندییـە بێتەلەکانـی نێـوان مسرییـەکان کـە لـە ڕاهێنانەکانـی پێشـتردا لە ڕۆژێکـدا بـە هـەزاران دەخەمێلنـدرا، ئێسـتا زۆر کەمـترە، بـەڵام کەرەسـتەی

پرد و پەڕینەوەکان لە کەناڵ لە چاو ڕابردوو زۆر زیاتر بوو، هەروەها تێبینی زیاد بوونی سوتەمەنییەکی زۆریش کرا بوو کە بەرەو کەنداوی سوێس بەڕێگەوەیە، ئەمانە و دروستکردنی دەیان ڕەمپەی بە خێرایی خزینە ناو ئاو، کە بە هیچ شێوەیەک لە ڕاهێنانەکانی دیکەی تەحریر نەبوون.

لەبەرانبەر هەموو ئەمانەدا، سەرۆکی هۆبەی توێژینەوەی هەواڵگری سەربازی لە کۆبوونەوەیەکی نا ئاساییدا کە لە ٣ی ئۆکتۆبەر لە نووسینگەی گۆڵدا مائیر بەڕێوەچوو گوتی، «تا هەنووکە مسر بڕوای بە توانای دەستپێکردنی شەڕ نییە، بۆیە بەلای منەوە بیرۆکەی شەڕی هاوبەشی مسری-سووری جێی باوەڕ نییە». پێدەچێ ئەو چیا زانیارییەی مەروان لە ماوەی نزیکەی ساڵێکدا پێشکەشی ئیسرائیلی کردبوو، هێشتا لە هزریدا تۆمار نەکرابن.

ڕۆژی پێنجشەممە ٤ی ئۆکتۆبەر هەواڵگری سەربازی تێڕوانییەکانی گۆڕی، چونکە یەکینەی ٨٤٨ لە پاشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژەدا، ٤٨ کاتژمێر بەر لە هێرشەکە، لەبارەی جێهێشتنی لەناکاوی سۆڤیەتییەکان، سەرەتا لە سووریا و دواتر لە مسر ئاماژەی ڕوونی بە دەست گەیشت. لە میانەی چاودێریکردنی کاری گواستنەوەی ڕاوێژکار و خێزانە سۆڤیەتییەکان بەرەو وڵاتەکانیان، یەکینەکانی هەواڵگری گوهداری گفتوگۆیەکی گەرمیان وەرگرتبوو کە بە ڕووسی قسەیان لەبارەی فەرمانێکەوە دەکرد کە داوا لە خێزانی ڕاوێژکارەکان کرابوو لە ماوەی بیست خولەکەدا کەلوپەلەکانیان بپێچنەوە و بەرەو ئەو خاڵە بڕۆن کە ڕێککەوتنی لەسەر کراوە، بۆئەوەی لەوێوە بەرەو سۆڤیەتیان ببەنەوە. وردەکارییەکانی قسەکردن لەبارەی کردەی جیهێشتنەکە بە درێژایی شەو و بەیانی ڕۆژی دواتر بەردەوام بوو. لە هەمانکاتدا ئەنجامی دوا کردەی چاودێریکردن گەیشت کە لە

نیـوەڕۆی هەمـان ڕۆژ لەسـەر کەناڵـی سـوێس ئەنجامدرابـوو، وەک ئـەوەی لـە ڕاپۆرتەکـەدا هاتبـوو، «سـوپای مـسر بـە شـێوەیەکی لەنـاکاو بـە ڕیـز بڵاوەیـان کـردووە کـە پێشـتر شـتی وا نەبـووە».

لەبەرئـەوەی دوا ڕاڤـەی وێنەکانـی پایدۆزەکـە کاتێکـی زۆری خایانـد و تەنیـا بەیانـی ڕۆژی هەینـی گەیشـتە بندەسـتی بڕیارسـازانی ئیسرائیلـی، لــە نووســینگەکانی هەواڵگــری ســەربازی گرژییــەکان توونددتــر دەبــوون، چۆڵکردنــی ســۆڤیەتییەکان ئەفســەرەکانی سەراســیمە کردبــوو، کاتێــک لەگــەڵ ئاماژەکانــی دیکــە کۆکرانــەوە، نەدەکــرا هــەر وا ڕاڤــە بکرێــت کــە تەنیــا بەشــێکە لــە ڕاهێنانــی ســەربازی لــە باشــوور و ئامــادەکاری بەرگریکـردن لـە باکـوور، بۆیـە گـەوره فەرماندەکانـی هەواڵگـری سـەربازی لەگـەڵ بەرپرسـانی لقەکانـی ٣ (هێـزی مـەزن)، ٥(سـووریا)، ٦(مـسر) لـە هۆبـەی توێژینـەوەی هەواڵگـری سـەربازی کۆبوونـەوە، بـە درێژایـی شـەو لـە نووسـینگەکانیان مانـەوە بـۆ کۆکردنـەوەی زانیارییـەکان کـە لـە هـەر سـاتێکدا دەگەیشـتن. دواتـر فەرمانـدەی یەکینـەی ٨٤٨ لیـوا یوئێـل بێـن پـۆرات پەیوەنـدی بـە سـەرۆکی هەواڵگـری سـەربازی کـرد و پێیڕاگەیانـد کـە شـەڕ بەڕێوەیـە. سـەرەتا یەکینەکـەی خـۆی خسـتە ئامادەباشـیەوە، بـەڵام ئیلـی ئیـزرا گومانـی لـە باوەڕەکـەی پەیداکردبـوو کە شـەڕ ڕوونـادات، لەبەرئـەوەی نەیدەتوانـی لـەم دوا کاتژمێرانـەدا ئامـاژەکان فەرامـۆش بـکات.

کاتژمێــر دوو و نیــوی بەرەبەیانــی ڕۆژی هەینــی، زەنگــی تەلەفۆنــی ماڵـی سـەرۆکی مۆسـاد لێیـدا و زامیـر وەڵامـی دایـەوە، دیاربـوو فریـدی ئینـی سـەرۆکی نووسـینگەکەی پەیامێکـی بـە پەلـەی پێبـوو کـە فریشـتە پەیوەنـدی کـرد و باسـی لـە شـەڕ دەکـرد.

# پاژی نۆیەم

## واژووکردنێك لە عانی خۆرئاوابوونی ڕۆژی شەممەدا

چـوار ڕۆژ بـەر لـە دەسـت پێکردنـی شـەڕ، ئـەشرەف مـەروان مـسری بـەرەو لیبیـا جێهێشـت و بـە قەزافـی ڕاگەیانـد بـەم نزیکانـە نیـازی چوونـە شـەڕ هەیـە[1]، دواتـر بـەرەو فەڕەنسـا ڕۆیشـت. ڕۆژی پێنجشـەممە ٤ی تشرینـی یەکـەم لەگـەڵ شـاندی مـسر پێکـەوە لـە پاریـس بـوو، ئەمـەش ئـازادی کارکردنـی بـە تەلەفـۆن یـان ڕێکخسـتنی دیـدار لەگـەڵ ڕێنوێنیـکارە ئیسرائیلییەکـەی لـێ قـورس کردبـوو. بـەڵام بـەلای مـەروان زاڵبـوون بەسـەر ئەمجـۆرە ئاستەنگانە ئاسـاییبوون و هەمیشـە ڕێگەچارەیەکـی دەدۆزییـەوە، شـەوی شـەممە، تەلەفۆنـی بـۆ ئەپارتمانتـی ئـەو ژنـەی لەنـدەن کـرد کـە لـە نێـوان مـەروان و مۆسـاد وەک نێوەنـدکار کاری دەکـرد و پێی گـوت، دەیەوێ قسـە لەگـەڵ «ئەلێکـس» بـکات و دواتـر پەیوەنـدی دەکاتـەوە. ژنەکـەش بە نـۆرەی خـۆی هەواڵـی بـە دوبـی دا، ئەویـش بـۆ گەیشـتن بـە ئەپارتمانتـی ژنەکـە ڕێگەیەکـی خێـرای دۆزییـەوە و لـە چاوەڕوانـی تەلەفۆنەکـە لێـی دانیشـت. ئیـدی هـەرزوو زەنگـی تەلەفـۆن لێیدایـەوە کـە فریشـتەکە بـوو.

دوبـی گوێـی لـە هەنـدێ دەنـگ بـوو کـە بـە عەرەبـی قسـەیان دەکـرد. لەوەشـدا ئاشـکرا دیاربـوو کـە مـەروان بـە تەنـێ نییـە و ناتوانـێ بـە ئـازادی قسـە بـکات و شـڵەژاو دیاربـوو. یەکسـەر بـەوە دەسـتی بـە قسـە کـرد کـە ناتوانـێ بـە دورودرێـژی قسـە بـکات، دوبـی تێگەیشـت و دواتـر فریشـتەکە

چـووە نـاو کرۆکـی بابەتەکـە و دەیویسـت قسـە لەسـەر «زۆر لـە مـاددە کیمیاوییـەکان بـکات»، بۆیـە دەبێـت بـە پەلـە «جەنـەڕاڵ» ببینـێ، بۆیـە سـبەینێ لـە لەنـدەن دەبێـت و یەکـدی دەبینـن.

دوبـی پێیوابـوو پەیامەکـەی بـە بـەرزی و بـە ڕوونـی بیسـت، وەک بەشـێک لـەو پڕۆتۆکۆڵـەی دایڕشـتبوو بۆئـەوەی مـەروان لەبـارەی هـەر هێرشـێکەوە بـکارێ وریاکردنـەوەی پێشـینە بـدات، بـۆ ڕوونکردنـەوەی سروشـتی تایبەتـی هەڕەشـەکە، کۆدیـان بەکاردەهێنـا. لەبەرئـەوەی مـەروان کیمیـای خوێندبـوو، بڕیاریانـدا وریاکردنـەوەکان بـە بەکارهێنانـی توخمەکانـی خشـتەی دەوری تێکـەڵ بـە هەنـدێ دەسـتەواژە کـە ئامـاژەی گفتوگۆیەکـی ئاسـایی بێـت. ئـەو وشـە گشـتییەی کـە ئامـاژە بـوو بـۆ شـەڕ، «مـاددەی کیمیایـی» بـوو، بـەڵام مـەروان دەسـتەواژەی تایبەتـی زیاتـری لا بـوو. ئەگـر بیویسـتبا هەڕەشـەی هێرشـی لەگینـی پێڕاگەیاندبـان، ئـەوە باسـی لـە «پۆتاسـیۆم» دەکـرد، ئەگـەر بیویسـتبا لـە هێرشـێکی کەمێـک دوورتـر ئاگاداریـان بکاتـەوە، ئـەوە توخمـی «یـۆدی» بەکاردەهێنـا، بـەڵام وەک ئاماژەیـەک بـۆ هێرشـی ئاسـمانی بـۆ سـەر سـینا، بـێ پەڕینـەوە لـە کەناڵـی سـوێس، وشـەی «سـۆدیۆم» بەرانبەرەکـەی بـوو.

هەندێـک لـە کۆمێنتـارەکان پێیانوابـوو دوبـی هەڵەیەکـی گـەورەی کـردووە، چونکـە دەبـوو داوا لـە مـەروان بـکات لەبـری تەنیـا «مـاددە کیماییـەکان» توخمێکـی دیاریکـراو بەکاربهێنـێ، تـا لەسـەر ئـەو بنەمایـە سـەرۆکی مۆسـاد لـە لەنـدەن ئامـادە بـا، بـەڵام لەبـری ئـەوەی پرسـەکە زیاتـر ڕوون بکاتـەوە، چونکـە درکـی بـە پەرەسـەندنی کاتژمێـر بـە کاتژمێری بارودۆخـە گرژەکـەی ئیسرائیـل نەدەکـرد، ئـەوەی دەیزانـی تەنیـا لـە ڕێگـەی ڕۆژنامەکانـەوە بـوو، ئەوانیـش هیـچ ڕاپۆرتێکـی ئاشـکرایان لەبـارەی شـەڕی چاوەڕوانکـراو تێـدا نەبـوو، بـەڵام پێویسـتە ئـەوەش بڵێـم، دوبـی بـژاردەی

زۆری لەبەردەست نەبوو، چونکە ئاگاداری گووشارەکانی سەر مەروان و کەسانی دیکەی دەوروبەری هەبوو، ڕەنگە پێیوا بێت، ئەگەر مەروان زانیاری وردتری لە کن با، لەونە بوو کۆدێکی دیکەی بەکارهێنا با، دواجار دوبی بەو ئەنجامە گەیشت مادامەکێ ئەوەی نەکردووە، واتە ورياکردنەوەکە بەو ڕادەیە مەترسیدار نییە، دواجار، بۆیە پێیوابوو ڕەنگە سبەینێ، کاتێک چاوی بە زفی زامیر دەکەوێت مەروان چڕوپڕتر قسە بکات.

لە هەموو حاڵەتێکدا دوبی پێڕەوی تەواوی لە پڕۆتۆکۆڵ دەکرد، هەرکە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی لەگەڵ مەروان کۆتایهات، دەستبەجێ پەیوەندی بە سەرۆکی لقی لەندەنی مۆسادەوە کرد و ڕاپۆرتێکی فەرمی لەناو دەستی دانا. دروستە هۆکاری ڕاستەوخۆی ناردنی ئەو ڕاپۆرتە، ئەو وریاکردنەوەیە بوو کە لە فریشتەکەی وەرگرتبوو، بەڵام بە پرسی دیکەوە پەیوەست بوو کە سەرچاوەکە دەخوازێت تایبەت بە «ماددە کیمایيیەکەوە» بە پەلە چاوی بە سەرۆکی مۆساد بکەوێ و ئاماژەی بەوەدا کە دیدارەکە لە لەندەن بێت.

هەرزوو ڕاپۆرتەکە ڕەوانەی بارەگای سەرکردایەتی مۆساد لە تەلئەڤیڤ کرا کە دەوروبەری نیوە شەو بە کاتی ئیسرائیل گەیشت، ئەفسەری ئێشکگر دەستبەجێ کۆپییەکی لە ڕاپۆرتەکە نارده نووسینگەی زامیر، هەروەها کۆپییەکی دیکەشی بۆ هەواڵگری سەربازی نارد.

ژنە ئێشکگرەکەی نووسینگەی زامیر، دەلحاز نامەکەی وەرگرت و پەیوەندی بە فریدی ئینی، سەرۆکی ستافەکەی کرد کە ئەوکات لە ماڵ بوو. ئینی دەستبەجێ سواری ئۆتۆمبیلەکەی بوو، بە مەبەستی خوێندنەوەی نامەکە بەرەو بارەگای سەرکردایەتی لێیخوڕی. بە گوێرەی ئەو شایەدییەی لەبەردەم لێژنەی ئەگرانات دای- لێژنەی لێکۆڵینەوە

کـە بـە مەبەسـتی دەرخسـتنی هۆکارەکانـی شکسـتی شـەڕی یـۆم کیپـوور پێکهاتبـوو- ئینـی پەیامەکـەی بـە جـددی وەرگرتبـوو کـە تایبـەت بـوو بـە «ورياكردنـەوەی دەسـت پێکردنـی شـەڕ کـە پێشـتر شـتی وا ڕووی نەدابـوو» ئـەو قسـانەی دواتـر کردنـی، ئامـاژە نەبـوون بـە وریاکردنەوەکـە، بەڵکـوو تایبـەت بـوو بـە داواکـەی مـەروان بـۆ بینینـی سـەرۆکی مۆسـاد، ئەمـەش کارێکـی ئاسـایی نەبـوو، چونکـە مـەروان هەمیشـە لـە سـێبەر دەمایـەوە، تەنیـا ئەوکاتانـە نەبێـت کـە زامیـر دەهاتـە نـاو کۆبوونەوەکانـەوە. ئەمـەش بـۆ ئـەوە بـوو تـا ڕێگـە بـە مـسری و ناحـەزان نـەدرێ، نەبـادا تێبکـەوێ. بۆیـە بارودۆخـە بێجگەییەکـە بـە هەنـد وەرگیـردرا. ئینـی هەسـتی کـرد دەبێـت زامیـر لـە پەیوەندییـە تەلەفۆنییەکـە خەبـەردار بکاتـەوە کـە ئـەوکات لـە ماڵـەوە بـوو.

بەکاتـی ئیسرائیـل، کاتژمێـر دوو و نیـوی بەرەبەیانـی ڕۆژی هەینـی ٥ی تشرینـی یەکـەم بـوو.

لـە مشـتومڕەکانیاندا بەلانـی کـەم جارێـک نـا تێگەیشـتن لـە نێوانیانـدا ڕوویـدا، ئینـی وای هـزر کـرد پێویسـتە بـۆ بەشـداری پێکردنـی لـە وریاکردنـەوەی قەومانـی شـەڕێکی نزیـک و لەگیـن پەیوەنـدی بـە زامیـرەوە بـکات کـە سـەرچاوەیەکی بـاڵای هەواڵگـری ناردوویەتـی. بـەڵام زامیـر پەیوەندییەکـەی بـە شـتێکی لاوەکـی بینـی، هـاوکات ئینـی ئەوەشـی پـێ ڕاگەیانـد کـە فریشـتەکە دەیـەوێ لـە لەنـدەن بتبینـێ بـە مەبەسـتی گفتوگۆکـردن لەسـەر «مـاددە کیمیاییەکانـەوە»، بـەڵام لەبەرئـەوەی مـەروان ئـەو کـۆدەی بەکارنەهێنابـوو کـە ئامـاژەی ڕوودانـی شـەڕێکی لەگیـن بێـت و زامیریـش وەک وریاکردنەوەیەکـی ڕاسـتەقینەی شـەڕێکی لەگیـن مامەڵەی لەگەڵـدا نەکـرد، دواتـر ئامـاژەی بـەو وریاکردنەوەیـە دا کـە لـە مانگـی نیسـان ڕوویدابـوو، بـەوەی هەمـان سـەرچاوە کـۆدی هێرشـێکی لەگینـی

بەکارهێنابوو، لەبەرئەوەی هەڵە بوو هەرزوو مەروان ورياکردنەوەکەی کێشایەوە، بەڵام ئەمجارە ئاماژەکانی ڕوودانی شەڕ زۆر جدیتر بوون، لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەریی پێداگیری لەسەر وشەی «مادده کیمیاییەکان» کەمتر بوو، ئەمەش وای لە زامیر کرد بەو ئەنجامە بگات کە لەوانەیە بەو ڕادەیە ڕوودانی شەڕ نزیک نەبێت کە لێی دەترسا.

زامیر لەو باوەڕەدابوو مەبەست لە پەیوەندییە تەلەفۆنیەکەی ئینی، ئەوە بوو کە خەبەری بداتێ مەروان دەیەوێ شەوی دواتر لە لەندەن ببینێ. بۆیە بڕیارەکە لای زامیر بوو کە ئایا دەڕوات یان ناڕوات، بەڵام بڕیاردانی دیداری مەروان بە واتای گۆڕانکارییەکی خێرای پلانەکان دێت بۆئەوەی بە گەشتی بەیانی بگات کە لەسەروبەندی جەژنی لێبوردن تاکە گەشتی ئی ئای بوو بۆ شانشینی یەکگرتوو، بۆیە لە پێناو ڕیکخستنی ڕێوشوێنەکان پێویست بوو هەواڵی ئینی بدات. چەند ڕۆژێک بوو سەرۆکی مۆساد بە هۆی لێشاوی ڕاپۆرتەکانی باسی شەڕیان دەکرد و مکوڕبوونی هەواڵگری سەربازی لەسەر بێ بەهاکردنیان، زۆر نارەحەت و دوودڵ بوو دواجار گوتی، بەڵی «دەچمە لەندەن» و داوای لە ئینی کرد ڕێوشوێنە پێویستەکانی گەشتەکەی و کۆبوونەوە نهێنییەکەی بۆ بکات و ئاگاداری گرووپی مۆسادی خۆجێیان کرد، لەسەر خاکی لەندەن پاراستن و کێوماڵیان بۆ دابین بکات. ئیدی بەمە پەیوەندییە تەلەفۆنیەکە کۆتاییهات.

چەند خولەکێک دواتر، جارێکی دی زەنگی تەلەفۆنەکەی زامیر لێیدایەوە، ئەمجارە ئیلی زەیرای سەرۆکی هەواڵگری سەربازی بوو، ئەوەش یەکەمجار بوو کە زەیرا پاش نیوە شەو پەیوەندی پێوە بکات، ئەمەش هەر بۆ خۆی ئەو هۆکارە تەواوو بوو کە باوەڕ بە زامیر بهێنێ مەسەلەکە مەترسیدارە. سەرۆکی مۆساد هەواڵی ئۆپەراسیۆنی

چۆڵکردنـی هێزەکانـی سـۆڤیەتی لـە سـووریا پێـدا، زامیـر لێـی پرسـی ئەگـەر هـەر شـتێکی نوێـی بیسـت، هەواڵـی پـێ بـدات، بـەڵام زامیـر کـە هێشـتا لەبـارەی «مـاددە کیمیاییەکانـەوە» مەودای مەترسـیداری نامەکـەی مەروانی قبـوڵ نەبـوو، باسـی لـەو گفتوگۆیـە نەکـرد کـە تـازە لەگـەڵ فریـدی ئینیـەوە کردبـووی، چونکـە زەیـرا پێیوابـوو هیـچ هەواڵێـک لـە مۆسـادەوە نییـە.

دەوروبـەری کاتژمێـر سـێی بەیانـی، ئینـی دووبـارە تەلەفۆنـی کـردەوە و زامیـری لـە وردەکاری گەشـتەکەی بەیانـی ئـاگادار کـردەوە، هەروەهـا زامیریـش لـە تەلەفۆنـی سـەرۆکی هەواڵگـری سـەربازی و کـردەی چۆڵکردنـی سـۆڤیەتی ئـاگاداری کـردەوە، ئینـی ئـەوەی خسـتەڕوو کـە ڕەنگـە پەیوەندییـەک لـە نێـوان ئەمـە و خواسـتی لـە نـاکاوی مـەروان بـۆ کۆبوونـەوە هەبێـت. ئیـدی ئـەوکات زامیـر پـەی بـەوە بـرد، ئینـی کـە نامەکـەی دوبـی بینیبـوو، دەزانـێ مـەروان لەبـەر گواسـتنەوەی ورياکردنەوەکانـی ڕوودانـی شـەڕێکی نزیکـە، بۆیـە هەواڵـی بـە ئینیـدا، هەر ئێسـتا پەیوەنـدی بـە زەیـراوە بـکات و ئـەوەی پـێ ڕابگەینـێ و ڕێنوێنـی پێـدا کـە لیـوا ئیسرائیـل لیـۆری سـکرتێری سـەربازی سـەرۆک وەزیـران لـە ورياکردنەوەکـەی فریشـتەکە و پلانـی زامیـر بـۆ بینینـی لـە لەنـدەن ئـاگادار بکاتـەوە.

زامیـر دووبـارە پەیوەنـدی بـە زەیـراوە کـرد کـە ئـەوکات سـێ کاتژمێـر بەسـەر گەیشـتنی بەیاننامەکـەی دوبـی بـە بـارەگای مۆسـاد تێپەڕیبـوو، بەگوێـرەی ڕاپۆرتـی لێژنـەی ئەگرانانـت، زامیـر بـە سـەرۆکی هەواڵگـری گـوت، «ئـەوە شـەڕە...بەڵام تـا ئێسـتا وادە دياريکراوەکـەی نازانیـن... بـەڵام لەگینـە[٢]. بەپێـی شـایەدی زامیـر، زەیـرا بـە «بەڵـێ ئـەوە شـەڕە» ڕەزامەنـدی نیشـانداوە.

لـە شـایەتدانەکەیدا سـەرۆکی هەواڵگـری سـەربازی بـە شـێوەیەکی

جیاواز گفتوگۆکەی گێڕایەوە، لەبەردەم لێژنەی لێکۆڵینەوە، گوتی زامیر پێی گوتیە لە بیستوچوار کاتژمێری دادێدا زانیاری زیاتری دەستدەکەوێ و لە وەڵامدا زەیرا داوای لە سەرۆکی مۆساد کرد بە پەلە سەری لێ بدات، ئەگەر بە ڕاستی دەربارەی شەڕە. بە پێچەوانەی بانگەشەکانی زامیر کە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە لە بنەڕەتەوە لەبارەی هێرشە نزیکەکە بوو، زەیرا بانگەشەی ئەوەی کرد هەرگیز وا لە نامەکەی دوبی نەگەیشتووە کە بە شەڕ پەیوەستە و بە لێژنەکەی گوت، «ئەوە جاری یەکەمە گوێم لەوە دەبێت». دواتر بانگەشەکانی بەو گوتەیە دووبارە کردەوە، «ئاماژەکانی وریاکردنەوە ڕوونن، وەک ئەوەی ئێستا تێگەیشتم کە یەکەمجارە ئەوە دەبیستم».

لێژنەکە شایەدی سەرۆکی مۆسادی خستە سەرووی شایەدی زەیرا و ئەندامانی لێژنە بە خودی قسەکانی خۆی ڕوبەڕووی بوونەوە کە لە خولەکی یەکەمی کۆبوونەوەی ڕۆژی هەینی ٥ی تشرینی یەکەم لەگەڵ سەرۆک وەزیران تۆمارکرابوون، لەوێ ڕوون بوو کە زانیویەتی زامیر بۆ ڕوونکردنەوەی تایبەت بە وریاکردنەوەی شەڕ لەسەر ئاو و ئاگر بوو. کاتێک ئەمەیان ڕوبەڕوو کردەوە، هەڵوێستی زەیرا خاو بوویەوە و گوتی، «ڕەنگە زامیر قسەیەکی لەو بابەتەی کردبێت» و گوتی: «ئەگەر بە گشتی قسە بکەین، من لەوە تێدەگەم کە وریاکردنەوەیە هیچ شتێکی ئەکید و لەگین نییە، هەروەها هیچ شتێکیش ڕوون نییە، هەست دەکەم تێگەیشتنی مۆسادیش هەر ئاوەها بوو[٣].

بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی ٥ی تشرینی یەکەم، ئینی لەبەردەرگەی خۆی لە گەڕەکی تزاهالای دەوروبەری تەلئەڤیڤ زامیری هەڵگرت و بەرەو فڕۆکەخانەی لۆد لێیانخوڕی، لە ڕێگە هەردووکیان ڕێککەوتن کە زامیر لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە ئێنی لە وردەکاری کۆبوونەوەکەی ئەو

شـەوە ئـاگادار بکاتـەوە. هەروەهـا لەسـەر وشـەکۆدیش ڕێککەوتـن تـا زامیر لـە ڕاپۆرتەکانیـدا بەکاریبهێنـێ. زامیـر پێداگیـری لەسـەر پێویسـتی گەیاندنـی ناوەڕۆکـی نامەکـەی دوبـی بـە سـەرۆک وەزیـران کـرد، هەرچەنـدە ئینـی پێویسـتی بـەوە نەبـوو بـە بیـری بهێندرێتـەوە: یاسـاکان زۆر ڕوون بـوون، ئینـی کـە هەمیشـە پێوەیـان پابەنـد بـوو، بـاش پـەی بـە بایەخیـان دەبـرد.

زامیـر بـەرەو لەنـدەن فـڕی و ئینیـش بـە ئۆتۆمبیلەکـەی خـۆی بـەرەو بـارەگای سـەرکردایەتی لـە تەلئەڤیـڤ لێیخـوڕی، هەولێـدا پەیوەنـدی بـە نووسـینگەی ئیسرائیـل لیـۆری سـکرتێری سـەربازی سـەرۆک وەزیرانـەوە بـکات، بـەڵام پێـی ڕاگەیەنـدرا کـە لیـۆر لەگـەڵ سـەرۆک وەزیـران لـە کۆبوونەوەیـە و ناتوانـێ قسـە بـکات، ئینـی نامەیەکـی بـۆ جێهێشـت بۆئـەوەی بیگاتـێ.

گۆڵـدا مائیـری سـەرۆک وەزیـران لەنـاو ئـەو کۆبوونەوەیـەی کـە لـە نووسـینگەی تایبەتییەکـەی لـە بـارەگای فەرماندەیـی سـوپا لـە تەلئەڤیـڤ بەڕێوەچـوو و لـە کاتژمێـر دە تـا یـازدەی پێشـنیوەڕۆ درێـژەی کێشـا، زانیارییەکـەی بـە دەسـت گەیشـت. هەریـەک لـە مۆشـێ دایـان وەزیـری بەرگـری، داڤیـد ئیلـەزار سـەرۆکی ئەرکانـی سـوپا و زەیـرا و ژمارەیـەک یاریـدەدەری نزیکـی بەشـداری کۆبوونەوەکـە بـوون، زەیـرا سـەرۆک وەزیرانـی لـە ئامادەکارییـە سـەربازییەکانی عـەرەب و کـردەی چۆڵکردنـی سـۆڤیەتییەکان ئـاگادار کـردەوە، هەروەهـا باسـی لـە گەشـتی سـەرۆکی مۆسـاد بـۆ لەنـدەن کـرد و نامەکـەی مەروانـی گواسـتەوە کـە گوتبـووی «لەگینـە شـتێک ڕووبـدات» و زامیریـش بـە مەبەسـتی لێکۆڵینەوەکـردن لـەوە ڕۆیشـتووەتە لەنـدەن. وەزیـری بەرگـری بـە وریاکردنەوەکـەی زانـی، نزیکـەی کاتژمێرێـک پێشـتر لـە میانـەی کۆبوونەوەیەکـی تاکلایەنـە لەگـەڵ زەیـرا ئـەوەی زانـی کـە زامیـر «شـەوی ڕابـردوو وریاکردنەوەیەکـی

لـە فریشـتەکە وەرگـرت» و تێیـدا لـە نزیکـی ڕوودانـی شـتێک هۆشـیاری کردبـووەوە و داوای لـە زامیـر کـرد دەسـتبەجێ بـۆ کۆبوونەوەیـەک بێـت و کاتژمێـر دەی ئـەم شـەوە دەیبینـێ[٤].

شـێوازی دیفاکتـۆی گواسـتنەوەی زەیـرا لـەوەی لـە پەیوەندییـە تەلەفۆنییەکـەی شـەوی ڕابـردوو لـە زامیـری بیسـتبوو، هێنـدە ڕەوا نەبـوون کـە بـە وریاکردنـەوەی کردەنـی بزانرێـت. ئەگـەر ئینـی ڕاسـتەوخۆ هـەر ئـەو شـەوە (نـەک بەیانـی دواتـر) پەیوەنـدی بـە لیـۆر بکردبـا و ڕاسـتەوخۆ قسـەی لەگەڵـدا بکردبـا (لەبـری ئـەوەی نامـەی بـۆ جێبهێڵێـت) و بـە ڕوونـی ناوەڕۆکـی ئـەو ڕاپۆرتـەی پێڕاگەیاندبـا کـە دوبـی بـەر لـە چەنـد کاتژمێرێـک ناردبـووی، لەوانەبـوو ئەگـەر سـەرۆک وەزیـران ئـەو زانیاریانـەی ببیسـت بـا، بـە شـێوازێکی جـودا مامەڵـەی لەگـەڵ کردبـان، بـەڵام لەبـری ئـەوە گەمـەی پەیوەنـدی تەلەفۆنـی لێکەوتـەوە: کـە لـە ئەنجامـدا ئاسـتی وریاکردنـەوەی مـەروان بـە پلەیەکـی بـەرز خـاو بوویـەوە، پێـش ئـەوەی بـە گوڵـدا مائیـر بـگات.

بێگومـان وشـە مژاوییەکانـی نـاو ڕاپۆرتەکـەی دوبـی، ڕۆڵـی لـە خـراپ تێگەیشـتنی وریاکردنەوەکـەی مـەروان لەبـارەی شـەڕ هەبـوو، چونکـە وەک وریاکردنـەوەی شـەڕ لـە ڕۆژێکـی یەکلاکـەرەوە تێنەگەیشـتبوون کـە یەکەمجـار زامیـر لـە ئینـی بیسـتنی، کاتژمێـر دوو و نیـوی بەربەیانـی ڕۆژی هەینـی و ئـەو ڕاپۆرتـەی زامیـر کـە دوای کۆبوونـەوەی لەگـەڵ مـەروان شـەوی دواتـر ئامـادەی کردبـوو. ئەگـەر مـەروان لـە بنەڕەتـەوە ئـەو زانیارییـە وردانـەی دابـا، ئەگـەر هـەر لـە ڕۆژی پێنجشـەممەوە دەیزانـی دوای دوو ڕۆژی دی هێـرش دەسـت پێـدەکات، بێگومـان بـە پێـی توانـا بـە پەلـە بـە دوبـی دەگـوت. جـا یـان ئەوەتـە مـەروان لـە پەیوەندییـە تەلەفۆنییەکـەی شـەوی پێنجشـەممە ڕوون نەبـووە، بـەڵام زیاتـر ڕێـی

تێدەچێ وادەی دیاریکـراوی هێرشـەکەی نەزانـی بێـت، تەنیـا دوای پەیوەندییـە تەلەفۆنییەکـەی لەگـەڵ دوبـی نەبێـت، ئەویـش ڕەنگـە بـە ڕێکـەوت بـوو بێـت.

ئـەو شـاندەی مـەروان لەگەڵـی هاتبـووە فەڕەنسـا، سـەرلەبەیانی ڕۆژی هەینـی گەڕایـەوە قاهیـرە، بـەڵام مـەروان چـووە لەنـدەن و لـە نهۆمـی حەوتەمـی هوتێـل چەرچـەڵ سـویتێکی گرتبـوو کـە هوتێلێکـی نـاوازە و تاڕادەیـەک نـوێ و جیـاکار بـە خشـتە سـوورەکەیەوە لـە شـەقامی ئۆکسـفۆرد هەڵکەوتبـوو، ئـەو بەیانییـە لەسـەر قەنەفەکـە پـاڵ کەوتـوو و خەریکـی خوێندنـەوە بـوو.

دواتـر گوێـی لـە لێدانـی دەرگـە بـوو کـە محەمـەد نەسـیر بـوو، هـەر لـە قاهیـرەوە مـەروان دەیناسـی، نەسـیر پیاوێکـی تەمـەن ٤٦ سـاڵی بـوو، یەکێـک لـە ئەندازیـارە یەکەمەکانـی کۆمپیوتـەر بـوو لـە مـسر. سـاڵی ١٩٦٧لەسـەر داوای محەمـەد حەسـەنێن هەیکـەل پەیوەنـدی بـە سـتافی ڕۆژنامـەی ئەهـرام کـرد، ناوەنـدی ڕاگەیەنـدراوی ڕۆژنامەوانـی و خانـەی بڵاوکردنـەوەی دامەزرانـد و لـە مـاوەی پێنـج سـاڵ کـردی بـە یەکێـک لـە ناوەنـدە هـەرە گرنگەکانـی تەکنۆلۆژیـا لـە وڵات. سـاڵی ١٩٧٢ ناوەندەکـەی جێهێشـت و بـەم نزیکانـە لـە بـواری کۆمپیوتـەر و پەیوەنـدی دەسـت بـە کارێـک دەکات و وای لێـدەکات ببـێ بـە یەکێـک لـە پیـاوە دەوڵەمەندەکانی مـسر. نەسـیر کچـی عەبدوللەتیـف بەغـدادی خواسـتبوو کـە یەکێـک لـە ئەندامانـی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش و لـە سـەردەمی نـاسر جێگـری سـەرۆک بـوو. لـە ڕێگـەی هاوژینەکەیـەوە چـاوی بـە مونـای کچـی نـاسر کەوتبـوو، مونـاش بـە مەروانـی ناسـاندبوو.

نەسـیر چیرۆکێکـی سـەیر و سـەمەرەی پێبـوو، ئـەو بەیانییـە قسـەی لەگـەڵ بەڕێوەبـەری نووسـینگەی هێڵـی ئاسـمانی مـسر لـە لەنـدەن

کردبـوو، ئـەو بەڕێوەبـەرە پێـی گوتبـوو، ئـەو و هاوبەشـەکەی لـە پاریـس فەرمانێکـی بەلـەز و ڕوونیـان لـە قاهیـرە پێگەیشـتووە کـە ڕێـڕەوی گشـت فڕۆکەکانـی کـە ئێسـتا لــە لەنــدەن و پاریســن بــەرەو تەرابلوســی لیبیــا بگــۆڕن. فەرمانەکانیــش هیــچ ڕوونکردنەوەیەکیــان لەگــەڵ نەبــوو.

هیــچ کام لــە مــەروان و نەســیر بەمەیــان نەدەزانــی، بەڵکــوو ئــەو فەرمانـەی بـۆ لەنـدەن و پاریـس دەرچووبـوو، ئاکامـی ئـەو بڕیـارە بـوو کـە وەزیـری فڕۆکەوانـی شارسـتانی مـسر بـێ ڕاوێژکـردن لەگـەڵ کـەس فەرمانی بــە بەڕێوەبــەری جێبەجێــکاری هێڵەکانــی مــسردا بــوو، ڕێــڕەوی گشــت فڕۆکەکانــی ســەر بــە هێڵەکــەی بــۆ وڵاتانــی دۆســت بگوازێتــەوە. وەزیــر بــە وادەی هێرشــە نزیکەکــەی زانیبــوو، بۆیــە بــۆ پاراســتنی فڕۆکــەکان ئــەو بڕیارەیدابـوو، بـەڵام کاتێـک ئـەو بڕیـارە گەیشـتە (ناوەنـدی ١٠)ی ناوەنـدی فەرماندەیــی ســوپای مــسری، وەزیــری بەرگــری و دەســتەی ئەرکانــی ســوپا حەپەســان، چونکــە ترســان ئــەو گۆڕانکارییــە لــە نــاکاوەی وادەی گەشــتە ئاسـمانییەکانی مـسر، سـەرنجی ئیسرائیلییـەکان ڕابکێشـن، بۆیـە داوایـان لـە بەڕێوەبـەری جێبەجێـکاری کۆمپانیاکـە کـرد، فەرمانەکـە فەرامـۆش بـکات و کار بــە خشــتەی گەشــتە بڕیــار لێدەراوەکانــی بەرەبەیانــی ڕۆژی هەینــی ٥ی تشرینــی یەکــەم بــکات[٥]. ســەرۆکی نووســینگەی هێڵــی ئاســمانی لــە لەندەن کــە ئاشــنایەتی دەگــەڵ نەســیر هەبــوو، پەیوەنــدی پێوەکــرد کــە ئایــا هیــچ زانیارییەکــی لەبــارەی هــۆکاری فەرمانــە لــە ناکاوەکــە و هەڵوەشــانەوەکەی هەیـە، لـە وەڵامـدا نەسـیر پێـی گـوت هیـچ بیرۆکەیەکـی نییـە، بـەڵام بیـری کـردەوە کـە یەکێـک دەناسـێ، لەوانەیـە ئـەو شـتێکی لـێ بزانێـت: ئەویـش ئــەشرەف مەروانــی هاوڕێــی بــوو کــە لــە ســەرۆک نزیکبــوو و ســادات بــە چەندیــن ئەرکــی دیپلۆماســی هەســتیار ناردبــووی، خۆشــی پێویســت بــوو ئــەو بەیانییــە بگاتــە لەنــدەن و لــە هوتێــل چەرچــەڵ دابەزێــت.

بـه گوێـرەی ئـەو چاوپێکەوتنـەی دواتـر نەسـیر لەگـەڵ کەناڵـی تەلەفزیۆنـی مـسر کـردی، کاتێـک مـەروان گوێـی لـە چیرۆکەکـە بـوو، لەسـەر قەنەفەکـەی هەڵسـایەوە و گوتـی «شـەڕ دەقەومـێ. بەپێـی نەخشـەی شـەڕ دەبـێ نیگـەران بیـن، نەبـادا فڕۆکەکانمـان لەسـەر زەوی تووشـی زیـان بـن، بەشـێک لـە نەخشـەکە گۆڕینـی ڕێـڕەوی فڕۆکەکانمـان بـوو بـۆ وڵاتانـی دی». دواتـر مـەروان چـووە ژووری نووسـتن و چەنـد پەیوەندییەکـی تەلەفۆنـی ئەنجامـدا و دەسـتبەجێ گەڕایـەوە و گوتـی ڕۆژی دواتـر شـەڕ دەسـت پێـدەکات، هەروەهـا بـە نەسـیری گـوت دەبـێ هـەر ئێسـتا بگەڕێتـەوە مـسر و داوای لێیکـرد بچێتـە لای کەمـاڵ ئەدهـەم کـە هاوڕێـی هەردووکیـان بـوو، بۆئـەوەی یەکێـک لـە فڕۆکـە تایبەتییەکانـی بداتـێ تـا پێـی بگەڕێتـەوە قاهیـرە. نیـوەڕۆ ڕۆژی هەینـێ بـوو کـە نەسـیر پەیوەنـدی بـە کەمـاڵ ئەدهەمـەوە کـرد، بـەڵام نەیتوانـی یارمەتـی مـەروان بـدات، چونکـە ئـەو فڕۆکـەی کـە لەنـدەن هەیبـوو، تـازە فڕیبـوو. نەسـیر مەروانـی جێهێشـت و گەڕایـەوە لای خێزانەکـەی. وەک ئـەوەی باسـی کـرد، بـۆ ئـەو ڕوون نەبـوو کـە ئایـا «مـەروان ئـاگای لـە هەمـوو وردەکارییەکانـی نەخشـەی شـەڕ هەبـووە، چونکـە لـە نووسـینگەی سـەرۆک کاری دەکـرد، بـەڵام نەیدەزانـێ کـەی ڕوودەدات ... بەڵگـەش بـۆ ئـەوە ئـەو سەرسـوڕمانە لـە نـاکاوە بـوو کـە لێـی دەرکـەوت کاتێـک بـە چیرۆکەکـەی زانـی. بۆیـە ڕوون و ئاشـکرابوو نەیدەزانـی کەنگینـێ شـەڕ ڕوودەدات[٦]».

زۆربـەی ئـەو ئیسرائیلیانـەی ئـاگاداری ورياکردنەوەکانـی مـەروان بـوون کـە لەبـارەی قەومانـی شـەڕ دایبـوو، وایـان گریمانـە دەکـرد کـە ئـاگای لـە وردوباریـک هەیـە. کاتێـک بـەر لـە چەنـد ڕۆژێـک مـسری جێهێشـت کـە گوایـە لـە ٦ی تشرینـی یەکـەم شـەڕ ڕوودەدات، بـەڵام ئـەوەی لـە قسـەکانی نەسـیر ڕوونبوویـەوە، ئـەو گریمانەیـە هەڵەبـوو. لـە ڕاسـتیدا نەیدەزانـی

شـەڕ لـە ٦ی تشرینـی یەکـەم دەقەومـێ، تەنیـا نیـوەڕۆی ٥ی تشرینـی یەکـەم نەبێـت، ئەویـش بـە ڕێکەوتبـوو.

لـە مشـتومڕێکی تـەواودا کـە ئایـا مـەروان بـە کردەنـی سـیخوڕێکی دوو سـەرەی لێهاتـوو بـوو، نـەک یەکێـک بـوو لـەو سـیخوڕە گرنگانـەی کـە ڕۆژانێـک ئیسرائیـل ناسـیویەتی، هیـچ پرسـیارێک لـە «دواکەوتنەکـەی» مـەروان لەبـارەی وریاکردنـەوەی شـەڕ یەکلایکەرەوەتـر نەبـوو. ئەگـەر گریـمان سـیخوڕێکی دوو سـەرەیە، بـە واتـای ئـەوە دێـت کـە بـە درێژایـی کات ئاگاداربـووە لـە ٦ی تشرینـی یەکـەم شـەڕ ڕوودەدات، بۆیـە وریاکردنەوەکانـی داوە تـا پارێـزگاری لـە ڕاسـتگۆیی خـۆی لەگـەڵ ئیسرائیلییـەکان بـکات و پارێـزگاری بـەو زانیاریانـەش بـکات تـا زۆر بۆیـان دوابکـەوێ نەبـادا شـتێکی بـە سـوود بکـەن، بـەڵام دەرکـەوت ئەمـە هەڵەیـە: نیمچـە دووپاتێـک هەیـە کـە مـەروان بـە وادەکـەی نەزانیـوە، تەنیـا ڕۆژێـک بـەر لـە هێرشـەکە نەبێـت، وەک ئـەوەی دواتـر دەیبینیـن کـە بـۆ بڵاوکردنـەوەی سـوپا و ئامـادەکاری شـەڕ و بانگکردنـەوەی هێـزی یـەدەگ و وەشـاندنی گـورزی پێشـینە کاتێکـی تـەواوی بـە ئیسرائیلییـەکان داوە، بـەڵام ئـەوان کـە هەنگاوەکانیـان نەنـاوە، ئـەوە بـە پلـەی گـەورە بـۆ شـڵەژانی خۆیـان و ویسـتی ئیلـی زەیـرای سـەرۆکی ئەرکانـی سـوپا و ئەوانـە دەگەڕێتـەوە کـە ملکەچـی بـوون، چونکـە وریاکردنەوەکانـی مەروانیـان وەک خـۆی وەرنەگـرت.

چەنـد هۆکارێکـی سـەرنجڕاکێش لـە پشـت شکسـتەکەی هەواڵگـری ئیسرائیلـەوە بـوو کـە ڕێگـەی بـە هێزەکانـی مـسر و سـووریا دا پاشـنیوەڕۆی ڕۆژی شـەممە ڕێکەوتـی ٦ی ئۆکتۆبـەر هەڵکوتنـە سـەر هێـزە ئامادەنەبووەکانـی ئیسرائیـل، بـەڵام دیسـان بەخـت یـاوەری ئیسرائیـل بـوو، چونکـە ئەگـەر وەزیـری فڕۆکەوانـی شارسـتانی مـسری فەرمانـی بـە

گۆڕینـی وادەی گەشـتەکان و ڕۆیشـتن بـەرەو لیبیـای نەکردبـا، هەروەهـا ئەگـەر محەمـەد نەسـیر ئـەوەی لـە بەڕێوەبـەری جێبەجێـکاری لقـی هێڵەکانـی ئاسـمانی مـسر لـە لەنـدەن نەبیسـتبا، ئەگـەر ئـاگای لـە بوونـی مـەروان لـە لەنـدەن نەبـا و لـە هۆتێـڵ نەیبینیبـا کـە چ لەسـەر بابەتەکـە دەزانـێ، لەوانـە بـوو ئەنجامـی شـەڕەکە تـەواو پێچەوانـە بـا. ئاخـر لـە میانـەی زنجیـرەی ئـەو ڕووداوانـە مـەروان توانـی ئـەو شـەوە هـەواڵ بـە زامیـر بـدات کـە شـەڕ هـەر بـە ڕێگـەوە نییـە، بەڵکـوو سـبەینێ دەقەومـێ. ئەگـەر وریاکردنەوەکـەی بـێ دیاریکردنـی وادەی دیاریکـراو بـا، زۆر سـەخت بـوو بـاوەڕ بکەیـن کـە ڕاپۆرتەکـەی ئـەو شـەوەی زامیـر بـووە هـۆی بانگکردنـەوەی هێـزە یەدەگەکانـی ئیسرائیـل، بـێ لـە بڕیـارە چارەنووسسـازەکانی لـە کۆتـا کاتژمێرەکانـی پێـش هێرشـەکە دران.

هەوڵەکانـی مـسر بـۆ هێشـتنەوەی وادەی هێرشـەکە بـە نهێنـی تـەواو گشـتگیر و کارا بـوو، چونکـە تـەواو پابەندبـوون بـە پرەنسـیپی «پێوسـتی زانیـن»، نموونـەی ئـەوەش، محەمـەد حەسـەن زەیاتـی وەزیـری دەرەوە هیچ بیرۆکەیەکـی لەسـەر ئـەوە نەبـوو کـە ڕۆژی ٦ی ئۆکتۆبـەر شـەڕ دەقەومـێ، لەبەرئـەوەی لـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان لـە نیۆیـۆرک و لـە دەرەوەی چوارچێـوەی بازنـەی بەرپـرس لـە جووڵـەی سـوپا بـوو[٧]. تەنانـەت سادات لەسـەر مانـەوەی وادەکـە بـە نهێنـی، تەنانـەت لـە سـەرکردەکانی دیکـەی عەرەبانیـش پێداگیـر بـوو، بـە مەلیـک فەیسەڵیشـەوە کـە زۆر لێـی نزیـک بـوو، هەروەهـا لـە موعەمـەر قەزافیـش کـە سـەرچاوەیەکی گـەورەی بێزاری ئـەو بـوو. ئەگـەر سـەرکردەکانی شانشـینی سـعوودیا و لیبیـا پێویسـتیان بـە زانینـی ئـەوە نەبـوو بێـت، چ جـای ئـەو پیـاوەی لـە نووسـینگەی سـەرۆک بەرپرسـی پەیوەندییەکانـی نێـوان ئـەو دوو وڵاتـە بـوو. ڕاسـتە مـەروان سـەرچاوەی تایبەتـی نایابـی هەبـوو کـە دەکـرا زانیاریـان لێـوە پەیـدا

بــكا، بــەڵام تەنانــەت ئەوانیــش لێــی دابڕابــوون، یــان تەنیــا لای خۆیــان زانیارییەکانیــان پاراســتبوو. وێــڕای ئــەوەی خەڵکێکــی زۆر لــە نووســینگەی ســادات دەیانزانــی وادەی هێــرش نزیــک بووەتــەوە، بــەڵام مــەروان ٣ی ئۆکتۆبــەر وڵاتــی جێهێشــت، لــە کاتێکــدا ژمــارەی ئــەو کەســانەی دەیانزانــی هێشــتا هــەر کــەم بــوون. لــە ٣ی ئۆکتۆبــەر تەنیــا فەرمانــدەی یەکەکانــی پیــادە لــە بــەرەکان ئــاگادار کرابوونــەوە کــە دوای ســێ ڕۆژ هێــرش دەســت پێــدەکات، ئەمــەش نموونەیــەک بــوو.

ســـەرچاوەکانی دی کـــە لـــە ئاخروئۆخـــری ســـاڵی ١٩٧٢ و بەهـــاری ســـاڵی ١٩٧٣ بـــە ئیسرائیلیـــان ڕاگەیاندبـــوو شـــەڕ بووەتـــە کارێکـــی لەگیـــن، تەنانـــەت هەیانبـــوو وادەکەشـــی دیاریکردبـــوو، وریاکردنـــەوەی هاوشـــێوەیان لـــە پایـــزی ســـاڵی ١٩٧٣ نـــەدا. هـــۆکاری ســـەرەکی ئـــەوەش ئەوەبـــوو کـــە ســـادات هەوڵێکـــی گـــەورەی دا مەســـەلەکە بـــە نهێنـــی بمێنێتـــەوە. ئـــەو ماوەیـــە لـــە هـــەر ســـەرچاوەیەکی دیکـــەی ئیسرائیـــل لـــە مـــسر، مـــەروان لـــە هەمـــووان ئاگادارتـــر بـــوو، تەنانـــەت ئـــەوەش بـــەس نەبـــوو بـــۆ گەرەنتیکردنـــی زانینـــی گشـــت نهێنیـــەکان. لـــەوەش واوەتـــر ئـــەو خـــۆی لـــە ڕابـــردوو هەڵـــەی ئەنجـــام دابـــوو. بـــۆ نموونـــە، کاتێـــک لـــە ناوەڕاســـتی کانوونـــی دووەمـــی ١٩٧٣ پێیڕاگەیانـــدرا کـــە لەوانەیـــە لـــە ئایـــاری دادێـــدا هێـــرش بکرێـــت، بـــەڵام گوتـــی مـــسر هەرگیـــز نایـــەوێ لـــە کەناڵـــی ســـوێس بپەڕێتـــەوە، هەروەهـــا کاتێـــک لـــە ســـەرەتای ئەیلوولـــی ١٩٧٣ پێیڕاگەیەنـــدرا کـــە شـــەڕ تـــا کۆتایـــی ســـاڵ دواخـــراوە.

کەواتـــە ئەگەرێکـــی دووره تـــا ڕۆژی هەینـــی ٥ی ئۆکتۆبـــەر مـــەروان بـــەوەی نەزانـــی بێـــت کـــە ســـبەینێ شـــەڕ دەقەومـــێ، تەنیـــا لـــە ڕێگـــەی گۆڕینـــی وادەی گەشـــتەکانی هێڵـــی ئاســـمانی مسریـــەوە ئـــەوەی زانیـــوە. هەواڵگـــری ئیسرائیـــل لـــە ڕێگـــەی ئـــەو فەرمانـــە نـــا ئاســـاییە بـــەوەی زانـــی کـــە

ئاڕاستەی کۆمپانیای هێڵەکانی مسری کرابوو، بەڵام لە هیچ یەکێک لە ڕاپۆرتەکانی ڕۆژی هەینی ئاماژەی پێ نەکرابوو. هەروەها ئیسرائیل بە گەیشتنی هەواڵەکان بە فریشتەکە بەخت یاوەری بوو، چونکە دەیزانی ئەوە چ مانایەک دەدات و بۆ ئاگاداربوون لە وردەکارییەکان پەیوەندی بە کێ دەکات. ئەنجامی دیدارەکەی ئەوشەوی لەگەڵ زامیر، زانیاری هەواڵگری زۆر وردبوو، زانیارییەک کە یەکەم و دواجار وای کرد ئەوەی هەبوو لەناو ببات کە ماوەی چەند مانگێک بوو، دیلی ئەو باوەڕە بوو کە قەومانی شەڕ دووره.

کاتژمێر ٥ و ٤٥ خولەکی بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی ٥ی ئۆکتۆبەر، هەواڵگری سەربازی ئیسرائیل لەسەر بنەمای ڕاپۆرتی پایدۆزێکی ئاسمانی ڕاپۆرتێکی نارد کە شەوی پێشتر لەسەر لەشکرکێشی مسری بە درێژایی کەناڵی سوێس وەرگیرابوو کە لە دوا ڕستەیدا هەموو شتێک پوختکرابوویەوە: «بە پێی ئەو بەیاننامانەی لە دەستمان بوو، بەو ئەنجامە ڕوونە گەیشتین کە سوپای مسر بە درێژایی کەناڵ یەکەکانی بڵاوکردبووەوە کە پێشتر شتی وای نەبووە». دایانی وەزیری بەرگری ڕاستەوخۆ ڕاپۆرتەکەی بینی و گوتی: «مرۆڤ هەر بە سەیرکردنی تووشی حەپەسان دەبێت». ئەم ڕاپۆرتە، سەرەڕای ڕاپۆرتی هەواڵگرەکانی دی کە باسیان لە چۆڵکردنی نا دیاری هێزەکانی سۆڤیەت لە مسر و سووریا دەکرد کە ببووە بابەتی سەرەکی ئەو کۆبوونەوانەی لە پەرواێزی جەژنی لێخۆشبوون بەڕێوەچوون.

کاتژمێرە بەراییەکانی بەیانی، ئیلی زەیرا، سەرۆکی هەواڵگری سەربازی لە نووسینگەکەیدا کۆبوونەوەیەکی کرد، دیاربوو نیگەرانی زەیرا زیاتر لەسەر کشانەوەی سۆڤیەتییەکان بوو، تا لەسەر کردەی لەشکرکێشییەکانی بەرەی باشوور بێت کە لە کەرەستەی دروستکردنی

پــرد لەســەر کەنــاڵ پێکهاتبــوو. ئــەو پرســیارەی لــەو کۆبوونەوەیــە خــۆی ڕەپێــش کــرد، پێویســتی کاراکردنــی «ئامــرازە تایبەتییەکانــی کۆکردنــەوەی هەواڵگــری بــوو» کــە لەژێــر فەرماندەیــی و سەرپەرشــتی ڕاســتەوخۆی ســەرۆکی هەواڵگــری ســەربازی بــوو کــە سروشــتی کاریــان بــە نهێنــی مانــەوە بــوو، بــەڵام بــە قســەی هــاوار بلــوم لــە پەرتووکــی «شــەڕی ڕۆژی لێخۆشــبوون) لــە زنجیرەیــەک ئامێــر پێکهاتبــوو کــە بــە پاتــری کاری دەکــرد و پەیوەنــدی بــە تەلەفۆنــەکان دەکــرد کــە کێبڵــەکان لــە قووڵایــی لمەکانــی دەرەوەی قاهیــرە شــاردرابوونەوە». ئەوانــە نــەک تەنیــا توانــای وەرگرتنــی ســیگناڵی تەلەفــۆن و تەلەگرافەکانیــان هەبــوو، بەڵکــوو توانــای وەرگرتنــی قســەکانی ئــەو ژوورانەشــی هەبــوو کــە ئامێــری تەلەفــۆن و تێلێکســیان لــێ دانرابــوو، بــەڵام کێشــەی بــەردەوام بەکارهێنیــان، پێوســتی بــە گۆڕینــی نــاوە نــاوەی پاترییەکانــی هەبــوو، ئەنجامدانــی ئــەم کردەیــەش لەناوجەرگــەی خاکــی دوژمــن، کردەیەکــی مەترســیدار بــوو، بۆیــە هەواڵگــری ســەربازی نەیدەخواســت سەرکێشــییەکی لــەو جــۆرە بــکات[٨]. بــە قســەی ســەرچاوەیەکی ئیسرائیلــی، ئــەو ئامێرانــە لــە ١٦ و ١٧ی شــوباتی ١٩٧٣ لــە جەبــەل ئەتاکــە لــە ڕۆژئــاوای شــاری ســوێس لــە نزیــک بــارەگای فەرمانــدەی ســوپای ســێی مــسری لەســەر دەســتی تیمێکــی کۆمانــدۆ دانرابوونــەوە کــە لــە ڕێگــەی چــوار هەلیکۆپتــەری دەســتکردی ئەمریــکا لەجــۆری CH-٥٣ گەیشــتبوونە شــوێنەکە[٩]. لــەو کۆبوونەوەیــەی ســەرلەبەیانی ڕۆژی ٥ی ئۆکتۆبــەر بەڕێوەچــوو. زەیــرا کــە هێشــتا پێیوابــوو شــەڕ ڕوونــادات، داواکاری بەکارهێنانــەوەی ئامێرەکانــی ڕەتکــردەوە.

دواتــر لــە کاتژمێــر ٨ و ٢٥ خولەکــی بەیانــی لــە کۆبوونەوەیەکــی کورتــدا کــە لــە نووســینگەی داڤیــد ئیــلازار ســەرۆکی ئەرکانــی ســوپای ئیسرائیــل بەڕێوەچــوو، لەبــەر ڕۆشــنایی زانیــاری نــوێ و لەشکرکێشــی

مـسری و چۆڵکردنـی ڕووسـیا، ئیـلازار بڕیاریـدا سـوپای نیزامـی لـە ئاسـتی هوشـیارکردنەوەی پلـە سـێدا بێـت کـە دوای شـەڕی شـەش ڕۆژە ئەمـە بەرزتریـن ئاسـتی هوشـیارکردنەوە بـوو، هەروەهـا هێـزی ئاسـمانیش خرایـە حالەتـی هوشـیارکردنەوە بـۆ گواسـتنەوەی یەکینەکانـی دیکـەی لیـوای زرێپۆشـی حـەوت بـۆ بەرزاییەکانـی جـۆلان و ناردنـی لیوایەکـی دیکـەی تانـک بـۆ سـینا، بـەڵام بانگهێشـتکردنەوەی هێـزە یەدەگـەکان پێویسـتی بـە ڕەزامەنـدی حکومـەت هەبـوو، ئـەوەش هێشـتا لـە توانـادا نەبـوو، بـەڵام لـە خۆیـدا هوشـیارکردنەوەی ئاسـت سـێ بـە واتـای ئـەوە دەهـات کـە گشـت ئامادەکارییـەکان لـە چاوەڕوانـی بانگهێشـتکردن لـە شـوێنی خۆیانـن. ئاشـکرابوو زەیـرا تـا ئەوسـات باسـی لـە ورياكردنەوەكـە نەكـرد كـە زاميـر لـە مەروانـی وەرگرتبـوو، هەروەهـا ئـەوەش ڕوون نەبـوو کـە ئایـا زەیـرا کاتێـک بڕیاریـدا بـەوەی زانیبـوو، یـان نـا.

کاتژمێـر ٩ی بەیانـی کۆبوونـەوەی هەفتانـەی ئاسـایش لـە نووسـینگەی دایانـی وەزیـری بەرگـری بەڕێوەچـوو کـە تێیـدا زەیـرا تیشـکی خسـتە سـەر کاروبـاری هەواڵگـری و جارێکـی دی زیاتـر تەکـەزی لەسـەر کشـانەوەی سـۆڤیەت بـوو، تـا دۆخـی هێـرش کـە سـوپای مـسر بـە درێژایـی کەنـاڵ گرتبوویەتەبـەر کـە ئـەو پێیوابـوو ئـەوە بەڵگـەی دوودڵـی مسرییـە نەبـادا ئیسرائیـل گورزێکـی پێشـینە بوەشـێنێ، وەک ئـەوەی لـە خولەکـە بەراییەکانـی شـەڕی شـەش ڕۆژە بەسـەر هێـزە ئاسـمانییەکانی مـسردا هـات. لـەو کۆبوونەوەیـەدا زەیـرا هەواڵـی گەشـتە لەناکاوەکـەی زامیـری بـۆ لەنـدەن بـە ئەوانـی دیکـەش ڕاگەیانـد و گوتـی: ئـەوان ئـەم ئێوارەیـە لـە چاوەڕانـی ڕاپۆرتەکانیـدان، ئیـدی «ئـەوکات بەرچاومـان ڕوونـتر دەبێـت».

لـە کۆبوونەوەکـەدا، دایـان لـە زەیـرای پرسـی، ئایـا ئامـرازە تایبەتییەکانی کۆکردنـەوەی هەواڵگـری شـتێکی مەفـای پێشـکەش کـردووە، بـەڵام زەیـرا

هـەر بـە خەبەردانـی هێشـتا نەکەوتنـە سـەر کار نەیبڕانـدەوە، بەڵکـوو وایکـرد دایـان بـاوەڕ بـکات کـە لـە پێدانـی هـەر ئاماژەیەکـی شـەڕ شکسـتی هێنـاوە، خـۆی دەبـوو گـوزارە لێڵەکـەی زەیـرا لـە تـرس و نیگەرانییەکانـی دایـان لەبـارەی هێرشـێکی لەگیـن کـەم بکاتـەوە، چونکـە پێیوابـوو ئامێرەکان ئەکتیـڤ کراونەتـەوە، بـەڵام هیـچ ورياکردنەوەیەکـی نـەداوە، بۆیـە ماقـووڵ بـوو بـەو ئەنجامـە بـگات کـە مـسر لەبـەر هێرشـدا نییـە، بـەڵام ئیلـەزاری سـەرۆکی ئـەرکان کـە هەمـوو شـتێکی لەبـارەی ئامێـرە تایبەتیەکـەوە دەزانـی، لـە قسـەکانیدا دووپاتـی لـەو قسـانە کـردەوە کـە سـێ ڕۆژ پێشـتر، واتـە ڕۆژی سێشـەمە بیسـتبووی. هەرچەنـدە ئیلـەزار ڕۆژی دووشـەم لـە زەیـرای پرسـیبوو کـە ئایـا ئامێرەکانـی ئیـش پێکـردووە، بـەڵام بـە درۆ پێـی گوتبـوو ئیـش دەکـەن.

ئەمـە ناتێگەیشـتنێکی سـادە و هاکەزایـی نەبـوو، ئاخـر زەیـرا بـۆ ئیـش پێکردنـی ئامێرەکـە لەژێـر گووشـاری گـەورە ئەفسـەرانی هەواڵگـری سـەربازی بـوو، بـەڵام ڕەتیکـردەوە، چونکـە هەسـتی نەدەکـرد بارودۆخەکـە پێویسـت بـە ئیـش پێکردنـی بـکات، لەبەرئـەوەی بـە بـڕوای خـۆی هیـچ هەڕەشـەیەکی شـەڕی لەگیـن لـە ئـارادا نییـە، بـەڵام بـەو درۆیـەی بەرانبـەر سـەرانی خـۆی کـردی، بـە ڕاسـتەوخۆ لـەو بەکـەم سـەیرکرنەی دایـان و ئیـلازەر بـە هەڕەشـەی خەتەرناکـە هەنووکەییەکـە پشـکدارە[١٠].

لـە کۆبوونەوەکـەدا، دایـان ڕەزامەنـدی لەسـەر بڕیـارە جۆراوجۆرەکانـی ئیـلازار نیشـاندا و بڕیاریـدا لـە ڕێگـەی واشـنتۆنەوە پەیامێـک بـۆ هـەر یەک لـە مۆسـکۆ و قاهیـرە و دیمەشـق بنێرێـت و تێیـدا ئـەوە ڕوون بکاتـەوە کـە ئیسرائیـل هیـچ نیازێکـی دوژمنکارانـەی لەگەڵیـان نییـە، بـەڵام بەرانبـەر جووڵـەی دراوسـێ عەرەبەکانـی هوشـیارە، لـە حاڵەتێکـدا عـەرەب هـەر هێرشـێک بکـەن، ئیسرائیلێکـی تەیـار لـە بەرانبـەر خۆیانـدا دەبیننـەوە.

هـەر لـەو کۆبوونەوەیـە و لـە کۆبوونـەوەی دواتـردا کـە کاتژمێـر ١٠ی سـەرلەبەیانی لـە نووسـینگەی سـەرۆک وەزیـران لەنـاو بـارەگای فەرماندەیـی سـوپا لـە تەلئەڤیـڤ بەڕێوەچـوو، بابەتـی بانگهێشـتکردنی هێـزی یـەدەگ تاوتوێکـرا. لـەو بابەتـە ئیـلازار سـەرکردایەتی وەرگـرت و گۆڵـدا مائیـری سـەرۆک وەزیرانـی لـە ڕێوشـوێنەکان ئـاگادار کـردەوە کـە بـۆ ئامادەگـی شـەڕ گیراونەتەبـەر و گوتـی، ئێسـتا پێویسـت بـە مۆبیلیزەکردنـی گشـتی نـاکات، کاتێـک هێرشـی مـسر و سـووریا نزیـک بـوو، ئامرازەکانـی کۆکردنـەوەی هەواڵگـری و کارمەندانـی مۆسـاد دەتوانـن ئـەوە بزانـن و ئامـاژەی ڕوون لەسـەری بـدەن. قسـەکەی بەوە بڕانـدەوە و گوتـی: « خۆمان بـۆ شـەڕ تەیـار دەکەیـن و هیواداریـن بـەر لـە کاتـی پێویسـت ئامـاژەکان بگـەن». مائیـر نیگەرانـی خـۆی دەربـڕی، بـەڵام لاگیـری لـە هەڵوێسـتەکەی کـرد و لەسـەر ناردنـی پەیامەکـەش ڕەزامەنـد بـوو کـە دایـان دەیویسـت لـە ڕێگـەی کیسـنجەر بـۆ هـەر یـەک لـە سـۆڤیەت و مـسر و سـوورییەکان بینێرێـت.

کۆبوونـەوەی پێنجەمـی هەمـان ڕۆژ فرەوانـتر بـوو، چونکـە هەمـوو کابینـەی حکومەتـی گرتـەوە. ئـەو کۆبوونەوەیـە کـە لـە خشـتەی وادەکانـدا نەبـوو، کاتژمێـر ١١:٣٠ی سـەرلەبەیانی دەسـتی پێکـرد، هەمـوو وەزیرەکانـی کابینـەی لـە خۆگـرت کـە توانیـان ئامـادە بـن. دوای ئـەوەی سـەرۆکی هەواڵگـری سـەربازی وێنـەی گشـتی زانیارییـە بەردەسـتەکانی خسـتەڕوو، بـێ باسـکردنی گەشـتەکەی زامیـر بـۆ لەنـدەن، سـەرۆکی ئەرکانـی سـوپای ئیسرائیـل قسـەی کـرد. ئیـلازار لەسـەر هەڵسـەنگاندنەکەی زەیـرا ڕەزامەنـد بـوو کـە ئـەو دۆخـە هێرشـییەی هێزەکانـی مـسر و سـووریا گرتوویانەتەبـەر، لەپـاڵ ئامادەنەبوونـی ئـەوەی بـە ڕوونـی ڕێگـەی هێرشـکردنیان لـێ بگرێـت، لەسـەر سـوپای ئیسرائیـل دەچەسـپێنێ ڕێوشـوێنی بەرانبـەر وەربگرێـت، تـا بـەوە ڕادەگات سـوپا بخرێتـە حاڵەتـی هوشـیارکردنەوەی

ئاست سێ و ناردنی یارمەتی زیاتر بۆ سینا و بەرزاییەکانی جۆلان، بەڵام لەبارەی باگهێشتکردنی هێزی یەدەگ و ڕێوشوێنی دیکەوە، لەسەر نزیکبوونەوەی شەڕ گوتی، «ئێمە چاوەڕێی ئاماژەی زیاترین».

لە قسەکانیدا پەرەسەندنی هەڵوێستی ئیلازار ڕوون بوو. لە کاتێکدا لە یەکەم کۆبوونەوەی سەرلەبەیانی لەو باوەڕەدابوو، بۆ چارەسەرکردنی هەڕەشە هەنووکەیەکان، دانانی سوپا لە باری هوشیارکردنەوەی ئاست سێ و بڵاوەپێکردنی هێز بە درێژایی هەردوو بەرەی شەڕ بەسە. بە تێپەڕبوونی کاتژمێرەکان زیاتر قسە لەبارەی بانگهێشکردنی هێزی یەدەگ دەکرا. لەبەر ڕۆشنایی بانگهێشتکردنی هێزی یەدەگ لە ڕۆژانی پشووی ڕۆژی لێبوردن، کابینە بە فەرمی ڕێگەی لە دەسەڵاتی تەواوی سەرۆک وەزیران و وەزیری بەرگری گرت خۆیان بە تەنیا ئەو بڕیارە بدەن، چونکە بڕیارێکی وەها ڕەزامەندی تەواوی ئەندامانی کابینەی دەویست.

دوا کۆبوونەوەی ئەو ڕۆژە کۆبوونەیەکی تەنگاقی فەرماندەکانی سوپای بەرگری ئیسرائیل بەڕێوەچوو کە ڕاستەوخۆ دوای کۆبوونەوەکەی کابینەی حکومەت بوو. لەو کۆبوونەوەیەدا، زەیرا بە گەورە ژەنەڕاڵەکانی سوپای گوت «ئەگەر هەیە سووریا و مسر دەست بە شەڕێکی سادە بکەن». بە ڕای ئەو هێرشەکەی سووریا بە بەرزاییەکانی جۆلانەوە سنوردار دەبێت، یان لە لایەن مسرییەکانەوە شەڕە تەقەیەکی سنووردار دەکرێ. لەوانەیە بە هەلیکۆپتەر هێرش بکرێتە سەر کەناڵی سوێس، هەروەها ئەنجامدانی هێرشێکی فرەوانی هاوبەش لە نێوان مسر و سووریا ئەگەرێکی لاوازە کە پەڕینەوە لە کەناڵی سوێس لە خۆبگرێت بە ئامانجی گەیشتن بە هەردوو ڕاڕەوی میتلا و گیدی. ئەو هەڵسەنگاندنە هاوشێوەی ئەوەبوو کە بەر لە نیو

کاتژمێـر پێشکەشـی کۆبوونـەوەی کابینـەی حکومەتـی کـرد کـە لەگـەڵ هەڵسـەنگاندنی هۆبـەی توێژینـەوەی هەواڵگـری سـەربازی هـاودژ بـوو کـە ئەنالیزیسـتە هـەرە تۆپەکانـی هەواڵگـری سـوپا کاریـان تێیـدا دەکـرد. هۆبـەی توێژینـەوەی هەواڵگـری سـەربازی بـەو بـاوەڕە گەیشـتبوو، ئەگـەر هێرشـی مـسری دەسـت پێبـکات، هیرشـێکی تـەواو دەبێـت بـۆ سـەر کەنـاڵ، نـەک کارێکـی سـنووردار و ئـەو لەشکرکێشـییەی ئێسـتای مـسر و سـووریا لەهـەردوو بـەرەوە، ئامـاژە بـە ڕوودانـی ئـەو هێرشـە دەکات، ئەمـەش لەگـەڵ نەخشـەکانی مـسر و سـووریا دەسـازا کـە ماوەیەکـی زۆر بـوو هەواڵگـری سـەربازی دەیزانـی.

ئیـلازار لـە زەیـرا زیاتـر پەشـۆکاوتر و دوودڵـتر بـوو، هەتـا ئـەوکات هەسـتی دەکـرد ئەگـەری ڕوودانـی شـەڕ بـەرز نییـە، بـەڵام بـە دڵنیاییـەوە هێنـدە «زۆر لاوازیـش» نەبـوو، هەروەهـا گەشـبینییە ڕێژەییەکـەی لـەو بـاوەڕە سـەرچاوەی گرتبـوو کـە ئـەوان «ئەگـەر مـسر و سـووریا دەخـوازن لـە یـەک کاتـدا هێـرش بکـەن، ئـەوا ورياکردنەوەکانمـان پێدەگەیشـت». ئـەو بـاوەڕە، وەک ئێسـتا دەرکـەوت لەسـەر بنەمـای ئـەو دوو سـەرچاوە سـتراتیژییەی زانیارییـە هەواڵگرییەکانـی ئیسرائیـل بـوو، ئەوانیـش: ئامـرازە تایبەتییەکانـی کۆکردنـەوەی زانیـاری بـە سەرپەرشـتی سـەرۆکی هەواڵگـری سـەربازی و فریشـتەکەی مۆسـاد بـوو، بـەڵام ئیـلازار نەیدەزانـی ئامـرازە تایبەتییـەکان چـالاک نەبـوون و کاریـان نەدەکـرد، هەرچەنـدە گوێـی لـەوە ببـوو زەیـرا باسـی لـە گەشـتی زامیـر بـۆ لەنـدەن کردبـوو، بـەڵام بـەو بلـەزە وەری نەگـرت کـە داوای دەکـرد. هەروەهـا زەیـرا ناوەڕۆکـی پەیوەندییـە تەلەفۆنییەکـەی شـەوی پێشـووی خـۆی لەگـەڵ زامیـر بـە ئیـلازار نەگـوت. سـەرەنجام، سـەرۆکی ئەرکانـی سـوپا بـە درێژایـی ڕۆژی هەینـی بەهـۆی ئـەو شـایەدییەی جێگرکـەی دای ئـاگاداری ئـەوە نەبـوو کـە زامیـر لەسـەر پاشـخانی شـەڕی لەگیـن زامیـر بـۆ دیـداری فریشـتەکە ڕۆیشـتووە.

هەروەها لە پێناو جۆری ورياكردنەوەكانی پاساو بە بانگهێشتی هێزی یەدەگ دەدەن، چاوی ئیلازار لەسەر «ئامرازە تايبەتييەكانی كۆكردنەوەی هەواڵگری بوو» كە سەر بە هەواڵگری سەربازی بوو.

ئەو زانيارييە هەواڵگرييەی ڕەوتی ڕووداوەكانی ئەو ڕۆژەی گۆڕی، بە هۆی ئامێری چاودێرييەوە گيرابوو، بەڵام نەك جۆری «تايبەتی». كاتژمێر پێنجی ئێوارەی ڕۆژی هەينی چەند كەسێكی يەكەی ٨٤٨ی هەواڵگری ڕێيان لە نامەيەكی باڵيۆزی عێراقی لە مۆسكۆ گرت كە بۆ وەزيری دەرەوەی خۆی لە بەغدا ناردبووی. تێيدا باليۆز گوتبووی لەگەڵ وەزيری دەرەوەی سۆڤيەت مەسەلەی چۆڵكردنە لە ناكاوەكەی تاوتوێ كردووە كە دوێنێ ڕوويدا و پێی گوتييە مسر و سووريا سۆڤيەتيان هوشيار كردووەتەوە كە بەتەمان هێرش بكەنە سەر ئيسرائيل. لە كاتی ئاساييدا ناردنی ئەوەها نامەيەك لە كاتی گەيشتنيدا بە هۆبەی توێژينەوەی هەواڵگری سەربازی نيو كاتژمێری دەخاياند، بەڵام وێڕای ئەوەی سوپا لە حاڵەتی هوشياركردنەوەی ٣ دا بوو، زۆربەی ئەفسەرانی هەواڵگری سەربازی لە ماڵەكانی خۆياندا بوون، يان بە بۆنەی جەژنی لێبووردن لە پەرستگاكان بوون. ئەفسەری ئێشكگر دوودڵ بوو، چونكە دەترسا ناردنی ئەو نامەيە لە ڕۆژی جەژندا ببێتە هۆی مۆبيلەزەكردنی گشتی، بۆيە ڕاوێژی لەگەڵ ئەفسەر و فەرماندەكانی ديكە كرد، دوای شەش كاتژمێری تەواو، زەيرا فەرمانی پێيكرد لای خۆی بيهێڵێتەوە، لەبەرئەوەی لە چاوەڕوانی زانياری زياترە[11].

بێگومان ئەو «زانيارييە زياترانە» ڕاپۆرتی سەرۆكی مۆسادی تايبەت بە كۆبوونەوەكەی لەگەڵ فريشتەكە بوو. ڕێك كاتژمێر ١١ی شەو بە كاتی ئيسرائيل و كاتژمێر دە بەكاتی لەندەن، زامير و دوبی بەڕێگەی چوونيان بۆ شوێنی ديدارەكە بوون. زامير هيچ هەواڵی

لـە دوا پەرەسـەندنەکان نەبـوو کـە لـە ئیسرائیـل ڕوویدابـوو، هەروەهـا هیچیشـی لەبـارەی وێنـە گیراوەکانـی ڕۆژی پێشـتری پەیـدۆزی نەدەزانـی کـە دەریدەخسـت گشـت سـوپای ئیسرائیـل لەوپـەڕی ئامادەباشـی شـەڕ دان، هەروەهـا هیچیشـی لەبـارەی کۆبوونـەوە یـەک بـە دوای یەکـەکان نەدەزانـی کـە هـەر ئـەو ڕۆژە لـە تەلئەڤیـڤ بەڕێوەچووبـوون و تێیانـدا ئـەوە ڕوون بـوو، ئیسرائیـل لـە هـەر کات زیاتـر پێویسـتی بـە بەڵگەیەکـی بەهێـزە دووپـات لـەوە بکاتـەوە کـە مـسر و سـووریا بـەرەو شـەڕن، تـا سـەرۆکی دەسـتەی ئەرکانـی سـوپا بـە ڕەزامەنـدی حکومـەت لـە ڕۆژی جـەژن مۆبیلەزەکردنـی گشـتی ئەنجـام بـدات. زیـاد لـەوە زامیـر نەیدەزانـی ئـەو زانیاریانـە بـەر لـە شـەش کاتژمێـر بـە هەواڵگـری سـەربازی گەیشـتووە، بـەڵام ئاڕاسـتەی سـەرۆکی ئەرکانـی سـوپا نەکـراوە، یـان خەیاڵپـڵاو بـوو کـە ئامێـرە تایبەتییەکانـی چاودێـری ئەکتیڤـن کـە لـە ڕاسـتیدا وا نەبـوو، ئیـدی لـە ئاکامـدا لەسـەر گشـت هەواڵگـری وێنەیەکـی تـەواو لێڵـی وێنەکردبـوو.

بـەڵام ئـەوەی دەیزانـی ئـەو دڵەڕاوکـێ گشـتییەی ئیسرائیـل بـوو، چونکە هەمـووان شـیمانەی قەومانـی شـەڕیان دەکـرد و لـە چاوەڕوانـی قسـەیەکی ئـەو بـوون، بـەڵام زامیـر تـەواو ئامـادە نەبـوو بـۆ هەواڵـە دراماتیکییەکانـی مـەروان هێنابـووی.

بەکاتـی لەنـدەن کاتژمێـر دەوروبـەری دەی شـەو بـوو، کاتێـک دوبـی و زامیـر گەیشـتنە ئـەو ئەپارتمانتـەی دیدارەکـەی لـێ بەڕێوەدەچـوو، کارمەندانـی مۆسـاد کـە بـەری چەنـد کاتژمێرێـک جێگـە و ڕێگـەی خۆیـان گرتبـوو، کێوماڵێکـی خێـرای ناوچـەی دەوروبـەری ئەپارتمانتەکەیـان کـرد. هەریـەک لـە دوبـی و زامیـر چوونـە ژوورەوە و چـاوەڕوان بـوون، بـەڵام چاوەڕوانییەکـە درێـژەی کێشـا، ئاخـر مـەروان زۆر بـە کەمـی دوا دەکـەوت، کەمێـک دوای کاتژمێـر یـازدە و نیـوی شـەو، گوێیـان لـە دەرگـە لێـدان بـوو،

دوبـی دەرگـەی کـردەوە و مـەروان بـە ژوور کـەوت.

دوای چـاک و چۆنـی و شـەکلیاتەکان، دوبـی لـە نزیـک مێـزە گەورەکـەی نانخــواردن دانیشــت و دەفتەرێــک و قەڵەمێکــی بــە دەســتەوە گــرت، بــەڵام مــەروان لەســەر کورســییەکەی نزیــک مێــزی قــاوە ڕوبــەڕووی زامیــر ڕووینیشــت.

دوای هێرشــە نەزۆکەکــەی دژ بــە فڕۆکەیەکــی شارســتانیی مانگــی ڕابــردوو، ئــەوە یەکــەم دیــداری نێــوان مــەروان و سەرپەرشــتکارەکەی بــوو. ئیسرائیلییــەکان دەیانویســت لــەوە بێخــەم بــن کــە ســەرچاوەکەیان ســەودا نــاکات، هەروەهــا دەیانویســت بزانێــت کــە ئــەوان لەوپــەڕی نیگەرانیــن. بۆیــە یەکــەم پرســیار کــە زامیــر لێــی کــرد، ئایــا دوای هەڵکوتانەکــەی ســوپای ئیتاڵیــا بــۆ ســەر ئەپارتمانتەکــەی ئۆســیتا- کــە ڕوون بــوو لەســەر بنەمــای وریاکردنــەوەی پێشــتر ئەنجــام درابــوو- هیــچ گومانیــان لا دروســت بــوو. ئایــا ســادات هیــچ بایەخێکــی بــەو پرســیارە دا کــە ئیتاڵییــەکان چــۆن بــە هێرشــەکەیان زانیــوە. مــەروان بۆیانــی دووپــات کــردەوە کــە ڕووداوەکە هیچ کێشــەیەکی بــۆی دروســت نەکــرد، بــەڵام ڕەنگــە ســادات بــۆی دەرکەوتبێــت کــە مــەروان ئیتاڵییەکانــی لــێ ئــاگادار کردبێتــەوە، هەرچەنــدە مــسر خــۆی بــاوەڕی بــە کردەکــە نەبــوو، بۆیــە ڕێــی تێدەچــێ ئــەوە ســەرۆکی بێــزار نەکردبێــت، بــەڵام کــەس گومانــی نەبــرد کــە ئــەو شــتێکی بــە ئیسرائیلییــەکان دا بێــت.

بــەڵام لــە شــێوازی خۆلادانــە خێراکانــی لــە پرســیارەکانی زامیــر، ڕوون بــوو کــە لــە شــتێک زیاتــر گووشــار لــە مێشــکی مــەروان دەکات.

مــەروان پەشــۆکاو دیاربــوو، وەک گوتــی: «هاتوومەتــە ئێــرە، تــا باســی شــەڕ بکــەم، نــەک شــتێکی دی». لەبەرئــەوە دواکەوتــم، چونکــە هەمــوو ئێوارەکــە لــە کونسـوڵخانەی خۆمــان لــە کینســگتۆن بــووم و لەگــەڵ قاهیــرە

لـە پەیوەندیـدا بـووم، بۆئـەوەی تازەتریـن زانیاریـم دەسـتکەوێ، سـادات بـە نیـازە سبەینێ دەسـت بـە شـەڕ بـکات». لـەو شـێوازەی مـەروان دواتـر لەسـەر خـۆی دەربیـڕی، مـرۆ دەکارێ هەسـت بـکات کـە ئـەو پێیوابـوو ئیسرائیلییـەکان ئاگایـان لـەوە هەبـووە. بـاوەڕی بـاو لـە لای مسرییـەکان ئەوەبـوو کـە بـەر لـە دوو ڕۆژ ئیسرائیلییـەکان دەیانزانـی کـە شـەڕ دەبێـت، بـەڵام ئەگـەری ئـەوەش هەبـوو هـەوڵ بـدات خـۆی لـەو ڕاسـتییە نەبـان بـکات- وێـڕای ئـەوەی خـۆی وەک سـەرچاوەی ئیلهامـی گشـت زانیارییەکان بخاتـەڕوو کـە شـایەنی ئەوەبـوو لەسـەر مـسر بزانرێـت- کەمـتر لـە بیسـت و چـوار کاتژمێـر بـەر لـە دەسـت پێکردنـی شـەڕ، پێـش چەنـد کاتژمێرێـک نەبێـت، دەنـا هیچـی لەبـارەوە نەدەزانـی.

زامیـر حەپەسـا، بەهـۆی زانیارییەکانـی هەیبـوو کـە هاتـە کۆبوونەوەکـە لەوپـەڕی دوودڵیـدا بـوو، بەتایبەتـی پاشەکشـەی سـۆڤیەت ئامـاژە بـوو کـە مـسر و سـووریا ڕوو لـە شـەڕن، بـەڵام هەرگیـز خەیاڵـی نەدەکـرد کـە شـەڕ دوای کەمـتر لـە بیسـت و چـوار کاتژمێـر ڕوودەدات. هەروەهـا لـەوەش دوودڵ بـوو کـە لەوانەیـە ئـەو وریاکردنەوەیـە، وەک وریاکردنەوەکانـی پێشـتر، تەنیـا ئاگادارکردنەوەیەکـی درۆزنانـە بێـت و وەڵامـە دەسـتبەجێکەی ئەوەبـوو «جەختکردنەوەکـەت لەسـەر چ بنەمایەکـە»؟

مـەروان کـە پێشـتر چەندیـن وریاکردنـەوەی هەڵـەی لەبـارەی نزیکبوونـەوەی شـەڕدا بـوو، ڕوون و ئاشـکرابوو کـە لـە چـاو ئیسرائیلییـەکان بایـەخ بـە ڕاسـتوێژی خـۆی وەک یاریزانـی ناوەنـدی لـە قاهیـرە دەدات، بـەڵام ئـەوە ڕوون نەبـوو کـە ئـەو زانیاریانـەی لـە کـوێ دەسـتکەوتووە، بـە واتایەکـی دی بـە درێژایـی ئێـوارە لەگـەڵ کـێ بـە تەلەفـۆن قسـەی کـردووە. لەبەرئـەوەی زانیارییەکانـی لەسـەر بنەمـای پەیوەنـدی تەلەفۆنـی بـووە، نـەک دیـداری ڕووبـەڕوو، بۆیـە زۆر ڕێـی تێدەچـێ کـە ئـەوەی

گوێبیستی بووە، بە دیقەت یان تەمومژاوی دارێژرابێتەوە. ئاخر ئەو ڕۆژە گرانبەهاکانی بەر لە شەڕ لە خزمەت سادات نەبوو، بۆیە نەیدەتوانی بزانی ئەتمۆسفیری نووسینگەی سەرۆک چۆن بوو کە خەڵکانێک هەبوون پێشتر بە نهێنییەکەیان دەزانی. ناتەبایی لە نێوان ئەو زانیاریانەی گەیشتبوونە دەستی کە گومان لە دروستیان نەبوو، هەروەها سەردەرکردنی پتەوی لە سایکۆلۆژیەتی سادات و کاریگەری لەسەر ئەو دا -کە سەرۆک چەندینجار لەبارەی وادەی شەڕ ڕای خۆی گۆڕیوە-. هەرچەندەکی زامیر گووشاری لێدەکرد کە ڕای تایبەتی بێلایەنی خۆی بڵی کە ئایا سبەینێ شەڕ ڕوودەدات یان نا، بەڵام شڵەژانی زیاتر لەسەر مەروان دەردەکەوت و لە بۆنەیەک زیاتر دەنگی خۆی بەرز دەکردەوە و دەیگوت «ئەمن چۆن بزانم؟» هاواری دەکرد و دەیگوت «›سادات کەسێکی شێتە، لەوانەیە بەرەوپێشەوە بڕوات و بەهەموانی دەگوت کە بەرەوپێشەوە دەڕوات، دواتر لەناکاو بەرەو دواوە دەگەڕایەوە». مەروان هەر لەبەر هەستکردن بە داتەپینی بێ توانایی لەوەی وەڵامێکی ڕاستەوخۆی گرنگترین پرسیاری ژیانی سیخوڕی خۆی بداتەوە کە لێی دەکرا دەنگی بەرز نەدەکردەوە، بەڵکوو بەهۆی بێزاری لە سادات و مەیلی ڕێز نەگرتنی بوو، ئاخر پێیوابوو جێ متمانەی نییە.

دلەڕاوکێی زامیر لەو ململانێیە ناوخۆییەی کە مەروان تێیدا بوو، لە دڵەڕاوکییەکەی تایبەت بەوەی ئایا سبەینێ شەڕ دەقەومێ یان نا، کەمتر بوو. ساڵی ١٩٥٩ ئەفسەرێکی باڵای سوپای بەرگری ئیسرائیل بوو، کاتێک بیرۆکەیەکی خراپی دا کە بەهۆیەوە ڕاهێنانی سەربازی و مۆبیلەزەکردنێکی ئیمێرجنسی گشتی ڕانەگەیاندراوی هێزی یەدەگ کرا کە ترس و تۆقینی لەناو گەل دروست کرد، لە ئاکامی ئەوە مسر و سووریا وەک وەڵامدانەوەیەک مۆبیلەزەکردنی گشتیان کرد، ئەمەش

بـووە پەڕگرتنـی گـرژی لـە تـەواوی ناوچەکـەدا. ئـەو ڕووداوە کـە بـە شـەوی مـراوی نـاسراوە کۆتایـی ژیانـی پیشـەیی بـۆ لیـوا مائیـر زۆریـای فەرمانـدەی ئۆپەراسـیۆنەکانی سـوپای ئیسرائیـل و لیـوا یاهۆشـافت هەرکابـی سـەرۆکی هەواڵگـری سـەربازی دانـا. کاتێـک زامیـر قسـەی لەگـەڵ مـەروان دەکـرد، وێنـەی ئـەو ڕووداوەی بـە یـاد دەهاتـەوە. لـەوە تێگەیشـت کـە شـەوی مـراوی بـەراورد بـە جووڵـەی لەنـاکاو هەڵەیـە بـە مەبەسـتی شـەڕ لـە ڕۆژی جەژنـی لێبوردنـدا وەک شـانۆگەرییەکی سـادەیە. لەباریـدا هەبـوو مەزەنـدەی ڕەتدانـەوەی جیهانـی بـکات لەبـارەی بانگکردنـەوەی دەیـان هـەزار سـەربازی یەدەگـی ئیسرائیـل کـە لـە دەرەوەی پەرسـتگاکان بـوون بـە مەبەسـتی چاوەڕوانکردنـی هێرشـی عەرەبـی بـۆ بـەرەی شـەڕ بنێردرێـن کـە ڕەنگـە هەرگیـز ڕوونـەدەدات. دیـارە بەهاکـەی گـەورە دەبێـت، بۆیـە زامیـر پێیوابـوو کاتـی هاتـووە تـا بـۆی دەلـوێ گووشـار لـە سـەرچاوەکەی بـکات، تـا دڵنیـا بێتـەوە ورياکردنەوەکـە پشـت بـە زەوینەیەکـی پۆڵایـن دەبەسـتێ.

دڵەڕاوکێیەکـەی مـەروان کەمێـک لـە نیگەرانـی زامیـری هێـور کـردەوە، بۆیـە بـە خێرایـی درکـی بـەوە کـرد کە پێویسـتە پشـت بـە ئەزموونی کەسـی خـۆی ببەسـتێ کـە زۆر لـە ئەزموونـی مـەروان گەورەتـر بـوو تـا فۆرمۆڵـەی بیرۆکـەی خـۆی بـکات. زامیـر لەوکاتـەی هاتبـووە لەنـدەن نەیدەزانـی لـە ئیسرائیـل چ ڕوودەدات، بـەڵام هیـچ شـتێک نەبـوو وای لـێ بـکات بـاوەڕ بـەوە بـکات کـە بەکردەنـی هێـزی یـەدەگ بانگکراوەتـەوە، درکـی بـەوە کرد ورياکردنەوەیەکـی ڕوون کـە سـبەینێ شـەڕ ڕوودەدات، هیـچ بژاردەیەکـی دی لەبـەردەم بڕیارسـازان ناهێڵێتـەوە، جگـە لـە مۆبیلەزەکردنێکـی ئیمرجنسـی گشـتی نەبێـت. ئیـدی بـەو شـێوەیە، سـەرۆکی مۆسـاد نـەک سـەرۆک وەزیـران و کابینـەی حکومەتەکـەی، هەسـتیان کـرد تـەواوی بەرپرسـیاریەتی بڕیـاری حکومـەت لـە ئەسـتۆی ئـەوە، بـەڵام زامیـر خۆشـی

پێشـتر ژەنـەڕاڵ بـووە و وەک فەرمانـدەی بـەرەی باشـوور لـە سـوپا خزمەتـی کـردووە، تـەواو لـە بەرپەرچدانـەوەی هێرشـی عەرەبـی بـێ بانگکردنـەوەی هێزەکانـی یـەدەگ دەگەیشـت.

بەرەبـەری کۆتایـی کۆبوونەوەکـە، بڕیاری خـۆی دا کـە وریاکردنەوەیەکی ڕاشـکاو بـۆ ئیسرائیـل بشـێنێ کـە هـەر یـەک لـە مـسر و سـووریا بـە نیـازن سـبەینێ هێرشـێکی تـەواو بکەن.

ئەو بڕیارە ڕەوتی شەڕی یۆم کیپوور دەگۆڕێت.

بــەڵام هێشــتا لەگــەڵ مــەروان تــەواو نەببــوو، پرســیاری دیکــەی لەبـارەی نەخشـەی شـەڕ هەبـوو، مـەروان هیـچ بەڵگەیەکـی لەگـەڵ خـۆی نەهاوردبـوو، لـێ زۆربـەی وردەکارییـە گرنگەکانـی دوا نەخشـەی شـەڕ لـە یادەوەریـدا هەبـوون و لەڕێگـەی پەیوەندییـە تەلەفۆنییەکانیـەوە لـە قاهیرە دووپاتـی لـێ کردنـەوە کـە هیچـی لـێ نەگۆڕابـوو لەوکاتـەی دواجـار بـەری چەنـد هەفتەیـەک نوێتریـن کۆپـی نەخشـەی شـەڕی بـە سەرپەرشـتکارەکەی دابـوو. تیپێکـی پیـادەی مـسری کەناڵـی سـوێس دەبڕێـت و نزیکـەی شـەش میـل ڕووەو ڕۆژهـەڵات پێشـڕەوی دەکات. هەروەهـا بـە ئامانجـی دابڕانـی گەیشـتنی یارمەتییەکانـی ئیسرائیـل بـۆ بـەرەی شـەڕ، باسـی لـە هەنـدێ وردەکاری هێرشـی کۆمانـدۆی ئاسـمانی کـرد و دووپاتـی کـردەوە کـە چەکـی ئاسـمانی مـسر بۆمبهاوێـژی تۆپۆلیـڤ TU-١٦ی هەڵگـری مووشـەکی کلێـت بـۆ لێدانـی بارەگاکانـی سـوپا لـە تەلئەڤیـڤ ڕەوان دەکات. ئـەو زانیاریانـە لـەو نەخشـەیە دەرکەوتبـوون کـە پێشـتر ڕادەسـتی کردبـوو.

زامیـر لەبـارەی کاتژمێـری هێـرش ( کاتژمێـری سـفر H-hour) پرسـیاری کـرد. لـە گشـت نەخشـەکانی شـەڕی مـسر کـە چەنـد سـاڵ بـوو ئیسرائیـل بینیبـووی، هەمیشـە کاتژمێـری سـفر لـە ئانـی خۆرئاوابـوون دابـوون کـە کەمـێ ڕووناکـی ڕۆژی پێـوە دیـارە، ئەمـەش دەلیڤـەی هێرشـی ئاسـمانی

بـۆ سـەر سـینا دەڕەخسـێنێ بەرلـەوەی تاریـک داکـەوێ کـە ڕێگـە نـادات هێـزی ئاسـمانی ئیسرائیـل وەڵام بداتـەوە. بـە گوێـرەی ڕاپۆرتەکـەی مـەروان، نەخشـەی ئەمجـارەش هـەر بـەم شـێوەیە. لـە ٦ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٧٣ وادەی خۆرئابـوون بـە کاتـی ئیسرائیـل کاتژمێـر ٥:٢٠ی ئێـوارە بـوو.

ئـەوەی نـە مـەروان نـە سەرپەرشـتکارەکەی نەیاندەزانـی، کۆبوونـەوەی وەزیـری بەرگـری مـسر و سـەرۆکی سـووریا و ڕێککەوتنیـان بـوو لەسـەر کاتژمێـری هێـرش لـە کاتژمێـری دووی پاشـنیوەڕۆ، وەک بژاردەیەکـی مامناوەنـدی داواکارییـە مەیدانییەکانـی سـووری و مـسری.

کۆبوونەوەکـە زیاتـر لـە دوو کاتژمێـری خایانـد، مـەروان گەڕایـەوە هوتێلەکـەی و چـاوی مۆسـادیش هـەر لەسـەری بـوو. سـبەینەکەی کـە دەیکـردە ڕۆژی شـەممە گەڕایـەوە مـسر، بـەڵام زامیـر و دوبـی کـە بـە درێژایـی کۆبوونەوەکـە هـەر وشـەیەک دەکـرا دەیانووسـی، یەکڕاسـت چوونـەماڵـی سـەرۆکی وێسـتگەی مۆسـاد لـە لەنـدەن کـە بـە پیادە تەنیـا دە خولەکێـک دوور بـوو. لـە ڕێگـەوە زامیـر بـە دەنگـی بـەرزەوە، پرسـیاری کـرد، باشـە دەبـێ چ بقەومـێ ئەگـەر ورياكردنـەوەی شـەڕی دەسـتبەجێ بنێرێـت و شـەڕیش ڕوونـەدات، بـەڵام پێویسـتی بـە وەڵامـی دوبـی نەبـوو، چونکـە پێشـتر بڕیـاری خۆیـدا بـوو.

گەیشـتنە ئەپارتمانتـی ڕافـی سـەرۆکی وێسـتگە لـە چاوەڕوانیانـدا بـوو. چەنـد خولەکێکـی خایانـد تـا زامیـر بـە دەسـت خـەت ئـەو نامـە کۆدییـەی بـە وردی دارشـت کـە دەبـوو بـۆ فریـدی ئینـی سـەرۆک ئـەرکان بنێـرێ کـە لـە ئیسرائیـل لـە ماڵـەوە چـاوەڕوان بـوو، هەروەهـا زیڤـی مالحیـن بەرپرسـی دابینکردنـی کۆبوونـەوە لەگـەڵ مەروانیـش ئامادەبـوو. کاتێـک مالحیـن نامەکـەی زامیـری بینـی، شـەوی مـراوی سـاڵی ١٩٥٩ی هاتەوەیـاد، وەک بڵێـی پێویسـتبوو زامیـر و ئـەوەی بەسـەر بەرپرسـان هـات، بەیادیـان

بێتــەوە، بــەڵام مالحینیــش لــەو باوەڕەدابــوو کــە شــەڕ دەبێــت. چەنــد کاتژمێرێـک بـەر لـە شـەڕ پەیوەنـدی بـە هاوژینەکـەی لـە تەلئەڤیـڤ کـرد و داوای لێکـرد لـەو دەوروبـەرە بـە دوای پەناگەیەکـی دژە مووشـەک بگـەڕێ تـا خـۆی بپارێـزێ، چونکـە لـە ماڵەکەیانـدا پەناگەیەکـی وا نییـە.

زامیــر پەیوەنــدی بــە فریــدی ئینیــەوە کــرد، ســاڵی ١٩٧٣ پەیوەنــدی ڕاسـتەوخۆی نێـوان لەنـدەن و ئیسرائیـل کارا کرابـوو، بۆیـە پێویسـت بـە کار پێکردنـی دەولـی نەبـوو. کاتژمێـر سـێی سـەرلەبەیانی بـوو، واتـە بیسـت و چـوار کاتژمێـر بەسـەر پەیوەنـدی تەلەفۆنـی ئینـی بـە زامیـر تێپەڕیبـوو کـە پێـی ڕاگەیانـد فریشـتەکە داوای دیدارێکـی بـە پەلـە لـە لەنـدەن دەکات بــۆ قســەکردن لەســەر مــاددە کیماییــەکان. بــەلای زامیــرەوە زۆر گرنــگ بــوو، ئینــی لــە هــەر وشــەیەکی بــگات کــە دەیڵــێ و بەوپــەڕی خێرایــی بجووڵێتــەوە بــۆ بەجێگەیاندنــی ئــەوەی لــە نامەکــەدا هاتــووە. کاتێــک ئینـی وەڵامـی دایـەوە، سـەرەتا زامیـر پێـی گـوت « پێـت لەنـاو ئـاوی سـارد دانـێ». واتـە لەوپـەڕی هوشـیاریدا بـە. کاتێـک ئینـی بـۆی دووپـات کـردەوە کـە تـەواو هوشـیارە، دواتـر زامیـر فەرمانـی جێبەجێکردنـی نامەکـەی پێـدا وەک ئــەوەی نووســیویەتی. ئەمــەش دەقەکەیتــی:

دەرکەوتـووە کۆمپانیـا دەیـەوێ ئـەورۆ بـەر لە هاتنی شـەو گرێبەسـتێک واژوو بکات.

هەمان گرێبەست، بەهەمان مەرجەکانی دەیزانین.

ئەوان دەزانن سبەینێ پشووی جەژنە.

پێیانوایە دەتوانن سبەینێ بەر لە تاریکی دابەزن.

لەگــەڵ بەڕێوەبــەر قســەم کــرد، بــەڵام بەهــۆی پابەندبوونــی لەگـەڵ بەڕێوەبەرانـی دی، ناتوانـێ دوای بخـات، چونکـە ئـەو بەرانبـەر

پابەندبووەکانــی بــە وەفایــە.

من لە گشت مەرجەکانی گرێبەستەکەتان ئاگادار دەکەمەوە.

لەبەرئــەوەی دەیانــەوێ پێشــبڕکێیەکە ببەنــەوە، ترسـیان هەیــە بــەر لــە واژووکردنەکــە هەواڵەکــە بڵاوببێتــەوە، ڕەنگــە ڕکابەریــان هەبێــت، ئیــدی ئــەوکات لەوانەیــە هەنــدێ لــە بەشــداربووان بیــر لــە مەســەلەکە بکەنــەوە کــە لــە دەرەوەی ناوچەکــە هیــچ هاوبەشــێکیان نییــە. بــە ڕای فریشــتەکە واژووەکــە ســەدا ٩٩.٩ دەکرێــت، بــەڵام جارێکــی دیکــە، ئــەو ئەوهایــە[١٢].

لــەو ســاتەوە دوبــی ڕاپۆرتێکــی لەبــارەی کۆبوونەوەکــە ئامــادە کــرد، کاتێــک تــەواوی کــرد، یەکڕاســت چــووە بالیۆزخانــەی ئیسرائیــل لــە پــالاس گریــن لــە ناوەڕاســتی لەنــدەن تــا لــە ڕێگــەی ژووری کــۆدەوە نامەکــە بنێــرێ. بــە گوێــرەی هەندێــک چیــرۆک بــە هــۆی جەژنــی لێبوردنــەوە، هیــچ ئیشــکگرێک لــە ژووری کــۆد نەبــووە، دەبــوو چــاوەڕێ بکــەن تــا یەکێکیــان دەردەکــەوێ، بــەڵام لــە ڕاســتیدا بەڕێوەبــەری وێســتگە لــەوێ لــە چاوەڕوانیانــدا بــوو، لــە کاتژمێــرە زوویەکانــی ســەرلەبەیانی ڕاپۆرتەکــە بــۆ بــارەگای مۆســاد لــە تەلئەڤیــڤ نێــردرا. ڕاپۆرتەکــە دووبارەبوونــەی وریاکردنەوەکــەی زامیــری لــە خۆدەگــرت کــە شــەڕ لــە کاتێکــی دیکــەی ئەمــڕۆ ڕوودەدات، هەروەهــا بــە زاری ســەرچاوەکە ئەوەشــی تێــدا هاتبــوو کــە لەوانەیــە ســادات لــە دوا خولەکــدا ڕای خــۆی بگۆڕێــت، جگــە لــەو ڕاپۆرتــە ســەرەکییە، ئامانجــی مســر لــە شــەڕ تەنیــا گێڕانــەوەی ناوچەیەکــە بــە پانایــی شــەش میــل لــە ڕۆژهەڵاتــی کەناڵــی ســوێس، لــەم قۆناغــەدا نیــازی پێشــڕەوی کردنــی بــۆ هــەردوو ڕاڕەوی میتــلا و گیــدی نییــە.

دوبـی گەڕایـەوە ئەپارتمانتەکـەی، ڕۆنێتـی هاوژینـی لـە چاوەڕوانیـدا بـوو، لـە وادە نـا چاوەڕوانکراوەکانـی لێڕاهاتبـوو، بـەڵام غیابـە دورودرێژەکـەی لـە نیـوە شـەوی جەژنـدا، تەنانـەت بـۆ ئەویـش شـتێکی نائاسـایی بـوو، بۆیـە دەبـوو هۆکارێکـی ترسـناکی هەبێـت، پێویسـتی نەدەکـرد پرسـیاری زۆری لـێ بـکات، چونکـە بـە ڕاشـکاوی قسـەکردن لەگەڵیـدا ڕاهاتبـوو، «ئـەوە شـەڕە، نـەک ئاهەنگـی ئایینـی».

ئۆفـەری کـوڕی تەمەنـی گـەورە ببـوو، دەبـوو دواتـر ئاهەنگـی سروتـی ئاینـی بکرابایـە، یەکێـک لـە کارەسـاتە پـڕ لـە ئێشـەکانی ئیسرائیـل بـوو لـە ململانێیەکـدا کـە دوای چەنـد کاتژمێرێکـی دیکـە دەقەومـا. بەیانییەکـەی دوبـی هێنـدە مانـدوو بـوو، یەکڕاسـت چـووە نـاو جێگـە.

کەمێـک دوای کاتژمێـر یەکـی پاشـنیوەڕۆ ڕۆنێـت خەبـەری کـردەوە کـە شـەڕ دەسـتی پێکردبـوو.

هەرچـی زامیـر بـوو، هیـچ دەرفەتـی بـۆ هـەڵ نەکـەوت بخـەوێ، ئەوسـاتەی پەیوەندییـە تەلەفۆنییەکـەی لەگـەڵ ئینـی تـەواو کـرد، گـرژی باڵـی بەسـەریدا کێشـا. کاتێـک بیسـتی مسرییـەکان کاتژمێـر دووی پاشـنیوەڕۆ بـە کاتـی ئیسرائیـل هێرشـیان کـردووە، وەک دواتـر بەیـادی هاتـەوە «بازیدایـە بنمیچەکـە». لـە ڕوویـەک بـەوە ئاسـودە بـوو، چونکـە متمانـەی بـە ئیسرائیـل بـوو کـە سـەرکەوتنێکی ئاسـان بەدەسـت دەهێنـێ، لـە لایەکـی دیکـەوە لـە خۆشـیان نەیدەتوانـی هەناسـە بـدات، چونکـە وریاکردنەوەکـەی هەڵـە نەبـوو، بـەڵام تـا ڕۆژی یەکشـەممە لـە لەنـدەن مایـەوە، کاتێـک چـووە یۆنـان و پاشـان بـە فڕۆکەیەکـی تایبـەت کـە بـۆی نێـردرا گەڕایـەوە ئیسرائیـل، هیـچ شـتێکی لەسـەر ڕەوتـی شـەڕەکان نەدەزانـی و بـاوەڕی وابـوو کـە نامەکـەی دەرفەتـی

بــە ئیسرائیــل داوەو وەڵامێکــی گونجــاو بداتــەوە، بــەڵام کاتێــک چــاوی بــە ناحــوم ئەدمۆنــی، گــەورە ئەفســەری مۆســاد کــەوت کــە بــۆ دیــداری هاتبــووە فڕۆکەخانــە، بــۆی دەرکــەوت کــە چەنــد هەڵــە بــووە.

# پاژی دەیەم

## هێلانە کۆتر: وریاکردنەوە و جەنگ

فریدی ئینی پێویستی بە خواردنەوەی قاوەکە نەبوو، بۆئەوەی دوای تەواوبوونی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی لەگەڵ زامیر بڕوات، هەرزوو لیستی ئەو تەلەفۆنانەی دەرهێنا کە پێویست بوو بیانکات، وەک ئەوەی شەوی پێشتر بەڵێنیدا بوو، یەکەمجار پەیوەندی بە ئیلی زەیرای سەرۆکی هەواڵگری سەربازییەوە کرد، چونکە کۆکردنەوەی ناوەندی هەواڵگری سەربازی گشت زانیارییە هەواڵگرییەکان بوو کە لە لقە جۆراوجۆرەکانی ئیسرائیل کۆیان دەکردەوە، بۆیە دەبوو سەرۆکەکەی یەکەم کەس بێت نامەکە وەربگریت. زەیرا بە وردی گوێی بۆ ڕادێرا و داوای لێکرد هەر ئێستا پەیوەندی بە ژەنەڕاڵ ئاریێ شالیڤی سەرۆکی هۆبەی توێژینەوە بکات و وشە بە وشەی ئەو نامەیەی بۆ بخوێنێتەوە، بەڵام ئینی بەرلەوەی ئەوە بکات، بەپێی لیستی تەلەفۆنەکان، پەیوەندی بە ئیسرائیل لیۆری سکرتێری سەربازی گۆڵدا مائیر و ئارییە براونی جێگری وەزیری بەرگرییەوە کرد. دواتر وەک ئەوەی زەیرا داوای لێکردبوو پەیوەندی بە ئاریێ شالیڤ کرد. ئینی دوای چەندین ساڵ دەگێڕێتەوە کە چۆن شالیڤ هەرگیز بە لەخەوهەڵسانی خۆشحاڵ نەبووە و داوای لێکردووە نامەکە بداتە ناوەندی ڕاپۆرت و بڵاوکردنەوەی هەواڵگری سەربازی و تا ئەوکاتیش درکی بە قەبارەی تەنگژەکە نەکردبوو. دوای کورتە ئالووێرێک و قسەکردنە شەڕانگێزیەکەی ئینی،

بیرۆکەکـە بـە شـالیڤ گەیشـت و ئـەو نامەیـەی لای خـۆی نووسـی کـە ئینـی بـۆی گێڕایـەوە.

نـاوی سـەرۆکی ئەرکانـی سـوپای ئیسرائیـل لـە لیسـتی تەلەفۆنەکانـی ئینیـدا نەبـوو، بـەڵام نامەکـەی لـە ئەڤنـەر شـالیڤی یاریـدەدەری وەرگـرت کـە لـە جەنـەڕاڵ یەهوشـا ڕەڤیـڤ سـکرتێری سـەربازی وەزیـری بەرگریـی بیسـتبوو. دایـان و لیـۆر پەیوەنـدی تەلەفۆنیـان لەگـەڵ ئینـی کـرد بۆئـەوەی بـۆ دووەمجـار گوێیـان لـە ناوەڕۆکـی نامەکـە بێـت. دەوروبـەری کاتژمێـر چـوار و نیـوی سـەرلەبەیانی شـەممە، تـەواوی دەسـتەی بڕیارسـازانی حکومەتـی ئیسرائیـل بـە خەبـەر بـوون و لەوپـەڕی ئامادەباشـیدا بـوون بـۆ ئـەو هێرشـەی پێشـبینیان دەکـرد ئێـوارەی سـبەینێ ڕووبـدات[1].

تـا چەنـد وریاکردنەوەکـەی ئـەشرەف مـەروان سـەرکەوتنی بە دەسـتهێنا کـە وریاکردنەوەیەکـی ڕوون و ئاشـکرای پێشـتری ڕوودانـی شـەڕ بـوو کـە ئیسرائیـل ڕۆژانـە وەریگرتبـوو، ئایـا لـەو مەزەنـدە سـەرکەتوو دەبـن کـە مادامەکـێ مـسر فڕۆکـەی دوورمـەودا و مووشـەکی سـکۆدی نییـە هەرگیـز هێـرش نـاکات؟ ئـەوە تەنیـا پرسـیارێکی ئەکادیمـی نەبـوو. دوای ئاشـکرابوونی ڕووداوەکانـی ئـەو ڕۆژە، ڕوون بوویـەوە کـە هـەر یاریزانێکـی سـەرەکی بەپێـی دیـدگای تایبەتـی خـۆی هەڵسـوکەتی کـردووە کـە لەسـەریان پێویسـت بـوو وریاکردنەوەکانـی مـەروان بـە جـدی وەربگـرن، بـەڵام لـە هەنـدێ بـاردا فەرمانـە ڕاستەوخۆکانیشـیان فەرامـۆش کـردووە.

سـەرلەبەیانی زووی ڕۆژی ٦ی ئۆکتۆبـەر، بڕیارسـازە سـەرەکیەکانی ئیسرائیـل و جێگرەکانیـان لەبـارەگای تایبەتـی سـەرۆکی ئـەرکان دەسـتیان بـە کۆبوونـەوەی چڕوپـڕ کـرد، وەزیـری بەرگـری و سـەرۆک وەزیـران کـە ئـەو سـێ بارەگایـە لەنـاو کۆمپاوەنـدی بەرگـری لـە تەلئەڤیـڤ، تەنیا چەنـد مەترێـک لەیەکـەوە دووربـوون و لەنـاو ئیسرائیلییـەکان بـە (hakirya)

نـاسراو بـوو. لـە نێـو پرسـیارە جددییـەکان، دوو پرسـیار باڵـی بەسـەر مشـتومڕەکانی کۆبونەوەکـە کێشـابوو، یەکەمیـان تایبـەت بـە بانگەشـەی کتوپـڕی هێزەکانـی یـەدەگ بـوو، دووەمیـان تایبـەت بـەوە بـوو کـە هێـزی ئاسـمانی ئیسرائیـل بـە ئامانجـی هێشـتنەوەی دەستپێشـخەری سـەربازی لـە دەسـت ئیسرائیلییەکانـدا، گورزێکـی پێشدەسـت بوەشـێنێ، وەک ئـەوەی لـە شـەڕی شـەش ڕۆژەی سـاڵی ١٩٦٧ لـە سـەرەتای شـەڕ ڕوویـدا و تێیـدا سـەرکەوتوو بـوون.

ئـەوەی بـەلای داڤیـد ئیـلازاری سـەرۆکی ئەرکانـی سـوپای بەرگـری ئیسرائیلـەوە جـێ بایـەخ بـوو، وریاکردنەوەکانـی مـەروان بـوون کـە گشـت گومانەکانـی لەبـارەی شـەڕ ڕەوانـدەوە. لەوکاتـەی کاتژمێـر چـوار و نیـوی ئـەو بەیانییـە یاردەدەرەکـەی لـە خـەو بەئـاگای هێنایـەوە، ئیـلازار خـۆی بـۆ ئـەو ئاگـرە سـازدا کـە لـە کاتێکـی دیکـەی ئـەو ڕۆژە گـڕ دەگـرێ. لەمـاوەی کاتژمێرێـک و نیـودا فەرمانـی بـە فەرماندەیـی هێـزی ئاسـمانی کـرد کـە کاتژمێـر یـازدەی بەیانـی بـۆ گورزێکـی پێشدەسـت و ڕەزامەنـدی لەسـەر بانگهێشـتی هێـزی یەدەگـی ئاسـمانی بـدات، هەروەهـا لەپێنـاو بانگهێشـتێکی فرەوانـی سـوپای یەدەگـی ئامـادەکاری پێویسـت بـکات. دیسـان فەرمانـی پێـدا ئامـادەکاری زیاتـر بـۆ شـەڕ بـکات، چ لـە بەرەکانـی پێشـەوەی شـەڕ، یـان لەبەرەکانـی ناوخـۆوە. کاتژمێـر شەشـی بەیانـی لەگـەڵ مۆشـێ دایانـی وەزیـری بەرگـری چـووە نـاو کۆبوونـەوەی یەکـەم و لەسـەر بنەمـای پێـدراوە هەنووکەییـەکان باسـی پرسـی بەدەسـتهێنانی ڕەزامەنـدی ئەنجامدانـی دوو هەنـگاوی کـرد کـە بەوپـەڕی هەسـتیاری دەبینیـن، ئەوانیـش: گـورزی پێشدەسـتی و مۆبیلیزەکردنـی گشـتی یـەدەگ بـوون.

ئیـلازار کەمێـک زیدەڕۆیـی بەرانبـەر گومانەکانـی دایـان تایبـەت بـە

دروستی وریاکردنەوەکانی مەروان و ئەگەری ڕوودانی شەڕ کرد، بە پێچەوانەی هەوڵەکانی ئیلازار بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنەکان، دایان لەسەر وەرگرتنی خاوی شتەکان مکوڕبوو. لە سەرەتای کۆبوونەوەکەیاندا دایان تاوتوێی پرسە کەم بایەخەکان کرد، وەک چۆڵکردنی نشینگەکانی بەرزاییەکانی جۆلان لە منداڵان و ئامادەباشی هێزەکانی بەرگری مەدەنی بۆ ئەگەری هێرشی مسری بە مووشەکی سکۆد، دواتر گەڕایەوە سەر ئەو دوو داواکارییەی کە ئیلازار داوای کردبوون. هەروەها زۆر بە سادەیی مامەڵەی لەگەڵ گورزی پێشدەست کرد. دوای بێنەوبەردەیەکی زۆر لەنێوان خۆی و ئیلازاردا کە بەلایەنی کەم داوای بانگهێشتی چوار تیپی کردبوو. لەسەر بانگهێشتێکی سنوورداری یەک لیوای یەدەگ ڕەزامەندبوو. یەکێک لەو کەسانەی بیرخستەوە کە لە کۆبوونەوەی سەودای نێوان گەد و ئیبراهیمدا ئامادەبوون لەسەر ئەو پرسیارەی کە گەد لە سۆدۆم و گۆمراە پێویستی بە چەند کەسی ڕاستودروست دەبێت بۆئەوەی خۆی لە وێرانکردنی شارەکان بەدوور بگرێت. لە کۆتاییدا ئیلازار و دایان نەیانتوانی ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە و لەسەر ئەوە ڕێککەوتن سەرۆکوەزیران بڕیار بدات.

بۆچی دایان داواکارییەکانی ئیلازاری ڕەتکردەوە؟ هۆکارەکانیی پێشکەشی کردن، ئەوە شیدەکاتەوە کە، داواکاری گورزی پێشدەستی ڕەتکردەوە، «چونکە بەرمەبنای ئەو زانیارییانەی هەنووکە لە بندەستمانن، ناتوانین ئەو کارە بکەین». بە واتایەکی دی ئەوەی دایانی لە ئیلازار جودا دەکردەوە، ئەو پرسیارە نەبوو کە ئایا ئەو گورزە بۆ تێکشکاندنی هێرشی عەرەبی پێویستە، بەڵکوو لەسەر ئەوەبوو، ئایا ئەو هێرشە بە کردەنی کراوە یان نا. ئیلازار لەو باوەڕەدا بوو کە شەڕ هەر ڕوودەدات، بۆیە چار نییە هەر دەبێت گورزی پێشدەست بکرێت، بەڵام دایان پێیوابوو یەکێک لە ئەگەرەکانە، بۆیە دژایەتی گورز

وەشـاندن و بانگهێشـتی هێـزی یەدەگـی کـرد. دایـان پیاوێکـی زۆر وریـا بـوو، بـاوەڕی بـە توانـای ئیسرائیـل نەبـوو کـە دەسـتبەجێ بـە تەنـێ بـەو سـوپا تەیارکـراوە شـەڕەکە بباتـەوە، بـەڵام ڕەتکردنـەوەی داواکارییەکـەی ئیـلازار لـەو خەمڵاندنـەی سـەرچاوەی گرتبـوو کـە ئەگـەری ڕوودانـی شـەڕ لـە پاسـاوی مۆبیلەزەکردنـی گشـتی زۆر کەمـترە و پێـی گـوت: «تـۆ ناتوانـی بەهـۆی چەنـد نامەیەکـی زڤیـکاوە تـەواوی سـەربازەکان بانگهێشـت بکەیتـەوە»[٢].

پێدەچـێ گومانەکانـی دایـان لەبـارەی ڕوودانـی شـەڕ، بەشـێکی لەسـەر هەڵسـەنگاندنەکانی ئیلـی زەیـراوە بنەمـای گرتبـێ. کاتژمێـر حەوتـی بەیانـی زەیـرا هاتـە نـاو کۆبوونەوەکـە و ڕوونـی کـردەوە، وێـڕای دەرکەوتنـی ئامـاژەی زیاتـر لـە ئاڕاسـتەی سـووریا و مـسر بـەرەو کـردەی سـەربازیی، بـەڵام هێشـتا ئامـادەی قبوڵکردنـی ئـەو بیرۆکەیـە نییـە کـە شـەڕ لەگینـە و گوتـی، لـە ڕوانگـەی سـتراتیژی سیاسـییەوە، سـادات پێویسـتی بـە شـەڕ نییـە. چارەکـە کاتژمێرێـک دواتـر، لـە سـەرەتای کۆبوونەوەیەکـی بـە پەلـەی فەرماندەکانـی گشـتی سـوپای بەرگـری ئیسرائیـل، زەیـرا تێزەکـەی خـۆی خسـتەڕوو کـە دەسـتکردن بـە شـەڕ لەلایـەن سـووری و مسرییەکانـەوە کارێکـی نـا ئاقڵانەیـە، بـەڵام ئەرکـی سـوپایە هەنـدێ ڕێوشـوێنی تایبـەت بـە خـۆی لەبەرانبـەر لەشکرکێشـی ئـەوان بگرێتەبـەر. لـە کۆبوونەوەکەیـدا لەگـەڵ سـەرۆک وەزیـران کـە دوای کاتژمێـر هەشـتی بەیانـی دەسـتی پێکرد، زەیـرا باوەڕەکـەی خـۆی دووبـارە کـردەوە، تەنانـەت ئەگـەر مـسر و سـووریا لـە ڕووی تەکنیکـی و کرداریـیـەوە ئامـادەی شـەڕیش بـن، سـادات پێـوەی پابەنـد نییـە، چونکـە چـاک دەزانـێ ئەگـەر هێـرش بـکات، دەدۆڕێـت.

لـە هەمـوو ئـەو قسـانەدا، دەردەکەوێـت، سـەرۆکی هەواڵگـری سـەربازی، وێـڕای ڕاسـتینەی پشـکداربوونی ورياکردنەوەکانـی مـەروان

(دوا پەرەسەندنەکان) لە بەرزکردنەوەی مەزەندەکانی ئەگەری ڕوودانی شەڕ، بەڵام لەوەتەی بەر لە ساڵێک ئەو پۆستەی وەرگرتووە، هێشتا بە کۆمەڵێک باوەڕ پێداگیرە کە لەلای گەلاڵەبوونە، تا ئێستاش لەوە بە گومانە کە لەو ڕۆژەدا شەڕ ڕووبدات. لەوەشدا تا ڕادەیەک پشتی بە کۆلۆنێل یۆناه باندام، سەرۆکی لقی ٦ی (مسر) لە هۆبەی توێژینەوەی هەواڵگری سەربازی بەستبوو کە زەیرا بەردەوام تا دوا خولەک شارەزایی و دادگەرییەکانی ئەوی تایبەت بە نیازی مسر لەبەرچاو گرتبوو، بەڵام باندمان تا درەنگانێکی ئەو ڕۆژە لەسەر باوەڕەکەی خۆی مابوو کە مسر هیچ هۆکارێک بۆ دەست پێکردنی شەڕ نابینێ. تەنانەت فەرمانی سەرۆکی هۆبەی توێژینەوەی هەواڵگری سەربازی ڕەتکردەوە کە داوای لێکردبوو ڕاپۆرتێک ئامادە بکات و تێیدا بڵێ ئەگەری ڕوودانی شەڕ زۆر بەرزە. لە کۆتاییدا ئەو ڕاپۆرتە لەلایەن ئەفسەرێکی دی ئامادە کرا، لە کاتێکدا باندمان ڕاپۆرتێکی تایبەتی پێچەوانەی نووسی کە تێیدا هۆکارەکانی ڕوونەدانی شەڕی شیکردبۆوە. زەیرا کە ڕاپۆرتەکەی باندمانی وەرگرت، بیری کردەوە بڵاوی بکاتەوە، بەڵام دواجار ئەوەی نەکرد، ڕاستینەی بیرکردنەوەی ئەنجامدانی وەها کارێک، ئەوە دەردەخات کە ئەو هێشتا پێیوابوو ڕوودانی شەڕ لەو ڕۆژە زۆر دوورە[٢].

لەبەرانبەردا ئیلازار وریاکردنەوەکانی سەرۆکی مۆسادی بە بایەخەوە وەرگرت، لە ڕوانگەی ئەوەوە دەرفەتی کات بەفیڕۆدان نەماوە. دەوروبەری کاتژمێر ٧:٤٥ خولەکی بەیانی و دوای ئامادەبوونی لە کۆبوونەوەی فەرماندە گشتییەکانی سوپای بەرگری ئیسرائیل، بۆ ماوەی چەند خولەکێک بە تەنیا لەگەڵ ژەنەڕاڵ شموئێل گۆنەن و ژەنەڕاڵ یتزاک هۆفی فەرماندەی بەرەی باشوور و باکوور قسەی کرد و فەرمانی پێکردن ئەفسەرەکانیان بۆ شەڕ ئامادە بن کە لە کاتەکانی داهاتووی

ئەمڕۆ دەست پێدەکات.

گۆڵدا مائیری سەرۆک وەزیران لەگەڵ دوودڵییەکەی زەیرا و دایاندا نەبوو، بەڵکوو وەک ئیلازار متمانەی تەواوی بە نامەکەی زامیر لەبارەی کۆبوونەوەکەی لەگەڵ مەروان هەبوو و ئەگەری ئەوەی شەڕ بەم نزیکانە ڕوودەدات بە نزیکی دەزانی. دوای گەیشتنیان بە نووسینگەی سەرۆک وەزیران لە بارەگای فەرماندەیی سوپای بەرگری لە تەلئەڤیڤ، داوای بینینی دەستبەجێی وەزیری بەرگری کرد. سەرەتا وەزیری بەرگری ڕەتیکردەوە پێش کاتژمێر دە یان یازدەی بەیانی چاوی پێیبکەوێت، بەڵام دوای پێداگیری لە کاتێکی زووتر بە دیدارەکەیان ڕازیبوو.

کەمێک دوای کاتژمێر هەشت و نیوی بەیانی لە نووسینگەی گۆڵدا مائیر کۆبوونەوە دەستی پێکرد و هەریەک لە ئیلازار و دایان هەڵویستی خۆیان خستەڕوو. ئەمجارە دایان بە مانۆڕ بوو، چونکە بە خستنەڕووی پرسی گواستنەوەی خەڵکی سڤیل و ئامادەکارییەکانی بەرەی ناوخۆ دەستی پێکرد، بەڵام لە بەرانبەردا ئیلازار بە هیچ شێوەیەک وشەیەکی تایبەت بە ڕوودانی شەڕ لە دەم دەرنەهات و گوتی: «ئەو نامەیەم خوێندەوە کە لە زفیکا(زامیری) پیاوەوە هات. نامەکە واقیعییە، بۆ ئێمە ئەوە تێبینییەکی کورتە[٣]. هەروەها داوای گرتنەبەری جووڵەی دەستبەجێ و یەکلاکەرەوەی کرد.

مائیر لە بڕیاردانەدا خێرا بوو. هەڵوێستی دایانی دژ بە بە پێشنیازی گورزی پێشدەستی قبوڵ کرد، لە ترسی ئەوەی نەبادا جیهان، بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەوە بە دەستدرێژی تێبگەن و لێک بدەنەوە، بە باوەڕی ئەو، ئەوە وا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکات لە ململانێیەکەدا بە زەحمەت یارمەتی ئیسرائیل بدات، ئەمەش زیانێکی قەبەیە و لەسەرووی هەر دەستکەوتێکی تاکتیکییە.

تایبـەت بـە بانگهێشـتکردنی هێـزی یەدەگـەوە، مائیـر هـاوڕای ئیـلازار بـوو. بـە پێـی کۆنووسـی ئـەو کۆبوونەوەیـە، مائیـر بـە شـێوەیەکی ڕاشـکاوانە باسـی لـە ئـەشرەف مـەروان نەکـردووە، بـەڵام لـە ڕۆژانـی دواتـردا، چەندیـن جـار گوتویەتـی، بەرمەبنـای نامەکـەی (هەڤـاڵ زفیـکا) هەڵسـەنگاندی خـۆی بونیـاد نـاوە[٤].

دەوروبـەری کاتژمێـر ٩ی بەیانـی فەرمانـی یەکـەم دەرچـوو، دەوروبـەری کاتژمێـر ١٠ زەنگـی تەلەفۆنـی هـەزاران ماڵـی هێزەکانـی یـەدەگ لێیـدا. لـە چەنـد کاتژمێـری دواتـردا، بانگهێشـتەکە قەبەتـر بـوو.

مـرۆ پێیوابـوو تەنیـا بـە دەسـتپێکردنی بانگهێشـتکردنەوەی هێزەکانـی یـەدەگ ڕای زەیـرا هێنـدە گرنـگ نەمابـوو، بـەڵام لـە وردبینیکردنـی تۆمـاری دانیشـتنە گوێگرتنەکانـی لێژنـەی ئاگرانـات و سـەرچاوەکانی دیکـەوە بابەتێکـی گرنـگ تێبینـی دەکـەی- ئەویـش لەشکرکێشـی سـوپایە بـە درێژایـی کەناڵـی سـوێس- واتـە ئاقیبەتـی هـەر هەڵەکردنێـک بکـوژ و یەکلاکـەرەوە بـوو.

دیاربـوو یەکـەی کەتیبـەی تانکەکانـی سـوپای بەرگـری ئیسرائیـل لـە کەرتـی سـینا و تیپـی زرێپۆشـی ٢٥٢، تـەواو ئامـادە نەبـوون کاتێـک لـە کاتژمێـر دوازدەی نیـوەڕۆ هێرشـەکە دەسـتی پێکـرد، تەنیـا یـەک کەتیبـە بـە ڕێکـی لـە ئـۆراکل لـە بـەرەی باکـووری کەنـاڵ سـەنگەری شـەڕی گرتبـوو، هەرچـی تانکەکانـی دیکـەی لیـوای ١٤ کـە دەبـوو لـە بـەرەی پێشـەوە بـن، ئەوانیـش لـە بـاری جـودای لەشکرکێشـی شـەڕ بـوون، هەروەهـا هـەردوو لیـوای ٤٠١ و ٤٠٦ بـەرەو خاڵـی بەیـەک گەیشـتنی پێشـەوەیان دەڕۆیشـتن.

هـەر لـە ڕۆژی پێشـترەوە تیپەکـە تەیـار و وریـا بـوو، جەنـەڕاڵ ئەلبێـرت ماندلـەری فەرمانـدە بەرمەبنـای زانیارییـە هەواڵگرییەکانـی لای، پێیوابـوو

شـەڕ ئەگەرێکـی نزیکـە، چونکـە هـەر دەسـتبەجێ دوای ئـەوەی زەیـرا فەرمانـی بـە جەنـەڕاڵ گۆنەنـی فەرمانـدەی ناوچـەی باشـوور دابـوو، ئەویـش فەرمانـی خـۆ تەیارکردنـی بـۆ شـەڕدا، لـە سـەرینی ئەمـەوە ماندلەر لـە کاتێکـی گونجـاودا تانکەکانـی بـەرەو خاڵەکانـی پەڕینـەوەی مـسری جووڵانـد، بـەڵام ئـەوە چەنـد کاریگـەری بەسـەر بـەرەی سـیناوە هەبـوو، ئەوەیـان بابەتێکـی دیکـە بـوو، بـەڵام لـە ڕوانگـەی ئیسرائیلیەکانـەوە هیـچ گومانـی تێـدا نەبـوو بـەراورد بـەوەی بـە کردەنـی ڕوویـدا، زۆر باشـتر بـوو کـە زۆربـەی تانکەکانـی ئیسرائیـل لـە شـەڕدا بـوون و بـەرەو بـەرەی شـەڕ دەجـووڵان و نەگەیشـتنە کەنـاڵ، بـەڵام مسرییـەکان توانیـان بپەڕنـەوە و لـە کەرتـی ڕۆژهـەڵات سـەنگەر بگـرن.

لـە قۆناغـی یەکەمـی پەڕینـەوەدا بەهـۆی ٧٢٠ بەلەمـەوە، ٣٢ هـەزار سـەربازی پیـادەی مـسری گواسـترانەوە کـە هـەر یەکێکیـان بە ماوەی شـەش کاتژمێـر دوازدە جـار بـە دەوری کەنـاڵ سـوڕانەوە. بەرەنجامـی ئـەوەی تیپی زرێپۆشـی ٢٥٢ لـە سـەنگەری خـۆی نەبـوو، لـە کاتـی پەڕینـەوە مسرییـەکان تووشـی تەقـەی تانکەکانـی ئیسرائیلـی یـان هێرشـی پێچەوانـە نەهاتـن.

هـەر ئـەو ڕۆژە ئیـلازار فەرمانـی بـە جەنـەڕاڵ گۆنـەن دا بـوو خـۆی بۆشـەڕ ئامـادە بـکات، لەگـەڵ گریمانـەی ئـەوەی ڕەنگـە کاتژمێـر ٦ی ئێـوارە کاتژمێـری سـفر بێـت. فەرمانەکـە کاتژمێـر ٧:٤٥ خولەکـی بەیانـی دەرچووبـوو، هەروەهـا دوای نزیکـەی ٢٠ خولـەک گۆنـەن پەیوەنـدی بـە ماندلـەری فەرمانـدەی تیپـی ٢٥٢ کـرد و فەرمانـی جێبەجێکردنـی پلانـی کۆتـری پێکـرد کـە بتوانـێ بـە بەکارهێنانـی سـوپای نیزامـی بەرگـری لـە درێژایـی هێڵـی کەنـاڵ بـکات، بێئـەوەی هێـزەکان لـە سـەنگەری خۆیـان بجووڵێـن. جارێکـی دی دوای کاتژمێـر ١٠ی بەیانـی وەک پێشـێلکردنێکی ڕاسـتەوخۆی فەرمانەکانـی ئیـلازار قسـەی لەگـەڵ ماندلـەر کـردەوە کـە

لەسـەر گۆنـەن پێویسـت بـوو بەرمەبنـای ئـەو فەرمانـە هێزەکانـی خـۆی بـۆ ئـەو جەنگـە ئامادەبـکات کـە کاتژمێـر ٦ی دوای نیـوەڕۆ دەسـتی پێدەکـرد، گۆنــەن بــە مادلــەری گــوت «کاتژمێــر ســفر مانــای چییــە؟ ئایــا کۆتایــی ڕاهێنانیانـە؟ ئایـا دەسـتکردن بەشـەڕە؟ ئایـا چوونـە نـاو شـەڕێکی دیکـەی خوێناوییـە؟ یـا هێرشـکردنێکی تـەواو؟ بـەڵام پێدەچـێ ئـەوە دوور بێـت» بـە واتایەکـی دی، گۆنـەن فەرمانەکانـی ئیـلازاری پێشـێل کـرد و هێزەکانـی لـە مەیـدان جیهێشـت لەگـەڵ نامەیەکـی تێکەڵـی تایبـەت کـە پێویسـت بـوو بـۆ ئامـادەکاری بیـکات. لـەوەش خراپـتر، فەرمانەکانـی ئیـلازار لەبـارەی ئامــادەکاری تــەواوی فەرمانــدەی ناوچــەی باشــوور بــوو بــۆ شــەڕ لــەو ڕۆژەدا، بـەڵام گۆنـەن فەرمانـی بـە لیواکانـی بـەرەی پێشـەوە کـرد «بـەر لـە ١٦٠٠ کاتژمێـر ڕۆتیـن نەشـکێنن»بەڵام کاتێـک کاتژمێـر ٢ی عـەسر هێـرش دەسـتی پێکـرد، لـە ٣٠٠ تانکـی تیـپ لـە سـەنگەری ئـۆراکل تەنیـا سـێ تانـک هەبـوو[٥].

ئیـدی بەمشـێوەیە ئەگـەر قسـەکە لـە جێـی خـۆی بێـت، هێزەکانـی مـسری بـە خشـکەیی و بـێ ڕێگرتـن لـە کەنـاڵ پەڕینـەوە، بـەڵام تەنیـا لـە سـەنگەری بۆداپێسـت نەبێـت، چونکـە تانکەکانـی بەرپرس لـە بەرگریکردنی لێـی چەنـد خولەکێـک بـەر لـە هێرشـی زەمینـی مسری گەیشـتبوونە شـوێنی خۆیـان و توانیـان تانـک و زرێپۆشـەکانی مـسری تێکبشـکێنن کـە خۆیـان بـۆ گرتنـی سـەنگەرەکە سـازدابوو، هەروەهـا ئـەو هێزەشـی پەرشـوبڵاوکردەوە کـە پاڵپشـتی هێرشـەکەی دەکـرد و ڕێگـە نـەدەدا سـەنگەرەکە بگیرێـت[٦].

بەهــۆی ســەرنەکەوتنی پلانــی تــاوەری کۆتــر، مسرییــەکان توانیــان مەترسـیدارترین بەشـی هێرشـەکە جێبەجـێ بکـەن، واتـە پەڕینـەوە لـە کەنـاڵ بـێ هیـچ بەرگرییـەک و زیانێکـی جـێ بـاس. کاتێـک تانکەکانـی ئیسرائیـل گەیشـتنە ئـەو شـوێنەی بۆیـان ئامادەکرابـوو لـە پێنـاو هێرشـکردن

بــە ئاڕاســتەی باکــوور و باشــوور بــە درێژایــی کەناڵەکــە و خســتنەداوی هێـزە مسرییەکـەی توانیبـووی بپەڕێتـەوە کـە هـەر لەسـەر کەنـاری ڕۆژئـاوا بــوو، دەرکــەوت زۆرێــک لــەو شــوێنانە لــە بندەســتی هێــزی کۆمانــدۆی مسرییــن و بــە مووشــەکی دژە تانــک تەقــە دەکــەن. لــە شــەودا ژمارەیەکــی زۆر لــەو تانکانــەی ئیسرائیــل بەرکەوتــن کــە هەوڵیــان دەدا بەرگــری لــەو ســەنگەرانە بکــەن کــە هێزەکانــی مــسر گەمارۆیانــدا بــوون. لەگــەڵ گــەردی بەیانــی ڕۆژی شــەممە هێزەکانــی مــسر تــا ڕادەیــەک بــێ زیــان، توانیــان لــە کەنــاڵ بپەڕنــەوە و لــە کەرتــی ڕۆژهــەڵات دامەزرێــن، هــاوکات تیپــی زرێپۆشــی ٢٥٢ی ســوپای بەرگــری ئیسرائیــل لــە کــۆی ٣٠٠ تانــک ١٠٠ی تیاچــوو، بێئــەوەی هیــچ یەکێــک لــە ئامانجــە کردەییەکانــی بەدیبهێنــێ.

ئەمـە یەکێـک لـە شکسـتە هـەرە گەورەکانـی سـوپای بەرگـری ئیسرائیـل بــوو کــە لــە شــەڕی ســەربەخۆیی ئیسرائیــل لــە ســاڵی ١٩٤٨-ەوە لەکاتــی هەوڵـە شکسـتخواروەکەی داگیرکردنـی بنکـەی پۆلیسـی لاتـرون ڕوویـدا، بــەڵام جیاوازییەکــەی ئەوەبــوو کــە ســوپای بەرگــری ئیسرائیــل لــەڕووی چــەک و ڕاهێنانــەوە لــە دوژمنەکانــی باڵادەســتتر بــوو، هەروەهــا ورەی ســەربازەکانی لــە ورەی چەکدارانــی ١٩٤٨ کەمــتر نەبــوو. تــەواوی هــۆکاری شکســتی ئیسرائیــل لــە شــەڕی ســاڵی ١٩٧٣ بــۆ شکســت لــە تێگەیشــتنی زانیارییــە هەواڵگرییــەکان دەگەڕێتــەوە کــە لــە خەمڵاندنــی مەترســی و ئامادەکارییەکانـی بـەر لـە ڕۆژانـی هێرشـدا بـووە ڕێگـر، بەتایبەتـی فەرمانـە شــڵەژاو و هەڵەکانــی جەنــەڕاڵ گۆنــەن کــە چەنــد کاتژمێرێــک بــەر لــە جەنــگ دەری کــردن.

چــۆن دەتوانیــن لــە هەڵســوکەوتی جەنــەڕاڵ گۆنــەن بگەیــن؟ چــۆن جەنەڕاڵێکـی بەناوبانگـی نـاو سـوپای بەرگـری ئیسرائیـل کـە ڕێـزی بێپایانـی بـۆ دەسـەڵات هەبـوو، لـە فەرمانێکـی ڕاسـتەوخۆی سـەرۆکی ئەرکان عاسـێ

بێــت؟ لــەو شــایەدییەی دواتــر گۆنــەن دای، گوتــی بــەو هەڵســەنگاندنە کاریگــەر بــوو کــە ئیلــی زەیــرای ســەرۆکی هەواڵگــری ســەربازی لــە ڕاپەوی هۆڵەکــە بــەر لــە کۆبوونــەوەی ئــەو بەیانییــەی فەرمانــدەی گشــتی ئــەرکان پێیدابــوو، پێــش ئــەوەی ئیــلازارا فەرمانــی ئامادەکاریــی بــۆ شــەڕ پــێ بــدات. هەروەهــا گوتــی، زەیــرا «بــۆی ڕوونکــردەوە کــە هێشــتا بــڕوای بــە ڕوودانــی شــەڕ نییــە و ڕەنگــە جووڵاندنــی ســوپای بەرگــری ئیســرائیــل ببێتــە هــۆی ڕوودانــی شــەڕ[٧]» . ئــەو وشــانەی کاتژمێــر ١٠ی بەیانــی گۆنــەن بــە ماندلــەری گــوت، لەگــەڵ بۆچوونەکانــی زەیــرا دەگونجــا کــە لــە کۆبوونــەی ڕۆژی هەینــی دەســتەی ئــەرکان دەریبڕیــن، کاتێــک گوتــی مســرییــەکان «شــتێک لە شێوەی تەقەکردنێکــی ســادە یــان بــە هەلیکۆپتــەر دەکــەن، ئەگــەری هــەرە گــەورە ئەوەیــە ڕەنگــە هەوڵــی پەڕینــەوە بــدەن بــە ئامانجــی دەســتگرتن بەســەر هــەردوو کەنــاری کەناڵەکــەدا».

لــە کۆکردنــەوەی بەڵگەکانــەوە ئــەوە بــە ڕوونــی دەردەکــەوێ کــە ئــەو دۆخــە کارەســاتبارەی لــە ڕۆژانــی یەکەمــی شــەڕی یــۆم کیپــوور پەرەیســەند کــە لــە مــەودای دووردا لێکەوتــەی خراپــی دەبێــت، چ لــە بەرزاییەکانــی جــۆلان یــان ڕەوتــی کۆششــەکانی هێــزی ئاســمانی ئیســرائیــل لــە دەرهێنانــی شــوێنە بەرگرییــە ئاســمانییەکان لــە هــەردوو بــەرەدا، هەمــووی ئەنجامــی مکوڕبوونــی زەیــرا بــوو بــە دەســتگرتن بــە مەزەنــدەی کــۆن، دوای ئــەوەی هەمــوو بەڵگــەکان دووپاتیــان دەکــردەوە کــە پێویســتە دەســتبەرداری بێــت. بەوپێیــەی گۆنــن لەبــەر ڕۆشــنایی هەڵســەنگاندنەکانی هەواڵگــری ســەربازییەوە ڕەفتــاری کــردووە، نــەک پێڕەوکــردن لــە فەرمانەکانــی ســەرۆکی ئــەرکان، ئــەو حــەوت کاتژمێــر دەرفەتــەی لــە دەســتدا کــە بەهــۆی وریاکردنەوەکانــی ئــەشرەف مــەروان ڕێگــەی پــێ دەدا بــە شــێوەیەکی گونجــاو تانکەکانــی تیپــی ٢٥٢ی زرێپــۆش بــڵاوە پــێ بــکات.

وێـڕای لەدەسـتدانی دەرفەتـی ئـەو کاتژمێـرە پـڕ بەهایانـەی شـکاندنی هێرشـی یەکـەم بـۆ سـەر کەناڵـی سـوێس، هیـچ گومانمـان نامێنـێ کـە وریاکردنەوەکانـی مـەروان لەکاتـی گونجـاودا بـوو، هەروەهـا بانگهێشـتکردنەوەی دەسـتوبردی هێزەکانـی یـەدەگ، لـە مەیدانـدا ئیسرائیلیـان لـە ڕوبەڕووبوونـەوەی دۆخێکـی خراپـتردا دوورخسـتەوە، دەکـرێ ئـەوەش بـە شـێوەیەکی ڕوونـتر لـە بـەرەی سـووریا ببینـرێ.

لـە نیـوەڕۆی ڕۆژی یەکشـەممەی ٧ی ئۆکتۆبـەر، واتـە دوای تێپەڕبوونـی بیسـت و چـوار کاتژمێـر بەسـەر دەسـت پێکردنـی جەنـگ و کوشـتاری، سـوورییەکان لەبـەر ڕاماڵینـی سـوپای ئیسرائیـل لـە بەرزاییەکانـی جـۆلان بـوون، ئـەو هێڵـە بەرگرییـەی باشـووری جـۆلان کـە لیـوای ١٨٨ی زرێپـۆش سەرپەرشـتی دەکـرد، شـەوی ڕابـردوو داڕمابـوو، شـەوەکەی هـەردوو تیپـی پیـادەی پێنـج و نـۆی سـووری بـە تـەوای هێزیانـەوە دەسـتیان بەسـەر باشـووری جۆلانـدا گـرت. بەیانییەکـەی عەقیـد تۆفیـق جیهانـی فەرمانـدەی تیپـی یەکـی سـووری فەرمانـی پێشـڕەوی بـۆ چوارڕیانـی نەفـح Nafah دا، بەمـەش کۆنترۆڵـی تـەواوی ناوەڕاسـتی جـۆلان دەکـەن و دەتوانـن لیـوای ٧ی زرێپۆشـی ئیسرائیـل تەفروتونـا بکـەن کـە بەرگـری لـە بـەرەی باکـووری ڕۆژهەڵاتـی جـۆلان دەکـرد. لـەوەش واوەتـر دەسـتگرتن بەسـەر نەفـح بـە مانـای ئـەوە دەهـات کـە تانکەکانـی سـووریا دەتوانـن بـەرەو ڕۆژئـاوا بـە ئاڕاسـتەی پـردی بنـوت یاکـوڤ Bnot Yaakov پێشـڕەوی بکـەن. بەمـەش دەیانتوانـی دەسـت بەسـەر سـەرچاوەی ڕووبـاری ئوردنـدا بگـرن و ڕێگـە لـە گەیشـتنی هێزەکانـی یەدەگـی ئیسرائیـل بـە جـۆلان بگـرن.

بەواتایەکـی دی کۆنترۆڵکردنـی نەفـح بـە واتـای کۆنترۆڵکردنـی تـەواوی بەرزاییەکانـی جـۆلان دەهـات، بۆیـە بەگرتنـی نەفـح، ئەگـەر مەحاڵیـش نەبـا، بـەڵام زۆر سـەخت دەبـوو ئیسرائیلییـەکان دەسـتی بەسـەردا بگرنـەوە.

کاتژمێـر ١١ی بەیانـی لەسـەر فەرمانـی ژەنـەڕاڵ جیهانـی ٢٥٠ تانکـی سـووری لـە جـۆری T-٥٥ و T-٦٢ بـە دوو ڕەتـل بـە ئاڕاسـتەی نەفـح ڕێگەیـان گرتەبـەر، تـا ئەوسـات فەرمانـدەکای ئیسرائیـل هیـچ بیرۆکەیەکیـان نەبـوو کـە لەسـەر زەوی چ ڕوودەدات. ئـەو بـێ سـەروبەرییەی لـە مەیدانـی جەنـگ ڕوویـدەدا ڕێگـەی لـە ئامادەبووانـی سـەکردایەتی فەرمانـدەی لەشـکری ئیسرائیـل لـە سـەر چیـای کەنعـان و بەرپرسـانی ئیـداری ئۆپەراسـیۆنەکانی باکـوور گـرت، لـە ڕاسـتینەی شـکاندنی هێڵـی بەرگـری لـە جۆلانـی باشـوور بگـەن، بـەڵام دوای ئـەوەی زانیشـیان، هێشـتا لەژێـر ئـەو بـاوەڕە هەڵەیـە بـوون کـە سـوورییەکان ڕاسـتەوخۆ سـەرکەوتنەکان بـۆ جووڵانـەوە بـەرەو ڕۆژئـاوا ڕووەو دەریاچـەی جەلیل بەکاردەهێنـن کـە لـە ڕاسـتیدا ئـەوان بـەرەو باکووری چوارڕیانـی نەفـح پێشـڕەویان دەکـرد. ڕاسـتی ئـەوەی چەنـد یەکەیەکـی بەرایـی یـەدەگ توانیـان کۆنتڕۆڵـی ئـەو ڕێگایانـە بکـەن کـە بـەرەو ڕۆژئـاوا بـە ئاڕاسـتەی دەریاچـەی جەلیـل دەچـوون، ئەمـەش هیوایەکـی هەڵـەی بـە ئەفسـەرانی فەرمانـدەی ناوچـەی باکـوور بەخشـی، چونکـە ڕێگـەی بـە فەرمانـدەی ناوچـەی باکـوور دا کـە ٤٨ کاتژمێـر بـوو خـەوی بـە چـاوی نەبینیبـوو، بـاوەڕ بـکات کـە سـاتە هـەرە خراپـەکان تێپەڕیـن. ئێسـتاش ئـەو هێـزە یەدەگـە کـە هاتـە نـاو شـەڕەکە، ئاڕاسـتەی جەنگەکـە بـە بەرژەوەنـدی لەشـکری ئیسرائیـل دەگۆڕێـت.

دوای دوو کاتژمێـر، کاتێـک دواجـار درکـی بـەوە کـرد چ ڕوویـداوە، ڕەشـبینی و هەسـت کـردن بـە شکسـت، جێگـەی بـە گەشـبینییەکانی فەرمانـدە لـەق کـرد. کاتژمێـر ١:١٠ خولەکـی پاشـنیوەڕۆی یەکشـەممە، ئـەو تێبینییـە لـە تۆمارەکانـی فەرمانـدەی باکـوور نـووسران: «تانکەکانـی سـووریا لەسـەر لێـواری بنکـەی نەفحـن».

کاتژمێـر ١:٣٠ی پاشـنیوەڕۆ جەنـەڕاڵ ڕافائیـل ئیتانـی فەرمانـدەی

تیپـی ٣٦ی زرێپـۆش وازی لـە بەرگریکـردن لـە بەرزاییەکانـی جـۆلان هێنـا و بـە خـۆی و تاقمەکـەی پەنـای بـۆ بنکـەی نەفـح بـرد. لەژێـر تەقـەی سـوورییەکان بەئاڕاسـتەی باکـوور چـووە تـەل شـیبان. لـە مـاوەی ٢٠ خولەکـدا فەرمـان بـۆ سـەربازە بەرگریکارەکانـی دیکـەی بنکەکـە دەرچـوو، بکشـێنەوە. خۆیـان لەنـاو دوو بارهەڵگـری بچـووک پەسـتا و بەئاڕاسـتەی ڕۆژئـاوا بـەرەو پـردی بونـت یاکوڤـا ڕۆیشـتن، ئیـدی بنکەکـە چۆڵکـرا و لـە چەنـد تانکێکـی ئیسرائیـل هیچـی دیکـە لـە ناوچەکـە نەمـا کـە هەوڵیـان دەدا ڕێگـە لـە کەوتنـی تـەواوی سـەنگەرەکە بگـرن، بـەڵام لـە مـاوەی نیـو کاتژمێـردا زۆربەیـان پێکـران.

لـە «کۆشـکدا» کـە نـاوی نهێنـی ناوەنـدی فەرماندەیـی ئیسرائیـل لـە چیـای کەنعـان بـوو، تـەواو ڕوون بـوو کـە دەربازبـوون لـە چوارڕیانـی نەفـح کارێکــی پەیجــورە و هەمــوو چــاوەکان لەســەر لیــوای ٦٧٦ی زرێپـۆش بـوو کـە هیزێکـی یەدەگـی ژێـر فەرماندەیـی تیپـی ٣٦ بـوو و چارەنووســی بەرزاییەکانــی جۆلانــی لــە دەســتدا بــوو.

کاتژمێـر ١٠ی بەیانـی ڕۆژی پێشـتر بـە فەرمانـی کۆلۆنێـل یـوری ئـور، لیـوای ٦٧٩ی یـەدەگ بانگکرابوویـەوە. تانکـە بەریتانییـە کۆنەکانـی وەک سـەنتورنس Centurions کـە بـە بەنزیـن کاری دەکـرد و زوو گـڕی دەگـرت، واتـە ئەگـەر هەبـوو هـەر تانکێـک ببێتـە تۆپەڵـە ئاگرێـک و هێنـدە بـە خراپـی دیزایـن کرابـوو، بۆیـە بـەردەوام پەکـی دەکـەوت. لـە کـۆی نزیکـەی سـەد تانـک کـە بـۆ بـاری لەنـاکاو لـە بنکـەی یەفتـاح لـە نزیـک ڕۆش پنـا کـۆگا کرابـوون، تەنیـا پەنجـا دانەیەکـی توانیـان بگانـە مەیدانـی جەنـگ، ئەوانـی دی بـەر لـە گەیشـتنیان بـە بـەرەی شـەڕ لـە ڕێگـە پەکیانکـەوت و هەندێکیشـیان هـەر نەیانتوانـی لـە بنکەکـەوە بێنـە دەرەوە، بەشێکیشـی بـە تەقـەی سـوورییەکان هاتنـە پەلەخانـدن، ئەوانەشـی گەیشـتنە

مەیدانــی جەنــگ توانــای شــەڕکردنیان نەبــوو. بەهــۆی گوشــاری کاتــەوە، ئیشــپێکردنیان بــە تیمێــک ســپێردرابوو کــە تیمــی تایبەتمەنــدی ئــەو تانکانــە نەبــوون، بــەڵام بــە پێــی داواکاری کــە ســەربازەکان خۆیــان نیشــانیاندا بــوو، بــە ڕیــز پێکــەوە کۆکرانــەوە. تەقەمەنــی کەمیــان لەبەردەســتدا بــوو، چونکــە کاتــی پێویســتیان بەردەســت نەبــوو تــا لــە ئوردوویەکــی دیکــە تۆپــەکان بهێنــن و کــۆگای بکــەن. هەروەهــا ئامێرەکانــی پەیوەندیکردنــی هەندێکیــان هــەر لــە بنەڕەتــەوە کاری نەدەکــرد، هەندێکــی دیکەشــیان لەرەیــان لەســەر لــەرەی دروســت نــە دەچەســپا، هەروەهــا زۆرێــک لــە تانکەکانیــش کاتــی ئەوەیــان لەبــەر دەســت نەبــوو، تــا ســێرەی خۆیــان بدۆزنــەوە، بۆیە باشــترین ئامادەکاریــان هــەر ئــەوە بــوو تەقــە لــە پێشــە خۆیــان بکــەن، بــەڵام دوای تێپەڕبوونــی ســێزدە کاتژمێــر بەســەر دەســتپێکردنی شــەڕ، واتــە دەوروبــەری کاتژمێــر ســێی بەیانــی، لــە تاریکــی شــەودا هێزێکــی پێکهاتــوو لــە ٢٥ تانکــی ســەر بــە لیــوای ٦٧٩ بــەرەو جــۆلان کەوتــەڕی و دەوروبــەری کاتژمێــر ١٠ی بەیانــی بــە درێژایــی ســنووری ڕۆژهەڵاتــی باکــووری جــۆلان لەناوچــەی قونەیتــەرە شــوێنی خــۆی گــرت. ئــەوەش هەڵــە بــوو، چونکــە زرێپۆشــەکانی ســووریا لــە باشــوورەوە بــە ئاڕاســتەی نەفــح دەســتیان بەســەر ناوەڕاســتی جۆلانــدا گرتبــوو.

کاتژمێــر ١٠:٣٠ی خولەکــی بەیانــی، ٢٢ تانکــی دیکــە خۆیــان ڕێکخســت و گەیشــتنە بــەرەی شــەڕ، کاتژمێــر ١٢ی نیــوەڕۆ کــە کیلۆمەترێــک و نیــو لــە چوارڕیانــی نەفــح دووربــوون، فەرمانیــان پێکــرا بــەرەو باشــووری هوشــینا وەرگەڕێــن. دوای نیــو کاتژمێــر ڕووبــەڕووی دەیــان تانکــی ســووری لــە جــۆری T-٦٢ و ســەربە لیــوای ٩١ بووەنــەوە کــە پلانــی پێچکردنەوەیــان بــە دەوری نەفــح هەبــوو، بۆئــەوەی لــە باکــوورەوە هێرشــی بــۆ ببــەن. تانکەکانــی ئیسرائیــل حەپەســان، بــەڵام لــە چەنــد خولەکێکــدا وەڵامیــان دانــەوە، ئیــدی بەمــە یەکێــک لــە جەنگــە گرنگەکانــی شــەڕ دەســتی پێکــرد.

وێـڕای ئـەو زیانـە کوشـندەیەی پێیانکـەوت، بـەڵام تانکەکانـی ئیسرائیـل توانیــان پێشــڕەوییەکەی ســووریا بــە ئاڕاســتەی باکــوور خــاو بکەنــەوە، لــێ ســوورییەکان لـە بـەری ڕۆژهەڵاتـەوە پێچیـان بەسـەر نەفـح کـردەوە، لەهەمانکاتـدا تانکەکانـی سـەر بـە لیوایەکـی دیکـەی سـووری لـە بـەری باشـوورەوە چوونـە نـاو بنکەیەکـی چۆڵکـراو.

لــەم ســاتە چارەنووســازەدا، ســێ تانکــی لیــوای ٦٧٩ی زرێپۆشــی ئیسرائیلـی کـە دوا تانـک بـوون یەفتـاح جیبهێڵـن، گەیشـتنە دەوروبـەری نەفـح و بـە دووری هەشـت سـەد مەتـر دە تانکـی سووریان بەرچاوکـەوت و یەکسـەر دایانـە بـەر تەقـە. بـە ماوەیەکـی کـورت ١٣ تانکـی یەدەگـی ئیسرائیـل گەیشـتنە نەفـح کـە بەهەڵـە بـۆ قونەیتـەرە نێردرابـوون، هـەر یەکڕاسـت هێرشـیان کـردە سـەر هەنـدێ تانکـی لیـوای ٥١ی سـووری. لەهەمانکاتـدا یەکـە یەدەگییـە بچووکـەکان گوشـاریان لەسـەر لیـوای ٥١ی سـووری دروسـتکرد. ژمـارەی تانکـە تێکشـکاوەکانی سـووریا هـەر لـە هەڵکشـاندا بـوو، هەمـان شـت بەرانبـەر تانکەکانـی ئیسرائیـل ڕاسـتە، بـەڵام کاتژمێـر چـواری عـەسر، ئیسرائیلییـەکان تەوژمێکـی بەرچاویـان بەدەسـتهێنا کـە تـا کۆتایـی هاتنـی شـەڕ لـە شـەودا بـەردەوام بـوو. سـەربازە یەدەگـە ماندووەکانـی ئیسرائیـل کـە زۆربەیـان تیمـی تانکـی لیـوای ٦٧٩ بـوون کـە بـەر لـە ٢٤ کاتژمێـر بـەڕۆژوو بـوون و لـە پەرەسـتگاکانیان نوێژیـان دەکـرد، توانیـان بـاری شـەڕ بگـۆڕن. لـەو جەنگـەدا سـوورییەکان نزیکـەی چـل تانکیـان لـە دەسـتدا و ناچـار بـوون لـە بنکـەی نەفـح و دەوروبەرەکـەی بکشـێنەوە، بـەو ڕێگـە هەستیارەشـەوە کـە پـردی بنـوت یاکـوڤ بـە قونەیتـەرە دەبەسـتێتەوە. ڕۆژی دواتـر سـوورییەکان هەوڵـی دووبـارە کۆنترۆڵکردنــی ناوەڕاســتی بەرزاییەکانــی جۆلانیانــدا، بــەڵام دووبــارە شکسـتیان هێنـا و لەشـکری ئیسرائیـل دژە هێرشـێکی گـەورەی کـرد.

جەنگی بەرزاییەکانی جۆلان بە بەرژەوەندی ئیسرائیل یەکلایی بۆوە.

وێڕای هەوڵدانی زۆر کە مێژوونووسان و ئەفسەرانی خانەنشین داویانە بۆ دووبارە وێنەکردنەوەی جەنگەکانی ڕۆژانی یەکەمی شەڕی یۆم کیپوور، بەڵام ئەو پرسیارە دەمێنێتەوە کە بە دەگمەن نەبێت، نەکراوە: ئەگەر کاتژمێر ١٠ی بەیانی ڕۆژی شەممە هێزەکانی یەدەگ بانگ نەکرابوونایەتەوە و بۆ چوار کاتژمێر دوای هەڵگیرسانی شەڕ دواخرابا، واتە تا کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ؟ بە واتەیەکی دی چ دەبوو ئەگەر ئەشرەف مەروان زامیری لە شەڕ وریا نەکردبایەتەوە و زامیریش بە نۆرەی خۆی فریدی ئینی لە خەو وەئاگا نەهێنابایەتەوە، هەروەها بڕیارسازانی ئیسرائیل کاتژمێر چوار و نیوی کازیوەی بەیانی لە خەو ڕانەبان و کاتژمێر شەشی بەیانی کۆبوونەوەیان نەکردبا و کاتژمێر نۆ و چلو پێنج خولەک ڕەزامەندی سەرۆک وەزیران بەسەر ڕەتکردنەوەی بڕیاری وەزیری بەرگری تایبەت بە وریاکردنەوەی گشتی هێزەکانی یەدەگی لەشکری ئیسرائیل زاڵ نەبا، دەبێ چ بقەومابا؟

یوری ئور، فەرماندەی لیوای ٦٧٩ی زرێپۆش، کاتژمێر ١٠ی بەیانی فەرمانەکانی خۆی لە فەرماندەی تیپی ٣٦ی زرێپۆش وەرگرت، ئیدی لەوەبەدوا یوری بوو بە فەرماندەی ناوچەی باکووری لەشکری ئیسرائیل، دوای ئەوەی لەشکری جێهێشت، بە جێگری وەزیری بەرگری دانرا. بەپێی خەمڵاندنەکانی ئەگەر وریاکردنەوەکانی مەروان نەبان، ئەوا ئیسرائیلییەکان نەدەکاران بانگی هێزەکانی یەدەگ بکەنەوە، بە لانی کەمی تەنیا چوار یان شەش کاتژمێر پاش شەڕ نەبا. بەمەش بەبێ شەڕ چوارڕیانی نەفح و سەربازگەی فەرماندەی یەکەی ٣٦ی زرێپۆش دەکەوتن. ئەگەری ئەوەش لە ئارادابوو عەسرەکەی ڕۆژی

شـەممە سـوورییەکان بتوانـن بـە تـەواوی ڕێگـەی یارمەتـی لـە لیـوای حەوتـی زرێپـۆش بگـرن و گەمـارۆی بـدەن کـە لـە باکـووری ڕۆژهەڵاتـی جـۆلان جێگیربـوون. لێکۆڵەرانـی دیکـەش بەهەمـان پوختـە گەیشـتوون.

بەگەڕانـەوەی کات بـۆ دواوە، ڕوون دەبێتـەوە کـە ئەشرەف مـەروان تاکە بەرپـرس بـوو، وایکـرد ئیسرائیلییـەکان لـە شـەڕی یـۆم کیپـوور بـکارن ڕێگـە لـە سـوورییەکان بگـرن و کۆنترۆڵـی بەرزاییەکانـی جـۆلان بکەن. دیـارە دوای ئـەوە گەڕاندنـەوەی جـۆلان، نـەک هـەر پێویسـتی بـە جەنگێکـی دورودرێـژ دەبـوو، بەڵکـوو پێویسـتی بــە ئاڕاسـتەکردنی هیزێکـی گـەورەی بــەرەی مسریشـی دەکـرد، ئەمـەش وای کـرد ئەگـەری گوشـاری هێرشـی مـسری لـە باشـوور زیـاد ببێـت. زیانەکانـی ئیسرائیلیـش هـەر لەسـەر ژمارەیەکـی گـەورەی قوربانیـان بـە تەنـێ قەتیـس نەدەبـوو، بەڵکـوو زیانەکـەی لەسـەر ئاسـتی سـنووریش گـەوره دەبـوو، کاتێـک داوای ئاگربەسـت بکرابـا. لـە بـەرەی باکـووردا، «یەکسـانبوون» لـە کۆتایـی شـەڕەکەدا لانیکـەم زۆر زیاتـر لـە شکسـتی ئیسرائیـل دەچـوو.

بــەڵام لەپــاڵ کاریگــەره گەورەکــەی وریاکردنەوەکانــی مــەروان بەسـەر ڕەوتـی جەنـگ لـە بەرزاییەکانـی جـۆلان، دیسـان دوو سـاتی زۆر یەکلاکـەرەوە هەبـوون کـە ئیسرائیـل زۆرتـر لـە یارمەتییەکانـی فریشـتەکە سـوودی لێیـان بینـی.

لـە خولەکەکانـی شـەڕ، مـسر بـە بۆمبـی تۆپۆلـەڤ TU-١٦ (بادگـەر) لـە باشـووری ڕۆژئـاواوە دوو مووشـەکی زەوی بـە ئاسـمانی لـە جـۆری کلێـت بە ئاڕاسـتەی تەلئەڤیـڤ تەقانـد. بـە گوێـرەی پلانـی مـسر بـۆ شـەڕ، ئـەو دوو مووشـەکە ڕاسـتەوخۆ ئاڕاسـتەی بارەگاکانـی فەرمانـدەی لەشـکری ئیسرائیـل کرابـوو، بـە واتـای وریاکردنـەوەی ئیسرائیـل بـوو، نەبـادا بیـر لە هێرشـکردنە سـەر قووڵایـی خاکـی مـسر بکاتـەوە، وەک ئـەوەی لـە شـەڕی خوێناویـدا

کـردی. لـە بنکـەی ئاسـمانی هاتـزۆرەوە جووتێـک فڕۆکـەی میـراژ وەک یەکـەم دەرچوونـی ئاسـمانی شـەڕ فڕیـن، بـە مەبەسـتی پایـدۆزی دەریـای ناوەڕاسـت لـە نزیـک ئەشـکیلۆن لـە باشـووری ڕۆژئـاوای تەلئەڤیـڤ، بـەڵام لـە سـاتێکی دیاریکـراودا ڕێنوێنـی وەرگـرت کـە ڕووە و ڕۆژئـاوا ڕاسـتەوخۆ بـەرەو دوو مووشـەکەکەی مـسر پێـچ بکەنـەوە. کاتێـک نزیـک کەوتنـەوە ئاگـری دوو مووشـەکە تەڤێنراوەکانیـان بینـی. ڕائیـد ئیتـان کارمـی، کاپتنـی فڕۆکەکـەی پێشـەوە فەرمانـی پێـدرا لـە هـەردوو مووشـەکەکە بـدات نـەک تۆپـەکان. دیاربـوو یەکێـک لـە مووشـەکەکان کەوتـە نـاو دەریـا، بـەڵام کارمـی لـە مووشـەکی دووەمـی دا و کەوتـە ڕۆخ ئـاوی کەنـاری تەلئەڤیـڤ و ئـەو شـەپۆڵەی بەرزبوویـەوە، زۆر گـەورە بـوو[٨].

ئـەو پلانـە شـەڕەی مـەروان گواسـتیەوە، نیـازی تەقاندنـی ئـەو جـۆرە مووشـەکەی بـۆ سـەر تەلئەڤیـڤ ئاشـکرا کردبـوو. ئەگـەر ئـەو زانیاریانـە نەبـان، دوور نەبـوو مووشـەکی دووەم کـە تەنێـک تەقەمەنـی هەڵگرتبـوو، لـە ناوەڕاسـتی تەلئەڤیـڤ بکەوتبایەتـەوە و کاریگـەری گورزەکـە زۆر گـەورە دەبـوو، چ بەرانبـەر ورەی جەمـاوەری ئیسرائیـل، یـان بەسـەر پەرەسـەندی ململانێکـەوە.

ڕووداوەکانــی دیکــەی پەیوەســت بــە بــەرەی باشــوور لــە ڕۆژانــی دوای یەکـەم ڕۆژی شـەڕ، وێـڕای شکسـتی ئیسرائیـل لـە سـوودمەندبوون لــە ورياکردنەوەکانــی کاتژمێــرە بەراييەکانــی مــەروان لــە پێکــدادان لــە ســينا، بــەڵام بــەم نزيکانــە بايەخــی زانيارييەکانــی ڕوون دەبنــەوە.

هەواڵگـری سـەربازی بـە چەنـد خولەکێـک لـە دەسـتپێکردنی شـەڕ، ڕاپۆرتێکـی نـارد و ئـەوەی تێـدا ڕوونکردبوویـەوە کـە بـە پێـی ڕاپۆرتـی شـەوی پێشـتری مـەروان، لـە قۆناغـی یەکەمـدا مـسر نیـازی نییـە یەکـە زرێپۆشـەکانی لـە سەرانسـەری کەنـاڵ بجووڵێنـێ، یـان نیـازی گەیشـتن بـە

هەردوو ڕاڕەوی میتلا و گیدی هەبێت. ئەمەش دووپاتکردنەوە بوو لەو زانیارییە هەواڵگرییەی کە بەر چەند هەفتەیەک لەمەوبەر ناردبووی.

بەڵام لەوکاتەی هێرشەکە دەستی پێکرد، ئەفسەرانی هۆبەی توێژینەوەی هەواڵگری سەربازی ئەو زانیارییە گرنگەیان فەرامۆش کرد و گەڕانەوە سەر نەخشە گریمانەکەی شەڕ کە زۆرتریان لێ دەزانی، بە دیاریکراوی مسرییەکان نەخشەی جووڵاندنی دوو تیپی زرێپۆشیان داڕشتووە، نەک تەنیا پێنج تیپی پیادە لە کەناڵ بپەڕنەوە و ئامانجی دیاریشیان دەستگرتن بەسەر هەردوو ڕاڕەوی میتلا و گیدی بوو. کاتێک بە هێرش و ئاکامە بەراییەکەی سەر زەوی شۆک بوون و هەڵسەنگاندنە هەواڵگرییەکان بوونە هەڵسەنگاندنی بە پەلە و شێواو و لە بری متمانەی زیاتر شتێکی نزیک لە تۆقین جێگەی گرتەوە. هەر لەسەر بنەمای ئەو یەک دوو زانیارییە، چەند کاتژمێرێک دوای دەست پێکردنی شەڕ، هەواڵگری سەربازی بە هەڵە فەرمانده‌ی ئەرکانی سوپای بەرگری ئیسرائیلی ئاگادار کردەوە کە هەردوو تیپی ٢١ و ٤ «لەکەناڵی سوێس پەڕینەوە» لە کاتێکدا دەپەڕینەوە. بڵاوکراوەیەک کە کاتژمێر ١:٣٠ خولەکی بەیانی لە لایەن هەواڵگری سەربازییەوە هاتە دەرچوواندن، واتە دوای تێپەڕبوونی ١٢ کاتژمێر بەسەر دەست پێکردنی شەڕ، جگە لە دەستکەوتەکانی دوژمن زانیاری لەبارەی پێشڕەوی دوو یەکەی زرێپۆش بەرەو پردەکەشی لە خۆدەگرت[٩]. بەیانی ڕۆژی یەکشەممە ٧ی ئۆکتۆبەر، هەواڵگری سەربازی هەڵسەنگاندنەکانی دروست کردەوە کە دوو یەکە لە کەناڵ پەڕیونەتەوە، بەڵام بە پێداگیرییەوە لەسەر فەرامۆشکردنی پلانە نوێکراوەکەی شەڕ بەردەوام بوو کە مەروان ناردبووی و لەسەر هەڵسەنگاندنی جووڵەی دوژمن بە پلانە کۆنە دواکەوتووەکە مانەوە.

دەوروبەری ناوەڕاستی ڕۆژی یەکشەممە، یەکەی هەواڵگری

فەرمانـدەی باشـوور وای بـۆ چـوو کـە مسرییـەکان نیـازی جووڵاندنـی تیپـی چـوار و هێـزی زرێپۆشـی دیکەیـان بـەرەو ڕۆژهـەڵات هەیـە، لەپێنـاو ئـەوەی بـە شـێوەیەکی قووڵـتر هێـرش بکاتـە سـەر سینا. هـۆکاری سـەرەکی ترسـەکەش ئەوەبـوو بۆچـی وەزیـری بەرگـری پێشـنیازی کشـانەوەی سـوپای ئیسرائیلـی لـەو هێڵانـەی شـەڕ کـرد کـە بەرەبەیانـی ٧ی ئۆکتۆبـەر گرتبوونـی کـە زیاتـر بـۆ دواوە بکشـێنەوە. بەپێـی شـایەدییەکانی گۆنـەن، لە کاتێکـی درەنگـی ئـەو ڕۆژەدا، لەوکاتـەی لـە ژووری شـەڕ یـان ئـوم هاشـیبا چـاوی بـە دایـان کەوتـووە، ئـەوەی پـێ ڕاگەیانـدووە: « ئـەوە شـەڕێکی خۆجییـی نییـە، ئـەوە شـەڕی دەسـتدرێژیکردنە سـەر خاکـی ئیسرائیلـە، لـە سـەنگەرەکان دەرکـەون و بـەرەو چیـاکان بکشـێنەوە[١٠]». لـە بەختـی ئیسرائیلـدا پێشـنیازەکەی دایـان بـۆ کشـانەوەی ٤٠- ٥٠ کیلۆمەتـر بـەرەو ڕۆژهـەڵات لەلایـەن سـەرۆکی دەسـتەی ئـەرکان و سـەرۆک وەزیرانـەوە ڕەتکرایـەوە.

لەگـەڵ گەیشـتنی خێـرای هێـزە یەدەگـەکان بـە درێژایـی پاشـنیوەڕۆی دووەمیـن ڕۆژی شـەڕ، پرسـیاری کشـانەوە لەسـەر مێـز دوورخرایـەوە، بـەڵام ئـەو وێرانییـەی بەهـۆی نادروسـت بەکارهێنانـی هەواڵگـری کـۆن کەوتبـووەوە، تـەواو لـە کۆتاییهاتـن دوور بـوو. یەکێـک لـە هـۆکارە سـەرەکییەکانی یەکلاکردنـەوەی بڕیـار لەبـارەی هێرشـی پێچەوانـەی دەسـتوبرد، تـرس لەوەبـوو مـسر لەبەرئەوەدایـە یەکەکانـی ڕووەو ڕۆژهـەڵات بنێـرێ، ئەگـەر ئـەو هێزانـە لـە کەنـاڵ بپەڕنـەوە بـۆ ئیسرائیـل سـەخت دەبێـت، ئـەو خاکانـە بـە دەسـتبهێنێتەوە کـە لـە دەسـتی داون. بێگومـان مەسـەلەی دیکـەی وەک ئـارەزووی ڕزگارکردنـی ئـەو سـەربازانەش لـە ئارادابـوو کـە بـە درێژایـی سـەنگەرەکانی کەنـاڵ بـێ دەرەتـان مابوونەتـەوە. ئەگـەر هەواڵگـری سـەربازی پـەی بـە پلانـی مسرییـەکان

بردبا کە پارێزگاری کردنە لەو خاکانەی کەوتبوونە ڕۆژهەڵاتی کەناڵ بێئەوەی بە زرێپۆش هێرش بکەنە سەر سینا، ئەوە کات بۆ تیپە نیزامەکان و هەردو تیپە یەدەگەکەی سوپای بەرگری ئیسرائیل فەراهەم دەبوو، بۆ هێرشی پێچەوانەی کاراتر و خۆیان باشتر پەرداغتر بکەن. هەرچەندە سەختە ئەوە بڵێین کە لەوەی قەوما چ ئەنجامێک دەهاتە دەست، بەڵام ڕوونە پلانی باشتر دادەڕێژرا، ئەگەر هێزەکان بۆ دارشتن و لێکۆڵینەوەی پلانی شەڕ و ئامادەکاری بۆ هێرشەکان کاتی تەواویان لەبەردەستدا با، بێگومان دەلیڤەی سەرکەوتن گەورەتر دەبوو.

بەهەرحاڵ، ئەوە ڕووی نەدا و هێرشە پێچەوانەکەی ٨ی ئۆکتۆبەر لە تەواوی شەڕەکەدا شکستێکی ناقۆڵای هەر جەنگێکی زەمینی بوو.

لە دوا کاتژمێری ٧ی ئۆکتۆبەردا زامیر بە گەشتێکی تایبەتی لە قوبرسەوە گەیشتەوە ئیسرائیل و لە نووسینگەی گۆڵدا مائیر لە تەلئەڤیڤ بە کۆمەڵەی بڕیارسازان گەیشت. دوای ئاگاداربوونی لە تەواوی پلانەکانی شەڕ کە مەروان پێیدابوو، زامیر پێیوابوو مسر بەکردەنی پێڕەوی لێ دەکات، ئەوەشی لەو کۆبوونەوەیە ڕوونکردەوە کە ئەو شەوە لە نووسینگەی سەرۆک وەزیران بەڕێوەچوو. لەبارەی بۆچوونی تایبەتی خۆی لەمەڕ هێرشی پێچەوانە کە قەول بوو ڕۆژی دواتر بکرێ، گوتی: «مسرییەکان ئەو جۆرە تۆڵەسەندنەوە لە ئێمە چاوەڕێ دەکەن». لە کۆبوونەوەیەکی دیکە کە هەمان ڕۆژ هەمان تیم کردیان، کاتێک پلەی شکستی هێرشی پێچەوانە ڕوونبوویەوە، زامیر قسەکەی دووبارە کردەوە «ئێمە پلانی مسر دەزانین». مسرییەکان چاوەڕێی دژە هێرشی سوپای بەرگری ئیسرائیلن، تا لە ڕێگەی سەربازە پیادەڕۆیە چەکدارەکان بە چەکی دژە تانک تێکی بشکێنن، بۆیە زیاتر گوتی: «ئەگەر لە پێناو کەناڵ لەسەر شەڕ و پێکدادان مکوڕ بین،

ئـەوە بـارودۆخ گەلێـک خـراپ دەبێـت[11].

ڕاسـتەوخۆ دوو ڕۆژ دواتـر بـەر لـە ناردنـی لیـوای جەنەڕاڵ حایـم بارلیڤ بۆ باشـوور، تا وەک فەرماندەی نوێی بەرەی سـوێس پۆسـتەکەی وەربگرێت، زامیـر چـاوی پێیکـەوت و تـەواوی پلانەکـەی مـسری بـۆ ڕاڤـە کـرد. هەروەها برووسـکەیەکی چاپکـراوی لەبارەی پلانەکـە پێدا کە دەتوانێ لـە گەڕانەکانیدا بیخوێنێتـەوە، کاتێـک بـە هەلیکۆپتـەر دەچێتـە بـارەگای فەرماندەیـی لـە ئـوم هاشـیبا، زامیـر داوای لـە بارلیـف کـرد سـوێندی بـۆ بخـوات کـە لەپێنـاو سـەلامەتی سـەرچاوەکە بەڵگەنامەکە دەدڕێنێ[12]. بارلیف بە وردی پلانەکەی خوێنـدەوە و لـەو ساتەدا فەرماندەیـی باشـوور پشـتیان زۆر پێـی دەبەسـت. ئـەوەش یەکێـک لـەو هۆکارانـە بـوو کـە وایکـرد لـەم خاڵـەدا ئیسرائیـل لـە هـەردوو بەرەکـەی باشـووردا بەرەوباشـبوونێکی بەرچـاو هەنـگاوی بنێ.

لـە هـەر شـیکارێکی بـە ویژدانانەی ئـەو زانیاریانـەی مەروان پێشکەشـی کـردوون، مـرۆ بـەو ئەنجامـە دەگات کـە لـە کۆتاییـدا پشـکداری مـەروان لـە شـەڕدا یەکلاکـەرەوە بـوو. بێجگـە لەو بێ سـەروبەرییەی لە ڕۆژانـی یەکەمی شـەڕ لـە گشـت ئاسـتەکانی بڕیارسـازانەوە تـا دەگاتـە گشـت بەرەکانی شـەڕ دەرکـەوت، ئیسرائیـل تـا ئەوپـەڕی سـوودی لـەو زانیاریانـە وەرگـرت و لـە مەیدانـی جەنگـدا بەختـی سـوپای بەرگـری ئیسرائیـل زۆر باشـتر بـوو، بـەڵام پرسـی لـە هەمـووان بایەخدارتـر، وریاکردنـەوەی تایبەت بە وادەی شـەڕ بوو کـە ئـەو زانیارییـە وایکـرد بـەر لـە چـوار کاژمێـر لـە دەسـت پێکردنـی شـەڕ بانگـی هێزەکانـی یـەدەگ بکرێتـەوە کـە بێ ئـەو زانیارییە هیـچ گومانی تێدا نەبـوو بەرزاییەکانـی جـۆلان دەکـەوت.

دوای کۆتایهاتنـی شـەڕ، سـەرۆکی مۆسـاد فەرمانیـدا لەبـری ئـەو وریاکردنەوەیـە بـڕی ١٠٠ هـەزار دۆلار بـە فریشـتەکە بدرێـت کـە شـایەنی هـەر پێنیەکـی بـوو.

# پاژی یازدەم

## دەرکەوتن و کەوتنی ئەشرەف مەروان

ئەگەر هەواڵگری مسری پێش شەڕ قیچەک لە دزەکردنی سیخوڕانی ئیسرائیل بۆ قووڵایی نهێنییەکانیان گومانی هەبا، ئەوە لە ڕۆژانی یەکەمی شەڕ دڵیان ئۆقرەی نەدەگرت، بەڵام کەس ئاگاداری ئەوە نەبوو کە ئیسرائیل پێشتر پلانی شەڕی بینیوە. لە ڕوانگەی ئیسرائیلەوە تاکە شتێکی باشی ئەم شکستە ئەوەبوو کە مۆساد لە سەلامەتی ڕاستەوخۆی بەکرێگیراوەکانی لە میسر ترسی نەبوو.

ڕۆژی ٦ی ئۆکتۆبەر ئەشرەف مەروان گەڕایەوە مسر، واتە لەو ڕۆژەی کە شەڕ دەستی پێکرد. سادات کە لە ژووری کردەکانی ناوەندی ١٠، قۆناغی یەکەمی شەڕی بەڕێوەدەبرد، زۆر بە بەڕێوەبردنی شەڕ و درێژەدان بە پەیوەندییە بەردەوامەکانی لەگەڵ سووریا، یەکێتی سۆڤیەت و ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە سەرقاڵ بوو، هەروەها کاتی بۆ نێردە تایبەتییەکەی نەبوو کە بەرپرسی پەیوەندییەکانی مسر لەگەڵ لیبیا و شانشینی سعوودیا بوو، بۆیە بە دەگمەن ئەو دووانە یەکدیان دەبینی.

ئەو ڕاستیە لەگەڵ هەندێ کەسی دیاریکراو، بەتایبەتی ئەندامانی بنەماڵەی مەروان یەک ناگرێتەوە کە تا ئێستاش هەر نیشتمانپەروەری مسر بووە، گوایە تەنیا بەکرێگیراوێکی دووسەرە نەبووە، بەڵکوو

هاریـکاری سـادات بـووە لـە تـەواوی دارشـتنی پلانـی فریودانـی ئیسرائیلـدا. بەپێـی چیرۆکەکانیـان، سـادات زۆربـەی ڕۆژانـی شـەڕی لـە ماڵـی مـەروان بەسـەربردووە، چونکـە تاکـە شـوێنی پارێـزراو بـووە لـە بۆردومانەکانـی ئیسرائیلـدا.

ڕاستییەکە زۆر لەوە دراماتیکترە.

ئـەشرەف مـەروان زۆربـەی ماوەکانـی شـەڕی وەک نێـردەی سـادات بـە جێبەجێکردنـی ئەرکەکانـی بـەڕێ کرد. ئاخـر هەماهەنگی کردنی هەڵوێسـتە دیپلۆماتییـەکان لەگـەڵ وڵاتـە عەرەبییـە جۆراوجـۆرەکان پێویسـتییەکی بـەردەوام بـوو، بۆیـە دوای گەڕانـەوەی بـۆ قاهیـرە ڕاسـتەوخۆ لـەو پایتەخت بـۆ ئـەو پایتەختـی عەرەبـی بـە نامـەی نـووسراو یاخـود زارەکـی سـەرۆکی مـسری بەڕێوەبـوو، ئەمـەش لەنـاکاو پێگەکـەی لـە جیهانـی عەرەبـی و لـە شـوێنی دی، هەروەهـا بەهـۆی سـەرکەوتنە چـاوەڕوان نەکراوەکانـی لـە گۆڕەپانـی جەنگـدا بەشـێوەیەکی دراماتیکـی بەرزبوویـەوە. دیسـان مـەروان لـە ١٣ و ١٤ی مانگـدا لـە قۆناغـە یەکلاکەرەوەکانـی شـەڕ چاوی بـە چەندین سـەرکردەی دیکـەی عەرەبـی کـەوت، کاتێـک سـادات لەژێـر گووشـارێکی گـەورەدا بـوو، تـا بـۆ سـووککردنی گووشـار لەسـەر سوورییەکان لـە بـەرەی باکـووردا هێرشـی وشـکانی بکاتـە سـەر سینا، لەوکاتـەدا مـەروان سـەردانی یۆگۆسـلاڤیای کـرد و نامەیەکـی ڕادەسـتی جۆسـب بـرۆز تیتـۆی Josip Broz Tito سـەرۆکی یۆگۆسـلاڤیا کـرد و چاویشـی بـە جێگـری سـەرۆکی وڵات و وەزیـری دەرەوەش کـەوت[1].

بـە لەبەرچاوگرتنـی هەمـوو ئـەو شـتانەی لەسـەر بەرنامـەی سـەردانەکە و میتـۆدی کارکردنـی مەروانمـان دەزانـی، بۆیـە نەیدەتوانـی سـەرچاوەی گەیاندنـی ئـەو زانیارییـە هەواڵگریانـە بێـت کـە دوای شـەڕ دەگەیشـتنە دەسـت مۆسـاد. لـە ١٢ی ئۆکتۆبـەر ئەنتێنێـک لەسـەربانی

بـــارەگای مۆســـاد لـــە تەلئەڤیـــڤ چەســـپێنرا بـــۆ وەرگرتنـــی ئامـــاژەکان لـــە ســـەرچاوەکەی مـــسر کـــە تێیـــدا گوتبـــووی ســـوپای مـــسر خـــۆی بـــۆ هێرشـــی وشـــکانی بـــۆ ســـەر ســـینا ئامـــادە دەکات، فریـــدی ئێنـــی، ســـەرۆکی نووســـینگەی زامیـــر، ئـــەو زانیارییـــەی بـــۆ خـــودی زامیـــری نـــارد، لەوکاتـــەی لـــە کۆبوونەوەیەکـــی حکومـــەت لەگـــەڵ ســـەرۆک وەزیـــران دانیشـــتبوو کـــە یەکێـــک لـــە کۆبوونـــەوە هەســـتیارەکان بـــوو.

لەوکاتـــەی دژە هێرشـــەکەی چەنـــد ڕۆژی پێشـــتری ئیسرائیـــل شکســـتی هێنابـــوو، هیـــچ هەوڵێـــک بـــۆ دەرکردنـــی ســـوپای مـــسر لـــە دەرەوەی هێڵـــی دە کیلۆمەترەکـــەی درێژایـــی کەنـــاڵ نەنـــرا کـــە لـــە بەرایـــی شـــەڕەوە دەســـتی بەســـەردا گرتبـــوو. ســـوپای ئیسرائیـــل تەکـــەزی لەســـەر بـــەرەی باکـــوور بـــوو و توانـــی زۆربـــەی بەرزاییەکانـــی جـــۆلان بگرێتـــەوە و بـــەرەو دیمەشـــق پێشـــڕەوی بـــکات. لـــە ١١ی ئۆکتۆبـــەر دەوروبەری دیمەشـــق بـــە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیشـــەوە لەژێـــر ســـێرەی مەترەلـــۆزی ئیسرائیـــل بـــوو، ئیـــدی دوای ئـــەوە فەرماندەکانـــی ئیسرائیـــل ڕووی خۆیـــان لـــە مـــسر وەرچەرخانـــد و ســـەرلەبەیانی ١٢ی ئۆکتۆبـــەر گفتوگـــۆ و مشـــتومڕەکان دەســـتیان پێکـــرد و ســـەرۆکی ســـتاف(ئەرکان) بۆچوونـــی خـــۆی بـــە ڕوونـــی دەربـــڕی: حاڵیحـــازر ناتوانیـــن ئـــەو ناوچانـــە بگرینـــەوە کـــە لـــە لـــە ســـینا لـــە دەســـتمان داوە، هـــەر لـــە ڕۆژی دووەمـــی شـــەڕەوە ســـۆڤیەت چـــەک بـــە مـــسر و ســـووریا دەدات، بـــەڵام هێشـــتا ئەمریـــکا ڕێگـــە بـــە ناردنـــی بـــارە چـــەک بـــۆ ئیسرائیـــل نـــادات، ئیـــدی بەمشـــێوەیە تـــەرازووی هێـــز بـــە بەرژەوەنـــدی عـــەرەب بـــەردەوام بـــوو. تاکـــە پەرەســـەندنێک کـــە دەیتوانـــی دۆخـــی شـــەڕ بگۆڕێـــت، ئەوەبـــوو مـــسر هێرشـــی دووەم بکاتـــەوە ســـەر ســـینا. ســـەرۆکی ئـــەرکان بـــۆ گوێگرانـــی دووپاتـــی کـــردەوە، ئەگـــەر ئـــەوە ڕووبـــدات، ســـوپای ئیسرائیـــل بەرپەرچـــی هێرشـــەکە دەداتـــەوە و بەهـــۆی ئـــەو زیانـــە گەورەیـــەی لـــە ســـوپای مـــسر دەکـــەوێ، ســـاتەکە بـــۆ پەڕینـــەوە لـــە کەنـــاڵ دەقۆزێتـــەوە و ڕێگـــە لـــەو هێـــزە

ده هـەزار سـەربازە مسرییـەی سـینا لـە بنکـە لۆجسـتییەکەیان لـە ڕۆژئـاوای کەنـاڵ دەگرێـت، بـەڵام ئەگـەر مـسر دووبـارە هێـرش نەکەنـەوە، ئیسرائیـل داوای ئاگربەسـت دەکات، واتـە دان بـە شکسـتی شـەڕ لەگـەڵ مـسر دەنـێ. لـەم سـاتە ناسـک و ڕووگیـرەدا کاتێـک گۆڵـدا مائیـر و مۆشـی دایـان و جەنەڕاڵـە گرنگـەکان تاوتوێـی دۆخەکەیـان دەکـرد، لەنـاو کۆبوونـەوە داوا لـە زامیـر کـرا، بێتـە دەرەوە تـا نامەیـەک لـە ئێنـی وەربگرێـت.

کاتێـک زامیـر گەڕایـەوە نـاو کۆبوونەوەکـە، هەواڵەکـەی ڕاگەیانـد، لەنـاکاو خوڵقیـان گـۆڕا و ئیـلازاری سـەرۆکی ئەرکانـی سـوپا گوتـی ئێسـتا ئاگربەسـتی پـێ بـاش نییـە و لەسـەر ئیسرائیـل پێویسـتە چاوەڕوانـی هێرشـی نـوێ بـکات و بەرپـەرچ بداتـەوە، دواتـر دەرفەتـە بـە دژە هێـرش ئـەوە بقۆزرێتـەوە، بەمـەش تـەواوی ڕەوتـی شـەڕ دەگـۆڕێ، دواجـار ڕەزامەنـدی لەسـەر پێشـنیازەکەی درا.

لـە ١٤ی ئۆکتۆبـەر مـسر هێرشـەکەی کـرد، ئەمجـارە سـوپای بەرگـری ئیسرائیـل تـەواو ئامادەبـوو و هێـزی هێرشـبەری تێکشـکاند، سـادات خـۆی لـە دۆخێکـی دژواری شـەڕ بینیـەوە، چونکـە زیاتـر لـە ٢٠٠ تانکـی مـسری تێکشـکا، کەچـی تەنیـا ١٥ تانکـی ئیسرائیـل لەناوچـوو، وەک ئـەوەی ئیـلازار پێشـبینی کردبـوو، ئـەو هێرشـە دەرگای ڕوودانـی گۆڕانـکاری کـردەوە و تـەواوی سـوپای ٣ی مـسری پەراگەنـدەی بیابانـی سـینا بـوون[٢].

لەگـەڵ ئەوەشـدا، لـەم قۆناغـەدا سـادات هیـچ ئامادەیـی کۆتاییهاتنـی شـەڕی نیشـان نـەدا، بەڵکـوو بـە پێچەوانـەوە، لـە ١٦ی ئۆکتۆبـەر لەبـەردەم پەرلەمانـی مـسر وتارێکـی بوێرانـەی دا و ڕێگـەی داهاتـووی بـە «شـەڕێکی درێژمەودا...شـەڕی خوێنـاوی» وەسـف کرد. هەروەها هەڕەشـەی مووشـەک بارانکردنـی ناوچـە ناوخۆییەکانـی ئیسرائیلـی کـرد، ئەگـەر ئیسرائیـل هێـرش بکاتـە سـەر خاکـە کراوەکانـی مـسر. بەرمەبنـای ئـەو وتانـە و زانیارییـە

هەواڵگرییەکانی ئیسرائیل کۆیکردبوونەوە، زامیر لە ١٨ی ئۆکتۆبەر گۆڵدا مائیری ئاگادار کردەوە کە مسر و سووریا بە نیازن درێژە بە جەنگ بدەن. ئەو ڕاپۆرتانە بە لای گۆڵدا مائیر و هەڤاڵانی هەواڵی خراپ بوون. هەرچەندە سوپای بەرگری ئیسرائیل باڵا دەستی خۆی سەپاندبوو، بەڵام سوپای ئیسرائیل ماندوو و شەکەت ببوو، بۆیە تا دەکرا پێویستی بە ئاگربەستێکی نزیک هەبوو، سەرەنجام ڕەزامەندی لەسەر بەدەستهێنانی نیازەکانی سادات درا و لە تاکە سەرچاوەیەک زیاتر بەردەست نەبوو، بۆیە فەرمان بە دوبی کرا لە ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەک لەگەڵ فریشتەکە بخەفتی، زامیریش بۆ ئەنجامدانی دیدار ئیسرائیلی جێهێشت.

ڕۆژی دواتر دیدارەکە لە پاریس بەڕێوەچوو، لە بەشی یەکەمی دیارە کە پێویستبوو زامیر تۆقینی مەروان هێور بکاتەوە کە تاڕادەیەکی زۆر لەو ڕاستیە بێزار بوو کە لە سەرینی وریاکردنەوەکانیدا کەسێک لە ئیسرائیل نەبوو دەستبەجێ گوێی بۆ ڕادێرێ. دواتر وەسفی ئەو دۆخەی کرد کە سادات و ڕاوێژکارانی دەیانبینی، کاتێک لە ١٧ی ئۆکتۆبەر مسری جێهێشت. بە بۆچوونی مەروان، ئەوان هێشتا لەو باوەڕەن کە مسر سەردەکەوێ، مادامەکێ یەکێتی سۆڤیەت بە ماوەیەکی کورت دوای دەستپێکردنی جەنگ، دەستی بە ناردنی چەک بۆ مسر کردووە، لەبەرئەوەی زیانەکانی مسر زۆر لە خوار بوو، هەروەها هەنووکە لەچاو سەرەتای شەڕ تانکی زیاتریان هەیە. بە پێی گێڕانەوەکانی لە جەنگی ١٤ی ئۆکتۆبەردا سوپای مسر تەنیا ١٣٠ تانکی لەدەستداوە، ئەمەش زۆر لە خەمڵاندنەکانی ئیسرائیل کەمتر بوو. لەسەر ئەو بنەمایە بە زامیری گوت، سادات بەنیازە بە لایەنی کەم شەڕ بۆ چەند مانگێک درێژەی هەبێت و لەم قۆناغەدا ئاگربەست ڕەتدەکاتەوە، چونکە دەخوازێ تا بۆی دەلوێ خوێنی ئیسرائیل دادۆشی و شەڕ درێژە پێ بدات. تەنانەت

ئەگەر سوپای ئیسرائیل بگاتە قاهیرە و ئەسکەندەریەش، مسرییەکان لە شەڕ بەردەوام دەبن و لە پشت هەر بنەداریکەوە سەربازێکی مسری بە مووشەکی ساگەری دژە تانکەوە لە چاوەڕوانی تانکەکانی ئیسرائیل سەنگەری گرتووە.

هەروەها مەروان باسی لە هەڕەشە مووشەکییەکانی سادات کرد کە هەریەک لە گۆڵدا و دایانی نیگەران کردبوو. بە پێی خەمڵاندنەکانی مەروان مسر ٤٠٠ مووشەکی لەوجۆرەی هەیە کە توانای ئەوەیان هەیە بگەنە ئیسرائیل، ئەو ژمارەیەش لەسەرووی خەمڵاندنەکانی ئیسرائیل بوو کە مسر تەنیا ٢٤ مووشەکی سکۆدی هەیە. لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا زامیر پرسیاری بۆچوونی لە سیخوڕەکەی کرد کە چۆن دەکرێ وا لە سادات بکرێ بە ئاگربەست قایل بێت[٣].

ڕۆژی دواتر زامیر ڕاپۆرتەکەی بۆ گۆڵدا نارد، لەوکاتەشدا بارودۆخەکان لەسەر ئاستی هەڕەشە سەربازی و دیپلۆمسییەکان بە شێوەیەکی دراماتیکی ڕووەو گۆڕانکاری بوون، بەهۆی نیگەرانییەکانی تایبەت بە پەڕینەوەی ئیسرائیل لە کەناڵی سوێس و دۆخە سەختەکەی سوورییەکان، کرملین گووشاری لە سادات دەکرد بە ئاگربەست قایل بێت. سەرەنجام ئەلێکسی کۆسیگن، سەرۆک وەزیرانی یەکێتی سۆڤیەت لە قاهیرە دابەزی و ساداتی لە دۆخی شپرزەیی بەرەی کەناڵ ئاگادار کردەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دوای ئەوەی لە ١٩ی ئۆکتۆبەر گەڕایەوە مۆسکۆ، بەڵام سادات هەر ئاگربەستی ڕەتکردەوە[٤]. ئەو زانیاریانەی لەم قۆناغەدا مەروان بە زامیری دان، ڕاستگۆیانە ڕەنگدانەوەی ئەو هێڵە بوو کە سادات بەگوێرەیەوە بیری دەکردەوە، بەڵام لەگەڵ پێشڕەوی کردنی سوپای بەرگری ئیسرائیل بۆ ناو خاکی مسر و بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی کتوپڕی نێوان هنری کیسنجەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و

سەرکردەکانی سۆڤیەت لە کرملین، هەردوو زلهێزەکە لەسەر ئاگربەستی دەستبەجێ ڕێککەوتن، بۆیە هیچ بژاردەیەکی دیکە لەبەردەم سادات نەمایەوە، ئەوە نەبێت کە لە ٢١ی ئۆکتۆبەر بە فەرمی قبوڵی بکات. دواجار ئەو کش مەلیکەی ئیسرائیل کۆتایی بە شەڕ هێنا. سوپای مسری لەبەرەی باشوور زۆربەی ئەو ناوچانەی لە بن دەست مایەوە کە لە بەرایی شەڕ کۆنترۆڵی کردبوون، بەڵام نیوەی ئەو سوپایە، واتە سوپای سێ لە کەرتی باشووری بەرەی شەڕ، لە لایەن سوپای بەرگری ئیسرائیلەوە گەمارۆدرابوون کە تەنیا سەد کیلۆمەترێک لە قاهیرەوە دوور بوو. لە بەرەی باکوور ئیسرائیل گشت ئەو ناوچانەی گێڕابوویەوە کە لە بەرایی شەڕ لە دەستیدابوو، هەروەها خاکی دیکەی سووریای داگیرکردبوو، ئەوەش دەرفەتی بۆ سوپای ئیسرائیل ڕەخساندبوو هەڕەشە لە دیمەشق بکات، بەڵام لە پای ئەو دەستکەوتانە ئیسرائیل باجێکی گەورەیدا، چونکە پتر لە ٢٥٠٠ سەربازی ئیسرائیلی کوژران و پتر لە ٥٦٠٠ سەربازیش بریندار بوون، هەروەها ئابووری ئیسرائیل لە شۆکی شەڕی چاوەڕوان نەکراو پێویستی بە هەستانەوە هەبوو. ئەوەش کارێکی سەخت بوو، مادامەکی هێشتا هەزاران سەربازی یەدەگ کە کرۆکی هێزی کاری وڵات بوون لە سوپا مابوون، هەمان شت بۆ مسر و سووریاش دروست بوو، وەکی ئیسرائیل پێویستیان بە ڕێککەوتنی سیاسی هەبوو، تا دۆخەکە سەقامگیر بێت و دەرفەت بە گەڕانەوەی ڕەوڕەوی ژیان بۆ دۆخی سرووشتی خۆی بدات.

ئەنجامە سیاسی و هەرێمییەکانی شەڕ، بارودۆخێکی دیپلۆماسی ئەوتۆی دروست کردبوو کە پێویستی بە گفتوگۆیەکی بەردەوامی ماندوونەناسانە هەبوو، تا بتوانێ هێزەکان لێک هەڵاوێرێ و شمشێرەکان بخاتەوە ناو کاڵانەکانەوە، ئەو پرۆسەیە بەردەوامبوو تا ئایاری ١٩٧٤بە ڕێککەوتن هێزەکان لەبەرەی سووریا لێک هەڵاوێردرێن. ئەوانەی

سـەرکردایەتی ئـەو هەوڵەیـان کـرد، هـنری کیسـنجەری وەزیـری دەرەوەی ئەمریـکا و یەکێـک لـە بەشـداره سـەرەکییەکانی لایەنـی عەرەبـی ئـەشرەف مـەروان بـوو.

بـەلای کیسـنجەرەوە کاری لـە پێشـینەی یەکـەم مامەڵەکـردن لەگـەڵ کێشـەی سـوپای گەمـارۆدراوی سـێی مـسری بـوو، بەرانبـەر بـە ڕەزامەنـدی ئیسرائیــل لەســەر گواســتنەوەی ڕێکوپێکــی کەرەســتە ســەربازییەکانی، مــسر بــە مەرجــی کشــانەوەی ئیسرائیــل بــۆ هێڵەکانــی ٢٢ی ئۆکتۆبــەر قایـل بـوو- ئـەو ڕێکەوتـەی کـە سـکرتێری گشـتی تێیـدا داوای ئاگربەسـتی کردبـوو- ئەمـەش بـۆ پتەوکردنـی دەسـتکەوتەکانی مـسر بـوو. لـە جیهانـی عەرەبیـدا خۆڕادەسـتکردنی سـادات پێشـوازی لـێ نەکـرا، لـە هەوڵێکیـدا بـە مەبەسـتی دیـداری سـەرکردەکان ئـەشرەف مەروانـی نـارد، تـا هەڵوێسـتی بۆیــان ڕوونبکاتــەوە و نیگەرانییــەکان هێــور بکاتــەوە. بــەڵام لەنێــو ئــەو کەسـانەی مـەروان چـاوی پێیانکـەوت، یەکێـک نـاوی لـەو لیسـتە نەبـوو کـە سـادات داینابـوو. لـە ٢٨ی ئۆکتۆبـەر بـۆ جـاری دووەم لـە کەمـتر لـە ١٠ ڕۆژ فریشـتەکە چـاوی بـە زامیـر کـەوت و ئەمجـارە لـە لەنـدەن لەگەڵـی کۆبوویـەوە. مـەروان بـە سـەرۆکی مۆسـادی ڕاگەیانـد، سـادات زۆر بەرانبـەر دۆخـی سـەربازی نیگـەران نییـە و لـەوە دڵنیایـە کـە سـۆڤیەت دەرفـەت بـە ئیسرائیـل نـادات سـوپای سـێی مـسر تەفروتونـا بـکات. هەروەهـا ئەوەشـی بـە زامیـر گـوت، کرملیـن بەڵێنـی بـە سـادات داوە کـە دەستپێشـخەرییەکی دیپلۆماسـی دەکات، لـە کۆتاییـدا ئیسرائیـل بگێڕێتـەوە سـنووری نێودەوڵەتی سـاڵی ١٩٦٧. هەروەهـا مـەروان گوتـی، کرملیـن بـۆ ئـەم دەستپێشـخەرییە پشـتیوانی ئەمریـکای هەیـە.

ڕۆژی دواتــر گۆڵــدا لــە ڕێگــەی زامیــرەوە پوختەیەکــی وەرگــرت و ڕۆژی ٣٠ی ئۆکتۆبـەر چـوو لەگـەڵ سـەرۆک نیکسـۆن قسـە بـکات. لـەو

گفتوگۆیانـەدا پێداگیـری لـە هەڵوێسـتی خـۆی کـرد و ئەگـەری هـەر کشـانەوەیەکی ئیسرائیلـی ڕەتکردەوە لەترسـی ئـەوەی نەبـادا جووڵەیەکـی وا ڕێگـە بـۆ کشـانەوە بـۆ سـنووری ١٩٦٧ خـۆش بـکات (٥).

دوای سـێ هەفتـە و لـە ناوەڕاسـتی مانگـی نۆڤێمبـەر، سـادات لەگـەڵ قەزافـی سـەرۆکی لیبیـا تووشـی پێکهەڵپڕژانێکـی توونـدی دیپلۆماسـی بـوو، چونکـە قەزافـی زۆر لـە بڕیـاری سـادات توڕەببـوو کـە بـێ ڕاوێژکـردن لەگەڵیـدا شـەڕی دەسـت پێکردبـوو، بۆیـە سـادات بـە مەبەسـتی ساردکردنەوەی مەزاجـی سـەرۆک مەروانـی نـاردە تەرابلـوس، سـەرەنجام قەزافـی پەشـیمان بوویـەوە لـە بڕیـاری دەرکردنـی ئـەو ١٠٠ هـەزار مسرییـەی لـە لیبیـا کاریـان دەکـرد. ئـەو ئەرکـە و چەنـدان ئەرکـی دیکـەی دیپلۆماسـی، هـەر مـەروان خـۆی جێبەجێـی دەکـردن بـێ لەبەرچاوگرتنـی کەناڵـە گونجـاوەکان، یـان تەنانـەت بـێ ئاگادارکردنـەوەی وەزیـری دەرەوەی مـسر. هەروەهـا زۆربـەی کاتەکانیـش باڵیـۆزی مسریـش لـە تەرابلـوس شـتێکی لەبـارەی ناوەڕۆکـی نامەکانـی مـەروان، تەنانـەت گەیشتنیشـی بـەو وڵاتـە نەدەزانـی (٦).

بـە گەیشـتنی شـەڕ بـەو ئەنجامـەی کـە پێیگەیشـت، لەپـاڵ داواکاری سـادات لـە ویلایەتـە یەکگرتـووەکان، تـا لەنێـوان هـەردوو ئالیـدا ڕێککەوتنێـک چـێ بـکات. هەوڵـە هاوبەشـەکەی مـسر و سـووریا کـە بـە ئۆپەراسـیۆنی شـەڕ دەسـتی پێکـرد، ئێسـتا بووەتـە مەیدانـی دیپلۆماسـی. لەسـەر ئـەو بنەمایـە وەزیرانـی بەرگـری و فەرمانـدە سـەربازییەکان ڕێگـەی بـەردەم دانوسـتاندیان خـۆش کـرد و تیشـک لـە سـەر ئـەشرەف مـەروان بـوو، سـەرباری هاماهەنگـی کـردن لەگـەڵ لیبیـا و شانشـینی سـعوودیا، سـادات دۆسـییەی سووریاشـی ڕادەسـت کـرد. کاتێـک مـسر لـە کۆتایـی کانوونـی یەکەمـی ١٩٧٣ پشـتیوانی لـە گرێدانـی کۆنگـرەی ئاشـتی لـە

جنێـف کـرد، دەیویسـت گووشـار لـە سـووریا بـکات تـا بەشـدار بێـت، مـەروان بـە مەبەسـتی دیـداری گـەورە بەرپرسـان سـەردانی دیمەشـقی کـرد، دواتـر وەزیـری دەرەوەی مـسر پێـی گەیشـت [٧]، بـەڵام هەوڵەکـەی مـسر بـە بـادا چـوو و سـووریا بەشـداری کۆنگرەکـەی نەکـرد.

دوای شـەش مانـگ و لەگـەڵ بەرزبوونـەوەی گفتوگـۆی ئاگربەسـتی نێـوان ئیسرائیـل و سـووریا، سـادات کاری لەسـەر ئـەوە کـرد بـۆ باوەڕهێنـان بـە بەرانبـەر بـە شـێوەیەکی بەرهەمـدار سـوود لـە تواناکانـی مـەروان وەربگرێـت. مـەروان بـە زنجیرەیـەک ئەرکـی نهێنـی سـەردانی هەریـەک لـە شانشـینی سـعوودیا و جەزائیـری کـرد بەیـاوەی هارۆڵـد سـۆندرزی یاریـدەدەری کیسـنجەر بۆئـەوەی بـاوەڕ بـە سـەرکردەکان بکـەن پشـتیوانی لـە ڕەشنووسـی ئـەو ڕێککەوتنـە بکـەن کـە هێشـتا نـە سـوورییەکان و نـە ئیسرائیلییـەکان نەیانبینیبـوو. لـە ٤ی ئایـاری ١٩٧٤ مەلیـک فەیسـەڵ پێشـوازی لـەو دووانـە کـرد و کیسـنجەری بـەوە شـۆک کـرد کـە شانشـینی سـعوودیا نـەک هـەر ئامادەیـە پێشـوازی لـە بەرپرسـانی پلـە دوو بـکات، بەڵکـوو ئامادەیـە بـۆ گووشارخسـتنە سـەر سـووریا بەشـداری لـەو هەنگاوانـەی مـسر و ویلایەتـە یەکگرتووەکانیـش بـکات کـە ئـەو و هـەواری بۆمیدیانـی سـەرۆکی جەزائیـر بـە ئاشـکرا لەگـەڵ پشـتیوانیکردنی ڕێککەوتنەکـە نەبـوون، بـەڵام ڕوونیـان کـردەوە کـە دژایەتـی ناکـەن [٨].

دوای چەنـد ڕۆژێـک، لەسـەرینی پەرەگرتنـی پێکدادانەکانـی نێـوان ئیسرائیـل و سـووریا و ترسـی ئـەوەی نەبـادا شـەڕ گـەورە ببێتـەوە، مـەروان گەیشـتە دیمەشـق، ئامانجیشـی ئەوەبـوو لـە سـوورییەکان بگەیەنـێ ئەگـەر شـەڕ لەگـەڵ ئیسرائیـل تـازە بکەنـەوە، ئەمجـارە بـە تەنیـا خۆیـان دەبـن [٩]، بـەڵام شـتێکی دیکـە لـە جانتاکەیـدا هەبـوو کـە چەنـد کەسـێکی کـەم دەیانزانـی. مۆسـاد داوای لـە مـەروان کردبـوو، بزانێـت ئەسـەد بەرانبـەر

دەستپێکردنەوەی شەڕ بیر لە چ دەکاتەوە. دوای گەڕانەوەی لە ڕیاز بۆ قاهیرە مەروان پێشنیاری بۆ سادات کرد- کە ئەویش نەیدەزانی ئەسەد بیر لە چ دەکاتەوە- سەردانی دیمەشق بکات، ساداتیش قایل بوو، ئەسەد پێشوازی لە مەروان کرد و بە ڕاشکاوی قسەی لەگەڵیدا کرد، چونکە هزری وا بوو کە لە خۆیان و سادات کەسی دی بە قسەکانیان نازانێ، بەڵام هەرزوو ڕاپۆرتی مەروان گەیشتە ئیسرائیل.

لە تەلئەڤیڤ پێسوازییەکی گەرم لە ڕاپۆرتەکە کرا، بەتایبەتی ڕاپۆرتەکە بۆچوونی ڕاستینە و ڕوون و باوەڕپێکراوی بیرکردنەوەکانی ئەسەدی بەرانبەر شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل لە خۆگرتبوو کە بیرکردنەوەکانی زۆر نا دوژمندارانەتر بوو لەوەی ئیسرائیل پێشبینی دەکرد. هەروەها پێکدادانەکانی ئیسرائیل لەگەڵ سووریا ڕووە و کۆتایی بوون، لە ٣١ی ئایار هەردوو حکومەت پەیماننامەی لێکجوێ کردنەوەی هێزەکانیان لە بەرزاییەکانی جۆلان واژوو کرد. بەمەش شەڕی یۆم کیپوور بە فەرمی کۆتاییهات.

ئەو ڕۆڵەی مەروان لە گفتوگۆکاندا بینی، ڕەنگدانەوەی بەرزبوونەوەی پێگەی بوو لە سەرکردایەتی مسردا. کاتێک هیچ ئەرکێک نەبایە سادات بۆی بنێرێ، لە پاڵ سەرۆک دەمایەوە. یەکێک لەو نموونانەی لە بیر ناکرێت ئەوەبوو، لە ١٨ی کانوونی دووەمی ١٩٧٤، کاتێک کیسنجەر لە بارەگای نیشتەجێبوونی لە ئەسوان چاوی بە سادات کەوت، نامەیەکی تایبەتی گۆڵدا مائیری پێبوو کە تێیدا پەرۆشی خۆی بۆ ئاشتی دەربڕیبوو. کاتێک سادات لە خوێندنەوەی بووەوە، مەروان چرپاندییە بن گوێی کە هەر هەنووکە نوێنەرانی مسر و ئیسرائیل لە خێمەی دانوستانی کیلۆمەتر ١٠١ لە سەر ڕێگەی قاهیرە-سوێس، ڕێککەوتنی لێکجوێ کردنەوەی هێزەکانیان کرد. سادات لە شوێنی

خۆی هەڵسایەوە و هەردوو ڕوومەتی وەزیری ماچ کرد و گوتی: ‹هەر لە ئەورۆوە یەکپۆشە سەربازییەکەم فڕێ دەدەم، پێشموانییە جارێکی دی لەبەری بکەمەوە مەگەر لە بۆنە فەرمییەکان نەبێت، ئەوەی پێ ڕابگەیەنە کە ئەوە وەڵامی منە بۆ نامەکەی [١٠]. کیسنجەر ڕاپۆرتی خۆی بۆ ئیسرائیل نارد، هەروەها مەروانیش. لەگەڵ ئەوەی ڕاپۆرتەکەی مەروان تەنیا دووپاتکردنەوە بوو لە ڕاپۆرتەکەی کیسنجەر، بەڵام ئەوە بۆ خۆی مەسەلەیەکی سادە نەبوو، «حکومەتەکان وەکو یەکدی نین»، جۆن لۆ کاریێ لەسەر زمانی جۆرج سمایلی کەسایەتی بەنێوبانگەوە بە قوتابییەکانی دەڵێ، «متمانە بەوە دەکەن کە پارەی بۆ دەدەن، بەڵام لەوە بە گومانن کە پارەی نادەن» [١١]. هەر هیچ نەبێت ڕاپۆرتەکەی مەروان ڕاستگۆیی کیسنجەری لە چاوی ئیسرائیلییەکان زیاد کرد.

هەروەها لەڕووی فەرمیشەوە پۆستی مەروان بەرز بوویەوە، لە ١٤ی شوباتی ١٩٧٤دا بوو بە سکرتێری سەرۆک کۆمار بۆ کاروباری دەرەوە، ئەو پۆستە نوێیە وایکرد لەگەڵ ئیسماعیل فەهمی وەزیری دەرەوە لە بەربەرەکانێدا بێت کە لە بنەڕەتەوە لەم چەند مانگەی دواییدا پەیوەندی نێوانیان گرژی تێکەتبوو، بەتایبەتی لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاپۆرتانەی دەیانگوت سادات لە شکستەکانی فەهمی لە چاککردنی پەیوەندی مسر لەگەڵ ئوردن و ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەڵەستین نائومێد بووە. هەروەها ڕاپۆرتگەلێک لە «سەرچاوە دیپلۆماسییەکانی بەیرووتەوە» هەبوون- کە لەوانەیە ناوێکی خوازراوی کەسێکی باڵای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت- گوتی لەوەش لە فەهمی نائومێد بوو کە نەیتوانیوە هاوسەنگییەکی بەرهەمدار بۆ مسر لەنێوان دوو زلهێزەکەدا بدۆزێتەوە، ئەمەش وایکردبوو چەپەکانی مسر ناڕازی بن کە دەیانویست سۆڤیەت ڕۆڵێکی گەورەتری لە وڵات هەبێت، بەڵام لە

ڕاستیدا سادات و مەروان زۆر دژی سۆڤیەت بوون، بۆیە بەرزکردنەوەی پۆستی مەروان لەسەر حسابی فەهمی بە مەبەستی باشترکردنی پەیوەندی لەگەڵ مۆسکۆ بیرۆکەیەکی دوور بوو، بەڵام ئەوەتە بووە بە دەستە ڕاستی سادات و ئەستێرەی درەوشاوەی ئاسمانی سیاسی مسری و هەروا بەرزیش دەبێتەوە (١٢).

لە ١٨ی ئابی ١٩٧٤دا پلەیەکی دیکە بەرزبۆوە و لە نووسینگەی سەرۆک بە سەرۆکی بەشێکی نوێی تایبەت بە پەیوەندییە عەرەبییەکان دامەزرا، لەسەر بنەمای ئەو وەرچەرخانە کە هەندێ ئەرکی فەرمی لە ئەرکی وەزیری دەرەوە سەندرایەوە و خرایە سەر نووسینگەکەی مەروان. «سەرچاوە دیپلۆماسییەکانی بەیروت» ڕایانگەیاند سادات بەتەمایە بەم نزیکانە فەهمی دەربکات و مەروان لە جێگەکەی دابمەزرێنێ (١٣). ڕاستە ئەوە هەرگیز ڕوونادات، بەڵام گومان لەوەدا نەبوو کە لەنێو دەستەبژێری مسری پێگەی مەروان لەسەر حسابی فەهمی لە هەڵکشاندا بوو.

پێگەی مەروان لە دیپلۆماسی مسریدا لە زنجیرە ئەرکێکی هەستیاردا ڕەنگیدابوویەوە کە بە ئاڕاستەی گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئیسرائیلدا بۆ ساداتی ئەنجامدابوو. بەپێچەوانەی فەهمی کە زیاتر پەرۆشی بەرژەوەندی جیهانی عەرەبی بوو تا سیاسەتی تایبەتی سەرۆک، ئیدی هەر بە دژایەتی ڕێککەوتن لەگەڵ ئیسرائیل مایەوە، بە بەراورد لەگەڵ ئەو مەروان بێلایەنتر بوو، هەروەها مەیلداری دروستکردنی پەیوەندی بوو لەگەڵ ئەمریکا، ئەوەش وایکردبوو لە کارکردندا سادات لەگەڵیدا ئاسودە بێت. هاوڕێیانی مەروان لە جۆری کەمال ئەدهەم وەکو ئەو بایەخیان بە ڕزگارکردنی ناوچەکە لە هەژموونی کرملین دەدا، ئەوانە پێکەوە گۆیەکی تەواویان بۆ

بــە ئاشــكرا دژایەتیكردنــی ســۆڤیەت دروســت كــرد و خســتیانە واری جێبەجێكردنــەوە.

ئیــدی بەمشــێوەیە لــە جوولــە دیپلۆماســییە هەســتیار و ورد و پــڕ لــە مانۆرەكانــی ســاڵانی حەفتــاكان كــە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت پێــی دەناسرایەوە، مــەروان خــۆی وا بینــی كــە ڕۆڵــی ســەركردایەتی دەگێڕێــت. ڕەنگــە لــەڕووی ئاڵۆزییــەوە لــە هەموویــان گرنگــتر، ململانێــی عەرەبــی ئیسرائیــل و ئێرانــی و عێراقــی بێــت. لــە ســاڵی ١٩٧٤ لــە گەرمــەی هەوڵەكانــی ئەمریكا-مــسر بــۆ گەیشــتن بــە ڕێككەوتنێكــی نــوێ لەگــەڵ ئیسرائیلــدا، كیســنجەر و ســادات هەوڵیانــدا لاگیــری عێراقییــەكان بەدەســتبهێنن، بەهــۆی ئــەو ڕۆڵــە یەكلاكــەرەوەی دەیتوانــی بیگێــڕێ لەبەرانبــەر دژایەتــی توونــدی ســووریا بەرانبــەر ڕێككەوتــن. وەک دەوڵەتەكانــی دیكــەی عەرەبــی هەڵوێســتی فەرمــی عێــراق بەرانبــەر ئیسرائیــل توونــد بــوو، بــەڵام لــە ژێــرەوە عێراقییــەكان بەرژەوەنــدی دیكەشــیان هەبــوو. بۆیــە پێیانوابــوو دەتوانــن بــە گەمەكــردن لەســەر ئــەو بەرژەوەندیانــە كاریگــەری لەســەر عێــراق دابنێــن، تــا هەڵوێســتی خــۆی ڕاســت بكاتــەوە. لــەو بەرژەوەندیانــە لــە هەموویــان زەقــتر وەســتانی شۆڕشــی كــورد بــوو كــە چەندیــن ســاڵ بــوو بــەردەوام بــوو، چونكــە زیانێكــی بێشــوماری لــە جەیشــی عێراقــدا بــوو. كــورد یارمەتــی دارایــی و لۆجســتیان لــە ئێــران و ویلایەتــە یەكگرتووەكانــی ئەمریــكا وەردەگــرت و تیمێكــی مۆســادیش چەنــد ســاڵ بــوو دژ بــە جەیشــی عێــراق ڕاهێنانــی بــە پێشــمەرگەی كــورد دەكــرد. دوای چەندیــن هەوڵــی شكســتخواردووی ڕێگەچــارەی ســەربازی بــۆ دامركاندنــەوەی شۆڕشــی كــورد، ســەدام حوســێنی ســەرۆكی عێــراق بــە نهێنــی پەنــای بــۆ شــای ئێــران و ســەركردەكانی دیكــە بــرد، تــا بــە ڕێگەچــارەی دیپلۆماســی كۆتایــی بــە شۆڕشــی كــورد بهێنــێ. كیســنجەر و ســادات بیریــان كــردەوە ئەگــەر مــسر و ویلایەتــە یەكگرتــووەكان بــاوەڕ بــە ئێرانییــەكان بهێنــن، یارمەتیدانــی كــورد

بوەستێنن، ڕەنگە لەبەرانبەردا عێراقیش پشتیوانی لە ڕێککەوتنی نوێ لەگەڵ ئیسرائیل بکات.

ئەشرەف مەروان کە بۆ ئەوجۆرە گفتوگۆ هەستیارانە نموونەیی بوو، لە ئەیلوولی ١٩٧٤دا بە مەبەستی خستنەڕووی ئەو ڕێککەوتنە لەگەڵ هەردوو سەرۆکەکە سەردانی تاران و بەغدای کرد. بە لایەنی کەم لە یەکێک لەو گفتوگۆیانە کە لە ٢ی ئەیلوول لەگەڵ شای ئێران بوو، بە بەشداری پەرپرسانی باڵای سعوودیا میر سعوودی جێنشین و کەمال ئەدهەم بەڕێوەچوو، هەر سێکیان هەستی خۆیان دەربڕی کە سەدام حوسێن دەخوازێ سنوورێک بۆ هەژموونی سۆڤیەت لە عێراق دابنێ، واتە دەرفەتی ڕەزامەندی هاتووەتە پێش، ئەگەر لە یارمەتیدانی جێشی عێراقیدا گۆڕینەوەی سۆڤیەت بە ئەمریکا لە خۆبگرێ.

ئەرکەکە بە سەرکەوتوویی تەواوبوو. لە کۆتاییدا ئێران لەبەرانبەر پێدانی پوانی هەرێمی عێراق لە کەنداوی عەرەبیدا نیازی وەستاندنی یارمەتیدانی کوردی ڕاگەیاند و لەلای خۆیەوە عێراق تۆنی دوژمندارانەی خۆی بەرانبەر ئێران سووککرد و بە شێوەیەک پشتیوانی خۆشی بۆ ڕێککەوتنی نوێی نێوان مسر و ئیسرائیل دەربڕی. ئیدی بەم ڕێگەیە سووریا وەک تاکە دژ دەردەکەوێ. بە کردەنیش ئێران سنووری بۆ شۆڕشی کورد لە عێراقی ساڵی ١٩٧٤ دانا[١٤].

هەروەها مەروان لەچەند حاڵەتێکی دیکەی دەستپێشخەری ستراتیژیدا بەشداربووە، تەنانەت ئەگەر بێ بەرهەمیش بوو بێت. وەک دووپاتێک بۆ پێگە پێشکەوتووەکەی لە ١٣ی ئابی ١٩٧٤ خۆیی و فەهمی لە وەزارەتی دەرەوە چاویان بە کیسنجەر کەوت و تاوتوێی کۆمەڵێک بابەتیان کرد کە یەکێکیان یارمەتی ئابووریانەی ئەمریکا و سەربازی مسر، وێڕای بەرهەڵستیی ناوخۆیی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان

و نرخی نەوت و ڕێککەوتنی نوێی ئیسرائیل بوو. هەروەها تاوتوێی گرژی نێوان مسر و لیبیاشیان کرد. کیسنجەر لە هۆکاری ئەوەی پرسی، وێڕای دژایەتی قەزافی بەرانبەر ستراتیژی مسر لەبارەی ئاشتی کە بووە هۆی گرژی لەسەر سنووری لیبیا، بۆچی مسر لەبارەی هێرشکردنە سەر لیبیا بڕیاری نەدا، تەنانەت بەڵێنی ئەوەی دا کە ئەمریکا پشتیوانی لە هەنگاوێکی وەها دەکات. مەروان کە بە دۆستی سەرۆکی لیبیا ناسرابوو، هیچ دژی بیرۆکەکەی کیسنجەر نەوەستایە، بەڵکوو لەوە دوورتر ڕۆیشت و بە قەولی خۆی سوپای لیبیا تەنیا پڵینگێکی کارتۆنییە، وێڕای ئەوەی خاوەن هەزاران تانکی سۆڤیەتییە، بەلام هێزی بەشەرییەکەی هەر بای دروستکردنی یەک لیوای تانکە. لەگەڵ ئەوەشدا دووبارەی کردەوە کە بەر لە واژووکردنی ڕێککەوتنی نوێ لەگەڵ ئیسرائیلدا، گفتوگۆکردنی هەنگاوێکی وەها هیچ بایەخێکی نییە کە سەقامگیری بۆ ناوچەکە دەهێنێ و کۆتایش بە تێوەگلانی سۆڤیەت لە مسر دەهێنێ (١٥).

سۆڤیەتییەکان بەهێمنی نەدەڕۆیشتن، هاودەم لەگەڵ بەرزبوونەوەی مەروان و پەرەسەندنی سیاسەتی دژ بە سۆڤیەت لە مسر، کرملین بەو باوەڕە گەیشت پێویستە یاریدەدەری سەرۆک بێلایەن بکرێ. بە گوتەی ڤاسیلی میترۆخین کە بەرپرسێکی بالای ئەرشیفی بەشی پەیوەندی دەرەوەی KGB بوو، دواتر لە ساڵی ١٩٩٢ بۆ بەرژەوەندی بەریتانیا جودابوویەوە و لەگەڵ خۆی بەشێکی گەورەی ئەو ئەرشیفەی برد، ئەوەی لە هەمووان پتر سۆڤیەتی بێزار کردبوو، ڕاپۆرتەکانی تایبەت بە سەردانە نهێنییەکانی ویلیام کۆلبی سەرۆکی CIA بۆ قاهیرە بوون، بۆیە سەرکردایەتی ناوەندی KGB بڕیاری دا «ڕێوشوێنی کارا» دەرحەق بە مەروان بگرێتەبەر کە مۆسکۆ پێیوابوو مەروان تەواوی بەرپرسیاریەتی

هەواڵگری مسری لە ئەستۆ دایە، بەو پەیوەندیانەی کە لەگەڵ CIA شدا هەیەتی. لەم پێناوەدا بەشیA لە KGB بە ئامانجی وێناکردنی مەروان وەک سیخوڕی ئەمریکی هەڵمەتێکی دەروونی بەڕێوەبرد. ئەو ئۆپەراسیۆنە بایەخێکی سەرەکی پێدرا، تا ئەو ڕادەیەی لە ئایاری ١٩٧٥دا ئاژانسەکە ڤلادیمێر کازاکۆڤ سەرۆکی بەشی ئەفریقای باکووری بۆ سەرپەرشتیکردنی دوا ئامادەکارییەکان ناردە قاهیرە.

لە ئۆپەراسیۆنەکەدا ئەفسەرانی KGB زنجیرەیەک وتاریان لە ڕۆژنامەکانی لوبنان، سووریا و لیبیا بڵاوکردەوە و مەروانیان وا پشاندا کە تەنیا هەر ئەوە نییە کە بۆ بەرژەوەندی CIA کاردەکات، بەڵکوو بە بەرتیلخۆرێکی گەورەی سەوداکانی مسر لەگەڵ عەرەبی سعوودیا و کوێتیش وەسفیان کرد. هەروەها لقی KGB لە قاهیرە لەبارەی پەیوەندی سۆزداری لە نێوان مەروان و جیهان سادات جۆرەها پڕۆپاگەندەیان بڵاوکردەوە کە گوایە سەرۆکیش بەوە دەزانێ.

لە ڕاستیدا مەروان کە گەنجێکی قۆز و سەرکەوتوو بوو، زۆریش لە خانمی یەکەمی کۆماری مسر نزیک بوو، زۆرجار لە گەشتەکانیدا بۆ دەرەوەی وڵات یاوەری دەکرد. لە یەکێک لەو جارانەدا، کاتێک لە هوتێل «جۆرجی پێنجەم» لە پاریس دابەزین، مەروان داوای لە مۆساد کرد، ئامێری گوهداری لەناو جانتا دەستییەکەی بچێنن، بۆئەوەی بزانێ چ قسەی لەسەر دەکات، مۆساد بەوە ڕازی بوو، بەڵام دەرکەوت جیهان بە حاڵ ناوی دەهێنێ.

هەستیاری مەروان بەرانبەر پەیوەندییەکەی بە خانمی یەکەم، پەیوەندی بە ژیانی هاوسەرییەکەیەوە هەبوو، خەڵکانێکی زۆر دەیانزانی پەیوەندی هاوسەری سادات زۆر لە نموونەییەوە دوور بوو. سادات متمانەی بە هاوژینەکەی نەبوو، وەک بینیمان زۆر حەزی بە

دەستوەردان لە کاروباری وڵات، تەنانەت دژ بە ویستی سادات هەبوو. زۆر بە دەگمەن سادات لە بارەگا فەرمییەکەی لە جیزە دەمایەوە و ئەو دوو هاوسەرە زۆربەی کاتەکان لە دووری یەکدی دەژیان [١٦]. کەواتە ئەگەر هەرچەندە بەڵگەی پەیوەندی کردەکی نێوان ئەشرەف و جیهانمان لەبەر دەستیشدا نەبێت، بەڵام بێگومان زەوینەیەکی بە پیت بۆ ڕسکاندنی ئەو پڕۆپاگەندانە هەبووە، هیچ گومانی تێدا نییە ئەو پڕۆپاگەندانە ساداتی ڕووگیر کرد و وای کرد دڕدۆنگییەک لەنێوان سادات و ئەو پیاوە کە بەم دواییە ببوو بە یاریدەرە هەرە متمانەپێکراوەکانی دروست بێت.

دوای ئەوەی مەروان لە ئاداری ١٩٧٦ لە نووسینگەی سەرۆکایەتی لە پۆستەکەی دوورخرایەوە و لە سەرۆکایەتی دەستەی عەرەبی بۆ پیشەسازی دوور لە بازنەی نزیک لە سادات دامەزرا ( پەرەسەندنێک کە لە بەرانبەردا سۆڤیەتییەکان ڕێزێکی شایەن باسیان بەرنەکەوت)، بەڵام KGB وەک هەڕەشەیەکی گەورە لێی دەڕوانی، ئۆلیگ گۆردڤیسکی کە ئەفسەری KGB بوو، دواتر بەرەو ڕۆژئاوا ڕایکرد و بیرەوەریی خۆی نووسیەوە کە لە ڕاڕەوەکانەوە گوێبیستی ئەگەری تیرۆرکردنی سادات بووە، هەرچەندە هیچ بەڵگەیەک نییە کە ڕۆژانێک KGB پلانێکی لەوجۆرەی داڕشتبێت، بەڵام ژمارەیەک ڕێکخراوی سەر بە سۆڤیەت ئەوەیان کردووە. لە کانوونی یەکەمی ١٩٧٧، گۆردڤیسکی بەوەی زانیوە لە کۆبوونەوەیەکی نهێنیدا کە لەنێوان سەرکردەکانی هەوڵگری سووریا و ئەندامانی بەرەی ڕزگاریخوازی فەڵەستین لە دیمەشق بەڕێوەچووە، گفتوگۆی پلانی کوشتنی سادات کراوە. بەپێی زانیارییەکانمان KGB هەرگیز پشتیوانی لە پلانێکی وا نەکردووە، بەڵام شتێکیشی بۆ وەستانی نەکردووە [١٧].

بێ لەبەرچاوگرتنی هەڵوێستی لاگیری مەروان لە ئەمریکا و پەیوەندییە نایابەکانی لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی ئەمریکا، بەتایبەتی لەگەڵ کیسنجەر، ڕەنگە سۆڤیەتییەکان هۆکاری دیکەشیان هەبێت کە وەک هەڕەشەیەکی جدی لێی بڕوانن. ناوی مەروان بەو پڕۆژەگەلانەوە لکێندرابوو کە ئامانجیان سنووردارکردنی هەژموونی سۆڤیەت بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی ئەفریقادا. ئەو پڕۆژەیەش بە یانەی سەفاری Safari Club ناسرابوو کە ناوی یانەیەکی شەوانەی پاریس بوو، زۆرجار ئەندامەکانی لەوێ یەکدیان دەبینی. بەپێی باشترین چیرۆک کە لەسەر میکانیزمی ئەو گرووپە لامانە، وەک چاوپێکەوتنی کەمال ئەدهەم و جێگرەکەی لە سەرۆکایەتی هەواڵگری سعوودیا، دواتر دامەزراندنی یانەی سەفاری لەسەر دەستی کۆنت ئەلێکسەندرە دو مارێنچ کە ئەوکات سەرۆکی هەواڵگری فەڕەنسا (SDECE) بوو کە بە دژایەتیکردنی توندی سۆڤیەت ناسراوبوو. ئەو دەستپێشخەرییە دوای دوو پەرەسەندنی دیاریکراو بوو. یەکەمیان بڵاوبوونەوەی هەژموونی سۆڤیەت لە ئەفریقا، بەتایبەتی لە مۆزەمبیق، ئەنگۆلا، ئەسیوپیا، سۆماڵ بوو، بەڵام دووەمیان زنجیرە سکانداڵەکانی واشنتۆن، بەتایبەتی سکانداڵی ووتەرگێیت بوو کە بووە هۆی ئەوەی لە هاوینی ١٩٧٤دا سەرۆک نیکسۆن دەست لەکاربکێشێتەوە، هەروەها دانیشتنەکانی کۆنگرێس لەبارەی چالاکییەکانی CIA لە ساڵی ١٩٧٥، بووە هۆکاری لاوازبوونی توانای ئاژانسەکە لەبەرانبەر بڵاوبوونەوەی هەژموونی سۆڤیەت. بەرمەبنای ئەو باکگراوندە، مارێنچ بە پشتیوانی ڤالێری دیسکار دوئیستینگی سەرۆکی فەڕەنسا سەردانی سەرکردەکانی ئێران، عەرەبی سعوودیا، مسر، مەغریبی کرد و داوای لێیان کرد هەر یەکێکیان بڕێک لە بەرپرسیارێتی دانانی سنوور بەرانبەر بڵاوبوونەوەی شیوعیەت لە ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ئەستۆ بگرێ. هەر

چوار سەرۆکەکە بەو داوکارییە ڕازی بوون و لە یەکی ئەیلوولی ١٩٧٦دا یانەی سەفاری هاتە دامەزراندن.

ناوەندی سەرکردایەتی ڕێکخراوەکە لە قاهیرە بوو، هەردوو لقی پلاندانان و ئۆپەراسیۆنی لە خۆدەگرت و فەڕەنسا ئامرازە تەکنیکییەکانی بۆ دابینکرد، وەک پەیوەندی ئاسایش،secure communications، سعوودیاش بە پارەیەکی زۆر پشتیوانی لێ کرد. گفتۆگۆ فەرمییەکانی ئەو یانەیە لە فەڕەنسا، مسر و شانشینی سعوودیا بەڕێوەدەچوون و هەماهەنگی ئۆپەراسیۆنە سەرەکییەکان لەسەر سێ تەوەری بنەڕەتی وەک یارمەتیدانی دارایی و سەربازی بەهێزە دژە سۆڤیەتیەکان لە ئەفریقا و هاریکاری هەواڵگری و ئۆپەراسیۆنە «ڕەشەکان» نهێنییەکان بڕیاریان لێدەدرا، وەک شەڕی دەروونی یان غافڵکوژی، وەک بەشێک لە ئۆپەراسیۆنەکانی یانەی سەفاری کە تا شۆڕشی ئێرانی لە ساڵی ١٩٧٩ بەردەوام بوو، مەغریب و مسر بە پشتیوانی لۆجیستی فەڕەنسا بە مەبەستی یارمەتیدانی مۆبۆتۆ سیسی سیکۆی لاگیری ئەمریکا هێزێکی پەیدۆزیان بۆ زائیر نارد، بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشە دەرەکییەکانی سەر کاتانگا کە دەوڵەمەندترین کەرتی بەکانزا بوو. لە هەمانکاتدا ئەندامانی یانەکە یارمەتی یاخیبووە دژە کۆمۆنیستەکانی ئەنگۆلا و مۆزەمبیقیان دا کە شەڕی ڕژێمە لاگیرەکانی سۆڤیەتیان دەکرد. هەروەها پشتیوانیان لە هەوڵەکانی جیبۆتی لە دژی غەزووی ئەسیوپیا و کارکردن لەسەر سەقامگیری قۆچی ئەفریقا دەکرد. یانەکە بە سەرپەرشتی بەردەوام و ڕەزامەندی واشنتۆن کاری دەکرد(١٨). بەپێی هەندێ سەرچاوە بەهۆی چاودێری چڕی کۆنگرێس بەسەر CIA کە لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی پێکرد، پێویست بوو سعوودییەکان پارەی ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکانی ڕێکخراوێک دابین بکەن

کـە بەرپرسـانی پێشـووی CIA لـە دەرەوەی خاکـی ئەمریـکا دروسـتیان کردبـوو کـە لـە دەرەوەی چاودێـری کۆنگرێـس بـوو. ئـەو ڕێکخـراوە هەنـدێ چالاکـی ئەنجامـدا پێشـتر CIA لەسـەریان قایـل نەبـوو و لەوانـە هەندێکیـان بـە هـاوکاری ڕاسـتەوخۆی CIA هاتبوونـە ئەنجامـدان (١٩).

سـادات، مەروانـی وەک نوێنـەری خـۆی بـۆ یانـەی سـەفاری هەڵبـژارد (٢٠)، بەپێچەوانـەی ئـەوە شـتێکی زۆر لەبـارەی تێوەگلانـی لـە چالاکییەکانـی نازانیـن، بـەڵام ئـەوەی لێـی دڵنیایـن ئەوەیـە لـە کاتـی دامەزراندنـی یانـەی سـەفاری لـە ئەیلوولـی ١٩٧٦دا، مـەروان لـە دەرەوەی بازنـە نزیکەکـەی سادات بـوو، هەروەهـا لـە نووسـینگەی سـەرۆک نەمابـوو و هیـچ ئەرکێکـی «تایبەتـی» ئەویشـی لـە ئەسـتۆ نەبـوو. کەواتـە دەشـێ بـە هیـچ شـێوەیەک پەیوەنـدی بـەو کۆمەڵەیـەوە نـە بووبێـت، هـەر پڕۆپاگەندەیەکـی جـودا لـەو ڕایـە، تەنیـا پڕۆپاگەنـدەی KGB بـوو. وێـڕای ئـەو ژمـارە زۆرەی ئـەو پڕۆپاگەندانـەی لـە ئاسـتی جیهانـدا مەروانیـان بـە ڕووداوە دژکارەکانـی سـۆڤیەت دەبەسـتەوە، بـەڵام سـەختە بزانیـن کـە چەندیـان بـە جـدی وەردەگیـران، لـێ ئـەوەی لۆژیکـە ئەوەیـە کـە KGB بـە کەسـێکی وای دەبینـی کـە پێویسـتە بێلایـەن بکـرێ، یـان بەلانـی کەمـی سـنوورێک بـۆ چالاکییەکانـی دابنرێـت، نـەک لەبەرئـەوەی پێیانوابـوو چالاکییەکانـی دەبێتـە هـۆی ڕووخانـی سـامورا ماشـێلی سـەرۆکی سۆسیالیسـتی مۆزەمبیـق، یـان شـکاندنی هاوسـەنگی هێـزی نێـوان ئەسـیوپیا و جیبۆتـی، بەڵکـوو زیاتـر ویسـتیان لاوازکردنـی کەمپـی دژە سـۆڤیەت لەنـاو خـودی مسر بـوو.

بۆچوونـی KGB بەرانبـەر مـەروان کـە سـیخوڕی CIA یـە لـە بنەڕەتەوە ورد نەبـوو، وێـڕای پەیوەنـدی نایابـی لەگـەڵ ئەمریکییـەکان، بەتایبەتـی لەگـەڵ هـنری کیسـنجەر، مانـای ئـەوە نییـە کـە پێـش ناوەڕاسـتی هەشـتاکان بـە کردەنـی کاری لەگەڵیـان کـردووە، بـەڵام بۆچوونیـان بـەوەی

کەسێکی گەندەڵە، ئەوەیان زۆر لە ڕاستییەوە نزیکە. مەروان لە ڕێگەی قۆرغکردنی دەسەڵاتەکانی دوای بەرزکردنەوەی پۆستەکانی لە دوای شۆڕشی ڕاستکردنەوەی ساڵی ١٩٧١، سامانێکی قەبەی بەسەریەکەوە نا. لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا، کاتێک سۆڤیەت لەسەر گەندەڵییەکانی ڕاپۆرتەکانی بڵاوکردەوە، ئەوکات زۆر دەوڵەمەند ببوو. هەندێک لە سامانەکەی لە مۆسادەوە بۆی هاتبوو، بەڵام سۆڤیەتییەکان ئەوەیان نەدەزانی، زۆربەی سامانەکەی لە ڕێگەی نا ڕەواوە بەسەر یەکەوەی نابوو، بەتایبەتی ئەو ڕێژە سەدییەی لەو سەوداگەرییانە وەریدەگرت کە خۆی دەیهۆنینەوە و تاڕادەیەکی زۆر پێگە سیاسییەکەی قۆرغکردبوو. لە حاڵەتەکانی دیکە مەروان بۆ وەچنگکەوتنی باشترین نرخ لە سەوداگەرە تایبەتییەکانیدا پۆستەکەی بەکاردەهێنا. نموونەیەکی زیندووی ئەو حاڵەتە، کاتێک لە حوزەیرانی ١٩٧٤ بەناوی هاوژینەکەی پارچە زەوییەکی لە شارۆچکەی کارداسە لە ڕێگەی بیابانی نێوان قاهیرە و ئەسکەندەریە کڕی، داواکارییەکی بۆ وەزیری کشتوکاڵی مسر نارد کە ئەو هەنگاوە لەسەر ویستی سەرۆکە، بەڵام لە لێکۆڵینەوەکانی دواتردا دەرچوو سادات هیچ شتێکی لەبارەوە نەدەزانی. پرسیاری دیکە کە خرایەڕوو تایبەت بە سەرچاوەی ئەو پارەیە بوو کە مەروان زەوییەکەی پێ کڕی بوو [٢١]. لە حاڵەتەکانی دیکە مەروان پێویستی بە سەرمایە نەبوو تا پارەی پێ دەستکەوێ، چونکە نزیکی لە ساداتەوە زۆر بۆی بەسوودتر بوو، باشترین بەڵگەی ئەو حاڵەتە ئەوە بوو کە بە پرسی کۆمپانیای کۆکاکۆلاوە پەیوەست بوو.

لە ساڵی ١٩٦٨ەوە کاتێک کۆمپانیای کۆکاکۆلا لە ئەنجامی گووشاری ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئیسرائیل دەستی بە پڕکردن کرد و بوو بە ئامانجی بایکۆتی عەرەبی. ساڵی ١٩٤٨ هەوڵێکی ڕێکخراو لەناو وڵاتانی

عەرەبییـەوە، نـەک تەنیـا بـۆ ڕەتکردنـەوەی مامەڵـەی ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ ئیسرائیـل، بەڵکـوو مامەڵـەی لەگـەڵ هـەر کۆمپانیایـەک ڕەتدەکـردەوە کـە لـە ئیسرائیـل کاری دەکـرد (بایکۆتـی لاوەکـی). سـاڵی ١٩٧٤ کۆکاکـۆلا بـە مەبەسـتی لابردنـی ناوەکـەی لـە لیسـتی بایکـۆت هەڵمەتێکـی دەسـت پێکـرد، مـسر بـە هۆکارگەلێـک ئامانجـی سرووشـتی کۆمپانیـای کۆکاکۆلابـوو، چونکـە هـەم پێشـڕەوی وڵاتانـی عەرەبـی بـوو، هـەم تـازە هاوپەیمانـی ئەمریـکا بـوو، هەروەهـا سـەرۆکەکەی بـە ئاشـکرا بانگەشـەی بـۆ کۆتیهاتنـی ململانـێ لەگـەڵ ئیسرائیـل دەکـرد. ئـەوەی هەڵمەتەکـەی بەڕێوەبـرد، کەسـێک بـوو بەنـاوی سـام ئەیـوب کـە بـە بنەچـە مسرییەکـی خەڵکـی ئەسـکەندەریە بـوو و شـارەزاییەکی باشـی لـە سرووشـی جیهانـی عەرەبـی هەبـوو. کاتێـک بیـری کـردەوە کـە چـۆن کاریگـەری لـە سـەرۆک سـادات بـکات، تـا بـڕوای پـێ بهێنـێ کۆکاکـۆلا لـە لیسـتی بایکـۆت بسـڕێتەوە، ئـەو کەسـەی بـە هزریـدا هـات، ئـەشرەف مـەروان بـوو. مـەروان چـووە لای سـادات و ساداتیش دەرگـەی بـۆ بازاڕەکانـی مـسری والاکـرد. بەشـێک لـە پارەدانەکـە لـە شـێوەی وەبەرهێنـان بـوو و کۆمپانیاکـە لـە ئابـووری مـسری پشـکداری کـرد، بـەڵام بـە پێـی قسـەکانی ئەیـوب، مـەروان لەبەرانبـەر ئـەو ئاسـانکاریانەی کردبـووی، گوژمـە پارەیەکـی قەبـەی چنگکـەوت [٢٢].

پرسـیارەکانی دیکـەی دەوروبـەری مـەروان دەسـتکەوتە ئەکادیمییەکانـی بـوو. لەپـاڵ هەوڵـە دیپلۆماسـییە چڕوپڕەکانـی، هەوڵەکانـی بـۆ کۆکردنـەوەی سـامانەکەی و سـیخوڕیکردن، مـەروان بانگەشـەی ئـەوەی کـرد کـە بـۆ بەدەسـتهێنانی بڕوانـەی دکتـۆرا کاتیشـی دۆزیوەتـەوە کـە بـە گوتـەی هاوڕێکانـی یەکسـەر دوای بەدەسـتهێنانی بڕوانـەی ماسـتەر دەسـتی پێکـردووە. هەروەهـا دەڵـێ سـاڵی ١٩٧٤ تێزەکـەی ڕادەسـتی د. ئەحمـەد مستەفای سـەرۆکی بەشـەکەی کـردووە کـە دواتـر بـووە وەزیـری

تویژینـەوەی زانسـتی مـسری [٢٣]، بـەڵام پێدەچـێ ئـەوە زۆر لـە ڕاسـتییەوە دوور بێـت، چونکـە کـە دەڵـێ لـە مـاوەی سـاڵێ ١٩٧٠ و ١٩٧١ تـا سـاڵی ١٩٧٤ خوێندنـی ماسـتەری تـەواو کـردووە، ئـەو بـە کاروبـاری دەوڵـەت، بزنـس و ناپاکییـەوە زۆر سـەرقاڵ بـوو. گومـان لـەوەدا نییـە کـە کەسـێکی بەهـرەدار بـوو، بـەڵام سـەختە وێنـا بکـەی کـە لەپـاڵ ئـەو هەمـوو سـەرقاڵییەوە توانیبێتـی بـۆ بایەخـدان بـە خوێنـدن دەرفەتێـک بدۆزێتـەوە. هەرچەنـدە تـا لـە ژیانـدا بـوو خاوەنـی نازنـاوی «دکتـۆر» بـوو، بـەڵام چەنـد ژمارەیەکـی کـەم نەبێـت، کـەس لەبـارەی بڕوانامـە زانسـتییەکەوە پرسـیاری لێـی نەکـردووە. بـۆ نموونـە، محەمـەد سـەروەت لـە بایۆگرافیـای مەروانـدا نووسـیویەتی، بەهـۆی سـەرقاڵبوونی بـە سیاسـەتی مسرییـەوە، لـە تـەواو کردنـی خوێندنـدا شکسـتی هێنـاوە. بەپێـی سـەرچاوەیەکی دیکـە، مـەروان پـارەی بـە سـەرۆک بەشـەکەی داوە، ئەویـش نـەک هـەر تێـزی دکتۆراکـەی پەسـند کـردووە، بەڵکـوو بۆشـی نووسـیوە. محەمـەد فایـد کـە بزنسـمانێکی مـسری بـوو کـە لـە هەشـتاکان بـوو بـە ڕکابـەرە هـەرە توندوتاڵەکـەی مـەروان، بانگەشـەی ئـەوە دەکات مـەروان هەرگیـز تێزەکـەی نەنووسـیوە، بەڵکـوو تەنیـا بڕوانامـەی وەرگرتـووە، لەبەرئـەوەی باوکـی سـەرۆکی زانکـۆی قاهیـرە بـوو، بـەڵام فایـد کـە لـە چیـرۆک هۆنینـەوە هـەرە لێزانـەکان بـوو، لەبـارەی باوکـی مەروانـەوە زۆر سـەرچێخ چـووە، چونکـە باوکـی لـە سـوپای مـسر ئەفسـەر بـووە و ئـەو پۆسـتەی وەرنەگرتـووە، بـەڵام ڕەنگـە لەبـارەی ڕەوایـی بڕوانامەکەیـەوە ڕاسـت بـکات.

لـە یەکـی ئـاداری ١٩٧٦دا، سـەرۆک فەرمانـی کۆتایهاتنـی خزمەتگـوزاری مەروانـی لـە نووسـینگەی سـەرۆک دەرکـرد و بـە سـەرۆکی دەسـتەی عەرەبـی بـۆ پیشەسـازی دایمەزرانـد کـە یەکێتییەکـی نێودەوڵەتـی نـوێ بـوو کـە ئامانجـی دامەزراندنـی پیشەسـازی سـەربازی سـەربەخۆیی عەرەبـی

بـوو. لـە ڕووکەشـدا ئـەوە پلـە بەرزکردنـەوە بـوو، چونکـە بـوو بە بەرپرسـی بودجەیەکـی سـەدان ملیـۆن دۆلاری و کارگەگەلێـک کـە هـەزاران کرێـکار کاری تێیانـدا دەکـرد، بـەڵام لـە پڕاکتیکـدا لەقاڵبدانـی مـەروان بـوو، ئەمـەش بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکان کۆتایـی ژیانـی سیاسـی مـەروان بـوو.

هـۆکاری پشـت هەوڵەکانـی چـوار سـاڵ لەمەوبـەری دوورخسـتنەوەی مـەروان، هەمـان ئـەو هۆکارانـە بوونـە هـۆی کەوتنـی ئێسـتای کـە یەکێکیـان ئێرەیـی پـێ بـردن بـوو، چونکـە لەمـاوەی دە سـاڵدا مـەروان لـەوە سـەرکەتوو بـوو کـە ببێتـە یەکێـک لـە کەسـە هـەرە نزیکـەکان لـە سـادات. هەروەهـا یاریزانێکـی سـەرەکی سـەرکردایەتی بـوو، هەمدیـس کاندیدێکـی کەتـواری پۆسـتی وەزیـری دەرەوە بـوو. لـە کۆمەڵگەیەکـی هاوشـێوەی مـسر تەمـەن و ئەزمـوون مانایەکـی زۆریـان هەیـە، تەمەنـە گەنجیەکـەی (سـاڵی ١٩٧٤ تەمەنـی سـی سـاڵ بـوو) و سـەرکەوتنە خێراکەی، بـەس بـوون کـە دوژمنگەلێکـی لـێ قیـت ببێتـەوە. ڕەفتـارە چەقەلئاسـەکەی و سـووکایەتییە لەڕووەکانـی بـە هەڤاڵانـی، وەک بەنزیـن بـە ئاگـردا کـردن بـوو. هەروەهـا شـێوازی بەجێگەیاندنـی ئەرکـە هـەرە هەسـتیارەکانی سـادات، بێئـەوەی بایـەخ بـە دیپلۆماسـییەکان بـدات، ئاگـری لـە وەزارەتـی دەرەوە هەسـتاند بـوو، هـەر لەبەرئەوە ئیسـماعیل فەهمی وەزیـری دەرەوە ببـوو بـە یەکێـک لـە گرنگتریـن ناحەزەکانـی کە لـە بنەمـاوە ئـەو دووانە زۆر لەیەکـدی نزیـک بـوون، کاتێـک مـەروان تـازە دەسـتی پێکردبـوو، فەهمـی بانگهێشـتی ئێوارەخوانێکـی تایبـەت لەگـەڵ بەرپرسـانی ئەمریـکای کـرد کـە کیسـنجەریش ئامادەبـوو، بـەڵام کاتێـک یاریـدەرە بەرزبووەکـەی سـادات، لە پەیوەندییـە دەرەکییەکانـی مـسر بەرپرسـیارێتی گـەورەی لـە ئەسـتۆ گـرت، ئیـدی بـەرە بـەرە فەهمـی لـە بازنەکـە دوورخرایـەوە و دوودڵـی و نیگەرانی وەزیـری دەرەوە بـڕ لـە دوای بـڕ گەشـەی کـرد [٢٤].

گرووپێکی دیکەی ناحەزی مەروان ناسرییەکان بوون کە هێشتا لە دەسەڵاتی مسردا خودان پۆست بوون. یارمەتییەکانی کە ساڵی ١٩٧١بۆ پاککردنەوەی «ناوەندەکانی دەسەڵات» مەروان پێشکەشی ساداتی کرد و هەڵوێستە دژەکانی بەرانبەر سۆڤیەت و کاریگەری بەسەر سیاسەتی نوێی دەرەوەی سادات، لە چاو ئەوانەی هێشتا ڕێزیان لە میراتی ناسر دەگرت، بەتایبەتی بنەماڵەی ناسر، ئەمانە هەمووی بەسەریەکەوە کردبووی بە ئاڵای سوور. دەکرێ لە پاڵ ئەو گرووپە، کەسانی دیکە لە نووسینگەی سەرۆک، سوپا و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش بخەینەسەر کە هەندێکیان ڕاستەوخۆ لەلایەن مەروان تووشی سوکایەتی پێکردن هاتبوون، هەشیان بوو لە بەرزبوونەوەی بە پلیکانەی دەسەڵات و خراپەکاری و بۆگەنی گەندەڵییەکەی لێی نیگەران بوون کە لەهەموو جووڵەیەکیدا لێی جودا نەدەبوویەوە. مەروانی خورت خودان پەیوەندی بنەماڵەیی و کەسێکی بێڕکابەر بوو، لەچاوتروکاندنێکدا سامانی کەڵەکە دەکرد و خەرجی دەکرد، بەڵام پێدەچوو نەیدەتوانی زاری خۆی دابخات، لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە، KGB هەڵمەتێکی بەرفرەوان و کاریگەرانەی لە دژی بەرپاکردبوو.

وەک ئەوەی پەندە کۆنەکە دەڵێ، «دۆست دێت و دەڕوات، بەڵام دوژمن کەڵەکە دەبێت». بەتێپەڕبوونی کات بازنەی کەسانی کارکردە و کاریگەری مسر لە فرەوان بووندا بوو کە دوورخستنەوەی مەروانیان لە ژیانی گشتی بە پێویست دەزانی.

ئیدی، نزیکەی دوو ساڵ دواتر، زنجیرەیەک وتار بڵاوبوونەوە باسیان لە گەندەڵییەکانی دەکرد، ئەمەش بووە زەمینەی ئەوەی داوای لێکۆڵینەوە لەگەڵ کردنیدا بکرێت کە لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا. لە کۆتاییدا سادات ملیدا و یەکێک لە دوژمنەکانی مەروان بەناوی محەمەد

مسری لە نووسینگەی سەرۆکایەتی بۆ بەدواداچوونی لێکۆڵینەوەکە دامەزراند. مسری دڵسۆزی پیشەکەی بوو، لە نێو چەندین پرسی دیکەدا، لێکۆڵینەوەکان دەریانخست کە مەروان لە لەندەن ملیۆنان دۆلاری لە وەبەرهێناندایە، هیچ یەکێک لە مەروان و هاوژینەکەی نەیانتوانی ڕاڤەیەکی قایلپێهێنەر بۆ دیاریکردنی سەرچاوەی ئەو پارەیە بخەنەڕوو. ئەو لێکۆڵینەوانە گەیشتنە دەست سادات کە بۆ مانۆڕکردن تێیدا هیچ پانتاییەکی نەدۆزییەوە. سەرەنجام سادات بڕیاری دوورخستنەوەی مەروانی دا، لێرە بە دواوە یاریدەری پێشووی سەرۆک و کەسی دەستەڕاستی بەرپرسیارێتی دەستەیەکی نوێ لە ئەستۆ دەگرێ، بەمشێوەیە دەستی بە تەواوی لە دەسەڵاتی سیاسی کورتکرایەوە [٢٥].

بەدرێژایی ساڵانی حەفتاکان، ڕێک لە نیسانی ١٩٧٥دا ڕێکخراوی عەرەبی بۆ پیشەسازی وەک هەوڵێکی نموونەیی جیهانی عەرەبی بۆ خود داهێنان هاتە دامەزراندن، ئەو تەنگژە نەوتییەی لە شەڕی یۆم کیپووری ساڵی ١٩٧٣دا، ڕێکخراوی ئۆپیک خوڵقاندی، دەستکەوتێکی قەبەی بۆ وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت، بەتایبەتی بۆ شانشینی عەرەبی سعوودی و وڵاتانی کەنداو بەدیهێنا. لە جیهانی عەرەبیدا، ئەمە یارمەتی پارەدارکردنی سندوقی هاریکاری دا بە ئامانجی ئەوەی عەرەب ببێتە یاریزانێکی کاریگەر، نەک تەنیا لە بازاڕی وزەی جیهانیدا، بەڵکوو لە سێکتەرە هەستیارەکانی دیکەشدا بە پیشەسازی چەکیشەوە. بەمشێوەیە ئامانج لە دامەزراندنی ڕێکخراوی عەرەبی بۆ پیشەسازی، دانانی بناخە پێویستییەکانی بونیادنانی کۆمەڵگەی پیشەسازی سەربازی عەرەبی بوو، تا لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی بێلایەن و تایبەتی خۆیەوە پشکی گەورەتری چەک و تەقەمەنی بۆ ناوچەکە فەراهەم بکات. لە گرنگترین پشکدارەکانی ڕێکخراوی عەرەبی بۆ پیشەسازی شانشینی

عەرەبی سعوودیا، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، قەتەر کە لەپارەدارکردن بەرپرسیار بوو، هەروەها مسر بوو کە دەستی کار و توانا پیشەسازییە پێویستییەکانی بەرهەمهێنانی چەکی فەراهەم دەکرد، ئەوەش ئەو ژێرخانە بوو کە مسر هەر لە شەستەکانەوە کاری لەسەر پەرەپێدانی دەکرد. هاوکات بە پشتیوانی بودجەیەکی کراوە کە لەسەرووی ملیارێک دۆلار بوو، ڕێکخراوەکە ١٨ هەزار کرێکاری بەگەڕخست. پڕۆژەکە لە لایەن ئەشرەف مەروان سەرپەرشتی دەکرا کە سەرۆکی بۆردەکە و وەزیرانی بەرگری هەر چوار وڵاتی بەشدار بوو.

لەبەر تەمەن و کەم ئەزموونی، هەڵبژاردنی مەروان بۆ سەرۆکایەتی کۆمپانیایەکی وا گەورە و پڕ ئاوات بژاردەیەکی سرووشتی نەبوو. هەرچەندە بۆ خۆی سێکتەرەکە بەلایەوە نامۆ نەبوو، چونکە خاوەن بڕوانامەی کیمیا بوو و بڕێک شارەزایشی لە پیشەسازی تەقینەوە هەبوو، لەوەش گرنگتر ئەو شارەزاییەی لە دابینکردنی چەک بەدەستیهێنابوو، نەک تەنیا پێش شەڕ- کاتێک لە یارمەتیدانی مسر بۆ بەدەستهێنانی فڕۆکەی جەنگی لە ڕێگەی لیبیاوە- بەڵکوو پاشدانیش ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو. بۆ نموونە لە پایزی ١٩٧٥دا لە فەڕەنسا گفتوگۆ لەبارەی بونیاتنانی کارگەیەک بۆ کۆکردنەوەی فڕۆکەی میراژ F١ بۆ کۆمپانیای مارسیل داسۆ لە مسر و دابینکردنی کاری دەستپێداهێنانی فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی سعوودیا و کوێت بەڕێوەچوو وەک ئەنجامی ئەو گفتوگۆیەی کە لەگەڵ گیسکارد دوئیستنگ کرابوو و تێیدا لە دوا هەوڵی گەیشتن بە ڕێککەوتنی دیپلۆماسی لە نێوان مسر و ئیسرائیل ئاگادار کرایەوە [٢٦].

لە ڕاستیدا شارەزایی مەروان زۆر لەوە پەیوەندیدارتر بوو کە لەسەر کاغەز هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا کارێکی ویژدانانە نەبوو بەسەر

بەڕێوەبـەرە خـودان ئەزموونەکانی پیشەسازی گـران بسـەپێندرێ. زۆر ڕوون بـوو کـە هەڵبژاردنەکـە سیاسـی بـوو و ئەنجامـی گووشـاری هاوڕێیانـی مـەروان لـە وڵاتانـی بـە نـەوت دەوڵەمەنـد بـوو و دەیانویسـت پڕۆژەکـە لەلایـەن کەسـێکەوە بەڕێوەبرێـت کـە لـە پێداویسـتییەکانیان بـگات. بێگومـان لەسـەر ویسـتی تایبەتـی سـادات بـوو بـۆ دۆزینـەوەی کارێکـی نـوێ بـۆ یاریدەرەکـەی پێشـووی، تـا گواسـتنەوەیەکی نـەرم بەدیبێنـێ بـۆ دوورخسـتنەوەی لـە نووسـینگەی سـەرۆکایەتی و کەمـتر ڕووگیـری بـۆ سـادات بـەدواوە بێـت. سـەرۆک بـە پێدانـی ئـەو پڕۆژەیـە بـە مـەروان هەڵوێسـتی خـۆی جـوان کـرد. چەنـد ڕۆژ دواتـر لەسـەر «دەسـتکەوتە دیارەکانـی بـۆ مـسر لـە قۆناغـە هـەرە هەسـتیارەکانی شـەڕی یـۆم کیپـوور» مەدالیایـەک بـوو (٢٧). ئیـدی بەمجـۆرە پێگـەی گشـتی مـەروان، نـەک کارە سیاسـییەکەی پارێـزرا.

ئەنجامـی دوورخسـتنەوەی لـە بازنـەی نێزیکی سـادات، مایەی دڵخۆشـی نەیارەکانـی بـوو، بـەڵام لـە بەرانبـەردا لـەلای هەندێکـی دی دوودڵـی لـەو هەنـگاوە دروسـت بـوو کـە مـەروان بەسـەر پلیکانەکانـەوە بـەرز دەکاتـە، نـەک بـە پێچەوانـەوە. سیاسـەتکارێکی مـسری گوتـی: «هاوسـەرگیری ئـەشرەف مـەروان لەگـەڵ مونـا عەبەولنـاسر هەنـگاوی یەکەمی سـەرکەوتنی مـەروان بـوو، هەروەهـا خواسـتی سـادات کـە وڵاتانـی عەرەبـی چەکـی تایبـەت بـە خۆیـان بەرهـەم بهێنـن، هەنـگاوی دووەم بـوو» (٢٨).

باڵەخانـەی نووسـینگە هاوچەرخەکانـی یەکێـک لـە گەڕەکەکانـی قاهیـرە، بـۆ بـارەگای ڕێکخراوەکـە تەرخـان کـرا کـە لەسـەر نەخشـە دیـار نەدەکـەوت و پەنجـەرە گەورەکانـی ڕەش بـوون و سیسـتمی فێنککەرەوەکـەی زۆر تـازە بـوو، هەروەهـا کامیـرای چاودێـری تایبەتـی هەبـوو، پاسـەوانەکان یەکپـۆش بـوون و تەنیـا دەمانچـەی بـە کـرۆم

بۆیەکراویــان هەڵدەگــرت و لەچــاو دیمەنــی قاهیــرە دیــار و بەرچاوبــوو. بــە ئەنقەســت و بــە مەبەســت بەوشــێوەیە دیزایــن کرابــوو، هەروەهــا لاســایی کردنــەوەی بــارەگای کۆمپانیایــە پیشەســازییە جیهانییــەکان بــوو کــە لــە شــوێنە هــەرە دەوڵەمەندەکانــدان. ئــەو میتــۆدە کارگێڕییــەی پێــڕەو دەکــرا، هاوشــێوەی کۆمپانیــا ســەرمایەدارەکانی ڕۆژئــاوا بــوو. بــە پێچەوانــەی نۆرمــی مــسری، دەســتەی عەرەبــی بــۆ پیشەســازی تاڕادەیــەک ئازادییەکــی هەبــوو، لــە بیرۆکراســی حکومــەت و کۆتــە دەرەکییەکانــی دیکــە تەواوێــک دوور بــوو. یەکــەم هەنــگاو کــە مــەروان لەگــەڵ وەرگرتنــی پۆســتەکەی گرتیەبــەر، ئــەو بڕیــارە بــوو کــە لــە وەرگرتنیــدا هەســتی بــە شــانازی کــرد، ئەویــش بەڕێکردنــی ١٦٠٠ کرێــکاری نــا پێویســت بــوو، ئەمــەش لــە کەشــی سۆسیالیســتیدا کــە ئــەو ماوەیــە مــسر تێیــدا دەژی، مایــەی قبــوڵ نەبــوو.

وێــڕای هەمــوو ئەوانــە، دەســتەی عەرەبــی بــۆ پیشەســازی دووچــاری شکشــتێکی گــەورە هــات، لــە ســاڵانی یەکەمــدا ژێرخــان دامــەزرا و بــە مەبەســتی بەدەســتهێنانی مۆڵــەت و چۆنیەتــی بونیاتنانــی کارگــەی چــەک لــە مــسر پەیوەنــدی بــە کۆمپانیــا ڕۆژئاواییەکانــی دروســتکردنی چــەک کــرا. بەپێــی ئــەو بۆنــدەی لەگــەڵ هەلیکۆپتــەری وێســتلاند و ڕۆڵــس ڕایــزی بەریتانــی مۆرکرابــوو، دەبــوو کۆمپانیاکــە لــە کارگەیەکــی ناوچــەی حەلــوان هەلیکۆپتــەری لینکــس بەرهــەم بێنێ. لــە بۆندێکی دیکەدا لەگــەڵ کۆمپانیای گەردوونــی بەریتانیــادا، دواتــر لێخەفتینــی بەرهەمهێنانــی مووشــەکی دژە تانــک لــە جــۆری ســوینگفایەر، هەروەهــا بۆندێکــی دیکــە لەگــەڵ کۆمپانیــا جۆراوجۆرەکانــی فەڕەنســا بــە ئامانجــی بەرهەمهێنانــی مووشــەکی ئاســمان بــە ئاســمان و زەوی بــە زەوی لــە کارگەکانــی ئەکادیمیای ســەربازی ســعوودیا کــە بڕیــار بــوو لــە نزیــک ڕیــاز دابمەزرێندرێــت. هەروەهــا بۆندێکــی دیکــە بــە ســەرمایەی دوو بلیــۆن دۆلار بــۆ بەســەریەکەوەنانی assemble فڕۆکــەی ڕاهێنــان لــە جــۆری ئەلفــا جێــت لــە مــسر لەگــەڵ هــەردوو کۆمپانیــای

داسـۆ و دورنیـەری ئەڵمانـی واژوو کـرا. هەروەهـا پلانـی دوورمـەودا بـۆ بەسـەریەکەوەنانی فڕۆکـەی پێشـکەوتووتری فەڕەنسـی میـراژ ٢٠٠٠ داڕێـژرا کـە مەزەنـدە دەکـرا کێبەرکێـی فڕۆکـەی F-١٦ی ئەمریکـی بـکات. هەروەها دەسـتەکە بۆندێکـی دیکـەی لەگـەڵ کۆمپانیـای مۆتۆرسـی ئەمریـکا بـە مەبەسـتی بەرهەمهێنانـی ١٢ هـەزار جێـب لـە مـسر لـە سـاڵێکدا واژوو کـرد. بـە ماوەیەکـی کـەم پێـش ئـەوەی سـادات نیـازی خـۆی بـۆ سـەردانی جۆرسـەلام و تاوتوێکردنـی ڕێککەوتنـی ئاشـتی لەگـەڵ ئیسرائیـل ڕابگەیەنـێ، ئـەشرەف مـەروان لـە چاوپێکەوتنێکیـدا لەگـەڵ گۆڤـاری BusinessWeek بەهـای بۆندەکـەی کـە دەسـتە لـە پێنـاو بەرهەمهێنانـی چـەک لـە مـسر لەگـەڵ کارگـە ڕۆژئاواییەکانـی چـەک واژووی کردبـوو، بـە چـوار یـان پێنـج ملیـار دولار مەزەنـدە کردبـوو [٢٩].

دواجـار بەهـای ڕاسـتەقینەی زۆربـەی بۆنـدەکان زۆر لەچـاو ئـەو کاغەزانـە کەمـتر بـوو کـە لەسـەریان نووسرابـوو. لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٧٧ دوای خەرجکردنـی سـەدان ملیـۆن دۆلار، بـڕی تێکـڕای داهاتـی دەسـتە گەیشـتە ٤١ ملیـۆن دۆلار. تاکـە شـتێک کـە بەکردەنـی بەرهەمیهێنابـوو، زرێپۆشـی سـەربازی بـوو کـە لـە ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوا وەرگیرابـوو و توانـای هەڵگرتنـی دە سـەربازی بـۆ مـاوەی ٤٠٠ میـل هەبـوو، بـەڵام ژمـارەی بەرهەمهێـنراو بـە تـەواوی دیـار نەبـوو، هەروەهـا نەشـزانرا کـە ئایـا بـە کردەنـی خرایـە خزمەتگـوزاری یـان نـا.

یەکێـک لـە گرفتـە سـەرەکییەکانی پڕۆژەکـە ڕوبـەڕووی بوویـەوە، لاوازی پیشەسـازی لـە مـسر بـوو. بـە بۆچوونـی شـارەزایان، وڵات کەموکـوڕی لـە جۆرێتـی کەسـەکان بـۆ جێبەجێکردنـی پلانەکـە هەبـوو کـە داڕێژرابـوو، مەروانیـش بـۆ سـەلماندنی پێچەوانـەی ئـەوە شکسـتی هێنـا، بـەڵام ئـەوەی دواجـار دەسـتەکەی دارمانـد، پەیماننامـەی ئاشـتی نێـوان مـسر و ئیسرائیـل

بـوو. لەسـەرینی دەستپێشـخەرییەکەی ئۆکتۆبـەری ١٩٧٧ لـە جیهانـی عەرەبیـدا مـسر خـۆی کەنارگیـر بینیـەوە و دوای مۆرکردنـی ڕێککەوتننامـەی کامـپ دێڤـدی Camp David Accords سـاڵی ١٩٧٩، کارەکان توونـدتـر بـوون. لـە ئـاداری ١٩٧٩ کۆمپانیاکانـی مـسر لـە دەسـتەکە ویسـتی خۆیـان لـە پارەدارنەکردنـی پـڕۆژەکان ڕاگەیانـد و دەسـتبەجێ بـووە هـۆی بەڕێکردنـی شـازدە هـەزار فەرمانبـەری مـسری.

مـەروان یەکێـک لـە بەڕێکـراوەکان نەبـوو، چونکـە ئـەو پێشـتر لـە ئۆکتۆبـەری ١٩٧٨ دەسـتی لـەکار کێشـابوویەوە، بـەڵام نـەک بەهـۆی شکسـتی دەسـتە و لاوازی بەجێگەیاندنـی کارەکان، بـە پێچەوانـەوە ئـەو توانـای خـۆی لـە بەڕێوەبـردن سـەلماند بـوو، هەروەهـا پشـتیوانی سـعوودیا و ئەوانـی دیکەشـی هەبـوو، بەڵکـوو وەک هەمیشـە بەهـۆی هەوڵـی نەیارەکانـی ناوخـۆی مـسر و دەرەوە بـوو کـە دەیانویسـت بیخـەن، بـەڵام وەک هەمیشـە مەیلـە گەندەڵیخوازەکانـی ئـەو تەقەمەنییـەی پێـدان کـە پێویسـتیان پـێ بـوو.

ئـەو دوو کەسـەی جەنگێکـی یەکلاکەرەوەیـان لـە دژی مـەروان بەڕێوەبـرد، هەریـەک لـە ئیسـماعیل فەهمـی وەزیـری دەرەوە و موسـا سـەبری نووسـەری ڕۆژنامـەی ئەخبـار و یەکێـک لـە دۆسـتە کۆنەکانـی سـادات و پشـتوانکارە هـەرە گرنگەکانـی بـوو. هەروەهـا لەگـەڵ چەنـد یاریزانێکـی گرنگـی مـسر، وەک ڕۆژنامەنووسـان کـە لەسـەر خراپەکارەکانـی مـەروان ڕاپۆرتیـان بڵاودەکـردەوە و هەسـتیان بـە نیگەرانییەکـی زۆر دەکـرد کـە هێشـتا لـە بینینـی ڕۆڵـی سـەرەکی لـە کاروبـاری گشـتی، یـان تەنانـەت گەڕانـەوەی بـۆ گۆڕەپانـی سیاسـەت بەردەوامـە.

هەندێـک لـە تۆمەتەکانـی ڕوبـەڕووی کرابوونـەوە، بـی پاسـاو بـوون. بـۆ نموونـە، ڕۆژێـک نووسـەرێکی ڕۆژنامـەی ئەخبـار بـۆ بابەتێکـی دیاریکـراو

پەیوەنـدی بـە وەزیـری دەرەوە کـرد، بـەڵام فەهمـی پێـی گـوت لەبـری ئـەوەی تەکـەز لەسـەر ئـەوە بکـەی، پێویسـتە تەکـەز لەسـەر دزینـی ئـەو بـڕە ئەڵماسـە دزراوەی هوتێڵێکـی دیاریکـراوی لەنـدەن بـکات کـە بەهاکەی دەیـان هـەزار دۆلارە و مـەروان بەڕێکـەوت لـەو هوتێڵـە دابەزیبـوو. ئامانجـی فەهمـی وروژاندنـی سـکانداڵیک بـوو، تـا لـەو ڕێگەیـەوە وا بـکات کـە مـەروان تەنیـا فەرمانبەرێکـی حکومیـە، بـەڵام ئەوەنـدە دەوڵەمەنـدە زێـڕ و گەوهـەر لەگـەڵ خـۆی لـە ژوورەکـەی لـە هوتێـڵ هەڵگرتـووە. داوای لـە نووسـەرەکە کـرد، ئـەو بابەتـە بڵاوبکاتـەوە لەگـەڵ هۆشـیارکردنەوەی کە سـەرچاوەکە «نهێنـی و فەرمییـە». ڕاپۆرتەکـە تەنیـا لـە ڕۆژنامـەی ئەخبـاری یـۆم بڵاونەبوویـەوە، بەڵکـوو لـە ژمارەیـەک ڕۆژنامـەی دیکـەش بڵاوبوویەوە. وێـڕای ئەوەی بە شـێوەیەکی ئاشـکرا نـاوی مـەروان نەهاتبوو، بـەڵام هەندێ ئامـاژە هەبـوون کـە بـەس بـوون بـۆ ئـەوەی بزانرێـت مەبەسـت کێیـە. ئـەو کەیسـە کـە بـە سـکانداڵ ناسـێنرا بـە سـادات گەیشـتەوە و سـووربوو لەسـەر ئـەوەی بزانێـت کەسـی تێـوەگلاو کێیـە. کاتێـک موسـا سـەبری نـاوی مەروانـی هێنـا، سـادات فەرمانـی ئەنجامدانـی لێکۆڵینەوەیەکـی فراوانـی دا.

ئەمجـارە دەرکـەوت تۆمەتـەکان هەمـووی هەڵبەسـتراون [٣٠]، بـەڵام ئـەوە میلـی دەنگـۆی گووشـاری زیاتـری لـە دژی مـەروان نەوەسـتاند. یەکێـک لـە نووسـینگە سـەرەکییەکانی دەسـتەی پیشەسـازی عەرەبـی لـە لەنـدەن بـوو، مەروانیـش زۆر سـەردانی ئەوێـی دەکـرد. هـەرزوو دەنگـۆی گرێبەسـتی چـەک گەیشـتە قاهیـرە کـە مـەروان و کەمـال ئەدهـەم، دۆسـتی دێرینـی خەریکـی هۆنینـەوەن، هەندێجـار نـاوی جیهـان ساداتیش دەهاتـە نـاو نـاوان. دەگوتـرا لـە لەنـدەن مـەروان ئەپارتمانتێکـی هەیـە و لـە قومارکـردن لـە یەکێـک لـە یانەکانـدا سـامانە زەبەلاحەکـەی دۆڕانـدووە. هەروەهـا ئـەوەش دەگوتـرا مـەروان کاری زۆری بـۆ داخسـتنی ئـەو

گرێبەستە زەبەلاحە کردووە کە بە گوێرەیەوە کۆمپانیای هێڵی ئاسمانی مسری فڕۆکەگەلێکی لە کۆمپانیای بۆینگ کڕیووە و بە ئاگاداری ئەو کەمال ئەدهەم کرێیەکی گەورە لە هەر فڕۆکەیەک وەردەگرێ کە دەفرۆشدرێت. لە هەمانکاتدا هەندێ ڕاپۆرت بڵاوبوونەوە باسیان لەوە دەکرد، مەروان لەبەرانبەر هەڵگرتنی تۆمەتەکانی سەری دیاری گرانبەهای وەک تەلەفزیۆنی ڕەنگاوڕەنگ پێشکەشی کەسایەتییە باڵاکانی حکومەت و پیشەسازی سەربازی مسری کردووە [٣١].

ئەو زنجیرە ئاشکراکردنانە کە زۆرێکیان لەلایەن ئە گرووپە دەکرا کە دڵسۆزیان بۆ سادات هەبوو. گووشارەکانی سەر سەرۆکیان زیاد کرد، مەروان لە پۆستی سەرۆکی دەستەی عەرەبی بۆ پیشەسازی دووربخاتەوە، بەڵام سادات بە پێشکەشکردنی ژمارەیەک بیانوو بەڕەنگاربوویەوە، چونکە لە ئەنجامدانی ئەرکە هەستیارەکانی دەرەوە لەبری سەرۆک مەروان جێگرەوەی نەبوو، بەتایبەتی پەیوەندییە تایبەتییەکەی لەگەڵ سەرۆکی ڕژێمی لیبیا کە توانیبووی تەنگژە ئاڵۆزەکانی نێوان مسر و لیبیا چارەسەر بکات، لە شانشینی عەرەبی سعوودیاش بە ڕایەڵەکی کاریگەری پەیوەندیان لەگەڵ مسر دادەنا، بەتایبەتی لە کارە وردەکاندا کە دەرفەتی بۆ سادات ڕەخساندبوو دیالۆگی بەرهەمدار لەگەڵ مەلیک بکات. دواتر سادات خۆی بە قەرزاری مەروان دەزانی، بەهۆی پشکدارییەکانی لە هەوڵەکانی شەڕدا، بەتایبەتی لە بەدەستهێنانی فڕۆکەی میراژ لە فەڕەنسا لە ڕێگەی لیبیاوە [٣٢] .

لەگەڵ ئەوەشدا گووشارەکانی سەر سادات بەردەوامبوون. لەکاتێکدا لە ڕابردوو تاڕادەیەک بەرگەی بێزاری و قبوڵی نکۆڵیکردنی مەروان و بانگەشەکانی دەگرت کە گوایە ناسرییەکان دەیانەوێ دەرهەقی

بێـن، بـەڵام ئەمجـارە داواکاری سـەری مـەروان لـە دۆسـتە نزیکەکانـی سـادات وەک سـەبری و جووتـە بـرای جەمسـەری ڕاگەیانـدن مسـتەفا و عەلـی ئەمینـەوە بـوو. گوشـارەکانی ڕاگەیانـدن و ڕاپۆرتـە هەواڵگرییەکانـی بەیەکـەوە باسـیان لـە ڕەفتـاری مـەروان دەکـرد، سـادات پـەی بـەوە بـرد کـە دەبـێ کارێـک بـکات، بـەڵام ئـەوەی کارەکـەی عاسـی کردبـوو، ئەوەبـوو کـە هیـچ بەڵگەیەکـی بنبـڕ لەسـەر گەندەڵـی مـەروان بەردەسـت نەبـوو، بـەڵام تۆمارکردنـی گفتوگۆکانـی لەگـەڵ هەنـدێ لـە میرەکانـی کەنـداو کـە تێیـدا بێتاقەتـی و تەنانـەت دژبەرایەتـی خـۆی لـە سـادات دەربڕیبـوو، بـە دەرکەوتنـی نـا دڵسـۆزییەکەی یەکسـەر مـەروان بـووە ئامانجێکـی ئاسـان، دوای ئـەوە بـە ماوەیەکـی کـورت لـە لای سـادات سـکاڵای کـرد کـە ئامێـری گۆهـداری لـە نووسـینگەکەیدا هەیـە، بـەڵام سـادات سـکاڵاکەی پشـت گوێخسـت. ئیـدی پەیامەکـەی سـادات بـە ڕوونـی و بـەرزی بـە گوێچکـەی مـەروان گەیشـت. لەسـەرینی ئەمـەوە سـادات بڕیاریـدا ئـەو پارێزبەندییـە لابـدات کـە بـۆ ماوەیەکـی درێـژ مەروانـی بـە پاراسـتی هێشـتبۆوە و دەشیویسـت مـەروان ئـەوە بزانـێ [٣٣].

وەک ئـەوەی لـە زۆر بۆنـەدا بەسـەر مەروانـدا هاتبـوو، ڕاگەیاندنـی جێهێشـتنی پۆسـتەکەی لـە دەسـتەی پیشەسـازی عەرەبـی لـە ١٢ی ئۆکتۆبـەری ١٩٧٨دا، قسەوقسـەلۆکی زۆری لەگـەڵ خۆیـدا هـاورد. سـادات دەیویسـت کارەکـە بـە هێمنـی بـڕوات، بـەڵام بڕیارەکـە بـە گوێچکـەی موسـا سـەبری گەیشـت و بـە مانشـێتێکی گـەورە «کۆتایـی ئەفسـانەی ئـەشرەف مـەروان: بڕیـاری سـەرۆکایەتی بـە دەرکردنـی لـە دەسـتەی پیشەسـازی عەرەبـی و گواسـتنەوەی بـۆ وەزارەتـی دەرەوە» لـە ڕۆژنامـەی ئەخبـار بڵاوبوویـەوە [٣٤]. ئـەوە ساداتی تـوڕە کـرد، نـەک لەبەرئـەوەی دوای چەنـد کاتژمێرێـک خـۆی لەبـەردەم مونـای هاوژینـی مـەروان بینیـەوە

کـە فرمێسـک بـە چاوەکانیـدا دەهاتنـە خـوارەوە، بەڵکـوو لەبەرئـەوە بـوو کـە وتارەکـە بـە واتـای ئەوەبـوو کـە کچەکـەی عەبدولنـاسر شـووی بـە دزێـک کـردووە. سـادات بانگهێشـتی سـەبری کـرد و لەسـەر لـە گۆڕنانـی چیرۆکەکـە سـووربوو. بەکردەنـی لـە بڵاوکراوەکانـی دواتـردا کـە هەمـان ڕۆژ لـە ڕۆژنامەکـە دەرچـوون بـاس لـە «دەسـت لەکارکێشـانەوەی» مـەروان و دامەزراندنـی لـە پۆسـتێکی بـاڵا لـە وەزارەتـی دەرەوە کـرا. دوای ماوەیەکـی کـورت سـادات بـە چەنـدان ئەرکـی دیپلۆماسـی نوێـی نـارد، بۆئـەوەی وا دەرکـەوێ کـە هێشـتا مـەروان جێـی ڕەزامەندییـە. ئەمـە هەسـتی سـەبری برینـدار کـرد و وای هەسـت کـرد کـە لەسـەرینی ئەمـەوە دووچـاری ئـازار بووەتـەوە، ئـەو هەسـتە ئەوکاتـە تـۆخ بوویـە کـە ساداتی هاوڕێـی تەمەنـی وەڵامـی پەیوەندییەکانـی نـە دەدایـەوە و دیدارەکانیشـی ڕەتدەکـردەوە. لەبەرانبـەر ئـەوەدا سـەبری دەسـتی لـە سەرنووسـەری ڕۆژنامـەی ئەخبـار کێشـایەوە، هەرچەنـدە لـە کۆتاییـدا ڕازیبـوو دەسـت لەکارکێشـانەوەکەی بکێشـێتەوە، بـەڵام پەیوەنـدی نێـوان ئـەو دووانـە هەرگیـز بـە تـەواوی چـاک نەبوویـەوە[٣٥].

وەک دواجـار، سـادات کـە خـۆی بینـی مـەروان لـە کارەکـەی دووردەخاتـەوە، ئەمجـارە بـۆ گەڕانـەوەی شـکۆ و ڕێـز بـە یاریـدەرە کۆنەکـەی وەک پاڵەوانـی نەتەوەیـی خەڵاتـی کـرد، لـە ئاهەنگێکـی فەرمیـدا کـە دەزگاکانـی ڕاگەیانـدن بـە فرەوانـی بڵاویـان کـردەوە، سـادات بەرزتریـن مەدالیـای کۆمـاری مـسری پـێ بەخشـی و دووپاتـی لـە دەسـتکەوتەکانی مـەروان لـە شـەڕی یـۆم کیپـووردا کـرد. لـە وتەیەکیـدا سـادات باسـی لـەوە کـرد کـە بـە هەوڵـی مـەروان «هێـزی ئاسـمانی مـسری توانـی وەکـو پێویسـت ئەرکـە جەنگییەکانـی تـەواو بـکات» [٣٦]. دواتـر مـەروان لەبـەردەم ڕاگەیاندنـدا بـۆ سـەلماندی دڵسـۆزی خـۆی بـۆ مـسر و پشـتیوانیکردن لـە

بانگەشـەکانی سـوودی لـە هـەردوو مەدالییەکـە وەرگـرت کـە سـیخوڕێکی دووسـەرەبووە و بـۆ بەرژەوەنـدی مـسر دژی ئیسرائیـل کاری کـردووە.

لـە دەرەوە دوورخسـتنەوەی مـەروان بـە پەرەسـەندنێکی گرنگـی نـاو سـەرکردایەتی مـسر دانـرا، چەنـد ڕۆژێـک بـەر لـە نمایشـە سـەربازییەکەی کـە بەبۆنـەی سـاڵڤەگەڕی شـەڕی یـۆم کیپـوور بەڕێوەچـوو، دەسـت لـە کارکێشـانەوەی عەبدولغەنـی جەسـمی کەسـایەتیی گرنـگ و فەرمانـدەی دەسـتەی ئەرکانـی سـوپا ڕاگەیەنـدرا. ئیـدی ڕۆیشـتنی مـەروان وەک ئامـاژەی هەوڵەکانـی سـادات دانـرا لـە چوارچێـوەی پرۆسـەی پاککردنـەوەی ناومـاڵ، تـا هاوسـەنگیەک لەنێـوان هـەردوو بلۆکـە ڕکابەرەکـەی نـاو ڕژێـم بەدیبهێنـێ.

ئـەو کەسـەی لـەو هەژاندنـە زۆرتریـن سـوودی بینـی، حوسـنی موبارەکـی جێگـری بـوو کـە لەنـاکاو دوو لـە ڕکابـەرە سـەرەکییەکانی دوورخرانــەوە [٣٧].

تەنانـەت بەرلـەوەی مـەروان لـە گۆڕەپانـی گشـتیدا وەلابنرێـت، لـەلای مۆسـاد پێگـەی مـەروان لـەرزی بـوو، بـەڵام نەگەیشـتبووە پچڕانـی یەکجارەکـی، چونکـە هـەر جارێـک سـەردانی ئەوڕووپـای بکردبـا، زانیارییەکانـی بـە سەرپەرشـکارەکانی دەدا، بـۆ نموونـە لـە گفتوگۆکانـی دوای شـەڕی یـۆم کیپـوور لەگـەڵ ئیسرائیلـدا لەبـارەی لێـک هەڵاوێردنـی هێـزەکان، مـەروان زانیـاری هەسـتیاری دا کـە ئاگربەسـتی بـەرەی باشـووری ئیسرائیـل بـە سـەرکەوتووی بـە کۆتایـی بێـت. کاتێـک دوای چەنـد مانگێـک ئیسرائیـل ویسـتی لەگـەڵ سـووریاش ڕێککەوتنێکـی هاوشـێوە بـکات. وەک بینیـمان مـەروان وێنەیەکـی پـڕ بەپێسـتی لەسـەر سـەرۆکی سـووریا پێشـکەش کـرد.

لە ڕاستیدا شەڕیش جۆرە لادانێکی لە پەیوەندییەکە دروست کرد کە بەشێکی بۆ هۆکارە کەسییەکان دەگەڕایەوە. ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی مسر لە ڕۆژانی یەکەمی شەڕ بەدەستیهێنا، بەتایبەتی کە ئالآی مسر لەسەر هێڵی بارلیڤ بەرزکرایەوە، ئەمە ئەندازێکی باش لە شکۆی بۆ عەرەب گێڕایەوە کە لە نسکۆی حوزەیرانی ١٩٦٧ لە دەستیاندا بوو. بەشێک لە مۆتیڤی بنەڕەتی کە وایکردبوو مەروان کار بۆ ئیسرائیل بکات، لەو حەزەیەوە سەرچاوەی گرتووە کە دەخوازێ هەمیشە لە ململانێدا لە پاڵ براوە بێت. لە دیدارێکیدا لەگەڵ سەرپەرشتکارەکانیدا کە دەستبەجێ دوای شەڕ بەڕێوەچوو، بێزاری خۆی لەو زیانە گەورە لە ناکاوەی ئیسرائیل دەربڕی کە وێڕای وریاکردنەوەکانی، بەڵام بەهۆی سوود وەرنەگرتن لە پلانی شەڕ بەسەر سوپای بەرگری ئیسرائیل هات کە وردەکارییەکەی پێدابوون. لەناکاو ئیسرائیلییەکان ئەو هێزە تەواو و نەبەزیوە دەرنەچوو کە ڕۆژانێک وابوون. هەروەها مسرییەکانیش ئەو هێزە گەمژە و ڕێسوایە نەبوو کە شەرمی بە هاوپەیەیمانی کردنی بێت.

هەروەها هەندێک لە پاڵنەرە بنەڕەتییەکان کاڵبوونەوە، ئێستا ئەو کەسێکی پارەدارە و ئەو پارەیەی لە مۆسادی وەردەگرت، وەک ڕابردوو واتایەکی بۆی نییە، خەڵاتێکی گەورە لە حکومەتی مسر وەردەگرێت و هێشتاش لە زۆربەی پایتەختەکانی جیهان جێگەی ڕێزە. ئەمەش زۆر لە برینەکانی سارێژ کرد کە بەهۆی خەزووریەوە تووشی هاتبوو. بێگومان بڕیارگەلێک بوون کە لە بڕیاردانی ناپاکی کردن لە وڵاتەکەی ڕۆڵێکی بنەڕەتیان هەبوو.

هەروەها ئەو گۆڕانکارییەی لە پەیوەندی نێوان مسر و ئیسرائیل هاتە کایەوە، هۆکارێکی دیکە بوو. کۆتاییهاتنی شەڕ، ڕێککەوتنی

ئاگربەســت و خــۆ گواســتنەوەی مــسر لــە کەمپــی ســۆڤیەت بــۆ کەمپــی ئەمریـکا، ئەمانـە هەموویـان بەسـەریەکەوە دەرگەیـان لەبـەردەم پرۆسـەی ئاشــتییەکی ڕاســتەقینە واڵا کــرد و تــا ڕادەیــەک ئەگــەری دەســتپێکردنی شــەڕێکی نوێــی مــسر بــۆ ســەر ئیسرائیــل زۆر کــەم ببوویــەوە. ســەرەنجام مۆسـاد پێیوابـوو فریشـتەکە ئـەو ڕۆڵـە گەورەیـەی جـاران دەیگێـرا- ئەویـش ورياكردنــەوە بــوو لــە مەترســی هێرشــی مــسری لەنــاکاو- وەکــو جــاران بایەخــی نەمــاوە.

وێــڕای ئــەوە، مــەروان لــە پێدانــی زانیــاری هەواڵگــری هەســتیار لەســەر سیاســەتی دەرەوەی مــسر بــە ئیسرائیــل بــەردەوام بــوو. هــەر لــە ناوەڕاســتی حەفتاکانــەوە بــەردەوام ئــەو پەیامــەی بــۆ سەرپەرشــتکارە ئیسرائیلییــەکان دووبــارە دەکــردەوە کــە ســادات چــاوی لەوەیــە کۆتایــی بــە ململانێــی لەگــەڵ ئیسرائیــل بهێنــێ و لەبــری ئــەوە تەکــەز لەســەر «بونیاتنانــی مــسر» بــکات، بــەڵام بیرۆکەکانــی ســەرۆک لەبــارەی ئاشــتییەوە، بــەلای مۆســاد و دەزگا هەواڵگرییەکانــی دیکــەی ئیسرائیلــی، وەک بیرۆکەکانـی لەبـارەی شـەڕ بایەخـدار نەبـوون، بۆیـە ئـەو زانیاریانـەی مــەروان دەیگوازتنــەوە، بــە ئەنــدازەی ڕابــردوو بایەخــی پــێ نــەدەدرا. دوای ئــەوەی ســادات دەســتی بــە پرۆســەی ئاشــتی کــرد، بەتایبەتــی دوای مۆرکردنــی ڕێککەوتنــی کامــپ دێڤیــد، مــسر بــووە پێشــینەیەکی پلــە نزمــی بایەخــی هەواڵگــری ئیسرائیلــی، هەروەهــا ئــەشرەف مەروانیــش.

هەروەهــا پاشەکشــەی پێگــەی مــەروان لــە ئیسرائیــل ڕەنگدانــەوەی بەســەر ئــەو بــە پارێزییــەوە هەبــوو کــە ئیسرائیلییــەکان لەگــەڵ هەواڵگرییەکانـی پڕاکتیسـەی دەکـرد. ڕۆژێکیـان دۆسـتێک لـە CIA وریـای کــردەوە کــە تــا زانیارییــەکان بــە ڕێگەیــەک بــە ئیسرائیــل نەگــەن، ئــەو نایانزانــێ- ئامــاژەی بــەوەدا پێویســتە ئیسرائیــل دەســتبەرداری ئــەو شــێوازە

بێـت کـە بۆماوەیەکـی درێـژ لـە «دووبـارە داڕشـتنەوەی» زانیارییەکانـی مـەروان پشـتی پـێ دەبەسـت، بەشـێوەیەک وای دەکـرد پێـش ئـەوەی زانیارییـەکان بگەیەنێتـە ئەمریکییـەکان، مەحـاڵ بێـت بزانـی سـەرچاوەکە کێیـە. مـەروان بـە توونـدی ئـەو سـکاڵایەی لـە لای دوبـی کـرد و لەوبـارەوە بـۆ ئاشـکراکردنی هـۆکارەکان و دووبارەنەبوونەوەیـان ڕێوشـوێن گیرایەبـەر، بـەڵام پێدەچـوو پارێزگاریکـردن لـە بـە نهێنـی هێشـتنەوەی بابەتـی مـەروان بـەلای ئیسرائیلیەکانـەوە بـە ڕادەی پێداگیـری ڕابـردوو نەبێـت.

جگـە لـەوە ئامـاژەی دیکـە هەبـوون، لـە هاوینـی ١٩٧٤ کاری زامیـر لـە سـەرۆکایەتی مۆسـاد کۆتایهـات، جێگرەوەکـەی جەنەڕاڵـی خانەنشـین یتزاک(ئیسـحاق) هۆفـی بـە پێویسـتی نەزانـی خـۆی لـە سەرپەرشـتکردنی مـەروان بەشـدار بێـت و دوبـی بـووە تاکـە ڕایەڵی پەیوەنـدی نێـوان مەروان و مۆسـاد. هەروەهـا دیدارەکانیـان زۆر لەیـەک دوور بـوون، لەکاتێکـدا بـەر لـە شـەڕ بـە لانـی کـەم مانگـێ دووجـار یەکدیـان دەبینـی و هەندێجـار لـەوەش زیاتـر بـوو، ئێسـتا وای لێهاتبـوو مانگـێ یـان دوو مانـگ جارێـک یەکدیـان دەبینـی. لـە ناوەڕاسـتی حەفتاکانـەوە، دوبـی لەندەنـی جێهێشـت و گەڕایـەوە تـا لـە ئیسرائیـل جێگیـر بێـت، بۆیـە نەدەتوانـرا مـەروان ببینـێ بـێ ئـاگاداری پێشـوەختە کـە فریشـتەکە دەهاتـە شـار، بـەڵام هەرگیـز ئـەوە ڕووی نـەدەدا کـە بایەخـی مـەروان بـۆ مۆسـاد لەوپەڕیـدا بـوو.

تەنانـەت ئـەو کرێیـەی بـە مـەروان دەدرا، پاشەکشـەی تـەواوی کردبـوو، لـە شـەڕی یـۆم کیپـووردا ئـەو پارەیـەی بـە یەکجـار پێـی دەدرا دەگەیشـتە ٥٠ هـەزار دۆلار، دوای شـەڕ سـاڵانە ١٠٠ هـەزار دۆلاری وەردەگـرت کـە لەچـاو پێشـان زۆر کـەم بـوو. مەسـەلەکە ئـەوە نەبـوو کـە پێویسـتی بـە پارەیـە، جارێکیـان ڕێنویکارەکـەی گوتـی لـە ڕاسـتیدا ئـەو هەرگیـز ناخـوازێ بـە بەرانبـەر کار بـکات و بـۆ مـاوەی چەندیـن سـاڵ بـێ بەرانبـەر

زانیارییەکانی پێشکەش دەکرد، بەڵام لە کۆتایی حەفتاکان بە دۆخێکی قورسی ئابووریدا ڕەتبوو و داوای یارمەتی لە مۆساد کرد. هۆفی ڕازی بوو بۆ یەکجار نیو ملیۆن دۆلاری پێ بدرێت لەبەرانبەر ئەو هەموو ساڵەی بە خۆڕایی زانیارییەکانی پێشکەش دەکرد. ئەوەش دواجار بوو کە فریشتەکە بڕە پارەیەک لە باجدەرانی ئیسرائیل وەربگرێت.

ئەمانە هەمووی جارێکی دیکە ئەو پرسیارە دێنێتەوەڕوو، بۆچی مەروان کە بارودۆخ مەترسییەکی ئاشکرای بۆ سەر پیشە و ژیانی دروست دەکرد، بەڵام لەکارکردن لەگەڵ ئیسرائیل بۆ چەندان ساڵ بەردەوامبوو، تەنانەت کاتێک لە ساڵی ١٩٨١ بۆ بەرژەوەندی خۆی مسری جێهێشت؟ ئاشکرایە پاڵنەرەکە پارە و پێگە کەسییەکەی لە مسر نەبوو، چونکە کاتێک لە لوتکەی شکۆمەندی خۆیدا بوو، بەڵام لە یارمەتیدانی ئیسرائیل بەردەوام بوو. هەروەها ناچاریش نەبوو، بۆیە هیچ هۆکارێک لەبەردەست نییە، پێمانوابێت ڕۆژانێک مۆساد لەسەر مەروانی سەپاندبێت، بە دژی ویستی خۆی کارێک بکات.

دیارە یەک ئەنجام هەیە کە پێدەچێ لۆژیکی بێت. ڕۆڵی مەروان وەک سیخوڕ هەندێ لە پێداویستیەکانی بۆ فەراهەم دەکرد و ئامادەی دەستبەردابوونی نەبێت. ڕەنگە سرووشتی ئەو لەززەت و ڕیسکە بێت کە لە کاری سیخوڕیدا هەیە. تەنیا بە چێژ لێوەرگرتن، بەلایەوە گەڕانەوە بۆ ژیانی «سرووشتی» بژاردە نەبوو. دیارە لە ڕووحیدا خولیایەکی هۆلیودنانەی بەرانبەر ژیانی سیخوڕی هەبوو. لە قۆناغێکی دیاریکرودا بەو باوەڕە گەیشتبوو ئەگەر واز لە کارکردن بۆ بەرژەوەندی ئیسرائیل بهێنێ، ڕەنگە مۆساد هەوڵی کوشتنی بدات. ئەوەی وایکرد ئەو باوەڕەی لە لا گەڵاڵە بێت، بابەتێکی تەواو ناڕوونە، بەڵام بۆ چەندین ساڵ هەر لە تۆڵەکردنەوەیان دەترسا. دواجار، بەشێک لە

پاڵنەرەکانی پەیوەندی بە پەیوەندییە تایبەتییەکەی هەبوو کە لەگەڵ دوبی پەرەی پێدابوو و هەر بەناوی «ئەلیکس»ەوە دەیناسی. تەنانەت کەسێکی زۆرزان و چەلەنگی وەک مەروانیش پێویستی بە کەسێک و شوێنێک هەبوو بتوانی متمانەی پێ بکات و پشتی پێ ببەستێ. لەسەر گۆی زەوی دوبی ئەو کەسە بوو بتوانێ ئەوە بکات، چونکە بەلای مەروانەوە کۆبوونەوەکانیان جۆرێک لە دانیشتنی دانپێدانان بوو. هەر کەسێک، تەنانەت تاوانبارە هەرە تووندەکانیش، پێویستیان بە کەسێکە لەلای دانپێدانان بکات. هەر لەبەرئەوە بەردەوام هەوڵەکانی مۆسادی بۆ گۆڕینی دوبی بە سەرپەرشتکاری دی، یان زیادکردنی کەسی دووەم ڕەتدەکردەوە.

ئەو تاکە بۆنەی جێگرەوەی زامیر بە دیداری مەروان قایل بوو، ئامانج لێی باوەڕهێنانی بوو بە کەسی دووەم، هۆفی شیکردەوە کە سەرپەرشتکاری نوێ تەنیا ئەوکاتە جێگەی «ئەلیکس» دەگرێتەوە کە ئەلیکس نەخۆش بێت، یان بەهۆی هۆکاری کەسییەوە نەتوانێ ئامادە بێت، بەڵام مەروان زۆر سەرڕەق بوو و دووپاتی کردەوە ئەگەر کەسی دووەم بۆ ئۆپەراسیۆنەکەی زیاد بکرێت، ئەوە ئیسرائیل جارێکی دی نایبینێتەوە. هوفی تەسلیمی بوو و بۆ ساڵانی دواتر دوبی وەک تاکە سەرپەرشتیاری مەروان بەردەوام بوو.

تەنانەت دوای ئەوەی مەروان ژیانی گشتی جێهێشت، بەڵام چاوی گشتی لەسەری لانەچوو، هەروەها هەستی دەکرد هیچی دی سەرۆک پشتیوانی نییە، وەک چۆن شارک نێچیرەکەی ڕاو دەکات، ڕۆژنامەکانی مسریش بەوشێوەیە ڕاویان دەکرد و ژمارەی ڕاپۆرتە بڵاوبووەکان لە ژمارە نەدەهاتن، بێئەوەی ڕاست بن یان هەڵبەستراو بەردەوام باسیان لە سەودا گەندەڵییەکانی لە سێکتەری زەویوزار دەکرد و

زێدەڕۆیی زۆریش لەبارەی سامانەکەیەوە دەکرا. ساڵی ١٩٨١ ئەو بابەتە گەیشتە ئەوپەڕ، کاتێک عوسمان ئەحمەد عوسمان بزنسکاری مسری بیرەوەرییەکانی خۆی بڵاوکردەوە کە لە سادات نزیک بوو کە کوڕە گەورەکەی لەگەڵ کچە گەورەکەی سادات هاوسەرگیری کردبوو، لە پەرتووکەکەیدا عوسمان هێرشی کردبووە سەر سیاسەتەکانی عەبدولناسر، هەروەها ئەوەشی گوتبوو کە ئەشرەف مەروان و مونای هاوژینی ٤٠٠ ملیۆن جونەیهی مسریان کۆکردۆتەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ناڕەوایانەی پێگەیان وەک ئەندامی بنەماڵەی سەرۆکی ڕێزلێگیراو، مەروان وەک بەرگریکاری بنەماڵەی عەبدولناسر و ئەو تۆمەتانەی ڕەتکردەوە و گوتی، «تەنیا ئەگەر خودا چەند ساڵێکم پێ ببەخشێ بژیم، لەوانەیە هەوڵ بدەم سەدا یەکی ئەو گوژمەیە بەدەست بهێنم»، بەڵام هەوڵەکانی مەروان بۆ پووچەڵکردنەوەی بانگەشەکانی عوسمان و ئەوانەی موسا سەبری لە ڕۆژنامەی ئەخباری یۆم بڵاوی کردبوونەوە، هەمووی بێهودە بوو. هەروەها ئەو چاوپێکەوتنە دەگمەن و دورودرێژەی مەروان لەگەڵ ڕۆژنامەکە کردبووی، وێڕای تکا دووبارەبووەکانی مەروان لە سەبری بۆ بڵاوکردنەوە، بەڵام هەرگیز بڵاونەبوویەوە [٣٨].

هاوکات، وێڕای شتەکان، مەروان لە پەیوەندییە نا فەرمییەکانیدا لەگەڵ ئەنوەر و جیهان سادات بەردەوام بوو، زیاد لە جارێک لە ماڵیاندا بینراوە و ساداتی لە دیدارە جۆراوجۆرەکانی ئاگادار کردۆتەوە کە لە جیهانی عەرەبیدا ئەنجامیدا بوون. هەروەها لە بۆنەی دیکەشدا لە گەشتەکانی دەرەوەدا یاوەری ساداتی دەکرد. لەوانە بەشێکی ئەوە بەهۆی ئەو خۆشەویستییە بێت کە سادات بۆ مونا هەیبوو، بە بۆچوونی هەندێک کەس سادات خۆی لە جێی باوکی دادەنا، یان ڕەنگە بەهۆی ئەو ساردییەوە بێت کە لەنێوان مونا و ئەندامانی دیکەی بنەماڵەی

عەبدولنـاسردا هەبـوو. بێگومـان ئـەشرەف سـوودی لـە بەردەوامـی ئـەو پەیوەندییـە دەبینـی، تەنانـەت ئەگـەر لەبـەر یـەک هۆکاریـش بێـت وای دەبینـی کـە هێشـتا جیهـان بەتـەواوی هەژموونەکـەی لـە دەسـت نـەداوە، بـەڵام نەپچڕانـی پەیوەنـدی لـە نێـوان سـادات و مـەروان بـە تـەواوی، ترسـی لای دوژمنەکانـی مـەروان دروسـت کردبـوو، لەوانەیـە ڕۆژێـک لـە ڕۆژان بگەڕێتـەوە گۆڕەپانـی سیاسـەت. بۆیـە بۆچوونیـان وابـوو دەبـێ وتارەکانـی دژ بـە مـەروان لـە ڕۆژنامەکانـدا بـەردەوام بـن [٣٩].

مەترسـیەکانیان ڕەوا بێـت یـان نـا، بـە تیرۆرکردنـی سـادات لـە ٦ی ئۆکتۆبـەری ١٩٨١دا لـە نمایشـێکی سـەربازیدا بـە بۆنـەی هەشـتەمین ساڵڤەگەڕی شـەڕی یـۆم کیپـوور، ئەگـەری گەڕانـەوەی مـەروان بـووە بڵقـی سـەرئاو. سـادات کـە مەروانـی پاراسـت و بـەرزی کـردەوە پێویسـتی پێـی بـوو، هیـچ کاتێکیـش متمانـەی تـەواوی لـە دەسـت نەدابـوو، ماڵئاوایـی کـرد و ڕۆیشـت. حوسـنی موبـارەک جێگـەی گرتـەوە کـە نـە دوژمـن بـوو نـە دۆسـت. بـەلای کەسـێکی وەک ئـەشرەف مەروانـەوە کـە تینـووی سامان، ڕێـز و سـەرکەوتن بـوو، قاهیـرە ئـەو شـوێنە نەبـوو کـە زۆری پـێ ببەخشـی، بـەڵام لـە مانـەوە و بەسـەربردنی کاتێکـی زۆر تێیـدا بـەردەوام بـوو، بـەزۆری لەگـەڵ بنەماڵەکەیـدا. هەروەهـا کاروبارەکانـی بزنسـی خـۆی لـە قاهیـرە فەرامـۆش نەکردبـوو، بەتایبەتـی سـێکتەری زەویـوزار، بـەڵام ماڵئاوایـی سـادات بـۆ ئـەو ئامـاژەی سـەرلەنوێ دەسـت پێکردنـەوە بـوو، تـا وەرزێکـی نوێـی چیرۆکەکـەی دەسـت پـێ بـکات. بـە ماوەیەکـی کـورت دوای سـوێندخواردنی حوسـنی موبـارەک، ئـەشرەف مـەروان گواسـتیەوە لەنـدەن و بـۆی بـووە ناوەندێکـی ژیانێکـی نـوێ.

# پاژی دوازدەم

## فریشتەیەك لە شار، ئاشكراكردنی زاوا

ئینگڵتـەرا بـۆ مـەروان، كاتێـک لـە سـاڵی ١٩٨١ ڕووی تێکـرد، وڵاتێکـی نامـۆ نەبـوو، چونكـە لەنـدەن ماڵـی دووەمـی بـوو، بەتایبەتـی كاتێـک لـە كۆتایـی شەسـتەكانەوە بـە مەبەسـتی تەواوكردنـی خوێندنـی ماسـتەر بـۆ یەكەمجـار سـەردانی کـرد. لەنـدەن بـۆ ئـەو پاناگـە بـوو، ناوەنـدی پشـوودان بـوو، بنكـەی ژمارەیـەک لـە بزنسسـەكانی بـوو، بێگومـان سـەنتەری ژیانـی سیخوڕیشـی بـوو.

وێـڕای خۆشەویسـتی بـۆ لەنـدەن، بـەڵام دەسـتبەجێ خێزانەكـەی لەگـەڵ خـۆی نەبـرد. مونـا و منداڵەكانـی كـە تـازە لـە قۆناغـی هـەرزەكاردا بـوون، لـەو باڵەخانـە دڵگیـرەی پاریـس نیشـتەجێبوون كـە مـەروان لـە شـەقامی فـۆش بـۆی كڕیـوون كـە یەكێـک لـە گەڕەكـە دەوڵەمەنـد نشـینەكانی جیهـان بـوو و هـەردوو بنەماڵـەی Rothschild and Onassis لێـی نیشـتەجێبوون. لـە سـاڵانی بەراییـدا، بـە لانـی كەمـی هەمـوو كۆتایـی هەفتـە مـەروان خێزانەكـەی دەبینـی.

نیـوە چارەگـی سـەدەی دادێـی ژیانـی مـەروان بـۆ كەڵەكـردن و بەسـەریەكەوەنانی سامان تەرخـان بـوو، بـەڵام ئـەوەش بە چیرۆكـی تەماوی و هـاودژ دەورەدرابـوو، تەنانـەت ئـەو كەسـانەی ئاگادارییەكـی تەواویـان لـە كەشـوهەوای كاركـردن لـە لەنـدەن هەبـوو، نەیاندەتوانـی شـیكردنەوە

لەسـەر چۆنیەتـی کۆکردنـەوەی ئـەو بـڕە پـارە بـدەن کـە مـەروان کـۆی کردبوویـەوە، بەشـێکی ئـەوەش بـۆ کەسـایەتی و خەسـڵەتەکانی مـەروان دەگەڕایـەوە، هەروەهـا بـە کەلتـووری «شـارەکەش» پەیوەسـت بـوو کـە ناوکـی دارایـی لەنـدەن پێـی نـاسراوە کـە تـا هەشـتاکان لەسـەر بنەمـای هاوڕێیەتـی، مەزەنـدە، ڕێسـا و نەریـت پێـڕەوی لـە ڕێسـایەکی تونـد دەکرد، بـە پێچەوانـەی جیهانـی کاری ئەمریکـی کـە لەسـەر بنەمـای پابەندبوونـی تونـد بـە یاسـا و پێشـبڕکێی جـدی، گەشـەی خێـراو و هەوڵـی چـڕ بـۆ کۆنترۆڵکـردن بـوو، جـا بەهـەر نرخێـک بێـت. کولتـووری کار لـە لەنـدەن لـە کرۆکیـدا ئۆرسـترۆکراتیانە بـوو و لـە زۆر لایەنـدا یـاری کریکیتـمان بـە بیردەهێنێتـەوە کـە لـە یارییەکـە نابـێ تەکنیکـەکان لـە یاسـاکان گرنگـتر بـن، واتـە تـا ئـەو دواییانـە بڕێکـی کـەم لـەوەی ئەمـڕۆ پێـی دەگوتـرێ ‹شـەفافیەت» transparency ڕێژەیەکـی کـەم لـە کارەکان لـە لەنـدەن لەلایـەن حکومەتـەوە سەرپەرشـتی دەکـرا. هەروەهـا شـتەکی کـەم نەبێـت دەنـا نەدەزانـرا بـە کردەنـی چ ڕوودەدات، بەهـۆی بوونـی ڕێککەوتنێـک لەسـەر پابەندبـوون بـە ڕێسـاکان کـە لـە کۆمەڵێـک ڕێسـای نەنـووسراو پێکهاتبـوو، بـەڵام لـەڕووی توونديانـەوە لـە خـودی یاسـاکان کەمـتر نەبـوو.

مـەروان بەشـێک نەبـوو لـە یانـەی ئـەو جوامێرانـە، وێـڕای ئـەوەی ئەپارتمانتێکـی لـە دەوڵەمەندتریـن گەڕەکـی شـار هەبـوو، هەروەهـا وێـڕای ئـەوەی بـە ترومبێڵـە لیموزینـە درێژەکـەی دەسـوڕایەوە، بـەڵام هێشـتا لـە «شـار» نامـۆ بـوو. لەگـەڵ ئـەوەی هیـچ کات نەچووبـووە قوتابخانـە ناوخۆییـەکان، بـەڵام بـاش دەیزانـی کـە چ جیهانێکـی داخـراوە، تەنانـەت چەنـد ڕاسـیزمن. بۆیـە کاتێـک لـە «شـار» پەیوەندییەکانـی چـێ کـرد، زیاتـر لەگـەڵ کەسـە نامۆکانـی وەک خـۆی بـوو، کەسـانێک لەبەرئـەوەی لەکەسـە دەرکـراوەکان بـوون، وایـان هەسـت دەکـرد پێویسـت بـەوە نـاکات زۆر خۆیـان بـە ڕێسـا نەنووسراوەکانـی یارییەکـە پابەنـد بکـەن. ئـەو ڕاسـتییە

پەراوێزێکی لە کۆت و دەرفەتەکان بۆ فەراهەم کردبوو کە بۆ ئەوانی دی بەردەست نەبوو، لەخۆیدا دوای چەند دەیە ئاستەنگی گەورەی لە پەرەپێدانی جووڵانەوەکانیان دروست کرد.

یەکەم بەستەکی مەروان بە جیهانی کار لە لەندەن، بەر لە جێهێشتنی مسر بوو. لە ساڵی ١٩٧٩ ڕێژەی ٤٠ لە سەدی لە پشکەکانی کۆمپانیایەکی بچووکی کارگۆی ئاسمانی بەناوی ترێیدویندز کڕی کە ساڵی ١٩٦٩ هاتبووە دامەزراندن و ساڵی ١٩٧٨ بە یەکێک لە کۆمپانیا زەبەلاحەکانی بەریتانیا بەناوی لۆنرۆ فرۆشرا کە لەلایەن ملیۆنێرێکی بەریتانی بەناوی ڕۆڵاند سەرۆکایەتی دەکرا، ساڵی ١٩٧١ مەروان لەڕێگەی دۆستە نزیکەکەی شێخ عەبدوڵلا ئەلسوباح و سوعادی هاوژینیەوە ناسیبووی و هەروەها ناسیاوی لەگەڵ ڕوشدی سوبحی سەرۆکی Allied Arab Bank کرد. دروستکردنی پەیوەندییەکەی لەگەڵ رۆڵاند بووە ناوکی پڕۆژە ئابوورییەکانی لە لەندەن تا ئەوکاتەی لە ساڵی ١٩٩٨ ڕۆڵاند کۆچی دوایی کرد.

بۆ یەکەمجار ڕۆڵاند و مەروان لە ساڵی ١٩٧٠ یەکدیان بینی، کاتێک یەکەمجار بۆ سۆراغکردنی پەمۆی مسری هاتە قاهیرە. کاتێک سادات بە مەروانی ناساند، لەڕێگەی پەیوەندییەکانی ئەو لاوە مسرییەوە ڕۆڵاند بە سەرانسەری جیهانی عەرەبییەوە ئاشنابوو و ئەو هەستەی لا چەکەرە کرد کە مەروان دەزانێ چۆن بە هەموو ئەو شتانەی بگەیەنێ کە پێشکەشی بەرژەوەندییەکانی بکات. هەرزوو ئەو دووانە لەگەڵ یەکدی گونجان، یەکێک لەو هۆکارانەش شێوازی کارکردنیان بوو کە ڕەنگدانەوەی هاوشێوەی چیرۆکی ژیانیان بوو، هەردووکیان تینووی بێ پایانی پارە و هەژموون و خۆبینییەکی توند و شکۆ و ڕیسک بوون. هەردووکیان بەوە جیادەکرانەوە کە توانای ئاشکراکردنی

خاڵی لاوازی ئەوانیدیان هەیە تا بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری بهێنن. هەردووکیان لە دەرەوەی شانشینی یەکگرتوو لە دایک ببوون UK، (ڕۆڵاند لە کەمپی دەستگیرکراوان لە هیندستان کە لەوێ باوانی لە شەڕی یەکەمی جیهانی لەلایەن ئینگلیز دەستگیرکرابوون و بە بنەچە هۆڵەندی و ئەڵمانی بوون)، هەردووکیان بە «شارەکە» نامۆ بوون و بە ڕێساکانی پابەند نەبوون. بۆ نموونە ڕۆڵاند پێشنیاری بۆ سێر ئەنگوس ئۆگیلڤی کرد بێتە ناو ئەنجوومەنی کارگێری کۆمپانیاکە کە پێشتر خاوەنی کۆمپانیای لۆنرۆ بوو، کە هاوسەری کچی مامی شاژن بوو. هەردووکیان ڕێککەوتن کە هەندێ لەو پاداشتانەی ئۆگیلڤی وەریگرتوون لە ڕێگەی کەنەداوە ڕەوانەی سەر ژمارە بانکییەکەی لە سویسرا بکرێ، بەمەش ئۆگیلڤی لە دانی باج دووردەکەوێتەوە. لە ڕوانگەی ڕۆڵاندەوە هەموو ئەو مامەڵەکردنە ناڕەوایە بۆ دڵنیابوون لە بەدەستهێنانی دڵسۆزی ئۆگیلڤی لە ئەنجوومەنەکە بوو کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندی ئەو دەکات، بەڵام کاتێک دەرکەوت کۆمپانیاکە پێشێلی سزا سەپێنراوەکانی بەریتانیای بە سەر ڕژێمی سپی ڕۆدۆسیای کردووە، تەواوی بۆردەکە بە ئۆگیلڤیەوە دژی ڕۆڵاند دەنگیان دا. لەبەرانبەردا ڕۆڵاند دزەی بە خۆدزینەوەی ئۆگیلڤی لە دانی باج بۆ ڕۆژنامەکان کرد کە پێشێلکارییەکی زەقی کۆدی پەسەندکراو مامەڵەکردن بوو کە لە «شار» ڕێککەوتنی لەسەر کرابوو، ئەمەش ڕووگیری نەک تەنیا بۆ ئۆگیلڤی بەدوای خۆیادا هێنا، بەڵکوو خانەوادەی شاژیشی شەرمەزار کرد و بووە هۆی ئەوەی لە نێو چینی ئۆرستۆکراتی بەریتانیاوە ڕۆڵاند وەدەر بنرێ[1]. لە ڕاستیدا نە ڕۆڵاند نە مەروان فانێکی گەورەی سەروەری یاسا نەبوون، ئەوان لە بەرتیل وەرگرتن، هەڕەشە و پێشێلکاری زەقی یاسادا هیچ گرفتێکیان نەبوو. بەمشێوەیە کاتێک مەروان دوای ئەوەی لە قاهیرە دەرکرا و چووە لەندەن، هەر یەکێک

لـەو دووانـە خـۆی وەک هاوبەشـێکی گونجـاوی ئەویـدی بینـی.

ڕۆژی ١٠ی ئایـاری ١٩٨٣ لـە سـەرمێزی نیوەڕۆخوانێکـی بچووکـدا لـە هۆتێـڵ ڕیتـز کـە بەیەکـەوە بـوون، کاتێـک مـەروان خـۆی لـە کێشـەیەک گلانـد کـە لـە مێـژووی هاوچەرخـی شـاردا بـووە گەورەتریـن سـکانداڵی بزنسـی جـێ مشـتومڕ. مەسـەلەکە لەبـارەی هەوڵەکانـی ڕۆلانـد بـوو بـۆ دەسـت بەسـەرداگرتنی هـاوس ئـۆف فراسـەر، خـۆ ئەگـەر لەبـەر ئـەو ڕاسـتییە نەبـا کـە کۆمپانیـای هـاوس ئـۆف فراسـەر، باوانـی بەشـی کۆگاکانی کۆمپانیـای هـارۆدس بـوو کـە بـازاڕی دڵخـوازی دەستەبژێری بەریتانییـەکان بـە بنەماڵـەی شـاژنەوە بـوو، خەریکبـوو مەسـەلەکە بـە بێدەنگـی تێپـەڕێ.

یەکـەم هەوڵـی تینـی ڕۆلانـد بـۆ دەسـت بەسـەرداگرتنی هـاوس ئـۆف فراسـەر بـۆ سـاڵی ١٩٧٧ دەگەڕێتـەوە، لەوەشـدا سـوودی لـەو تەنگـژە داریيـە بینـی کـە هیـو فراسـەری خـاوەن و سـەرۆکی کۆمپانیاکـە تووشـی ببـوو. لـە ئەنجامـی ئـەو قەرزانـەی بەهـۆی قومارکردنـەوە لەسـەری کەڵەکەببـوو، ئیـدی لـە ڕێگـەی چەنـد کەناڵێکـەوە ڕێـژەی لەسـەدا ٢٩.٩٪ی پشـکی کۆمپانیاکـەی کـڕی. لـەو سـەردەمەدا زنجیرەکـە ٦٢ کـۆگای لـە خۆدەگـرت کـە بارودۆخـی زۆربەیـان خـراپ بـوو. دوای ئـەوەی لۆنـرۆ چەند هەنگاوێکـی گرتەبـەر و نیـازی خـۆی بـۆ دەستبەسـەرداگرتنی زنجیرەکـە ئاشـکرا کـرد، دەسـەڵاتی بەریتانیـا هاتـە نـاو مەسـەلەکە، بەتایبەتـی لێژنـەی Monopolies و Mergers بـە مەبەسـتی ئـەوەی کـە ئـەوە بەرژەوەنـدی گشـتی دەخاتـە مەترسـی بڕیـاری ئەنجامدانـی لێکۆڵینـەوەی دا. لـە ئـاداری ١٩٨١دا، لێژنەکـە بـەو ئەنجامـە گەیشـت کـە تێکەڵاوبوونـی هـەردوو کۆمپانیاکـە ئـەو مەترسـییە دروسـت نـاکات، بـەڵام دەستبەسـەرداگرتنی لۆنـرۆ بەسـەر فراسـەر، کاریگـەری هەیـە [٢].

زۆری نەبـرد بەرلـەوەی ڕۆلانـد لـە دەرکردنـی هیـو فراسـەر لـە

پۆستەکەی وەک بەڕێوەبەری کۆمپانیا سەربکەوێت و لە پرۆسەی دەست بەسەرداگرتندا بەردەوام بێت، ئەمجارە لە هەمان کاتدا ویستی ڕۆژنامەی ئۆبزێرڤەر بکڕێ. حکومەتەکەی تاتچەریش بێ کۆنترۆڵکردنی کۆمپانیای فراسەر بە فرۆشتنی ڕۆژنامەکە قایل بوو، چونکە ئێستا لەسەر شێوازەکانی ڕۆلاند ڕاهاتووە، وەزیری بازرگانی بڕیاری دا کە نابێ لۆنرۆ پشکی زیاتر لە کۆمپانیای هاوس ئۆف فراسەر بکڕێت، بیانوو فەرمییەکەشی ئەوەبوو کە لۆنرۆ لە بنەڕەتدا خاوەنی کارگەی ڕستنە و کڕینی زنجیرەکانی هاوس ئۆف فراسەر، وا دەکات بە شێوەیەکی نا ئاسایی بەسەر تەواوی کارگەکانی دیکە سەربکەوێ، بەڵام گشت لایەک دەیانزانی کە هۆکاری ڕاستەقینە، بەهۆی بەرهەڵستی دەستەبژێری کەوتنی گەورەترین زنجیرە کۆگانی وڵات بوون کە لەلایەن شازادەکانەوە پشتیوانی دەکرێ و بکەوێتە دەستی کەسانێکی ناوبانگ خراپی وەک تینی ڕۆلاندەوە. پشتیوانیکردنی لە ڕژێمی ڕۆدیسیا، لە سەرانسەری ئەفریقا ژمارەیەک سەوداگەری گوماناوی و ئازاردانی بۆ بنەماڵەی شاژن وەک لە مەسەلەی ئۆگیڤلی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، ئەمە پێش چەند ساڵیک هەستێکی لای ئێدوارد هیثی سەرۆک وەزیران دروست کردبوو، کاتێک گوتی، هەریەک لە ڕۆلاند و لۆنرۆ «دوو ڕوخساری قێزەون و ڕەتکراوەی سەرمایەدارین».

هیچ شتێک نەبوو ڕۆلاند بوەستێنێ، هەرچەندە قایل بوو کە هیچ پشکی دیکەی کۆمپانیای فراسەر بکڕێ، تەنانەت لە ئەیلوولی ١٩٨٢دا بە ئاشکرا ئەوەی ڕاگەیاند، بەڵام تەنیا بۆ خۆڵ لەچاوکردن بوو، چونکە هەنگاوەکانی دادێی دۆزینەوەی ڕێگەیەک بوو، تا بە شێوەیەکی زیرەکانیتر سوود لە پشکەکانی وەربگرێ کە نزیکەی ٣٠ لە سەد بوو، بۆئەوەی باوەڕ بە پشکدارەکان بکات لقی هارودزی پێ بفرۆشن، بۆئەوەی بتوانێ کۆنترۆڵی کڕینی تەواوی کۆمپانیاکە

بـكات. کاتێـک هەوڵەکانـی بـۆ باوەڕهێنـان بـە پشـکدارەکان شکسـتی هێنـا، بڕیاریـدا هەمـوو شـتێک بـکات بـۆ کڕینـی زۆرینـەی پشـکەکان، پێـش کۆبوونـەوەی داهاتـووی بـۆردی بەڕێوەبـردن، بەمـەش بـە ڕوونـی بڕیارەکـەی وەزیـری بازرگانـی پێشـێل کـرد، بـەڵام لەپێنـاو بەدیهاتنـی ئەمـە، پێویسـتی بـە یارمەتـی ئـەشرەف مـەروان هەبـوو.

چەنـد ڕۆژێـک دوای نیوەڕۆخوانەکـەی هوتێـڵ ڕیـترز، مـەروان دوو ملیـۆن پشـکی لـە کۆمپانیـای هـاوس ئـۆف فراسـەر کـڕی، دواتـر یـەک ملیـۆن و نیـوی دیکەشـی کـڕی و لـە پارەدانـی پشـکەکاندا ڕۆڵانـد یارمەتـی مەروانـی دا. لـە ناوەڕاسـتی حوزەیرانـی ١٩٨٣دا، مـەروان خاوەنـی ٢ لەسـەدی پشـکەکانی کۆمپانیاکـە بـوو. لـە هەمانکاتـدا کەسانی دیکـە کـە پەیوەندیـان بـە ڕۆڵانـدەوە هەبـوو، پرۆسـەی کڕینـی هاوشـێوەیان کـرد. لەکاتـی هاتنـی وادەی کۆبوونـەوەی ئەنجوومەنـی بەڕێوەبردنـدا، ڕۆڵانـد پشـکگەلێکی تـەواوی لـە چنـگ بـوو تـا بـە بەرژەوەنـدی فرۆشـتنی کـۆگان دەنـگ بـدرێ. لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە ڕێگـەی تەکنیکـە جۆراوجۆرەکانـی پەیـڕەوی ناوخـۆوە کـە بەرهەڵسـتکارەکانی ئـەو هەنـگاوە توانیـان تێیپەڕێنـن، پرۆسـەکە پووچـەڵ کرایـەوە.

ڕۆڵانـدی هەمیشـە زیـرەک، لـە ڕێگـەی فرتوفێڵێکـەوە ڕێگـەی پێچکردنـەوەی بەسـەر ئەمـە دۆزییـەوە کـە لـە «شـار» بـە کۆنسـێرت پارتیـس ناسرابـوو"concert parties" کـە کۆمەڵـە کەسـێک بـوون و بـە شـێوەیەکی نـاڕەوا بـۆ جووڵەکانیـان بـێ گفتوگـۆی مەسـەلەکە لـە نێـو خۆیانـدا هەماهەنگیـان هەبـوو، یـان بەلانـی کەمـی بـێ جیهێشـتنی بەڵگەیەکـی بەرجەسـتە، تـا سـەلماندنی هاوپەیمانـی نێوانیـان جۆرێـک لـە مەحـاڵ بێـت. ڕۆڵانـد مەروانـی وەک کۆنسـێرت پارتـی بەکارهێنـا، بـەڵام هـەر ئـەوە بـەس نەبـوو. لەپێنـاو بـە جێگەیاندنـی جووڵـە گـەورە

ڕاستەقینەکەی بۆسەر فراسەر، کۆمەڵێک تاکتیکی بەکارهێنا. سەرەتا خۆی وا نیشاندا کە تووشی تەنگژەی دارایی بووە و ئەمەش وایکردووە بایەخ بە کۆمپانیاکە نەدات. دواتر دەستی کرد بە گەڕان بەدوای بزنسمانێکی گەورە، تا تەواوی پشکەکانی ڕۆڵاند بکڕێتەوە بە تێگەیشتن لەوەی کە پرۆسەی فرۆشتنەکە تاڕادەیەک خەیاڵییە، کاتێک پشکی خۆی دەفرۆشێ، دەتوانێ لە بازاڕی کراوەدا پشکی زیاتر بکڕێ، هێندە دەکڕێ تا لەگەڵ پشکە کۆنەکانیەوە لە کۆمپانیا زۆرینەی پێ بدات، بەڵام ئەو پیاوەی پێویستی پێ بوو، دەبوو زۆر دەوڵەمەند بێت، تا بە تەنێ پشکی ئەو بکڕێ. هاوکات هێندەش دەوڵەمەند نەبێت و لێی بابداتەوە و بۆ خۆی ٢٠ لەسەدا پێویستەکەی دی بکڕی بۆئەوەی خۆی دەست بەسەر فراسەردا بگرێ. ئەو کەسەی لە دۆزینەوەی بزنسمانێکی گونجاو یارمەتی ڕۆڵاندی دا، ئەشرەف مەروان بوو.

ئەو بزنسمانەی مەروان دۆزیەوە، ناوی محەمەد فاید بوو.

محەمەد فاید ساڵی ١٩٣٣ لە بنەماڵەیەکی چینی ناوەڕاستی مسر لە دایکبووە، هاوژینی یەکەمی ناوی سەمیرە خاشوخچی بوو کە دوو ساڵ بەیەکەوە بوون لە ١٩٥٤-١٩٥٦، خوشکی هەریەک لە عەدنان و عسام خاشقچی بوو کە دەرچووی کۆلێژی ڤیکتۆریا و دۆستی کەسی ئەشرەف مەروان بوون. سەمیرە منداڵێکی بوو بەناوی دودی کە لە ساڵی ١٩٩٧بە کارەساتی هەمان ئەو تڕومبێڵە مرد کە شازادە دیانای تیاچوو.

محەمەد فاید بزنسمایکی سەرکەوتوو بوو، لە پەنجاکان بە هاوبەشی لەگەڵ براکەی کۆمپانیای کارگۆی دانا و ساڵانی شەستەکان چووە دوبەی و لەوێ سامانەکەی پێکەوەنا. ساڵی ١٩٧٤ گەڕایەوە ئینگڵتەرا و تێیدا گیرسایەوە و زۆربەی مامەڵە بازرگانییەکانی بۆ

ئینگڵتـەرا و فەڕەنسا گواسـتەوە. لـە پاریـس هوتێڵـی بەناوبانگـی ڕیـترزی کـڕی و بـە پارەیەکـی قەبـە نۆژەنـی کـردەوە، ئـەو وەبەرهێنانـە لەلایـەن ژاک شـیراکەوە، پارێـزگاری ئەوکاتـی پاریـس خـەڵات کـرا. سـاڵی ١٩٧٥ تینـی ڕۆلانـدی ناسـی و پـاش ماوەیەکـی کـورت پەیوەنـدی بـە بـۆردی بەڕێوەبردنـی لۆنـرۆوە کـرد، هەرچەنـدە بەهـۆی کێشـەی درێژخایەنـی ڕۆلانـد لـە چۆنیەتـی مامەڵەکردنێکـی کاریگەرانـەر لەگـەڵ بزنسـمانانی عـەرەب، سـەریان دای لەبـەرد، بـەڵام سـاڵی ١٩٨٣ دووبـارە پەیوەندیـان دامەزرانــدەوە.

ترسـی هـەرە گـەورەی ڕۆلانـد ئـەوە بـوو، لـە سەرکێشـی دەستبەسـەردا گرتنـی فراسـەردا، هـەر کێیـەک ببێتـە هاوبەشـی نوێـی، دەرفـەت بهێنـێ ٢٠ لـە سـەداکەی دی بکـڕێ و بـۆ خـۆی کۆنترۆڵـی بـکات، لەبـری ئـەوەی پارێـزگاری لـە ٣٠ لـە سـەداکەی ڕۆناڵـد بـکات. بۆیـە بەرلـەوەی لـە فایـد نزیـک بکەوێتـەوە دوای لـە مـەروان کـرد وردبینـی تـەواو لـە سـامانەکەی بـکات، تـا دڵنیـا بێـت لـەوەی کـە توانـای هەنگاوێکـی لەومجـۆرەی نییـە. مـەروان بژاردەیەکـی سرووشـتی بـوو، لەلایـەک هاوبەشـی فێڵەکـە بـوو، لـە لایەکـی دیکـەوە هاووڵاتـی یـەک وڵات بـوون و پەیوەندی لەگـەڵ هەواڵگری مـسری هەبـوو و دۆسـتی جووتـە براکە(خاشـوخچی) بـوو، ئیـدی بـەو هۆیـەوە دەتوانـی لەبـارەی ژیانـی فایـدەوە بـە هـەر وردەکارییـەک بـگات کـە دەیـەوێ بیزانـی. ئـەوە ئـازاری نەبـوو کـە مـەروان کەسێکـی مـژاوی و خـاوەن هەژمـوون و ناوبانگـی مـسر بـوو، ئـەو ناوبانگـەی مـەروان هەرچـی بـۆ تۆکمەکردنـی لـە دەسـتی هـات کردبـووی، هێنـدە دەسـەڵاتی پـێ بەخشـیبوو کـە زۆر زیاتـر بـوو لـەوەی بـە کردەنـی هەیبـوو. پەرلەمانتارێکی بەریتانـی لەبـارەی قەبەکردنـی شـیانەکانی مـەروان لـە پێناسـەی مەروانـدا بـەو شـێوەیە بۆچوونـی خـۆی دەربـڕی کـە « زاوای سـەرۆکی کۆچکـردوو عەبدولنـاسرە و سـەرۆکایەتی دەزگای ئاسـایش، هەواڵگـری و زانیـاری مـسری

دەکـرد و لەلایـەن KGB یـەوە ڕاهێنانـی پێکـراوە، بۆیـە لـە هەواڵگـری و دژە هەواڵگـری و تەکنیکـی چەواشـەکاریدا لێهاتوویەکـی مـەزن و ئەوپـەڕی کاریگـەر و بـە دەسـەڵات بـوو.» [٣].

محەمـەد فایـد و عەلـی بـرای ئەوپـەڕی تەقـەڵای خۆیانـدا تـا کاریگەرییـەک دروسـت بکـەن کـە زۆر دەوڵەمەنـدن، لـە کاتێکـدا ماڵوموڵکیـان تەنیـا ١٠٠ ملیـۆن جونەیهـی ئیسـتەرلینی بـوو، ئەویـش زۆربـەی بـە بانکـە خۆجێیەکانـەوە مەرجداربـوو. لـە کۆتایـی حوزەیرانـی ١٩٨٤دا، ڕۆڵانـد لەبـارەی فرۆشـتنی پشـکی خـۆی لـە کۆمپانیـای هـاوس ئـۆف فراسـەر قسـەی لەگـەڵ فایـد کـرد و دووپاتی کـردەوە کـە قازانجەکەی بەرچـاو دەبێـت. فایـد بیرۆکەکـەی بـەلاوە خۆشەویسـت بـوو و دەیویسـت دەسـتبەجێ سـەوداکە مۆربکـرێ، بـەڵام ڕۆڵانـد هەڵوەسـتەی کـرد. دوای ئەمـە فایـد بـە مەبەسـتی گفتوگۆکـردن، مەروانـی بانگهێشـت کـرد و داوای لێکـرد بایەخـی تـەواو بـە سـەوداکە بـدات. مـەروان بـە ڕۆڵانـدی گـوت کـە بـە مەزەنـدەی ئـەو سـامانی فایـد لـە ٥٠ ملیـۆن جونەیهـی ئیسرائیلـی تێناپـەڕی. واتـە لـە توانـای دا هەبـوو پـارەی پێویسـت بـۆ کڕینـی پشـکی ڕۆڵانـد ڕابکێشـێت، بـەڵام لـەوە زیاتـر ناتوانـێ بکڕێـت و کۆنترۆڵـی کۆمپانیاکـە بـکات کـە ئـەوکات لـە بـازاڕی دراودا بەهـای پشـکەکانی بـە دەوروبـەری ٦٠٠ ملیـۆن جونەیهـی ئیسـتەرلینی مەزەنـدە دەکـرا. کاتێـک جووتـە بـرا نامـەی ژمـارە بانکـی خۆیـان بـە ڕۆڵانـد پشـاندا کـە دووپاتـی لـە ١٣٢ ملیـۆن جونەیهـی ئیسـتەرلینی دەکـردەوە لـە پێنـاو کڕینـی پشـکی لۆنـرۆ لـە فراسـەر. ئـەو و مـەروان وایـان گریـمان کـرد ئـەوە هەمـوو ئەوەیـە کـە لـە توانایاندایـە پێشکەشـی بکـەن.

لـە ڕاسـتیدا ئـەوان هەڵەبـوون، لەبەرئـەوەی محەمـەد فایـد ڕێـک ئەوکاتـە ببـووە جێـی متمانـەی سـوڵتانی دورگـەی برۆنـای کـە ئـەو کاتـە

دەوڵەمەندترین کەسی سەر ڕووی زەوی بوو. بە یارمەتی سوڵتان بڕی ٣٥٠ ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی لە بانکەکانی ئینگڵەند و سویسرا دانا. ئەمەش دەرفەتی توانای کڕینی پشکەکانی دیکەی بۆ دەڕەخساند کە بۆ دەست بەسەرداگرتنی کۆمپانیای هاوس ئۆف فراسەر پێوستی بوو.

لە ٢٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٤ ڕۆڵاند و فاید بە یاوەری مەروان یەکدیان بینی و ڕێککەوتن کۆمپانیای لۆنرۆ تەواوی پشکەکانی خۆی لە کۆمپانیای فراسەر بە فاید بفرۆشێ، دواتر لە نێوان خۆیان ڕێککەوتن کە تا تەواو دەبێت سەوداکە بە نهێنی بمێنێتەوە و پارەکەش بە کاش بدرێ، لە بۆردی بەڕێوەبردنی کۆمپانیای فراسەر، ڕۆڵاند پارێزگاری لە کورسییەکەی بکات.

تەنیا دوای سێ ڕۆژ بە فەرمی سەوداگەرییەکە ڕاگەیەندرا و بۆ یەکەمجار ئەو دوو برایە کەوتنە ناو بازنەی ڕۆشنایی و لە ڕۆژنامە بەریتانیەکان کاریگەرێکی زۆر جوانیان خوڵقاند و لە کۆتاییدا هارۆدزی لە «ڕوخسارە نا شیرین و سەپێنراوەکەی سەرمایەداریدا» ڕزگار کرد. ئەمە بەس بوو بۆئەوەی ئێوارەخوانێک لەگەڵ سەرۆک وەزیران و سوڵتانی برۆنای لە ١٠ داون ستریت کۆیان بکاتەوە، شوێنێک کە بۆ چەندین ساڵ ڕۆڵاند کەسێکی چارە نەویستراو بوو.

بە پێچەوانەی بەندی ڕێککەوتنەکە، هەردوو براکە داوایان لە ڕۆڵاند کرد دەستبەرداری کورسییەکەی لە بۆردی بەڕێوەبردنی فراسەر بێ، ڕۆڵاند پەی بەوە برد کە بەرپێنەیەک لە ئارادایە ئەگەر دەخوازێ فراسەر بە دەستەوە بگرێ، پێویستە بە خێرایی جووڵەیەک بکات. بۆیە زۆرێک لە پشکەکانی کڕیەوە کە بە کڕیارە بچووکەکانی فرۆشتبوو، بە پشکەکانی مەروانیشەوە. شەڕی ئاشکرای نێوان ڕۆڵاند و جووتە براکە بەردەوام بوو، بەڵام ڕۆڵاند هێشتا لە بڕی ڕاستەقینەی پارەی

بەردەستی نەیارەکانی بێ ئاگابوو.

لە بێنەوبەردەکەدا مەروان وەک نێوەندگیری هێنان و بردنی نامە لە نێوان ئەم بزنسمان و ئەویدیدا ڕۆڵی سەرەکی گێڕا، بەڵام زیاتر وەک سەرکاری بەرژەوەندییەکانی ڕۆڵاند بوو. بۆ نموونە سەرچاوەی ئەو پارەیەی ئاشکرا کرد کە جووتە براکە پشکی لۆنرۆیان لە فراسەر کڕی کە لە سەرمایەی تایبەتی خۆیانەوە نەبوو، بەڵکوو لە سەرمایەی سوڵتانی برۆنای بوو. لەوەش پتر، لە ڕێگەی هەواڵگری مسریەوە بۆی دەرکەوت، جووتە برا لە بنەماڵەیەکی چینی ناوەڕاستن و تەواوی چیرۆکەکان لەبارەی سامانەکەیانەوە ساختە و هەڵبەستراون. ئاشکراکردنەکانی مەروان ڕێچکەی ڕۆژنامەکانیان گرتەبەر، بەڵام بە پێچەوانەوەی ڕۆڵاند کە بە هەڕەشە و گوڕەشەوە شەڕی نەیارەکانی بەتایبەتی بەڕێوەبەرانی فراسەری دەکرد، هەردوو براکە پەنایان بۆ ڕازیکردنی نەرم soft persuasion برد و پشتیوانی فراسەر و بەڵێنی هاوکاری کردنی لە ڕێگەی وەبەرهێنانی فرەوان لە کۆمپانیای هارووڕز، تەنانەت بە کرێی بەرزتر بەدەستهێنا. لە پشووەکانی کریسمسدا، کاتێک ڕۆڵاند و مەروان پێکەوە گەشتی ئەکاپولکۆیان کرد، هەردوو براکەش لە ئەپارتمانتە قەشەنگەکەیاندا لە لەندەن پێشوازیان لە بەڕێوەبەرانی جێبەجێکاری فراسەر کرد و لەبارەی سامانەکەیانەوە زێدەڕۆییەکی زۆریان کرد، تا ئەو ڕادەیەی فەرمانبەرانی حکومەت بۆ کۆنترۆڵکردنی تەواوی کۆمپانیاکە نیعمەتی خۆیانیان پێ ببەخشن.

لە ڕاستیدا لە ٤ی ئاداری ١٩٨٥دا، محەمەد فاید بەفەرمی نیازی خۆی بۆ کڕینی کۆمپانیای هاوس ئۆف فراسەر ڕاگەیاند، ئەوەی بۆ ڕۆڵاند و مەروان مایەی شۆک بوو، کاتێک بۆیان ئاشکرابوو کە ٤٣٥ ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینیان هەیە، هەردووکیان سەردانی شارۆچکەی

ماربیای کەنارئاوەکانی ئیسپانیایان کرد و چاویان بە عەدنان خاشوخچی کەوت و بۆیانی دووپات کردەوە کە تەواوی چیرۆکەکان لەبارەی سامانی بنەماڵەی فاید پەمۆی ساختەی مسرییە، باوکیان لە وەزارەتی فێرکردن سەرپەرشتکارێکی مامناوەند بوو، بەڵام کاتێک مەروان هەوڵیدا بەڵگە پێشکەشی دەسەڵاتدارانی بەریتانیا بکات کە فاید لەبارەی سەرچاوەی پارەدانەکەی درۆی کردووە و پارەکە ئی سوڵتانی برۆنایە، بەتەواوی فەرامۆش کرا. ئاخر ناوبانگی مەروان وەک یاریکەرێکی متمانە پێ نەکراو، وایکرد داواکارییەکانی گوێی بۆ شل نەکرێ.

دواتر ڕۆناڵد هانای بۆ ڕۆژنامەکان برد و بۆ ماوەی حەوت ساڵ بۆ زڕاندنی ناوبانگی فاید هەڵمەتێکی ئاشکرای دەست پێکرد کە زیاتر لە ۲۰ ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی لەسەر کەوت. بەیارمەتی پارێزەران، ژمێریاران، پەیامنێران و لێکۆڵەری تایبەتەوە، بۆ ئاشکرا کردنی کارە نایاساییەکانی بنەماڵەی فاید کە لە هایتی، برۆنای، دوبەی، سویسرا، فەڕەنسا، ئینگلتەرا و مسر ئەنجامیان داوە، بن هەموو بەردێکی هەڵدایەوە. یەکێک لە تاکتیکەکانی کە لە هەڵمەتەکەدا بەکاریهێنا گوهداری نا یاسایی سەر پەیوەندییە تەلەفۆنیەکان و بەرتل و هەڕەشە بوو، ئەو پیاوەی هەڵمەتەکەی بەڕێوەدەبرد و سەرپەرشتی دەکرد ئەشرەف مەروان بوو. ئەو وێنەیەی مەروان بۆ هاوڕێ مژاوی و گومانلێکراوەکان کێشای زۆر کاریگەر بوو، چونکە هەترەشی بنەماڵەی فایدی برد و ناچاری کردن پارەی زیاتر بۆ بەرگری کردن لە خۆیان دژی هەڕەشە زەقەکەی سەریان خەرج بکەن، وەک بەکرێگرتنی بەدی گاردی تایبەت.

لە قۆناغی یەکەمدا، مەروان چەند کۆپیەکی لە بڕوانامەی لە دایکبوونی بنەماڵەی فاید دەرکرد کە دووپاتی لە گەڕانەوەی بنەچەیان

بـۆ چینـی ناوەڕاسـت دەکـردەوە، بەمـەش بانگەشـەکانیان لـە گۆڕنـرا کـە گوایـە بـە پـارەی بنەماڵـە پشـکەکانیان کڕیـوە. وێـڕای بڵاوکردنـەوەی کۆپـی وەرگێـڕدراوی بڕوانامـەی لـە دایکبوونیـان لـە ڕۆژنامەکانـی بەریتانیـادا، بـەڵام دەرکـەوت کـەس بایەخـی زۆری پـێ نـادات، بۆیـە هەوڵـەکان بـەرەو سـەلماندنی ئـەوە گـۆڕا کـە فایـد بـە شـێوەیەکی نـا یاسـایی لـە حسـابی سـوڵتانی بڕۆنـای سـوودی لـە دەسـەڵاتی پێـدراو وەرگرتـووە، هەروەهـا ڕۆڵانـد دوو ملیـۆن £ بـە ڕابەڕێکـی ئاینـی هینـدی دا کـە دەوڵەمەنـدەکان بـە بەردەوامـی سـەردانیان دەکـرد، لەپێنـاو تۆمارکردنـی گفتوگۆیەکـی خراپـی نێـوان خـۆی و فایـد کـە تێیـدا فایـد دان بـەوە دەنـێ کـە پارەکـەی بـۆ سـوڵتانی بڕۆنـای دەگەڕێتـەوە، بـەڵام لـە کـۆی ئـەو هـەژدە کاتژمێـرە تۆمارکـراوەدا، شـتێکی بـە سـوود دەرنەکـەوت، بۆیـە مـەروان لێکۆڵەرێکـی تایبـەت  بـە گوهـداری کردنـی تەلەفۆنـی ماڵـی فایـدی بەکـرێ گـرت، هەروەهـا دوو ملیـۆن جونـەی ئیسـتەرلینی خسـتە بـەردەم باڵیـۆزی هایتـی لـە لەنـدەن لەبەرانبـەر زانیـاری ڕووگیـر لەسـەر سـەوداگەرییەکانی فایـد لـەوێ، چونکـە دوای ئـەوەی لـەوێ فایـد لەگـەڵ کەسـێکی بەهێـز فڕانسـوا دوڤالییـە «پاپـا دۆک» بوویـە مشـتومڕیان لـە هایتـی ڕایکـرد، بـەڵام ئـەو هەوڵـەش بێهـودە بـوو [٤].

کریـس بلاکهێرسـت، گـەورە ڕۆژنامەنـووس و نووسـەری پێشـووی ڕۆژنامـەی ئیندیپێندەنـت، ڕۆشـنایی خسـتە سـەر شـێوازی کارکردنـی مـەروان، بـە پێـی یەکێـک لـە چیرۆکـەکان کـە لـە یاریـدەری فایـد بیسـتراوە، لـە کۆتایـی ١٩٨٦ کەسـێک لـە دەرگای نووسـینگەی کۆمپانیـای دا و داوای کـرد قسـە لەگـەڵ ملیۆنێرەکـەی مسـر بـکات. کاتێـک پرسـیاری لێکـرا کـە چـی لـە فایـد گەرەکـە، ڕوونـی کـردەوە کـە ئـەو لێکۆڵـەری تایبەتییـە و مـەروان بەکرێـی گرتـووە تـا ئامێـری گوهـداری لەسـەر تەلەفۆنەکانـی کاری

فاید دابنێت، بەڵام شۆک بوو کاتێک بە چارەنووسی کەسێکی دیکەی زانی کە مەروان بە کرێی گرتووە گۆهداری لەسەر تەلەفۆنەکانی بکات. ئەویش گێرارد هوئاری ڕابەری دوورخراوەی ئۆپۆزیسیۆن بوو لە دورگەی سیشلی کە چەند ڕۆژ پێشتر لەبەر دەرگای ماڵەکەی لە لەندەن تەقەی لێکرا. لێکۆڵەر دەیەوێ فاید لە ئەگەری گەف و هەڕەشەکانی مەروان بیپارێزێت. فاید بە دیداری قایل بوو بەو مەرجەی لە گشت وردەکارییەکانی پەیوەست بەو کەسەی بەکرێی گرتووە ئاگاداری بکاتەوە. لێکۆڵیار ڕەزامەندبوو، بەڵام بەر لە وادەی کۆبوونەوە چاوەڕوانکراوەکە لە گەڕەکی پریمرۆز هیل لە لەندەن مارکوژ کرا و کۆبوونەوەکەش هەڵوەشایەوە [٥].

بلاکهێرست لەگەڵ مەروان بە ئەزموونی ترسناک تێپەڕیبوو، جارێکیان مەروان قایل بوو دیداری لەگەڵی بکات، داوای لێکرد لە فڕۆکەخانەی هیترۆ خۆی نیشان بدات و پاسپۆرتەکەی بە دەستەوە بگرێ، تەنانەت بێ ئەوەی بە کۆنترۆڵی سنوور تێپەڕێت، خۆی لەناو فڕۆکەیەکی تایبەت بینیەوە کە پێکەوە لەگەڵ مەروان بەرەو دورگەی ماجۆرکا دەفڕی کە هوتێلێکی مەزنی لەوێ هەبوو و کۆمەڵێک بزنسمانی لەگەڵ بوو، تەواوی ڕێگا بە عەرەبی دەدوان و بلاکهێرستیان بە تەواوی فەرامۆش کردبوو. کاتێک دواجار گەیشتنە ماجۆرکا، مەروان تا کۆتایی پشووی هەفتە فەرامۆشی کرد، کاتێک ڕێگەی چاوپێکەوتنەکەی پێدا، چاوپێکەوتنەکە کورت و ڕووکەشانە بوو. ئەوەی مایەی ئاوڕ لێدانەوە بوو، مەروان ئەو دەرفەتەی قۆزتەوە بۆئەوەی ناوی هەندێ لە کەسایەتییە توندوتیژ و گومانلێکراوەکانی جیهانی عەرەبی بهێنی کە پەیوەندی زۆر باش بەیەکەوەی گرێدەدان، وەک قەزافی. ئەوەش بیرۆکەیەکی لای بلاکهێرست دروست کرد کە لەبەرانبەر کەسێکە

دەیـەوێ وا پیشـان بـدات کـە تەنیـا بزنسـمانێکی «شـارەکە» نییـە، بەڵکـوو کەسـێکی مەترسیداریشـە، کەسـێکە دەکارێ لـە جیهانـی خـۆت داتبڕێنـێ و توندتریـن حوکـم بـە ژیانتـەوە بـکات. دوای ماوەیـەک بلاکهێرسـت بیـری کـردەوە، ئەگـەر لـەو پشـووە شـونبزر ببـێ، کـەس بەڵگەیـەک نادۆزێتـەوە، تـا بـە دوای سـۆراغیدا بگـەڕێ. ئیـدی بلاکهێرسـت بەمشـێوەیە دەسـتی بـە نووسـینی وتارەکـەی کـرد:

ئـەشرەف مـەروان خەڵـک دەتۆقێنـێ، ئـەو دەوڵەمەنـدە مسرییـەی سـامانەکەی لـە بازرگانیکـردن بـە پشـک لـە کۆمپانیـای هـاوس ئـۆف فراسـەر بـە دەسـتهێناوە، ئێسـتا فلیـت و ئیکسـتێل بـە دوای کۆمپانیـای بریـدۆن ویڵـن کـە لـە یۆرکشـایەر خەوتـووە، هیـچ کاتێـک نەچۆتـە نـاو موزایـەدە و ناچێـت، بـەڵام لەوانەیـە پشـکەکان بـە هـاوڕێ دڕندەکانـی وەک تینـی ڕۆڵانـد بفرۆشـێ و دەشـیکات.

کـەس نازانـێ مـەروان زرمـەی دادێـی لـە کـوێ هەڵدەسـتێنێ، شـار توانـای پێڕاگەیشـتنی نییـە، چونکـە هەمیشـە هەنگاوێـک لـە پێشـە، لـە سـەودای دادێـدا، ملیۆنـی دادێـدا. کاتێـک هەنـگاو هەڵدەگـرێ شـاری لـێ ئـاگادار ناکاتـەوە و ڕقـی لـە کـۆت و ڕێسـا نەنووسراوەکانـی دەبێتـەوە....

تەمتومـان، سـێبەر و شـەڕانی لـە خەسـڵەتە هـەرە باشـەکانی مەروانـن کـە لـە شـار پێـی نـاسراوە و بـاوە، ئەویـش برادەرگەلێـک هەڵدەبژێـرێ کـە یارمەتیـدەر نیـن. زۆر لـە کۆلۆنێـل قەزافـی ئامۆزاکـەی و ئەحمـەد قەزافدەمـی ڕاوێـژکاری ئاسایشـەوە نزیکـە. «هـەر لەبەرئـەوەی دۆسـتیانم بـە مانـای ئـەوە نییـە کـە مـن تیرۆرسـتم».

هەمدیـس مـەروان یەکێـک لـەو چەنـد کەسـەی شـار بـوو کـە بـە ئاشـکرا بـە درۆزن ناسرابـوون. جـۆن گریفـت کـە بـۆ سـەرکردایەتیکردنی ئەو لێکۆڵینـەوە فەرمییـەی پەیوەسـت بـە هەوڵەکانـی ڕۆڵانـد بـۆ دەسـتگرتن

بەسـەر کۆمپانیـای هـاوس ئـۆف فراسـەر هاتبـووە دامەزرانـدن، لـە پوختـەی ڕاپۆرتەکـەی ئـاداری ١٩٨٤دا هاتبـوو « بەڵگەکانـی د. مـەروان بـۆ مـن ئـەوە بـوون کـە حەڵقـەی ڕاسـتەقینەی هەڵنەگرتـووە. هەسـتم کـرد مـن ناتوانـم پشـتی پـێ ببەسـتم کـە ئـەوە تـەواوی ڕاسـتییەکانە... ئەو ڕاسـتگۆ و ڕاشـکاو نییـە». تـۆم بـۆوەر کـە لەسـەر ژیانـی فایـد و ڕۆڵانـدی نووسـیوە، دووپـات لـەوە دەکاتـەوە، ئـەو گوتنـە شـێوازی گریفیـت بـوو کـە بـێ پێـچ و پەنـا شـایەدییەکانی مـەروان درۆ بـوون [٦]، ئەوکاتیـش بەو شـێوەیە هەڵسـوکەوتی لەگەڵـدا کـرا. لەنێـو شـایەدە زۆرەکانـدا کـە لەبـەردەم گریفـت وەسـتاون کـەس بـەو شـێوەیە پێناسـە نەکـراوە. ئاشـکرابوو مـەروان دەیـەوێ ڕاسـتینەی کڕینـی پشـکەکانی فراسـەر بشـارێتەوە لەپێنـاو یارمەتیدانـی ڕۆڵانـد لـە کۆنترۆڵکردنـی کۆمپانیـادا، بـەڵام بـە گریفتـی گـوت ئـەو کاتێـک پشـکەکانی کڕیـوە، گوتارێکـی لـە ڕۆژنامـەی سـەندەی تێلەگـراف لەبـارەی کۆمپانیاکـەوە خوێندووتـەوە و وەک بەڵگـە دانەیەکـی لـە وتارەکـە لەگـەڵ خۆیـدا هێنـاوە، بـەڵام سـکرتێری ڕۆڵانـد لـە شـایەدییەکەیدا گوتـی لەسـەر داوای مـەروان وتارەکـەم بـۆی نـارد، گریفـت بـەو ئەنجامـە گەیشـت ئـەو دانەیـەی لای مەروانـە، فۆتۆکۆپـی ئـەو پارچـە بڕاوانـە بـوو کـە لای ڕۆڵانـد بـوون [٧]. هـەژی گوتنـە، لەبـارەی ئـەو مژارەوە ڕۆڵانـد خـۆی لـە هەوڵێکـی نکۆڵیکـردن کـە داوای لـە مـەروان کردبێـت پشـکەکان بـۆ خاتـری ئـەو بکـڕێ، گوتـی «حـەزی بـەوە نەدەکـرد بزنـس لەگـەڵ مـەروان بـکات... چونکـە لـەڕووی بزنسـەوە جێـی متمانـە نەبـوو... لـە بـواری بزنسـدا د. ئـەشرەف مـەروان هەرگیـز جێـی متمانـە نییـە [٨].

لـە کۆتایـی هەشـتاکاندا، کێشـەی هـارودز لەبەرچـاوی خەڵکیـدا کاڵ ببـووەوە، هەمـان شـت بەرانبەر مەروانیش وابـوو. دیارە لـەوەدا ڕەفتارەکانی یارمەتیـدەر بـوون، چونکـە خـۆی تێکـەڵاوی دنیـای بزنسـی لەنـدەن نەکـرد

و هاوڕێـی ئینگلیزیشـی نەبـوو. بـە پێچەوانـەی بزنسـمانەکانی دیکـەی لەنـدەن کـە لـە گەڕەکـە پـارەدارەکان بـۆ خۆیـان نووسـینگەی قەشـەنگ دروسـت دەکـەن، مـەروان نووسـینگەیەکی مامناوەنـدی لـە شـەقامی هێـل لـە گەڕەکـی مایفـەری ئۆرۆسـتۆکراتیان هەبـوو، بـێ لەهەنـدی تابلـۆی هونـەری ڕۆژهەڵاتـی ئاسـیاوە، نووسـینگەکەی جگـە لـە مێزێکـی شاشـەی کۆمپیوتـەر کـە داتـا داراییەکانـی لـە لایەکـەوە دەگوازتـەوە لایەکـی دی و زۆربەیـان لەبـارەی پشـکەکانی بـازاڕی دراوی لەنـدەن بـوو، هیچـی دیکـەی تێـدا نەبـوو. تەنانـەت لـە کاتـی پێشـوازیکردن لـە میوانانـی لـە نووسـینگەکەیدا، ژمـارەی سـەر ئـەو شاشـانە سـەرنجی ڕادەکێشـان و سـووربوو لەسـەر ئـەوەی ئـەوە شـێوازی کارکردنیەتـی: زانیارییـەکان کۆدەکاتـەوە، چاوەڕێـی دەرفـەت دەکات و بڕیـاری خێـرا دەدات، هـەر بـەو شـێوازە لـە ماجـۆرکا هوتێلەکـەی کـڕی. بەپێـی گێڕانەوەکانـی، لـە ئیسـپانیا نانـی ئێـوارەی دەخـوارد و خـاوەن هوتێلەکـە باسـی هوتێلەکـەی خـۆی دەکـرد و باسـی ئـەوەی کـرد کـە بـە نیـازە بیفرۆشـێ. مـەروان لێـێ پرسـی بـە چەنـدی دەدات و لـە دوا نرخـی دڵنیـا بـوو. سـەرلەبەیانی ڕۆژی دواتـر پەیوەنـدی پێـوە کـردووە و سـەوداکەی لەگەڵـی کـردووە. لـە ڕووداوێکـی دیکـەدا، هـەر لـە کۆتایـی هەشـتاکان، سـەدا ٣،٢ لـە پشـکی یانـەی چێلسـی تۆپـی پێـی کـڕی، دوای ئـەوەی ئامـاژەی ئـەوەی پێگەیشـت کـە بزنسـمانێکی دەوڵەمەنـد بیـر لـە کڕینـی یانەکـە دەکاتـەوە. ئیـدی لـە هەنگینـڕا لەگـەڵ پەرەسـەندەکانی تیمەکـە دەڕوات، دوای ئـەوە ڕێـک لـە ٢٠٠٣ کاتێـک لـە سـەوداگەرییەکدا پشـکی خـۆی بـە ڕۆمـان ئیبراهیمۆڤیچـی دەوڵەمەنـدی ڕووسـی فرۆشـت و دواتـر سـەرنجی دەسـەڵاتداران ڕاکێشـا، بـەڵام وەبەرهێنانـی مـەروان لـە یانـەی چێڵسـی لـە ڕووی ئـەو ماوەیـەی بـەردەوام بـوو، نـا ئاسـایی بـوو. مـەروان بـە زۆری حـەزی بـە فرۆشـتنی موڵکەکانـی بـە کۆمپانیـا یـان نوسـینگەکانی زەویـوزار بفرۆشـێ کـە زۆرینـەی

لـە هوتیلـەکان بـوو، نـەک بـە ڕێگـەی وەبەرهێنـان کـە لەسـەر بنەمـای فرۆشـتن و پارێـزگاری پێوەکـردن بێـت، بەڵکـوو هەمـوو هەوڵـی ئەوەبـوو لـە کورتریـن مـاوەدا قازانجێکـی گرنـگ بـکات [٩].

هیـچ گومانـی تێـدا نییـە، مـەروان لـە لەنـدەن بـووە کەسـێکی دەوڵەمەنـد، بـەڵام زانیـاری لەبـارەی چۆنیەتـی ئەنجامدانـی ئـەوە و قەبـارەی سـامانەکەی کـە کۆیکردۆتـەوە هەرگیـز ڕوون نەبـوو. لـە کەمـە چاوپێکەوتنەکانیـدا بانگەشـەی ئـەوەی دەکـرد کـە لـە ڕێگـەی سـەودای بزنسـە سـەرکەوتووەکانی دەوڵەمەنـد بـووە کـە زۆربەیـان لـە سـێکتەری زەویـوزار بـووە و ژیـری و شانسـیش ڕۆڵیـان لـە سـەرکەوتنەکانیدا هەبـووە. بێگومـان بەشـێک لـە سـەرچاوەی سـامانەکەی لـە کڕینوفرۆتنـی چەکـی قەدەغەکـراو سـەرچاوەی گرتبـوو کـە لەگـەڵ کەسـە باڵاکانـی لیبیـا ئەنجامـی دەدا. دیاربـوو لێـزان بـوو لـە بەدەسـتهێنانی ڕێـژەی سـەدی لـە کڕینوفرۆتنـەکان کـە ڕۆڵـی ئـەو تەنیـا نێوەندگیـر بـوو، نـەک وەبەرهێـن. لەگـەڵ ئەوەشـدا تێکڕای سـامانەکەی دیـار نییـە. بەپێـی ڕاپۆرتـی سـەرچاوە نـا ڕوونەکانـەوە، لەوکاتـەی مـسری جێهێشـتووە زیاتـر لـە ٣٠٠ ملیـۆن جونـەی ئیسـتەرلینی بەسـەریەکەوە نـاوە کـە زۆربەیـان باڵەخانـە و هوتێـل بـوو کـە لـە لەنـدەن کڕیبوونـی [١٠]. تەنانـەت ئەگـەر وا دابنێیـن ئـەو ڕاپۆرتانـە زێدەڕۆییـان تێـدا کـراوە، بـەڵام وەک مایەپووچێـک نەگەیشـتە شانشـینی یەکگرتـووەوە، دووبـارە، بـە پێـی لێکۆڵینەوەیـەک، هـەر لـە سـاڵی ١٩٧٢ەوە پشـکی لـە بۆرسـەی لەنـدەن هەبـووە کـە بـە دوو ملیـۆن جونـەی ئیسـتەرلینی مەزەنـدە دەکـرێ و پێمانوایـە دوای ئـەوە سـامانەکەی قەبـە بـووە. ئـەو بـڕە پارەیـەی بـە درێژایـی سـاڵەکان کـە لـە مۆسـادی وەرگرتـووە، نزیکـەی ملیـار دۆلار بـووە، پێدەچـێ هـەر لـە سـەرەتاوە ئـەو پارەیـەی وەک بناغەیـەک بـۆ بەدەسـتهێنانی پـارەی زیاتـر لـە ڕێگـەی

سـەودای جۆراوجـۆرەوە بەکارهێنـا بێـت. لـە هاوینـی ١٩٨٣ لـە میانـەی شـایەددانی لـە کەیسـی فراسـەردا گوتـی سـامانەکەی نزیکـەی ٢٠ ملیـۆن جونـەی ئیسـتەرلینی دەبێـت، دوای مردنـی ڕۆژنامـەکان لـە مانشـێتەکانیاندا ناویـان بـە ملیاردێـر ئـەشرەف مـەروان بـرد، بۆیـە هیـچ هـۆکاری دیکـە نەمـا کـە ئـەوە بـە ناڕوونـی بمێنێتـەوە.

لەپـاڵ هەوڵـە گەورەکانـی لـە بـواری بزنسـدا، ئەگـەر لـە ئاسـتی کەسیشـدا بێـت، بـەڵام مـەروان، لـە کاری نهێنیـدا وەک سـەرچاوەی سـەرەکی هەواڵگـری ئیسرائیلـی بـەردەوام بـوو. پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ کەسـایەتییە فەرمییـە باڵاکانـی مـسر هیـچ کاریگـەری نەکردبـوو، هەروەهـا لـە پێنـاو درێـژەدان بـە پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ دەسـتەبژێری مـسر، سـوور بـوو لەسـەر ئـەوەی هەنـدێ کات لـە مـسر بەسـەر بەرێـت و مـاڵ و منداڵەکەشـی بـۆ ماوەیـەک لـەوێ دەژیـان. هەروەهـا بـەردەوام سـەردانی شانشـینی سـعوودیا و دەوڵەتانـی کەنـداو و سـووریای دەکـرد و چـاوی بـە کەسـایەتییە دیارەکانـی حکومـەت دەکـەوت و بـە چـڕی هەوڵـی دەدا ئـەو زانیارییـە نوێیانـە کۆبکاتـە کـە جێـی بایەخـی ئیسرائیلییەکانـە.

وێـڕای ئـەوەی لـە سـەرینی بەڵێننامـەی ئاشـتی، مـسر لـە پێشـینەی هەواڵگـری ئیسرائیـل پاشەکشـەی کردبـوو، بـەڵام مـەروان هـەر جێـی بایەخـی مۆسـاد بـوو. لەبـەر سرووشـتی پەیوەندییەکانـی لـە سەرانسـەری جیهانـی عەرەبیـدا، زۆرینـەی ئـەو زانیاریانـەی پێشکەشـی دەکـردن، سیاسـی بـوون، نـەک سـەربازی، لەبـەر دەسـتکورتی ئیسرائیـل لـە سـەرچاوەی بـاڵا لـە ئاسـتی سیاسـیدا، ئەمـە وایکـرد، تەنانـەت دوای تێپەڕبوونی بیسـت سـاڵ بەسـەر یەکـەم پەیوەنـدی بـە بالیۆزخانـەی ئیسرائیـل لـە لەنـدەن، یەکێـک لـە سـیخوڕە هـەرە بەنرخەکانـی مۆسـاد بـێ.

دوبـی بـە درێژایـی سـاڵانی هەشـتاکان و هەندێـک لـە نـەوەدەکان

وەک سەرپەرشتکاری مەروان لە کاری خۆی بەردەوام بوو، وەک سالانی رابردوو پەیوەندییەکانی هەر لە لەندەن، یان ڕۆما یاخود پاریس ئەنجام دەدا، بەلام کاتێک مەروان هوتێل ماجۆرکای کڕی، هاوکات خانوویەکیشی هەبوو، هەندێک لە کۆبوونەوەکان لە یەکێک لەو دوو شوێنە دەکران. کاتێک ئەلێکس و مەروان لە کەنارئاوەکان بەیەکەوە بوون، لەناکاو مونا پەیدابوو و بەرەو ڕوویان چوو، مەروان بە هێمنییە ڕاهاتووەکەی خۆی وەک هاوڕێیەکی دێرین بە ئەلێکسی ناساند و ئەوانیش خۆشییەکانیان لەگەڵ یەکدی گۆڕییەوە. بەدرێژایی ئەو سالانە پەیوەندی نێوان سەرپەرشتکار و سیخوڕەکە بە جۆرێک لە هاوسەنگی بەردەوام بوو. دەکرێ لە هەندێ ڕووەوە بە پەیوەندی نێوان ژن و مێرد بچوێندرێ، چونکە هەر لایەکیان لە خاڵی لاوازی لایەکەی دیکە ڕاهاتبوو، بەلام ئەو پەیوەندییە کارکەنار نەبوو، دواجار بە هۆی هەندێ هۆکاری دەرەکی ڕووتەوە بە کۆتایی گەیشت.

بە دیاریکراوی دوو ڕووداو پەیوەندییەکەی بە کۆتایی گەیاند، یەکەمیان کێشەی یەهودا جیل بوو، دووەمیشیان ئاشکراکردنی ژیانی نهێنی مەروان بوو لە ڕۆژنامەکانی ئیسرائیلدا.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٧، دوای لێکۆڵینەوەیەکی دورودرێژ، یەکێک لە ئەفسەرە گرنگەکانی مۆساد کە بۆ چەندین ساڵ لە ڕێگەی سەرچاوەکەیەکەوە کە ئەفسەرێکی سووریی بوو، هەرچەندە پێویست بوو سەرپەرشتکاری بێت، بەلام زانیاری هەڵەی پێشکەش دەکرد، کاری یەهودا جیل ئاشکرابوو کە لە ڕێگەدان بە خەیاڵەکانییەوە زۆر لە گراهەم گرین و جۆن لۆکارییەی تێپەڕاندبوو [11]، بۆ دەزگاکە وەک بۆمبێک بوو، بۆیە بۆ دڵنیابوون لە نەبوونی حاڵەتی لەو شێوەیە، لە تەواوی ڕەوتی لێکۆڵینەوەکانی مۆساددا ڕەشابەیەکی چێکرد.

کاتێــک چیرۆکەکــە بڵاوبوویــەوە کــە دوبــی مــاوەی ٢٧ ســاڵە سەرپەرشــتکاری مەروانــە، دوبــی هــەر لــە ســاڵی ١٩٧٤ەوە، ئــەو ساڵەی جیــڵ ڕایگەیانــد ئەفســەرێکی ســەربازی-تاکە کەســی مۆســاد- بــە ســەربازگرتووە، بێجگــە لــە تاکــە کۆبوونەوەکــەی یتــزاک هۆفــی جێگــرەوەی زامیــر کــە لەگــەڵ مــەروان هەیبــوو. کەشــوهەوا گــرژ نوێکــەی دوای دەرکەوتنــی ســکانداڵەکە، پێویســتی بــە لێکۆڵینــەوەی ورد هەبــوو. زۆرێــک ســووربوونەکانی مەروانیــان دێتــەوە یــاد کــە ڕەتیدەکــردەوە مامەڵــە لەگــەڵ هیــچ جێگرەوەیەکــی دوبــی یــان زیادکردنــی سەرپەرشــتکاری دووەم بــکات. لەنــاکاو گووشــارەکان هەمــوو کەوتنــە ئەســتۆی دوبــی کــە بــە کەســێکی هاوســەنگ و ڕاســت و مکــوڕ ڕاســتگۆ ناسراوبــوو. ڕاســتە هیــچ گومانێــک لــە ســەر مــەروان، یــان جــۆری ئــەو زانیارییــە هەواڵگریانــە نەبــوو کــە پێشکەشــی کــردوون، بــەڵام تــرس لــە داڕمانــە ئایندەییــەکان کــە ڕوویــدا، وایکــرد بــۆ دووبارەنەبوونــەی کاری هاوشــێوە هەوڵــەکان چڕتــر بکرێنــەوە.

بەمشێویە، بڕیاردرا سەرپەرشتکاری دووەم بۆ مەروان دابمەزرێندرێ.

دوبــی بۆچوونــی خــۆی ڕوونکــردەوە کــە لەوانەیــە مــەروان پچڕانــی تــەواوی پەیوەنــدی خــۆی پــێ باشــتر بێــت، ئەگــەر مۆســاد زیاتــر بــەو ئاڕاســتەیە هەنــگاو بنــێ، بەڵام ئەفســەرە دیارەکانی مۆســاد هــەر ناڕازیبوون. دوبــی لەســەر قســەی ئــەوان بــۆ دیــداری مــەروان سەرپەرشــتکاری نوێــی ئامادەکــرد. وا بڕیاربــوو کۆبوونەوەکــە لــە یەکێــک لــە هوتێلــە قەشــەنگەکانی ڤیاڤێنۆتــۆ لــە ڕۆمــا بەڕێوەبچــێ. بــە پێــی پلانەکــە دوبــی لــە ژووری هوتێلەکــە چاوەڕوانــی مــەروان دەکــرد، داواشــی لــە ئەفســەرەکە کــرد لــە شــوێنێکی دی چــاوەڕوان بــکات، تــا دوبــی گلۆپــی ســەوزی بــۆ دادەگیرســێنێ وەک ئامــاژەی ئامادەیــی مــەروان بــۆ پەیوەنــدی پێوەکردنیــان، بــەڵام مــەروان دەرنەکــەوت. ئــەوە جــاری یەکەمــی نەبــوو دوبــی شــەرمەزار

بکات، چونکە بەرنامە چڕوپڕەکانی و گووشارە دەرەکییەکان وایان دەکرد هەندێجار دەرکەوتنی مەحاڵ بێت، تەنانەت بێ هەواڵیش بدات. دوبی لە ژوورەکە چاوەڕوان بوو، لەناکاو گوێی لە لێدانی دەرگە بوو، دواتر ئەفسەرێکی دی بێئەوەی چاوەڕوانی ئاماژەی دوبی بکات وەژوور کەوت. ئەمەش بەڵگەی ئاستی ئەو بێ متمانەییە بوو کە لەسەرینی کێشەی یەهودا جیل لەناو مۆساد تەشەنەی کردبوو.

دوای سەرنەگرتنی زیادکردنی سەرپەرشتکاری دووەم، دانی یاتوم سەرۆکی نوێی مۆساد فەرمانێکی دەرکرد کە بە مەروان ڕابگەیەنن پەیوەندییەکە گەیشتۆتە ئاستی خۆی، ئەوەش لەماوەی نزیکەی سی ساڵی پەیوەندیەکەدا، یەکەمجار بوو لایەنێک لەلای خۆیەوە پەیوەندییەکە بپچڕێنێ.

بە ماوەکی کورت دوای ئەوە، کاتێک مۆساد بۆی ڕوونبوویەوە هێشتا پێویستی بە سەرچاوەیەک لە ئاست مەروان هەیە، دوای گۆڕینی دانی یاتۆم بە ئەفرایم هالیڤی لەساڵی ١٩٩٨، هەوڵی بوژانەوەی پەیوەندییەکە درا، هالیڤی زۆر لە زڤی زامیرەوە نزیک بوو پێشنیازی کرد با زامیر بەشداری کۆبوونەوەی دادێی دوبی لەگەڵ مەروان بکات، زامیر ڕازی بوو، بەڵام بە هۆکارێک لە هۆکارەکان مەروان ئەوەی نەکرد. بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەوە ڕیکۆردێکی بچووکی تۆمارکردنی دەنگی بە دوبی درا بۆئەوەی لە گیرفانی پێشەوەی پانتۆڵە جینزەکەی هەڵگرێ، ڕیکۆردەکە تا کۆتایی کاسێتەکە زۆر بە جوانی کاری کرد، دواتر لەناکاو و بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو ئەوەی تۆماری کردبوو بە دەنگی بەرز لێی دایەوە، بۆ تاوێک دوبی و مەروان بە نائاسوودەیی دانیشتن بێئەوەی فزەیان لێوە بێت.

مەروان زوو لەوە گەیشت، بەڵام بەسەر خۆی نەهێنا، سووربوو

لەسەر تۆمار نەکردنی گفتوگۆکانیان، نەبادا دواتر مۆساد وەک گوشار بۆ درێژەدان بە کارکردن لەگەڵیاندا لە دژی بەکاریان بهێنێ، ئەگەر هاتوو بڕیاری وازهێنانی دا. دوبی بەڵێنی تۆمارنەکردنیانی پێدابوو، بێجگە لە ڕووداوێکی کۆن نەبێت، دەنا بەرانبەر بەڵێنەکەی خۆی بە وەفا بوو. ئێستا مەروان بۆی دەرکەوت ئەو پیاوەی بە درێژایی ئەو چەند ساڵە تەواوی متمانەی پێدابوو، جۆرێک لە بۆسەی بۆ داناوەتەوە، هەروەها دوبی تێگەیشت کە درزێکی لە ڕیشاڵی ئەو متمانەیە دروست کرد کە پێکەوەی کۆدەکردنەوە. لەو ساتە ئازاربەخشەدا دوبی چووە تەوالێت و ڕیکۆردەکەی کوژاندەوە، کاتێک گەڕایەوە مەروان بە شێوەیەک هەڵسوکەوتی کرد، وەک بڵێی هیچ ڕووی نەداوە، ئیدی ڕاستەوخۆ گفتوگۆکەیان کۆتایی پێهێنا.

ئەوە دوا کۆبوونەوەی مەروان بوو لەگەڵ مۆساد

بەمشێوەیە یەکێک لە کارە سیخوڕییە هەرە سەرکەوتووەکان لە مێژوودا بە کۆتاییەکی لەپڕ گەیشت. هەرچەندە دواجار لە لای هەردوولا کۆتاییەکی قبوڵکراو بوو. مەروان ئێستا لە ناوەڕاستی پەنجاکانی تەمەنیدایە و بە ڕاستیش پێویستی بەو پاداشتە نەمابوو کە لە سیخوڕی وەریدەگرت، نزیکەی بیست ساڵێک دەبێ پێویستی بە پارە نەمابوو. هەروەها چیتر پێویستی بەو خۆراکە نەمابوو، ئەوەش ڕوون بوو کە لای مۆساد بایەخەکەی زۆر لە پاشی داوە، چونکە بڕیاردانی یاتۆم بە پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ مەروان و هەوڵەکانی هاڵقی بۆ بوژانەوەی، ئاماژەگەلێکی تەواو بوون، تا بزانێ لای مۆساد بە هەمان پلەی جاران بایەخی نەماوە، بۆیە مەسەلەی تۆمارکردنە دەنگییەکە دوا پارچە بوو.

مۆساد بە لەدەستدانی خزمەتگوزارییەکانی ئەو قۆناغەی مەروان

زۆر پەست و نیگەران نەبوو، ئەگەر گرفتی بەردەوامبوون لەگەڵ یەک سەرپەرشتکار و کێشەی یەهودا جیل وەلا بخەین، بەڵام هۆکارگەلی دیکەی پاساوی کۆتایی پەیوەندییەکە هەبوون، ئەفرایم هالیڤی لە بیرۆکەی سیخوڕی کردن بەسەر مسر لەو ئاستە بەرزە بێزاربوو، چونکە هەردوو وڵات لە ئاشتی بوون و ئاشکرابوونی دەبێتە هۆی تێکچوونێکی مەترسیداری پەیوەندییەکان، لەگەڵ پاشەکشەی پێشکەشکردنی زانیاری هەواڵگری بەرزی بە بەها، بۆیە بەرانبەر تێچووەکە تەرازووی سوود و مەفا بە بەرژەوەندی پچڕانی پەیوەندییەکە بوو. هالیڤی خۆی پەیوەندییەکی دۆستانەی باشی لەگەڵ ژمارەیەک سەرکردەی عەرەب و موبارەک هەبوو، تەنانەت چەندجارێک لە بارەگای نیشتەجێی موبارەک بە نهێنی کۆبوونەتەوە. بۆیە وەها سکاندالێک لەوانەیە کاروانەکەی هالیڤی وێران بکات، بۆیە هیچ ئاستەنێکی لە بڕیاری پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ مەرواندا بەدی نەکرد.

لە ساڵانی دادێدا دوبی هەوڵیدا لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە درێژە بە پەیوەندی خۆی لەگەڵ مەروان بدات، بەڵام زۆربەی پەیوەندییەکان لە ڕێگەی عزە خانم سکرتێرەکەی مەروان بەڕێوەدەچوو کە تەنیا بە ناوی دکتۆر لۆرد دەیناسی کە دۆستی مەروانە، هەروەها خۆی وا نیشاندا کە ئاگای لە تەندروستی و باری سەرۆکەکەی هەیە، هەروەها لەبارەی خووە خراپەکانی وەک دواکەوتنە بەردەوامەکانی کەمێک گاڵتەی لەگەڵ عزە کرد. عزە سوپاسی دکتۆر لۆردی کرد و هەواڵی پێدا کە تەندروستی مەروان زۆر باش نییە، بەهۆی نەشتەرگەری و چارەسەری شێرپەنجەکەیەوە. دوبی پەی بەوە برد هەموو ئەو شتانەی پێی ڕادەگەیەنێ بە ڕەزامەندی مەروانە، بەڵام دیارە پێی باش بووە مەسەلەکە بەم شێوەیە بێت، دواجار تەنانەت ئەو پەیوەندییە سنووردارەش بە بنبەست گەیشت. لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢دا، لەو

کاتــەی ڕۆژنامەکانــی ئیسرائیــل بــەردەوام باســیان لــە ســیخوڕە مسرییــە تەمتومانییەکــە دەکــرد کــە پێــش شــەڕی یــۆم کیپــوور ئیسرائیلــی وریــا کــردەوە، بەمــەش ناســنامەکەی زیاتــر ڕوونبوویــەوە. دوبــی پەیوەنــدی بــە نووســینگەی مەروانــەوە کــرد.

بــەڵام عــزە لەگەڵــی ساردو سڕ بــوو و لــە هیکڕا حــەزی بــە قســەکردن لەگــەڵ دکتــۆر لــۆرد نەکــرد، دوبــی تێگەیشــت، دیــارە مــەروان بڕیــاری داوە گشــت پەیوەندییەکانــی بــە تــەواوی بپچڕێنــێ. ئەمــەش کۆتایــی پەیوەندییــەکان بــوو.

بڕیــاری پچڕانــی پەیوەنــدی مــەروان لەگــەڵ دوبــی، تەنیا ڕەنگدانــەوەی ویستی کەسێک نەبــوو کــە بەنــاو تەمەنــدا چووبــوو و دەیــەوێ ســنوورێک بــۆ هاوپەیمانییــە نهێنیــی و ترســناکەکە دابنــێ کــە لەگــەڵ مۆســاد دروســتی کردبــوو، بەڵکــوو هەســتکردن بــە نائومێــدی بــوو لــە سەرپەرشــتکارێک کــە چەندیــن ســاڵ متمانــەی پێــی هەبــوو. ئــەوەی بەهــۆی ڕیکۆردەرەکــەوە دروســتبوو، ئەگــەر بــۆ ئــەو بەڵگەیەکــی تەواویــش نەبــوو بێــت، بــەڵام کێشــەیەکی دیکــەی زۆر گرنگــتر لــە ئاســۆ دەرکــەوت، ئەویــش ئاشــکراکردنی ناســنامەکەی بــوو لەلایــەن ڕۆژنامەکانــی ئیسرائیلــدا، بــەڵام نــە گرنگــی پێــدا نــە بــە پێویســتی زانــی کــە دەبــێ کــێ بێــت نــاوی دزە پێکــردووە، یــان وردەکاری ئــەو شــەڕە چییــە کــە لەنێــوان مۆســاد و هەواڵگــری ســەربازییەوە هەیــە، ئــەوەی بەلایــەوە گرنــگ بــوو، ئــەو مەترســییە ڕاســتەقینە بــوو کــە لەوانەیــە لەســەر ژیانــی دروســت بــکات، ڕەنگــە زنجیــرەی ڕووداوەکان بــەو بــاوەڕەی گەیاندبێــت کــە مۆســاد بڕیــاری تیرۆرکردنــی داوە. بۆیــە زۆر ڕێیتێدەچــێ هــۆکاری ڕەتکردنــەوەی هەوڵەکانــی دوبــی و زامیــر بــۆ پەیوەنــدی پێوەکردنــی ئــەو بــاوەڕە بێــت، بــەڵام لــە ڕاســتیدا ئامانجــی ئــەو هەوڵانــە پاراســتنی بــوو لــە هەڕەشــە ڕاســتەقینەکانی ســەر ژیانــی کــە لــە

سەرچاوەیەکی تەواو جیاوازەوە بوون.

ئەشرەف مەروان لە نهۆمی پێنجەمی ئەپارتمانتێکی شەقامی ٢٤ کارلتۆن هاوس تیراس لە گەڕەکێکی قەشەنگی وێستمنستەر لە لەندەن دەژیا کە هاتوچۆی ترومبێل لە شەقامەکانی سنووردار بوو و شوێنەکەی لە نێوان شەقامی پۆڵ مۆڵ پارکی سانت جێمس هەڵکەوتبوو، هەروەها پێنج خولەکە ڕێ لە سێرکی پیکادیلیەوە دوور بوو، ئەمەش بۆ کەسێکی خانەنشینی سەرکەوتووی شار شوێنێکی بێوێنە بوو، چونکە دەیتوانی بە چارەگە کاتژمێرێک بگاتە نووسینگەکەی کە لە شەقامی هێل بوو، بەڵام بەهۆی خراپی تەندروستی و لاوازی دڵی توانای بە پێ ڕۆیشتنی نەبوو، بۆیە کەی ویستبای بۆ گواستنەوەی پشتی بە ترومبێلە لیمۆزینەکەیەوە دەبەست.

ئەپارتمانتەکەی لە ژوورێکی دانیشتنی گەورە و سێ ژووری نووستن پێکهاتبوو کە یەکێکیان تایبەت بە خۆی بوو، بالکۆنێکی فرەوانی هەبوو. هەروەها ژوورێکی خوێندنەوە و دوو گەرماوی هەبوو، ژوورەکەی پڕ لە تابلۆ و کاری هونەری بوو، هەروەها وێنەیەکی ڕابەری مەزنی مسری باوکی موناشی تێدابوو. ئەپارتمانتەکە زۆر گەورە نەبوو، بەڵام بەهۆی شوێنە باشەکەی نرخەکەی بە ٤،٥ جونەی ئیستەرلینی مەزەندە دەکرا، بالکۆنەکە دەیڕوانییە سەر باخچەیەکی تایبەت و فرەوان کە پڕ لە داروبار بوو و لە کۆتایی بەهاردا گوڵی زەردیان دەدا. باخچەکە تایبەت بە خەڵکی باڵەخانەکە بوو، بۆ مێشک سافبوون ئەستەمە بیر لە شوێنێکی دیکەی باشتری لەندەن بکرێتەوە. بۆ مەروان کە تەندروستییە تێکچووەکەی وایکردبوو کەمتر کار بکات، پەناگەیەکی نایاب بوو. لە ساڵی ٢٠٠٤، کاتێک تەمەنی بوو بە شەست ساڵ، بیری لە خانەنشیبوون دەکردەوە، بە گوتەی مونا کاتێکی زۆرتری

لەگـەڵ نەوەکانـی و کاری دیکـە بەسـەر دەبـرد. دوای چەنـد سـاڵێک لـە کۆتایهاتنـی کاری سـیخوڕی، کاری بزنسەکەشـی بـە کۆتایـی گەیشـت.

مێژوو نەیهێشت مەروان بە ئاشتی خانەنشین بێت.

لــە ٢١ی دێســەمبەری ٢٠٠٢دا، ڕۆژنامــەی ئەهرامــی مــسری دەقــی چاوپێکەوتنێکــی لەگــەڵ ئەهــرۆن برێگمانــی مێژوونووســی ئیسرائیلــی نیشـتەجێی لەنـدەن بڵاوکـردەوە، بـە ڕاشـکاوی پرسـیاری ئـەوەی لێکرابـوو، ئایــا زاوا کــە پەرتووکێکــی نوێــی لەســەری بڵاوکردبــۆوە، هەروەهــا بــە نــاوی بابل-یــش ناسراوبــوو، ئــەشرەف مەروانــە. برێگــمان بــە ئەرێنــی وەڵامــی دابوویــەوە. ئــەوەش یەکەمجاربــوو ناســنامەی گەورەتریــن ســیخوڕی مۆســاد بــە ئاشــکرا بڵاوبکرێتــەوە.

ئـەو پەردەلادانـە بـۆ ژیانـی مـەروان وێرانکـەر بـوو، بۆیـە زۆر ڕێـی تێدەچـێ هـۆکاری مردنەکەشـی بێـت، بـەڵام ئـەو زیانـەی بـەر مۆسـادیش کـەوت، گەلێـک گـەورە بـوو. بـۆ نموونـە، پرسـیارگەلێک لەبـارەی توانـای دەزگا بـۆ پاراسـتنی نهێنـی و سـەلامەتی بەکرێگیراوەکانـی دەخولانـە. ئەگەر ئیسرائیلییـەکان نەتوانـن کەسـێک بپارێـزن کـە بـۆ خزمەتکردنـی ئیسرائیـل ڕیسـکی بـە ژیانـی خـۆی و بنەماڵەکەیـەوە کرد، مـرۆڤ دەتوانـێ مەزەندەی ئـەو سـەختیانە بـکات کـە لـە کاتـی بەسـەربازگرتنی بەکرێگیـراوی نـوێ ڕووبەڕوویـان دەبێتـەوە. بۆیـە ئاشـکراکردنی مـەروان بـۆ وڵاتێکـی بچووکـی هەڕەشـەلێکراوی وەک ئیسرائیـل، لـە کارەسـاتێکی ئاسـایش و نیشـتمانییەوە کەمـتر نەبـوو.

جێـی سەرسـوڕمانە، دوای دەرکەوتنـی پرۆسـەی دزە پـێ کردنەکـە، بـۆ زانینـی ئـەوەی کـێ لـەوەدا بەرپرسـیارە، هیـچ لێکۆڵینەوەیەکـی فەرمـی نەکـرێ. لـەوەش سـەیرتر ئەوەبـوو کـە دۆزینـەوەی کەسـی گوناهبـار زۆر ئاسـان بـوو.

دواجار گشت ئاماژەکان پەنجەیان بۆ ئیلی زەیرا درێژ دەکرد.

ئـەو پیـاوەی لـە شـەڕی یـۆم کیپـووردا وەک سـەرۆکی هەواڵگـری سـەربازی، بەهـۆی دەسـتبەردارنەبوونی لـە بۆچوونەکـەی و بەهەنـد وەرنەگرتنـی لێشـاوی زانیارییـە هەواڵگرییـەکان کـە پێشـبینی هێرشـێکی لەپڕیـان لـە ئۆکتۆبـەری ١٩٧٣ دەکـرد، سـەرلەبەری میراتەکـەی لەناوبـرد. لەبەرئـەوەی تاکـە بەرگـری پیاوەکـە ئەوەبـوو کـە ئـەشرەف مـەروان مەزنتریـن سـەرچاوەی هەواڵگـری ئیسرائیـل، لـە ڕاسـتیدا سـیخوڕێکی دووسـەرەیە، بێگومـان هـەر لـە سـەرەتای نەوەدەکانـەوە لـە هەوڵـی ئاشـکراکردنی ناسـنامەی سـیخوڕەکە بـوو بـۆ خەڵـک.

دەکـرێ چەنـد هۆکارێـک بـە ئەگـەر دابنێیـن کـە بۆچـی ئەفسـەرێکی بـاڵای هەواڵگـری وەک زەیـرا بـە ئەنقەسـت ناسـنامەی مەزنتریـن سـیخوڕی نیـو سـەدەی ڕابـردووی خسـتە دەرەوە، بـەڵام بەڵگـەی ئـەوەی کـە زەیـرا ئـەو کارەی کـردووە، زۆر جەنجاڵـە.

لـە سـەرەتای نـەوەدەکان مێژوونووسـان ئـەو ئاماژەیـان بڵاوکـردەوە کـە ٢٤ کاتژمێـر بـەر لـە هێرشـی ٦ی ئۆکتۆبـەری ١٩٧٣، زیڤـی زامیـر لەسـەر ئـەوەی بەڕێگەوەیـە ورياكردنەوەیەکـی وەرگرتـووە. سێ پەرتـووک بڵاوبوویـەوە کـە بـاس لـە مێـژووی هەواڵگـری ئیسرائیـل دەکـەن، لەسـەر باسـکردنی سـەرچاوەیەکی ئاسـت بـاڵا کۆکـن کـە ئیسرائیلییـەکان هەیانبـووە. یوسـی میلـمان و دان ڕەڤیـڤ گوتیـان، «سـیخوڕێکی مۆسـاد لـە قاهیـرە» زامیـری ورياكردووەتـەوە، بێئـەوەی وردەکاری زیاتـر ڕوونبکەنـەوە [١٢]. هەریـەک لـە بێنـی مۆریـس و ئایـان بـلاک کاتێـک پێناسـەیان کـردووە، شـتێکی زیاتریـان باسـکردووە و لـە زاری ئەفسـەرێکی بـاڵای هەواڵگـری ئیسرائیلـەوە دەگێڕنـەوە یەکێـک لـە «باشـترین سـیخوڕ بـوو کـە لـە سـەردەمی شـەڕ وڵات هەیبـوو، هەروەهـا سـەرچاوەیەکی موعجیـزە بـوو»

[١٣]. شاموئێل کاتز لە کتێبی مێژووی هەواڵگری سەربازیدا سەرچاوەکە وا پێناسە دەکات کە «یەکێک لە سیخوڕە هەرە بەنرخ و نهێنییەکانی مۆساد بوو»، کاتز بە جۆرێک لە جۆرەکان بەسەر سانسۆری سەربازی پێچی کردۆتەوە، کاتێک لە یەکێک لە پەراوێزکاندا نووسیویەتی، وێڕای ڕێگرتنی لە ئاشکراکردنی ڕەگەزنامەی سیخوڕەکە، «یوسی مێلمان و دان ڕەڤیڤ ئاماژەیان بەوە داوە کە سەرچاوە «بەنرخەکەی» مۆساد خەڵکی قاهیرە بووە و پێیان وایە سیخوڕەکە لە سەرکردایەتی مسر، کەسێکی پۆست باڵا بووە[١٤].

وێڕای ئەو پەنجەنومایانە، ئاشکراکردنی ناسنامەی ئەشرەف مەروان لە تواناردا نەبوو، ئەگەر ئەو پەرتووکە نەبا کە زەیرا ساڵی ١٩٩٣ بڵاویکردەوە، تەنانەت پێش بڵاوکردنەوەی، هەندێ کەس ناوی مەروانیان لە لاپەڕە ١١ی بەرنووسی یەکەمیدا بینیبوو کە بە لێژنەی سانسۆری دابوو، ئەو تاکە کەسەی لە کۆبوونەوەی لوتکەی ئابی ١٩٧٣ لە پاڵ سادات و مەلیکی سعوودیا دەرکەوتبوو، ئامنون دانکنەری ڕۆژنامەنووس بوو کە سەرەتای نەوەدەکان توێژینەوەیەکی لەبارەی شەڕی یۆم کیپووردا کردبوو و لە ڕێگەی ئەندامێکی لێژنەی حکومەت کە ڕەزامەندی لەسەر چاپکردنەکان دەدا، دەستی بە بەرنووسی یەکەم گەیشتبوو. بە گوتەی دانکنەر لە سۆنگەی دەرکەوتنی ناوەکەی، ئەوە ڕوون بوو کە مەروان «سەرچاوە موعجیزەکەی» مۆساد بوو. دانکنەر ئەوەی خستبووە بن دەستی جەنەڕاڵی خانەنشین یوئێل بن پۆرات، فەرماندەی یەکەی ئاماژە لە هەواڵگری سەربازی سەردەمی شەڕدا کە تازە دانە تایبەتییەکەی لەبارەی ڕووداوەکان بڵاوکردبۆوە، بەڵام لە تووڕەییدا ئاگری گرت [١٥]. ئەوەی بۆ دانکنەر ڕوون بوو کە هەر یەک لە تایپست و ئیدیتەر و ئەوانی دی کە چاویان بەو بەرنووسە کەوتووە

بـە ئاسـانی دەیانتوانـی بەهەمـان ئەنجـام بگـەن.

بەرپرسـانی بـاڵای مۆسـاد لەبـەر ڕیسـکی ئاشـکرابوونی ناسـنامەی فریشـتەکە هوشـیاریان لـە بڵاوبوونـەوەی پەرتووکەکـەی زەیـرا دا، بـەڵام سانسـۆری سـەربازی بـە هەموارکردنێکی بچووکـەوە کـە نـاوی ڕاستەقینەی مـەروان دەرنەکـەوێ ڕێگـەی بـە بڵاوکردنەوەیـدا، بـەڵام هـەر کەسـێک کـە ئـاگاداری کەسایەتییەکان بـوو دەیتوانـی ئاشـکرای بـکات. لـە میانـەی گفتوگـۆی پەرتووکـی جیفـری ڕۆبنسـۆن لەبـارەی شـێخ یەمامـی وەزیـری نەوتـی سـعوودیاوە، زەیـرا دەنووسـێ «ڕۆبنسـۆنی دانـەری ئـەو پەرتووکـە، چاوپێکەوتنـی لەگـەڵ ئـەو تاکـە کەسـە کـردووە کـە لـە کۆبوونـەوەی نێـوان سـەرۆکی مـسری و مەلیکـی سـعوودیا ئامـادە بـوو. بـە پێـی گوتـەی ئـەو کەسـە، ئامانجـی سـەردانەکەی ئەنـوەر سـادات بـۆ شانشـینی سـعوودیا، ئاگادراکردنـەوەی مەلیـک بـوو لـە نهێنییـەک و هەواڵدانـی بـوو کـە مـسر و سـووریا لـە ئایندەیەکـی زۆر نزیکـدا لەبـەر دەسـتپێکردنی شـەڕن بـۆ سـەر ئیسرائیـل [١٦]. هـەر کەسـێک کـە بایەخێکـی سادەشـی هەبێـت دەتوانـێ دانەیەکـی لـە پەرتووکەکـەی ڕۆبنسـۆن دەسـتکەوێ کـە لـە شـوێنێکی دیکـەدا بـە ڕاشـکاوی باسـی کـردووە کـە «دکتـۆر ئـەشرەف مـەروان زاوای سـەرۆک نـاسر کـە ئێسـتا بزنسـمانێکی نیشـتەجێی لەندەنـە، ئـەو تاکـە کەسـە بـوو کـە لـە کۆبوونـەوەی سـادات و فەیسـەڵ دەرکـەوت. [١٧] ئەگـەر ئـەوە لەبەرچـاو بگریـن کـە زەیـرا دوای دوو لاپـەڕە لـە پەرتووکەکەیـدا، گللەیـی لـە «زانیاریـدەر» دەکات، تـا لەبـارەی مەبەسـتی لوتکـەی سـعوودیا- مـسر، مۆسـاد لـە تاریکـی بهێڵێتـەوە کـە بـە پێـی بانگەشـەکانی دەسـتکەوتێکی تاجـداری فێڵـی مسرییـەکان بـوو [١٨]. بەمـەش ڕوونـە، دەبـوو «زانیاریـدەر» مۆسـاد لـە وردەکاری کۆبوونەوەکـە و ئـەو کەسـە ئـاگادار بکاتـەوە کـە ڕۆبنسـۆن لەپـاڵ دوو سـەرۆکەکە وەک تاکـە کەسـی

ئامادەبـووی کۆبوونەوەکـە نـاوی بـردووە کـە هەمـان کەسـە. ئـەوەش ڕێـک ئـەو ئەنجامـە بـوو کـە ثیـۆدۆر ئـوری سـەرۆکی دادگای دادی بـاڵای ئیسرائیل پێـی گەیشـت دوای ئـەوەی مادەکانـی تاقیکـردەوە [١٩]. بانگەشـەکانی زەیـرا کـە مـەروان لـە هـەواڵ پێـدان لەبـارەی کۆبوونـەوەی لوتکـە مۆسـادی پشـتگوێ خسـتووە، هـەر بەرمەبنـای ئـەوە زەیـرا گریمانـەی «سـیخوڕی دووسـەرەی» لەکـن دروسـت بـوو. هـەر بـە سـادەیی کارێکـی هەڵـە بـوو، ئەگـەر لەبـارەی کۆبوونەوەکـە مـەروان ڕاپۆرتێکـی تـەواوی بدابـا. هەروەهـا پەرتووکەکـەی زەیـرا یەکـەم گێڕانـەوەی بڵاوبوویـەوەی فەرمـی بـوو کـە ئامـاژە بـە نایابـی کەرەسـتەکان دەکات کـە سـەرچاوەکە پێشکەشـی کردوونـە. هەروەهـا ئامـاژە بـەو زیانانـەش دەکات کـە دووچـاری مـسر و وڵاتـە عەرەبییەکانـی دیکـە هاتـەوە [٢٠].

بڵاوکـراوەی دیکـە کـە بـە شـێوازی دیکـە ناسـنامەی مەروانیـان ئاشـکرا کـردووە، وتارێکـی ڕۆنیـن بێرگـمان بـوو کـە لـە ١٧ی ئەیلوولـی ١٩٩٩ لـە پاشـکۆی ڕۆژنامـەی هارتـز بـە ناونیشـانی «بەیانـی شـەڕ هەڵدەگیرسـێ» بڵاوبوویـەوە، وتارەکـە بـۆ یەکەمجـار ئـەوە ڕوون دەکاتەوە، چـۆن پەیوەندی بـە سـیخوڕەکە کـراوە وەک بڵێـی سـاڵی ١٩٦٩ بێـت، کاتێـک لەبـەر دەرگـەی بالیۆزخانـەی ئیسرائیـل لـە ئەوڕوپـا وەسـتاوە و خزمەتگوزارییەکانـی خـۆی خسـتووەتەڕوو. هەروەهـا برێگـمان بـە وردوباریکـی باسـی لـە چالاکییـەکان و جـۆرە نایابەکانـی کەرەسـتەکان کـرد کە سـەرچاوەکە پێشکەشـی کـردوون. ئـەو پرسـیارەش دەوروژێنـێ کـە ئەگـەری ئـەوە هەبـوو سـیخوڕێکی دووسـەرە بێـت. بێئـەوەی هیـچ پەیوەندییەکـی ڕوونـی بـەو بابەتـە هەبێـت کـە قسـەی لەسـەر دەکـرد، دواتـر برێگـمان بـاس لـەو هێرشـە تیرۆسـتە نەزۆکـەی ئەیلوولـی ١٩٧٣ دەکات، بـەڵام باسـی لـەوە کـردووە کـە تەنیـا لـە یاداشـتەکانی پاشـکۆی سـەربازی لـە لیبیـا هاتـوون، بـەڵام دەکـرێ

هـەر کەسـێک یاداشـتەکان ببینـێ بـە ئاسـانی ئـەو ڕۆڵـە تەوەرییـەی بـۆ دەردەکـەوێ کـە لـەو پیلانـەدا ئـەشرەف مـەروان گێڕاویەتـی. زەیـرا و برێگـمان هەمـان تاکتیکیـان بەکارهێنـا کـە پشـت بـە ئاڕاسـتەکردنی توێژینـەوەی نـا ڕاسـتەوخۆ بـۆ ناسـنامەی مـەروان دەبەسـتێ، لـە ڕێگـەی ئامـاژەدان بـە مادەیەکـی دەرەکـی کـە پەیوەنـدی بـە چیرۆکـەوە نییـە و دەرفـەت بـۆ شرۆڤـەکاران جێدەهێڵـی کەرەسـتەکان بەیەکـەوە گـرێ بـدات.

پرسـیاری ئـەوەی کـە لـە وتارەکـەی برێگـمان دەبـێ کـێ سـەرچاوە سـەرەکییەکە بێـت، جگـە لـە زیڤـی زامیـر کـەس وەڵامـی ئـەوەی نەداوەیـە کـە گوتـی برێگـمان بـەر لـە بڵاوکردنـەوە، بەرنووسـی وتارەکـەی نیشـانی داوە و بەڕاشـکاوی  نـاوی مـەروان تێـدا هاتبـوو. زامیـر کـە زۆر سەرسـوڕمایی ببـوو، لـە برێگمانـی پرسـی ئـەو بیرۆکەیـەی لـە کـوێ هێنـاوە کـە سـەرچاوەکە مەروانـە. لـە وەڵامـدا برێگـمان گوتـی، لـە ئیلـی دەسـتی کەوتـووە و هەردووکیـان دەیانزانـی مەبەسـتیان کێیـە.

برێگـمان تاکـە نووسـەر نەبـوو کـە زەیـرا ناسـنامەی مەروانـی لای ئاشـکرا کردبـوو، دوای نزیکـەی نـۆ مانـگ بەسـەر دەرکەوتنـی وتارەکـە لـە ڕۆژنامـەی هارتـزدا، زەیـرا بـە توێژەرێـک بەنـاوی ئەفرایـم کاهانـای گوتبـوو، سـەرچاوەکەی مۆسـاد، سیخوڕێکی دووسـەرەبوو، هەروەهـا زەیـرا وردەکاری ناسـنامەی سـەرچاوەکە وەک تەمـەن و وردەکاری ژیانـی بـە کاهانـا دابـوو (٢١). لـە وتارەکەیـدا کـە هاوینـی ٢٠٠٢ گۆڤـاری Intelligence and National Security ڕێ بـە کاهانـا نـەدرا وردەکارییـە سـەرەکییەکانی پەیوەسـت بـە ناسـنامەی سـەرچاوەکە بڵاوبکاتـەوە، بـەڵام لـە پەراوێزێکـدا ئـەوەی باسـکردبوو کـە ڕێگـە نـەدراوە ناوەکـەی ئاشـکرا بـکات، بـەڵام وێـڕای ئـەوە، ڕێـی بەخۆیدابـوو بنووسـێ کـە «سـەرچاوە باڵاکـە خۆرتێکـی مـسری بـوو، سـاڵی ١٩٦٩ لـە کۆتایـی بیسـتەکانی تەمەنـی یـان سـەرەتای

سییەکانی تەمەنیدابـوو، دەستەڕاسـتی سـەرۆک نـاسر بـوو، دوای مردنیشـی لەژێـر سـەرکردایەتی سـەرۆک سـادات لـە هەمـان پۆسـت بـەردەوام بـوو». لەبـارەی سـەرچاوەی زانیارییەکانـی کاهانـا ئامـاژەی بـەو چاوپێکەوتنـە کردبـوو کـە لەکانوونـی دووەمـی ١٩٩٩دا لەگـەڵ ئیلـی زەیـرای کردبـوو [٢٢]. لەبـەر زیاتـر لـە هۆکارێـک کاهانـا بەخـت یـاوەری نەبـوو، کاتێـک وتارەکـەی لـە گۆڤارێکـی ئەکادیمـی کـە مێژوویەکـی دورودرێـژی لـە پێشـەنگیدا هەبـوو، بـەڵام ئەگـەر دوو سـاڵ پێشـتر بڵاوکرابایەتـەوە، هیـچ گومانـی تێـدا نەبـوو تۆمەتـی ئاشـکراکردنی گرنگتریـن سـیخوڕی ئیسرائیلـی دەخرایـە پـاڵ.

هـاوارد بلومیـش یەکێـک لـەو نووسـەرانە بـوو کـە ڕووماڵـی شـەڕی یـۆم کیپـووری کردبـوو و لێکۆڵینـەوەی وردودرشـتی لەبـارەی سـیخوڕی دووسـەرە کردبـوو، ئەویـش هەمـوو ئـەو زانیاریانـەی لەبـارەی مـەروان دەیزانـی دابوویـە پـاڵ زەیـرا. لەئاسـتی کەسـییەوە، «دوای بڵاوبوونـەوەی کتێبـە تایبەتەکـەم لەسـەر شـەڕی یـۆم کیپـورد، کاتێـک بلـوم بـە سـەردان هاتبـووە ئیسرائیـل پەیوەنـدی پێـوە کـردم. لـە ٦ی ئایـاری ٢٠٠٢ لـە ئێـوارە خوانێکـدا لـە تەلئەڤیـڤ یەکدیـمان بینـی کـە تـازە لـە کۆبوونەوەیەکـدا لـە ماڵـی زەیـرا هاتبـووە دەرەوە». بـە گوتـەی بلـوم، زەیـرا تەنیـا یـەک مەسـەلە لای جـێ بایـەخ بـوو، ئەویـش ئـەو سـیخوڕە دووسـەرەبوو کـە مۆسـادی فریودابـوو. کاتێـک لـە زەیـرای پرسـیبوو، ئـەو سـەرچاوە کـێ بـوو، پێـی گوتبـوو ناتوانـێ ناوەکـەی ئاشـکرا بـکات، بـەڵام بلـوم دەیزانـی سـەرچاوەکە ڕۆڵـی لـە لوتکـەی ئابـی ١٩٧٣ لـە نێـوان سـادات و مەلیـک فەیسـەڵدا هەبـوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا مۆسـادی لـی ئـاگادار نەکـردەوە. هەروەهـا زەیـرا گوتـی ئەگـەر سـەیری لاپـەڕە ١٤٨ کۆپـی ئینگلیـزی بیرەوەرییەکانـی شـازلی فەرمانـدەی سـوپای مـسری بکـەی، نـاوی سـیخوڕەکە دەدۆزییـەوە.

کاتێــک بلــوم گەڕایــەوە ویلایەتــە یەکگرتــووەکان، لێکۆڵینــەوەی لــە کتێبەکــەی شــازلی کــرد، دوو نــاوی جــودای لــە لاپەڕەکــە دۆزیــەوە کــە لەوانەبــوو پەیوەنــدی بــە مژارەکــەوە هەبێــت. یەکڕاســت پەیوەنــدی بــە زەیــراوە کــرد، دووبــارە زەیــرا پێــی گــوت ناتوانــێ ناوەکــەی ئاشــکرا بــکات، بــەڵام پێشــنیازی بــۆی کــرد پەیوەنــدی بــە ئاهــرۆن برێگمانــی مێژوونــووس بــکات لــە لەنــدەن کــە وردەکاری پەیوەســت دەزانــێ. بلــوم پەیوەنــدی بــە برێگمانــەوە کــرد و پێــی گــوت زەیــرا ئامــۆژگاری کــردووە پەیوەندیــت پێــوە بکــەم کــە تــۆ دەزانــی ســەرچاوەکە یەکێــک لــەو دوو ناوەیــە کــە لــە کتێبەکــەی شــازلی دۆزراونەتــەوە. بلــوم لــە برێگمانــی دەویســت ئامــاژە بــە یەکێــک لــەو دوو نــاوە بــدات. برێگــمان لــە کردەیەکــی بەخشــندانەی کەموێنــەی ئــەو مەیدانــەدا بــە ڕیســک کــردن بــە پێشــینەی ڕۆژنامەوانــی خــۆی، ئــەو نــاوەی پــێ گــوت کــە ســەرچاوەکەیە، ئیــدی بەمشــێوەیە بلــوم دەیزانــی ســەرچاوەکە کێیــە و لــەو کتێبــەی ســاڵی ٢٠٠٣ دەرچــوو، ناوەکــەی بڵاوکــردەوە.

هــەر ئــەوکات نــاوی مــەروان وەک گەورەتریــن ســیخوڕ کــە ئیســرائیل بــە ســەربازی گرتــووە بــە شــێوەیەکی ئاشــکرا دەرکــەوت و ئــەوەی پــەردەی لەســەر چیرۆکەکــە لادا، ئاهــرۆن برێگــمان بــوو. بــە گەڕانــەوە بــۆ ســاڵی ١٩٩٨، ئاهــرۆن برێگــمان بــە هاوبەشــی لەگــەڵ جیهــان ئەلتاهیــری پەرتووکێکیــان بڵاوکــردەوە، جیهــان توێــژەر و دەرهێنــەری فلیمــی دۆکیومێنتارییــە و پەنجــا ســاڵەی ململانێــی عەرەبــی ئیســرائیلی ڕوومــاڵ کــردووە [٢٣]. یەکێــک لــەو ســەرچاوە ســەرەکییانەی لــە کتێبەکەیــدا پشــتی بەســتووە، کتێبەکــەی ئیلــی زەیرایــە کــە برێگــمان چاوپێکەوتنــی لەگەڵــدا کــردووە، چــۆن خــۆی تێیــدا ژیــاوە و بــە چــاوی خــۆی بینویەتــی، بەوشــێوەیە باســی شــەڕەکەی بــۆ کــردووە. کتێبەکــە بــە فرەوانــی باســی شکســتەکانی

کـردووە کـە هەواڵگـری سـەربازی بـەر لـە شـەڕ تووشـی هاتبـوو، بێئـەوەی بـە ڕوونـی یـان ناڕوونـی باسـی مـەروان بـکات. دوو سـاڵ دواتـر برێگـمان کتێبێکـی نوێـی بـە ناونیشـانی شـەڕەکانی ئیسرائیـل ١٩٤٧-٩٣، ئەمجـارە چیرۆکـی سـیخوڕی دووسـەرە لـە پیلانەکـەدا ڕۆڵێکـی ناوەنـدی هەبـوو، چونکـە کتێبەکـە بـە جۆرێـک لـە وردەکارییـەوە قسـەی لەسـەر ڕووداوەکـە و یەکـەم ئاشـکراکردنی کـردەی بەسـەربازگرتنی سـیخور لـە لەنـدەن کردبـوو، هەروەهـا برێگـمان دەسـتی بـە هەنـدێ لـەو کەرەسـتە هەواڵگریانـە گەیشـتبوو کـە سـەرچاوەکە گواسـتبوویەوە، وەک خولەکەکانـی ئـەو کۆبوونەوەیـەی عەبدولنـاسر لـە کانوونـی دووەمـی ١٩٧٠ لـە مۆسـکۆ لەگـەڵ سـەرکردەکانی سـۆڤیەت کردبـووی، لەگـەڵ دەقـی نامەکانی سـادات کـە لـە ئابـی ١٩٧٢ بـۆ لیۆنێـد برژنێـف ناردبـووی، بـۆ یەکەمجـار ئەوەشـی ئاشـکرا کردبـوو کـە سـەرچاوەکەی مۆسـاد ئامـادەی ئـەو لوتکەیـە بـوو کـە سـادات و فەیسـەڵی بەیەکـەوە کۆکردبـووەوە، بـەڵام مۆسـادی لـەوە ئـاگادار نەکردبـۆوە. لـە کۆتاییـدا ئەوەشـی ئاشـکراکردبوو کـە کۆبوونـەوەی زامیـر لەگـەڵ سـەرچاوەکە لـە پەراوێـزی شـەڕی یـۆم کیپـووردا، نـەک لـە هـەر پایتەختێکـی ئەوڕووپـی بـوو، بەڵکـوو لـە لەنـدەن بـوو[٢٤].

دوو سـاڵ دواتـر، برێگـمان وتارێکـی لـە ڕۆژنامـەی یەدیعـۆت ئەحرانۆتـی ئیسرائیلـی **Ahronot Yedioth** بڵاوکـردەوە کـە پشـتی بـە بەشـێکی کتێبـی داهاتـووی مێـژووی ئیسرائیـل بەسـتبوو کـە لـە ئینگڵتـەرا لـە سـەروبەندی بڵاوکردنـەوە بـوو. هەرچەنـدە وتارەکـە سـەرنجی کەسـانی زۆری ڕانەکێشـا، بـەڵام پەتـی لـە گەردەنـی مـەروان پێچابـوو، چونکـە بـۆ یەکەمجـار چیرۆکێکـی پـڕ لـە وردەکاری لـە خۆگرتبـوو کـە بـە ڕوونـی بـە چیرۆکـی مەروانـەوە گرێدرابـوو، یەکـەم سـەرچاوەکە ئەندامێکـی بنەماڵـەی عەبدولنـاسرە، دووەم نازناوەکـەی دکتـۆرە. لەگـەڵ ئـەوەی لـە ئیسرائیـل

بەو نازناوە نەدەناسرا، بەڵام ئەوە بەس بوو کە عزە سکرتێری مەروان وەڵامی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی دوبی نەداتەوە.

کاتێک لە ئۆکتۆبەری ئەو ساڵە کتێبەکەی دەرکەوت، برێگمان پەردەی لەسەر وردەکاری دیکە لادا، وەک سرووشتی نزیکایەتی لە عەبدولناسر و کارە دیاریکراوەکانی لەگەڵ سادات، هەروەها باسێکی وردی ڕۆڵەکەی لە هێرشە تیرۆرستییە نەزۆکەکەی ڕۆما لە ئەیلوولی ١٩٧٣دا[٢٥]. ئیدی بەوە گومانی تایبەت بە ناسنامەی سەرچاوەکەی نەهێشتەوە. واتە ئەو پرۆسەیەی بەر لە دە ساڵ بە بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی زەیرا بە عیبری دەستی پێکردبوو، ئێستا گەیشتە ئەوپەڕی دروستی خۆی. ڕۆژنامەیەکی مسری پەیوەندی بە مەروانەوە کردبوو و لێی پرسیبوو، ئایا بۆ بەرژەوەندی ئیسرائیل سیخوڕی کردووە. لە وەڵامدا مەروان گوتی «ئەوە چیرۆکی پشکنێرێکی گەمژەیە». دواتر برێگمان لەگەڵ پەیامنێرێکی ڕۆژنامەی ئەهرام دیداری بوو و بۆی دووپات کردەوە کە مەروان سیخوڕ بوو. هەروەها ڕشت بوو لەسەر ئەوەی مەروان سیخوڕێکی دووسەرەبوو و توانویتی ئیسرائیل فریوبدات. دوای چەند ڕۆژێک ڕێک لە ٢٢ی کانوونی یەکەم چاوپێکەوتنەکە بڵاوبوویەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٤ ئیلی زەیرا چاپێکی نوێی لە کتێبەکەی بڵاوکردەوە، لەگەڵ ئەوەی لەچاو چاپی یەکەمی هیچ هەموارێکی بنەڕەتی تێدا نەکردبوو، وێڕای تێپەڕبوونی نزیکەی دە ساڵێک بەسەر بڵاوبوونەوەیدا، بەڵام زەیرا تیۆرەکەی خۆی حنجە کرد و ڕایگەیاند مەروان سیخوڕێکی دووسەرە بوو و بە ئاشکرا ئاماژەی بە ناوەکەی کرد.

بڵاوبوونەوەی چاپە نوێیەکەی زەیرا لەبارەی شکستی هەواڵگری لە ساڵی ١٩٧٣، دەرفەتێکی لەبار بوو بۆ دیدارێکی یەک کاتژمێری

تەلەفزیۆنــی لەگــەڵ دان مارگەلیــت بەناوبانگتریــن بێــژەری تەلەفزیۆنــی ئیسرائیلـی، مارگەلیـت دەرفەتێکـی فرەوانـی بـە زەیـرا دا تا خۆی لە شکستی هەواڵگـری ببێبــەری بـکات. دواتـر لـە نیـوەی دووەمـی دیدارەکـەدا زەیـرا تیۆرەکــەی خــۆی تایبــەت بــەوەی کــە مــەروان ســیخوڕێکی دووســەرەیە شـیکردەوە، زیاتـر لـە جارێـک ئامـاژەی بـە ناوەکـەی کـرد.

هەفتــەی دواتــر، بــە مەبەســتی گوێگرتــن لــە گێڕانــەوەی چیرۆکەکــە، مەرگەلیــت لــە بەرنامەکەیــدا میوانــداری زیڤــی زامیــری کــرد ، لەکاتــی باسـکردنی بابەتـی ئاشـکراکردنی نـاوی مـەروان لەلایـەن زەیـراوە، زامیـر لــە ڕەخنەگرتنەکانیــدا ڕاشــکاو بــوو، بەمــەش بــۆ ســاڵانی دادی گــڕی لــە جەنگێکـی دادگایـی توونـد بـەردا کـە گوتـی: دەبـێ زەیـرا لەسـەر ئاشــکراکردنی ســەرچاوەکە دادگایــی بکــرێ... پیاوێــک کــە پۆســتەکەی ســەرۆکی هەواڵگــری ســەربازی بێــت، چــۆن وا دەکات نــاوی ســەرچاوەکە بزانــێ، کاتێــک ئــەو پیــاوە ســەرچاوەیەک ئاشــکرا دەکات، بــە واتــای پێشــێلکردنی یەکــەم دە ڕاســپاردەکانی بــواری هەواڵگــری دێــت [٢٦].

لـە وەڵامدانـەوەی ئـەوەی زامیـر لـە چاوپێکەوتنەکـە گوتـی، زەیـرا داوای بەرزکردنــەوەی ســکاڵای لــە دژی زامیــر کــرد، هەردووکیــان قایــل بــوون کەیســەکە بدرێتــە ثیــۆدۆر ئــوڕ ســەرۆکی خانەنشــینکراوی دادگای بــاڵا کـە لـە کۆتاییـدا لەتـەک زامیـر وەسـتا، چونکـە زەیـرا دزەی بـە ناسـنامەی ئــەشرەف مــەروان کــردووە:

لــە ڕوونکردنــەوەی ئــەو وێنەیــەی لەبــەر ڕۆشــنایی هەمــوو ئەوانــەی پێشــتر ئامــاژەم پێکــردوون، دەردەکــەوێ کــە داوکار (زەیــرا) لــە چەندیــن بۆنــەی جیــاوازەوە ناســنامەی ســیخوڕەکەی ئاشــکرا کــردووە، بەتایبەتــی لــە چاپــی یەکەمــی کتێبەکەیــدا کــە لــە ســاڵی ١٩٩٣دا بلاوکرایــەوە، ئــەو ئاشــکراکردنە بــەو وردەکارییــە پەرشــوبڵاوەدا بەرمەبنــای ئــەوە لەوانــە

توێــژەران و چاودێــران بــە ڕۆژنامەنــووس و نووسەرانیشــەوە لەبــارەی ناســنامەی ســیخوڕەکە هێــور بکاتــەوە. لــە ســاڵی ١٩٩٩ دا نــاوی کاهانــا و رۆنیــن (برێگــمان) ئاشــکرا کــردووە. لــە ئایــاری ســاڵی ٢٠٠٢دا، ناســنامەی ســیخوڕەکەی بــۆ هــاوارد بلــوم ئاشــکرا کــرووە وەک ئــەوەی لــە لاپــەڕە ٢٣-٢٨ پێشــوودا دا ڕوونــی کردۆتــەوە.. هەروەهــا دکتــۆر ئاهــارون برێگــمان لــەو چاوپێکەوتنــەی لــە ئۆکتۆبــەری ٢٠٠٢دا لــە گــەڵ ڕۆژنامەیەکــی مــسری کردوووەیەتــی، بــە ڕاشــکاوی نــاوی ســیخوڕەکەی ئاشــکرا کــردووە. لــەو کتێبــەی برێگــمان لــە ئۆکتۆبــەری ٢٠٠٢دا بــە چاپــی گەیانــدووە، تایبــەت بــە ناســنامەی ســیخوڕەکە ئامــاژەی ڕوونــی بڵاوکردووەتــەوە. لــەو ئاشــکراکردنە و مژارەکانــی دیکــەدا برێگــمان پشــتی بــە چاپــی یەکەمــی کتێبەکــەی داواکار بەســتووە، ســەرباری وەڵامــی ڕامــی تــەل لەســەر ئــەو گفتوگۆیــەی لەگەڵیــدا کردوویەتــی کــە تێیــدا گفتوگــۆی نــاوی ســیخوڕەکە کرابــوو. بۆیــە هــەر دەبــێ ئامــاژە بــەوە بدەیــن کــە ڕامــی تــەل نووســەری هــەردوو کتێبەکــەی داواکار بــووە. لــە ســاڵی ٢٠٠٤دا لــە دیدارێکــی تەلەفزیۆنیــدا و لــە چاپــی دووەمــی کتێبەکەیــدا، داواکار بــە شــێوەیەکی ئاشــکرا نــاوی ســیخوڕەکەی هێنــاوە [٢٧].

لــە ٢٧ی ئــاداری ٢٠٠٧ حوکمــی بێتاوانــی زامیــر دەرچــوو و لــە ٧ی حوزەیــران ڕاگەیەنــدرا. دوای کەمــتر لــە ســێ هەفتــە، جەســتەی ئــەشرەف مــەروان بــە مردوویــی لــە خــوارەوەی ئەپارتمانتەکەی لــە لەنــدەن دۆزرایەوە.

# پاژی سێزدەم

## کەوتنی فریشتەکە

٢٧ی حوزەیرانی ٢٠٠٧ ڕۆژێکی دیکەی تەمومژاوی لەندەن بوو، تازە هاوین دەستی پێکردبوو، بەڵام نەرمە بارانی هەفتەی پێشوو شاری تەڕ کردبوو، پلەکانی گەرما لە حەفتا پلەی فەهرنیهایەت تێ نەدەپەڕی، گشت چاوەکان لەسەر تۆنی بلێری سەرۆک وەزیران بوون کە بڕیاربوو نیوەڕۆ دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکێشی شاژنە ئلیزابێث بکات.

لێ نە سەقا و نە دەست لەکارکێشانەوەکە جێی بایەخی ئەو چوار کەسە نەبوون کە لەژوورێکی نهۆمی سێیەمی باڵەخانە زلەکەی دامەزراوەی بەڕێوەبەران لە شەقامی ١١٦ی پۆڵ مۆڵ لە گەڕەکی سانت جێمس دانیشتبوون.

لەو شوێنەی دانیشتبوون دەیانتوانی بە ڕوونی ئەو باڵەخانەیە ببینن کە ئەشرەف مەروان لێی دەژیا .

لە دانیشتنەکەیاندا گفتوگۆی ئایندەی کۆمپانیای ئوبیکێم-یان Ubichem دەکرد کە کۆمپانیایەکی بچووکی کەرەستەی کیمیاوی بوو، دیارە ئەنجامدانی کۆبوونەوەکەیان لە دراوسێی ماڵی مەروان ڕێکەوت نەبوو، چونکە هەر لە نەوەدەکانەوە مەروان خاوەنی ئۆبیکێم بوو و زیاتر لەسەدا ٨٠ی پشکەکانی هەبوو، بۆیە ئەو شوێنە هەڵبژێردرابوو تا مەروان بە ئاسانی بەشداری کۆبوونەوەکانی بکات، دیسان بە خاوەن

بوونـی مـەروان بـۆ کۆمپیانەکـەش ڕێکـەوت نەبـوو. عـەزام ئەلشـویکی بەڕێوەبـەری جێبەجێـکاری کۆمپانیـای ئۆبیکێـم کـە هاووڵاتییەکـی مـسری تەمـەن پەنجـاکان بـوو، عـزەی کچـی فـەوزی عەبدولحافـز، سـکرتێری تایبەتـی سـادات هاوژینـی بـوو کـە زۆر لـە نزیکـەوە لەگـەڵ مـەروان کاری دەکـرد، کاتێـک مـەروان لـە نووسـینگەی سـەرۆک کاری دەکـرد. عـزە خـۆی بـۆ چەندیـن سـاڵ وەک یاریـدەر و سـکرتێری ڕۆژنامەوانـی لـە نووسـینگەی مـەروان کاری دەکـرد.

شـوەیکی بێـزار بـوو، چونکـە مـاوەی سـاڵێک بـوو مـەروان هەناسـەی لەبـەر بڕیبـوو، گەڤەکانـی هـەر بـە هەڕەشـەی دەرکردنـی هاوژینەکـەی نەوەسـتابوو، بەڵکـوو گووشـاری لـە شـوەکیش دەکـرد تـا جۆزیـف ڕیپاسـی بەڕێوەبـەری لقـی بۆداپیسـتی لـە شـوێنی دابنـێ. ئـەو گووشـارەی سـەرەتا بـە سـووکی دەسـتی پێکـرد، بـەڵام ئێسـتا وا کشـتبووە، خـۆی لـە قـەرەی دڕندەیـی دەدا. کەسـانێک کـە کەینوبەینیـان لەگـەڵ گرژییەکـەدا هەبـوو بـە چەوسـانەوەیان ناودەبـرد. زیاتـر لـە جارێـک کارمەندانـی ئۆبیکێـم مەروانیـان بـە ترومبێڵـە لیمۆزینـە ڕەشـەکەیەوە بینییـوە کـە دەهاتـە بـارەگای کۆمپانیـا لـە سـاوثمبتۆن کـە بـە ترومبێـڵ نزیکـەی دوو کاتژمێرێـک لـە ماڵـی مـەروان دوور بـوو، بـەڵام تەندروسـتی بـاش دیـار نەبـوو، چونکـە بـە زەحمـەت بـە ڕێگـەوە دەڕۆیشـت، تەنانـەت هەندێجـار گۆچانـی هەڵدەگـرت و بەردەوامیـش زەرفێـک داوودەرمانـی پێبـوو کـە بـەرەو کۆبوونـەوەی ئەنجوومەنـی بەڕێوەبردنـی دەڕۆیشـت، ئـەو ئەنجوومەنـەی خـۆی سـەرۆکایەتی دەکـرد. لەنـاو کۆبوونـەوەدا بـە بەردەوامـی سـووکایەتی بـە عـەزام شـوەیکی دەکـرد کـە بـۆ ئـەو پۆسـتە چەنـد نـا شایسـتەیە، بۆیـە ناچـارە دەری بـکات، شـوەیکی زانـی پۆسـتەکەی لـە ژێـر هەڕەشـەدایە و زۆر نابـات ڕیپاسـی جێگەکـەی پڕدەکاتـەوە.

ئەوانـەی ئـاگاداری چیرۆکەکـە بـوون، دەیانگـوت ڕەخنـەکان پیشـەییانە نەبـوون، هەرچەنـدە کۆمپانیاکـە بەشـێکی بچووکـی ئیمپڕاتۆرەکـەی مـەروان بـوو، بۆیـە حـەزی بـە دەسـتوەردان لـە بەڕێوەبردنـی کۆمپانیاکانـی دەکـرد، تەنانـەت کـە وەبەرهێنانەکانـی زۆر قەبـەش بوونایـە، ڕوون بـوو کـە مەسـەلەکە کەسـییە، لـێ ڕاسـتینەی بابەتەکـە هـەر شـاراوەیی مابـوو. مونـای هاوژینـی بـۆ چەندیـن سـاڵ بانگەشـەی ئـەوەی دەکـرد کـە مـەروان لـە کۆمپانیـا بـە ملیۆنـان دۆلار دەستپیسـی لـە شـوەیکی بینیـووە، بـەڵام ئـەوە دوور لـە ڕاسـتی بـوو، نـەک لەبەرئـەوەی نکۆڵییەکانـی شـوەیکی بنبڕ بـوون، هەروەهـا نـەک لەبەرئـەوەی سـکۆتلاند یـارد بـاوەڕی بـە تۆمەتـەکان نەبـوو، تـا ئـەو ڕادەیـەی ڕەتیـان کـردووە دەسـت بـە لیکۆڵینـەوە لـە بابەتەکـە بکـەن، بەڵکـوو گەورەتریـن بەڵگـەی تۆمەتەکـە هیـچ بنەمایەکـی نییـە، ئـەو ڕاسـتییە بـوو، هەفتەنامـەی ئەهرامـی مـسری لـە ئەیلوولـی ٢٠٠٧ تۆمەتەکانـی مونـای بڵاوکـردەوە، بـەڵام مانگێـک دواتـر داوای لێبوردنـی بڵاوکـردەوە.

هۆکارەکانـی هەرچیـەک بـن کـە وایـان کردبوو مـەروان قین لە شـوەیکی هەڵبگـرێ، تەنیـا یـەک مەسـەلە بـە ڕوونـی دیـارە، ئەویـش دەسـتوەردانە قووڵەکانـی مـەروان لـە کۆمپانیاکـە بـوو کـە بەنیـاز بـوو شـەوەکەی بـۆ ویلایەتـە یەکگرتـووەکان بـڕوات، لەسـەر ئـەو بنەمایـە کەشـێک خوڵقـا وابـکات بـۆ یەکەمینجـار لەوەتـەی لەپـاڵ شـوێنی نیشـتەجێبوونی دامەزراوە لـە نووسـینگەیەکی کـرێ بـۆ ئـەو مەبەسـتە لەنـاو باڵەخانـەی دامـەزراوەی بەڕێوەبـەران، بڕیـاری کۆبوونـەوەی ئەنجوومەنـی بەڕێوەبردنـی کۆمپانیـا بـدات. کۆبوونەوەکانـی پێشـتر یـان لـە بـارەگای کۆمپانیـا لـە سـاوثمبتۆن، یـان لـە فڕۆکەخانـەی هیـترۆ دەکـران، تـا گەشـتی ڕیپاسـی لەوێـوە بـۆ بۆداپێسـت ئاسـانتر بێـت، بـەڵام شـوێنی نائاسـایی کۆبوونەکـە دەلیڤـەی بـۆ ژمارەیـەک لـە بەشـداران ڕەخسـاند، بـە چـاوی خۆیـان دوا سـاتەکانی ژیانـی

ئـەشرەف مـەروان ببینـن.

ئـەو چـوار کەسـەی لـە ژوورەکـە دانیشـتبوون، هەریـەک لـە شـوەیکی، ڕیپاسـی، جـۆن رۆبەرتـس دامەزرێنـەری یۆبیکێـم و مایـکڵ پارخورسـت نوێنـەری خێزانـی مـەروان لـە ئەنجوومـەن بـوون کـە لەلایـەن بەڕێوەبەرانی دیکـە جێـی ڕێـز نەبـوو. کات لـە نێـوەڕۆ تێپەڕیبـوو، پارخۆرسـت بەوانـی دیکـەی گـوت کـە بەیانییەکـەی قسـەی لەگـەڵ مـەروان کـردووە و سـەرۆک وتـەی خـۆی نـاردووە و دەڵـێ بـە هـۆی چەنـد ئەرکێکـەوە نزیکـەی کاتژمێرێـک دوا دەکـەوێ. هەروەهـا مـەروان داوای کـردووە بـێ ئـەو دەسـت بـە کۆبوونـەوە نەکـەن، کاتژمێرێـک تێپـەڕی و شـڵەژان و بێـزاری لـە بەڕێوەبـەرە جێبەجێـکارە سـەرقاڵەکانی ژوورەکـە دەرکـەوت.

لـە پەنجـەرە بازنەییەکـەی ژووری کۆبوونـەوە، مـرۆڤ دەیتوانـی بانیـژەی ئەپارتمانتـی مـەروان ببینـێ کـە لـە بیسـت مەترێـك زیاتـر دوور نەبـوو. شـوەیکی و پارخۆڕسـت لەتـەک پەنجەرەکـە وەسـتابوون، بـە قسـەی شـوەیکی کاتێـک مەروانـی بینیـوەوە دێتـە بانیژەکـە، بانگـی کـردووە و بـە دەسـت ئامـاژەی بـۆ کـردووە، مەروانیـش وەڵامـی ئاماژەکـەی داوەتـەوە. دوای ئـەوە بـە تەلەفـۆن پەیوەنـدی پێوەکـردووە تـا لێـی بپرسـی ئایـا نیـازی ئامـادە بوونـی نییـە. سـەرەتا وەڵامـی دایـەوە کـە ئامـادە نابـێ، بـەڵام دەسـتبەجێ ڕای خـۆی گـۆڕی و گوتـی لـە مـاوەی نیـو کاتژمێـر هـەر خـۆی بگـۆڕێ لـەوێ دەبێـت. شـوەیکی و پارخۆرسـت هـەر لـە پەنجەرەکـەوە سـەیریان دەکـرد و بەشـێوەیەک بایدایـەوە کـە هەردووکیـان ئەویـان دەناسـی نـا ئاسـایی بـوو، بـەرەو چـەپ و ڕاسـت دەسـوڕایەوە و چەندجارێـک سـەیری خـوارەوەی دەکـرد، دواتـر بـۆ دواجـار گەڕایـەوە نـاو ئەپارتمانتەکـە.

دووبـارە شـوەیکی بانگـی کـردەوە تـا پەلـە بـکات، مـەروان کـە لـە

پێداگیرییەکـەی بێـزار بـوو، وەڵامـی دایـەوە و بەڵێنـی هاتنـی پێـدا، بـەڵام پاشـان گەڕایـەوە بالکۆنەکـە و دووبـارە سـەیری خـوارەوەی کـرد. کاتێـک جارێکـی دی شـوەیکی بانگـی کـردەوە، مـەروان بـە هـاوار وەڵامـی دایـەوە کـە ڕای خـۆی گۆڕیـوە و هەرگیـز نایـەت. بەگوێـرەی گوتـەی شـایەدعەیانەکان، سـەیری دواوەی خـۆی بـۆ نـاو ژووری نووسـتن کـردووە، ئـەوەش شـوەیکی و پارخۆڕسـتی تـەواو تۆقانـدووە، دواتـر سـەرکەوتووەتە سـەر پیلەکانـەکان و خـۆی هەڵداوەتـەوە خـوارەوە،

کاتژمێـر ١:٤٠ خولەکـی پاشـنیوەڕۆ مـەروان کەوتـە خـوار بالکۆنـی نهۆمـی خـوارەوە و نیـوەی جەسـتەی کەوتبـووە نـاو باخچـەی گوڵەکانـەوە، ئافرەتێـک کـە لـە تەکـی وەسـتابوو، پـڕ بـە گـەرووی قیژانـدی، شـوەیکی و پارخۆڕسـت بـە پەلەپـروزێ خۆیـان گەیانـدە شـوێنەکە، بـە گوتـەی شـوەیکی، مەروانـی لەسـەر زەوی بینـی ڕاکشـاوە بێئـەوەی دڵـی لێبـدات، دوای چەنـد خولەکێـک ئەمبولانـس گەیشـت.

تەنیـا چـوار شـایەدعەیان- ئـەو چـوار کەسـەی لـە دامـەزراوەی بەڕێوەبـەران لـە ژوورەوە بـوون- مەروانیـان بینـی کـە دەکـەوێ. شـوەیکی کـە شـایەدییەکەی گەورەتریـن ڕووماڵـی بەرکـەوت، گوتـی، مـەروان بـۆ چەنـد خولەکێـک لـە بالکۆنەکـە دەخولایـەوە ئـاوڕی لـە دواوە دایـەوە و دواتـر سـەرکەوتە سـەر کەلوپەلەکانـی لـە بالکۆنەکـە بـوون و سـەرکەوتە سـەر شیشـەکان و سـەیرێکی پێـش خـۆی کـرد و خـۆی هەڵدایـە خـوارەوە و مـرد. هەروەهـا ئەوەشـی گـوت کـە کەسـی دیکـەی لـە بالکۆنەکـە نەبینـی. پارخۆڕسـت کـە لـە دەمـی کەوتنـی مـەروان لـە تـەک شـوەیکی وەسـتابوو، لـە یەکـەم شـایەتدانی خۆیـدا لاگیـری لـە گێڕانەوەکـەی شـوەیکی کـرد کـە مەروانـی بینیـووە سـەرکەوتۆتە سـەر شیشـەکان، بـەڵام لـە شـایەتدانی دواتریـدا گوتـی، هەمـوو ئـەوەی بینیویەتـی کەسـێک لـە باڵکۆنـەوە کـەوت.

پارخۆڕست وەکو شوەیکی گوتی کەسی دیکەی لە بالکۆنەکە نەبینیووە.

دوو بەشداربووەکەی کۆبوونەکە، ڕیپاسی و ڕۆبێرتس، بەر لە کەوتنی مەروان هیچیان نەبینیووە، بەڵام کاتێک گوێیان لە هاواری شوەیکی و پارخۆرست بووە، ڕووە و پەنجەرە ڕایان کردووە و لە کاتێکی گونجاو گەیشتن تا ببین کە مەروان دەکەوێتە خوارەوە. دوای ئەوە ڕاستەوخۆ، کاتێک دووەکەی دیکە بەرەو گۆڕەپانی باڵەخانەکە ڕایان کرد، بە شێوەیەکی برووسکەئاسا وەک بڵێی کەسێک لەناو ئەپارتمانتەکەی مەروان دەجووڵێتەوە. لە شایەتدانی دواتریدا گوتی «دوو کەسم بینی لە بالکۆنەکە وەستابوون، هیچیان نەکرد تەنیا سەیری خوارەوەیان کرد، بێدەنگییەکەیان نا ئاسایی بوو، ئافرەتێک لە گۆڕەپانەکەدا قیژاندی و خەڵک ڕایانکرد بە مەبەستی یارمەتیدان، یان داوای یارمەتی، بەڵام دوو کەسەکە بێ جوولە هەر لەوێ وەستابوون». هەروەها گوتی، «دوو کەسەکە جلوبەرگی فەرمیان لەبەر بوو، لە ڕووخسارياندا بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەچوون». هەر لە بالکۆنەکەوە سەیرێکی جەستەی مەروانیان کرد و ونبوون، دواتر جارێکی دی لە بالکۆنەیەکی دیکە دەرکەوتنەوە و سەیری خوارەوەیان دەکرد. ڕۆبێرتسیش گوتی ئەوانی بینیووە، بەڵام ڕێپاسی بە دڵنیایی نەیگوت کە ئایا لە ڕاستیدا لە بالکۆنی مەروان وەستابوون، لەبەرئەوەی تەنیا ئەو کاتە سەیری کرد کە مەروان کەوتە خوارەوە و نەشیدەزانی کام بالکۆن ئی مەروانە. پۆلیس بە هەر هۆکارێک بێت گوێی بە لێدوانەکەی نەدا و هەوڵیشی نەدا بیباتە ئەو ژوورەی کە تێیدا ڕووداوەکەیان بینیبوو، تا پیشانیان بدات کە پیاوەکان لە کام بالکۆن وەستابوون، کاتێک دواجار شایەدییەکەیان وەرگرت، دوای دوو مانگ تێپەڕین بەسەر ڕووداوەکەدا، بە مەبەستی قسەکردن لەگەڵیدا سەردانی بۆداپێستیان کرد. ڕێپاسی لەوە شۆک بوو کە هەرگیز داوای گەڕانەوەیان بۆ لەندەن لێ نەکرد،

تا بالکۆنەکەیان پێشان بدات. وەک دەردەکەوێ، ئەوە یەکێک لە نموونە زۆرەکانی فەرامۆشکردنی تۆقێنەری پۆلیسی سکۆتلاندیارد بوو.

لێکۆڵەران وتەی ڕێپاسیان وەرگرت و دوای ماوەیەکی کورت ڕاپۆرتێک دەرچوو و دووپاتی لە بینینی دوو کەس لە بالکۆنەکە دەکردەوە، بەڵام بە شێوەیەکی فەرمی ئەوە دیاری نەکرابوو کە ئایا بالکۆنی مەروان بووە یان نا. بە پێی سەرچاوە بەردەستەکان، ناسنامەی دوو کەسەکەش دیاری نەکراوە، بۆیە لێکۆڵیاران نەیانتوانی بە ڕاستی ئەنجامەکە بگەن، بەڵکوو گومانەکانی تێوەگلانی توخمی دیکەی زیاد کرد. ڕێپاسی لە دیدارێکیدا لەگەڵ سەندای تایمز گوتی، بە بۆچوونی ئەو فیزیکیانە پاڵ بە مەروانەوە نەنراوە، بەڵام ڕوونە لەلایەن کەسی دیکەی ناو بالکۆنەکە، یان ناو ئەپارتمانتەکەوە گوشاری لێکراوە خۆی هەڵداتە خوارەوە. دوای چەند مانگێک پۆلیسی سکۆتلاند یارد، دووپاتی کردەوە ناتوانێ ئەو سێ ئەگەرە بە دووربگرێ: ڕووداو، هەوڵی خۆکوشتن و کوشتن. ئەو ئەنجامە نا دیارە، بە شێوەیەک لە شێوەکان ئاماژەی کۆتایهێنان بە لێکۆڵینەوەکە بوو.

دوای سێ ساڵ لە حوزەیرانی ٢٠١٠دا، لە لەندەن بە مەبەستی دیاریکردنی هۆکاری مردنی مەروان بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لێکۆڵینەوەیەکی گشتی هاتە ئەنجامدان. ئەوەش ڕێوشوێنێکی باوی ئەو حاڵەتانەیە کە بێ بەڵگەی تەواو گومانی تاوانکاری هەبێت. لەسەر خواستی خێزانی مەروان لێکۆڵینەوە ئەنجامدرا و ژمارەیەک شایەد بانگکران، تا شایەدی خۆیان بدەن، بەڵام ئەوەی نامۆ بوو، داوای بانگکردنی جۆزێف ڕیپاسی نەکرا کە شایەدییەکەی ڕوونترین بەڵگە بوو، مەروان بە دەستی یەکێکی دی مردووە. هەروەها بانگی جۆن ڕۆبێرتسیش نەکرا کە هەرگیز هیچ قسەیەکی نەکرد. لە کۆتایی ئەو سێ ڕۆژەدا، لێکۆڵیاری تایبەت بە

هەوڵـی خۆکوشـتن کـە بـۆ بەڕێوەبردنـی لێکۆڵینەوەکـە ڕاسـپێردرابوو، بـە ئەنجامێـک نەگەیشـت، تـا بتوانـێ هیـچ یەکێـک لـەو دوو ئەگـەرە، هەوڵـی خۆکوشـتن یـان کوژرانـی مـەروان بـە دوور بگـرێ، بـەڵام دواجـار ئـەو ئەگـەرەی دوورخسـتەوە کـە تەنیـا ڕووداوێـک بێـت [1].

مەتەڵـی مردنـی مـەروان تەنیـا وەک یەکێـک لـەو مەتەڵـە زۆرە چارەسـەنەکراوە تەمومژاویانـە دەمێنێتـەوە کـە تـەواوی ژیانیـان تەنیبـوو و بەشـێکی بـۆ دەمچەفتـی پۆلیسـی سـکۆتلاند یـارد دەگەڕێتـەوە، چونکـە ئەگـەر دوای دوو مانـگ لـە ڕووداوەکـە وتـەی ڕێپاسـی وەرنەگـرێ و لەنـاو لێکۆڵینـەوە گشـتییەکەدا نەبێـت، هەروەهـا ئـەوەش دیـار نییـە و نازاندرێ، ئایـا وتـەی ڕۆبێرتـس وەرگیـراوە، کاتێـک مـەروان کەوتـە خـوارەوە لـە پـاڵ ڕێپاسـی وەسـتابوو. هەرچەنـدە ئەوانـە تەنیـا بەشـێکی بـە بنبەسـت گەیشـتنی لێکۆڵینەوەکـە نیـن، ئـەو پێڵاوەی مـەروان کـە لـە کاتـی مردنیـدا لـە پێـی بـوو، ئەویـش نەدۆزراوەتـەوە. ئەگـەر شـوەیکی و پارخۆرسـت لـە گوتەکانیانـدا ڕاسـتگۆ بـوو بـن کـە سـەرکەوتووتە سـەر شیشـەکان، دواتـر بەسـەر یەکـەی ئێرکۆندیشـن، تـا بـەر لـە خـۆ هەڵدانـە خـوارەوە بـە شیشـەکان بـگات، ئـەوە دەبـوو تـۆز، خـۆڵ یـان ڕەنگێـک بـە پێڵاوەکەیـەوە دیـار بوایـێ، ونبوونـی پێڵاوەکـەی دەرگای ئەگـەری ئـەوەی بـە کراوەیـی هێشـتووتەوە کـە هەرگیـز بەسـەر شیشـەکان سـەرنەکەوتووە، بەڵکـوو لەسـەرەوەڕا پاڵـی پێوەنـراوە [2]. هەروەهـا هەنـدێ کـەس کـە ئـاگاداری لیکۆڵینەوەکـە بـوون و داوایـان کـرد ناسـنامەکەیان بـە نهێنـی بمێنێتـەوە، پێیـان وابـوو دەمچەفتـی دووبارەبـووەوەی پۆلیـس لـە لێکۆڵینەوەکـەدا، ئەنقەسـت بـووە. بـە بۆچوونـی ئـەوان ڕەنگـە حکومەتـی شـاژن هەرگیـز نەیویسـت بێـت کەیسـی مردنێکـی دژواری هاووڵاتیەکـی بیانـی پێگـە بـاڵا بێتـە چارەسـەرکردن، چونکـە وێـڕای ئـەوەی لەسـەر خاکـی بەریتانیـا

قەومـاوە، بـەڵام بەخێرایـی لـە جـێ بایەخـی بەریتانیایـەکان سـڕایەوە.

ڕاڤـەی دیکـەی پەیوەسـت بـە کەمتەرخەمـی لێکۆڵینەوەکانـی پۆلیـس هەبـوو، چونکـە لێکۆڵیـارەکان ئـەو ئامرازانەیـان بەکارهێنـا کـە لەبـەر دەسـتیان بـوو کـە وەکـو پێویسـت پڕۆفایلـی مێژوویـی قوربانییەکـە لـە خـۆ نەدەگـرت، وەک ئـەوەی ئێمـە لێـرە دەیکەیـن. بـە بۆچوونـی ئـەوان، مادامەکـی بەڵگـەی ئـەوە لەبـەر دەسـت نییـە کـە مـەروان هەوڵـی خۆکوشـتنی دابێـت- وەک جێهێشـتنی نامـە- ناتوانـن بـە هەوڵـی خۆکوشـتنی دابنێـن، بـە هەمـان شـێوە، مادامەکـێ بەڵگـەی تـەواو نییـە کـە تاوانـی کوشـتن، یـان هانـدان بـۆ خۆکوشـتن بێـت، ئـەوە ناتوانـن بـەو ئاڕاسـتەیەدا بـڕۆن.

مێژوونووسـەکان کـە بـە ڕێوشـوێنە یاسـاییەکانی لێکۆڵینـەوەی تاوانـەکان، یـان بەڵگـە کارپێکـراوەکان کۆتوبەنـد نیـن کـە لـە دادگاکان کاری پـێ دەکـرێ، بۆیـە سرووشـتییە هـەرچ وەڵامێـک بـۆ بەڵگـەی ئـەو کەیسـە پێشـنیاز دەکـەن، ڕەنگـە لـە دادگا نەخـوات، تەنیـا وەکـو پێشـبینیەک دەبینـدرێ.

یەکـەم پرسـیار کـە دەبـێ بخرێتـەڕوو ئەوەیـە، ئایـا خۆکوشـتن بـوو، کاتێـک ئـەوە ڕوونبوویـەوە کـە ئـەو ئەگـەرە دوورە، ئیـدی دەبـێ بـۆ ئـەو پرسـیارە بگەڕێینـەوە، دەبـێ کـێ کوشـتبێتی: ناحەزانـی کار؟ مۆسـاد؟ یـام مسرییەکانـن؟

ڕاسـتەوخۆ دوای مردنـی مـەروان لەبـارەی ئەگـەری خۆکوشـتنەکەی پێشـبینیگەلێک سـەری هەڵـدا، لـە هەمـوو ئـەو شـتانەی لەبـارەی شـێوازی ئـەو ژیانـە دەیزانیـن کـە لەژیانیـدا هەیبـوو، سـەختە هێمایەکـی دیـار ببینیـەوە کـە ئـەو پیـاوە بیـری لـە کۆتایهێنانـی ژیانـی خـۆی کردبێتـەوە. چونکـە لـە مێـژووی خێزانەکەیانـدا، چیرۆکـی خۆکوشـتن بوونـی نییـە،

هەروەهـا نەخۆشـی خەمۆکـی، یـان گۆشـەگیری، یاخـود گرفتێـک وەک لـە دەسـتدانی کار، یـان مردنـی یەکێـک لـە خۆشەویسـتانی نەبـووە، هەروەهـا مـاددەی هۆشبەریشـی بـەکار نەدەهێنـا کـە بـە بـەرزی بـە تێکـڕای خۆکوشـتن پەیوەسـتە. هەمـان شـت بـۆ ئاماژەکانـی نیـازی خۆکوشـتن ڕاسـتن. لـە ڕۆژانـی بـەر لـە مردنـی، هیـچ کەسـێک وشـەیەکی وای لـە ئـەو نەبیسـتووە کـە ئامـاژە بێـت لەوانەیـە ئـازاری خـۆی بـدات. هەروەهـا هیـچ ئاماژەیـەک نییـە کـە بـە دوای هۆیەکانـی جێبەجێکردنـی ئـەوە گەڕابێـت، وەک کۆکردنـەوەی حەبـی خـەو، یـان چـەک. هیـچ کاتێـک هەرگیـز ڕەفتارێـک لـە مـەروان دەرنەکەوتـووە کـە کەسـێکی خۆکـوژە، وەک لەدسـتدانی هیـوا، توڕەیـی یـان تۆڵەکردنـەوە، پشـتگوێ خسـتنی بـە ئەنقەسـت، هەسـتکردن بـەوەی کەوتۆتـە تەڵـەوە، ئالـودەی خواردنـەوە، یـان مـاددەی هۆشـبەر، دابـڕان لـە کەسـوکار و دۆسـتان، دژایەتیکردنـی کۆمەڵگـە، تـرس و تـۆق، خەوزڕیـن، یـان خەوتـن بـۆ ماوەیەکـی درێـژ، گـوڕاح گۆڕیـن یـان بێباکییەکـی توونـد [٣].

گشـت چیرۆکەکانـی بـەر دەسـتمان لەبـارەی ڕۆژانـی کۆتایـی ژیانـی مـەروان، ئەوەمـان پـێ دەڵێـن کـە بەشـێوەیەکی سرووشـتی هەڵسـوکەوتی کـردووە، تەنانـەت لەوکاتانـەی تووشـی گووشـارێکی دیاریکراویـش بووبێتـەوە، مایـکڵ پارخۆرسـت کـە زۆر لێـی نزیـک بـووە دەڵـێ، لـە ڕۆژی مردنیـدا کۆتایـی بەیانییەکـەی چـاوی بـە مـەروان کەوتـووە و مـەروان بـە شـێوەیەکی سرووشـتی هەڵسـوکەوتی کـردووە، هەروەهـا قسـەی لەگـەڵ کـردووە و لـە ئەحواڵـی منداڵەکانـی پرسـیوە، هەروەهـا سەرپەرشـتکاری باڵەخانەکـە کـە ئەویـش بەیانییەکـەی بینیویەتـی دەڵـێ «سرووشـتی بـوو» تەنانـەت کەیفخۆشـیش بـوو، شـەریف سـەلاحەدینی هاوڕێـی کـە ڕۆژێـک پێـش مردنـی بـە تەلەفـۆن قسـەی لەگـەڵ کـردووە، بـە وتـەی ئـەو

لـە قسـەکانیدا شـتێکی وا دەرنەکەوتـووە کـە نەخشـەی ئازاردانـی خـۆی دانابێـت، عـزەی خوشـکی کـە لەهەمـان ئەپارتمانتـدا لەگەڵـی دەژیـا بـە دەستەخوشـکەکانی گوتـووە دوو کاتژمێـر بـەر لـە مردنـی بینیویەتـی و هیچ ئاماژەیەکـی لـێ دیارنەبـوو کـە دوودڵ بێـت. مونـای هاوژینـی مەروانـی وا بینیـوە کـە «وێـڕای کێشـە تەندروسـتییەکانی، بـەڵام هەمیشـە کەسێکی کۆمەڵایەتـی بـووە و ژیانـی خۆشویسـتووە»، هەروەهـا گوتـی، شـتێکی وای لـە ڕەفتـاری بـەدی نەکـردووە کـە جێـی گومـان بێـت. لـە گفتوگۆیەکانـدا کـە ئـەو بەیانییـە لـە نێوانیانـدا بـووە، پێـی گوتییـە کـە کەلوپەلەکانـی بـۆ ئـەو گەشـتە ئامـادە دەکات کـە بـە نیـازە لـە کاتێکـی دادێـی ئـەو ڕۆژەدا بچێتـە ویلایەتـە یەکگرتـووەکان.

چیرۆکـی پـڕ لـە وردەکاری ئەوەبـوو کـە لەلایـەن ئاهـرۆن برێگمانـی مێژوونووسـەوە هاتبـوو کـە یەکـەم کـەس بـوو ناسـنامەی مەروانـی وەک سـیخوڕ بـۆ ڕای گشـتی ئاشـکراکرد و پاشـدانیش لەگەڵیـدا لـە پەیوەنـدی بـەردەوام بـوو. بـە گوتـەی برێگـمان بـەر لـە مردنـی بـە کەمـتر لـە بیسـتوچوار کاتژمێـر مـەروان نامەیەکـی تۆمارکـراوی بـۆی جێهێشـتووە کـە تێیـدا بەنـاوە خـوازراوە ڕێککەوتـن لەسـەرکراوەکەی خـۆی پـێ ناسـاندووە و گوتویەتـی ئـەو «تایبـەت بـە کتێبەکـەی» پەیوەنـدی دەکات و داوای لـە برێگـمان کـردووە بـە مۆبایـل پەیوەنـدی پێـوە بکاتـەوە. دوای پەنجـاو نـۆ خولەکـی دیکـە نامەیەکـی هاوشـێوەی نـاردووە، هەروەهـا دوای بیسـت خولەکـی دیکـە نامەیەکـی دیکەشـی بـۆ نـاردووە. بەدرێژایـی ئـەو ساڵانەی پەیوەنـدی پێـوە دەکـرد، هەرگیـز نامـەی تۆمارکـراوی نەنـاردووە. ڕاسـتی ئـەوەی ژمارەیـەک نامـەی تۆمارکـراوی نـاردووە، وا پێشـان دەدات کـە لـە مەترسـی دابـووە. کاتێـک برێگـمان پەیوەنـدی پێـوە کـردووە، قسـەیان لەبـارەی ئـەو ڕاپۆرتـە کـردووە کـە قـازی ئـوڕ دەریکـردووە. بـەر لـە هەفتەیـەک برێگـمان کۆمەڵێـک بابەتـی میدیایـی بـۆ مـەروان نـاردووە

کـە دوای بڵاوبوونـەوەی ڕاپۆرتەکـەی ئـوڕ، لـە ئیسرائیـل دەرکەوتبـوون و دەسـتی بـە ڕاڤەکردنیـان کـردووە. مـەروان ویسـتویەتی پوختـەی قسـەکان بزانـێ، برێگـمان وەڵامـی داوەتـەوە کـە ڕاپۆرتەکـە چـاپ بـووە و ناویشـی تێـدا هاتـووە، ئەوکاتـە مـەروان پێشـنیازی کـردووە سـبەینێ یەکـدی ببینـن و گفتوگـۆی کات و شـوێنی دیدارەکەیـان کـردووە. دواتـر ڕێککەوتـوون بـۆ تەواوکردنـی ڕێککەوتنەکـە مـەروان پەیوەنـدی پێـوە بکاتـەوە. لـە کۆتایـی قسـەکردنەکەیاندا برێگـمان لـە مەروانـی پرسـیوە «بێجگـە لـەوە، ئێسـتا ئەحواڵـت چۆنـە»؟ مـەروان وەڵامـی داوەتـەوە «مەبەسـتت چ شـتە، جگـە لـەو سەریەشـە»، لـە وەڵامەکـەی برێگـمان تێگەیشـت کـە باشـە، وێـڕای ئـاژاوەی بڵاوبوونـەوەی ناوەکـەی وەک سـیخوڕی ئیسرائیلـی و پەیوەندییەکەیـان کۆتایـی پێهێنـا. ئـەوەش دوا پەیوەنـدی نێوانیـان بـوو.

لـە چاوپێکەوتنێکیـدا لەگـەڵ ڕۆژنامـەی هارتـزی ئیسرائیلـی، برێگـمان گوتـی «لـە میانـەی ناسـینم پێدەچـێ سـێ جـار پەیوەنـدی پـێ کردنـم لـە مـاوەی یـەک کاتژمێـر و نیـودا، ئامـاژە بێـت بـۆ تەنگژەیـەک، چونکـە تۆنـی قسـەکردنی سرووشـتی خـۆی نەبـوو، ئـەو ئـەشرەف مەروانـە نەبـوو کـە دەمناسـی». لەگـەڵ ئەوەشـدا قسـەکردنەکە سـەرنجی برێگمانـی بـۆ شـتێکی نـا ئاسـایی ڕانەکێشـا، چونکـە مـەروان بـۆ خـۆی کابرایەکـی وشـک و بـێ سـەبر بـوو، بـەڵام بـە ڕەوشـت بـوو. لـە پەیوەندییـە تەلەفۆنییەکـەدا شـتێک لای برێگـمان چـێ نەبـوو، تـا هەسـت بـکات کـە لەژێـر گووشـاردایە. بـە بۆچوونـی برێگـمان کـە دووجـار دەربڕیـوە، یەکەمجـار ڕاسـتەخۆ دوای مردنـی مـەروان، دووەمجاریـش دوای سـێ سـاڵ، مـەروان بەهـۆی بینینـی ڕاپۆرتەکـەی ئـوڕ لەلایـەن ڕۆژنامەنووسـانەوە، هەسـتی بـە گووشـار دەکـرد، بێئـاگا لـەوەی تـەواوی ڕاپۆرتەکـە لـە ئینتەرنێـت بڵاوبووەتـەوە. بـە هەرحـاڵ، بـە گوتـەی برێگـمان هیـچ شـتێکی لـە ڕەفتـاری مـەروان بـەدی

نەکـردووە کـە ئامـاژەی نیەتـی خـۆ کوشـتن بێـت [٤] .

بەپێـی قورسـایی بەڵگـەکان بۆمـان دەردەکـەوێ، هـەر لـە بنەڕەتـەوە مـەروان خەسـڵەتە کلاسـیکییەکانی کەسـی خۆکـوژی تێـدا نەبـووە، لـە دوا بیسـت وچـوار کاتژمێـری ژیانیـدا شـتێکی وا دەرنەکـەوت کـە پێـمان وابێـت بڕیـاری خۆکوشـتنی داوە. لەسـەر بەڵگەنامـە هەلومەرجیەکانـەوە، لێکۆڵیـاری تاوانـی بەریتانـی کـە لێپرسـینەوە گشـتییەکەی دادگای بەڕێوەبـرد، ڕایگەیانـد ڕەفتارەکانـی بـەر لـە مردنـی «سرووشـتی و پـڕ لـە ژیـان بـووە» و «هیـچ پشـێویەکی هـزری و دەروونـی نەبـووە... هیـچ بەڵگەیـەک نییـە کـە هەوڵـی ئەنجامدانـی خۆکوشـتنیدا بێـت» پاشـان گوتـی، «دیـارە دکتـۆر مـەروان شـتگەلێکی زۆری هەبـووە کـە بەهۆیانـەوە نیگـەران و شـڵەژاو بێـت» [٥].

بۆیـە لـەڕووی لۆژیکییـەوە پێدەچـێ خۆکوشـتن کارێکـی مەحـاڵ نەبێت، بـەڵام نـەک لـەوە زیاتـر، ئەگـەر، ئەگـەری خۆکوشـتن بـە دووربگریـن، خۆمـان لەبـەردەم ئەنجامێکـی ناچـار دەبینینـەوە، ئەویـش بوونـی کەسێکی دیکەیـە کـە بووەتـە هـۆی کەوتنـە خـوارەوەی، ئـەو دەمـەش وەک ئـەوەی چـۆن لـە هـەر تاوانێکـی چارەسـەرنەکراودا ڕووبـەڕووی دەبینـەوە، ئەمجـارەش ڕووبـەڕووی ئـەو پرسـیارە دەبینیـەوە: کـێ ئـەوەی کـردووە و لەبەرچـی کردوویەتـی؟ بـەڵام دەبـێ دووبـارە هەمـوو ئـەو بەڵگانـەی لەبەر دەسـتماندایە، تەکەزیـان لـێ بکرێتـەوە، ئەگەرچـی بەڵگـەن.

تایبـەت بـە هـۆکاری مردنـی ئـەشرەف مـەروان سـێ ئەگـەر خرایـەڕوو: بەدەسـتی ڕکابەرەکانـی کارەوە کـوژراوە، بـە دەسـتی ئیسرائیلییـەکان کـوژراوە وەک سـزادانێک بـۆ فریودانەکـەی سـاڵی ١٩٧٣، یـان بـە دەسـتی ئـەو مسرییانـەوە کـوژراوە کـە دەیانویسـت بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان کۆتاییـەک بـۆ ئـەو ئەفسـانەیە دابنێـن، بۆئـەوەی لـە هەڵماڵینـی ئـەوەی

ڕوویـداوە دووریـان بخاتــەوە.

ئـەو ئەگـەرەی دەڵـێ مـەروان بـە دەسـتی ڕکابەرەکانـی کاراوە کـوژراوە، پێدەچـێ لـە مەحـاڵ نزیـک بێـت. سـاڵی ٢٠٠٥ گەورەتریـن جەنگەکانـی لـە پشـتەوەی بەجێـما. ڕاسـتە محەمـەد فایـدی ناحـەزی لەوەتـەی کەیسـەکەی هـاورد لـە لەنـدەن سـەرفرازە، بـەڵام هیـچ هۆکارێـک نەبـوو هەنووکـە تۆڵـە لـە مـەروان بکاتـەوە، چونکـە مـەروان لـە پێگەیەکـدا نەبـوو ڕێگـەی پـێ بـدات ئـازاری فایـد بـدات. لـەوەش واوەتـر، میتۆدەکانـی کارکردنـی فایـد کـە هەندێجـار زۆر خوڵقێنــەر بـوون، تووندوتیـژ نەبـوون. هـەر پەیوەنـد بـەوەوە، هەنـدێ کـەس باسـیان لـەوە کـرد کـە ڕەنگـە کوشـتنەکەی پەیوەنـدی بـە ڕابردووەکـەی وەک بازرگانـی چـەک هەبـوو بێـت. بەکردەنـی بـە پێـی خسـتنەڕووە هەسـتیارەکەی هەفتەنامـەی ڕۆزیوسـفی مـسری لـە ئـاداری ٢٠١٢ دا کـە گوایـە بیرەوەریـی تۆمارکراوەکانـی سـەرۆک حوسـنی موبارەکـە، ئـەوەی تێـدا بڵاوکرابوویـەوە کـە موعەمـەر قەزافـی بەهـۆی مەسـەلەگەلێکی پەیوەسـت بـە ناکۆکییەکانـی فرۆشـتنی چـەک بـە دەوڵەتانـی ئەفریقییـەوە فەرمانـی تیرۆرکردنـی مەروانـی داوە. دوای ئـەوەی لـە ڕۆزیوسـف بڵاوکرایـەوە کـە ڕاسـتینەکەی دیـار نەبـوو، سـەرچاوە نزیکەکانـی موبـارەک ڕەتیـان کـردەوە کـە بیـرەوەری خـۆی نووسـیبێتەوە. خانـەی بڵاوکردنـەوەی کانۆنگێتـی سـکۆتلەندی کـە بیرەوەرییەکانـی بڵاودەکـردەوە، ئـەوەی ڕەتکـردەوە کـە بیـرەوەری موبارەکـی هەبێـت، وێـڕای ئـەوەی بڵاوکردنـەوەی بیرەوەرییەکانـی سـۆزان موبارەکی لـە بەرنامە دابـوو. هەروەهـا هیـچ بەڵگەیـەک لـە بەردەسـتدا نەبـوو کـە هیـچ یەکێـک لـە بازرگانانـی پێشـووی چـەک، لـە کارە تایبەتییەکانـی خـۆی یـان لەگـەڵ حکومـەت، بەرژەوەندیـان لـە پاکتاوکردنیـدا هەبـوو بێـت. ئـەوەی دەزانـرا، ئەوەبـوو بـە ماوەیەکـی درێـژ بـەر لـە ٢٠٠٧ مـەروان لـە بازرگانیکـردن بـە چـەک دوورکەوتبـۆوە.

دیسـان لەبـارەی ئەگـەری ئـەوەی ئیسرائیلییـەکان کوشـتبیان، هیـچ بەڵگەیـەک نەبـوو، ئـەو کەسانەی هەڵگـری ئـەو تیـۆرە بـوون کەسانی نزیـک لـە بنەماڵەکـەی بـوون، بەتایبەتـی مونـای خێزانـی و پاسـاوی خۆشـیان هەبـوو. مونـا دوای چـوار مانـگ تێپەڕبـوون بەسـەر مردنـی ئـەشرەف لـە چاوپێکەوتنێکـدا لەگـەڵ هەفتەنامـەی ئەهرامـدا دووپاتـی لـەوە کـردەوە کـە « هیـچ گومانـی تێـدا نییـە ئیسرائیلییـەکان لـەو تاوانـە گلاون کـە بەسـەر هاوسـەرەکەمدا هـات». لـە وەڵامـی شـایەتدانی شـوەیکیدا کـە گوتووبـووی لەکاتـی کەوتنەخـوارەوەی مـەروان کەسـی دیکە لـە باڵکۆنەکـەی مـەروان نەبـوو، مونـا دەڵـێ ئـەو پیاوە-عـەزام شـوەیکی-بـە ملیۆنـان دزی لـە کۆمپانیـای هاوسـەرەکەم کـردووە و مـن بڕیـاری دەرکردنیمـدا بـوو... مـن دڵنیـام دادگاکان ڕەوانـەی زیندانـی دەکـەن. ئـەو پیاوێکـی درۆزنـە و شـایەدی بـە درۆی داوە، کاتێـک گوتـی هاوسـەرەکەم خـۆی لـە باڵکۆنـەوە هەڵداوەتـە خـوارەوە... ئیسرائیلییـەکان چیرۆکـی خۆکوشـتنی هاوسـەرەکەمیان داڕشـتووە. بەرتیلیـان بـە کەسـێکی وەک عـەزام شـوەیکی داوە تـا پشـتیوانی چیرۆکەکەیـان بـکات [٦]. دوای سـێ سـاڵ تێپەڕیـن بەسـەر لێکۆڵینـەوەی گشـتی، مونـا لـە لێدوانێکیـدا بـۆ ڕۆژنامـەی ئۆبزێرڤـەر گوتـی، مـەروان بـۆی باسـکردووە کـە لـەو چـوار ساڵەی دواییـدا بـە لانـی کـەم سـێجار هەڕەشـە لەسـەر ژیانیـدا هەبـووە، دواجـار نـۆ ڕۆژی بـەر لـە مردنـی بـووە، کاتێـک لـە ئەپارتمانتەکـەی لەندەنـی بـە تەنـێ بـووە « ئـاوڕی لێدامـەوە و گوتـی: ژیانـم لـە مەترسـیدایە، لەوانەیـە بکوژرێـم، لـە بـەرەی جـوداوە دوژمنـم زۆرە و زایویەتـی بـۆ کوشـتنی هاتـوون. بـە دەسـتی مۆسـاد کـوژرا». دواتـر گوتـی لـە ڕۆژی کوشـتنەکەیدا، دەرگـەی دەرەوەی ئەپارتمانتەکـەی گاڵـە نەدرابـوو، ناوماڵەکـەی کـە ئەوکاتـە لـەوێ بـووە، هیچـی نەبیسـتووە، «پێموایـە بکوژەکانـی ڕایانکێشـاوەتە ژووری نووسـتن و لێینـاداوە و کوشـتوویانە و لـە پەنجـەرەی ئەپارتمانتەکـەوە فڕێیـان

داوە، یەکێـک لەوانـەی لـە بالکۆنـی نهۆمـی چـوارەم لەبـەردەم پۆلیـس شـایەدی دا کـە بـەر لـە کەوتنـە خـوارەوەی هـاواری کـردووە، ئایـا ئـەو کەسـانەی خۆدەکـوژن بـەر لـە کەوتنـەوە خوارەوەیـان هـاوار دەکـەن»؟ (٧).

مکوڕبوونـی مونـا لەسـەر ئـەوەی ئیسرائیـل هاوسـەرەکەیان کوشـتووە، زۆر ڕوونـە، چونکـە خزمەتـی بەرژەوەنـدی کەسـی خـۆی و بنەماڵەکـەی دەکات، لەبەرئـەوەی وا دەکات مسرییەکـی نیشـتمانپەروەر بێـت کـە تـا دوا سـات لـە فریودانـی مۆسـاد سـەرکەوتووبوو. بێگومـان تێوەگلاندنـی مۆسـاد خزمـەت بـە هەمـان بەرژەوەنـدی شـاراوە دەکات کـە بـێ لەبەرچاوگرتنـی بەڵگـەکان لـە پشـت هـەر تیۆرێکـی پیلانـدا هەیـە. بـەڵام چیرۆکـی ئـەوەی کـە دەڵـێ مـەروان بـە دەسـتی مسرییـەکان کـوژراوە لەسـەر ئـەو ڕۆڵـەی وەک سـیخوڕ بـۆ بەرژەوەنـدی مۆسـاد کاری کـردووە، بـۆ مونـا و خێزانەکەی وێرانکـەرە، بۆئـەوەی کـەس گلەیـی لـە ئـەو و ئەندامانـی خێزانەکـەی نـەکات و ئـەوەی لـە توانایانـدا بـووە کردوویانـە بۆئـەوەی دڵنیـا بـن کـەس بـە ئەنجامەکـەی نـاگات.

ئـەوە بـەو مانایـە نایـەت کە مونـا بـە ئەنقەسـت درۆ دەکات. لەڕاسـتیدا ئـەو بـوو داوای لـە پۆلیسـی سـکۆتلاند یـارد کـرد، لێکۆڵینەوەیـەک بکاتـەوە کـە پێیوابـوو بانگەشـەکانی دەسـەلمێنێ. خـۆ ئەگـەر بـە ڕاسـتی بیزانیبـا کـێ مێردەکـەی کوشـتووە، هەرگیـز لەوانەبـوو ئـەو ڕیسـکە بـکات.

هەروەهـا نابێـت گریمانەی ئەوە بکەیـن کە باوەڕی بە نیشـتمانپەروەری هاوسـەرەکەی تەنیـا جۆرێـک لـە داهێنانـی خۆیەتـی، لەوانەیـە زیاتـر لـە جارێـک گوێـی لـە هاوژینەکـەی بـوو بێـت کـە ژیانـی لـە مەترسـیدایە و گۆتەکانـی کـە بـۆی دەکرێـن بـۆ بەرژەوەنـدی ئیسرائیـل سـیخوڕی کـردووە، تەنیـا هەڵمەتێکـی چەواشـەکارییانەی مۆسـادە بـۆ کوشـتنی، هەروەهـا یەکێـک لـەو هۆکارانـەی دنـەی داوە بـۆ چەندیـن سـاڵ پارێـزگاری لـە

کارەکـەی لەگـەڵ مۆسـاد بـکات، تـرس بـووە لـە هەوڵەکانـی کوشـتنی ئەگـەر واز لـە کارەکـەی بهێنێـت. لـە قسـەکردنێکیدا لەگـەڵ ئاهـرۆن برێگـمان لـە سـاڵی ٢٠٠٣دا، گوتـی دوای خوێندنـەوەی کتێبەکـەی هـاورد بلـوم لەبـارەی شـەڕی یـۆم کیپـوور، بـەو ئەنجامـە گەیشـت کـە ئیلی زەیـرا لـەو بـاوەڕەدا بـووە، مۆسـاد تیـرۆری دەکات (٨). دوای دوو سـاڵ وتارێکـی ڕۆنیـن بێرگـمان لـە ڕۆژنامـەی یەدیعـۆت ئەحرانـۆت بڵاوبوویـەوە، ئـەو لـە باوەشـگرتنە گەرموگـوڕەی لـە یەکـی ئۆکتۆبـەری سـاڵی ٢٠٠٣ موبـارەک پێشکەشـی مەروانـی کـرد، بەڵگـە بـوو کـە سـیخوڕێکی دووسـەرەیە، لـە پەیوەندییەکـی تەلەفۆنـی ڕۆژی دواتـردا، مـەروان هەواڵـی بـە ئاهـرۆن برێگـمان دا ڕاسـتی بڵاوکردنـەوەی وتارەکـە دوای بیسـت مانـگ تێپەڕبـوون بەسـەر ڕووداوی ناوبـراودا، دەردەکـەوێ ئیسرائیلییـەکان گەرمبوونـی کەشـوهەوای نێـوان ئـەو و مسرییەکانیـان لـە ئەسـتۆ گرتـووە (٩).

هەمـوو ئەوانـە ئـەو ئەگـەرە بەرزدەکەنـەوە کـە مەروانـی ناجێگیـر بـە ڕاسـتی پێیوابـووە ئاشـکراکردنی ناوەکـەی و کوشـتنی بـە دەسـتی خۆیان یان بـە دەسـتی کەسـانی دی لـە بەرژەوەنـدی مۆسـادە. ئـەوەی بـەلای ئـەوەوە جێـی بایـەخ بـوو، پاڵنـەرە دروستەکەی پشـت هەمـوو ئـەو وتارانـە بـوو کە وەک سـیخوڕێک باسـیان لـە کارەکـەی دەکـرد، بەتایبەتـی وتارەکـەی خـودی ئاهـرۆن برێگـمان. لـە ڕاسـتیدا ئـەوەی دەبـێ جەختـی لێبکرێتـەوە، مـەروان تێگەیشـتنێکی ڕاسـتەقینەی بـۆ وردەکاری کاری دامـەزراوەی ئاسایشـی ئیسرائیـل نەبـوو، بێگومـان نەیتوانـی شـتێک لـە پاڵنـەرە کەسـییەکان بزانـێ کـە لـە پشـت ئـەوە بـوون ئیلـی زەیـرا ناسـنامەی ئـەو پیـاوە هەڵماڵـێ کـە پێشـتر بەنـاوی «بابـل» ناسرابـوو. بۆیـە بـە بۆچوونـی ئەو مۆسـاد لـە هەوڵی دەسـت بادانیـدا بـووە، بـەڵام جیـاوازی نێـوان مۆسـاد و زەیـرا کـە سـەرۆکی پێشـووی هەواڵگـری سـەربازی و ڕکابەرێکـی سەرسـەختی مۆسـاد بــوو،

بەلایـەوە پەیوەندیـدار نەبـوو. بۆیـە نامـۆ نییـە هەوڵـە دووبارەبووەکانـی ئـەو ماوەیـەی مۆسـاد بـۆ دانانـی پاسـەوانی بـۆی ڕەتبکاتـەوە [10].

بێگومـان مکوڕبوونـی هاوژیـن و منداڵەکانـی کـە مۆسـاد ئـەشرەف مەروانـی کوشـتووە، هۆکارێکـی دیکـەش هەبـوو. ئـەوان ئـەو بۆچوونەیـان هەبـوو کـە مـەروان لـە کۆتایهێنـان بـە نووسـینەوەی بیرەوەرییەکانـی نزیک بـوو، بـە پێـی مەزەندەکانیانـەوە، ئـەوەی تێـدا شـیدەکردەوە کـە چـۆن پێش شـەڕ ئیسرائیلییەکانـی لـە خشـتەبردووە، بیرۆکـەی نووسـینەوەی ئـەو کتێبـە دوای یەکـەم ئاشـکراکردنی بابـل لـە میدیای ئیسرائیل دروسـت بـوو، ئەوکات برێگـمان پێشـنیاری بـۆی کـرد بیرەوەریـی خـۆی بنووسـێتەوە و «بـۆ نـەوەی داهاتـوو لای منداڵەکانـی بیپارێـزێ». وەک ئـەوەی برێگـمان دەگێڕێتـەوە، مـەروان بیرۆکەکـەی بـەلاوە جـوان بـوو و بـە ماوەیەکی کورت نووسـینەوەی بیرەوەرییەکانـی بـووە بابەتـی قسـەکانیانەوە، بەتایبەتـی دوای ئـەوەی داوای لـە برێگـمان کـرد ببێتـە ڕاوێـژکاری پڕۆژەکـەی. برێگـمان پێیوابـوو کتێبەکـە لـە سـاڵی ١٩٦٩-ەوە دەسـت پێـدەکات، واتـە ئەوکاتـەی مـەروان بـۆ یەکەمجـار خزمەتگوزارییەکانـی خسـتە بەردەسـت ئیسرائیلییەکانـەوە، بـەڵام مـەروان دەیویسـت جیرۆکەکـەی لـە دوای ئـاداری ١٩٧١-ەوە دەسـت پێبـکات، کاتێـک بووەتـە ڕاوێـژکاری نزیکـی سـادات، هـەر لـە سـەرەتای پرۆسـەی نەهێشـتنی سـیخوڕییەکی هێنـدە ئاڵـۆز کـە جگـە لـە خـۆی و سـادات کـەس هیچـی لەبـارەوە نەدەزانـی. وێـڕای بەشـداری ڕاسـتەوخۆی لـە پڕۆژەکـە، برێگـمان ئـەو ئەگـەرەی بـە دوور نەزانـی کـە لـە پشـت گفتوگۆکانـی لەگـەڵ مەروانـدا- کـە هەمـووی لـە ڕێگـەی تەلەفۆنـەوە بـوو، جگـە لـە یـەک دیـدار نەبێـت کـە لـە هوتێـڵ ئینتـەر کۆنتینلتـال لەنـدەن لـە پـارک لیـن بەڕێوەچـوو- پاڵنەرێکـی زۆر جـودا هەبـوو. لـە چاوپێکەوتنێکیـدا لەگـەڵ هەفتەنامـەی سـپێکتێیتەر، هێـمای بـەوەدا کـە ئامانجی ڕاسـتەقینەی

مـەروان بەدەسـتهێنانی زانیـاری بـوو کـە لـە ئیسرائیـل چ لەبـارەی ئـەوەوە دەنـووسرێ و دەگوتـرێ، زانیاریگەلێـک، تـا بەهۆیـەوە هەنگاوەکانـی دادێـی خـۆی لەسـەر دیـاری بـکات [11].

ئایـا مـەروان کتێبەکـەی نووسـی؟ لەوبـارەوە زانیارییـەکان هـاودژن و یەکلاکـەرەوە نیـن. بـە گوتـەی هەنـدێ شـایەد، مـەروان لەسـەروبەندی کۆتاییهاتنــی بــووە. ڕۆژنامــەی ســەندەی تەلەگـراف بـاس لــەوە دەکات کـە سـێ بەرنووسـی نووسـیووە، هەریەکێکیـان نزیکـە ٢٠٠ لاپـەڕە بـووە و ڕۆژی مردنەکـەی لـە ئەپارتمانتەکـە بـردراوە لەگـەڵ چەنـد کاسـێتێک کـە دەنگـی خـۆی، تایبـەت بـەو ڕۆژەی لەسـەر تۆمـار کرابـوو. بـە پێـی سـەرچاوە ڕۆژنامەوانییـەکان و پۆلیـس کـە لێکۆڵینـەوەی لـە مردنەکـەی کـرد و وردەکارییەکانـی لـە هاوڕێیانـی مـەروان و ئەندامانـی خێزانەکـەی بیسـتووە، بڕیـار بـوو هـەر ئـەو ڕۆژە بـە فڕۆکـە بـەرەو نیویـۆرک بـڕوات و دەرفـەت بڕەخسـێ دوا بەشـی کتێبەکـەی بنووسـێتەوە کـە بـە پێـی ئـەو گۆتانـە بڕیـار بـووە لـە ئۆکتۆبـەری ٢٠٠٧ بڵاوبێتـەوە کـە هاوکاتـی سـی و چوارەمیـن سـاڵوەگەڕی شـەڕی یـۆم کیپـوور بـوو [12]. بـە پێـی سـەرچاوەیەکی دیکـە لـە کۆنگرەیەکـی ئەکادیمـی کـە سـاڵی ٢٠٠٦ بـە بۆنـەی پەنجـاو یەکەمیـن سـاڵوەگەڕی تەنگـژەی سـوێس لـە لەنـدەن بەسـترا، ئـەشرەف مـەروان لەنێـوان ئامادەبـووان بیـنراوە کـە بـە پەڕۆیـەک دەسـتی بـە ملیـەوە هەڵواسـیوە، کاتێـک لەبـارەی هۆکارەکـەی پرسـیاری لێکـراوە، لـە وەڵامـدا گوتویەتـی ئـەوە بەرنووسـی ئـەو کتێبـەی تێدایـە کـە هەقیقەتـی ڕۆڵـی ئـەو لـە شـەڕی یـۆم کیپـوور ئاشـکرا دەکات و کتێبەکـە «دەیدەقێنێتـەوە»[13]. هەروەهـا بەڵگـەی دیکـە هەبـووە کـە مـەروان بـە پـڕۆژەی توێژینەوەیـەک سـەرقاڵ بـووە، سـاڵێک بـەر لـە مردنـی دووجـار سـەردانی ئەرشـیفی ئاسایشـی قەومـی زانکـۆی جـۆرج واشـنتۆنی لـە

واشـنتۆنی پایتەخـت کـردووە، تایبـەت بـەو بابەتانـەی کـە بـە پێـی یاسـای ئـازادی زانیارییـەوە، پۆڵیـن کـراون، لەپێنـاو بەدەسـتهێنانی زیاتـر لەبـارەی شـەڕی سـاڵی ١٩٧٣-ەوە. هەروەهـا مـەروان توێژەرێکـی یاریـدەری بـە کرێ گـرت کـە بابەتەکانـی تایبـەت بـە شـەڕی بـۆ کۆبکاتـەوە لەگـەڵ وەرگێڕانـی ئـەو وتارانـەی بـە زمانـی عیـبری بـاس لـە ڕۆڵـی ئـەو دەکـەن [١٤].

هـاوکات ڕاسـتی دیکـەش هەبـوون کـە گومانەکانـی تـۆخ دەکـردەوە لەبـارەی ئـەوەی ئایـا لـە بنەڕەتـەوە کتێبێکـی ئـاوای نووسـیوە: تـا ئەمڕۆش یـەک لاپـەڕە لـەو بەرنووسـە نەدۆزراوەتـەوە. لـەو سـەردەمەی دیجاتیلێـدا، زەحمەتـە مەزەنـدە بکەیـن کـە مـەروان تەنیـا یـەک دانـەی هەڵگرتبێـت (کـە لـە ئەپارتمانتەکـەی بـردراون) و یـەک دانـە دیجیتاڵـی (لـە پـەڕۆی پەنجـە هەڵبەسـتراوەکەی). ئەگـەر مـەروان لـەوە دەترسـا کتێبەکـەی بدزرێ، بۆچـی بـە شـێوەیەکی ئاشـکرا لـە ملـی خـۆی پێچابـووی و بۆچـی هەواڵـی خەڵکـی دەدا کـە چییـە؟ یـەک دانـەش لەنـاو بابەتـە سـێیڤکراوەکانی نـاو کۆمپیوتەرەکـەی نەدۆزرایـەوە، یـان لـەلای خێزانەکـەی، یاخـود لـە لای دۆسـتە نزیکەکانـی، یـان لـە شـوێنێک لـە شـوێنەکان کـە لـە ژمـارە نایـەن و ئـەوکات فەراهـەم بـوون و ئـەورۆ بـە «هـەور ”cloud نـاسراوە. هەمدیـس هـۆکاری دیکـە هەیـە کـە وا دەکـەن گومـان لـە گۆتـەکان بکـرێ. ئەگـەر ئـەو خـۆی دەسـتی بـە تۆمارکردنـی دەنگـی کـردووە، بەڵگـە لـە بوونـی تایپێسـتێک، یـان یارمەتیـدەری دیکـە دەکات کـە دەنگەکانـی کردووەتـە وشـە. بۆچـی کـەس نەهاتـووە بڵـێ مـن لـەو پڕۆژەیـەدا کارم دەگەڵیـدا کـردووە؟ ڕەنگـە کەسـێکی وا بەرانبـەر مـەروان بـە وەفـا بێـت و هەمـوو هۆکارێکـی پشـتیوانیکردن لـە بانگەشـەی خێزانەکـەی لـەلا بێـت کـە دەڵێـن بیرەوەرییەکانـی خـۆی نووسـیوەتەوە. پرسـیارێکی دی: گشـت بابەتەکانـی توێژینەوەکـە لـە کوێـن، وێنـەی بەڵگەنامـەکان، یـان

سەرچاوە کۆکراوەکانی دیکە توێژینەوەکە کە بێ ئەوان دانەر ناتوانێ کتێبێکی لەوجۆرە بنووسێ؟ باشە، لەکاتێکدا لەسەروبەندی کۆتایهاتنی نووسینی بیرەوەرییەکانی بووە، بۆچی کەسێک ئامادە نییە قسە لەسەر ناوەڕۆکەکەی بکات کە چی لەخۆگرتبوو؟ ئەگەر کتێبێک لەسەر تەواو بوون بووە، بە دڵنیاییەوە دەبوو لەسەر بابەتەکانی شتێکی بە خەڵکی بگوتبایە، بەتایبەتی پاڵپشتی لەو بانگەشەیە دەکرد کە بە هەموو شێوەیەک مسرییەکان دەیانویست بڕوای پێ بکەن کە سیخوڕێکی دووسەرە بووە.

لەبارەی ئەو کتێبە تەنیا یەک ڕاستی ڕوونە، جگە لە چەند جەختکردنەوەیەکی تەمومژاوی، دەنا یەک کەس لەسەر گۆی زەوی بە وشەیەکیش باسی ناوەڕۆکی سێ بەشەکانی ئەو کتێبەی نەکردووە یان بزانێ شتەکانی ناو پەنجە گەورە هەڵبەستراوەکەی چ بوو، جگە لەوەی گوایە مەروان گوتویەتی. هەروەها هەمان شت بەرانبەر سەردانی کردنی بۆ ئەرشیفی زانکۆ لە واشنتۆن و بە کرێگرتنی یاریدەدەری توێژەر، ئەمانە هیچیان شتێک لەبارەی کتێبەکەی ناسەلمێنن. دوای هەمو ئەوانە، لەو ساتەی وەک گەورە سیخوڕی مۆساد لە مسر ئاشکرابوو، هەموو بایەخدانێکی مەروان ئەوە بوو بزانێ چی لەسەر دەنووسرێ و بڵاودەکرێتەوە، چونکە هەرچییەکی دەردەکەوت بەواتای تووندکردنی پەتی گەردەنی دەهات، بۆ کەسێک بە توانستی مەروان، پێدانی نرخ بەرانبەر بەدەستهێنانی زانیاری وردی تایبەت بە هەڕەشەکانی ڕوبەڕووی ببوونەوە هێندە گەورە نەبوو.

لەپاڵ هەموو ئەمانە، سەختە مرۆڤ پەی بە هۆکارە بنەڕەتییەکان ببات کە دنەی مەروانیانداوە لە ڕوانگەی خۆیەوە چیرۆکی ژیانی بنووسێتەوە. وەک بینیمان ئەو زانیاریانەی لە ماوەی ئەو ساڵانەدا بە

ئیسرائیلـی داوە، هەمیشـە زانیـاری ورد و دروسـت و ڕوخێنـەری هەوڵەکانـی شـەڕی مـسر بوونـە. هەرجـار هەواڵگـری سـەربازی و مۆسـاد، هەوڵیـان دەدا لێکۆڵینـەوە لـە زانیارییەکانـی بکـەن، هەمیشـە دروسـت دەردەچـوون، نـەک تەنیـا لـە سـاتی گەیشـتنیانەوە، بەڵکـوو دوای چەندیـن سـاڵیش وا دەردەچـوون. کاتێـک سـەرچاوە مسرییـەکان باسـیان لـە ئامادەکارییەکانـی شـەڕ دەگێڕایـەوە، لەبـاردا هەبـوو زانیارییەکانیـان لەگـەڵ زانیارییەکانـی مـەروان بـەراورد بکـرێ، یـان ئەوەتـە مـەروان بـە ئەنقەسـت بـە وردی ڕێکـەوت و وادەی هێرشـەکەی بـە ئیسرائیـل نەگوتییـە، بـەڵام دووبـارە بونیادنانـەوەی ڕووداوەکان لـە لای خۆمانـەوە، شـیکردنەوەی تـەواو ماقووڵـمان دەدەنـێ. واتـە مـەروان بـە ڕاسـتی بـە وادەی هێرشـەکەی نەزانیـوە، تەنیـا ڕۆژێـک (هەینـی) بـەر لـە ڕوودانـی نەبێـت. دواتـر ڕاستەوخۆ هـەر شـەوی هێرشـەکە ڕێنوێنیکارەکـەی لـێ ئـاگادار کردۆتـەوە. ئـەو ڕاسـتییەش نـەک تەنیـا سـەرچاوەکانی مۆسـاد پشـتیوانی لـێ دەکـەن، بەڵکـوو سـەرچاوە مسرییەکانیـش دووپاتـی لـێ دەکەنـەوە، بۆیـە سـەختە مەزەنـدە بکەیـن، چـۆن لـە کتێبەکەیـدا بەسـەر ئـەو بەڵگانـە بـازی دەدا. تاکـە شـتێک دەیتوانـی بینووسـێتەوە، ئـەوە بـوو کـە نهێنـی ڕاسـتینە تەنیـا لای خـۆی و سـادات ئاشـکرابوو، لەگـەڵ ئـەوەی سـادات نەمـاوە تـا دووپـات لـەوە بکاتـەوە یـان ڕەتـی بکاتـەوە.

تەنانـەت لـەم حاڵەتەشـدا، دەبـوو بـە وردی نیشـان بـدات کـە چـۆن و کـەی پلانەکـە داڕێـژراوە و جێبەجـێ کـراوە. لـە جیهانێکـی هەواڵگریـی ئـاوا ئاڵـۆزدا، هـەر پلانێکـی چاوەڕوانکـراو یـان بێوێنـە، دەبـێ خەڵکـی دیکـەی تێیـدا بەشـدار بێـت. کەواتـە ئەوانـە لـە کوێـن؟ تـا ئێسـتا کـەس نەهاتـووە و بانگەشـە بـکات کـە ئـاگاداری نهێنییەکـە بـووە- هەرچەنـدە میسرییـەکان پێداگـری لەسـەر ئـەوە دەکـەن و بـە شـانازییەکی بێپایانـی دەزانـن کـە ئیسرائیلیـان تووشـی سەرسـوڕمان کـردووە.

چەندجارێـک لەبـارەی سـیخوڕییە دووسـەرەکەیەوە پرسـیار لـە مـەروان کـراوە، بـەڵام لـە وەڵامدانـەوە تووشـی زەحمەتـی دەبـووەوە. بـۆ نموونـە، دوای ئاشـکرابوونی ناسـنامەکەی، هـاورد بلـوم دیالۆگێکـی لەگـەڵ کـرد، مـەروان بـە شـێوەیەکی دووبارەبوویـەوە بانگەشـەکەی ئاهـرۆن برێگمانـی ڕەتدەکردەوە کـە سیخوڕی ئیسرائیـل بـووە و دەیگـوت «خەڵـک دەتوانـن چیـان دەوێ ئـەوە بنووسـن یـان بڵێـن... ئـەوەی پەیوەنـدی بـە منـەوە هەیـە، وەک ئەوەیـە کـە لـە چیرۆکێکـی پۆلیسـییەوە وەرگیرابـن». بلـوم پێداگیـری لەسـەر ئـەو خاڵـە کـرد و پرسـیاری لێکـرد، ئایـا مـەروان سـیخوڕێکی دووسـەرەبوو، بـەڵام مـەروان تەنیـا داوای ژمـارە فاکسـی لـە بلـوم کـرد. لـە کاتێکـی دیکـەی ئـەو ڕۆژەدا، بلـوم فاکسـێکی بـۆ هاتـووە کـە دانەیـەک لـە وتارێکـی ڕۆژنامـەی ئەهـرام بـووە و ڕێکەوتەکـەی بـۆ ٢٢ی ئـاداری ١٩٧٦ دەگەڕایـەوە و وەسـفی ئـەو ئاهەنگـە بـووە کـە بـە بۆنـەی جێهێشـتنی پۆسـتەکەی لـە نووسـینگەی سـەرۆک بـۆ مـەروان ڕێکخرابـوو کە سـادات لەبەرانبـەر پشـکدارە تایبەتییەکـەی لـە هەوڵەکانـی شـەڕ مەدالیـای پـێ بەخشـیووە [١٥]. لـەوەدا دیـارە مەبەسـتی ڕوونـە و دەیـەوێ بـۆ بلـوم بسـەلمێنێ کـە لـە سـەرەتای شـەڕەوە ئیسرائیلـی لـە خشـتە بـردووە، بـەڵام ئەمـڕۆ هەمووومـان دەزانیـن لـە سـەرتاپای ئاهەنگەکـە مەبەسـت ڕازی کردنـی مـەروان و قەرەبووکردنـەوەی تووڕەهەڵدانەکـەی لـە پۆسـتەکەی بـوو. هەروەهـا «پشـکدارە تایبەتییەکـەی لـە هەوڵەکانـی شـەڕ» بـە مانـای سـەرکەوتنی دێـت لـە بەدەسـتهێنانی فڕۆکـەی میـراژ لـە فەڕەنسـا لـە ڕێگـەی لیبیـاوە، وێـڕای ئـەو گەمـارۆ چەکـەی هەبـوو. تەنانـەت ئـەوەی لـە دیالۆگـە تەلەفزیۆنییەکـەی سـاڵی ٢٠٠٦ بـە برێگمانـی گـوت، مـەدای لاوزی مەروانـی دەرخسـت کـە باسـی لـەو تەنگژەیـە کـرد کـە ڕووبـەڕووی سـوپای بەرگـری ئیسرائیـل و ئـەو تەنگـژە سـۆزدارییەی گۆڵـدا مائیـر کـرد کـە بـە گۆتـەی مـەروان لەکاتـی بەرپابوونـی شـەڕ بیـری لـە کوشـتنی

خـۆی کـردەوە، وەک بەڵگەیـەک کـە فێـڵ لـە ئیسرائیـل کـراوە، هەروەهـا گوتـی ئـەو بەشـێک لـەو تیمـە بـوو کـە لـە ٤٠ کـەس پێکهاتبـوو و کاریـان «دەرخواردنـی مەزەنـدەی ئیسرائیلییـەکان بـوو... مەسـەلەکە تەنیا سـیخوڕی دووسـەرە نەبـوو... بەڵکـوو مـسر بـوو» [١٦]. ئەمـەش تـەواو جودایـە لـەو دووپاتـە بنبـڕەی کـە سـیخوڕێکی دووسـەرە بـوو. بێگومـان ئـەوەش نابێتـە بەڵگـەی حاشـاهەڵنەگر کـە لـە فریودانـی ئیسرائیلییەکانـدا ڕۆڵـی هەبـووە. ئەگـەر ئـەوە کارە هـەرە باشـەکانی بێـت کـە دەکـرێ کردبێتـی، بـەڵام جێـی سەرسـوڕمانە بـۆ ئـەو کتێبـەی نەنووسـیوە.

بە پێی بەڵگە بەردەستەکان بە سێ ئەنجام دەگەین.

یەکـەم، ماقووڵـە وا مەزەنـدە بکەیـن کـە ئـەشرەف مـەروان هەرگیـز بیرەوەرییەکانـی خـۆی نەنووسـیوەتەوە تـا وەسـفی تێڕامانـی خـۆی بـۆ چیرۆکـی شـەڕی یـۆم کیپـوور بـکات، لەبەرئـەوەی ئەگـەر ئـەوەی بکردبـا ناچـار دەبـوو لەگـەڵ ڕاسـتینەیەکی هـاودژ مامەڵـە بـکات کـە نەدەکـرا نکۆڵیـان لـێ بـکات. یەکێـک بانگەشـەکانی سـاختە بـکات و وەک دەجـاڵ دەربکـەوێ، بـەڵام سـیخوڕی ئیسرائیـل بێـت، بۆیـە مـەروان هیـچ بەرژەوەندییەکـی لـەوەدا نەبـوو، ژیانـی خـۆی بـەو شـێوەیە بخاتـە بـن دەسـت جەمـاوەر، تـا حوکمـی بەسـەردا بـدات.

ئەنجامـی دووەم بـەو وێنەیە پەیوەسـتە کـە مەروان وەک کەسـایەتییەک بـۆ خـۆی کێشـاوی کـە کتێبێـک دەنووسـێ تێیـدا نهێنـی فێڵەکـەی مـسر ئاشـکرا دەکات و خۆشـی تێیـدا ڕۆڵـی پاڵـەوان دەگێـڕێ. ئەمـە دەرفەتـی بەرپەرچدانـەوەی ئـەو داواکارییانـەی بـۆ دەڕەخسـاند کـە لـە مـسر و شـوێنەکانی دی داوایـان لێـی دەکـرد وەڵامـی ئـەو بانگەشـانە بداتـەوە کـە بـە سـیخوڕی مۆسـاد تاوانباریـان دەکـرد. سـەرەتا مـەروان ویسـتی پشـتگوێیان بخـات، بـەڵام بـە تێپەڕبوونـی کات، ڕۆژنامەکانـی ئیسرائیـل

ڕاپـۆرت لـە دوای ڕاپۆرتیـان بڵاودەکـردەوە و وردەکاری زیاتریـان ئاشـکرا دەکـرد. لـە هیکـڕا نووسـەرانی وەک ئاهـرۆن برێـگان، ڕۆنیـن بیرگـمان و هـاوارد بلـوم داوایـان لـە مـەروان کـرد لـەلای خۆیـەوە بـاس لـە چیرۆکەکـە بـکات، هیچـی نەکـرد تەنیـا بـەوە وەڵامـی دانـەوە کـە بـەو نزیکانـە لـە کتێبێکـدا بـاس لـە هەمـوو شـتێک دەکات.

ئەنجامـی سـێیەم، دەکـرێ لـە کاروبـاری خێزانەکـەی پوختـی بکەینـەوە کـە ئەفسـانەی بیـرەوەری خزمەتێکـی زۆر باشـی دەکـرد، چونکـە بـۆی ئاسـان دەکـرد بانگەشـەی ئـەوە بـکات کـە مـەروان نیشـتمانپەروەرێکی مـسری بـوو و فێڵـی لـە ئیسرائیلییـەکان کـرد، زۆربـەی بەڵگەکانـی نـەک تەنیـا بـە تیرۆکردنـی بـە دەسـتی ئیسرائیلییـەکان ون بـوون، بەڵکـوو گشـت کۆپیەکانـی کتێبەکەشـیان لەناوبـرد. دیـارە ڕۆژنامەنووسـان زۆر حـەز بـە چیرۆکـی پیلانگێـڕی وا ئاڵـۆز دەکـەن. هیـچ شـتێک هێنـدە پڕفـرۆش نییـە، وەک ئـەو چیرۆکـەی بـاس لـە تـاوان و بیـرەوەری ونبـوو دەکات.

بـۆ ڕەتکردنـەوەی ئـەو تیـۆرەی دەڵێـت مۆسـاد ئـەشرەف مەروانـی کوشـتووە، هۆکارگەلێکـی زەقـتر هـەن، هۆکارگەلێکـن تەنیـا ئەوکاتـە دەکەونـە بـەر ڕۆشـنایی کـە لـە لایەنـی ئیسرائیلییـەوە سـەیری ڕووداوەکان دەکـرێ. سـەیرکردنێکی بـە دیقەتـی دینامیکـی ناوخـۆی کۆمەڵگـەی هەواڵگـری ئیسرائیلـی و ڕەتدانـەوەی بەرانبـەر ئاشـکراکردنی ناسـنامەی مـەروان، بۆمـان دەردەکـەوێ کـە ئیسرائیـل نـەک هـەر بـە توونـدی و بـە شـێوەیەکی هەمیشـەیی بایەخـی بـە پاراسـتنی ژیانـی مـەروان داوە، بەڵکوو مردنـی مەروانـی بـە شکشـتێکی گـەورەی ئاژانسـەکەش زانیـوە.

بەماوەیەکـی کـورت دوای ئاشـکرابوونی ناسـنامەکەی، لەبـارەی چۆنیەتی مامەڵەکـردن لەگـەڵ کەسـی بەرپـرس لـە دزەکردنەکـە مشـتومڕێکی گشـتی لـە ئیسرائیـل ڕوویـدا، لـە بازنەیەکـی فراوانـدا زانـراو بـوو کـە ئـەو کەسـە

کێیە. لە نێو مۆساد مشتومڕەکە بەوشێوەیە بوو، مائیر داگانی سەرۆکی مۆساد لەو باوەڕەدا بوو، بە کردنەوەی لێکۆڵینەوە لە ئیلی زەیرا، یا تەنانەت دادگایی کردنی، وەک ددان نان وایە بەوەی مەروان سیخوڕی ئیسرائیل بووە، هەروەها ژیانی مەروان دەخاتە مەترسی، لە ئەنجامدا وا دەردەکەوێ کە مۆساد ناتوانێ سیخوڕەکانی بپارێزێ. لەبەر ئەو هۆیە تا حوزەیرانی ٢٠٠٧ داگان دژی گرتنەبەری هەر ڕێوشوێنێک لە بەرانبەر زەیرا بوو. لە ڕوویێکی دیکەی مشتومڕەکە زۆرێک لە گەورە ئەفسەرانی کە لە مۆساد ژیانی پیشەگەریی خۆیان بونیاد نابوو، بەتایبەتی سەرۆکی لقی تیزمێت کە دواتر بووە جێگری داگان، پێیوابوو زەیرا بە ئاشکراکردنی ناوی مەروان لەبەردەم خەڵکێ ڕەشۆکدا، یەکەم ڕاسپاردەی هەواڵگری پێشێل کردووە، وەک دەڵێن یەکێک لە هەرە پیرۆزییەکانی پێشێل کردووە. لەسەر ئەو بنەمایە دەبێ دادگایی بکرێ (١٧)، بەڵام داگان ئەو جەنگەی بردەوە و بەرمەبنای ڕاسپاردەکەی نووسینگەی داواکاری گشتی ئیسرائیل ڕەتیکردەوە پەڕاوی لێکۆڵینەوە بکاتەوە.

بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کام ئالی ڕاستە، خاڵی گرنگی مەبەستەکەمان، مشتومڕە ناوخۆییەکان بوو. لایەنێک ئەوپەڕی هەوڵ بۆ پاراستنی ژیانی مەروان دەدات، ئەویدی دەیەوێ سزای ئەو کەسە بدرێ کە ژیانی خستە مەترسییەوە- کە ئەوە ڕووی نەدەدا ئەگەر مۆساد مردنی ئەوی بویستبا، بە پێچەوانەوە، ئەگەر هەر یەک لە مۆساد و حکومەت مەرگی ئەو بە کارەسات ببینن. زامیر یەکەم کەس بوو ددانی بەوەدا نا و لەو چاوپێکەوتنەی لەگەڵ تەلەفزیۆنی ئیسرائیلی کردی، گوتی: لە مێژووی خۆماندا مەزنترین سەرچاوەمان لە دەستدا... لە ئەنجامی فەرامۆشکردنێکی تاوانبارییەوە لە دەستماندا... و

منیشـەوە کـە لـە پاراسـتنیدا شکسـتم هێنـا [١٨]. لـە کتێبـی بیرەوەرییەکەیـدا کـە لـە کۆتایـی ٢٠١١ بـڵاوی کـردەوە و بـە ناونیشـانی «باشـترین سـیخوڕ: لـە نێـوان خـۆم و مەروانـدا» بەشـێکی بـۆ مـەروان تەرخـان کردبـوو و تێیـدا هاتبـوو: هیـچ ڕۆژێـک تێناپـەڕی، ئـازاری خـۆم نـەدەم لەسـەر ئـەوەی کـە ئایـا لـە توانامـدا بـوو بـە شـێوەیەکی باشـتر بیپارێـزم» [١٩].

بـەڵام ئەگـەر مۆسـاد ئـەوەی نـە کردبێـت، هەروەهـا ڕکابەرەکانـی مـەروان لـە کار ئەوەیـان نەکردبێـت، بۆیـە تاکـە بـژاردە ئەوەیـە کـە مسرییـەکان ئەوەیـان کـردووە، لێـرەوە ئـەو پاڵنـەرە دەدۆزینـەوە کـە دنەیـدا بـن مـەروان بکـوژن، چونکـە داوێکـی هاوبەشـی ڕوون و ئاشـکرامان لـە نێـوان مردنـی مـەروان و مردنـی هاوشـێوەی دیکەمـان دۆزییـەوە کـە لـە ڕابـردوودا لـە ڕێگـەی ڕژێمـی مسریـدا وەسـتابوون.

یەکێـک لـە پرسـیارە گەورەکانـی لەبـارەی مردنـی مـەروان دێتـە پێشـەوە، ئەوەیـە: چـۆن دەکرێـت حکومەتـی میـسر بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە خیانەتەکـەی یـان دادگاییکردنـی لـە نێـوان ئاشـکرابوونی ناسـنامەی بابـل لـە سـاڵی ٢٠٠٢ و مردنـی لـە سـاڵی ٢٠٠٧، هیـچ هەوڵێکـی نـەدا- تەنانـەت ڕێـزی لـێ گـرت و پشکداریشـی لـە شـەڕی یـۆم کیپـووردا زۆر قەبـە کـرد. ڕەنگـە ئـەوە بـۆ ئـەوە بگەڕێتـەوە کـە مسرییـەکان بـە کردەنـی باوەڕیـان بـەوە کردبێـت کـە سـیخوڕیکی دووسـەرە بـووە، بـەڵام سـەختە مەزەنـدە بکـەی ئەفسـەرانی هەواڵگـری مـسری کـە چـاک دەیانزانـی چ لەسـەر خاکەکەیـان دەگـوزەرێ، ڕاسـتی ئـەو چیرۆکـە قبـوڵ بکـەن کـە مـەروان و سـادات بـۆ فریودانـی ئیسرائیـل بێئـەوەی کەسـی دی پێـی بزانـێ هـاوکاری یەکـدی بـوون. دیسـان ماقووڵـە گریمانـەی ئـەوەش بکەیـن کـە بەرپرسـانی هەواڵگـری مـسری هەمـوو ئـەو شـتانەیان خوێندووتـەوە کـە لەبـارەی بابلی سـیخوڕەوە لـە ڕۆژنامەکانـی ئیسرائیلـی بڵاودەبوونـەوە و توانـای ئاشـکردنی

ناسنامە ڕاستەقینەکەشیان هەبوو. وەک خەڵکی دیکە ئاشکرایان کردبوو کە ئەشرەف مەروان سیخوڕی مۆسادە. ئەگەر ئەوانەیان خوێندبێتەوە کە لەبارەی ڕۆژانی بەر لە شەڕ نووسرابوون، واتە تا ڕادەیەکی زۆر دەیانزانی وێڕای مەروان شکستەکانی ئیسرائیل ڕوویانداوە، نەک بەهۆیەوە ڕوویانداوە.

دوای ئاشکرابوونی، شێوازی مامەڵەکردنی سەرۆک موبارەک لەگەڵ مەروان خۆی لە شێوازێکی ئاڵۆز و وریایی دەبینێتەوە کە ڕژێم کێشەکەی پێ چارەسەرکرد. ئەو دووانە هەر لە سەرەتای حەفتاکانەوە یەکدیان ناس دەکرد، کاتێک مەروان سەرپەرشتی بە دەستهێنانی پڕۆژەی فڕۆکەی میراژی فەڕەنسی بۆ هێزی ئاسمانی مسری دەکرد، ئەوکاتە موبارەک فەرماندەی هێزی ئاسمانی بوو، ئیدی لە هەنگینڕا پەیوەندییەکی زۆر باش لە نێوانیاندا هاتە کایەوە [٢٠]. هەروەها هەردوو کوڕە نۆبەرەکانیان دۆستی نزیکی یەکدی بوون و لە ئیشوکاریشدا هاوبەش بوون. لە ٢٠٠٥دا، لە میدیای مسری لە ئاهەنگێکی جەماوەری بەبۆنەی ساڵوەگەڕی شەڕی یۆم کیپوور، وێنەی دوو پیاو بەیەکەوە دەرکەوت کە دەستی یەکدی دەگووشن، بە لانی کەم ئەو وێنەیە توانی ڕۆژنامەنووسێکی ئیسرائیل بەو باوەڕە بگەیەنێ کە بە کردەنی مەروان سیخوڕێکی دووسەرە بووە [٢١]، بەڵام بە گوتەی هەیکەل، موبارەک بە بینینی مەروان لە ئاهەنگەکە واقوڕمای بووە و داوای لە پاسەوانەکانی کردووە یاوەری بکەن و لە مسر وەدەری بنێن. بەیانی ڕۆژی دواتر مەروان گەڕاوەتەوە لەندەن. دوای ئەو ڕووداوە موبارەک فەرمانی قەدەغەکردنی گەڕانەوەی بۆ مسر بۆی دەرکردووە [٢٢].

دیسان دوای مردنی ڕۆژنامەکانی مسر پەسنی مەروانیان کرد و تەنانەت موبارەک بە «نیشتمانپەروەری ڕاستەقینەی» وەسف کرد،

هەروەهــا کەســەکانی دەســتەبژێری سیاســی و ســەربازی و هەواڵگــری ئامـادەی ڕێوڕەسـمی جەنازەکـەی بـوون، بـەڵام لـە ئەیلوولـی ٢٠١١، دوای کەوتنــی ڕژێمــی موبــارەک، ڕۆزیوســف نوســی موبــارەک خــۆی فەرمانــی غافلکــوژی مەروانــی دەرکــرد- هەمــان هەفتەنامــە، دوای شــەش مانــگ بانگەشـەی ئـەوەی کـرد، موبـارەک قەزافـی بـە کوشـتنی مـەروان تاوانبـار دەکات-، بــەڵام لەبــەر خراپــی ناوبانگــی هەفتەنامەکــە، ئــەو بانگەشــانە بایەخێکــی ئەوتــۆی پــێ نــەدرا کــە شــایەنی باســکردن بێــت.

دیــار نییــە ئایــا ئــەو بانگەشــانە دروســت بــوون یــان نــا، بــەڵام ئاشــکرایە موبــارەک و پیاوەکانــی دەیانویســت ئــەو حەڵقــە شــەرمەزارییە لـە قووڵایـی زەوی لـە گـۆڕ نێـن، بۆیـە جێـی سەرسـوڕمان نەبـوو موبـارەک داوای ڕۆژنامەنووســێکی لــە هەمــووان زیاتــر ڕێزلێگیــراوی مــسری وەک محەمــەد حەســەنین هەیکــەل لــە کوژرانــی مــەروان ڕەتبکاتــەوە کــە دەســت بــە لێکۆڵینەوەیەکــی فەرمــی بکــرێ [٢٣].

ســێ شــیکردنەوەی پڕاوپــڕ بــۆ ئــەو مامەڵــە تایبەتییــە هەیــە کــە دوای ئاشـکرابوونی ناسـنامەکەی وەک سیخوڕی مۆسـاد لەگەڵـی دەکـرا، بێگومـان یەکێکیـان مەسـەلەی شـوورەییە لـە کۆمەڵگـەی عەرەبیـدا، لـە کاتێکـدا لـە کولتــووری ڕۆژاوادا بڕێکــی زۆر لــە بەهــای مــرۆڤ لەنــاو کۆمەڵگــەدا، بــۆ پرســی تــاوان و بــێ تاوانــی دەگەڕێتــەوە، بــەڵام لــە کولتــووری عەرەبیــدا زیاتــر بــۆ پرســی شــوورەیی و شــەرەف دەگەڕێتــەوە و تەنیــا لەســەر تــاک ڕەنـگ ناداتـەوە، بەڵکـوو لەسـەر ئـەو گرووپـەش دەشـکێتەوە کـە پەیوەندی لەگەڵیاندایـە، بـە خێزانـە گـەورە و بچووکـەکان، قەبیلـە و دەوڵەتەکانەوەش. کاتێــک دەربکــەوێ تاکێکــی دەســتەبژێری بــاڵای مــسر، نــەک هــەر تاکێــک، بەڵکــوو زاوای خــودی عەبدولنــاسر و ڕاوێــژکار و نهێنیپارێــزی ســادات و یەکێــک لــە دۆســتە نزیکەکانــی جەمــال موبــارەک و کوڕەکــەی دیکــە کــە

زاوای عەمرو موسای وەزیری دەرەوەی پێشووی مسر و سکرتێری گشتی پێشووی کۆمکاری عەرەبی بێت، بەڵام لە مێژووی مسردا گەورەترین ناپاک بێت. ئەمەش شوورەیی و شەرمەزاری نەک بۆ مەروان، بەڵکوو بۆ موبارەک و تەواوی دەستەبژێری حکومڕانی مسر دەهێنێ. هەروەها دەبێتە گورزێکی کەمەرشکێن بۆ تەواوی شکۆی نیشتمانی وڵات.

ئەو مەسەلەیە پەیوەندییەکی نزیکی بە بارگرانی شوورەییەکەوە هەیە، ئەویش مەیلی بەرگریکردن لە خودی گرووپەکەیە کە چینە باڵاکانی کۆمەڵگای عەرەبی بە شێوەیەکی گشتی و کۆمەڵگەی مسری بە شێوەیەکی تایبەتی پێی دەناسرێ کە «یەکێکە لە ئێمەیە». لەوانەیە لە لای پیاوە بەهێزەکانی ڕژێم، مەروان کەسێکی ناپاک بێت، بەڵام دۆست و کەسێکی ڕیزلێگیراوی نێوەندە نزیکەکەیان بوو. بۆیە شایەنی پاراستن بوو.

دواجار، ترس لەو زیانە هەبوو کە لەوانەبوو مەروان هۆکارەکەی بێت، ئەگەر ڕژێم ڕێوشوێنی یاسایی بەرانبەری بگرتبایەتەبەر، چونکە بۆ ماوەی زیاتر لە چل ساڵ بەشێکی بنەڕەتی دەستەبژێری مسر بوو، هەروەها ئاگای لە نهێنییە کەسییەکانی کەسە هەرە بە هەژموونەکانی مسر هەبوو، ئەمەش وایکردبوو سەرچاوەی هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە بێت. خودی مەروان ئەوەی باش دەزانی و ئاشکرای کرد کە لەبەکارهێنانی هەژموونی خۆی دوودڵ نییە. لە دیالۆگێکدا لەگەڵ هەیکەل لە لەندەن لە ئەیلوولی ٢٠٠٦دا، نکۆڵی لەوەکرد کە موبارەک سەردانی کردنی مسری لێ قەدەغە کردبێت و گوتی «ناتوانێ ئەوە بکات، من دەتوانم وێرانی بکەم». هەروەها گوتی، دەتوانێ خەڵکی دیکەش وێران بکات، تەنانەت بە عومەر سلێمان بەڕێوەبەرە بەهێزەکەی هەواڵگری مسریشەوە [٢٤].

لەپێنـاو ئـەو هەمـوو هۆکارانـەوە، ددانانانـە ئاشـکراکەی ئیلـی زەیـرا لـە کتێبەکـەی و چاوپێکەوتنـە تەلەفزیۆنەکانـی ساڵی ٢٠٠٤دا کـە مـەروان بـۆ مۆسـاد کاری دەکـرد، ڕاسـتینەیەکی نوێـی بـۆ مـسر چێکـرد، چونکـە جیاوازییەکـی زۆر گـەورە هەیـە لـە نێـوان ئـەو بانگەشـانەی لەلایـەن ڕۆژنامەنووسـێک، یـان مێژوونووسـێکەوە، لەچـاو ئـەوەی لـە لایـەن کەسـێکەوە دەرچـووە کـە لـە شـەڕی یـۆم کیپـووردا سـەرۆکی هەواڵگـری سـەربازی سـوپای بەرگـری ئیسرائیـل بـوو. لـەوەش واوەتـر کاتێـک لەلایـەن دادوەری پێشـووی دادگای بـاڵای ئیسرائیلـەوە، لەبـارەی ئـەو بابەتـەوە حوکم دەردەچـێ، مەسـەلەیەکە بـە ئاسانی ڕاڤـەی ئـەوە دەکات کـە دادوەری لـە ناپاکـی مـەروان دڵنیـا بـووە.

لـە حوزەیرانـی ٢٠٠٧دا، ڕژێمـی قاهیـرە پـەی بـەوە ڕاسـتییە بـرد، لەوانەیـە ئـەو پرسـە پایەکانـی حوکمڕانـی لـە مـسر بهەژێنـێ. هەروەهـا درکـی بـە پێویسـتی بێلایەنکردنـی ئـەو هەڕەشـەیە کـرد، بۆیـە دەبـوو شـتێک بـکات.

ئەمانــە هەمــووی ئــەو پاڵنــەرە ڕوون دەکەنــەوە کــە بۆچــی مسرییــەکان، ڕاسـتەخۆ دوای حوکمەکـەی دادوەری ئـوڕ، بـۆ کوشـتنی مـەروان هەمـوو هۆکارێکـی ئەرێنێـی جیهانیـان کەوتـە دەسـت؟ لەگـەڵ ئـەوەی پاڵنـەرەکان بـە تەنـێ بـەس نەبـوو. ئایـا ئامـاژەی دیکـە هەبـوون کـە مسرییـەکان ڕۆڵیـان لـە مردنیـدا هەبـوو؟

بەڵـێ، بەتایبەتـی شـێوازی کوشـتنەکەی، تورهەڵدانـی لـە بالکـۆن و شـاردنەوەی پێڵاوەکانـی، بۆئـەوە بـوو مـرۆڤ تـا ڕادەیەکـی زۆر ئەگـەری ئـەوە مەزەنـدە بـکات کـە مەسـەلەی خۆکوشـتن یـان ڕووداو بـە دوور نەزانـرێ. دوای مردنـی مـەروان ڕۆژنامەنووسـانی مـسری ژمارەیـەک حاڵەتـی هاوشـێوەیان وروژانـد کـە دووانیـان کتومـت هاوشـێوە بـوون.

یەکەمیان ساڵی ١٩٧٣ لە لەندەن ڕوویدا، کاتێک جەنەڕاڵ لەیث ناسف کوژرا کە عەبدولناسر بۆ فەرماندەیی پاسەوانی کۆمار هەڵیبژاردبوو، هەروەها لە ئایاری ١٩٧١ لەسەر داوای سادات ئەندامە باڵاکانی ئۆپۆزیسیۆنی زیندانی کرد، جەنەڕاڵ بە کەسێکی دەستپاک و ئاکار بەرز ناسراوبوو، لە ١٩٧٢ لە فەرماندەی پاسەوانی کۆمار لابرا، بەر لەوەی سادات بە «ڕاوێژکار» ی بێ بایەخ لە سوپا دایبمەزرێنێ، دوای ساڵێک بە باڵیۆز لە یۆنان دایمەزراند، بەڵام بەر لەوەی بچێتە ئەسینا، بە مەبەستی ئەنجامدانی هەندێ پشکنینی پزیشکی لە لەندەن لایدا. لە نهۆمی یازدەی تاوەری ستیوارت دەژیا کە باڵەخانەیەکی نیشتەجێبوون بوو لە وێستمنیستەر و بە زۆری سەردانیکەرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوویان تێدەکرد. لە ١٥ی ئابی ١٩٧٣ دوای ئەوەی لە باڵکۆنەکەوە کەوتە خوارەوە، لاشەکەی لە بنکەی تاوەرەکە دۆزرایەوە. لە پشکنینی جەستەیەوە شتێک دەرنەچوو کە جێی گومان بێت، بەڵام چەندجارێک هاوژینەکەی گوتی بە دەستی پیاوەکانی سادات کوژراوە کە لە گەرماو دەریانهێناو هەڵیاندایە خوارەوە، لەبەرئەوەی دڵسۆزی نهێنی عەبدولناسر بوو، بە تایبەتی ئەفسەرێکی باڵای هەواڵگری سەربازی مسری تاوانبار کرد کە ئەوکاتە لە هەمان باڵەخانە دەژیا و ئەپارتمانتێکی هەبوو کە ناسف تێیدا دەمایەوە و کلیلی دەرگەی پێشەوەی هەبوو. دواتر ئەوەش زانرا کە ماڵی ناسف لە قاهیرە بە ئامێری چاودێری چاندرابوو و ناسفیش بەوەی دەزانی. وێڕای ناڕوونی ئەو هۆکارەی وایکرد سادات بیەوێ بیکوژی کە لە کاتی «شۆڕشی ڕاستکردنەوەدا» دڵسۆزی سادات بوو، بەڵام ڕای گشتی لە مسر ئاماژەیان بەوەدەدا کە مردنی ناسف ڕووداو نەبووە، بەڵکوو بە فەرمانی حکومەت تیرۆرکراوە [٢٥].

دوای ٢٨ ساڵ، لە ٢١ی حوزەیرانی ٢٠٠١، سوعاد حوسنی ئەکتەری

سینەمایی مسری، دوای کەوتنە خوارەوەی لە نهۆمی حەوتەم، جەستەکەی لە خوارەوەی تاوەری ستیوارت دۆزرایەوە. سوعاد حوسنی لە هەشتا فلیمی مسری دەرکەوتووە و بە «سەندریلای سینەمای مسری» ناودێربوو، بە دەست ئازارێکی درێژەوە گیرۆدەبوو و چارەسەری زێدە کێشی دەکرد، بەڵام کەسەکانی لەم چوار ساڵەی دوایی لێیەوە نزیک بوون کە ژیانی لە لەندەن بەسەر دەبرد، گوتیان هیچ نیشانەیەکی خۆکوشتنی بەسەرەوە دیار نەبوو، هەروەها پزیشکەکەشی لە نزیکەوە دەیناسی شایەدی ئەوەی دا کە ڕۆژێک بەر لە مردنی قسەی لەگەڵ کردووە و زۆر گەشبین بووە و بەڵێنی پێیداوە کە بەو نزیکانە دەیبینێ. هەمدیس دەستەخوشکە نزیکەکەی و یاریدەرە کەسییەکەی گوتی کاتێک چووەتەوە ژوورەوە، سوعاد لە باڵکۆنەکە بوو، ئیدی هیچی دی حوسنیم نەبینی، بەڵام کە چووەتەوە باڵکۆنەکە و سەیری خوارەوەی کردووە، جەستەی حوسنی لە خوارەوە لەسەر زەوی بینیوە، بەڵام دادوەری بەریتانی کە هەوڵی سەلماندنی هۆکاری مردنەکەی دەدا، بەوە ئەنجامەکەی بەوە بڕاندەوە کە یاریدەرەکەی شایەدحاڵیکی باوەڕپێکرا نییە، چونکە هاودژی لە قسەکانیدا هەیە.

مردنی سوعاد حوسنی کە یەکێک لە ئەستێرە سینەماییە ڕێزلێگیراوەکانی جیهانی عەرەبی بوو، شەپۆلێک لە گۆتە گۆتی دروست کرد کە هەبوون پەنجەی تۆمەتیان بۆ هەواڵگری مسری درێژ دەکرد. بە گوێرەی چیرۆکێک کە دواتر جێی قبوڵ بوو، سوعاد حوسنی بە نیازی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی بووە کە تێیدا ئەوەی ئاشکرا دەکرد لە هەشتاکاندا لەگەڵ هەواڵگری مسری کاری کردووە. چیرۆکی کارکردنی وەک سیخوڕ- کە پێشبینی دەکرا کارە ئیغراییەکانی وەک ئەکتەرێکی جوان لە خۆ بگرێ- پشتیوانییەک بوو بۆ جەنەڕاڵ فوئاد نەساری سەرۆکی ئەوکاتەی هەواڵگری مسری کە لە دیدارێکی

لەگـەڵ ڕۆژنامەیەکـی مـسری گوتـی سـوعاد حوسـنی کـوژراوە، بۆیـە مایـەی سەرسـوڕمان نەبـوو، چونکـە کەسـانێکی زۆر لـە جیهانـی عەرەبیـدا پێیانوابـوو بـە دەسـتی بەرپرسـانی مـسری کـوژراوە، لەبەرئـەوەی ترسـیان لـە بڵاوبوونـەوەی بیرەوەرییەکانـی هەبـوو [٢٦]. دیسـان جێـی سەرسـوڕمان نییـە کـە لێکۆڵیارانـی سـکۆتلاند یـارد کـە لێکۆڵینەوەیـان لـە مردنـی مـەروان کـرد- بـە گوێـرەی هەفتەنامـەی ڕۆزیوسـف- بـەو ئەنجامـە گەیشـتن، تیمەکـە خـۆی لـە سـێ کـەس پێکهاتبـوون (دوو پیـاو و ئافرەتێـک) ئەکتـەرە سـینەماییەکە و سـیخوڕی مۆسـادیان کوشـتووە [٢٧]. بـەڵام ڕەنگـە چیرۆکەکـە جیـاواز بێـت، چونکـە هیـچ دووپاتکردنەوەیەکـی لـە سـکۆتلاند یـارد و هیـچ سـەرچاوەیەکی ئـاگادار نەبینـی.

جەنـازە بەرچـاو و وتەکـەی سـەرۆک موبـارەک کـە گوتـی «هەرگیـز گومانـی لـە نیشـتمانپەروەری دکتـۆر ئـەشرەف مـەروان نەبـووە» و مـەروان « هیـچ کاتێـک سـیخوڕی هیـچ ڕێکخراوێـک نەبـووە» [٢٨]، جگـە لـە چەنـد ڕۆژنامەنووسـێک و شرۆڤـەکاری ڕۆژئاوایـی نەبـێ کـە پێیانوابـوو لەوانەیـە لـە دوا مەنزڵگـەدا گریمانـەی سـیخوڕی دووسـەرە دروسـت بێـت، قەناعەتـی بـە کەسـی دیکـە نەکـرد. ئەوانـی دی کـە ئـاگاداری تـەواوی وردەکاری چیرۆکـی ئـەشرەف مـەروان بـوون لـە سـەردەمی شـەڕدا، هـەر بـە گومـان بـوون. چونکـە یەکێکـی وەک جەنـەڕاڵ ئامـۆس جیلبـۆی خانەنشـین سـەرۆکی پێشـووی هۆبـەی توێژینـەوەی هەواڵگـری سـەربازی تـەواوی ئـەو زانیاریانـەی پشـکنیەوە کـە مـەروان پێشکەشـی کردبـوو و بۆچوونـی تایبەتـی خـۆی لەبـارەی ڕەفتـاری فەرمـی مـسر خسـتەڕوو. جیلبـۆ گوتـی وێنـەی ڕێوڕەسـمی جەنـازەی مـەروان کـە بەرپرسـە باڵاکانـی حکومـەت تێیـدا دەرکەوتـن کـە پرسـە و سەرەخۆشـی خۆیـان پێشکەشـی بێوەژنـە خەمبارەکـەی دەکـرد، «فلیمێکـی لەبـارەی مافیـا وەبیرهێناوەتـەوە کـە

مافیاکـە کەسـێک دەکـوژێ، دواتـر بێوەژنەکـەی و منداڵەکـەی لەسـەر گۆڕەکـەی دەگریێـن، پیاوکوژەکـە دێـت و ماچیـان دەکات» [٢٩].

بەهەرحـاڵ وتەکـەی موبـارەک، لـە هـەر شـتێکی دی زیاتـر، بناغـەی ئەو ئـاوازەی دارشـت کـە مـەروان لـە مـسر ببینـدرێ. هەرچەنـدە ڕۆژنامەنـووس و بلۆگـەرەکان بـە پێچەوانـەی هێڵـی فەرمـی لـە قسـەکردن لەسـەر مـەروان بەردەوامبـوون، بـەڵام گشـت گوتەبێـژە فەرمییەکانی ڕۆژنامەنووسـان پەنایان بـۆ دەبـردن بـە مەبەسـتی بەدەسـتهێنانی کۆمێنتـی فەرمـی، دووپاتیـان لەوە دەکـردەوە کـە مـەروان بـە دڵسـۆزی خزمەتـی مـسری کـردووە و پێویسـت بـوو پارێـزگاری لـە نهێنییەکـەی بکـرێ، لەبەرئـەوەی بابەتەکـە گوزارشـتی لـە کەیسـێکی ئاسایشـی هەسـتیار دەکـرد. بەرهەمهێنەرانـی بەرنامـەی ٦٠ خولـەک کـە بە چەنـد هەفتەیـەک حەلقەیەکیـان لەسـەر مـەروان ئامادەکرد بـە مەبەسـتی بەدەسـتهێنانی وەڵامـی ئـەو پرسـیارە لەبـارەی مامەڵەکردنـی لەگـەڵ مۆسـاد، بـەڵام هیـچ نەبـوو. لـە بەرایـی وەڵامدانەوەکـە، بەرپرسـانی مـسری دووبارەیـان لـە دانـە جیاوازە دووبارەبووەکـەی گریمانـەی سـیخوڕی دووسـەرە دەکـردەوە و دەیانگـوت مـەروان فێڵـی لـە ئیسرائیلییـەکان کـردووە، بـەڵام بـە هۆکارگەلێکـی پەیوەسـت بـە نهێنییـەوە ئامادەنەبـوون لەبـەردەم کامیـرا ئـەوە بڵێـن. لـە کۆتاییـدا لەڕێگـەی دکتـۆر عەبدولمونعیـم سـەعید، سـەرۆکی سـەنتەری ئەهـرام بـۆ دیراسـاتی سیاسـی و سـتراتیژی، لەبـەردەم کامیـرا هەڵوێسـتی فەرمـی پێشکەشـکرا کـە گوتـی مـەروان بـۆ لـە خشـتەبردنی ئیسرائیلییـەکان ناوەنـدی هەوڵەکانـی مـسری بـوو، چونکـە بـێ ئـەو سـوپای مـسری نەیدەتوانـی دەرفەتـی بەزاندنـی سـوپای ئیسرائیلـی هەبێـت، بـەڵام هیـچ وردەکارییەکـی باوەڕپێکـەری بـۆ گۆتەکـەی پێشـکەش نەکـرد [٣٠].

کۆمێنتەکانـی سـەعید کـە لـە ئایـاری ٢٠٠٩ پەخـش کـرا، وەک بڵێـێ

لەبــارەی مــەروان بەیاننامــەی فەرمــی مــسر بێــت، لەوکاتــەی موبــارەک ڕایگەیاندبــوو کــە «ســیخوڕی بــۆ هیــچ ئاژانســێک نەکــردووە». لــە هــەر شــتێک زیاتــر، ڕەنگدانــەوەی ئــەو ناڕەحەتییــە توونــدەی لایەنــی ڕژێــم بــوو کــە لــە ژێــر گووشــاردا بــوو، تــا شــتێک لەبــارەی ئــەشرەف مــەروان بڵــێ. پێدەچــێ ئــەو پەیامــەی دەیانویســت بیگەیەنــن، لــە ڕاســتیدا خۆیــان نەیاندەزانــی چ دەکــەن. ئەگــەر بە ڕاســتی زاواکــەی عەبدولناسر ســیخوڕێکی دووســەرە بێــت، واتــە پێویســتە لــە مێــژوودا لــە هەمــوو چیرۆکەکانــی دژە ســیخوڕی زیاتــر جێــی واقوڕمــان بــێ و بــە پلەیەکــی گــەورە باڵادەســتی مــسر بەســەر ئیسرائیــل دەســەلمێنێ. ئــەوەش وامــان لێــدەکات پێمانوابــێ مسرییــەکان دەبــێ وەک شــانازی لــەو چیرۆکــە بــێ پایانــە بڕوانــن.

باشــە، بۆچــی دوای چــل ســاڵ تێپەڕبــوون بەســەر شــەڕ و ســی ســاڵ تێپەڕبــوون بەســەر مردنــی ســادات و نزیکــەی دەیــەک بەســەر مردنــی مــەروان، هیــچ مسرییــەک بــۆ قســەکردن لەبــارەی تــەواوی چیرۆکەکــە ناخــوازێ دەربکــەوێ؟ ئەگــەر مسرییــەکان هێنــدە زیخــن کــە تەنانــەت فیڵیــان لــە مۆســادیش کــردووە، بۆچــی نەبووەتە بەشــێک لە چیرۆکی شــەڕی مــسر لــە کتێــب و فلیمــە دۆکیۆمێنتــارەکان و ئەوانــی دیکــەوە؟ بۆچــی ئــەو چیرۆکــە بــۆ پتەوکردنــی شــانازی نیشــتمانی و پشــتیوانی ڕژێــم بەکارناهێنــن، وەک ئــەوەی لەگــەڵ دەســتکەوتە ســەربازییەکانی شــەڕ کردیــان کــە بــۆ بــە زینــدوو هێشــتنەوەی مۆزەخانەیەکــی تەواویــان لــە قاهیــرە بونیادنــا؟ ئاشــکرایە لــە بەرژەوەنــدی خۆیاندایــە هەمــوو وردەکارییەکــی پەیوەســت بــەو چیرۆکــە پێشــکەش بکــەن، ئــەرێ وانییــە؟

لــە ڕاســتیدا، مسرییــەکان ڕەتیــان دەکــردەوە ڕاڤەیەکــی پــڕ بــە وردەکاری باوەڕپێکــەر لەبــارەی چیرۆکــی ســیخوڕی دووســەرە پێشــکەش بکــەن، لەبەرئــەوەی نەیاندەتوانــی. تاکــە بەڵگــەی کــە هەیانبــوو بــۆ پشــتیوانیکردنی

گۆتەکەیان، شکستی ئامادەسازی لەباری ئیسرائیل بوو بۆ هێرشەکەی ٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ی مسر بوو.

زیاتر لە چل ساڵ بەسەر بڵاوبوونەوەی لێکۆڵینەوە فەرمییەکەی ئیسرائیل و ئاشکرابوونەکانی «لێژنەی ئەگرانات»لەبارەی شکستە زاڵەکانی ئیسرائیل لە شەڕی یۆم کیپوور تێپەڕیوە کە تێیدا جیهان زانی شکستەکانی ئیسرائیل لە ڕۆژانی یەکەمی شەڕ هیچ پەیوەندییەکی بە زرینگی مسر نەبوو، بەڵکوو پەیوەندی بە ڕەتکردنەوەی ئیسرائیل هەبوو بۆ وازهێنان لە مەزەندەکەی بەسەرچووەکە kontzeptzi. لە ئێستادا، گریمانەی سیخوڕی دووسەرەی مسری پەیوەست بە ئەشرەف مەروان هیچ بنەمایەکی نییە، هەرواش دەمێنێتەوە تا کەسێک بەڵگەی حاشاهەڵنەگر پێشکەش نەکات. بۆ نموونە کەی لە کوێ مەروان چاوی بە سەرپەرشتکارەکەی کەوت و لە کۆبوونەوەکەدا چیان گوتووە. ئەگەر بە ڕاستی بۆ مسر کاری کردووە، ئەوە دەبێ تۆمارێک لە شوێنێک هەبێت، تا شێوازی مامەڵەکردن لە گەڵ سەرپەرشتکارەکەی و فریودانی سەرۆکی مۆساد بسەلمێنێ. لەبەرئەوەی لایەنی مسری ناتوانێ یەک تاکە بەڵگە پێشکەش بکات، لەبەرئەوەی بەیاننامەکانی دەریدەکەن لە پەرچەکرداری بڵاوکراوە و وتارەکانی ئیسرائیل زیاتر نییە کە لە سەرچاوەکانی ئیسرائیل دەردەچن، هیچ چارە نییە بەو ئەنجامە بگەین کە ئەوان تا ئێستا، وێڕای هەموو دووپاتکردنەوەکانیان هیچ بیرۆکەیەکیان لەسەر ئەوە نییە کە ئەشرەف مەروان پێش شەڕ و لەکاتی شەڕدا چی دەکرد.

لەبەرئەوەی بارودۆخەکە بەوشێوەیە، لەو ئەنجامە زیاتر هیچ چارەی دیکە نییە کە ئەشرەف مەروان هەرگیز سیخوڕێکی دووسەرە نەبووە، بەڵکوو یەکێک لە گرنگترین سیخوڕەکانە کە جیهان لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو ناسیویەتی.

# سەرچاوە و پەراوێزەکان

* * * * * * * * * * * * * * *

## پاژی یەکەم: قاهیرە، ١٩٤٤-١٩٧٠

1. Muhammad Tharwat, Ashraf Marwan: Fact and Illusion (Cairo: Madbuli, 2008), pp. 19–20; unknown author, "Al-Souhagh: Birthplace of Ashraf Marwan," from the website of Mallawi in the Al-Manya Province.

2. Tharwat, Ashraf Marwan: Fact and Illusion, pp. 19–20.

3. Anne Alexander, Nasser (London: Haus Publishing, 2005), p. 104; Anthony Nutting, Nasser (NewYork: E. P. Dutton, 1972), p. 306.

4. Tahia Gamal Abdel Nasser, Nasser: My Husband (Cairo and New York: American University in Cairo Press, 2013), p. 94.

5. Opportunist, "The Bright Side of the Moon," Egyptian Chronicles, June 28, 2007,

http://egyptianchronicles.blogspot.com/2007/06/opportunist-well-bright-dark-side-of.html.

6. Tahia Gamal Abdel Nasser, Nasser: My Husband, p. 94.

7. Amru al-Laithi interview with Mona Abdel Nasser, Ahathraq Egyptian Television, March 10, 2009.

8. Mohamed Fawzi, Secrets of the Assassination of Ashraf Marwan (Beirut: Al-Watan Lel Nasher,

2007), p. 18.

9. Kemal Halef al-Tawil, "Ashraf Marwan: The Dilemma Child," Al-Akhbar al-Lobnaniya, February 7,

2007.

10. Mohamed Jam'a, I Knew Sadat: Half a Century of Secrets About Sadat and the [Muslim]

Brotherhood (Cairo: Al-Maktab al-Masry al-Hadeth, 1999), p. 182.

11. Tahia Gamal Abdel Nasser, Nasser: My Husband, p. 93.

12. Amru al-Laithi interview with Mona Abdel Nasser.

13. Nadav Zeevi, Life of an Agent (unpublished manuscript in Hebrew). The contradiction between the way Mona's parents accepted Ashraf Marwan and Hoda's husband is evident in Tahia Nasser's memoirs. She described in detail Hoda's engagement process and marriage (Tahia Gamal Abdel Nasser, Nasser: My Husband, pp. 92–93) and summarized in only six lines Mona's marriage to Ashraf (ibid., p. 94).

14. Al-Tawil, "Ashraf Marwan: The Dilemma Child."

15. Tharwat, Ashraf Marwan: Fact and Illusion, pp. 20–21.

16. Assam Abdel Fatah, The Agent Babel: The Man Who Shocked the Command of the Mossad (Cairo:

Dar el-Katab el-Arabi, 2008), p. 26; Amru el-Laithi interview with Mona Abdel Nasser.

17. Mohammad Zara, "Reliving a Piece of History," Egypt Daily News, September 22, 2006.

18. Selim Nassib, Umm (Tel Aviv: Asia, 1999), p. 159.

19. Amru al-Laithi interview with Mona Abdel Nasser.

20. Mohamed Salmawy, Al-Ahram Weekly, July 5–11, 2007.

21. Said K. Aburish, Nasser: The Last Arab (New York: Thomas Dunn, 2004), p. 234.

22. Tharwat, Ashraf Marwan: Fact and Illusion, pp. 20–23.

23. Opportunist, "The Bright Side of the Moon," Egyptian Chronicles (see n. 5 above).

24. Al-Tawil, "Ashraf Marwan: The Dilemma Child."

25. Nutting, Nasser, p. 306.

26. Gamal Nkrumah, "Sami Sharaf: Shadows of the Revolution," Al-Ahram Weekly Online, August 9–

15, 2001, http://weekly.ahram.org.eg/2001/546/profile.htm; Nutting, Nasser, pp. 306–8.

27. Assam Abdel Fatah, Who Killed Ashraf Marwan?: The File of Agent Babel (Cairo: El-Eiman, 2007),

p. 14; Musa Sabri, Sadat: The Truth and the Legend (Cairo: Al-Maktab al-Masry al-Hadeth, 1985), p.

651.

28. Abdel Majid Farid interview with the Egyptian television program Ahatraq, broadcast November– December 2008.

29. Fatah, Agent Babel, pp. 15–18.

30. Panayiotis J. Vatikiotis, The Modern History of Egypt (New York: Praeger, 1969), p. 432.

31. Souad al-Sabah, Falcon of the Gulf: Abdullah Mubarak al-Sabah (Kuwait: Kadhma, 995), pp. 259–68.

32. Ibid., pp. 263–64.

33. Al-Tawil, "Ashraf Marwan."

34. Zeevi, Life of an Agent.

35. Saad el-Shazly, The Crossing of the Suez: Revised Edition (San Francisco: American Mideast Research, 2003), pp. 184–85.

36. Scott Shane, "A Spy's Motivation: For Love of Another Country," New York Times, April 20, 2008; Yuri Modin, My Five

Cambridge Friends: Burgess, Maclean, Philby, Blunt, and Cairncross (NewYork: Farrar, Straus, and Giroux, 1994); Victor Cherkashin and Gregory Feiger, Spy Handler: Memoirs of a KGB Officer: The True Story of the Man Who Recruited Robert Hanssen and Aldrich Ames (New York: Basic Books, 2005); David Wise, Nightmover: How Aldrich Ames Sold the CIA to the KGB for $4.6 Million (New York: HarperCollins, 1995); Jerrold L. Schecter and Peter S. Deriabin, The Spy Who Saved the World: How a Soviet Colonel Changed the Course of the Cold War(New York: Charles Scribner's Sons, 1992); Dusko Doder, "Of Moles and Men," Nation, February,18 2002, pp. 25–32.

* * * * * * * * * * * * * * *

## پاژی دووەم: لەندەن، ١٩٧٠

1. Unless noted otherwise, this chapter is based on interviews with Zvi Zamir, Meir Meir, Nahik Navot,Freddy Eini, Amos Gilboa, and other sources who requested anonymity, as well as: Zvi Zamir and Efrat Mass, With Open Eyes (Or Yehuda: Zmora-Bitan, 2011), pp. 129–64.

2. Tom Mangold, Cold Warrior: James Jesus Angleton: The CIA's Master Spy Hunter (New York: Touchstone Books, 1992), pp. 183–226.

3. Meron Medzini, Golda: A Political Biography (Tel Aviv: Yedi-

oth Ahronot, 2008), p. 511.

4. Thomas Harris, Garbo: The Spy Who Saved D-Day (Richmond, VA: Public Record Office, 2000); Stephan Talty, Agent Garbo: The Brilliant, Eccentric Secret Agent Who Tricked Hitler and Saved DDay (Boston: Houghton Mifflin Harcourt, 2012).

5. John le Carré, The Secret Pilgrim (New York: Alfred A. Knopf, 1990), p. 9.

* * * * * * * * * * * * * * * 

## پاژی سێیەم: نیسانی ١٩٧١

This chapter is based on interviews with Zvi Zamir, Meir Meir, Nahik Navot, Freddy Eini, Amos Gilboa, and other sources who requested anonymity.

* * * * * * * * * * * * * * * 

## پاژی چوارەم: ئایاری ١٩٧١

1. Anwar el-Sadat, In Search of Identity: An Autobiography (New York: HarperCollins, 1978), p. 139.

2. Said K. Aburish, Nasser: The Last Arab, pp. 242, 286; Tahia Gamal Abdel Nasser, Nasser: My Husband, pp. 103–17.

3. Arieh Shalev, “Intelligence Estimates in Advance of the War,” in National Trauma: The Yom Kippur War After Thirty Years and Another War, ed. Moshe Shemesh and Ze’ev Drori (Sdeh

Boker: Ben- Gurion University Press, 2008), pp. 125–83, 106; Arieh Shalev, Failure and Success in the Warning: Intelligence Assessments on the Eve of the Yom Kippur War (Tel Aviv: Maarachot, 2006), p. 167.

4. Sources for this exchange: Shimon Shamir, Egypt Under Sadat's Leadership: The Search for a New Orientation (Tel Aviv: Dvir, 1978); Vatikiotis, Modern History of Egypt, n. 28 of ch. 1; Sadat, In Search of Identity; Jehan Sadat, A Woman of Egypt (New York: Simon & Schuster, 2002); interview with Prof. Shimon Shamir at Tel Aviv University, December 31, 2009; Nutting, Nasser; Kirk J. Beattie, Egypt During the Sadat Years (New York: Palgrave Macmillan, 1980); "The Underrated Heir," Time, May 17, 1971; "A Preemptive Purge in Cairo," Time, May 24, 1971.

5. Sadat, In Search of Identity, p. 170.

6. Beattie, Egypt During the Sadat Years, p. 291.

7. Fatah, Who Killed Ashraf Marwan?, p. 21. Fatah's source is Salah al-Shahed, a senior officer in the President's Office who had gone to school with Sadat; Tharwat, Ashraf Marwan: Fact and Illusion, n. 1 in ch. 1, p. 184. Tharwat relies, among others, on: Mahmud Jamaa, I Knew Sadat: Fifty Years of Secrets About Sadat and the Muslim Brotherhood (Cairo: al Maktab al Misri, 1999).

8. Fatah, Who Killed Ashraf Marwan?, n. 14 of ch. 1, p. 21.

9. Owen L. Sirrs, A History of the Egyptian Intelligence Service: A History of the ukhabarat, 1910–2009 (New York: Routledge, 2010), p. 120.

10. Joseph J. Trento, Prelude to Terror: The Rogue CIA and the Legacy of America's Private Intelligence Network (New York: Carroll & Graf, 2005), pp. 261–62.

11. Fatah, Who Killed Ashraf Marwan?, n. 14 of ch. 1, p. 23.

12. Tharwat, Ashraf Marwan: Fact and Illusion, n. 1 of ch. 1, p. 184.

13. Zamir and Mass, With Open Eyes, p. 135.

14. "Sadat in the Saddle," Time, May 31, 1971.

15. Tharwat, Ashraf Marwan: Fact and Illusion, n. 8 of ch. 1.

* * * * * * * * * * * * * * *

## پاژی پێنجەم: خەونی هەر ئاژانسێکی هەواڵگری سەر ڕووی زەوی

1. Interview with Meir Meir.

2. This affair served as the basis for Michael Frayn's play Democracy, which premiered at Britain's Royal National Theatre in September 2003.

3. Interview with Yonah Bandman.

4. Interview with Meir Meir.

5. Interviews with Meir Meir, Yonah Bandman, and Yaakov Rosenfeld, who in 1971 served as an MI expert on the Egyptian army.

6. Gad Yaacobi, By a Hair's Breadth: How an Agreement Between Israel and Egypt Was Missed, and the Yom Kippur War Was Not Prevented (Tel Aviv: Edanim, 1989), p. 157.

7. Interview with Yaakov Rosenfeld.

8. Yaacobi, By a Hair's Breadth, p. 157.

9. Interviews with Freddy Eini and Zvi Zamir.

10. Shalev, Failure and Success in the Warning, n. 3 of ch. 4, p. 63.

11. Yitzhak Rabin, Record of Service (Tel Aviv: Maariv, 1978), pp. 345–46.

12. Military Intelligence document from June 1971; Shalev, Failure and Success in the Warning, n. 3 of ch. 4, p. 63.

13. It should be said, however, that the roots of the Concept could be found as early as 1968, two years before Marwan offered his services. In a meeting of the IDF General Staff about the possibility of war with Egypt that fall, the chiefs of the Israeli Air Force expressed their opinion that any Egyptian effort to cross the Suez Canal without first neutralizing Israel's air superiority would necessarily fail.The IDF chief of operations, Maj.

Gen. Ezer Weizman, who had been the commander of the IAF, said of such an Egyptian move, "If only they would make such a mistake." Uri Bar-Joseph, The Watchman Fell Asleep: The Surprise of Yom Kippur and Its Sources (Albany: SUNY Press, 2005), p.45.

14. Shazly, Crossing the Suez, p. 128.

15. See: Ibid., p. 18; Sadat, In Search of Identity, p.178; Mohamed Abdel Ghani el-Gamasy, The October War: Memoirs of Field Marshall El-Gamasy of Egypt (Cairo: American university of Cairo Press,1993 ), p. 205; Mohamed Heikal, Autumn of Fury: The Assassination of Sadat (New York: Random House, 1983), p. 50.

16. Sadat, In Search of Identity, p. 244.

17. Bar-Joseph, The Watchman Fell Asleep, pp. 84–85.

18. Shalev, Failure and Success in the Warning, n. 3 of ch. 4, p. 81, where he quotes from an MI document from May 1969.

19. "Intelligence Summary from Operation Dovecote," December 17, 1972; Shalev, Failure and Success in the Warning, n. 3 of ch. 4, pp. 80–81; Eli Zeira, Myth Versus Reality: Yom Kippur War—Failures and Lessons (Tel Aviv: Yedioth Ahronot, 2004), pp. 89–90. The first edition of Zeira's book came out in 1993.

20. Zvi Zamir interviewed on the Israeli television program Fact (Uvda), Channel 2, "The Last Spy," December 27, 2007.

21. Interview with Zvi Zamir, July 8, 2008.

22. Conversation with Amos Gilboa.

23. Shalev, Failure and Success in the Warning, n. 3 of ch. 4, p. 186.

24. Interview with Aharon Levran.

25. Moshe Dayan interview with Rami Tal, in Ronen Bergman and Gil Meltser, The Yom Kippur War: Real Time (Tel Aviv: Yedioth Ahronot, 2003), p. 180.

26. Interview with Yonah Bandman.

27. Zeira, Myth Versus Reality, pp. 155–56.

28. Ibid., pp. 151–63.

29. "Supplement of Supplements," Israel Television Channel 1, interviewed by Dan Margalit, September2004 ,24–23 .

30. Interview with Arieh Shalev.

31. Interview with Aharon Levran.

32. Bergman and Meltser, The Yom Kippur War, p. 175.

33. Zamir and Mass, With Open Eyes, p. 133.

34. Ibid., pp. 132–35.

35. Interviews with Zvi Zamir and Freddy Eini.

## پاژی شەشەم: نێردەی سادات بۆ کاروباری تایبەت

1. Nadav Safran, Saudi Arabia: Ceaseless Quest for Security (Ithaca, NY: Cornell University Press, 1988), p. 145; Robert Dreyfuss, Devil's Game: How the

United States Helped Unleash Fundamentalist Islam (New York: Henry Holt, 2006), p. 151; Gerald Posner, Secrets of the Kingdom (New York: Random House, 2005), pp. 80–82; Said K. Aburish, The Rise, Corruption, and Coming Fall of the House of Saud (London: Bloomsbury, 2005), p. 301; Bob Woodward, Veil: The Secret Wars of the CIA, 1981–1987 (New York: Simon & Schuster, 2005), p. 347; Mohamed Heikal, The Sphinx and the Commissar: The Rise and Fall of Soviet Influence in the Middle East (NewYork: Harper & Row, 1978), p. 226.

2. Mohamed Hassanein Heikal interview with Al Jazeera Television, December 17, 2009.

3. Fawzi, Secrets of the Assassination of Ashraf Marwan, p. 31. Other sources about the deal include:Jamaa, I Knew Sadat, pp. 216–18; Sabri, Sadat: The Truth and the Legend, p. 653; Tharwat, Ashraf Marwan: Fact and Illusion, pp. 27–36.

4. Jeffrey Robinson, The Risk Takers (New York: HarperCollins, 1985), p. 122.

5. Avi Shlaim, Lion of Jordan: The Life of King Hussein in War

and Peace (New York: Alfred .

Knopf, 2008), pp. 346–47.

6. Gideon Gera, Gaddafi's Way in Libya (Tel Aviv: Hakibutz Hameuhad, 1983), pp. 118–19.

7. John K. Cooley, Libyan Sandstorm (New York: Holt, Reinhart and Winston, 1982), pp. 6–7, 68.

8. Mohamed Hamad, "Egypt-Libya Relations from Revolution to War: Recollections of Salah al-Din alSaadani, Egypt's First Ambassador to Libya After the Revolution," part 13, Al-Rei al-A'am (Kuwait), October 15, 1997, p. 12.

9. Sabri, Sadat: The Truth and the Legend, pp. 652–53.

10. Tharwat, Ashraf Marwan: Fact and Illusion, p. 34.

11. Ibid.; Sabri, Sadat: The Truth and the Legend, pp. 652–53.

12. "For 100,000 dollars a month . . . the 'prophetic,' one of the great weapons dealers of Egypt," AlShaab, December 2, 2009.

13. Sabri, Sadat: The Truth and the Legend, p. 652.

14. Fawzi, Secrets of the Assassination of Ashraf Marwan, p. 29.

15. Jamaa, I Knew Sadat, pp. 217–18; Sabri, Sadat: The Truth and the Legend, p. 652; Fatah, Who Killed Ashraf Marwan?, p. 26.

16. Fatah, Who Killed Ashraf Marwan?, p. 31.

17. Jamaa, I Knew Sadat, pp. 184–85; Tharwat, Ashraf Marwan:

Fact and Illusion, pp. 27–6 .

18. Jamaa, I Knew Sadat, pp. 184–85; Tharwat, Ashraf Marwan: Fact and Illusion, pp. 35–36.

19. Jeffrey Robinson, Yamani: The Inside Story (London: Simon & Schuster, 1988), pp. 85–86.

20. Shazly, Crossing the Suez, pp. 148–49.

21. Conversation with Howard Blum, September 1, 2010.

22. Ronen Bergman, "The 'Khotel' Code," Yediot Ahronot (7 Days Supplement), September 7, 2007, pp.29–30.

* * * * * * * * * * * * * * *

## پاژی حەفتەم: مسر خۆی بۆ جەنگ ئامادە دەکات

1. Eyal Zisser, "Syria and the October War: The Missed Opportunity," in The October 1973 War: Politics, Diplomacy, Legacy, ed. Asaf Siniver (London: Hurst, 2013), pp. 67–83.

2. Uri Bar-Joseph and Amr Yossef, "The Hidden Factors That Turned the Tide: Strategic DecisionMaking and Operational Intelligence in the 1973 War," Journal of Strategic Studies 37, no. 4, pp.608–584 .

3. Arieh Braun, Moshe Dayan in the Yom Kippur War (Tel Aviv: Edanim, 1992), p. 17.

4. Ibid., p. 18.

5. Ibid., pp. 17–18.

6. Rabin, Record of Service, p. 380.

7. Braun, Moshe Dayan in the Yom Kippur War, p. 18.

8. Ibid., p. 19.

9. Interview with Avner Shalev, Tel Aviv, August 29, 1998. In 1973 Shalev served as the Chief of Staff's aide-de-camp.

10. Branch 6, Intelligence Survey 15/73, January 24, 1973.

11. Lon Norden and David Nicole, Phoenix Over the Nile: A History of Egyptian Air Power, 1932–1994 (Washington, DC,: Smithsonian Institute Press, 1996), pp. 269–70.

12. Arieh Shalev, "Intelligence Assessment Before the War," in National Trauma: The Yom Kippur War After Thirty Years and Another War, ed. Moshe Shemesh and Zeev Drori (Sdeh Boker: Ben-Gurion University, 2008), p. 117.

13. Commission of Inquiry—The Yom Kippur War, Additional Partial Report: Justifications and Additions to the Partial Report of 9 Nissan 5734 (January 4, 1974), vol. 1, Jerusalem (1974), p. 93 (hereafter: Agranat Commission, Third and Final Report).

14. Shalev, "Intelligence Assessment," pp. 118–19.

15. Interview with Yonah Bandman.

16. For a detailed description of this discussion, see: Bar-Joseph, The Watchman Fell Asleep, 2005, pp.70–69 .

17. Ibid., pp. 71–73.

18. Shmuel Gordon, Thirty Hours in October, Fateful Decisions: The Air Force at the Start of the Yom

Kippur War (Tel Aviv: Maariv, 2008), p. 193.

* * * * * * * * * * * * * * * *

## پاژی هەشتەم: ئامادەکارییە دوماهییەکان و ناوبڕێک لە ڕۆما

1. Braun, Moshe Dayan in the Yom Kippur

War, p. 28.

2. Time, July 30, 1973, p. 13.

3. Robinson, Yamani, pp. 84–86.

4. Hanoch Bartov, Dado: 48 Years and Another 20 Days (Or Yehuda: Dvir, 2002), pp. 237–39.

5. John K. Cooley, Libyan Sandstorm (New York: Holt, Reinhart, and Winston, 1982), pp. 106–09.

6. Aaron J. Klein, The Master of Operations: The Story of Mike Harari (Jerusalem: Keter, 2014), pp.20–16 ; Zamir and Mass, With Open Eyes, pp. 142–46; Mohamad Hamad, El-Rai el-A'am (Kuwait), October 15, 1997, p. 12; interview with Zvi Zamir, September 1, 2009; Oded Granot, "How Gaddafi and

Sadat Conspired to Shoot Down an El Al Plane," Maariv Sabbath Supplement, December 2,1994 ; Nadav Zeevi, "The Betrayed: Senior Mossad and MI Officials Talk for the First Time About the Handling and Abandonment of Ashraf Marwan, Israel's Number One Agent," Maariv, December2007 ,28 ; Ilana Dayan, "The Last Spy: The Life and Death of Dr. Ashraf Marwan," Fact (Uvda), Israel Television Channel 2, December 27, 2007; Maariv, September 6, 1973.

7. See, for example, Shalev, Failure and Success in the Warning, p. 133.

8. Agranat Commission, Third and Final Report, vol. 1.

* * * * * * * * * * * * * * * *

## پاژی نۆیەم: واژووکردنێك لە عانی خۆرئاوابوونی ڕۆژی شەممەدا

1. Mohamed Heikal, Mubarak and His Time . . . From the Podium to the Square (Cairo: Dar al-Shorouq, 2013), p. 257.

2. In a personal interview conducted with Zamir on August 19, 1998, Zamir rejected the commission's report that he had used the word "imminent." That, he claimed, is a word he never uses.

3. Transcripts of telephone conversations among Freddy Eini, Zvi Zamir, and Eli Zeira, in The

Commission of Inquiry—Yom Kippur War: Additional Interim

Report: Reasoning and Addenda for the Interim Report of April 1, 1974, vol. 1, Appendix A, "Actions of the Mossad in Early October," pp. 51–52.

4. Braun, Moshe Dayan in the Yom Kippur War, pp. 58–59, 61.

5. Shazly, Crossing the Suez, p. 213; El-Gamasy, The October War, p. 197.

6. "Mohammad Nusseir to the TV Show 'Ahatraq': Ashraf Marwan Didn't Know When the October War Would Begin, and His Relations with Arab Intelligence Were Strong," Al-Mizri Al-Yum, November 7, 2008, quotes from television interview given November 6, 2008. "So He Was in London on the 5th of October 1973!!" Egyptian Chronicles, October 23, 2008, http://egyptian chronicles.blogspot.com/2008/10/so-he-was-in-london-on-5th-of-october.html.

7. Mohamed Heikal, The Road to Ramadan (New York: Quadrangle/New York Times Books, 1975), pp. 15–16.

8. Howard Blum, The Eve of Destruction: The Untold Story of the Yom Kippur War (New York: HarperCollins, 2003), p. 120.

9. Yigal Kipnis, 1973: The Road to War (Charlottesville, VA.: Just World Books, 2013), pp. 46-47.

10. Bar-Joseph, The Watchman Fell Asleep, pp. 116–17, 148–49, 248–50. True, Zeira tried to claim on a number of occasions that he gave the order to deploy the special equipment forty

hours before the war was launched (that is, Thursday night at 10:00 p.m. Israel time). However, Col. Yossi Langotsky, who at the time commanded the unit responsible for deploying them, stated that forty hours before the start of war, Zeira approved conducting a check of the equipment's readiness ("tool check") and insisted that they be turned off again on Friday at 6:00 a.m. The commander of the 848th Intelligence Unit, Col. Yoel Ben-Porat, told him personally that the equipment had been shut down at that time. Langotsky, who also checked with the soldiers who were physically involved (that is, who actually pushed the button), said that they were deployed operationally only "on the morning of Yom Kippur, a couple of hours before the war." Yossi Langotsky, "The Truth About the 'Special Means,'" Haaretz, December 20, 2005; personal correspondence with Yossi Langotsky.

11. Account of the events of Friday, October 6, according to Bar-Joseph, The Watchman Fell Asleep, pp.86–141 .

12. Zamir and Mass, With Open Eyes, p. 150.

* * * * * * * * * * * * * * * *

## پاژی دەیەم: هێلانە کۆتر

1. Personal interviews with Freddy Eini, Arieh Shalev, Avner Shalev, and Zvi Zamir.

2. Quoted from the transcript of the conversation, as it was recorded by Maj. Gen. Shlomo Gazit, coordinator of the territories, who was present at the meeting. Haaretz Weekend Supplement, January1999 ,1 .

3. Bar-Joseph,The Watchman Fell Asleep, p. 199.

4. Prime Minister's Office, National Archive, Summary of Consultations with the Prime Minister, October 6, 1973, 8:05 (recorded by Eli Mizrahi), http//:www.archives.gov.il/NR/rdonlyres66/FC5A72-27F7-41A6-99697 -ED71A097F57/0/yk6_10_0805.pdf.

5. For example: Prime Minister's Office, National Archive, Meeting with the Prime Minister, October 7,1450 ,1973 hours (recorded by Eli Mizrahi), http://www.archives.gov.il/NR/rdonlyres/0FC0ABE9-

C023-466D-9B65-2502586EE0AF/0/yk7_10_1450.pdf.

6. Elchanan Oren, The History of the Yom Kippur War (Tel Aviv: IDF-History Department, 2013), pp.13–112 ; Maj. Gen. (ret.) Amnon Reshef, We Will Never Cease! Brigade 14 in the War of Yom Kippur (Ot Yehuda: Dvir, 2013), pp. 94–95.

7. Motti Ashkenazi with Baruch Nevo and Nurit Ashkenazi, Tonight at Six There Will Be War (Tel Aviv: Hakibutz Hameuhad, 2003), pp. 61–67.

8. Braun, Moshe Dayan in the Yom Kippur War, p. 82.

9. Telephone conversation with Eitan Karmi, August 27, 2010. "In the Middle of Yom Kippur, the IDF Spokesman Announced: 'At approximately 2:00 p.m., the forces of Egypt and Syria launched an attack in Sinai and the Golan Heights. Our forces are working to fight the attackers,'" IAF website, http://iaf.org.il/843-13277-he/IAF.aspx.

10. Shimon Golan, Decision-Making of the Israeli High Command in the Yom Kippur War (Ben Shemen: Modan and IDF History Department, 2013), pp. 318–19, 328–29, 341–42, 369–70; Amiram Ezov, "'Ministerial Recommendation': The Southern Command During the Yom Kippur War—October 7,1973 —Thwarted the Counter-Attack," in War Today: Studies of the Yom Kippur War, ed. Hagai Golan and Shaul Shai (Tel Aviv: Maarachot, 2003), pp. 204–58, 208.

11. Ibid., p. 227.

12. Prime Minister's Office, National Archive, Meeting with the Prime Minister, October 7, 1973, 2350 Hours (recorded by Eli Mizrahi), http://www.archives.gov.il/NR/rdonlyres/FD8B4764-23C7-4D0B8466-EA5FDB1C507B/0/yk7_10_2350.pdf; Prime Minister's Office, National Archive, Meeting with the Prime Minister, October 8, 1973, 1950 Hours. Report of M-G Bar-Lev and Minister Alon After Surveying the Front (recorded by Eli Mizrahi), http://www.archives.gov.il/NR/rdonlyres/A6A68F84-

86A8-488D-8A3C-216644051639/0/yk8_10_1950.pdf.

13. Personal interview with Zvi Zamir, August 13, 1998.

* * * * * * * * * * * * * * *

## پاژی یازدەم: سەرکەوتن و کەوتنی ئەشرەف مەروان

1. “Sekretarijat za informacije,” Yugoslav Survey, vol.1976 ,17 , p. 68.

2. Interview with Zvi Zamir, July 8, 2008; telephone conversation with Freddy Eini, October 1, 2010; Shimon Golan, “The Yom Kippur War: The Debate About Crossing the Canal on October 12, 1973,” in State Army Relations in Israel, 1948–1974, ed. Yehudit Ronen and Avraham Zohar (Tel Aviv: Golda Meir Memorial Association and the Israeli Society for Military History, 2004), pp. 128–45; Uri Bar-Joseph, “When the Gates Were Locked: MI in the Yom Kippur War,” in Mlechet Machshevet: 60 Years of Israeli Intelligence—A View from Within, ed. Amos Gilboa and Efraim Lapid (Tel Aviv: Yedioth Ahronot, 2008), pp. 70–77; Zeira, Myth Versus Reality, p. 162.

3. Hagai Tzoref, “The Director of the Mossad, Zvi Zamir, and Israel’s Leadership During the War of Yom Kippur.” An unpublished paper. Dr. Tzoref is a senior archivist in Israel’s National Archives, in charge of the archive’s collection of documents during Golda Meir’s tenure as prime minister (1969–1974).

4. Victor Israelyan, Inside the Kremlin During the Yom Kippur War (University Park: Pennsylvania State University Press, 1995), 103–14.

5. Tzoref, "The Director of the Mossad."

6. Maariv, November 9, 1973; Maariv, December 4, 1973; Bahgat Korany and Ali E. Hillal Dessouki, The Foreign Policies of Arab States: The Challenge of Globalization (Cairo: American University of Cairo Press, 2008), p. 184.

7. Maariv, December 19, 1973.

8. Henry Kissinger, Years of Upheaval (Boston: Little, Brown, 1982), p. 1061.

9. Maariv, May 7, 1974.

10. Kissinger, Years of Upheaval, p. 844.

11. Le Carré, The Secret Pilgrim, p. 193.

12. Fawzi, Secrets of the Assassination of Ashraf Marwan, p. 17; Maariv, August 23, 1974.

13. Gerard Chaliand, ed., People Without a Country: Kurds and Kurdistan (London: Zed Books, 1984), p. 170; Asadollah Alam, The Shah and I: The Confidential Diary of Iran's Royal Court, 1969–1977 (London: I.B. Tauris, 1991), p. 185.

14. "Memorandum of conversation between: Mr. Ismail Fahmy, Minister of Foreign Affairs of the Arab Republic of Egypt, Dr.

Ashraf Marwan, Presidential Secretary for Foreign Contacts, and Dr. Henry Kissinger, Secretary of State and Assistant to the President for National Security Affairs, and Mr. Peter W. Rodman, NSC Staff, August 13, 1974, Madison Room, 8th Floor, Department of State," National Security Archives, Washington, D.C., pp. 10–11.

15. "After the Jehan Sadat Interview: Shocking Secrets Revealed by Her Husband's Friend," Al-Arabiya Network, March 4, 2007.

16. Christopher Andrew and Vasili Mitrokhin, The World Was Going Our Way: The KGB and the Battle for the Third World (New York: Basic Books, 2005), pp. 161, 167.

17. John Cooley, Unholy Wars (London: Pluto Press, 2002), p. 17; "Saudi Ambassador to the United States Prince Turki Al-Faisal Interview with the Saudi-US Relations Information Service (SUSRIS)," March 2, 2006, http://www.saudiembassy.net/archive/2006/transcript/Page19.aspx.

18. Joseph J. Trento, Prelude to Terror: The Rogue CIA and the Legacy of America's Private Intelligence Network and the Compromising of American Intelligence (New York: Carroll & Graf, 2005), p. 5; Peter Dale Scott, The Road to 9/11: Wealth, Empire, and the Future of America (Berkeley: University of California Press, 2007), p. 111.

19. Heikal, Mubarak and His Time, p. 248.

20. Tharwat, Ashraf Marwan: Fact and Illusion, pp. 38–40.

21. J. C. Louis and Harvey Z. Yazikian, The Cola Wars: The Story of the Global Battle Between the Coca-Cola Company and PepsiCo, Inc. (New York: Everest House, 1980), pp. 177–178.

22. Jamaa, I Knew Sadat:, p. 181.

23. Sabri, Sadat: The Truth and the Legend, p. 653.

24. Jamaa, I Knew Sadat, pp. 216–18.

25. Maariv, October 15, 1975.

26. Al-Ahram, March 22, 1976.

27. Sabri, Sadat: The Truth and the Legend, p. 655; Fawzi, Secrets of the Assassination of Ashraf Marwan, p. 32.

28. "The Arabs Diversify into the Arms Business," BusinessWeek, October 31, 1977, pp. 31–32; Thomas Lippman, "The Arab Organization for Industry Signs Secret Agreements with France and Britain for Joint Production of Modern Weaponry," Maariv, September 11, 1978.

29. Sabri, Sadat: The Truth and the Legend, pp. 654–55; Fatah, Who Killed Ashraf Marwan?, pp. 33–34.

30. Fawzi, Secrets of the Assassination of Ashraf Marwan, p. 29; Sabri, Sadat: The Truth and the Legend, p. 656.

31. Sabri, Sadat: The Truth and the Legend, pp. 656–57.

32. Ibid., pp. 657–59; Tharwat, Ashraf Marwan: Fact and Illusion, pp. 36–38.

33. Al-Akhbar, October 12, 1978.

34. Sabri, Sadat: The Truth and the Legend, pp. 656–57; Fatah, Who Killed Ashraf Marwan?, p. 43.

35. Fatah, Who Killed Ashraf Marwan? p. 44.

36. Maariv, October 17, 1978.

37. "Statement from Ashraf Marwan, Responding to Claims in the Book by (The Engineer) Osman Ahmed Osman," Al-Akhbar al-Youm and Al-Ahram, April 16, 1981; Sabri, Sadat: The Truth and the Legend, p. 665.38 . Sabri, Sadat: The Truth and the Legend, pp. 662–65.

* * * * * * * * * * * * * * * *

## پاژی دوازدەم: فریشتەیەك لە شار، ئاشكراكردنی زاوا

1. Interview with Tom Bower; New York Times, December 28, 2004.

2. A report on the Proposed Merger, Lonrho Limited and House of Fraser Limited, Presented to Parliament in Pursuance of Section 83 of the Fair Trading Act 1973 (London: Her Majesty's Printing Office, December 9, 1981), p. 27 (hereafter: Griffiths Report, 1981).

3. Pinkindustry, "The House of Fraser," Atlantic Semantic, http://pinkindustry.wordpress.com/thehouse-of-fraser.

4. Tom Bower, Fayad: The Unauthorized Biography (London: Macmillan, 1998), p. 151; Tom Bower, Tiny Rowland: A Rebel Tycoon (London: Mandarin, 1994), pp. 499–500.

5. Chris Blackhurst, "As Mysterious in Life as in Death," Timeout London, July 2, 2007.

6. Chris Blackhurst, "The Shadowy World of Ashraf Marwan," Business, May 5, 1987.

7. Interview with Tom Bower.

8. Quotations from Griffiths Report, 1981; statement of Member of Parliament Charles Wardle, June 4,1997 , http://hansard.millbanksystems.com/com mons/1997/jun/04/dti-inquiries#-column_318; commentary on Griffiths's choice of words; interview with Tom Bower, June 28, 2010.

9. Letter from Sir Andrew Bowden MBE, MP, to the Parliamentary Commissioner for Standards, February 13, 1997 (hereafter: Bowden Letter).

10. Interviews with Bower and Blackhurst; Robinson, Yamani, pp. 130–35.

11. Simon Parkin, "Who Killed the 20th Century's Greatest Spy?" Guardian, September 15, 2015: http://www.theguardian.com/

world/2015/sep/15/who-killed-20th-centurys-greatest-spy-ashrafmarwan.

12. Graham Greene, Our Man in Havana (New York: Penguin, 1969); John le Carré, The Tailor of Panama (New York: Knopf, 1996).

13. Yossi Melman and Dan Raviv, Imperfect Spies (Tel Aviv: Maariv, 1990), p. 176.

14. Ian Black and Benny Morris, Israel's Secret Wars (New York: Grove Weidenfeld, 1991), p. 286.

15. Shmuel Katz, Soldier Spies: Israeli Military Intelligence (Novato, CA: Presidio, 1992), p. 246.

16. Eli Zeira, Myth versus Reality: The Yom Kippur War—Failures and Lessons (Tel Aviv: Eidanim,1993 ).

17. Telephone conversation with Amnon Dankner, May 13, 2010.

18. Zeira, Myth versus Reality, p. 124.

19. Robinson, Yamani, p. 85.

20. Zeira, Myth versus Reality: The Yom Kippur War—Failures and Lessons, p.126.

21. Ruling of Arbitration, before Justice (ret.) Theodor Orr. Plaintiff: Eliahu (Eli) Zeira, represented by Adv. B. Mozer et al.; v. Defendant: Zvi Zamir, represented by Adv. Danziger, Klegsbald et al., March2007 ,25 , pp. 15–17 (hereafter: Orr Ruling).

22. Zeira, Myth versus Reality: The Yom Kippur War—Failures and Lessons, pp. 85, 123.

23. Orr Ruling, pp. 16–17.

24. Ephraim Kahana, "Early Warning Against Concept: The Case of the Yom Kippur War 1973," Intelligence and National Security 7, no. 2 (2002): 81–104, 99.

25. Ahron Bregman and Jihan el-Tahri, The Fifty Years War: Israel and the Arabs (London: Penguin,1998 ).

26. Ahron Bregman, Israel's Wars, 1947–93 (London: Routledge, 2000).

27. Ahron Bregman, A History of Israel (Houndmills, UK: Palgrave Macmillan, 2002).

28. Israel Television Channel One, Supplement of Supplements, September 23, 2004.

29. Orr Ruling, p. 34.

* * * * * * * * * * * * * * * *

## پاژی سێزدەم: کەوتنی فریشتە

1. In addition to the sources cited below, the current description of the events surrounding Marwan's death relies on interviews with two of the people most closely associated with the affair but who preferred to remain anonymous. Other sources in-

clude: Private electronic correspondence with Dr. Ahron Bregman, June 28, 2010; Yossi Melman, "It Doesn't Sound Like the Ashraf Marwan I Know"; Majdi al-Jallad, "Al-Masry al-Youm Publishes Important Details on the Death of Ashraf Marwan," Al-Masry al-Youm, July 7, 2007; "Mona Abdel Nasser Interviews with Al-Ahram Weekly: The Israelis Murdered My Husband and Paid Money to Distort the Truth," El-Araby, September 24, 2007; "Apology," Al-Ahram Weekly, November 2007, Issue 872, pp. 22–28; Rajiv Syal, "'Double Agent' Billionaire's Death in Fall from Balcony Was Murder, Says Friend," Sunday Times, October 13, 2007; "An Egyptian Riddle," Private Eye, August 4, 2010; Parkin, "Who Killed the 20th Century's Greatest Spy?"

2. Rajiv Syal, "Evidence Missing in 'Spy' Death-Fall Mystery," Times Online, August 29, 2007.

3. Rick E. Ingram, ed., The International Encyclopedia of Depression (New York: Springer, 2009), pp.47–546 .

4. Yossi Melman, "It Doesn't Sound Like the Ashraf Marwan I Know"; electronic correspondence with Dr. Ahron Bregman, June 28, 2010; Parkin, "Who Killed the 20th Century's Greatest Spy?"

5. Andrew Hosken, "Billionaire's 'Spy' Death Remains a Mystery," BBC Radio, July 15, 2010.

6. Al-Araby, September 24, 2007.

7. “Mossad Agents Murdered My Husband, Says Widow of Billionaire Arms Dealer,” Observer, July2010 ,11 .

8. Telephone conversation between Ahron Bregman and Ashraf Marwan, October 14, 2003, in Dr. Bregman’s private collection.

9. Transcript of telephone conversation between Ahron Bregman and Ashraf Marwan, May 7, 2005.

10. Zamir and Mass, With Open Eyes, pp. 151–53.

11. James Forsyth, “Did He Fall or Was He Pushed?,” Spectator, August 15, 2007.

12. Rajiv Syal, “Missing Memoirs Fuel Spy Death Mystery,” Sunday Times, August 13, 2007.

13. Ronen Bergman, “The ‘Khotel’ Code.”

14. Electronic correspondence with the librarian at the archive in Washington and with Dr. Ahron Bregman, August 10 and 29, 2010.

15. Howard Blum, “The Double Agent Who Fooled Israel,” early draft of “Another Operative Is Outed— But in Israel This Time,” Los Angeles Times, October 5, 2003.

16. Telephone conversation between Ahron Bregman and Ashraf Marwan, October 6, 2006.

17. Yossi Melman, "What Is Known About the Mysterious Death of Ashraf Marwan, the Agent Who Warned Israel of the Yom Kippur War," Haaretz, May 28, 2010.

18. Ilana Dayan, "The Last Spy."

19. Zamir and Mass, With Open Eyes, p. 129.

20. Heikal, Mubarak and His Time, p. 246.

21. Ronen Bergman, "Their Man in Cairo," Yediot Ahronot, May 6, 2005.

22. Heikal, Mubarak and His Time, p. 252.

23. Ibid., p. 256.

24. Ben Macintyre, A Spy Among Friends (New York: Crown, 2014), pp. 265–67.

25. Heikal, Mubarak and His Time, p. 260.

26. Dr. Moustafa al-Fiqi, "On El-Leithy Nassif, the Egyptian General Who Died in a Manner Similar to Ashraf in London," Al-Masry al-Youm, October 9, 2008; "Egyptian X-File: Stuart Tower, the Beginning," Egyptian Chronicles, May 21, 2010, http//:egyptianchronicles.blogspot.com/2010/05/egyptian-x-file-stuart-tower-beginning.html.27 . Kris Kenway, "Searching for Cinderella," Egypt Today 25, no. 6 (June 2004): pp. 22-30; "Egyptian X-File: Cinderella's Rank," Egyptian Chronicles, July 14, 2009,

http://egyptianchronicles.blogspot.com/2009/07/egyptian-x-file-cinderella-rank.html.

28. Rose al-Yusuf, June 29, 2011.

29. Reuters, July 2, 2007.

30. Ilana Dayan, "The Last Spy."

31. Steve Kroft, "Was the Perfect Spy a Double Agent?" 60 Minutes, May 10, 2009